م.محمد ملافائق شارەزووری

ژنەوان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لە قورئان وفەرموودە صەحیحەکاندا

چاپی دووەم
١٤٤٢ك
٢٠٢١م

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

براي دائلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

بۆدابەزاندنى جۆرەها كتێب:سەردانى: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

له قورئان وفه رمووده صه حیحه کاندا

پێناسی کتێب

♥ ناوی کتێب: زەواج لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا

♥ نوسینی : م. محمد ملافائق شارەزووری.

♥ تایپ و دیزاین: ئومێد محمد

♥ نۆرەی چاپ: دووەم.

♥ ساڵی چاپ: ٢٠٢١م.

♥ ژمارەی پەڕە: ٣٦٩ پەڕە

♥ تیراژ: ٢٠٠٠ دانە.

♥ لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٤٣٥)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە.

تێبینی

بۆ دەست کەوتنی ئەم بەر هەمە بە(کۆ)

پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: ٠٧٧٠١٥٥٤٠٨٥

muhammadmalafayaq

www.muhammadmalafayaq.com

زنجیرەی بەرهەمە نوسراوەکان -٧

لە قورئان وەفەرموودە صەحیحەکاندا

م. محمد ملا فائق شارەزووری

چاپی دووەم

١٤٤٢ك

٢٠٢١م


بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

إنَّ الحمدَ للهِ، نَحْمَده ونستعينهُ ونَستغفرهُ، ونعوذُ بِاللهِ مِنْ شرورِ أنْفُسِنا وَسَيِّئاتِ أَعْمالِنا، مَنْ يَهْده اللهُ فلا مُضلَ لَهُ، وَمَنْ يُضلِل فَلا هَادِي لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ لاإلهَ إلا الله وَحْده لاشَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمّداً عَبْده وَرَسُولُه.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ (آل عمران).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ (النساء).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ (الأحزاب).

أما بعد فإن أصدق الحديث كتابُ الله، وخير الهدى هدى محمد ﷺ وشر الامور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار[1].

بەهاوسەربوون (زواج) یەکێکە لەو پایانەی کەژیانی خێزانی لەسەر بنیات نراوە، لە خێزانیش میللەتێك پێك دێت کەئاین کاردەکات بۆ بەهێزکردنی تواناکانی و پەرومردەکردنی سۆزەکانی و تواندنەومیان لەقاڵبی ڕێزو ڕەوشتە جوان و بەرزەکاندا.

زەواج بەڕێزترین پەیومندی مرۆیی و کۆمەڵایەتی کەئاینی پیرۆزی ئیسلام چاودێری کردووە و هەوڵی پاراستنی داوە و فەرمانی کردووە ڕێگەی زەواج ئاسان بکرێت بۆ ئەوانەی کەویستیان لێیەتی، ومزەواجیشی پاراستووە بە پەیمانێکی گەورەی پڕپایەخ لەکۆمەڵێك ئەرك و مافدا. ئاینی پیرۆزی ئیسلام خەڵکی ئارمزومەند دەکات بۆ هاوسەرگیری و بۆ ئەو مەبەستە هانیان

(١) هذه خطبة الحاجة التي كان الرسول ﷺ يفتح بها خطبة ويعلمها اصحابه وروي هذه الخطبة ستة من الصحابة ﷺ وقد أخرجها جمع من الأئمة في مصنفاتهم، مثل: الامام أحمد في (المسند) (٥/٢٧٢)، ومسلم في (الصحيح): (٢/٤٦٧،٥٩٢)، وفي (٦/١٥٧،١٥٦،١٣٥) (بشرح النووي)، وابوداود في (السنن) (١/٢٨٧) رقم (١٠٩٧)، والنسائي في (المجتبى) (٣/١٠٥،١٠٤) و (٣/١٨٨)، وابن ماجة في (السنن) (١٨٩٢)، والحاكم في (المستدرك): (٢/١٨٢،١٨٤)، والطيالسي في (المسند) رقم (٣٣٨)، والبيهقي في (السنن الكبري): (٧/١٤٦) و (٣/٢١٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابن ماجة) (١٥٣٥)، وفي (صحيح النسائي) (١٣٣١)، وفي (المشكاة) (٣١٤٩)، وفي (الكلم الطيب) (٢٠٥)، وانظرها بتوسع في: (خطبة الحاجة) (ص: ١٤، ١٩).



دەدات، و بەفەرمانێك لەفەرمانەكانی خودای دادمێت لەبونەومردا و پەیومندی نێوان پیاو و ئافرمتی فەرامۆش نەكردووە، بەڵكو هەندێك سنور و رێنمای بۆ دیاری كردوون تا ببێتە پەیومندیەكی ڕاست و دروست كە لەگەڵ ناخی مرۆڤدا بگونجێت و هۆكارێك بێت بۆ بەهێز كردنی پەیومندی تاكەكانی ناو كۆمەڵگای ئیسلامی. لێرمدا لەبەر گرنگی ئەم باسە بەپشتیوانی خوا هەستام بەكۆكردنەومی هەموو ئەو ئایەت و فەرموودە (صحیح)ە پیرۆزانە و وتەی هاوەڵان و تابعیەكان و زانایان و پیاوچاكان سەبارمت بەزمواج، بۆ ئەومی ببێتە ڕێ نیشان دمرێك بۆ ئەوانەی كەدمیانەوێت ڕازی بوونی پەرومردگار و بەهەشت بە دمست بهێنن، و دمیانەوێت بەدڵسۆزانە و شەرعیانە و دادپەروممرانە مامەڵە بكەن لەگەڵ ژن یان مێردی موسوڵماندا، دمیانەوێت ژیانیان هەمووی بكەنە هۆكارێك بۆ بەدمست هێنانی بەختەومری و پاداشت.

سەرمتای نوسینەكەم دمست پێ كرد بەڕوون كردنەومی پێگەی ئافرمت لە شارستانیەكانی پێش ئیسلامدا پاشان مافەكانی ئافرمت لەئیسلامدا و سودەكانی زمواج و مافەكانی ژن و مێرد و مەرجەكانی ژن و پیاوی باش و نیشانەكانی بڕوادارانی لە پیاوان و ئافرمتان و ئامۆژگاریەكانی ئیسلام سەبارمت بە هاوسەرگیری و ڕوون كردنەومی ئەو قەدەغە كراوانەی كەنابێت لەگەڵ هاوسەردا ئەنجام بدرێت، پاشان باسی چۆنیەتی مامەڵە كردنی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوسەرانیدا و تایبەتمەندیەكانی ئافرمت و چارسەركردنی ناچیزمیی نێوانیان.

داواكارم لەخوای گەورە ئەم كورتە نوسینە بكاتە جێی سوود بۆ هەموو هاوسەران و بەرەكەت بخاتە ژیانیان وكارەكانیان، لەسەر خێرو چاكەو گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەر ﷺ كۆیان بكاتەوە و هەموویان بەبەهەشت شاد بكات و لەدۆزەخ بیان پارێزێت، و لەسەر ڕێگەی پێغەمبەر ﷺ و پێشینەچاكەكانی هەموو لایەك بەردموامماندا بكات و بەدیداریان لەبەهەشتی بەرین شادمان بكات.

باوكی عەبدوڵڵا
محمد ملا فائق شارمزووری

بەشی یەکەم

پێگەی ئافرەت لە شارستانیەتەکانی پێش ئیسلامدا

١-لەلای فیرعەونەکان:

ئافرەت هیچ ڕۆڵێکی ئەو تۆی نەبووە باس بکرێت و مافی فێربوون و خاوەندارێتی مال و سامان و پلەو پایەیان نەبووە، جگە لە ژنانی چینی فەرمانڕەوا نەبێت، لەو سەردەمەدا ئاڵۆزیەکی ڕەگەزی بەربڵاو هەبووە، ئافرەت خۆی داخوازی پێشکەش بە پیاو دەکرد تا بیخوازێت.

٢-لەلای بابلیەکان وئاشوریەکان:

لای ئەوانیش ئافرەت دەفرۆشراو دەکڕدرا، وئاڵۆزیەکی بڵاو لەو سەردەمەدا هەبوو، وە بێ ڕەوشتیەکی پیرۆزیش لە ناویاندا لەئارادابوو، شەریعەتیان ڕێی بە پیاو دەدا هاوسەرەکەی خۆی بفرۆشێت یان ڕەهنی بکات، لەلای ئاشوریەکانیش بۆ دەوڵەمەندەکانیان هاوسەرگیری کاتی هەبوو وەمێرد هەقی فرۆشتنی خێزانەکەی و منداڵەکانی هەبوو.

٣-لەلای فارسەکان:

لەو سەردەمەدا بەڕەڵایی ئافرەت و بەشداربوون لە یەك ئافرەتدا لای مزدکیەکان[٢] زۆر باو بوو لەلای ئەوان ڕەوابوو هاوسەرگیری ئەنجام بدرێت لەگەڵ کەسانی حەرام کراو وەك (دایك و خوشك و پور و هتد) بکرێت.

٤-لەلای هیندیەکان:

ئافرەت مافی مووڵکداریەتی نەبوو، بەڵکو هەموشتێك هەر بۆ مێردەکەی بووە، ئافرەت بە (گەورەم) بانگی مێردەکەی دەکرد و دەبوو لەکاتی مردنی مێردەکەیدا ئەویش بسوتێنرایە، و لەوێش داوێن پیسی پیرۆز هەبوو لەلای ژنە پیرۆزەکان و هاوسەرگیری لە شەریعەتی ((مانۆ)) دا بەکڕین و دەست بەسەرداگرتن شیاوبوو.

---

(٢) المزدكية عقيدة تنسب إلى مزدك بن موبذان الذي ادعى النبوة في زمن الملك قباذ بن فيروز والد أنوشروان



٥-لەلای چینیەکان:

ئافرەتی چینی کەسایەتی تەواوی ئایینی نەبوو، کونفوشیوس دەیوت: (هۆکار زۆرن وایانکردووە، یان بوونەتە هۆی بێزاری مرۆڤایەتی و سەرچاوەکەشی ئافرەتە). ئەوان لەدایکبوونی کچیان بە ئابڕووچوون وبارێکی گران هەژمار دەکرد و هەر بەمندالّی فرێیان دەدان و دەیان کردنە خۆراك بۆ ئاژەڵە درندەکان.

٦-لەلای یابانیەکان(ژاپۆنیەکان):

لای ئەوانیش ئافرەت مافی خاوەنداریەتی نەبوو، وە هیچ شتێك لە مالاّ و سامانی تایبەت بەخۆی نەبووە و میراتی نەدەگرت، و باوکی کچ بۆی هەبوو لە بازاڕی کۆیلەو بێڕێزیدا لەکاتی پێویستدا بیفرۆشێت.

٧-لەلای یۆنانیەکان:

هاوسەرگیری لەلای ئەوان لە ڕێگای کڕینەوە ئەنجام دەدرا، گوستاف لۆبۆن، مێژونوسی گەورەی فەرەنسی دەڵێت: ئێغریقیەکان (گرێکەکان) ژنیان بەبەدیهێنراوە نزمەکان دەژمارد، کە هیچ سودێکیان نیە جگە لەبەردەوام بوونی زاوزێ و ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوە، ئەگەر ژنێك منداڵێکی ناشیرینی ببوایە ئەو ژنەیان لەناو دەبرد، وەهاوسەرگیری تەنها بۆ تاقیکردنەوە دەخوازرا، ژنە ڕوت و بەدڕەوشتەکانیش قوتابخانەی تایبەتیان هەبوو کە تیایدا فێری میوزیك و داوێن پیسی دەکران.

٨-لەلای ڕۆمانیەکان:

ئافرەت مافی فرۆشتن و بەخشین و میراتگری نەبوو، خراپەکاری لە ناویاندا بڵاوبوو، و زیناکردن لە کاروبارە ئاساییەکان بوو وە تەڵاقدان لە ناویاندا بڵاوبوو، وە ژنان دوایی بەشداریکردنیان لەگەڵ پیاواندا لە کاری شانۆگەریی و مەلەکردن و یانەکاندا، ئینجا کەسایەتی تایبەت بەخۆیان بۆ دروست دەبوو.

٩-لەلای عەرەبەکان:

لەلای عەرەبەکان پێش هاتنی ئاینی ئیسلام چەندەها جۆر شوکردن وماڕەبڕین هەبوو لەوانە:

١- نكاح الاستبضاع:

واتە: شوکردنی تێرکردن. پیاوێك كه بەژنەکەی دەڵێت: برۆ بۆلای فلان كەس و ببە بەکالایەك بۆی و تێری بكه.

٢- نكاح الرهط:

واتە: شوکردن بەکۆمەڵێك پیاو كه ژمارەیان لە دەکەس كەمتربێت، ئەوان هەموو دەچوونە لای ئەو تەنها ئافرەتەو هەرکاتێکیش ئەو ئافرەتە منداڵی ببوایە دەیانارد بەدوای ئەو هەموو پیاوانەدا. پاشان ئەو پیاوانە لای کۆدەبونەوە و ئافرەتەکەش بە یەکێکیانی دەوت: بگرە ئەم منداڵە هی تۆیە.

٣- نكاح البغاء:

واتە: داوێن پیسی و لەش فرۆشی لەبەرامبەر کرێیەکی تایبەتدا.ئەم جۆرە ئافرەتانەش پیاوانێکی زۆر دەچوونە لایان بەکرێ، وە هەرکاتێکیش منداڵیان ببوایە ئەو ئافرەتە کەسێکی ڕەچەڵەك ناسی بانگ دەکردو دەی دایە پاڵ یەکێك لەو پیاوانەی کەپێشتر چونەتە لای ئەو ئافرەتەو دەبووە منداڵی ئەو پیاوە و ئەویش نەیدەتوانی نکوڵی لێبکات و وەری نەگرێت[٣].

٤- نكاح الشغار:

واتە: شوکردنی ژن بە ژن ئەم جۆرە شوکردنەش بەو جۆرە بووە کەپیاوێك بەپیاوێکی تری دەوت: من ئەم ئافرەتەت دەدەمێ تۆش لەبەرامبەریدا ئەو ئافرەتەم بدەرێ و هیچ یەکێکیش لەو دوو ئافرەتە مارەی پێنەدەدرا.

---

(٣) أخرجه: (٥١٢٧) عن عائشة رضي الله عنها.



٥- نكاح المؤقت:

واتە: مارەبڕینی کاتی: ئەم جۆرە شوکردنەش تەنها بۆماوەیەکی دیاری کراو بوو، و لەدوای تەواو بوونی ماوەکە کۆتایی پێدەهێنرا.

٦- نكاح الخدن:

واتە: شوکردنی ژێر بەژێری ئافرەت لەگەڵ خۆشەویستی خۆیدا.ئەوان ئەوکاتە دەیان وت: ئەوەی شاراوە و داپۆشراو بێت قەی ناکات، بەڵام گەر دەرکەوت و ئاشکرا بوو ئەوکاتە گازندە و لۆمە کراو دەبێت.

٧- نكاح المقت:

واتە: شوکردنێکی بێزراو و قێزەون و نەخوازراو. ئەم جۆرە شوکردنەش بەو جۆرە بوو کە کوڕ دەی توانی ژنی باوکی خۆی بخوازێت و مارەی بکات لەدوای جیابونەوەی ئەو ژنە لەباوکی یاخود دوای مردنی باوکی.

٨- نكاح البدل:

واتە: شوکردن و مارەبڕینی دابەش بەدابەش، یاخود مارەبڕین لە جیاتی، ئەمەش بەو جۆرە بوو پیاوێك بە پیاوێکی تری دەوت: وازلە ژنەکەت بهێنە بۆ من منیش لەبری ئەوە واز لە ژنەکەم دەهێنم بۆ تۆ.

٩- نكاح الاغتصاب:

واتە: شوکردن بەزۆر و مارە برینی زۆرە ملێ. ئەم جۆرە شوکردنەش بەو جۆرە بوو: پیاوێك هەڵدەستا لەڕێگەی بەکار هێنانی زەبر و هێز وە دەستی دەگرت بەسەر ئافرەتێکدا و بەزۆرە ملێ دەیکردە ژن و هاوسەری خۆی[٤].

(٤) انظر: (فتح الباري) لابن حجر العسقلاني (٩/٢٣٠).

بەشی دووەم

مافەکانی ئافرەت لە قورئان و سونەتی (صحیح)و ڕاستدا

١-ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا یەکسانن لە مرۆڤایەتیدا:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ (النساء). (واتە: ئەی خەڵکان لەو پەروەردگارمتان پەرواتان بێ و بترسن کە ئەو ئێوەی لە تاکە کەسێك (ئادەم) ﷺ دروستکرد و هەر لەو تاکەکەسەش (حەوا)ی هاوسەری دروستکرد، وە لەو دووانەش پیاوانێکی زۆرو، ئافرەتانێکی زۆری بەدنیادا بڵاوکردەوە لەگەڵ جیاوازی ڕەنگ و زمان و لێهاتوویی و لێوەشاوەییان، وە لەوخوایە بترسن کە بەناوی ئەو یەکتری سوێند دەدەن و لەیەکتر بەو داوا دەکەن، خوا و هەمیشە ئاگادارو چاودێرە بەسەرتانەوە، و دەزانێ ئەرکی سەرشانتان ئەنجام دەدەن، یان نا).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً ...﴿٧٢﴾ ﴾ (النحل). (واتە: وەخوا هەر لە ڕەگەزی خۆتان هاو تاو و هاوسەری داونەتێ، خۆ ئەگەر لەخۆتان نەبوویا، وەکو ئێستا تێکەڵ بوون و پەیوەندی باشتان نەدەبوو وە ژیانتان سەری نەدەگرت وە لەو هاوسەرانەش کوڕەزاو و کچەزاو نەوەی پێ بەخشین).

وەلە ئایەتێکی تریشدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ﴾ (الحجرات) (واتە: ئەی خەڵکینە! ئێمە ئێوەمان لەپیاوو ژنێك دروستکردووە، (واتە: لە ئادەم و حەوا) و کردوومانن بەچەند گەل و تیرمیەك تا یەکتری بناسن) وە دەفەرموێت: ﴿ ...وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾ ﴾ (البقرة). (واتە: ژنان هەرچۆن ئەرکی ژنانەیان لەسەرە، ئاوهاش مافی ڕەوای خۆشیان لەسەر پیاوان بەشێوەیەکی پەسەندکراو هەیە).



پێغەمبەریش ﷺ لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ((إنما النساءُ شقائق الرجال...))[٥].
واتە: ئافرەتان یەکسان و هاوشێوەی مرۆڤایەتین لەگەڵ پیاواندا.

٢-ئافرەتان باوەڕبوونیان وەک باوەڕبوونی پیاوانە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ ﴾ (الأحزاب). (واتە: ئەوانەش کە ئازاری پیاوانی بروادار و ژنانی بڕوادار دەدەن بێ هیچ تاوانێك کردبێتیان. بێگومان ئەوانە درۆو بوختان و گوناهی ئاشکرایان هەڵگرتووە).

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٠﴾ ﴾(البروج). (واتە: ئەوانەی کە پیاوان و ژنانی بڕواداریان ئازاردەوە و دژایەتیان کردوون و لە پاشان تەوبەشیان نەکردوە ئەوانە، سزای دۆزەخ وسزای ئاگری سوتێنەریان بۆ هەیە).

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَىٰكُمْ ﴿١٩﴾ ﴾ (محمد). (واتە: جا ئەی موحەممەد! ﷺ ئەی ئینسان! بزانە کە بێگومان جگە لە (الله) هیچ پەرستراوێکی تربە هەق نیە مافی پەرستنی هەبێت، دەسا تۆش لەسەر ئەو بیروباوەڕە جێگیر بەو، هەرگیز نەگۆڕێیت وە بۆ خۆت و ئیمانداران لە پیاوان و ژنان داوای لێبوردنی گوناهان بکە، وەخوا خۆی چاك دەزانێت ئێوە چۆن هەڵدەسوڕێن و، چۆن پشوودەدەن، وە بە ڕۆژوو بەشەو وە چی دەکەن، واتە: هەموو بارودۆخەکانتان دەزانێت وهیچی لێشاراوە نیە).

هەروەها باوەڕبوونیان وەك باوەڕبوونی پیاوان وایە و ئەرکە ئایینیەکان وەك (نوێژ و زەکات و ڕۆژو و حەج و ڕەوشتەکاندا.... هتد) وەك یەك ئەنجام دەدەن. تەماشا بکە لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئەرك و پلە ئاینیەکان یەکسانن: خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ

(٥) أخرجه: ابوداود (٢٣٦) وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح أبي داود) (٢١٦).

وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾ ﴾ (الاحزاب). (واتە: بەڕاستیی پیاوانی موسوڵمان و، ژنانی موسوڵمان وپیاوانی بڕوادارو ژنانی بڕوادار وپیاوانی ملکەج وفەرمانبەردار، و ژنانی ملکەج و فەرمانبەردار و پیاوانی راستگۆو ژنانی راستگۆ و پیاوانی خۆگرو بەئارام و، ژنانی خۆگرو بەئارام وپیاوانی خۆبە کەمزان و لەخوا ترس و ژنانی خۆ بەکەمزان و لەخوا ترس و پیاوانی بەخشندە و ژنانی بەخشندەی مال ودارایی و پیاوانی رۆژوموان و ژنانی رۆژوموان و پیاوانی داوێن پارێز و ژنانی داوێن پارێز، وە ئەو پیاو ژنانەی کە زۆر یادی خوا ئەکەن، ئەوان هەموو وەك یەك خوا لێبوردن و پاداشتێکی زۆر مەزن و گەورەی بۆ ئامادەکردوون).

٣-ئافرەتان پاداشتی رۆژی دواییان وەك پاداشتی پیاوانە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ (النحل). واتە: (هەر کەسێك لە نێر یان لە مێ هەر کارێکی چاك ئەنجام بداو، بەئیمان و باوەڕداریش بێت بەڵێن بێت دەیانژێنین بە ژیانێکی پاك، و بەچاکتریش لەوەی کردوویانە پاداشیان دەدەینەوە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَٱسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّى لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ ﴿١٩٥﴾ ﴾ (ال عمران). واتە: (ئینجا پەروەردگاریان وەڵامی دانەوە کە: بەڕاستی من کاروکردەی هەرکام لەئێوە نێرو مێتان زایەو بێ پاداش ناکەم هەندێکتان لەهەندێکن، پیاو، لەژنەو، ژنیش لەپیاوەو هەمووشتان لای من وەك یەکن، کەوابوو لە پاداشتیشدا یەکسانن، لەم ئایەتەدا پلەو یەکسانی ژنان و پیاوان لە پاداشت وتوڵەدا وەك یەك ڕاگەیەنراوە، پاش ئەوەی ژنان پێشتر هیچ حیسابێکیان بۆ نەدەکرا!).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾ ﴾ (النساء). (واتە:



هەرکەسێك نێر بێ، یان مێ هەرئەوەندە کە خاوەن باوەڕ بێت و ئاکارچاك بێت دەچنە بەهەشتەوەو کەمترین ستەمیشیان لێناکرێ، ئەگەرچی بەئەندازەی ئەو خاڵەش بێت کە لەناوەڕاستی ناوکە خورمادایە هەر سزاو پاداشتی خۆیانی لەسەر وەردەگرن).

٤-ئافرەتان بەشداری لەکارە کۆمەڵایەتی و ڕێوڕەسمە ئایینیەکاندا دەکەن:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾ ﴾ (التوبة). واتە: (بڕوادارانی پیاوان و ئافرەتان بڕوادار پشتیوانی یەکترن و فەرمان بەچاکە دەکەن و نوێژ ئەنجام دەدەن زەکات و یارمەتیش دەبەخشن و ملکەچ و جێ بەجێ کاری فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرن ئەوانە بەزەی و ڕەحمی خوایان بۆ هەیەو خوداش شکۆ مەندو داناو کاربەجێیە).

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە خۆشەویستی و خوشك و برایەتی خستۆتە نێوان بڕوادارانی پیاوان و ئافرەتانەوە هەردوو لایانی کردۆتە هاوکار و یارمەتی دەری یەکتر لەکێشە دارایی و کۆمەڵایەتیەکاندا وەك پەنادان و بەڵێن دان بەگوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەر ﷺ:

أ-ئافرەتان پەنادانیان بۆ کەسێك وەك پەنادانی پیاو وایە:

دایکی هانی کچی ئەبو طالب لەڕۆژی ڕزگارکردنی شاری مەککەدا بەپێغەمبەری ﷺ وت: ((إني اجرتُ رجلين من أحمائي: فقال ﷺ ((قد أجرنا مَن أجرتِ يا ام هاني وامنَّا من أمَّنتِ))[٦]. واتە (من لە خزمانی مێردەکەم دوو پیاوم پەناداوە پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو: (ئەوکەسەی تۆ پەنات داوە ئێمەش پەنای دەدەین، وئەو کەسەش تۆ دڵنیات کردووە ئێمەش دڵنیای دەکەین).

---

(٦) أخرجه: أحمد (٢٦٨٩٢) وقال محققه: اسناده صحيح على شرط مسلم، ومسلم (٣٣٠٦)، والنسائي (الكبرى) (٨٦٨٤)، وابوداود (١٢٩٠) وابن ماجة (٤٦٥) والترمذي (١٥٧٩) واللفظ لأحمد.

ب-ئافرەتان وەک پیاوان بەڵێنی گوێڕایەڵ بوونیان داوەتە پێغەمبەر ﷺ:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾(الممتحنة).

واتە: (ئەی پەیامبەر!کاتێ ژنانی باوەڕدار هاتنەلات تابەڵێنی گوێڕایەڵبونت پێ بدەن تۆش بەڵێنی جێ بەجێ کردنی ئەم شەش خاڵەیان لێ وەربگرە:

یەکەم: هیچ شتێ نەکەنە هاوبەشی خوا.

دووەم: دزی نەکەن.

سێیەم: زینا نەکەن.

چوارم: منداڵەکانی خۆیان نەکوژن و زیندە بەچاڵیان نەکەن وەک سەردەمی نەزانیی.

پێنجەم: هیچ بۆختانێک هەڵنەبەستن لە نێوان دەست و پێی خۆیاندا، واتە: منداڵی خەڵکی نەکەنە منداڵی خۆیان، لە ڕێگەی داوێن پیسیەوە.

شەشەم: لە هەموو کارێکی چاکەدا سەرپێچی ونافەرمانێت نەکەن، ئەوسا تۆش بەڵێنیان لێ وەربگرە وە داوای لێخۆشبونیان بۆ بکە. [بەڵێ.. لە ڕۆژی دووەمی ئازادکردنی مەککەدا، ژنانیش پاش هاتنی پیاوان، پۆل پۆل دەهاتنە (صەفا)و موسوڵمان دەبوون، پەیامبەریش ﷺ بەزمان نەک بەدەسخستنە ناودەس لەسەر ئەو خاڵ و مەرجانەی سەرەوە پەیمانی لە ئافرەتان وەردەگرت، شیاوی باسە پێغەمبەر ﷺ بەهیچ شێوەیەک دەستی لە دەستی ژنی نامەحرەم نەکەوتووە]. وەلەخوای دلۆڤان داوای لێخۆشبوون و بەزەیان بۆبکە بەڕاستیی خودا گوناهپۆش و میهرەبانە).

٥-ئافرەتان وەک پیاوان مافی فێربوون و پەروەردەبوونیان بۆ هەیە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِى بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴿٣٤﴾ ﴾ (الاحزاب). (واتە: فێربون و یادی



بکەنەوە ئەوەی دەخوێنرێتەوە لە ماڵەکانتاندا لەئایەتەکانی خواو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ، واتە: مادەم ئێوە ماڵەکانتان جێگەی سروش و نیگای خوایە، ئەبێ زۆر صاڵح و چاك و پاك بن بەڕاستی خوا بە لوتفە بە دۆستانی، بە ئاگایە بە هەموو خەڵك ودروستکراوێکی خۆی، بۆیە بەهەموو کارو کردەوەیەکتان دەزانێ).

هەروەها وەك بڕیاردانی پێغەمبەر ﷺ بۆ شفای کچی عەبدوڵڵای، ئەو ژنە کۆچکردووە قوڕەیشیە کە (حفصەی کچی عومەر) فێری نوسین بکات.

ئافرەتێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و پێی وت: (يا رسول الله إنا لا نقدر عليك في مجلسك فواعدنا يوما نأتيك فيه، فقال: ((موعدكن بيت فلانه))[٧]. واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە توانای پرسیار کردن لە شتانێکی تایبەت بەخۆمانمان نیە لەناو دانیشتن و کۆری پیاواندا تۆش ڕۆژێکی تایبەتمان بۆ تەرخان بکە تا ئێمە ئامادە بین و پرسیارەکانی خۆمان بکەین و فێرببین؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((کاتێکتان بۆ دیاری دەکەم و ئێوەش ئامادەبن لەماڵی فلانەکەس)).

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((طلب العلم فريضة على كل مسلم))[٨]. واتە: (داواکردن و فێربوونی زانیاری ئەرکی سەرشانی هەموو مسوڵمانێکە). واتە: هەموو موسوڵمانێکی پیاو و ئافرەت.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((من كانت له جاريةٌ فأدَّبها فأحسن ادبها، وعلّمها فاحسن تعلميها، ثم اعتقها وتزوجها فله أجران...))[٩] واتە: (هەر پیاوێك کچێکی کەنیزەی لابێت و پەروەردەی بکات بە پەروەردەیەکی زۆر باش و فێری زانیاری بکات بە فێربونێکی زۆر باش، پاشان بەبێ بەرامبەر ئازادی بکات و بیخوازێت، ئەو کەسە دووجار پاداشتی بۆ هەیە).

---

(٧) أخرجه: أحمد (٧٣٥٧) وقال محققه: اسناده صحيح على شرط مسلم، والبخاري (الأدب المفرد) (١٤٨) وصححه الشيخ الألباني في (السلسلة الصحيحة) (٢٣٠٢)، و(صحيح الادب المفرد) (١١٠).

(٨) أخرجه: ابن ماجة (٢٢٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابن ماجة) (١٨٣) و(صحيح الترغيب) (٧٢).

(٩) أخرجه: البخاري (٩٧)، ومسلم (١٥٤)، والترمذي (١١١٦)، وابن ماجة (١٩٥٦) واللفظ له.

٦-ئافرەتان هەموو مافە داراییەکانیان بۆ هەیە:

ئافرەت مافی وەسیەت و میرات و مارەیی و بەخێوکردن و کڕین و فرۆشتنیان هەیە، هەروەها مافی کارکردنیان هەیە و نابێت بەزۆرو بێگاری پێبکرێت تا بگاتە ئەو ئاستەی کە بەهۆیەوە دایکایەتی و مێینەیی خۆی ون بکات، وە زیان بگەیەنێت بەتوانای مێشك و هزرو جەستەی وە ببێتە هۆکارێك بۆلادانی منداڵان و دوچاری لابەلایی و بەدڕەوشتیان بکات وببێتە هۆی داڕمانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بێکاری لاوان...وهتد.

خوای گەورە دەفەرموێت: واتە: لەوکەلەپوورەی لەدوای باوك و دایك و خزمانی نزیك، جێدەمێنێ، نێرینە بەشی خۆی هەیە و هەروەها لەو میراتەش لە باوك و دایك و خزمانی نزیك بەجێ دەمێنیت، مێینەش بەشی خۆی هەیە، هەرچەندە لە بەشەکاندا جیاوازی هەبێ یا ئەو میراتە کەم بێت، یان زۆر بەشی هەرکەسێك لەلایەن پەروەردگارەوە دیاریکراوەو بڕاوەتەوەو دەبێ بیدرێتی، جا ئەندازەو رێژەی ئەم بەشە لەم ئایەتەدا دیاریی نەکراوە، بەڵام هەر لەم ئایەتانەی سورەتی (نیساء)دا کە دەفەرموێت: ﴿ يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءٗ فَوۡقَ ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَۖ وَإِن كَانَتۡ وَٰحِدَةٗ فَلَهَا ٱلنِّصۡفُۚ وَلِأَبَوَيۡهِ لِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٞۚ فَإِن لَّمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٞ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُۚ فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخۡوَةٞ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُۚ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِي بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍۗ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ لَا تَدۡرُونَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ لَكُمۡ نَفۡعٗاۚ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿١١﴾ ﴾

هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿ يَسۡتَفۡتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِي ٱلۡكَلَٰلَةِۚ إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ لَيۡسَ لَهُۥ وَلَدٞ وَلَهُۥٓ أُخۡتٞ فَلَهَا نِصۡفُ مَا تَرَكَۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمۡ يَكُن لَّهَا وَلَدٞۚ فَإِن كَانَتَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَۚ وَإِن كَانُوٓاْ إِخۡوَةٗ رِّجَالٗا وَنِسَآءٗ فَلِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۗ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ أَن تَضِلُّواْۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ﴿١٧٦﴾ ﴾ (النساء) ئەو رێژەیە روونکراوەتەوە.

وە ئافرەتان بەهۆی بەشداریکردنیان لە جەنگەکاندا هەندێك دەستکەوتیان بۆ هەیە، ئەمەش جگە لەمافی مارەیی و مافەکانی تریان: خوای گەورە



دەفەرموێت: ﴿ وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗۚ فَإِن طِبۡنَ لَكُمۡ عَن شَيۡءٖ مِّنۡهُ نَفۡسٗا فَكُلُوهُ هَنِيٓـٔٗا مَّرِيٓـٔٗا ٤ ﴾ (النساء). واتە: (وەك پێشەكییەك پیاوان دەبێ مارەیی ژنان بدەن و، بە فەرزێكی خوایشی بزانن، (واتە: مارەیی ژنان بڕیاری خوایەو فەرزەو)، مافی خۆیانەو، هیچ كەسێك بۆی نییە ڕێی لێبگرێت جا ئەگەر بە ڕەزامەندی و پێخۆشبوونی خۆیان، شتێكیان لەمارەییەكەیان بەخشیە مێردەكانیان ئەو كاتە ئێوەش بیخۆن و نۆشی گیانتانی بكەن).

٧-ئافرەتان بۆیان هەیە سەرپەرشتی مارەكردن بكەن و مافی شوكردنیان بەدەست خۆیانە:

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...لا تنكح الايم حتى تستأمر))[١٠]. واتە: (ئافرەت بەشو نادرێت هەتا سەرپشك نەكرێت و خۆی ڕەزامەند نەبێت). پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((الثيب أحق بنفسها من وليها، والبكر تستأمر، واذنها سكوتها))[١١]. واتە: (ئافرەتی بێوەژن سەبارەت بەشوكردنی خۆی مافی لە سەرپەرشتی كارەكەی زیاترە، وكچیش پرسی پێدەكرێت و بێدەنگ بوونی مانای ڕەزامەندیەتی).

ئیبن عەباس ﷺ دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...الأيم احق بنفسها منِ وليها، والبكرُ تُستأذَن في نفسها وإذنُها صماتُها))[١٢]. واتە: (ئافرەتی بێوەژن مافی شوكردنی خۆی لەسەر پەرشتیارەكەی زیاترە، وە كچیش پرسی پێدەكرێت بێدەنگ بوونی مانای ڕێپێدانە).

هەروەها ئیبنو عەباس ﷺ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: ((أنَّ جارية بكراً أتت النبي ﷺ فذكرت له أنّ أباها زوّجها وهي كارهة، فخيرّها النبي ﷺ))[١٣].واتە: (كچێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ پێی ڕاگەیاند كەباوكی بەزۆر داویەتی بەشو،

(١٠) أخرجه: البخاري (٥١٣٦)، ومسلم (١٤١٩)، وأحمد (٩٦٠٥).

(١١) أخرجه: مسلم (٢/١٠٣٧ رقم ٦٧: ١٤٢١)، وأحمد (١٨٩٧) وقال محققه: اسناده صحيح، وابوداود (٢٠٩٩)، وابن حبان (٤٠٨٨). عن ابن عباس ﷺ.

(١٢) أخرجه: أحمد (١٨٨٨) ومسلم (١٤٢١)، وابوداود (٢٠٩٨)، والترمذي (١١٠٨).

(١٣) أخرجه: ابن ماجة (١٨٧٥) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابن ماجة) (١٥٢٠).

پێغەمبەریش ﷺ کچەکەی سەر پشک کرد بەرازی بوون بەو شوکردنە یاخود ناڕازی بوون و جیا بوونەوە لەو پیاوە).

لە خەنسای کچی خیدامەی ئەنصاریيەوە ﷺ دەفەرموێت: ((أنَّ أباها زوَّجها وهي ثيب فكرهَت ذلك فجاءت رسول الله ﷺ فذكرت ذلك له فردَّ نكاحِها))[١٤]. واتە: (خەنساء ئافرەتێکی بێوەژن بوو باوکی بەشویدا و خۆی بەو شوکردنە قایل نەبوو، پێغەمبەر ﷺ هات و ئەو کێشەیەی خۆی لاباس کرد و پێغەمبەریش ﷺ ئەو بەشودانی هەڵوەشاندەوە.

لە گێڕانەوەیەکی لاوازدا (ضعيف) لە بوڕەیدەوە ﷺ دەفەرموێت: کچێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و پێی وت: ((إنَّ أبي زوجني من ابن أخيه ليرفع به خسيسته وانا كارهة قال: فجعل رسول الله ﷺ الأمر إليها فقالت: يا رسول الله قد اجزتُ ما صنع أبي ولكن اردتُ ان تعلم النساء ان ليس إلى الأباء من الأمر شيءٍ))[١٥]. (واتە: باوکم منی لە کوڕی براکەی مارە بڕیوە تابە هۆیەوە بێڕێزی ئەو بە من بڕموێنێتەوە، بوڕیدە دەفەرموێت پێغەمبەر ﷺ ڕمزامەندی و بەجێگەیاندنی ئەو کارەکەی دایەوە دەست خۆی، کچەکە وتی: ئەوەی باوکم بەمنی کرد من پێی ڕازیم و جێ بەجێی دەکەم، بەڵام ویستم ژنان ئاگاداربکەمەوە، تابزانن باوکان مافی بە زۆر بەشودانی کچانی خۆیانیان نیە).

٨- ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا لە زۆربەی بڕیارە ناییەنەکەیاندا یەکسانن:

بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا ﴿٣٨﴾ .. ﴿٣٨﴾ ﴾ (المائدة) (واتە: دەستی پیاو و ژنی دز ببڕن لەتۆڵەو سزای دزیکردندا، ئەوەش بڕیارێکە لەخواوە دراوە، و دەبێ ئەنجامی بدەن...). هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجْلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِاْئَةَ جَلْدَةٍ... ﴿٢﴾ ﴾ (النور) (واتە: کچ و کوڕەی زیناو داوێن پیسیی ئەکەن، دەبێ لە هەریەکەیان سەد جەڵدە «شەلاق»ی لێ بدەن).

(١٤) أخرجه: البخاري (٥١٣٨)، وأبي داود (٢١٠١)، والنسائي (٨٦/٦)، وابن ماجة (١٨٧٣).

(١٥) أخرجه: النسائي (٣٢٦٩)، وابن ماجة (١٨٧٤) وعبد الرزاق (١٠٣٠٢)، والدار قطني (٣٥١٥) وضعفه الشيخ الألباني في (غاية المرام) (٢١٧) وصححه الشيخ أبي اسحاق الحويني في (الانشراح في ادآب النكاح) (رقم: ١٦).



بەڵێ ژن یەکسانە لەگەڵ پیاودا لە زۆربەی حوکمەکانی ئایینەکەیدا وەك: (نوێژکردن، ڕۆژوگرتن، حەجکردن، باوەڕبوون، ڕەوشتەکان، و هەڵسوکەوتی دارایی.....هتد).

ئافرەت لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ لەزۆر بواردا بەشداری هەبووە لەوان:

١- بەشدار بوون لە ئاهەنگەکانی شایی و جەژندا.

٢- بەشداربوون لە چوون بەدەم بانگەوازەوە وئەنجام دانی نوێژی جەماعەت لە مزگەوت وەك پیاوان.

٣- بەشداربوون لە فێربوونی ئایندا و داواکردنی وانەی تایبەت بەژنان لە پێغەمبەر ﷺ.

٤- ئافرەت دەڕۆیشت بۆ خۆی پرسیاری لە پێغەمبەری خوا دەکرد، دەربارەی پرسە گشتی و تایبەتیەکان، عائیشە ﵂ دەفەرموێت: (نَعِمْ اَلنِساءُ نِساءُ الأَنصار لم یکن یمنعهن الحیاء ان یتفقهن في الدین)[١٦] (واتە: باشترین ئافرەت ئافرەتانی ئەنصاری ناو شاری مەدینە بوون ئەوان شەرمیان نەدەکرد لە فێربوونی ئاینەکەیاندا).

٥- ئافرەتان فەرمانیان بەچاکە کردن بەپیاوان دەکرد ڕێگریشیان لێ دەکردن لە خراپە.

٦- ئافرەتان خزمەتی پیاوانیان دەکرد و خوانی شایی و ئاهەنگەکانیان بۆ ساز دەکردن.

٧- ئافرەتان لە دەڕۆژی کۆتای ڕەمەزان لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ خواپەرستیان دەکرد و دەمانەوە.

٨- ئافرەتان لە جەنگەکاندا بەشداریان کردووە لەوانە: (صفیە)ی پوری پێغەمبەر ﷺ و دایکی سەلیم و دایکی عەطیە، کۆمەڵێك ژنان لەجەنگی خەیبەردا هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا، دەمانەوێت لەگەڵ تۆدا بچینە دەرەوە بۆ ئەم جەنگەو چەند بتوانین تیر هەڵدەگرین و ئاو دەدەین بە جەنگاوەران و دەرمانیشمان بۆ بریندارەن پێیە و موش دەڕێسین

(١٦) أخرجه: مسلم (٣٣٢)، وأبوداو (٣١٦)، وابن ماجة (٦٤٢)، وأحمد (٢٥١٤٥) وقال محققه: حدیث صحیح.

و بەهۆیەوە یارمەتیدان دەدەین لە پێناوی خوادا، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((على بركة الله))[١٧] (واتە: فەرموون بەشداربن لە ژێر سایەی بەرەکەتی خوادا). وەلە غەزای خەندەقدا ئافرەتان نەخۆشخانەیەکی مەیدانیان دامەزراند، کاتێک سەعد پێکرا، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (لە چادرەکەی ڕوفەیدە دابنێن هەتا لەنزیکەوە سەردانی بکەم)[١٨]. دایکی عەطیە ﷺ دەفەرموێت: ((غزوت مع رسول الله ﷺ سبع غزوات اخلفهم في رحالها واضع لهم الطعام واجبُر الجرحات وادواي المرضى)).[١٩] واتە: (لەحەوت غەزادا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بەشداریم کردووە، من لە دوایان لای کەل و پەلەکانیان دەمامەوە و خواردنم بۆ دروست دەکردن و برینەکانم بۆ دەبەستن و دەرمانم دەدایە نەخۆشەکانیان).

ڕەبیعی کچی مەعوز ﷺ دەفەرموێت: (كنا نغزو مع النبي ﷺ فنسقي القوم ونخدمه و نردُ الجرحى و القتلى إلى المدينة)[٢٠] واتە: (ئێمە غەزامانم دەکرد لەگەڵ پێغەمبەرﷺ و ئاومان پێدەدان و خزمەتمان دەکردن و بریندارو کوژراوەکانمان دەگێڕایەوە بۆ مەدینە).

ئیبو عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((كانَ رَسولُ اللهِ ﷺ يَغْزُو بِهِنَّ، فيُدَاوِينَ الجَرْحَى، وَيُحْذَيْنَ مِنَ الغَنِيمَةِ)[٢١] واتە: (پێغەمبەر ﷺ بەشداری بە ئافرەتان دەکرد لەغەزاکاندا و ئەوان نەخۆشیان چارسەر دەکرد و لەدەست کەوتی جەنگیدا بەشی خۆیان پێ دەدرا).

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((كان النبي ﷺ يغزو بام سليم و نسوة معها من الأنصار يسقين الماء و يداوين الجرحى))[٢٢] واتە: (پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی بە بەدایکی سولەیم و هەندێك ئافرەتی ئەنصاریەکاندا کە لەگەڵیدا بوون بەشداری لەجەنگەکاندا بکەن و ئاویان بدەنێ و برین پێچی بریندارەکان بکەن).

(١٧) أخرجه: أبوداو (٣١٣)، والترمذي (١٦١٥)، والبيهقي (الكبرى) (٤٠٧/٢) وقال الشيخ الألباني في (صحيح الترمذي) (١٦٤٠): صحيح الاسناد مقطوع.

(١٨) أخرجه: البخاري (٤٦٣)، ومسلم (١٧٦٩)، وابن هيشام (١٩٤/٣) واللفظ له.

(١٩) أخرجه: مسلم (٤٦٦٧) (١٨١٢).

(٢٠) أخرجه: البخاري (٢٨٨٣).

(٢١) أخرجه: مسلم (٤٦٦٣) و(١٨١٢).

(٢٢) أخرجه: مسلم (٤٦٥٩) و(١٨١٠).



ئافرەتان لەهەندێك بواردا وەك پیاوان نین

١-بەڕێوەبەرایەتی و چاودێری:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ... ﴿٣٤﴾ ﴾ (النساء) (واتە: پیاوان مافی سەرپەرشتی و بەڕێوەبەرێتیان بەسەر ژنانەوە هەیەو، دەتوانن چاودێریان بکەن، ژنانیش دەبێ بەپێی پلان و نەخشەی ئەوان رەفتار بکەن. ئەم سەرپەرشتیەش بۆیە دەدرێ بەپیاوان، چونکە خوای گەورە فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکدا، (چونکە پیاوان جەستەو لاشەیان تووندوتۆڵترو بەهێزترە لەژنان و، لەگەڵ کارەکانیشدا شیاوو گونجاوترن هەروەها...). سەرەڕای ئەوەش پیاوان ئەرکی مال و دارایی بەخشینیان بۆ بەڕێوەچوونی مالاّ لەسەرە، دەبێ مارمیی و ئازووقە و بژێوی بدەن بە ژنان).

دامەزراوی لەڕاستیدا بریتیە لەبەر پرسیاریەتی و کارگێڕی، چونکە ئافرەت هەست بەبێ بەشی و کەمی و ڕاڕایی و نەمانی بەختیاری دەکات لەگەڵ پیاوێکدا کە توانای بەڕێوەبەرایەتی و چاودێری و سەر پەرشتیکاری نەبێت، ئیسلام دامەزراوی پیاو وەچۆنیەتی بەڕێوەچوون و سەرپەرشتی کارکردنەکەی دیاریکردووە وبریتیە لە سۆزو چاودێری و ئاگالێ بوون و پارێزگاری و بەخشین و دڵنەوایی کردنی پیاو بۆ هاوسەرەکەی، ئافرەتیش بۆی هەیە کەسی سەرپەرشتیاری بەتوانا بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

٢- میرات:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ... لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ... ﴿١١﴾ ﴾ (النساء). (واتە: دەبێ لە میراتیتاندا دوو ئەوەندەی بەشی مێینە، بدەنە نێرینە، واتە: نێرینە دوو بەش و مێینە نیوەی ئەوەندە).

ئافرەت پێش شوکردن و دوای شوکردنیشی بەخشراوە لە ئەرکە مالّی و دارایەکاندا، بۆیە لە میراتدا بەختی باشتری هەیە لە پیاو گەر ئافرەتێك پێنج بەش وەربگرێت و پاشەکەوتی بکات باشترە لەپیاوێك کەدە بەش وەربگرێت

و هەمووی سەرف بکات، چونکە ئەگەر بەکچێتی بمێنێتەوە ئەوە مەسروفی لەسەر براکەیەتی و ئەگەر شووی کرد مەسروفی لەسەر مێردەکەیەتی، ئەمەش میراتی ئافرەت بوو لە باوک، ومئەگەر ئافرەت شویکرد ئەوە مارمییەکی تر ومردەگرێت، وە ئەگەر مردوویەك منداڵ لەگەڵ باوك و لەگەڵ دایکی بەجێهێشت، هەریەکێك لەوانە شەش یەکی ماڵە بەجێماوەکە بە میراتی ومردەگرن، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان نێرینەی باوك و مێینەی دایکدا، و ئەگەر کەسی مردو برایەك یان خوشکێکی دایکی بەجێ هێشت، وهیچ شتێك ئەوانی لە میراتگرتن بێبەش نەکرد، ئەوجا هەریەك لە براو خوشك بەیەکسانی شەش یەك لە میرات دەبەن، بەبێجیاوازی کردن لە نێوان نێرومێدا. و ئەگەر ئافرەتێك مردو مێردێك و کچێکی بەجێهێشت، ئەوکات کچەکە نیوەی میراتەکە دەبات و بەڵام باوکی کە مێردی ژنە مردوەکەیەئەو تەنها چواریەك دەبات.

٣- گەواهی دان شایەتی دان:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ... فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَٱمْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَىٰهُمَا ٱلْأُخْرَىٰ .. ﴿٢٨٢﴾ ﴾ (البقرة). (واتە: خۆ ئەگەر دوو پیاو دەست نەکەوتن بۆ شایەتی دان با پیاوێك و دوو ئافرەتی وا ببنە شایەت کە ئێومش بە شایەتی دانیان رازی بن و پەسەندیان بکەن (دوو ژنەکە پێکەومبن) تا ئەگەر یەکێك لەو دوو ئافرەتە شایەتی دانەکەی لە بیر چوو، ئەوی تریان ومبیری بێنێتەوە، دوو ژن لە باتی یەك پیاو لە حساباتی پارمو قەرزو قۆڵەدا پێکەوە شایەت ئەبن، چونکە ئافرەتان زۆر کەم بەم جۆرە حساباتانەوە خەریك دەبن، بەڵام بێگومان لە بابەت ئیش وکاری ناوماڵ و منداڵەوە لە پیاو بیری بەهێزترە، سەرەڕای ئەمەش لە هەندێ جاردا ژنێك بەدووپیاو دادەنرێت، وەکو شایەتی تەنها ژنێك لەسەرمانەوەی کچێتی کچێك، یان شایەتی مامانێك بۆ لە دایك نەبوونی منداڵ و یا..یا..). کەوابوو ئافرەتان لەکاروباری ژنانەیاندا گەواهیدانیان بەتەواوییە.



٤- کاری ئافرەت:

پەروەردەی منداڵ لە جیهاندا بە گرنگترین کار دەژمێردرێت، ئەو کارەش ئەرکی پیرۆزی سەرەکی ئافرەتە. لەگەڵ ئەوەشدا کاری ئافرەت رێێدراوە لەکاتی پێویست بووندا لەوانە: (پزیشکی ژنان، مامانی ژنان، پەروەردەکارو بەخێوکارو دایانگا کردنی منداڵان و وانەکانی ژنان.... هتد) ئەوەش هەموو لەسنوری تواناو رێزدا و لەگەڵ گونجانی ئەو کارانەش لەگەڵ سروشتی مێینەیدا و دوور لەهەموو بێ رێزیەك بەرامبەریان.

لێرەدا بۆ نموونە ناوی هەندێك لەو ئافرەتانە دەهێنین کەلەزمانی پێغەمبەرﷺ و دواتردا کاریان کردووە:

شیفاء کچی عەبدوڵڵا ی عەدویە: ئەو ژنە بووکە حفصەی کچی عومەری فێری نوسین دەکرد و عومەریش ﷺ لەپرس و ڕادا پرسی پێدەکرد.

ئەسماء کچی مەخرەمە: ئەو ژنە لە شاری مەدینە عەتری دەفرۆشت لە شوشەدا.

حولاء کچی ثویب: لەبازاڕی مەدینەدا وردەواڵە فرۆشی دەکرد.

زەینەب کچی جەحش: یەکێك بوو لەو ئافرەتە دەست ڕەنگینانەی کە چالاکانە پێستەی خۆشدەکرد و کاری ڕستن و چنینی ئەنجام دەدا پاشان دەیفرۆشت و خێریشی پێوە دەکرد و یارمەتی هەژارانی دەدا.

(قیلة الانماریة): ئەم ئافرەتە بازرگان بوو، کڕین و فرۆشتنی لەگەڵ هەمووکەسدا دەکرد)[٢٣].

(٢٣) انظر: (اسد الغابة) (٧/ ١٧٦).

بەشی سێیەم

سودەکانی هاوسەرگیری (الزواج)

١- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی دروست بوونی منداڵی باش و چاکەکار:

سودی گەورەی هاوسەرگیری مانەوەی وەچەیە و سودی خۆشەویستی خوایشی لێ بەرهەم دێت و بەهۆیەوە ڕەگەزی مرۆڤ دەمێنێتەوە.

٢- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی پەیڕەویکردن لە سونەتی پێغەمبەر ﷺ و هەموو پێغەمبەرانی تر علیهم السلام.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً ... ﴿٣٨﴾ ﴾ (الرعد) (واتە: بەڕاستی پێش تۆش پەیامبەرانمان ناردوون هەر وەکو تۆ ڕێگەمان پێدان کەژن و منداڵیشیان هەبێ).

و عەمرو کوڕی دینار ڕحمه الله: (أن ابن عمر أرادا [أن لا يتزوج بعد النبي ﷺ]، فقالت له حفصة: تزوَج، فإن ولِدلك ولدٌ [فمات كان لك فرطاً وان بقي دعالك بخير])[٢٤] واتە: (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ڕضی الله عنه ویستی لەدوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ ژن نەهێنێت بەڵام (حەفصە)ی خوشکی پێی فەرموو: ژن بهێنە ئەگەر منداڵت بوو مرد پێشت دەکەوێت بۆ چوونە بەهەشت وە ئەگەرما لەدوای مردنت دوعاو نزای خێرت بۆ دەکات).

لە ڕیوایەتێکی تردا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ڕضی الله عنه دەفەرموێت: ((قالتْ لي حفصة: (تزوج واطلب الولد فانَّ الرجل إذا مات وليس له ولدٌ ذهب ذكرهُ [وانقطع إسمهُ)) [٢٥]. واتە: (حفصە) پێی وتم ژن بهێنە تامنداڵت ببێت، چونکە پیاو گەر مرد و منداڵی نەبوو باسی نامێنێت و ناویشی ون دەبێت. لەبەر ئەمەش بوو موعاذ کوڕی جەبەل ڕضی الله عنه لەدوای مردنی ژنەکەی وتی: (زوجوني فاني أكره أن القى الله عزباً)[٢٦].

---

(٢٤) أخرجه: عبد الرزاق (١٠٣٨٨)، والبيهقي (الكبرى) (٧/٧٩)، وسعيد بن منصور (٥٠٨)، والشافعي (المسند) (١١٢٤) وقال محققه: اسناده صحيح.

(٢٥) أخرجه: ابن أبي الدنيا (الاشراف) (رقم: ٤٦١، ١٣٥).

(٢٦) أخرجه: ابن أبي شيبة (المصنف) (١٦١٥٧).



واتە: (هاوسەرێکم بۆ بدۆزنەوە چونکە من پێم ناخۆشە بەبێ هاوسەر بگەم بەخوای گەورە لەدوای مردن).

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودیش ﷺ فەرموویەتی: (لولم يبق من الدنيا الاّ يوم واحد أحببتُ أن يكون لي فيه زوجةٌ)[٢٧]. واتە: (گەر تەمەنی دونیام تەنها یەک ڕۆژ مابێت پێم خۆشە تیایدا بێ هاوسەرنەبم).

وەلە عائیشە دایکی باوەڕدارانەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((النِكاحُ من سُنتي فَمَنْ لمَ يَعمل بسنتي فَليسَ مني))[٢٨]. واتە: (هاوسەرگیری نەریت و سونەتی منە هەرکەسێک بەڕێڕەو نەریت و سونەتی من نەکات لەمن نیە...).

٣- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی خۆپەنادان لە پیلانەکانی شەیتان و خۆ دوورگرتن لە هەڵچوونی حەزو ئارەزووی خراپ:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((اظمنو لي ستاً (من انفسكم) اضمن لكم الجنة:...، واحفظو فروجكم وغضوا أبصارَكم وكفوا أيديكم))[٢٩]. (واتە: لەدەروونی خۆتاندا شەش شتم بۆ دابین بکەن، منیش بەهەشتان بۆ دابین دەکەم.. لەوانە: خۆتان داوێن پاک ڕابگرن و چاوتان لەتەماشا کردن و سەرنجدانی ئافرەتی نامەحرەم بپارێزن).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((من يتكفل لي ما بين لحييه ومابين رجليه اتكفل له بالجَنة))[٣٠]. واتە: (هەر کەسێک نێوان هەر دوو شەویلگە (واتە: زمان) و نێوان هەر دوو قاچەکانیم بۆ پارێزراو بکات لە گوفتارو کرداری ناڕەوا من بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم).

---

(٢٧) أخرجه: عبد الرزاق (المصنف) (١٠٣٨٢).

(٢٨) أخرجه: ابن ماجة (١٨٤٦)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٦٨٠٧)، وفي (سلسلة الاحاديث الصحيحة) (٢٣٨٣)، و(صحيح ابن ماجة) (١٤٩٦).

(٢٩) أخرجه: أحمد (٣٣٣/٥)، والحاكم (٣٥٨/٤)، والبيهقي (٢٨٨/٦)، وابن حبان (٢٧١) وقال محققه: حديث صحيح، وحسنه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (١٤٧٠)، و(صحيح الجامع (١٠١٨).

(٣٠) أخرجه: الترمذي في (السنن)(٢٤٠٨)، وابن حبان في (الصحيح) (٥٧٠٣)، والحاكم (المستدرك) (٣٥٧/٤) وصححه ووافقه الذهبي، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن الترمذي)(١٩٦٣) وللفظ له.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إنَّ ربَّك يعجبُ للشابِ لا صبوة له))[٣١]. (واتە: خوای گەورە سەرسامە بەگەنجێك کەدوور بێت لەهەڵەو نەفامی).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((ما تركت بعدي فتنة هي اضرَ على الرِجال من النِساء))[٣٢]. (واتە: هیچ فریودەرێکم لەدوای خۆم جێ نەهێشت وە زیان بەخش تربێت بۆ پیاوان وەك ئافرەتان). هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...فَاتقوا الدُنيا واتَقوَا النِساء..))[٣٣]. (واتە: خۆتان لە دنیاو لەئافرەتی خراپ بپارێزن).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...ما رَأيتُ مِنْ ناقصِاتَ عَقْلٍ ودَينٍ أذهب للبُ إلرجل الحازم من احداكن))[٣٤] (واتە: نەم دیوە کەم ژیرو دین ناتەواوێك بەتواناتر بێت لە ڕاکێشانی ناخ و هۆشی پیاوی توند و بەتوانا بۆ لای خۆی وەك یەکێك لە ئێوەی ئافرەتان). لەگێڕانەوەیەکی تردا (...اذهب بقلوب ذوي الالباب منكن)[٣٥] (واتە: بەتواناتر بێت لەڕاکێشانی دڵ و ناخی خاوەن عەقڵەکان بۆ لای خۆی وەك ئێوەی ئافرەتان).

ئیبنو مەسعود ﷺ فەرموویەتی: (النِساء حبَائل الشَيطانِ)[٣٦]. (واتە: ئافرەتانی خراپ پەت و گوریسی دەستی شەیتانن).

و سەعید کوڕی موسەیەب ﷺ دەڵێت: (ما أيس الشيطان من شيء الاّ أتاه من قبل

---

(٣١) أخرجه: الروياني (المسند) (٥٠/٩)، وأحمد (المسند) (١٧٣٧١) وقال محققه: حسن لغيره، وابن أبي عاصم (السنة) (٥٧١)، وأبو يعلى (١٧٤٩)، والطبراني (الكبير) (١٨٥٣/١٧)، وابن المبارك (الزهد) (٣٣٣)، وحسنه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٨٤٣).

(٣٢) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٠٩٦) عن اسامة بن زيد مرفوعا.

(٣٣) أخرجه: الترمذي في (السنن) (٢٢٨٦)، وابن ماجة في (السنن) (٤٠٠٠)، ومسلم في (الذكر والدعاء) (٢٦) (باب اكثر الجنة الفقراء) (٢٧٤) (٤/ ٢٠٩٧).

(٣٤) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (١٤٦٢).

(٣٥) أخرجه: النسائي (١٨٧/٣).

(٣٦) أخرجه: عبدالرزاق (المصنف) (٥١١٥) عن حذيفة موقوفاً، وابن أبي شيبة (المصنف) (٣٥٦٩٤)، وهناد (الزهد) (٤٩٥)، البيهقي (الدلائل) (٢٤١/٥) عن ابن مسعود موقوفاً، وقد ضعفه الشيخ الألباني مرفوعاً في (ضعيف الجامع) (١٢٣٩)، و (السلسلة الضعيفة) (٢٠٥٩)، و(ضعيف الترغيب) (١٤١٤)، وصحح وقفه على ابن مسعود) في (السلسلة الضعيفة) (٩١٨).



النساء قد بلغت ثمانين سنة وما شيُء أخوف عنِديَ منِ النسِاء)[٣٧]. واتە: (هەرکات شەیتان بێ هیوا بوو لە فریو دانی کەسێك ئینجا لە ڕێگەی ئافرەتەوە دێت بۆ لای من تەمەنم گەیشتۆتە هەشتا ساڵ هیچ شتێك لە لای من مەترسیدارتر نییە جگە لەئافرەتان).

ئەبو هورەیرە ﷺ لە نزاکانیدا دەیووت: (أعوذ بِكَ منِ الزنى)[٣٨]. (خوادایە پەنات پێدەگرم لە زیناکردن).

طاوس کوڕی کیسان ﷺ سەبارەت بەلێکدانەوەی ئەو ئایەتە پیرۆزە ﴿ ....وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾ ﴾ (النساء) وتویەتی: (واتە: پیاو ئارامی لەسەر ژنان نیە..) و لەگێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: (كان اذا نظر الى النسِاء لم يصبر)[٣٩]. واتە: (هەر کات پیاو گەر سەیری ئافرەتانی کردبێت ئارامی نەگرتووە).

لەکاتی ئەنجامدانی حەجدا پێغەمبەر ﷺ سواری وشترەکەی ببوو، وەلە دوایەوە ئامۆزکە (فەضل کوڕی عەباس) سوار ببوو، فەضلیش گەنجێکی ڕوخسار جوانی پێگەیشتوو بوو لەو کاتەدا کچێکی ڕوخسار جوان هات و پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد، لەوێدا فەضل تەماشای ئەو کچەی دەکرد و کچەکەش تەماشای دەکرد، پێغەمبەریش ﷺ بەدەستی خۆی لەدواوە ڕووی فەضلی وەرچەرخان بەو لادا، دواتر پرسیار کرا لە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەو کارەو ئەویش فەرمووی: ((رأيتُ شاباً وشابَةً فلَم امَنَ الشيطان عَليهما))[٤٠]. واتە: (... کوڕێك و کچێکی گەنجم بینی و ترسام لەوەی شەیتان هەردوو لایان توشی کێشەیەك بکات و فریویان بدات).

---

(٣٧) انظر: (صفة الصفوة) (٤٥/٢) لابن الجوزي، و(سير السلف) للأصبهاني (٧٧٥/٣)، و(الحيلة) لابي نعيم (١٦٦/٢)، و(سير أعلام النبلاء) (٤٣٧/٤) للذهبي، و(شعب الايمان) للبيهقي (٥٤٥٢).

(٣٨) أخرجه: أبو نعيم (الحلية) (١٦١/٢).

(٣٩) أخرجه: الدينوري في (المجالسة) (١٠٦٩) وقال محققه: وأخرجه الطبري في (التفسير) (٣٥/٥) باسناد صحيح.

(٤٠) أخرجه: أحمد (المسند) (٥٦٢) وقال محققه: اسناده حسن، والترمذي (٨٨٥)، وابي يعلى (٣١٢)، وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيح الجامع) (٣٤٦٧).

ئەنەس ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ثلاثة لاترى أعينهم النار يوم القيامة: عين بكت من خشية الله، وعين حرس في سبيل الله، وعين غضت عن محارم الله))[٤١]. واتە: ((سێ کۆمەڵ هەن چاویان ئاگری دۆزەخ نابینێت لە ڕۆژی کۆتاییدا (واتە ناسوتێت لە دۆزەخدا) چاوێك گریا بێت لە ترسی خوا، وچاوێك پاسەوانی پێ کرابێت لە پێناوی خوا، وە چاوێك نوقێنرابێت لە بینینی قەدەغەکراوەکانی خوا)).

٤- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی زۆرکردنی ژمارەی موسوڵمانان و شانازی کردنی پێغەمبەر ﷺ بە ژمارە زۆری ئومەتەکەی لەقیامەتدا:

ئەبو ئومامە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((تزَوجَوا الودود الولود فاني مكاثرُ بكم الأمم ولا تكونوا كرهبانية النصارى))[٤٢]. (واتە: ئافرەتێك بخوازن کە ئێوەیان خۆش بوێت و منداڵیان ببێت، چونکە من شانازی دەکەم بەژمارە زۆریتانەوە لەپێش چاوی ئومەتەکاندا لە قیامەت، ئێوە وەکو قەشە گاورەکان مەکەن کەخۆیان لە ژن هێنان بەدوور دەگرن).

٥- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی پاداشتی بەخێو کردن و پەروەردە کردن و لەدەست دانی منداڵ و مسۆگەر کردنی دوعای خێری منداڵی چاك لەدوای مردن:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إذا ماتَ أبنُ أدَمَ انقطع عمله الآ من ثلاث....أوْ ولدٍ صالحٍ يَدْعُوا لَهُ))[٤٣]. واتە: (گەر مرۆڤ مرد کارەکانی کۆتایی پێ دێت تەنها لە سێ ڕێگەوە بۆی بەردەوام دەبێت:....سێیەمیان: یان کوڕێك یان کچێکی باش نزای بۆ بکات لە دوای مردنەوە).

---

(٤١) أخرجه: ابن عساكر (تأريخ دمشق) (٣/ ٢٩٧)، والنسائي (الكبرى) (٨٨٦٩)، وصححه الشيخ الالباني بمجموع طرقه في (السلسلة الصحيحة) (٢٦٧٣).

(٤٢) أخرجه: أبو داود (٢٠٥٠)، والنسائي في (السنن) (٢: ٧١)، وأحمد في (المسند) (٣: ١٥٨)، وابن حبان في (الصحيح) (١٢٢٨)، و صححه الشيخ الألباني في (سلسلة الاحاديث الصحيحة) (١٧٢٨)، وفي (صحيح الجامع) (٢٩٤١).

(٤٣) أخرجه: مسلم (١٦٣١)، وأبوداود (٢٨٨٠).



ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: ((یُقالُ لَهُم: إدخُلوا الجَنّة، فَیقولونَ: حتّی یَدخُلَ آباؤُنا، و أمهاتنا قال: فیأتون، فیقول الله عز و جل ((مالي أراهم محبنطئین[٤٤] أدخلوا الجنة)) قال فیقولون: یا رب آباؤنا و أمهاتنا قال: فیقول: إدخلوا الجَنّة، أنتُم و آباؤُکُم))[٤٥] واتە: پێیان دەڵێن: بڕۆنە ناو بەهەشت (واتە: بەو منداڵانەی موسوڵمانان کە لە منداڵیدا مردوون)، دەڵێن: تا باوک و دایکمان نەچێت ئێمەش ناچین، ئەنجا ئەوان دێن و خوای گەورە دەفەرموێت: ((ئەوە بۆچی دوورە پەرێزن بڕۆنە ناو بەهەشت))، ئەوان دەڵێن: خوای گەورە ئەی باوکانمان و دایکانمان، ئینجا: ((خوای گەورەش پێیان دەفەرموێت: بڕۆنە ناو بەهەشت خۆتان و باوک و دایکتان)).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إنَّ الله لیرفع للعبد (الصالح) الدرجة في الجنة، فیقول: یارب أنی لي هذه ؟ فیقول: بأستغفار ولدك لك [من بعدك]))[٤٦] واتە: ((خوای گەورە پلەی بەندەی چاکخوازی خۆی وا بەرز دەکاتەوە لە بەهەشتدا، ئەو کەسە دەڵێت: ئەی پەروەردگار ئەم پلە بەرزەم بەهۆی چی یەوە پێ بەخشرا؟ خوای گەورەش دەفەرموێت: ئەوە بەهۆی داوای لێخۆش بوونی منداڵە کەتەوە بوو کە لەدونیادا بۆی دەکردیت [لە دوای خۆت])).

---

(٤٤) محبنطئین: أي الممتنعین إمتناع طلبة لا إباء.

(٤٥) أخرجه: أحمد (١٠٥/٤)، النسائي (٢٥/٤)، الطبراني (الكبير) (٥٧١/٢٤)، و حسن المنذري إسناده في: (الترغیب) (٢٩٨٢)، و صححه الشیخ الألباني في (صحیح سنن النسائي) (١٧٧٠)، و (صحیح الجامع) (٥٧٨٠)، و(صحیح الترغیب) (٢٠٠٨)، و حسن إسناد أحمد صاحب (معجم الأحادیث القدسیة الصحیحة) برقم (٢١٨).

(٤٦) أخرجه: أحمد (المسند) (٥٠٩/٢)، وصحح اسناده الحافظ ابن كثیر (البدایة و النهایة) (٣٤٠/٢)، وحسن اسناده الحافظ العراقي في تخریج (الاحیاء) (٣١٥/١)، وابن ابي شیبة (المصنف) (٣٩٦/١٠) (١٢٠٨٠) والزیادة له، وابن ماجة في (السنن) رقم (٣٦٦٠)، والبزار (المسند)(٣١٤١)، والطبراني (المعجم الاوسط) (٥١٠٤)، والبیهقي (السنن الكبرى) (٧٨/٧)، وقال ابن حجر الهیثمي (مجمع الزواند) (٢١٠/١٠): رواه الطبراني في الاوسط ورجاله رجال، الصحیح، وصحح اسناده الشوكاني في (فتح القدیر) (١٤٢/٥) و صححه محققه ایضاً، وحسن اسناده الأرناؤوط في تحقیقه لمسند أحمد (١٠٦٠١٠)، وحسنه الشیخ الألباني في (صحیح ابن ماجة) (٢٩٥٣)، و(الصحیحة) (١٥٩٨)، و (صحیح الجامع) (٣٦٠٢).

لەڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: ((.....ان القران يلقى صاحبه يوم القيامة ... فيقول له: هل تعرفني؟ فيقول: ما اعرفك ...فيقول: أنا صاحبك القران الذي اظمأتك في الهواجر[٤٧] واسهرت ليلك وان كل تاجر وراء تجارته وانك اليوم من وراء كل تجارة فيعطى الملك بيمينه والخلود بشماله، ويوضع على رأسه تاج الوقار ويكسى والداه حلتين لا يقوم لهما أهل الدنيا فيقولان: بم كسينا هذه؟ فيقال بأخذ ولدكما القران، ثم يقال له اقرأ واصعد في درجة الجنة وغرفها فهو في صعود مادام يقرأ هذّا[٤٨] كان أو ترتيلًا))[٤٩].

واتە: ((...قورئان لەڕۆژی قیامەتدا دەگات بەخاوەنەکەی...وەپێی دەڵێت: ئایا دەم ناسی ؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر ناتناسم .....قورئانیش دەڵێت من قورئانی هاوڕێی تۆم لە ڕۆژە گەرمەکاندا تۆم تووشی دەکرد وە شەویش شەو نوخونیت پێوە دەکردم وە هەموو بازرگانێك بەدوای بازرگانیەکەیەوەیە وەئێستاش تۆ بەدوای بازرگانیەکەتەوەیت، ئینجا سامان دەدرێتە دەستی ڕاستی، وە نەمری دەدرێتە دەستی چەپی وەتاجی ڕێز لەسەری دادەنرێت، وە دوو پۆشاکی ئاوریشم دەکرێت بە بەری دایك وباوکیدا خەڵکانی دونیاش شتی وایان نەدیوە، دەڵێن: ئەمە بەهۆی چی یەوە بوو پێمان بەخشرا و ئەم پۆشاکەمان لەبەرکرا؟ پێ یان دەوترێت: بە هۆی ئەوەی کەکوڕەکەتان قورئانی وەرگرتوو وفێری بوو وەی خوێندەوە پاشان پێی دەوترێت: بخوێنەو بەرز بەرەوە بە پلەکانی بەهەشت و ژوورەکانیدا، ئەو کەسە هەر لەبەرزبوونەوە دایە گەر لەسەرخۆ بیخوێنێت یان خێرا)).

ئەبو موسای ئەشعەری ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ((اذا مات ولد العبد قال الله لملائكته: قبضتم ولد عبدي ؟ فيقولون: نعم. فيقول: قبضتم ثمرة فؤاده، فيقولون: نعم. فيقول: ماذا قال عبدي ؟ فيقولون: حمدك واسترجع، فيقول الله:

---

(٤٧) الهواجر: جمع الهاجرة وهي الظهيرة.

(٤٨) هذّاً: أي سريعة القراءة.

(٤٩) أخرجه: أحمد (المسند) (٣٤٨/٥)، وابن ماجة (السنن) (٣٧٨١)، والدارمي (السنن) (٤٥٠/٢)، وابن ابي شيبة (المصنف) (٤٩٢/١٠)، وقال الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابن ماجة) (٣٠٤٨)، وفي (شرح العقيدة الطحاوية) (ص: ٥٩): اسناده يحتمل للتحسين، وقال الشيخ الارناؤوط في (شرح العقيدة الطحاوية) (٩٤/١): اسناده قابل للتحسين، واللفظ لأحمد، وقال الحافظ في (المطالب العالية) (٣٤٩٢) اسناده حسن.



ابنوا لعبدي بيتاً في الجنة وسمُوه بيت الحمد))[٥٠] واته: ((ئەگەر منداڵی هەربەندەیەك بمرێت، خوای گەورە بەفریشتەکانی دەفەرموێت: ئێوە ڕۆحی منداڵی بەندەکەی منتان کێشا؟ ئەوانیش دەڵێن بەڵێ. خوای گەورەش دەفەرموێت: ئێوە جگەر گۆشە و بەرهەمی دڵیتان لێ کردەوە؟. ئەوانیش دەڵێن بەڵێ: خوای گەورەش دەفەرموێت: ئەی بەندەکەم چی وت ؟ ئەوان دەڵێن: سوپاس و ستایشی تۆی کردو وتی: (إنا لله وانا اليه راجعون) خوای گەورەش دەفەرموێت: کۆشکێك دروست کەن بۆ بەندەکەم لەناو بەهەشتداو ناوی بنێن کۆشکی سوپاس گوزار)). هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((ما من مسلمين يموت لهما ثلاثة من الولد لم يبلغوا الحنث الا أدخلهما الله الجنة بفضل رحمته اياهم))[٥١] واته: (هەر موسوڵمانێك سێ منداڵی بالّغ نەبووی هەبێت وبمرن ئەو کەسە خوای گەورە بە هۆی مهیرەبانی و بەزەیی بۆ منداڵەکانی خۆی دەیخاتە بەهەشت).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((کۆمەڵێ لەئافرەتانی ئەنصاری مەدینە وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە ناتوانین بێینە لات لەگەڵ پیاواندا، ومێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون ((موعدكن بيت فلانة)) واتە: ((باشە لەماڵی فلانە ئافرەت چاوەڕێ کەن)). ئەوە بوو لەو ماڵە کۆبوونەوە وقسەیان لەگەڵ کرد و پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((لايموت لأحداكن ثلاثة من الولد فتحتسبه الا دخلت الجنة)) فقالت امراة منهن: واثنين يارسول الله ؟ قال: ((واثنين))))[٥٢] واتە: ((باشە لەماڵی فلانە ئافرەت چاوەڕێ کەن)). ئەوە بوو لەو ماڵە کۆبوونەوە وقسەیان لەگەڵ کرد وپاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((والذي نفسي بيده ان السقط ليجر أمه بسرره الى

(٥٠) أخرجه: الترمذي (السنن) (٢٢٠٨) وقال حديث صحيح غريب، وأحمد (المسند) (٤١٥/٤)، وحسنه الشيخ الألباني في (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (١٤٠٨)، وفي (صحيح سنن الترمذي) (٨١٤).

(٥١) أخرجه: أحمد (المسند) (١٥١/٥)، والبخاري (لادب المفرد) رقم (١٥٠)، والنسائي (السنن) (٢٤/٤)، وابن ماجة (السنن) (١٦٠٥)، والبيهقي (السنن الكبرى) (١٧١/٩)، وابن حبان (الصحيح) (٢٩٤٠) وقال محققه: اسناده صحيح، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الادب المفرد) (١١٢)، وفي (صحيح سنن ابن ماجة) (١٣٠٤)، وفي (صحيح الجامع) (٥٧٧٦)، وفي (السلسلة الصحيحة) (٢٢٦٠).

(٥٢) أخرجه: أحمد (المسند) (٣٧٨/٢)، ومسلم (الصحيح) (٢٦٣٢)، والبخاري (الادب المفرد) (١٤٩)، والبيهقي (السنن الكبرى) (٦٧/٤)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الادب المفرد) (١١٠)، وفي (السلسلة الصحيحة) (٢٣٠٢).

الجنة اذا احتسبته))[٥٣] واتە: ((سوێند بەوەی گیانی منی بەدستە ئەو منداڵە کۆرپەیەی کە لەسکی دایکیدا کەوتۆتە خوارموە و مردووە لەڕۆژی قیامەتدا ئەو منداڵە لەبار چووە بەو وێلاشەی کە بەستراوە بەدایکی یەوە دایکی ڕادەکێشێت بۆ ناو بەهەشت گەر ئەو ئافرەتە چاوەڕێی پاداشتەکەی بکات)).

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((ما اطعمت زوجتك فهو لك صدقة وما اطعمت ولدك فهو لك صدقة))[٥٤]. (واتە: ئەو خواردنانەی کەتۆ دەیبەخشیتە هاوسەر و منداڵت بۆتۆ دەبێتە خێرو چاکە و پاداشت).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لاَيَمُوتُ لأحدٍ من المُسلمْين ثَلاثةٌ من الوَلَد فتَمسهَ النارُ إلاّ تحِلةَ القَسَم))[٥٥]. (واتە: هەر موسوڵمانێك سیان لەمنداڵکانی بمرێت ئاگری دۆزەخی بەرناکەوێت مەگەر تەنها بەئەندازەی لابردنی سوێندێك).

٦-هاوسەرگیری دەبێتە هۆی حەوانەوە و ئارامی و بەسەر بردنی کاتی خۆش لەگەڵ هاوسەردا:

عەلقەمە ﷺ دەڵێت: (كنت مع عبدالله فلقيه عثمان بمنى، فقال: يا أبا عبدالرحمن إن لي اليك حاجة فخليا فقال عثمان: هل لك يا أبا عبدالرحمن في أن نزوجك بِكرا تُذكرُك ما كنت تعهد...)[٥٦]. واتە: (لەگەڵ عەبدوڵڵا بووم لە (مینا) بە عوسمان گەیشت و عوسمان ﷺ پێی فەرموو: ئەی باوکی عبدالرحمن، من کارێکم پێت هەیە، ئینجا هەردووکیان چوونە ئەولاو، عوسمان ﷺ فەرمووی: ئەی ئەبو عبدالرحمن دەتەوێت کچێکت لێ مارەببرین و ببێتە هاوسەرت، تا بەهۆیەوە کامەرانی جارانت بۆ بگەڕێتەوە). لەگێڕانەوەیەکی تردا: (...ولعلها تُذكرُك بعضَ ما مضى مِن زمانكَ)[٥٧]. (واتە: بەڵکو بەهۆی هاوسەرەکەتەوە کامەرانی و چالاکی

(٥٣) أخرجه: ابن ماجة (السنن) (١٣٠٥)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٧٠٦٤)، وفي (المشكاة) (١٧٥٤)، وفي (احكام الجنائز) (٣٨).

(٥٤) أخرجه: أحمد (١٧١٧٩) وقال محققه: حديث حسن، والبخاري (الأدب المفرد) (٨٢)، والطبراني (٢٠/١٦٣٤) وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٤٥٢)، وفي (صحيح الجامع) (٥٥٣٥).

(٥٥) أخرجه: البخاري (١٢٥١)، ومسلم (١٥٠٠)، وأبوداود (٢٢٦٠).

(٥٦) أخرجه: البخاري (٥٠٦٥).

(٥٧) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٣٨٤).

جارانت بۆ بگەڕێتەوە). وە لەگێڕانەوەیەکی تردا: (...لعله يرجع اليك من نفسِكَ ما كنت تَعهدَ)[٥٨] (واتە: بەڵکو کامەرانی و دڵ و دەرونی جارانت بۆ بگەڕێتەوە).

باشتر وایە هاوسەر کچ بێت بەڵام لەهەندێك کاتدا باشتر وایە بێومزن و بەئەزمون بێت، ئەمەش بە پێی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە جابری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (كُنا معَ رسولِ الله ﷺ في غزاةٍ،... فالتفت فإذا أنا برسول الله ﷺ فقال: (ما يعْجلكُ يا جابر)؟ قلتُ يا رسول الله اني حديث عهد بعُرْسَ، فقال: (أبكِراً تزوجْتُها ام ثيباً)؟ قال، قلت: بل ثيباً، قال: (هلاَ جاريةً تُلاعِبهُا وَتُلاعِبُك)؟ (...فهلا بِكراً تلاعِبُها وتُلاعِبُك وَتضاحِكهُما وَتضاحِكُك)[٥٩]. واتە:(ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دابووین لەغەزایەکدا.... ئاوڕی دایەوە، لەو کاتەدا من نزیك بووم لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (چی وایلێکردویت پەلە بکەیت ئەی جابر؟ وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من تازە زەماوەندم کردووە. فەرمووی: (ئەوەی هێناوتە کچ بووە یان بێومزن بوو؟ وتم: بەڵکو بێومزن بوو، فەرمووی: ((بۆ کچێکت نەهێنا تا یاری لەگەڵدا بکەیت و یاریت لەگەڵدا بکات و تا بیکەیتە پێکەنین و ئەویش تۆ بکاتە پێکەنین)) وتم: باوکم عەبدوڵڵا شەهید بوو لەغەزای ئوحود و نۆ کچی لەدوای خۆی بەجێهێشت، منیش پێم خۆش نەبوو هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی کەم ئەزمون و نەزانی وەك خۆیان بکەم کەنەتوانێت هەستێت بە پەروەردەکردن و مشور خواردنیان.... پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ((اصبت [بارك الله لك])) واتە: (ڕاست دەکەیت لەجێی خۆیدایە خوا بەرەکەت بخاتە نێوانتان).

حافظ ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەڵێت: (يؤخذ منه ان معاشرة الزوجة الشابة تزيد في القوة والنشاط...)[٦٠]. (واتە: لەو فەرموودەیە ئەوە وەردەگیرێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی گەنجدا دەبێتە هۆی زیاد کردنی هێزو چالاکی لە پیاوی هاوسەریدا).

(٥٨) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٣٨٥).

(٥٩) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٩/ ١٢١-رقم: ٥٠٧٩) (٥٣٦٧، ٤٠٥٢) و مسلم في (الصحيح) (٨/ ١٠٨٨) (رقم: ٥٧/ ٧١٥).

(٦٠) انظر: (فتح الباري) لابن حجر العسقلاني (٩/ ١٣٣).

٧-هاوسەرگیری نیوەی دین و باوەڕی مرۆڤ تەواو دەکات:

ئەنەس ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إذا تزَوجَ العَبد فَقَد أستِكمل نصِفَ الدِين [فَلَيتَقَ الله في النصِف البِاقِي]))[٦١]. (واتە: مرۆڤ گەر هاوسەرگیری ئەنجام بدات دەبێتە خاوەنی نیوەی ئاین با لە خودا بترسێت بۆ تەواوکردنی نیوەکەی تر).

لەڕوایەتێکی تردا ئەنەس ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((مَن رزقة الله امرأةً صالحة فقد اعانه على شطر دينه فليتق الله في الشطر الباقي))[٦٢].. (واتە: هەر پیاوێك خودا ئافرەتێکی هاوسەری چاکەکاری پێ ببەخشێت بێت ئەوە یارمەتی داوە بۆ بەدەست هێنانی نیوەی ئاینەکەی با ئەویش لەخودا بترسێت بۆ بەدەست هێنانی نیوەکەی تری).

موعاذ جەهەمی ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((منَ اعطى للهِ وَأحبَ للهِ وأبغَضَ للهِ وانَكَح للهِ فقَد استكمل ايمانه))[٦٣]. (واتە: هەر کەسێك بەخشینی لەبەر خودا بێت وە خۆشەویستی لەبەر خودا بێت، ومڕق لێ بوونی لەبەر خودا بێت، ومهاوسەرگیری لەبەر خودا بێت، ئەو کاتە ئەو کەسە بڕوای تەواوە).

٨- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی یەکلا بوونەوەی دڵ بۆ هەڵسوڕانی کاروباری ماڵ و هەماهانگی لە ئامادەکردنی خواردن و گسکدان و ڕاخستن و خاوێن کردنەوەی قاپ وە دەستەبەرکردنی خانوو وەکەلوپەلی ناو ماڵی پێویست بۆ ژیان بەسەر بردن:

(ئادەمیزاد لەگەڵ تەنیاییدا ئەوانەی بۆ ناکرێت، ئەگەر بەتەنها سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو کارانە بێت زۆربەی کاتی بەفیڕۆ دەڕوات، وناتوانێت خۆی بۆ زانیاری و کارکردن یەکلای بکاتەوە)[٦٤].

(٦١) أخرجه: الحاكم (١٦١/٢)، والبيهقي (شعب الايمان) (٥٤٨٦) وحسنه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٦٢٥)، وفي (صحيح الجامع) (٤٣٠) (صحيح الترغيب) (١٩١٦).

(٦٢) أخرجه: الطبراني (الأوسط) (٩٧٤)، والبيهقي (شعب الإيمان) (٥٤٨٧)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (١٩١٦)، و (صحيح الجامع) (٦١٤٨).

(٦٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (٣/ ٤٣٨)، والترمذي في (السنن) (٢٥٢١)، والحاكم في (المستدرك) (١/ ٦١)، والبيهقي في (شعب الايمان) (١٥)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن الترمذي) (٢٠٤٦).

(٦٤) انظر: (مختصر منهاج القاصدين) (ص: ٩٩) لابن قدامة المقدسي.



٩-هاوسەرگیری دەبێتە هۆی کۆشش کردنی مرۆڤ بۆ بەرێوەچوون و چاودێری و سەرپەرشتی خێزان و هەستان بە ئەنجام دانی مافەکانی هاوسەر و نارامگرتن لەگەڵیداو هەڵگرتنی خەم و ئازارەکانی و هەوڵدان بۆ چاك بوون و ڕێنموونی کردنی خێزان بۆ ڕێگای ڕاست و چاکە.

١٠- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی بژێوی حەڵاڵ، وە دابین کردنی پێداویستیەکانی ماڵ و خێزان لە ئاستی تێکۆشاندایەلە پێناوی خودا:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((مَن سَعى على عيالِه فهو في سبيل الله))[٦٥]. (واتە:.... هەرکەسێك بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی خێزانەکەی هەوڵبدات، ئەوکارەی لە ئاستی تێکۆشاندایە لە پێناوی خودا). هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((من عال جاريتن دخلت أنا وهو الجنة كهاتين))[٦٦].واتە: (هەر کەسێك دوو کچ بەخێو بکات من ئەو پێکەوە دەچینە ناو بەهەشت).

١١- هاوسەرگیری دەوڵەمەندی بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ ۚ إِن يَكُونُوا۟ فُقَرَآءَ يُغْنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٢﴾﴾ (النور). واتە: (ئەی موسڵمانان! ژنە بێ میردەکانتان بەشووبدەن، وە بۆ پیاوە بێ هاوسەرەکانیشتان، هاوسەر پەیدا بکەن، ئاسانکاری و ڕێگەش بۆ ژنان خۆش بکەن با میرد بکەن بۆ بەندەو کەنیزەکانیشتان هەروا بکەن، واتە: بۆ بەندەکان ژن بهێنن و، کەنیزەکانیش بەشووبدەن، چونکە خوا لە فەزڵ و میهرەبانی و بەهرەی خۆی بێ نیازو دەوڵەمەندیان دەکات وە خوا خۆی پەرەدەرو بەخشەرو، زۆر زانایە بە بەرژەوەندی بەندەکانی. واتە: هەژاریی مەکەنە لەمپەڕ لە بەردەم خواستنی خوازراوەکەتان، چونکە خوا بەخشش و بەهرەی زۆرە).

---

(٦٥) أخرجه: البيهقي في(شعب الايمان) (٨٧١١)، والطبراني في (المعجم الكبير) (١٩/ ٢٨٢)، وحسنه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٢٣٢).

(٦٦) أخرجه: مسلم (٢٦٣١)، والترمذي (١٩١٧).

ئەبو بکری صدیق ﷺ فەرموویەتی: (اطیعوا الله فیما امرکم به من النِکاح یُنجز لکم ماوعدکم من الغِنی)[٦٧]. واتە: (ئێوە گوێڕایەڵی خوا بن کە فەرمانی هاوسەرگیری پێکردوون و خودای گەورەش بەڵێنی دەوڵەمەند بوونتان بۆ دێنێتە دی).

عومەری کوڕی خەطاب ﷺ فەرموویەتی: ((أطلبوا الفضل في الباه))[٦٨]. واتە: (هەوڵ بدەن دەوڵەمەندبوونتان لە ڕێگەی هاوسەرگیری بەدەستبهێنن).

ئیبنو مسعود ﷺ فەرموویەتی: (التمسِوا الغنی في النِکاح)[٦٩]. واتە: (دەوڵەمەندبوونتان بەدەست بێنن لەڕێگەی هاوسەرگیریتان).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((حَقُّ على الله عَوْنَ مَنْ نكح إلتِماسَ العفافِ عما حرم الله))[٧٠]. واتە: (خودای گەورە بەڕێوبستی داناوە لەسەر خۆی یارمەتی ئەوکەسە بدات کە هاوسەرگیری دەکات بۆ ئەوەی خۆی داوێن پاك ڕابگرێت لەبەرامبەر قەدەغەکراوەکانی خودای گەورە.

هەروەها ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ثلاثةَ حقُ على الله تَعالى عَونهُم:...، والنِاكحُ الذي يرُيد العفاف))[٧١]. واتە: (سێ کۆمەڵ هەن خودا بەڕێوبستی داناوە لەسەر خۆی یارمەتیان بدات (لەوانە)..... ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات بۆ ئەوەی خۆی بەداوێن پاك ڕابگرێت).

---

(٦٧) انظر: (تفسير القرأن الكريم) (٣/٢٤) لابن كثير.

(٦٨) أخرجه: عبد الرزاق (المصنف) (١٠٣٨٥).

(٦٩) أخرجه: الطبري (١٩٦٩٧) (٣٠٦/٢٠)، والقرطبي (٢٤١/١٢)، وابن عطية (١٨٠/٤)، والشوكاني (فتح القدير) (٣٩/٤)، وأورده ابن أبي شيبة (١٦١٦٢) من قول عمر (ﷺ).

(٧٠) أخرجه: ابن عدي (الكامل) (٢٣٠/٤)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٣١٥٢).

(٧١) أخرجه: أحمد (المسند) (٢٥١/٢)، والترمذي (١٦٥٥)، والنسائي (٦١/٦)، والحاكم (١٦٠/٢) وصححه ووافقه الذهبي، وابن حبان (٤٠١٩)، وابن ماجة (٢٥١٨) وهو حديث حسن، كما قال الشيخ الألباني في (المشكاة) (٣٠٨٩)، وفي (صحيح الجامع) (٣٠٥٠)، و(صحيح الترغيب) (١٩١٧).



١٢-هاوسەرگیری دەبێتە هۆی دروست بوونی وەچەو نەژاد و خزمایەتی و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُۥ نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾ ﴾ (الفرقان). واتە: (هەر ئەو خوایەیە بە میهرەبانی خۆی لە ئاو ئادەمیزادی دروست کردووە و نەژادو خزمایەتی خستوەتە نێوانیان و خودای گەورە هەر بەتوانابووە) واتە: (ئەم خزمایەتیەش لە ڕێگەی هاسەرگیریەوە هەر لە (ئادەم) هەتا کۆتایی دونیا هەر بەردەوام دەبێت) جوانترین نمونەش: پێغەمبەرانن ﷺ ئەوان ژنیان هێناوە وکچانیشیان بەشوداوە، ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ چەندەها هاوسەری مارەکردووە، وە کچەکانی (زەینەب، ڕوقیە، ئوکەلثوم، فاطمە)ی بەشوداوە.

١٣- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی دروست بوونی خێزانێکی بەختەوەر و نەوەیەکی باش:

عومەر کوڕی خەطاب ﷺ فەرموویەتی: (واللهِ انی لاکره نفسي على الجِماع رجاءَ انَ يُخرج الله مني نسمة تُسبّح الله)[٧٢].واتە: (سوێند بەخودا من زۆر لەخۆم دەکەم بۆ جووت بوون بەهیوای ئەوەی خوای گەورە نەوەیەك لەمنەوە بهێنێتە دەرەوە، یادی خوا بکات).

١٤- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی دابین کردنی داوێن پاکی بۆ هەردوو هاوسەر و دەست خستنی پاداشت لای خوای گەورە:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...وفي بضع احدكُم صَدقَة))، قيل: يا رسول الله أيأتَي أحدنا شهوته وله فيها أجر؟ قال ((أرأيتم لو وضعها في الحرام أكان عليه فيها وزر كذلك إذا وضعها في الحلال كان له فيها أجر؟))[٧٣]. واتە: (هەتا لەجووت بونتاندا پاداشتتان دەست دەکەوێت، وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا یەکێك لە ئێمە ئارەزووی

(٧٢) أخرجه: البيهقي في(السنن الكبرى) (١٣٧٤٥)، وابن أبي شيبة (المصنف) (١٩٥٩٧)، و(ابن أبي الدنيا) (العيال) (٣٩٢).

(٧٣) أخرجه: البخاري (الأدب المفرد) (٢٢٧)، ومسلم (١٠٠٦)، وابن حبان (٨٣٨)، و البزار (٣١٩٨)، وأحمد (٢١٤٧٣) وقال محققه: حديث صحيح.

خۆی بەجێ دەگەیەنێت ئا لەوشدا پاداشت بەدست دەهێنێت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئایا نابینن ئەو کەسە گەر ئارەزووی خۆی بەڕێگەیەکی قەدەغە و ناڕەوا بەدست بهێنێت دەبێتە سزا و تاوان بەسەریەوە، گەر بەڕێگەیەکی ڕەوا و حەلاڵیش بەدستی بهێنێت ئەو کات دەبێتە چاکە و پاداشت بۆی؟).

١٥- هاوسەرگیری ئادەمیزاد لە پەککەوتن و ناپاکی دوور دەخاتەوە:

عومەری کوڕی خەطاب ﷺ بە ئەبوزەوائدی فەرموو: (ما يمنِعكَ منِ النِكاح؟ الأ عجزأو فجور)[٧٤]. واتە: (چی وات لێ دەکات کە هاوسەرگیری ئەنجام نەدەیت؟ ئەوانەی وا دەکەن تەنها خراپەکاری و پەککەوتن دووریان دەخاتەوە لە هاوسەرگیری).

١٦-هاوسەرگیری دەبێتە هۆی پەروەردەبوونی هەر دوو هاوسەر بەڕەوشتی جوان و ئاکاری شیرین:

زۆرێك لەڕەوشتە جوانەکان مرۆڤ لەڕێگەی هاوسەرگیریەوە فێریان دەبێت وەك: (گوێڕایەڵی دایك و باوك، ئارامگرتن، توانای ئەرك هەڵگرتن، خەرجکردن، بەخشندەیی و دەستکراوەیی، بەزەیی، سۆز، یارمەتیدان، خۆشەویستی، هاوئاهەنگی، لێبوردەیی، خزمایەتی، دیدەنی، پێکەوە ژیان..... هتد، چونکە هەر دوو هاوسەر لەیەکترەوە فێردەبن و کەڵك لەهەڵە هەڵ و کەم وکوڕی یەکتری وەردەگرن بۆ ڕاستبوونەوەیان). خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ (البقرة). (واتە: ئەوان جل و پۆشاکن بۆ ئێوە، هەر ئەبێ تێکەڵییان بکەن و، پێکەوەش بژێین، خۆ بێ ئەوانیش ناتوانن ئارام بگرن، ئێوەیش جل وپۆشاکی ئەوانن، دیسان خۆراگرتن بۆ ئەوانیش هەر قورس و گرانە).

---

(٧٤) أخرجه: عبدالرزاق (١٠٣٨٤)، وابن أبي شيبة (١٦١٥٨)، والفريابي والفاكهي (كتاب النكاح) (بسند صحيح) كما قال الحافظ في (الإصابة) (٩٩٤٨).

١٧-هاوسەرگیری دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی ئاسودەیی و حەوانەوەی دەروونی بۆ هەر دوو هاوسەر:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾ (الروم) واتە: (لەبەڵگە ونیشانە ئاشکراکانی خودا ئەوەیەکە لەخۆتان ژنانێکی بۆ دروست کردوون تا ئارام بن لەگەڵیاندا و خۆشەویستی و بەزەیی خستوەتە نێوانتان بەڕاستی لەوانەدا بەڵگەی ئاشکران بۆ کەسانێك کەبیردەکەنەوە). کەواتە: (هاوسەرگیری هەردوو هاوسەر دوور دەخاتەوە لە دەست بەتاڵی و تەمبەڵی و یاخی بوون و خەمۆکی و شڵەژانی دەروون وتێکچوونی گوزەران و باری ژیان و ڕاڕایی و سەرهەڵدانی جۆرەها نەخۆشی جەستەیی و دەروونی، وەهاوسەرگیری دەبێتە هۆی دروست بوونی خێزان و خۆشەویستی و دادپەروەری و چاکەکاری و ئاوەدانی و پشتیوانی چاك بۆ مرۆڤەکان).

هاوسەرگیری چاك دەبێتە هۆی خەندە و ڕووخۆشی هەر دوو هاوسەر عبدالرحمن کوڕی عەوف ﷺ دەفەرموێت: (رأى رَسُول اللهَ ﷺ علي بشاشة العرس...)[٧٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوخۆشی ژنهێنانی بەمنەوە بینی).

وە سەبارەت بەنرخی هاوسەری چاك عبدالرحمن کوڕی ئەبزی ﷺ فەرموویەتی: (مثل المرأة الصالحة عند الرجل كَمثلَ التاج المتخوص بالذهب على رأس الملك)[٧٦]. واتە: (ئافرەتی چاك لەلای پیاو وەك تاجێکی ڕازێنراو بەزێڕوایە لەسەر سەری پادشا).

١٨-هاوسەر گیری دەبێتە هۆی دوور بوونی هەر دوو هاوسەر لە نەفرەتی خوا و پێغەمبەر ﷺ و شادبوونیان بەبەزەیی خوای میهرەبان:

پێغەمبەر ﷺ نەفرەتی کردووە لەو پیاو و ئافرەتانەی کە هاوسەرگیری ئەنجام نادەن بە بێ بوونی هیچ ڕێگریەکی شەرعی یاخود ئەو کەسانەی کە ئەنجامدانی هاوسەرگیری بەنزیك بوونەوە لەخوداو چاکەکاری دەژمێرن وەك

(٧٥) أخرجه: مسلم (١٧٤٢٨).

(٧٦) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) (١٧١٣٧).

هەندێك لە پیاوانی ئاینەکانی تر وەك (بوزی، گاور، ....هتد). ئەبوهورەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((لعن رسول الله...المتبتلين من الرجال الذي يقول: لايتزوج، والمُتبتلات مِن النساء اللآتي يَقلنَ ذلك...))[٧٧]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ نەفرەتی کردووە لەو پیاوانەی کەهاوسەرگیری ئەنجام نادەن و بەچاکە و بەندایەتی دەزانن بۆ خوا، و هەروەها نەفرەتیشی کردووە لەو ئافرەتانەی کە هاوسەرگیری ئەنجام نادەن و بەچاکەو بەندایەتی دەزانن بۆ خوا).

(٧٧) أخرجه: أحمد (٧٨٩١) وقال محققه: صحيح، والبخاري (التاريخ الكبير) (٣٦٢/٤).



بەشی چوارەم

سودەکانی هاوسەری باش

١-هاوسەری باش باشترین سامانی دنیایە:

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص ﷺ دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((الدُنيا مَتَاعُ وخير متاعِ الدُنيا المرأة الصالحة))[٧٨]. لە گێڕانەوەیەکی تردا: ((الدنيا متاع وخير متاعها المرأة الصالحة))[٧٩]. (واتە: دونیا سامانەو باشترین سامانی دونیاش ئافرەتی باشە).

لەفەرمودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((انما الدنيا متاع وليس من متاع الدنيا شيء افضل من المرأة الصالحَة))[٨٠]. (واتە: دونیا پڕ لەخۆشی و سامانەو هیچ سامانێکی دونیاش باشتر نیە لە ئافرەتی باش).

ئافرەت و هاوسەری باش یەکێکە لە بەخششەکانی خوا کە لە ڕۆژی دواییدا مرۆڤ لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((يقولُ الله تباركَ وتعالى يوم القيامة: ابن أدم الم احُمِلك على الخيل والأبل، وُزوجُتَك النسِاء وَجعُلتَك تَربعُ وترأس؟قال: بلى، قالَ فأين شُكر ذلك))[٨١]. واتە: (خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: کوڕی ئادەم ئایە من تۆم سواری ئەسپ و وشتر نەکرد، وە ئافرەتم نەکردە هاوسەرت، تاوام لێ کردیت چوار مەشقی دانیشیت و سەروکاریان بکەیت؟ بەندەش دەڵێت: بەڵێ، خوای گەورەش دەفەرموێت: ئەی پاداشت و سوپاسگوزاریەکەت لە کوێیە؟).

---

(٧٨) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (١٤٦٧)، والنسائي في (السنن) (٦/٦٩)، وابن ماجة (١٨٥٥).

(٧٩) أخرجه: مسلم (الصحيح) (١٤٦٧)، والنسائي (٦/٦٩)، وابن حبان (٤٠٣١).

(٨٠) أخرجه: ابن ماجة في (السنن) (١٨٥٥)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابن ماجة) (١٥٠٤).

(٨١) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٢١٩٠) وقال محققه: إسناده صحيح، وأحمد (٤٩٢)، والامام أسد بن موسى (الزهد) (١٨٤) وقال محققه: اسناده صحيح.

ئه‌نه‌س ﷺ ده‌گێڕێته‌وه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموویه‌تی: (حُببَ الي مِنْ دُنياكم: النِساءُ والطيبُ، وجُعلَت قُرةْ عيني في الصَلاة)[٨٢] واته: (له‌ دونیای ئێومدا ئه‌وه‌ی لای من خۆشه‌ویسته‌، هاوسه‌ری ژن و بۆنی خۆش و نوێژیش که‌ بوه‌ته‌ بیلبیله‌ و ڕۆشنایی چاوم).

٢- هاوسه‌ری باش به‌خته‌وه‌ری و کامه‌رانی مرۆڤه‌:

ئه‌بو سه‌عیدی خودری ﷺ ده‌گێڕێته‌وه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموویه‌تی: ((ثلاثةٌ من السَعادة، وثَلاثَة منِ الشقاء، فمِن السعادةَ،...المرأة الصالحة تراها فَتعُجِبك وَتغُيب عنها فتأمنها على نفِسها ومِالك))[٨٣]. واته: (سێ شت مایه‌ی به‌خته‌وه‌ری مرۆڤ و سێ شتی تریش مایه‌ی نه‌گبه‌تی و (ناڕه‌حه‌تی و دڵته‌نگی) و به‌دبه‌ختی مرۆڤ، یه‌کێك له‌وانه‌ی که‌ سه‌رچاوه‌ی به‌خته‌وه‌ری مرۆڤ.... ئافرەتێکی باشه‌ که‌ دەیبینیت دڵخۆشت ده‌کات، وەلێی دوور ده‌که‌ویته‌وه‌ متمانه‌ی پاراستنی خۆی و سامانه‌که‌ی پێ ده‌که‌یت). وله‌ فه‌رموودەیه‌کی تردا پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێت: ((إنْ كان الشؤَمُ، ففي الدار والمرأةِ والفرسِ[٨٤]. واته: (گه‌ر ڕەش بینی هه‌بووایه‌، ئه‌وه‌ له‌ خانوو و ئافرەت و ئه‌سپدا دەبوو).

٣-ئافره‌تی باش باشترین گه‌نجینه‌ و سامانی پیاوه‌:

ئیمامی عه‌لی و ثه‌وبان ﷺ ده‌فه‌رموون: (کاتێك ئه‌م ئایه‌ته‌ دابه‌زی ﴿ وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾ ﴾ (التوبة) واته: (هه‌ڕەشه‌ی که‌ڵه‌که‌کردنی زێڕوزیوو نه‌به‌خشینی له‌ پێناوی خوادا له‌ موسوڵمانان کرد). پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموی: ((تباً للذِهب والفضة)، فقَال بعض الصحابة انزلت في الذهب والفضة ما انزلت، لو علمنا اي المال خيرٌ فنتخذهُ ((اي:

---

(٨٢) أخرجه: أحمد (١٢٢٩٣) وقال محققه: اسناده حسن، والنسائي في (السنن الكبرى) (٨٨٧)، والحاكم (١٦٠/٢)، والبيهقي (٧٨/٧)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٣١٢٤) وفي (المشكاة) (٥٢٦١).

(٨٣) أخرجه: أحمد (١٦٨/١)، والبزار (١٤١٢)، وابن حبان (٤٠٢١)، والحاكم (١٤٤/٢)، وصححه ووافقه الذهبي، وحسنه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (١٨٠٣)، وفي (صحيح الجامع) (٣٠٥٦) و(صحيح الترغيب) (١٩١٥).

(٨٤) أخرجه: البخاري (٢٨٥٩)، ومسلم (٢٢٢٦)، والنسائي (١٧٠/٥)، وابن ماجة وانظر: (صحيح الجامع) (١٤٢٧) و(السلسة الصحيحة) (٤٤٢) للشيخ الألباني.



ندخِرهُ)) ؟ فقال: رسول الله ﷺ (ليتخذ أحدكم قَلباً شاكِراً، وَلسِاناً ذاكراً وزَوجةَ مؤمنةً (صالحة) تعين احدكمُ غلى امر الاخرةِ)). واتە: ((لە ناوچوون بۆ زێر ولەناوچوون بۆ زیو) هەندێك لە هاوەڵان فەرموویان: دەربارەی زێڕو زیو ئایەت بەو جۆرە هاتومتە خوارەوە، ئێمە گەر دەمانزانی ج سامانێك باشترە، ئەو کات هەڵمان دەگرت، و پارێزگاریمان دەکرد؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((سامانی ڕاستەقینەی یەکێك لە ئێوە بریتیە لە: : دڵێکی سوپاس گوزار، و زمانێکی پاراو بەیادی خوا، و هاوسەرێکی بڕوادار وچاکەکار کەیارمەتی یەکێك لە ئێوە دەدات بۆ بەدەست هێنانی سەروەری و بەهەشت لە ڕۆژی دواییدا)).

وەلە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: ((وَزوجة مؤمنةً تعينهِ على إيمانه))[٨٥]. واتە: (سامانی ئێوە ژنە هاوسەرێکی بڕوادارەکە یارمەتی هاوسەرەکەی دەدات تا بڕوادارێکی تەواو بێت).

وەلە فەرموودەیەکی تردا کە ئەبو ئومامە ﷺ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت پێغەمبەری خوا ﷺ بە موعاذی کوڕی جەبەلی ﷺ فەرموو: ((يا معاذ قَلبٌ شاكرُ ولسِانُ ذاكِرٌ وزَوجَة صالحةٌ تُعينَك على امَر دُنياك ودينك خيرُما اكتنزَالناس))[٨٦]. (ئەی موعاذ دڵێکی سوپاسگوزارو زمانێکی پاراو بەیادی خوا، و هاوسەرێکی چاکەکارکە یارمەتی ئەرکەکانی دین و دونیات بدات چاکترین سامانە پارێزراوەکانی خەڵکانە).

لەفەرموودەیەکی تردا ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((رِحَمَ الله رجلاً قام مِن الليل فصلى وأيقظ امرأته فصلت فان ابت نَضحَ في وجهها الماء، رِحمَ الله امرأةً قامَتِ من اللَيل وايقَظَت زوجَها فصلى فان ابى نَضحَتَ في وجههِ الماءَ)).[٨٧] واتە: (ڕەحمەتی خوا لەو پیاوە بێت کەلە شەودا هەڵدەستێت و

(٨٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (٥/٢٧٨)، والترمذي في (السنن) (٣٠٩٣) وابن ماجة في (السنن) (١٨٥٦)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن الترمذي) رقم (٢٤٧٠)، وفي (صحيح سنن ابن ماجة) (١٥٠٥)، وفي (الصحيحة) (٢١٧٦)

(٨٦) أخرجه: البيهقي في (شعب الايمان) (٤٤٣٠)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٤٤٠٩).

(٨٧) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢/ ٢٥٠) وأبو داود في (السنن) (١٣٦٣)، والنسائي في (السنن) (٣/ ٢٥٠)، وابن

نوێژ دەکات و هاوسەرەکەشی خەبەر دەکاتەوەو ئەویش نوێژ دەکات و گەر لەخەو هەڵنەستا ئاو لە ڕوخساری دەپرژێنێت، هەروەها ڕەحمەتی خوا لەو ژنەش بێت کە شەو هەڵدەستێت و هاوسەرەکەی خەبەر دەکاتەوە و نوێژ دەکات و گەر لەخەوهەڵنەستا ئاو لە ڕووخساری دەپرژێنێت).

ماجة في (السنن) (١٣٣٦)، وابن خزيمة في رقم (١١٤٨)، والحاكم في (المستدرك) (١/ ٣٠٩)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (١١٨١)، وفي (صحيح الترغيب والترهيب) (٩٢١)، وفي (المشكاة) (١٢٣٠)، وفي (صحيح الجامع) (٣٤٩٤).

بەشی پێنجەم

سیفەتەکانی مێردی باش

١-ئاین پەروەری:

وەك چۆن پێویستە پیاو بڕوانێتە ڕەوشت و ئاین پەروەری ئەو ئافرەتەی کە دەیەوێت بیکاتە هاوسەری خۆی، هەروەهاش پێویستە لەسەر بڕیاردەری ئافرەتەکە سەیری ڕەوشت و ئاین پەروەری پیاوەکە بکات، چونکە ئافرەتەکە لە ڕێی بەشودانیەوە دەبێتە نیمچە دەس بەسەر و کۆیلەیەك، گەر خاوەنەکەی بیکاتە هاوسەری کەسێکی لە دین دەرچوو و خراپ، ئەوکات تاوان وکارێکی بەسەر خۆی و ئافرەتەکە هێناوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ۚ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ ۗ وَلَا تُنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا۟ ۚ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ ۗ وَإِن ..﴿٢٢١﴾﴾ (البقرة). واتە: (ژنانی خوانەناس وهاوبەشدانەر مارە مەکەن، تا باوەڕی دامەزراوو ڕاستەقینە دێنن. وە بەڕاستیی کەنیزمیەکی بروادار بۆ هاوسەرێتی لە ژنێکی هاوبەشدانەر باشترە، ئەگەرچی ئەو ژنە خوانەناسە جوانیو مال ودارایی یەکەی سەرسامی کردبن و زۆریش حەزیان لێبکەن وە ژنانو کچانی باوەڕدار لەخوانەناسو هاوبەش دانەران مارە مەکەن تا نەبنە خاوەن باوەڕی دامەزراو چونکە بێگومانە کەبەندەیەکی باوەردار لەپیاوێکی ئازادی هاوبەش دانەرو خوانەناس چاکترە، هەرچەن ئەو موشریکە قەدوقیافەو پایەو پلەی سەر سامتان بکات).

پیاوێك بە حەسەنی بەصری ﷺ وت: (ان لي بنية فمن ترى ان أزوجها ؟ قال: زوجها مِمَن يتقي الله فأن أَحبها أَكرمها وان أبغضها لم يظلمها)[٨٨] واتە: «من کچێکم هەیە، پێم بڵێ لەکێی مارە بکەم؟ وتی: لەکەسێکی مارەببڕە کەلە خوابترسێت، گەر خۆشی بوویت ڕێزی لێ دەگرێت، وەگەر ڕقیشی لێبێت زۆرداری وستەمی لێناکات».

---

(٨٨) أخرجه: ابن أبي الدنيا (العيال) (١٢٥)، وانظر: (مختصر منهاج القاصدين) (ص: ١٠٢) لابن القدامة المقدسي.

مارمبڕیبن له بنچینەی زماندا واتە: (بەیەکەوە کۆبوونەوە و لە ئامێزگرتن، چونکە دڵی هەردوولایان بەیەکەوە کۆدەبێتەوە، سۆزو بەزەییش لە نێوانیاندا دروست دەبێت، کەپتر شتی وا لە نێوانیاندا نەبووە بەو هۆیە؛ واتە ڕێزی ژن ومێردایەتی وخزمایەتی و میراتگرتن و عیدەی مردن واتە: (چاوەڕوانی دوای مردنی هاوسەرەکەی کە سێ پاکیە) وەچەندها شتی تریش دەچەسپێت کەواتە هاوڕێیەتی کردن ناشێت تەنها لەگەڵ ئەوانەدا نەبێت کەئامادەی گوێڕایەڵی و جێبەجێ کردنی فرمانەکانی خوای گەورەن، وەك چۆن خوا دەفەرموێت: (الطيبات للطيبين) واتە: (ئافرەتە چاکەکان شایستەی پیاوەچلکەکانن)، وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: ((لاتُصاحب إلاّ مؤمناً ولايأكلْ طعامك إلا تقي))[89].واتە: (هاوڕێیەتی مەکە تەنها لەگەڵ باوەرداردا نەبێت، با کەس لەخواردنت نەخوات تەنها لە خواترس نەبێت).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((المرء (في رواية: الرجل) على دين خليله فلينظر احدكم من يخالل))[90] واتە: (مرۆڤ لەسەر ئاینی هاوڕێکەیەتی جا هەر یەکێك لە ئێوە باتەماشا بکات کێ دەبێتە هاوڕێی؟).

هەروەها ئیبن و مەسعود ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((المرء مع من احب))[91] واتە: (مرۆڤ لە قیامەتدا لەگەڵ ئەو کەسە دەبێت کەلەدونیادا خۆشی ویستووە).

---

(٨٩) أخرجه: الترمذي في (السنن) (٢٣٩٥)، وابوداود (السنن) (٤٨٣٢)، وأحمد (المسند) (٣/٣٨) (١١٣٣٦) وقال محققه: اسناده حسن، وابن حبان (٥٦٠) وقال محققه: اسناده حسن، وابي يعلى (١٣١٥) وقال محققه: اسناده جيّد، وصححه الشيخ الألباني في (المشكاة) (٥٠١٨) وفي، (صحيح الجامع) (٧٣٤١) و (صحيح ابي داود) (٤٠٤٥)، والدارمي (السنن) (٢/١٠٣) وقال محققه: حديث حسن. وانظر: (تفسير سورة النور) للشيخ الإسلام ابن تيمية (ص: ٥٢).

(٩٠) أخرجه: أبو داود (السنن) (٤٨٣٣)، والترمذي (السنن) (٢٣٧٩) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابي داود) (٤٠٤٦)، و(السلسلة الصحيحة) (٩٢٧) و(صحيح الجامع) (٣٥٤٥).

(٩١) أخرجه: أحمد (٣/٣٣٦)، والبخاري (٦١٧٠)، ومسلم (٢٦٤٠).



۲-ڕەوشت جوانی:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ ۚ إِن.. ﴿٣٢﴾ ﴾ (النور) ٱلْأَيَـٰمَىٰ: واتە ئەو کەسانەی بێ پیاو بێ مێردن لە پیاوان و لە ژناندا، ئەوانە هەر دوولایان بابچنە ژیانی هاوسەریەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ....وَٱلْمُحْصَنَـٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَـٰتِ وَٱلْمُحْصَنَـٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَـٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ۗ ﴿٥﴾ ﴾ (المائدة) (واتە: و ژنانی ئیماندارو داوێن پاك و (حور) و ئازادیشتان بۆحەڵاڵە، هەروەها ئەو ژنەداوێن پاکانەش کە لەپێش ئێوە کتێب و نامەیان پێدراوە (لەو جوولەکە و گاورانە) کە بڕوایان بەتەورات و ئینجیل هەیە بەمەرجێ مارمییەکانیان بدەنێ و ئێوەش وەکو ئەوان داوێن پاك بن، و شەڕوان پیس و زیناکار نەبن و دۆستی مێینەی ژیربەژێریشتان بۆ کاری داوێن پیسی نەبێ).

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((تنكح المرأة على إحدى خصال: لجمالها ومالها وخُلُقها فعليك بذا الدين و الخلق تَربتْ يمينُكَ))[۹۲]. واتە: (ئافرەت لەسەر یەکێك لەم شتانە دەخوازرێت: یان لەبەر جوانیەکەی یان لەبەر سامانەکەی یان لەبەر ڕەوشتەکەی تۆش ئافرەتێکی خاوەن ئاین و ڕەوشتی جوان بخوازە گەر وانەکەیت دەبینیت دەستت دەچێت بەخۆڵدا لەهەژاریدا).

ئەبوهورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إذا اتاكُم من ترضون خُلقهُ ودَينهُ فَزوجَوه الأ تفعلوا تكن فتنة في الأرض وَفسَادٌ عريَض))[۹۳]. واتە: (ئەگەر هەر پیاوانێك هاتنە داخوازی کچان و خوشکانتان ئێوە لە ڕەوشت و ئاینی ئەو پیاوانە ڕازی بوون، ئەو کات ئێوە قایل بن بە هاوسەگیری کچان

(۹۲) أخرجه: أحمد (۳/۸۰)، وأبويعلى (۱۰۱۲) وقال محققه: اسناده جيّد، والبزّار (۱٤۰۳)، وابن حبان (٤۰٥٦)، والحاكم (۲/۱٦۱)، وحسن اسناده المنذري (الترغيب) (۲۸۷۰)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (۱۹۱۹).

(۹۳) أخرجه: الترمذي (۱/۲۰۱)، وابن ماجة (۱۹٦۷)، والحاكم (۲/۱٦٤)، وحسنه الشيخ الألباني في (السلسلة الصحيحة) (۱۰۲۲) و(الارواء) (۱۸٦۸)..

و خوشکانتان لەگەڵیاندا، گەر وانەکەن ئاژاوە و تێکچونێکی بەر فراوان لە زەویدا بەرپا دەبێت).

فاطمەی کچی قیس ﷺ دەفەرموێت: مێردەکەم (ئەبو عومەر کوڕی حەفص) تەڵاقی دام و هەواڵەکەی بە (عیاشی کوڕی ئەبو رەبیعدا) بۆ ناردم، پاشان چەندکەسێك داخوازیان کردم لەوانە (موعاویە و ئەبولجەهەم و ئوسامەی کوڕی زەید) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((إن معاوية ترب خفيف الحال ((صُعلوَكٌ لا مالَ لَهُ)) وابوالجهم ((رجلٌ ضرابٌ للنِساء [فانه صاحب شرٍّ لاخير فيه])) واتە: (موعاویە هەژارە وبێ حاڵ و ماڵە وە ئەبو جەهەمیش لە ژنان دەدات.لە گێڕانەوەیەکی تردا: ((لاَيضَعُ العصا عَنْ عاتِقِهِ، ولكن عَليك بأسامة بن زيد))[٩٤] واتە: ئەبو جەهەم دار لەسەر شانی داناگرێت. بەڵام ئوسامەی کوڕی زید باشە و شوی پێ بکە، وتی: ((فتزوجته فشرفني الله بابن زيد وكرمني بابن زيد))[٩٥] واتە: (فاطمە دەفەرموێت پاشان شومکرد بەئوسامە خوای گەورە بەهۆی ئوسامەی کوڕی زیدەوە ڕێزی زۆری لێگرتم، وەسەرومریەکی زۆری پێ بەخشیم.

دەربارەی ئەوانەی کە لەخێزانەکانیان دەدەن پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((..ليس اولئك بخياركم))[٩٦] واتە: (ئەوانە چاکەکانی ناو ئێوە نین). لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لن يضرب خياركم))[٩٧] واتە: (چاکەکانتان لێدان بەکار ناهێنن).

جابر ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إنَ من احَبكُم إلي، واقربِكمُ مني مجلساً يوم القيامةِ احاسِنكُم اخلاقاً،...))[٩٨]. واتە: (خۆشەویسترین

(٩٤) أخرجه: النسائي في (السنن) (٢/ ٩٨)، ومسلم في (الصحيح) (٣٦٩٦) (٣٦٩٧) والترمذي في (السنن) (١١٣٥)، وابن ماجة في (السنن) (٢٠٣٥).

(٩٥) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٦٩٨).

(٩٦) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٢١٤٦)، وابن حبان في (الصحيح) (٤١٨٩)، وقال محققه: حديث صحيح، والنسائي في (السنن) (٢/ ١٠)، وابن ماجة (١٩٨٥)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابي داود) (١٨٧٩)، و(صحيح ابن ماجة) (١٦١٥)، و(غاية المرام) (٢٥١)..

(٩٧) أخرجه: البيهقي في (شعب الايمان) (٧/ ٣٠٤).

(٩٨) أخرجه: (٢/ ٢١٧)، والبخاري (الأدب المفرد) (٢٧٢)، والترمذي (٢٠١٨)، والطبراني (الكبير) (١٠٤٣٢)،



کەستان لای من نزیکترینتان لە کۆڕی دانیشتنی منداا لەڕۆژی دوایدا، ئەوانەتانن کە باشترین ڕەوشتیان هەیە).

لە ئەنەس ﷺ فەرموویەتی: ((خطب النبي ﷺ على جُليبيب امرأةً من الانصار الي ابيها فقال حتى استأمر امها فقال رسول الله ﷺ ((فنعم اذا)) فانطلق الرجل إلى امراته فذكر ذلك لها فقال: لاها الله إذا ما وجد رسول الله ﷺ الا جليبيباً لقد منعناها من فلان وفلان...فقالت الجارية: اتريدون ان تردوا على ﷺ امره ان كان قد رضية لكم فانكحوه.. فقالا: صدقت...فزوجها اياه ثم فزع اهل المدينة فركب جليبيب فوجدوه قد قتل وحوله ناس من المشركين، ((في رواية: سبعة)) قد قتلهم.قال انس: فلقد رأيتها وانها لمن انفق ثيب بالمدينة)).[٩٩]

واتە: (پێغەمبەر ﷺ داخوازی ئافرەتێکی ئەنصاری کرد لە باوکی بۆ پیاوێك کەناوی جولەیبیب بوو، باوکی ئافرەتەکەش وتی: باپرسیش بە دایکی بکەم. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (کەواتە زۆر باشە) پیاوەکەش گەڕایەوە بۆلای ژنەکەی ئەو داواکارییەی باس کرد، ژنەکەشی وتی: ئەی خوایە پێغەمبەر ﷺ کەسی نەدیوەتەوە تەنها جولەیبیب نەبێت، ئێمە پێشتر ڕازی نەبووین شوبکات بە فلان و فلان پیاو، کچەکەش وتی: ئێوە دەتانەوێت قسە و فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بشکێنن گەر ئەو بە و پیاوە ڕازی بێت بۆ کچەکەتان ئێوەش کچەکەتانی بدەنێ ئەوانیش فەرموویان ڕاست دەکەیت پاشان لێیان مارەکرد، لەدوای ماوەیەك خەڵکی (مەدینە) دوچاری جەنگێکی بەپەلەهاتن و بۆیان ڕۆیشتنەدەر، جولەیبیب سواربوو بەشداری ئەو جەنگەی کرد، دواجار تەماشایان کرد شەهید بووە و کومەڵێك لە بێ باوەڕانی کوشتووە کە ژمارەیان (حەوت کەس) بوون و لاشەکانیان لە چواردەوری خۆی کەوتبوون.

وەلە ڕەوشتە چاکەکان: وەفاداری و ڕاستگۆییە (وەك پێغەمبەر ﷺ دەربارەی

وابن حبان (٤٨٥) وقال محققه: اسناده حسن، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الأدب المفرد) (٢٠٦)، و(السلسة الصحيحة) (٧١٩).

(٩٩) أخرجه: عبد الرزاق (١٠٣٣٣)، وأحمد (١٢٣٩٣) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما، وعبد حميد (١٢٤٥) باسناد صحيح كما قال البوصيري في (اتحاف الخيرة المهرة) (٤١٩٥).

زاواکەی ئەبو عاصی کوڕی ڕەبیع دەفەرموێت: ((حدثني فصدقني ووعدني فوفى لي))[100]. واتە: (ئەو گفتی پێدام و ڕاستی کرد لەگەڵمدا وە بەڵێنی پێدام و بەڵێنی خۆی لەگەڵمدا بردە سەر).

هەروەها ڕەوشتی جوان وەك دەستکراوەیی، بەخشندەیی، ژیری، بەزەیی، بێفیزی، دڵنەرمی، وشەرم وشکۆ وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((الحياء والايمان قرينان فاذارفع أحدهما رُفع الآخر))[101]. واتە: (شەرم و بڕوا هەر دوو لەگەڵ یەکدان گەر یەکێکیان نەما ئەوی تریشیان نامێنێت).

هەروەها: وتە و هەڵسوکەوتی جوان، وەخۆ دوورکەوتنەوە: لە ڕەوشتە ناشیرینەکان وەك ئازاردان، گاڵتە پێکردن، دەست بڵاوی، چاوکراوەیی (چاوباشقاڵ) گوێپێنەدان، خواروخێچی، قسە بۆ هەڵبەستن، خواردنی حەرام، بەرچاوتەنگی، قێزلێبوونەوە، ڕق و کینەکردن، تێنەگەیشتن، زۆر بڵێی و درێژ دادڕی، پرسیارکردنی بێ مانا، ئیرەیی پێبردن، ناپاکی کردن، داوێن پیسی، ڕوپامایی، دزی، خراپ تێگەیشتن و مامەڵەکردن، بێهێزی، زۆرداری، ساختەچیەتی، لەپاشەمله باسکردن، درۆکردن، لۆمەوگلەیی و گازندەکردنی خەڵکان... هتد.

عومەری کوڕی خەطاب ﷺ دەفەرموێت: (الرجال ثلاثةٌ: رجل عَفيفُ مسلم [هيّنٌ ليّنٌ ذورأي ومشورةٍ] عاقِلٌ يأتمر في الأمور إذا اقبلت وتشبهَتْ فاذا وقعت خرج منها برأيه [وصدر الامور مصادرها]. ورجلٌ عفَيفُ مسلم ليس له رأى فاذا وقع في الامر اتى ذا الرأي والمشورة فشاورهُ واستأمرهُ ثم نزل عند امرهِ.ورجلٌ جائر حائر لا يأتمر رشداً ولايطيع مرشداً)[102]. واتە: پیاوان سێ جۆرن: جۆرێکیان پیاوێکی داوێن پاك و موسوڵمانێکی [بێ فیزو نەرم و خاوەن بۆچوون وڕاوێژ] وژیرە [کارەکانی لە

(100) أخرجه: البخاري (٣١١٠)، ومسلم (٢٤٤٩)، وابن ماجة (١٩٩٩).

(101) أخرجه: الحاكم (٢٢/١) وصححه ووافقه الذهبي، والبيهقي (٦٥/٥)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٣٢٠١) و(صحيح الترغيب) (٢٦٣).

(102) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) (١٧٤٣٢)، الماوردي (أدب الدنيا و الدين) (٢٦٠)، والبيهقي (شعب الايمان (٧١٣١) وقال محققه: اسناده حسن.



جێ خۆیدا ئەنجام دەدات]، لەکاروباروکاندا گەر هاتە پێش و ئاڵۆزبوون. ڕاوێژ بە خەڵکانی تر دەکات و گەریەکلابوومو بڕیاری خۆی لەسەر دەدات، وەجۆری دووەمیان: پیاوێکی داوێن پاك و موسوڵمانە و هیچ ڕاوبۆچونێکی نیە ئەگەر کارێك ڕوبدا دێتە لای ئەوانەی خاوەن ڕاو تێڕوانینن پرس و ڕایان پێ دەکات و لە دواییدا بە ڕاو بۆچوونی ئەوان کار دەکات. وەجۆری سێیەمیان: پیاوێکی زۆرداری سەرسام وستەمکارە و پرس و ڕا بەکەسانی دانا و ژیر وڕێ نیشان دەرناکات وگوێڕایەڵیان نابێت).

بە حەسەنی بەصریيان وت: ((فلانٌ خطب الينا فلانة؟ قال: اهو موسرٌ من عقلٍ ودين ؟ قالوا: نعم، قال: فزوجوه))[١٠٣]. (واتە: فلان کەس بۆ داخوازی فلانە ئافرەت کەس هاتۆتە لامان ئێمەچی بکەین ئەویش وتی: ئایە ئەو کەسە لە ژیریی و ئایندا دەوڵەمەندە؟ فەرموویان: بەڵێ، ئەویش وتی: لێی مارەببڕن).

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ﷺ دەفەرموێت: (إذا رأيتم الرجل يطيل الصمت ويُهرب من الناس فاقتربوا منه فانه يُلقى الحكمة).[١٠٤] واتە: (ئەگەر بینیتان پیاوێك دڕێژە بە بێدەنگی خۆی دەدات، و لەخەڵکی دوور دەکەوێتەوە، ئێوە لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەو کەسە دانایەو دانایی دەبخشێتە کەسانی تر...).

ئەسمای کچی ئەبوبەکر ﷺ فەرموویەتی: (إنماً النِكاحُ رِقُ فليْنظَر أحَدُكمَ اين يَرِقُ عتيقته).[١٠٥] واتە: (شوکردن بەکۆیلەبوونە جا هەر کەسێك لە ئێوە باش تەماشا بکات کچی ئازدی خۆی لای کێ دەکاتە کۆیلە).

پێشینان فەرموویانە: (أربع ترفع الرجل وإن قل علمه: الحِلم، والتواضع، والسخاء، وحُسن الخلق). واتە: (چوار شت پیاو بەرزدەکەنەوە هەر چەندە زانیاریشی کەم بێت: هەڵنەچوون وتوڕەنەبوون، خۆ بەکەم زانین، بەخشندەیی، ڕەوشت و ڕەفتاری جوان).

(١٠٣) أخرجه: الدينوري (المجالسة) (٣٢٨٢)، وابن قتيبة (عيون الأخبار) (٣٣/٤).

(١٠٤) أخرجه: ابن الجوزي (سيرة عمر بن عبدالعزيز) (ص: ١٨٣)، والسيوطي (حسن السمت) (٢٥). وابن حجر العسقلاني في (فتح الباري) رقم (٤٢٣٢)، وابن أبي الدنيا (الصمت) (٦٥٢) وقال محققه: اسناده ضعيف.

(١٠٥) أخرجه: البيهقي في (الكبرى) (١٣٧٦٧)، وابن أبي الدنيا (العيال) (رقم: ١١٨).

ئەنەس ﷺ دەڵێت: ((كان رسول الله ﷺ أَحْسَنَ الناس خَلُقاً))[١٠٦]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ خاوەنی جوانترین ڕەوشت و ڕەفتاربوو لەناو خەڵکاندا).

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ان مِنْ خيارِكُم أَحْسَنكمُ اخلاقاً))[١٠٧] واتە: (چاك ترینتان ئەوانەتانن کە باشترین ڕەوشتیان هەیە).

ئەبو درداء ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((ما مِنْ شيء اثَقلُ في ميزان العَبدِ المؤمِن يوم القِيامَة من حسُنَ الخُلقَ،، وإن الله يبُغِض الفاحِشَ البِذي))[١٠٨]. واتە: (هیچ شتێك نیە لەڕۆژی دوایدا قورستر بێت لە تەرازوی بەندەی خاوەن باوەڕ وەك ڕەوشتی جوان، خوای گەورە ڕقی لەکەسێکە خراپەکارو جوێن فرۆش و گوفتار قێزەون بێت).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((اكمل المؤمنين ايمانا احسنهم خلقا، وخياركم خِيارَكُم لنِسَائهِم))[١٠٩] واتە: (لە ناو بڕوادارانداً ئەو کەسە خاوەنی بڕوای تەواوە کە ڕەوشتی لە هەمووان جوانتر بێت وەباشترینتان ئەوانەن کە باشترین کەسن بۆ ژنانیان).

٣-گونجاوبوون هاوشان بوون:

ئەوەی لە لایەن شەرعەوە داواکراوە، دەبێت مێرد هاوشان و گونجاوبێت بۆ ژنەکەی، ئەوەش مانای وایە هەر یەکەیان لەگەڵ ئەویتر هاوتا بێت و هاوێتەی یەکترین، گرنگترین ئەو گونجاندنە گونجاندی ئایینە، وەك ئاشکرایە، هاوسەر زۆر بەختیاردەبێت کە دەبینێت هاوسەرەکەی وەك خۆی ئاین پەروەرە و هەردوولا سوود ئاین پەروەری لەیەکتری وەردەگرن و بەهۆیەوە دەبنە خاوەن

(١٠٦) أخرجه: البخاري (٦٢٠٣)، ومسلم (٥٥٨٧).

(١٠٧) أخرجه: البخاري (٣٥٥٩)، ومسلم (٢٣٢١).

(١٠٨) أخرجه: أبوداود (٤٧٩٩)، والترمذي (٢٠٠٢)، وابن حبان (٥٦٦٤)، وصَححَه الشيخ الالباني في (صحيح سنن الترمذي) (٢/١٩٣) (برقم: ١٦٢٨)، و(صحيح أبي داود) (٤٠١٤)، و (السلسة الصحيحة) (٨٧٦).

(١٠٩) أخرجه: الترمذي (١١٦٢) وقال: حديث حسن صحيح، وأبي داود (٤٦٨٢)، وابن حبان (٤١٦٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (١٩٢٣) وفي (رياض الصالحين) (٦٣٣).

ئایین، ئەو هاوڕێ بەوەفایەی لە ژیانی هەمیشەیی و نەمریدا ون نابێت. وە ئەو ژنە چەند بەختەوەرە کە دەبینێت مێردەکەی دینداری دەکات و دەترسێت کە پێش هاوڕێی بەوەفاکەی بکەوێت لە ژیانی نەمریدا، بۆیە دەست بە باوەڕو خۆپارێزیەوە دەگرێت، وپاشان هاوار وسزا بۆ ئەو پیاوەش کە لەناو کاری نزم و بێ شەرمیدا دەبێت و هاوسەرە باشەکەی لەدەست دەدات، چەندە کارێکی دزێو ئەنجام دەدات ئەو ژنەی کە لاسایی مێردە لەخواترسەکەی ناکاتەوە و هاوڕێ بەخشندە و هەمیشە بەختیارەکەی لەدەست دەدات، وە دیسان ئازارو ناخۆشی بۆ ئەو دوو هاوسەرەی کە لاسایی یەکتردەکەنەوە لەسەر خراپەکاری و بەدڕەوشتی و لادان لە هەق، ئەو دووانە هەردوولایان پێشبڕکێ دەکەن لەسەر ئەوەی یەکتر بخەنە ئاگری دۆزەخەوە.

عائیشەی دایکی باوەڕداران ﵂ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((تَخَيَّروَأ لنطُفِكم فانكحُوا الا كفاء وانكحوا إليهم))[١١٠]. واتە: (بۆ نوتفەکانتان ئافرەتی گونجاو هەڵبژێرن و ئافرەتانیشتان بکەنە هاوسەری پیاوانی گونجاو).

عومەری کوڕی خەطاب ﵁ دەفەرموێت: (لأمنعن تزوج ذواتُ الاحساب الأ من الاكِفاء).[١١١] واتە: (ڕێگە نادەم ئافرەتان شوبکەن بەکەسێك کە هاوشانی خۆیان نەبێت).

سوفیانی ثەوری ﵁ دەڵێت: (الكفوء في الحَسبَ والدين)[١١٢] (گونجاو بوون لە سامان و ئایندایە).

وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: ((إنَّ احسابَ اهل الِدُنيا الذي يذُهبونَ اليه هذا

---

(١١٠) أخرجه: ابن ماجة (١٩٦٨)، لحاكم (١٦٣/٢)، والبيهقي (١٣٣/٧)، والقضاعي (مسند الشهاب) (٦٦٧)، والدارقطني (السنن) (٣٧٤٦) وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٢٩٢٨) وفي (سلسلة الاحاديث الصحيحة) (١٠٦٧)، و(صحيح ابن ماجة) (١٦٠٢).

(١١١) أخرجه: عبدالرزاق (المصنف) (١٠٣٢٤)، ابن أبي شيبة (المصنف) (١٧٩٩٨)، البيهقي في (الكبرى) (١٤٠٦٤) و (شعب الايمان) (١٣٣/٧)، وابن أبي الدنيا (العيال) (١١٩)، والدار قطني في (السنن) (٣٧٤٣) وقال محققه: اسناده حسن.

(١١٢) أخرجه: الدار قطني في (السنن) (٣٧٤٧) وقال محققه: اسناده صحيح.

المالُ))[113].واتە: (خەڵکان لەدونیادا نرخ و پلەوپایەی یەکتر بەزۆری سامان و پارە دیاری دەکەن).

سەمورە کوڕی جوندوب ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((الحَسَبُ: المالُ والكَرم التقوى))[114]. واتە: (نرخ وڕێزی خەڵکان لە دونیا بە پارە هەژمار دەکرێت و لەقیامەتیشدا بە زیاتر گوێڕایەڵ بوونیان بۆ خوا. کەوا بوو ئەو شتەی وا لەو کەسە دەکات لەلای خەڵکی ڕێزی هەبێت بریتیە لە ماڵ و سامان).

عومەری کوڕی خەطاب ﷺ فەرموویەتی: ((حسبُ المرء دينهُ، ومرؤتهُ خلقه، وأصلهُ عقله))[115]. واتە: (ڕێزی مرۆڤ بە وابەستە بوونە بەئاینەکەی، وە کەسایەتیشی بەڕەوشت بەرزیەتی، وبنچینەکەشی بەژیریەتی).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەهاوشان بوون لە ئایندا لەهەموو شتێك گرنگترە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴿٧١﴾ ﴾ (التوبة) واتە: (بڕوادارانی پیاوان وئافرەتان هەر دوو هاوشانی یەکترن).

پێغەمبەر ﷺ بەهۆزی بەنی بەیازەی فەرموو: ((انكِحُوا أبا هِند وانكحوا إليه))[116] واتە: (ئەبا هند خزمایەتی و هاوسەگیری لەگەڵدا ئەنجام بدەن و ژنی لێ بخوازن و ژنیشی پێ بدەن).

---

(١١٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (٥: ٣٦١)، والبيهقي في (شعب الايمان) (٧/ ١٣٥)، والنسائي في (السنن) (٦/ ٦٤)، والحاكم في (المستدرك) (٢: ١٦٣) وصححه على شرطهما ووافقه الذهبي، وابن حبان في (الصحيح) (٧٠٠) وقال محققه: اسناده حسن، وصححه الشيخ الالباني في (ارواء الغليل) (١٨٧٠).

(١١٤) أخرجه: الترمذي في (السنن) (٣٢٧١)، وابن ماجة في (السنن) (٤٢١٩)، والبيهقي في (شعب الايمان) (١٣٥/٧)، والحاكم في (المستدرك)(١٦٣/٢) وصححه ووافقه الذهبي، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٣١٧٨) وفي (إرواء الغليل) (١٨٧٠).

(١١٥) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) (٥٢٠/٨)، والبيهقي في (شعب الايمان) (١٩٥/١٠)، والدارقطني في (السنن) (٣٧٦٤)، وقال محققه: اسناده حسن.

(١١٦) أخرجه: ابوداود في (السنن) (٢١٠٢)، والحاكم في (المستدرك) (١٦٤/٢) وصححه ووافقه الذهبي، والبيهقي (١٣٦/٧)، والدراقطني (السنن) (٣٧٥٢) وقال محققه: اسناده حسن، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح أبي داود) (١٨٥٠).



لەم بوارەدا سەرومرمان پێغەمبەر ﷺ زمینەبی کچی جەحشی قوڕمیشی لە زمیدی کوڕی حارسەی کۆیلە مارمبڕی، وە فاطمەی کچی قەیسی قوڕمیشی لە ئوسامەی کوڕی زمید مارمبڕی وە بلالی کوڕی ڕمباح لە خوشکی عەبدلڕەحمان کوڕی عەوفی مارمبڕی(١١٧).

وە هەر سەبارمت بەم باسەش خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمویت: ﴿ ...وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ ...﴿٢٦﴾ ﴾ (النور) واتە: (پیاوە چاکەکان شیاوی ئافرمتە چاکەکانن، وە ئافرمتە چاکەکانیش شیاوی پیاوە چاکەکانن).

هەروەها خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿ ...فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ...﴿٣﴾ ﴾ (النساء) واتە: (ئەو ژنانە بخوازن کەبۆتان دەشێت و بەگونجاوی دەزانن).

ئیبنو قەیمی جەوزی ﷺ دەڵێت: (ئەوەی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ گونجاودا بە بنچینەو تەواو دێتە هەژمار ئایینە، ئافرمتی موسوڵمان ناشێت بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ بێ باومڕ، وە ئافرمتی داوێن پاك ناکرێت هاوسەر بێت بۆ پیاوێکی داوێن پیس وە ئافرمتی موسوڵمان حەرامکراوە مارە بکرێت لە کەسێکی زیناکاری پیس، لێرمدا نەپلە وپایە و نەپیشەکار و نەدموڵەمەندی و نەسەربەستی بەهەند ومرنەگیراوە. دەشێت بەندمیەکی فرۆشراو ئافرمتێکی هەڵبژێردراوی دموڵەمەند مارمبکات ئەگەر داوێن پاك و موسوڵمان بێت، وە دەشێت ئەوانەش کە قوڕمیشی نین لە قوڕمیشیەکان مارمبکرێت، وە ئەوانەش کە هاشمی نین مارە بکرێن لە ئەوانە کە هاشمین، و هەژارانیش دمتوانن ئافرمتی دموڵەمەند مارە بکەن. زاناکان لەو بارمیەوە لە وەسفەکان و جۆرەکانی گونجاندن ڕای جیاوازیان هەیە:

ئیمامی مالیك ﷺ دەفەرمویت: (هاوشانی لە هاوسەرگیریدا سێ شتە: ئایین (واتە: ئیسلام) و دادپەروەری و سەربەستی و پارێزراو بێت و دوور بێت لە نەنگی و عەیب).

(١١٧) أخرجه: الدارقطني (السنن) (٣٧٥٥) وقال محققه: اسناده حسن.

ئیمامی ئەبو حەنیفە ﷺ دەفەرموێت: «بریتیە لە پشت و پەناو ئایین»[١١٨].

وە ئیمامی ئەحمەد ﷺ دەفەرموێت: (ئەو شتانە پێنجن: ئایین، ڕەچەڵەك، سەربەستی، پیشەوكار و ماڵ و سامان).

هاوڕێیانی ئیمامی شافعی دەفەرموون: (هي الدين والنسب والحرية والصناعة والسلامة من العيوب المضرة.... ولهم في المسالة ثلاثة اوجه: اعتباره فيها، والغاؤه، واعتباره في اهل المدن دون اهل البوادي، فالعجمي ليس عندهم كُفئاً للعربي ولا غير القرشي للقرشية ولا غير الهاشمي للهاشمية ولا غير المنتسبة الى العلماء الصلحاء المشهورين كفئاً لمن ليس منتسباً اليهما ولا العبد كفئاً للحرة)[١١٩] (واتە: هاوشان بوون بۆ هاوسەرگیری بریتیە لە ئایین، ڕەچەڵەك، سەربەستی، پیشەوكار، ساغی و دووری لەو عەیبانەی زیان دەگەیەنن، لەم باسەشدا لای ئەوان سێ ڕوكاری هەیە: بەهەندوەرگرتن تیایدا، یان پوچەڵكردنەوە و بەهەند وەرگرتن، یاخود بە هەند وەرگرتنی لەگەڵ خەڵكی شارەكاندا و بەهەند وەرگرتنی لەگەڵ خەڵكی لادێكاندا، لای ئەوان ئەوەی عەرەب نەبێت گونجاو نیە بۆ عەرەب وە ئەوەی قوڕەیشی نەبێت بۆ قوڕەیشی گونجاو نیەو ئەوەی هاشمی نەبێت بۆ هاشمی گونجاو نیە، وە ئەوانەی لە ڕیزی زانایان و پیاوچاكە بەناوبانگەكان نەبن گونجاو نین هاوسەگیری لەگەڵ زانایان و پیاو چاكاندا ئەنجام بدەن، وە كەسێكی بەندە بۆ كەسی ئازاد و سەربەست گونجاو نیە).

ئەوەی زیاتر بەهەند وەردەگیرێت، ئایینە، كەواتە كەسی ڕەوشت نزم بۆ مرۆڤی خاوەن باوەڕ گونجاو نیە، وەداهێنەر(مبتدع) بۆ كەسێكی سوننە گونجاو نیە چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا لَّا يَسْتَوُونَ ﴿١٨﴾﴾ (السجدة). واتە: (ئایە كەسێك بڕوادار بێت وەك كەسێك وایە كە گوناهبار بێت، هەرگیز ئەو دووانە یەكسان نین).

---

(١١٨) قال الإمام وكيع بن جراح سمعتُ أبا حنيفة يقول: (الكفؤ الدين والمنصب والمال). أخرجه: الدار القطني (السنن) (٣٧٤٩) قال محققه: اسناده ضعيف.

(١١٩) قاله: ابن قيم في (زاد المعاد) (١٤٥/٥).



ئیمامی شەعبی ﷺ دەفەرموێت: «من زوج كريمته من فاسق فَقْدَ قطع رحمها»[١٤٠] واتە: (هەرکەسێك ئافرەتێکی موسوڵمان وڕێزداری خۆی مارە بکات لە کەسێکی بێ ڕێز و تاوانبار ئەو کات پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ پچڕاندوە).

قەیسی کوڕی زوهەیر ﷺ دەڵێت: «لا تردوا الاكِفاء عن النسِاء، فتحوجوهن الى البلاء».[١٤١] واتە: (نا قایل مەبن بە هاوسەگیری پیاوانی گونجاو لەگەڵ ئافرەتان ئێوە گەروا بکەن ئافرەتانتان ناچار دەکەن بەکەسانی ناشیاوو خراپ).

لەو کارانەی لە گونجاندا بەهەند وەردەگیرێت بریتیە لەبەرزترین پیشە کە ئەویش زانست و زانیاری ئاینیە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۝٩﴾ (الزمر) واتە: (ئایا وەك یەك وان ئەوانەی زانان لەگەڵ ئەوانەی نەزانن)، هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((..العلماء ورثَةُ الانبياء..))[١٤٢]. واتە: (زانایان میرات گرەوەی پێغەمبەرانن).

بەڵام شانازی کردن بەماڵ و سامان لە کردەوەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامی پێش ئیسلامە وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((أربع في أمتي من أمر الجاهلية لايتركوهُنَ: الفَخر في الاحساب، والطَعن في الأنساب والاستسقاء بالنجوم والنِياحَة)[١٤٣]. واتە: (چوار شت لە ئومەتی مندا لە کاروکردەوەی سەردەمی نەفامین وازیان لێناهێنن: شانازی کردن بەپلە و پایە و تانەدان لەنەژاد وڕەگەز، وبڕوابوون بە توانای ئەستێرەکان بۆ باران بارین و یەخەدادرین و شین و گریان لەسەر مردووەکان).

---

(١٤٠) أخرجه: البيهقي (شعب الايمان) (٨٧٠٧)، وابن أبي شيبة (المصنف) (١٦٧٨٥)، وابن أبي الدنيا (العيال) (١٢٢)، والأصبهاني (سيرالسلف) (٣/٨٨٦)، وابن حبان (كتاب المجروحين) (١/٢٣٨) باسناد صحيح كمال قال الهيثمي (الافصاح عن أحاديث النكاح) (٢٩).

(١٤١) انظر: كتاب (شريكة حياتي) (ص: ٥٤).

(١٤٢) أخرجه: أبوداود (٣٦٤١)، والترمذي (٢٦٨٢)، وابن ماجة (٢٢٣)، الحاكم في (المستدرك) (١/١٤٩)، وابن حبان (٨٨) وقال محققه: حديث حسن، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٧٠)، و(صحيح ابن ماجة)(١٨٢)

(١٤٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (٧٩٠٨) وقال محققه: حديث صحيح (٢/٣٤٢)، ومسلم في (الصحيح) (٩٣٤)، وابن ماجة (١٥٨١)، وابن حبان (٣١٤٣).

وە پیاوێك ئەگەر نەتوانێت کاروبار و داریی خێزانی ببات بەڕێوە پێویستە لەسەری ژن نەهێنێت هەتا خوا دەوڵەمەندی دەکات.خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ﴿٣٣﴾ ﴾ (النور). واتە: (ئەو پیاوانەی کە بەهۆی هۆکاری داراییەوە توانای ژن هێنانیان نیە با داوێن پاکی خۆیان ڕاگرن هەتا ئەوکاتەی خوا بە میهرەبانی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات).

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۚ وَأُحِلَّ... وَأَن تَصْبِرُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ وَأُحِلَّ.. ﴿٢٥﴾ ﴾ (النساء). واتە: (ئەوجا هەرکەسێکیشتان لەبەر دەستەنگی ماڵیی، تواناو دەسەڵاتی نەبوو ژنانی ئازادی داوێن پاکی بڕوادار مارە بکات با لەو کێژە (کەنیزە) بڕوادارانە کە بوونەتە ماڵتان مارە بکات..... لەهەمانکاتدا خۆڕاگربن و کەنیزە مارەنەکەن تا خوا دەرووتان لێدەکاتەوە، ئەوە چاکترە بۆتان، چونکە نەوەکانتان نابنە کۆیلەو بەندە و خوایش زۆر لێبوردە، و دڵۆفانو میهرەبانە).

ئیبنو کەثیر ﷺ لە ڕافەکردنی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: «اي صبركم عن تزوج الاماء خيُر لكم لأن أولادهن يأتين رقيقاً»[١٢٤]. (واتە: ئارامگرتنتان لەسەر مارەنەکردنی کە نیزەکان چاکترە بۆ ئێوە، چونکە لەپاشاندا منداڵەکانیان دەبنە کۆیلە).

سەبارەت بەم باسەش پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((من كان ذا طول فلينكح، ومَن لم يجد فعَليه بالصِيام فان له وجاء)).[١٢٥] واتە: (ئەو کەسەی خاوەن ماڵ و سامانە با ژن مارەبکات و ئەوەی نەیبوو بابەڕۆژو بێت چونکە بەڕۆژوو بوون دەرمانە بۆ ئەوە). سامان داری بەگوێرەی جیاوازی قەناعەت و جیاوازی ئاستی خێزان لە (لادێ، شار) دەگۆڕێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ استطاع منكم الباءة فليتزوجْ...ومن لم يستطيع فعليه بالصوم، فَانُه لهُ وجاء))[١٢٦] واتە: (هەر کەسێك لە ئێوە توانا و

(١٢٤) ابن كثير في (تفسير القرآن العظيم) (٤/٢٤٤).

(١٢٥) أخرجه: ابن ماجة في (السنن) (١٨٤٦)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابن ماجة) (١٤٩٦).

(١٢٦) أخرجه: البخاري (٤/١١٩ رقم ١٩٠٥)، ومسلم (٢/١٠١٨ رقم ١٤٠٠) وغيرهما.

دارایی ژن هێنانی هەبوو باژن بهێنێت، ئەوشی کە توانای نەبوو با بابەڕۆژو بێت چونکە ئەوە دەرمانە بۆ ئەو).

ئیمامی صەنعانی ﷺ دەڵێت: «لایتکلف للنکاح بغیرالممکن کالاِستدانة»[١٢٧]. واتە: (ئەو کەسەی توانای دارایی ژن هێنانی نەبوو با زۆر لە خۆی نەکات و خۆی نەخاتە ژێر بارای قەرزارییەوە).

ئیبن سیرین ﷺ دەفەرموێت: «قیل لعامر بن عبد الله: الا تتزوج؟ قال ماعندي مِن مالٍ فما أغرُّ إمراةً مُسلمةً»[١٢٨]. واتە: (بەعامری کوڕی عەبدوڵڵایان وت بۆ ژن ناهێنیت؟ وتی: سامان و دارایەکی ئەوتۆم نیە تا ژن بهێنم و هیچ ئافرەتێکی موسوڵمانیش ناخەڵەتێنم).

هاوسەرگیری یان نەوەتا واجەبە:

ئەمەش سەبارەت بەکەسێکە دڵنیا بێت کە دەکەوێتە گوناە و تاوانە وە چونکە خۆ لە حەرام لادان کارێکی پێویستە وەك یەکێك لە یاسا بنەڕەتیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەفەرموێت: (ما لایتم الواجب الا به فهو واجب). واتە: ئەوە کارەی کە (واجب)ێك بەو نەبێت نایەتە دی، ئەو کارەش واجبە).

ئیمامی شافعی ﷺ دەفەرموێت: «قد ذکر الله تعالی القواعد من النساء فلم ینههن عن القعود ولم یَنْدُبهن إلی النکاح، وذکر عبداً اکرمه [...وَسَیداً وَحَصوراً] والحصور: الذي لا یأتي النساء، ولم یَنْدبه إلی النکاح»[١٢٩]. واتە: (خوای گەورە باسی ئەو ئافرەتانەی کردووە کە توانای شوکردنیان نەماوە بەهۆی پیری یان نەخۆشی یان هەر هۆیەکی تر، ئەوانەی خوای گەورە ڕێی لێ نە گرتوون لەشونەکردن وەهانیشی نەداون بۆ شوکردن، وەباسی پێغەمبەرێکی بەڕێزی خۆی کردووە (واتە: پێغەمبەر یەحیا بەوەی کە ئارەزووی ژن هێنانی نەبووە و خودای گەورەش فەرمانی پێ نەکردووە تا ژن بهێنێت).

---

(١٢٧) انظر: (سبل السلام) للصنعاني (١٥٠/٣).

(١٢٨) أخرجه: ابن أبي شيبة (المصنف) (٣٦٢٥٦).

(١٢٩) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (٢٤٥/١٠).

یان نەوەتا هاوسەرگیری ڕێگە پێدراوە.

ئەمەش ئەو پیاوە دەگێڕێتەوە کە توانای نیشتەجێبوونی هەیە، و لەڕێ لادان ناترسێت و دادپەروەریش دێنێتە دی.

یان نەوەتا هاوسەرگیری حەرامە.

ئەمەش سەبارەت بە پیاوێکە کە توانای ژن هێنانی نیە، ودڵنیایە کە ناتوانێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دادپەروەر بێت و یاخود تووڕە و شەڕ فرۆشە بۆ ژنان، بەڕێچەوانەشەوە ئەو ئافرەتانەش دەگرێتەوە کە ناتوانن مافی هاوسەرەکایانیان جێ بەجێ بکەن وەك لە ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: (پیاوێك کچەکەی هێنایە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و پێی وت: ئەم کچەم نایەوێت شوبکات، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: (گوێڕایەڵی باوکت بکە). کچەکە وتی: سوێند بەو خوایەی کە تۆی بەڕاستی ناردوە، شوناکەم هەتا ئەومم پێ نەڵێیت هەقی مێرد لەسەر ژنەکەی چیە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((هەقی مێرد لەسەر ژنەکەی ئەومیە ئەگەر مێردەکەی برینێکی هەبێت یا خود بەهەردوو کونە لوتیدا خوێن بێتە خوارە وە و تۆ خوێنەکەی بۆ پاك بکەیتەوە.... ئەو کات هێشتا هەقی تەواوی مێردەکەت نەداوە. کچەکە وتی: سوێند بەو خوایەی تۆی بە هەق ناردوە، منیش هەرگیز شوناکەم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((لا تنكحوهن الأ باذنهن)) (مەیاندەن بەشوو تەنها بەڕەزامەندی خۆیان نەبێت).[١٣٠]

یان نەوەتا هاوسەرگیری مەکروهە:

ئەمەش تایبەتە بەو پیاوەی کە توانای ژن هێنانی هەیە بەڵام هاوسەرگیری سەرقاڵی دەکات لەبەئەنجام گەیاندنی ئەرکە ئاینیەکانی و تووشی حەرام خۆری دەکات و لەهەمان کاتیشدا دەترسێت کە ستەم لە ژنەکەی بکات و نەتوانێت لەگەڵیدا دادپەروەر بێت.

سوفیانی ثەوری ﷺ دەڵێت: «اذا تزوج الرجل فقد ركب البحَر وإذا ولد له فقد كُسِرَ به وغرق».[١٣١] واتە: (گەر پیاو ژنی هێنا وەك کەسێکە چوو بێتە ناو دەریاوە،

(١٣٠) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٤١٦٤) وقال محققه: حديث حسن.

(١٣١) أخرجه: ابن ابي الدنيا في (العيال) (٤٥٣)، والدينوري في (المجالسة) (٣٦٦).

و گەر منداڵی بوو وەك کەسێکە بەلەمەکەی شکا بێت و نوقمی دەریا بوو بێت).

کەواتە ئەو کەسەی کە خاوەن ئافرەتە پێویستە بەدوای پیاوێکی باشدا بگەڕێت تا ئافرەتەکەی لێ مارەبکات و بیکاتە هاوسەری.

وەك ئەو پیاو چاکەی کەخۆی داوای لە پێغەمبەر موسی ﷺ کرد کەیەکێك لەدوو کچەکەی بخوازێت و بیکاتە هاوسەری خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ ۖ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ ﴿٢٦﴾ قَالَ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَىٰ أَنْ تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ ۖ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِندِكَ ۖ وَمَا أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ ۚ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾ (القصص). (واتە: یەکێ لەکچەکان وتی: بابە! بە کرێی بگرە بۆ خزمەت و لەوەڕاندنی مەڕەکان بەڕاستیی ئەو چاکترین رەنجبەرە کە تۆ بەکرێی بگریت، ئەو بەتوانا و متمانە پێکراوە: کاتێ کچەکە ئەو دوو سیفەتەی لێ گێڕایەوە، کەوتە دڵی باوکییەوە کە کچێکیانی لێ مارە بکات، بۆیە وتی: موسا! من دەمەوێ یەکێ لەم دوو کچانەمت لێ مارە بکەم بەو شەرتەی هەشت ساڵ کارم بۆبکەیت و مەڕەکانم بۆ بەخێو بکەیت خۆ ئەگەر دەساڵ ئیش و کارم بۆ بکەیت ئەوە چاکەو پیاوەتی خۆتە، ئەگینا تۆ تەنها هەشت ساڵت لە سەرە وە من نامەوێت زۆرت بۆ بێنم و بارت لەسەرگران بکەم وبتخەمە ناو زەحمەت ئەگەر خوا بیەوێ زوو دەزانی من قسەی خۆم بەجێ دێنم و تۆیش لە پیاو چاکانم دەبینیتەوە).

وە هەر سەبارەت بەم باسە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەطاب ﷺ دەفەرموێت: «انَ عمرَ بن الخطاب حين تأيمت حفصَة بنت عمر من خُنيس بن حذافة السهمي...فقال عمر بن الخطاب: اتيت عثمان بن عفان فَعرضْتُ عليه حفَصْة، فَقال: سأنظر في امري فلبثْتُ ليالي ثم لقيني فقال: قَدْ بدالي اَنْ لا اتزوج يوَمْي هذا. قال عمر: فلقيت ابابكر الصديق فقلت: ان شئت زوجتك حفصة بنت عمر، فصمت ابو بكر فلم يرجع الي شيئا، وكنت اوجد عليه مني على عثمان، فلبثت ليالي ثم خطبها رسول الله ﷺ فانكحتها

ایاهُ...))[١٣٢]. واتە: (کاتێ خونەیسی کوڕی حوزافە مێردی حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەطاب ﷺ مرد، و حەفصە بێ مێرد مایەوە، ئیمانی عومەر ﷺ دەفەرموێت: من چوومە لای عوثمانی کوڕی عەفان ﷺ و داوام لێ کرد حەفصە بخوازێت ئەویش وتی: ڕێگەم بدە تابیری لێ بکەمەوە. عومەر ﷺ دەفەرموێت: منیش چەند شەوێك چاوەڕێم کرد پاشان پێی وتم: وا بۆم دەرکەوتووە کە من لەم ماوەیەدا ناتوانم ژن بهێنم. پاشان بە ئەبوبەکر ﷺ گەیشتم وپێم وت: گەر ویستت لێ بێت پێم خۆشە حەفصەت لێ مارەبکەم ئەویش بێ دەنگ بوو وە هیچ وەڵامێکی نەدامەوە. منیش بەو کارەی لەعوثمان زیاتر پەست و ناڕەحەت بووم پاشان چەند شەوێکی تر بەسەردا چوو ئینجا پێغەمبەر ﷺ داخوازی کردو منیش لێم مارەکرد...).

لەگێڕانەوەیەکی تر ئیمامی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((ابرزوا الجارية التي لم تبلغ لعلَّ بني عمها أن يرغبوا فيها))[١٣٣]. واتە: (ئێوە ئەو کچانەتان بخەنە پێش چاو کەهێشتا بالّغ نەبووە تا ئامۆزا و خزمەکانی دواجار ببنە داخواز و داواکاریان).

عەبدوڵلای کوڕی سەلیمان ﷺ دەڵێت: «خطب عبدالملك بن مروان بنت سعيد بن المسيب على ابنه حين ولاه العهد فابى سعيد ان يزوجه، فلم يزل عبدالملك يحتال على سعيد حتى ضربه مائة سوط في يوم بارد وصب عليه جُرَة ماء والبسه جُبَّةَ صوف».[١٣٤] واتە: (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان داخوازی کچی سەعیدی کوڕی موسەیەبی کرد بۆ کوڕەکەی کاتێك ولایەتی گرتە دەست، بەڵام سەعید لێی مارەنەکرد، عەبدولمەلیك هەر بەردەوام بوو لەبیانوگرتن لە سەعید واتە: بۆ ئەوەی تاوانێکی بەسەردا بسەپێنێت و بەهۆیەوە ئازاری بدات)، هەتا لە ڕۆژێکی ساردا سەد داری لێداو مەشکەیەك ئاوی بەسەردا کردو جوبەیەکی خوری زبری لەبەرکرد).

---

(١٣٢) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٢٢)، والنسائي في (السنن) (٧٧/٦)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن النسائي) (٣٠٤٧)، (رياض الصالحين) بتخريج الالباني رقم (٦٩١).

(١٣٣) أخرجه: عبدالرزاق (المصنف) (١٠٣٣٤).

(١٣٤) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (١٦٨/٢).



کەثیر کوڕی موطەلیب کوڕی ئەبوومداعە ﷺ دەڵێت: "كنت اجالس سعيد ابن المسيب ففقدني اياماً فلما جئته قال: اين كنت ؟ قلت: توفيت اهلي فاشتغلت بها، فقال: الا اخبرتنا فشهدناها ؟قال: ثم اردت ان اقوم فقال: هل استحدثت امرأة ؟ فقلت: يرحمك الله ومن يزوجني وما املك الا درهمين او ثلاثة فقال: انا. فقلت: وتفعل؟قال: نعم، ثم تحمد وصلى على النبي وزوجني على درهمين أو ثلاثاً فقمتُ وما أدري ما اصنع من الفرح فصرت الى منزلي وجعلت اتفكر ممن آخذ وممن استدين، فصليت المغرب وانصرفت الى منزلي وكنت وحدي صائما، فقدمت عشائي وكان خبزا وزيتا فاذا الباب يقرع، فقلت من هذا ؟

قال: سعيد.ففكرت في كل انسان اسمه سعيد الا سعيد بن المسيب فانه لم ير اربعين سنة الا بين بيته والمسجد، فقمت فخرجت فاذا سعيد بن المسيب فظننت انه قد بداله فقلت: يا ابا محمد الا ارسلت الي فأتيتك؟ قال: لا انت احق ان تؤتى، فقلت: فما تأمرنا يا ابا محمد ؟ قال: انك كنت رجلا عزبا فتزوجت وكرهت ان ابيتك الليلة وحدك وهذه امرأتك فاذا هي قائمة من خلفه في طوله ثم اخذ بيدها فدفعها في البيت ورد الباب فسقطت المرأة من الحياة فاستو ثقتْ من الباب ثم وضعت القصعة في ظل السراج كي لاتراه،

ثم صعدت الى السطح فرميت الجيران فجاؤوني فقالوا: ما شأنك؟ فاخبرتهم فنزلوا اليها وبلغ امي فجاءت فقالت: وجهي في وجهك حرام ان مسستها قبل ان اصلحها الى ثلاثة ايام، قال: فاقمت ثلاثا ثم دخلت بها فاذا هي من اجمل الناس واحفظ النساء لكتاب الله واعلم بسنة رسول الله واعرفهم بحق الزوج، قال: فمكثت شهرا لا يأتيني سعيد ولا اتيه، فلما كان قرب الشهر اتيت سعيدا وهو في حلقته فسلّمت عليه فرد عليّ السلام ولم يكلّمني حتى تقوض اهل المجلس فلما لم يبق غيري، قال: ما حال ذلك الانسان ؟ قلت: خيراً يا أبا محمد على ما يحب الصديق ويكره العدو، قال ان رابك شُيء فالعصا...» [١٣٥].

واتە: من لەلای سەعیدی کوڕی موسەیەب وانەم دەخوێند، چەند ڕۆژێك لێی ون بووم کاتێك هاتمەوە لای وتی: لەکوێ بوویت؟ پێم وت: خێزانەکەم مرد و بەوموە سەرقاڵ بووم، وتی: بۆ هەواڵت پێنەداین تا ئامادەی نوێژ و ناشتنی ببواین؟

(١٣٥) أخرجه: ابن سعد في (الطبقات) (٥/١٠٢)، وأبو نعيم في (حلية الاولياء) (٢/١٦٧)، و الأصبها في (سير السلف) (٣/٧٧٥)، والذهبي في (سيرالاعلام النبلاء) (٤/٢٣٣).

وتی: دوای کەمێك وێستم هەستم وتی: ئایە ژنی تازەت دیاری کردووە ؟ پێم وت: ڕەحمەتی خوات لێبێت کێ ژنم دەداتێ، لەکاتێکدا جگە لە دوو درهەم یان سێ درهەم زیاترم نیە، وتی: من، وتم: ئەو کارە دەکەیت؟ وتی: بەڵێ، لەدوابیدا سوپاسی خوای کردو سڵاواتی لەسەر پێغەمبەردا، پاشان لەسەر دوو درهەم یان سێ درهەم کچەکەی خۆی لێ مارەکردم، منیش: هەستام نەمدەزانی لەخۆشیان چی بکەم، بەرەو ماڵەوەی خۆم ڕۆیشتم، ئینجا بیرم لەوە دەکردەوە، پارە لەکێ وەرگرم و لەکێی قەرزبکەم.

پاشان هاتمەوە مزگەوت و نوێژی شێوانم کردو بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتمەوە بەتەنیاش هەر خۆم لەماڵەکەدابووم و بەڕۆژووبووم، خواردنی ئێوارەم هێنایە پێش کە بریتی بوو لە نان و ڕۆن، لەو کاتەدا لەدەرگاکەم درا وتم کێیە؟ وتی: سەعید، بیرم بۆ هەموو ناو سەعیدێك چوو تەنها سەعیدی کوڕی موسەیەب نەبێت چونکە سەعیدی کوڕی موسەیب لەماوەی چل ساڵدا لەنێوان ماڵ و مزگەوت نەبێت کەس لەجێگەی تر نەیبینیوە، من هەستام و چومە دەرەوە، بینیم ئەوە سەعیدی کوڕی موسەیەبە. وامزانی بیری کردوەتەوە و لەو کارەی پەشیمانە، پێم وت: ئەی باوکی مەحەمەد بۆ کەسێکت نەنارد بەدوامدا تا من بێمە خزمەتت؟ وتی: نا تۆ شایستەتریت کە خەڵك بێت بۆ لات، وتم: فەرمانت چییە باوکی موحەمەد تا بۆت جێبەجێ بکەم؟ وتی: تۆ پیاوێکی بێ ژنیت و ژنت تازە مارەکردووە، من پێم ناخۆش بوو تۆ ئەم شەو بەتەنیا بەسەر بەریت، ئەوەش ژنەکەتە، لەو کاتەدا ژنەکە لەدوایەوە وەستا بوو سەعید دەستی ژنەکەی گرت و هێنایە ژوورەوە دەرگاکەی لێ پێ وەداین ئافرەتەکەش لە شەرمدا دانیشت، منیش دەرگاکەم داخست و دڵنیابووم.

پاشان نان و ڕۆنەکەم لە جێگەیەکی تاریکدا دانا تا نەیبینێت ئینجا چومە سەربان، بانگم لە دراوسێیەکانم کرد ئەوانیش بەدەنگمەوە هاتن وتیان: چی بووە، منیش هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاندن ئەوان هەموو دابەزین و چونە لای ژنەکە، و دایکمیان ئاگادارکردەوە و ئەویش هات وتی: ڕوم لەڕوت حەرام بێت ئەگەر لێی نزیك ببیتەوە هەتا سێ ڕۆژی تر تا کەل و پەل سازبکەم



و خواردن ئامادەبکەم و بۆتی بگوێزمەوە. دەڵێت: سێ ڕۆژ مامەوەو لەدوایدا گواستمەوە و چومە لای و بینیم جوانترین ژنە و کتێبەکەی خوای لەهەموو ژنان زیاتر لەبەرە و لەهەموویان زاناترە بە سوننەتەکانی پێغەمبەر و لە هەمووشیان زیاتر مافی هاوسەریەتی دەزانێت، دەڵێت: ماوەی یەك مانگ مامەوەو سەعید نەهاتە سەردانم و منیش نەچوومە سەردانی، کاتێك مانگ نزیك بۆوە ئینجا چوومە سەردانی سەعید، کەلە بازنەی وانە وتنەوەی مزگەوتی خۆیدابوو، سەلامم لێکردو وەڵامی سەلامەکەی دامەوە و قسەی لەگەڵ نەکردم هەتا دانیشتنەکە بڵاوەی لێکردو جگەلە خۆم وە خۆی کەسی تر نەمایەوە. ئینجا وتی: حاڵ و ئەحوالّی ئەو مرۆڤە چۆنە وتم: باشە، ئەی باوکی موحەمەد بەو جۆرەیەکە دۆست پێی خۆشەو دوژمن پێی ناخۆشە. وتی: ئەگەر شتێکیت بەدڵ نەبوو ئەوە داری لێ بەکاربهێنە).

ئەوەی زانراوە ئەوەیەکە سەعید کۆڕی موسەیەب ئەو پیاوەی باش ناسیووە لەڕووی دین و دونیاوە ومزانیویەتی کە کچەکەی ڕەزامەندە بەو هاوسەرگیریە و باوکی کرد وە بەوەکیل. سەعیدی کوڕی موسەیەبیش زانیویەتی کە خزمانی ئەو پیاوە ئەو هاوسەرگیریە پاشان بەئاشکرا دەکەن وشادی و خواردنی پێویستی بۆ سازدەکەن و پاشان ئامادەی دەکەن بۆگواستنەوە وئەو کارانە هەموو لەجێی خۆیدا دەبێت.

لەم بوارەشدا پێویستە لەسەرمان فەرموودەکەی پێغەمبەرمان ﷺ بێنینەوە یاد کە دەفەرموێت: ((...إذا جاءكم (وفي رواية: إذا خطب إليكم) من ترضون دينه وخلقه فزوجوه ! إلا تفعلوه تكن فتنة في الارض ! وفساد عريض))[١٣٦]. واتە: (گەر پیاوێك بۆ داخوازی ئافرەتێکتان هاتە پێش و ئێوە لە ئاین و ڕەوشتی ڕازی بوون ئافرەتەکەتانی لێ مارەبکەن گەر وانەکەن دەبێتە ئاژاوە و تێکچون و لەبەر یەك هەڵوەشانێکی فراوان لەسەر زەویدا).

(١٣٦) أخرجه: الترمذي (٢٠١/١)، وابن ماجة (١٩٦٧)، والحاكم (١٦٤/٢)، وحسنه الشيخ الألباني في (السلسلة الصحيحة) (١٠٢٢).

هه‌روه‌ها پێویسته وته‌که‌ی عومه‌ر کوڕی خه‌طاب ﷺ به‌یاد بهێنینه‌وه که به‌لایه‌وه گران بوو هاوسه‌رێکی گونجاو بۆ کچه‌که‌ی نه‌ۆزێته‌وه که ده‌فه‌رموێت: ((كنتُ اوجد عليه منى من عثمان)) واته: من زیاتر پەست بووم له ئه‌بوبه‌کر وەك له عوثمان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ڕمزامه‌ندی نه‌نواند بۆ هاوسه‌رگیری له‌گه‌ڵ حه‌فصه. که‌واته ئیمامی عومه‌ر ﷺ زۆر پێی خۆش بووه که ئه‌وانه ببنه زاوای چونکه که‌سی شیاو بوون).

به‌ڵام له هاوسه‌رگیریدا ده‌بێت ڕاوبۆچوونی کچه‌که و دایکی به‌هه‌ند وەربگیرێت وەك پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێت: ((اشيروا على النساء في انفسهن))[١٣٧]. واته: (ڕاوێژ له‌گه‌ڵ ئافرەتان بکه‌ن سه‌بارەت به شوکردنیان). هه‌روه‌ها ده‌فه‌رموێت: ((آمروا النساء في بناتهن))[١٣٨] واته: (ڕاوێژ له‌گه‌ڵ ئافرەتان بکه‌ن سه‌بارەت به‌شوکردنی کچه‌کانیان). که‌وا بوو ڕمزامه‌ندی دایکی کچه‌که‌ش پێویسته بۆ هه‌ست کردن به‌ڕۆڵ و که‌سایه‌تی خۆی وه بۆ زیاتر پێکه‌وه گونجان و دوور که‌وتنه‌وه له حاڵی نه‌بوون له‌یه‌کتر چونکه کچ زیاتر هۆگر و گوێڕایه‌ڵی دایکانیانن وه دایکان باشتر ئاگارداری بارودۆخی کچه‌کانیانن.

(١٣٧) أخرجه: أحمد (٥٧٢٠) وقال محققه: حديث حسن.

(١٣٨) أخرجه: أحمد (٤٩٠٩) وقال محققه: حديث حسن.

بەشی شەشەم

سیفەتەکانی هاوسەری باش

مەرجەکانی ژنی باش زۆرن لەوانە:

١-پێویستە ئافرەتێکی خاوەن ئاین وبڕوا بێت:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ۚ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ ۗ وَإِن ..﴿٢٢١﴾﴾ (البقرة). واتە: (ئافرەتانی بێ باوەڕ و هاوتادانەر مەکەنە هاوسەرتان تا بڕوا دێنن، ئافرەتێکی بڕوادار چاکترە لەئافرەتێکی بێ باوەڕ هەرچەندە جوانیەکەی سەرسامتان بکات).

ئیمامی بوخاری لە کتێبی تەلاقدا لە ئیبنو عومەرەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەر موسوڵمان مارەکردنی ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەدەن، من شتێك دەربارەی هاوبەش بۆ بڕیاردانی گەورە نازانم لەوە زیاتر کە ئافرەتێك بڵێت خوای ئەو (عیسا)یە یان هەر بەندەیەکی تری لە بەندەکانی خوای گەورە.

پێویستە ئافرەت لەجولەکە و گاور بڕوای بە ئیسلام هەبێت، هەتا مارەبڕینەکەی بۆ کەسێکی موسوڵمان دروست شیاو بێت. ئەمەش کارێکی باش تری هەروەك چۆن پێغەمبەرﷺ لە مارەبڕینی خێزانەکانی (صفیە و ماریە) دا پەیڕەوی کرد ئەوانە پێشتر یەکێکیانن جولەکە بوو ئەوی تریشیان گاور بوو، پاش موسوڵمان بونیان پێغەمبەر مارەی کردن ئەوەش جێبەجێ کردنی فەرموودەکەی خۆی بوو کەفەرموویەتی: ((عَليكَ بذاتِ الدين..))[١٣٩] واتە: ((پێویستە تۆش هاوسەری خاوەن بڕواو ئاینت هەبێت)).

چونکە ئەگەر ژن هەمان ئاینی پیاوەکەی نەبێت ئەو کات ئاینی پیاوەکەش تێکدەدات و زیانی پێدەگەیەنێت، ئەگەر غیرە و خستنە ژێر چاو دێری و

(١٣٩) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٧١٥).

رێگەی کەسانی تری لەگەڵدا بگرێتەبەر ئەوە هەر لەبەڵاو ناخۆشیدا دەبێت و ژیانی بەلێڵی دەمێنێتەوە و پەرۆمردەی خراپی منداڵەکانی دەدات و چارەنوسێکی خراپ چاوەڕێی دەکات.

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((الرجلُ على دين خليله فلينظر احدكم من يخالل))[١٤٠]. واتە: (ئادەمیزاد لەسەر ئاینی هاوڕێکەیەتی، با هەریەکێکتان تەماشا بکات کێ دەکاتە هاوڕێ و هاوڕازی خۆی). ئەو ژنەی دەست بەشەرعەوە دەگرێت ڕەوشتی پارێزراوە، باشکردنی ڕەوشت و حاڵ و باڵی بەئاسانی دێت بەدەستەوە، و دوور دەبێت لەو دەرونەی کە پڕیەتی لە خراپەکاری و لەئارەزووە شەیتانیەکانی ئادەمیزاد، ئەو ئافرەتە هەمیشە ئامادەیە بۆ نوێژکردن و پاك و خاوێنی و دەستکراوە یە بۆ زەکات دان، وە بەخشندەیە لە بەخشینی مافی خواو پێغەمبەری خوا لەبواری پێدانی مافی هاوسەرەکەیدا، وداوێن پاکی خۆی ڕادەگرێت:

وەك لە چیرۆکی هاوسەری پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ دەردەکەوێت کاتێك دەچنە ناو میصرەوە، فیرعون دەیەوێت سارە ﷺ ببینێت وەك ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...فقامت تتوضأ وتُصلي فقالت: اللَهُمَ ان كنت آمنت بك وبرسولك واحصنت فرجي إلا على زوجي فلا تسلط عليَّ الكافر...))[١٤١] واتە: (سارا کاتێك ویستی بچێت بۆ لای فیرعەون کە داوای چاو پێکەوتنی لەگەڵدا کردبوو، سارا هەستا دست نوێژی شۆرد و وتی: (خوایە ئەگەر من باوەڕم بە تۆ و پێغەمبەرەکەت هێناوە، و داوێنم پاك ڕاگرتووە مەگەر لەگەڵ مێردی خۆمدا نەبێت خودایە ئەو کافرە بە سەرمدا زاڵ نەکەیت).

حەسەنی بصری ﷺ دەفەرموێت: «..وقفت على بزار بمكة اشتري منه ثوباً فجعل يمدح ويَحلف فتركته، وقلت: لاينبغي الشراء من مثله واشتريت من غيره ثم حججت بعد ذلك بسنتين فوقفت عليه فلم اسمعه يمدح ولا يحلف، فقلت له، الست الرجل الذي

(١٤٠) أخرجه: ابوداود في (السنن) (٤٨٣٣)، والترمذي في (السنن) (٢٣٧٩) وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح أبي داود) (٤٠٤٦)، و(السلسلة الصحيحة) (٩٢٧)، و(صحيح الجامع) (٣٥٤٥).

(١٤١) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٢٢١٧)، ومسلم في (الصحيح) (٢٣٧١).



وقفت عليه منذ سنوات؟ قال: نعم...فقال: كانت لي امرأة ان جئتها بقليل إزدرته وان جئتها بكثير قللته فنظر الله إليّ فأماتها فتزوجت امرأة بعدها فاذا اردت الغدو الى السوق: أخذت بمجامع ثيابي ثم قالت: يافلان اتق الله ولا تطعمنا الا طيبا...ان جئتنا بقليل كثرناه وان لم تأتينا بشيء اعناك بمغزلنا»[١٤٢]. واتە: (.... لە مەکەکە لە لای دوکانێك وەستام و ویستم پۆشاکێکی لێبکڕم، دوکاندارەکە هەر بەشتەکەی هەڵدەگوت و سوێندی لەسەر دەخوارد. بۆیە بەجێم هێشت وتم: دروست نیە شت لە کەسانی هاوشێوەی ئەو بکڕم، دوای ئەوە بە دوو ساڵ هاتمەوە بۆ حەج و لەو شوێنە چاوم بەهەمان پیاو کەوتەوە، و پێم وت: تۆ هەمان ئەو پیاوەی کە چەند ساڵێك لەمەو پێش لەلات وەستام وتی: بەڵێ... لەدواییدا وتی: من ژنێکم هەبوو، ئەگەر کەمم ببردایەتەوە دەنگە دەنگی دەکرد و ئەگەر زۆریشم ببردایەتەوە بەکەمی دەزانی، پاشان خوای گەورە بەزمیی بەمندا هاتەوە و مراندی و منیش ژنێکی ترم مارەکرد، کاتێك بەیانی دێم بۆ بازاڕ دەست بەداوێنی کراسەکەمەوە دەگرێت و دەڵێت: ئەی فلان کەس، لەخوابترسە، خواردنی حەڵاڵ نەبێت مەماندەیە، ئەگەر کەمت هێنایەوە، ئێمە بە زیادی دەزانین ئەگەر هیچت نەهێنایەوە، ئەوە ئێمە یارمەتیت دەدەین بەتەشیەکەمان).

کەواتە: ئاین بنچینەیە بۆ هاوسەرگیریی بە پێی فەرموودەی کە پێغەمبەر ﷺ: ((...عَليكَ بذات الدين...)). واتە: (هەوڵ بدە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی خاوەن ئایندا.چونکە ئەگەر ئافرەتەی دیندار نەبوو ئەو کات دینداری مێردەکەشی تێك دەدات و بەسوك وە بەکەمی دەزانێت، وەگەر بەئیرەیش لەگەڵیدا هەوڵسوکەوت بکات بەردەوام ژیانی لە ناسۆرو ناخۆشیدا دەبێت)[١٤٣].

٢- پێویستە ئافرەتێکی ڕەوشت جوان بێت:

ئەگەر ژن ڕەوشت باش نەبێت ئەوا ئەو هاوسەرگیرە زیانەکەی لە سودەکەی زیاترە، لێرەدا چەندەها ئایەتی پیرۆز لەم بارەیەوە دەهێنین.

(١٤٢) انظر: (المجالسة) للدينوري (٢٠٩١).

(١٤٣) انظر (مختصر منهاج القاصدين) (ص: ٧٧) لابن الجوزي.

❁ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأُحِلَّ ..مُّحْصَنَٰتٌ غَيْرَ مُسَٰفِحَٰتٍ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخْدَانٍ ۖ وَأُحِلَّ ..﴿٢٤﴾﴾ (النساء) واتە: (دەبێت ئافرەتانێکی پارێزکار و سەنگین و دوور لە دڵ دارو دوور لە داوێن پیسی بن).

پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کرد لە مەرثد کە ئافرەتێکی ڕەوشت خراپ بهێنێت، مەرثدی کوڕی ئەبو مەرثد ﷺ دەڵێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەرﷺ پێم وت: (فقلت: يا رسول الله انكح عناق (وكانتْ امرأة بغية من أهل مكة)، فسكت عني، فَنزلَتَ: ﴿وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۖ﴿٣﴾﴾ (النور)[١٤٤]. واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (عەناق: ئافرەتێکی داوێن پیس بوو لەخەڵکی مەککە) مارە بکەم، ئەویش بێدەنگ بوو)، پاشان ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۖ﴿٣﴾﴾ (النور) واتە: (ئافرەتی زیناکار و داوێن پیس هەردەبێ پیاوی زیناکار و موشریك مارەی بکات). لەبەر ئەوەشە کە شایەتی زیناکار وەرناگیرێت وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: ((لاتجوز شهادة خائن ولا خائنة ولا زان ولا زانية))[١٤٥]. (شایەتی پیاوی ناپاك و ئافرەتی ناپاك و پیاوی زیناکار و ئافرەتی زیناکار وەرناگیرێت).

❁ خوای گەورە دەربارەی سیفەتی ئافرەتی چاکەکار دەفەرموێت: ﴿...فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ۚ ..﴿٣٤﴾﴾ (النساء) (الصالحات): واتە: (ئەو ئافرەتانەی کاری خێر وچاکەدەکەن. (قَٰنِتَٰتٌ): واتە ئەو ژنانە کە گوێڕایەڵی خوا دەکەن و بەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانیان لەمافەکانی خوای گەورەو مافەکانی هاوسەرەکانیان هەڵدەستن. (حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ): واتە: ئەو ئافرەتانەی پارێزگاری لە نەفسی خۆیان دەکەن ودوورن لەخراپەکاری).

❁ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ثَيِّبَٰتٍ وَأَبْكَارًا ﴿٥﴾﴾ (التحريم) واتە: (ئافرەتانێکی موسوڵمان و بڕوادار و گوێڕایەڵن بەتەوبەو داوای لێخۆش بوون دەکەرێنەوە لای خوای گەورە،

(١٤٤) أخرجه: النسائي (١١١/٤) (٣٢٢٨) وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن النسائي) (٣٠٢٧).

(١٤٥) أخرجه: أحمد (٦٦٩٨) وقال محققه: اسناده حسن، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٧٢٣٦)، في (ارواء الغليل) (٢٦٦٩).



و چاکەکارن و ئەوانەی بە ملکەچیەوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورەن. کۆچکردوان، ڕۆژووموانن، و ڕوویان لە خوای گەورەیە).

❁ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (الممتحنة: ١٢). لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە کۆمەڵێکی تر لە ڕەوشتە جوانەکانی ئافرەتمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێت: (ئەی پێغەمبەری خودا گەر ئافرەتانی برواداری کۆچیان کردو هاتنە لات تۆ گفت وبەڵێنیان لێ وەرگرە لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارانە: دەبێت ئەوان: هاوتا بۆ خودا بڕیارنەدەن، وە دزی نەکەن، وەزینانەکەن، وە منداڵەکانی خۆیان لەبارنەبەن یاخود نەیان کوژن، وە هیچ بوختانێك نەکەن لەنێوان دەست و پێی خۆیاندا، (واتە: منداڵی خەڵکی نەکەنە منداڵی خۆیان، لەسەردەمی نەفامیدا هەرژنێك ترسی بووایە مێردەکەی لەبەر ئەوەی منداڵی نابێت دەری بکا دەچوو منداڵی دۆزراوەی دەهێناو دەیکرد بەمنداڵی خۆیی و بەمێردەکەی دەگوت ئەمە لە تۆیە، وەسەرپێچیت نەکەن لەئەنجام دانی کارەچاکەکاندا، ئافرەتان گەر ئەمانەیان جێ بەجێ کرد ئەو کات تۆش بەڵێنیان لێ وەرگرە و داوای لێ خۆش بوونیان بۆ بکە لەخودا).

وەیەکێکی تر لە ڕەوشتە جوانەکانی ئافرەت ئەوەیە کە لە فەرموودەدا هاتووە (ئومیمەی کچی روقەیقە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردووە و فەرموویەتی: ((...ولا تنوحي ولا تتبرجي تبرج الجاهلية الاولى))[١٤٦]. واتە: (شین و شەپۆر مەکە و خۆت ناپۆشتە و سفور مەکە وەك سەردەمی نەفامی پێشوو). وە لەو کارە چاکانەی تر کە پێغەمبەر ﷺ داوای لە ئافرەتان کردووە جێبەجێ بکەن خۆدوورگرتنە لە قژ ڕێنینەوە و لەخۆدان لەکاتی موصیبەتدا، وەخۆدوورگرتن لە قسەی ناپێویست لەگەڵ پیاواندا وە پێغەمبەر ﷺ بەئافرەتانی

(١٤٦)أخرجه: أحمد (٦٨٥٠) وقال محققه: حسن، وقال الشيخ الألباني في (حجاب المرأة المسلمة) (ص: ٥٥): اسناده حسن.

فەرموو: ((...ولا تحدثِنَ الرِجالَ الأ رجُلاً منكن محرماً))[١٤٧]. واتە: (لەگەڵ پیاوان قسەمەکەن تەنها لەگەڵ ئەو پیاوانە نەبێت کەلێتان حەرامن بە(محرم) دەڕمێردرێن).

هەروەها ئیمامی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((نهى رسول الله ﷺ ان تكلم النساء (يعني: في بيوتهن) الأ باذن أزواجهن))[١٤٨]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی نەداوە ئافرەتان لە ماڵەکانیاندا قسەی ناپێویست لەگەڵ پیاوانی میواندا بکەن تەنها مەگەر ئەو قسانەکەی کە پێویست بن وە مێردەکانیان ڕێگەیان پێ بدەن).

❁ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ... وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ...﴿٣١﴾﴾(النور). واتە: (بە ژنانی باوەڕدار بڵێ: با چاویان دابخەن لە تەماشای نامەحرەم و، عەورەتیشیان بپارێزن لەگوناە زینەت و جوانی و خشڵی خۆیان دەرنەخەن لەئاستی نامەحرەم، بێجگە لەوەی لێیدەردەکەوێ، واتە: ئەو ئەندامانە نەبێت لەکاتی ئیش و کاری ناومااڵدا دەردەکەون وەک دەم و چاوو هەر دوو دەست، با گۆشەی سەرپۆش و لەچکەکانیان بدەن بەسەر سینگیشیاندا تا گەردن و سینگ و بەرۆکیان دەرنەکەوێ و خشڵ و جوانی و زینەتیان «سەرو مل وگوێ و سنگ و قۆڵ و باڵ و لاقیان» دەر نەخەن بۆ مێردەکانیان نەبێت یان بۆ باوکیان، یان بۆ باوکی شووەکانیان «خەزوریان» یان بۆ کوڕی خۆیان یان بۆ کوڕانی مێردەکانیان یان بۆ براکانی خۆیان یان بۆ کوڕی براکانیان یان بۆ کوڕی خوشکەکانیان، چونکە ژیان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا کەمتر چاوەڕوانی فیتنەو کاری خراپیان لێوە دەکرێ.

جا لەبەر ئەوە بۆ ژنان ڕەوایە دەست و پێ و لاق و سەرو مل و سینگ لەلای

(١٤٧) أخرجه: الطبري في (جامع البيان) (٢٦٣٥٦).

(١٤٨) أخرجه: وابن أبي شيبة (٤١٠/٤)، والطبراني (في (الأوسط) (١٣٩١)، وحسنه الشيخ الالباني في (السلسلة الصحيحة) (٦٥٢).



ئەوانەدا دەر بخەن، ئەڵبەتە بۆ مێردەکانیان زیاتریش لەوانە دروستە یا بۆ ژنانی هاو بڕوایانی وەك خۆیان، بەڵام نابێ لەلای ژنێکی پاشگەز بووە وە، یان لەلای ژنانی جوولەکەو گاوردا خۆیان دەر بخەن یان ژنە بەندەکانیان -کەنیزان-، بەڵام زانایان لەنێری کەنیزەی خولامیاندا قسەی جیاوازیان هەیە یان پیاوانی شوێنکەوتووانی ژنان، بێ ئارەزوو بێ نیاز، (لەخزمەتکارو گێلە پیاو) کە هەستی ژن و مێردییان نیە، جا لەبەر پیریی، یان لەبەر پەتەڕییان، یان لەبەر ئەوە کەڵکی ژن و مێردییان پێوە نەبێ، مەبەستیشیان لە شوێنکەوتنیان تەنها تێرکردنی ئارەزووی سکیانە یان ئەو منداڵانەی ئاگایان لەبەدەن و جێ شەرمی ژنان نیەو، هێشتا باڵغ نەبوون و کاروباری ژن و مێردی نازانن، دیارە ئەوەش گوناە نییە ژنان دەست و پێ و مل و سنگیان لەلایاندا وەدەرخەن هەروەها ژنان -لەکاتی رۆیشتندا- نابێ پێیان بەزەویدا بدەن کە بزانرێت ج خشڵ و زینەتێکیان داپۆشیوە. لەسەردەمی نەفامیدا ژنان بەلای خەڵکدا دەڕۆیشتن و توند قاچیان بەزەویدا دەداو خڕەی خرخاڵ و پاوانەو بازنەکانیان دەهات تا خەڵکی سەیریان بکات، جا خوای گەورە فەرمووی نابێ ئەو کارە بکەن، کەوابوو ئەی باوەڕداران! هەمووتان بەرەو لای خوا بگەڕێنەوەو پەشیمان ببنەوەو چاوتان لەئاستی نامەحرەم دابخەن و عەورەتتان بپارێزن.. بەڵکو هەموویان هەم لەدونیاو، هەم لەقیامەتدا، ڕزگارو بەختیار ببن و، بۆ هەتا هەتایش لەگوناهو سەرپێچی دوور بکەونەوە.).

هەروەها پێغەمبەرﷺ لەم فەرموودەیدا ئافرەتان ئاگادار دەکاتەوە لە دوو ڕەوشتی خراپ و ناڕەواو دەفەرموێت: ((...مميلات مائلات...))[149]. واتە: (ئەو ئافرەتانەی لادەرن لەدینی خواو خەڵکان فێری لادان لە دین دەکەن و بەلەنجەو لار دەڕۆن بۆ ئەوەی سەرنجی پیاو بۆ لای جەستە و لەش ولاریان ڕابکێشن).

❁ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ ﴿٣٤﴾﴾ (الأحزاب) واتە: (یاد بکرن ئەوەی دەخوێنرێتەوە لە

(١٤٩) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣/١٦٨٠، ٢١٢٨) وانظر: (مختصر مسلم) (١٣٨٨)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٣٧٩٩).

ماڵەکانتاندا لەئایەتەکانی خواو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ، بۆ ئەوەی زۆر صالح و چاك و پاك بن)

❁ هەروەها خوای گەورە ئامۆژگاری ئافرەتان دەکات بەگشتی و ژنانی پێغەمبەر ﷺ بەتایبەتی و دەفەرموێت: ﴿...فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٣٢﴾ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَىٰ...﴾ (الأحزاب). (ئەی ژنانی پەیامبەر! ﷺ هەرگیز ئێوە وەك هیچ یەکێ لە ژنانی تر نین ئەگەر ئێوە لەخوا بترسن، بێ شك حیساب و پاداشتتان زۆرو فراوانە دەسا لەگەڵ نامەحرەمدا قسە بەنەرمی و ناسکی و نازەوە مەکەن، لەکاتی وتەو گوفتاردا دەنگتان نەرم و ناسك مەکەن لەگەڵیاندا نەوەکو ئەو کەسەی کە دڵی نەخۆشە (خراپ وبەدرەوشتی) تێدایە، بوروژێت ئەبێ ئێوە هەمیشە قسەی چاك و شیاو بکەن، ولەگەڵ نامەحرەمدا وا قسە نەکەن، کە لەگەڵ مێردی خۆتاندا دەیکەن، ئاشکرایە ئافرەتان و ژنانی موسوڵمانیش لەم حوکمەدا، هاوبەشی ژنەکانی پێغەمبەرن، واتە: هەر ئاراستەو فەرمانێك بۆ ئەوان دەرچوو، بێ شك بۆ ئەمانیشە ئەی ژنانی پێغەمبەر! دەبێ ئێوە لەماڵەکانی خۆتاندا بسرەون وئوقرە بگرن، واتە: بێ کاری پێویست لەماڵ دەرنەچن وەك سەردەمی جاهیلیەتی زوو).

(پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە ئایەتی ڕەوشت خراپی ئافرەتە لەدین لادەرەکان فەرموویەتی: ((وشرّ نسائكم المتبرجات المتخيلات وهن المنافقات لايدخل الجنة منهن الاّ مثل الغراب الأعصم)). واتە: (خراپترینی ژنانتان ئەوانەن کەبەناو پیاواندا بەسفوری وفیزەوە دەڕۆن ئەوانە ئافرەتانێکی دووڕوون ئەوانە چوونە بەهەشتیان دەگمەنە و تەنها کەمێکیان دەچنە ناو بەهەشت وشەی (الغراب العصم) کەلە فەرموودەکەدا هاتووە واتە: ئەو قەلەڕەشەیە کەقاچ و دەنوکی سورە و ئەو جۆرەش زۆر دەگمەن و کەمن لە ناو قەلەڕەشدا. کەواتە: زۆرکەمێك لەو ئافرەتانە دەچنە ناو بەهەشت ئەگەر تەوبە نەکەن و دەستبەرداری ئەو کارە خراپەنەبن.



وە هەر سەبارەت بە وشەی (المتبرجات) کە لە فەرموودەکە داهاتووە و ئێمە بە سفوری ئافرەت ناوی دەبەین، بابزانین زانایان لە لێکدانەوەی ئەم وشەیەدا چی دەفەرموون:

۞ ئیمامی مجاهد ﷺ دەفەرموێت: (سفوری بریتی بوو لەوەی ئافرەتی ئەو سەردەمە جۆرە ڕۆیشتنێکی بەلەنجەو لاریان هەبووە وبەخەندەو نازەوە لەگەڵ پیاوان قسەیان دەکرد).

ئیمامی موقاتیلی کوڕی حەییان ﷺ دەفەرموێت: (سفوری بریتی بوو لەوەی ئافرەت لەچکێکی بەسەردا دەدا لەدواوە دەیبەست تا گەردن و گوارە وملوانکەکانی بۆ پیاوان دەربخات))[١٥٠].

پێغەمبەر ﷺ ئافرەتانی ئاگادار کردوومتەوە کە سفور نەبن و ئەم کارەی بردووە تە ئاستی هاوتا بۆ خوابڕیاردان وکوشتن و دزی کردن وەك پێغەمبەر ﷺ پەیمانی لە ئافرەت وەردەگرت و پێی دەفەرموو: ((ابایُعك على ان لا تُشركي بالله شيئا ولا تسرقي ولا تزني ولا تقتلي ولدك... ولا تتبرجي تبرج الجاهلية الاولى))[١٥١]. واتە: (بەڵێنت لێ وەردەگرم کە هاوتا بۆ خوا بڕیار نەدەیت و دزی نەکەیت وزیناو بەدڕەوشتی نەکەیت و منداڵت نەکوژی...وەخۆت ناپۆشتە و سفور نەکەیت وەکو زەمانی نەفامی یەکەم جار).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ باس لەڕەوشتی ئافرەتی خراپ و لەدین لادەر دەکات و دەفەرموێت: ((صِنفان من اهل النار لم ارهما:...ونساء كاسياتٌ عاريات مميلات مائلات رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة لايدخلن الجنة ولايجدن ريحها)).[١٥٢] واتە: (دوو جۆر خەڵك دۆزخین ومن هێشتا نەم دیوون.... وەجۆرێکیان ئافرەتانێکن پۆشتەن وە ڕووتن ولادەرن لەدین و بەلەنجەو لاردەڕۆن و قژیان دەکەنە تۆپەڵ بەسەریانەوە وەك کۆپاری سەرپشتی وشتر ئەوانە ناچنە بەهەشت و بۆنیشی ناکەن).

---

(١٥٠) انظر: (تفسير القرآن العظيم) لابن كثير (٤/٥١٤).

(١٥١) أخرجه: أحمد (٦٨٥٠) وقال محققه: حسن، وحسنه ايضاً الشيخ الألباني في (حجاب المرأة) (ص: ٥٥).

(١٥٢) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٢١٢٨).

لە گێڕانەوەیەکی تردا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((سیکون في اخر امتي نِساءٌ كاسَياتٌ عاريات على رؤوسهِن كأسنمة البخت العَنوهُن فأنهن مَلعُونات)).[١٥٣] واتە: (لە کۆتایی ئومەتەکەمدا ژنانێك پەیدادەبن پۆشتەن بەڵام ڕووتن قژیان بەسەریانەوە تۆ پەڵ دەکەن وەك پشتی وشتر ئێوە نەفرەتیان لێ بکەن، چونکە ئەوانە نەفرەت لێ کراون (واتە: لەلای خوای گەورە)). پێغەمبەر ﷺ پێشتر پێی ڕاگەیاندین کە ئەو جۆرە سفورانە خراپترینی ئافرەتەکانن وەناچنە بەهەشتەوە وە ئەوانە نەفرەت لێ کراون، پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە وشترێك کەنەفرەتی لێ کرابوو فەرمووی: ((...لا تصاحبنا ناقةٌ عليَها لْعنَةُ))[١٥٤] واتە: (نابێت وشترێکمان لەگەڵ بێت کە نەفرەتی لێ کراوە).

کەواتە پێویستە لەسەر موسوڵمان هاوڕێیەتی و هاوسەری لەگەڵ ئافرەتێك نەکات کە نەفرینی لێ کراوە، پێویستە واز لە ئافرەتی دانەپۆشراو بێنێت و نەبێتە هاوسەری هەر چەندە بە جوانیەکەشی سەرسام بێت گەر ئەو کەسە لەبەر خوا خۆی لێ بەدوور گرێت ئەو کات خودای گەورەی بۆی قەرەبوو دەکاتەوە. وەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کەدەفەرموێت: ((إنك لن تدع شيئاً اتقاء الله عزوجل الا اعطاكَ الله خيراً منه)).[١٥٥] واتە: (تۆ واز لە شتێك بهێنیت لە پێناو ڕەزامەندی خوادا، ئەوە خوای گەورە لەوە چاکترت پێدەبەخشێت).

پێویستە لەسەر موسوڵمان سوور بێت لە سەر هەڵبژاردنی ئافرەتێکی موسوڵمانی خاوەن ئاین و ڕەوشتی جوان، وەك ئەبو سەعید خودری ﷺ دەگێڕێتەوە کە

---

(١٥٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٦٩/٢)، والطبراني في (الكبير) (٢٣٢)، وقال الشيخ الالباني في (حجاب المرأة) (٥٦): اسناده صحيح.

(١٥٤) أخرجه: أحمد (١٩٧٨٧)، ومسلم (٢٥٩٦)، فَيجبَ عَلى المُسلم أن يَكون حريصاً على انِكاح المحجبات و ترك المتبرجات ولو اعِجَبَه حُسنَهنَ. (رياض الصالحين) (١٥٦٦).

(١٥٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢٠٧٣٩) وقال محققه: اسناده صحيح، وابن المبارك (الزهد) (١١٦٨)، والبيهقي (الزهد) (٨٦٤)، وفي (شعب الايمان) (٥٧٤٨)، وقال الشيخ مقبل في (الجامع الصحيح) (٥٨/٣): حديث صحيح.



پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...فَعَليكَ بذات الدين والخلُق تربت يمينك))[١٥٦]. واتە: (پێویستە لەسەرت هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی خاوەن ئاین و ڕەوشت ئەنجام بدەیت گەر وانەکەیت دەستت بەخۆڵدا بچێت لەهەژاریدا).

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((تُنكَحُ المَرأةُ لأربَع: لِمالِها، وَلحَسَبَها، ولَجَمالِها، ولدينها، فاظفَر بذاتِ الدين، تَرِبتْ يداك))[١٥٧]، واتە: (ئافرەت لەبەر چوار شت مارە دەکرێت یان بۆ مال و سامانی یان بۆ پشت و پەناو ڕەچەڵەکی یان بۆ جوانیەکەی یان بۆ دینەکەی. تۆ هەوڵ بدە بۆ خاوەن دین. ئەگەر نا دەستت خۆڵاوبی بێت لە هەژاریدا).

شێخ ئەلبانی ﷺ دەڵێت: (ومعناه: أن الناسَ يقَصدونَ في العَادةَ مِن المْرأة هذه الخِصالَ الأرْبع، فاَحْرصَ أنتَ عَلىَ ذاتِ الدينِ، واَظْفَر بِها، وَاحْرِصْ على صُحْبِتَها)[١٥٨]. واتە: (خەڵکی بەنەریتی خۆیان دەیانەوێت ئافرەت ئەو چوار سیفەتانەی تێدابێت. بەڵام تۆ پێداگری بکە لەسەر ئافرەتی خاوەن ئاین وهەوڵ بدە هاوسەرگیریت با لەگەڵ ئافرەتێکی ئاوهادا بێت).

لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلام ﷺ پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((خيرُالنِساء منَ سرَك إذا ابصرت، وتُطيعُك إذا امرت، وتَحفظَ غَيبتِك في نفسها ومالِكَ))[١٥٩]. واتە: (باشترین ئافرەت ئەوەیە گەر سەیرت کرد دڵخۆشت بکات؟ وە گوێڕایەڵت بێت گەر فرمانێکت پێکرد، وە خۆی ومالت بپارێزێت گەر تۆ لەماڵ نەبوویت).

لە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((...ولا تخالفه في نفسها ولامالها بما يكره)).[١٦٠] واتە: (لەکاتی لەماڵ نەبوونی پیاوەکەی خۆی ومالەکەی بپارێزێت

(١٥٦) أخرجه: أحمد في (المسند) (٣/٨٠) (١١٧٦٥) وقال محققه: حسن، وابن حبان في (الصحيح) (٤٠٣٧) وقال محققه: صحيح، والحاكم في (المستدرك) (٢/١٦١) وصححه ووافقه الذهبي، وأبي يعلى (١٠١٢) وقال محققه: اسناده جيد، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (١٩١٩).

(١٥٧) أخرجه: البخاري (٥٠٩٠)، ومسلم (١٤٦٦)، وابوداود (٢٠٤٧)، والنسائي (٦/٦٨)، وابن ماجة (١٨٥٨).

(١٥٨) انظر(رياض الصالحين) بتخريج الشيخ الالباني (ص: ١٨٧).

(١٥٩) أخرجه: النسائي (٣٢٣١)، و الحاكم (٢/١٦١) وصححه ووافقه الذهبي، وأحمد (٧٤٢١) وقال محققه: اسناده قوي، وحسنه الشيخ الألباني وفي (الصحيحة) (١٨٣٨)، وفي (صحيح الجامع) (٣٢٩٩).

(١٦٠) أخرجه: النسائي (٦/٦٨)، والحاكم (٢/١٦٢)، والبيهقي (الكبرى) (٧/٢٨)، وفي (شعب الإيمان)

وکارێك نەکات کە پیاوەکەی لێی بڕەنجێت).

دانایەك دەڵێت: «النساء ثلاثة: واحدة لك، وواحدة عليك، وواحدة لا لك ولا عليك،... وَأما التي عليك: فامرأة لها ولد من غيرك فهي تنهب مالك وتعطى ولدها ولا يشكرك مهما عملت لها...».[١٦١] واتە: (ژنان سێ جۆرن، یەکێکیان بۆ تۆیە. و یەکێکیان دژی تۆیە، یەکێکیان نەبۆ تۆیەو نەدژی تۆیە. ئەوەی دژی تۆیە ژنێکە منداڵی هەیە لەپیاوێکی تر، مااڵ و سامانی تۆ بەفیڕۆ دەدات و دەیدات بەکوڕەکەی و هەرچیەك بکەیت سوپاست ناکات).

ئیبن ئەعرابی دەفەرموێت: «سمعتُ رجلاً من العرب قال لرجل من الحضر: ابغَ لي امرأة لاتؤهل دارها (أي: لاتبرح بيتها ولا تأتي غيرها، ولاتؤنس جارها (أي: ليس بخرّاجة ولا ولاّجة) ولاتنُفِث ناراً (أي: لاتمشي بين الناس بالنميمة»[١٦٢]. واتە: (جارێکیان گوتیم لێ بوو پیاوێکی لادێی بەپیاوێکی شاری دەوت: ئافرەتێکم بۆ پەیدابکە مااڵی خۆی چۆڵ نەکات (واتە: ئارامگرێبێت لەسەرمانەوە لە مااڵ) وە هەردەم دانیشتووی کۆڕ ومەجلیسی ئافرەتی دراوسێ نەبێت، ئاگری فیتنە هەڵنەگیرسێنێت (واتە: دوو زمانی و دووبەرەکایەتی نەخاتە نێوان خزم و بێگانە)).

خالیدی کوڕی صەفوانیش ﷺ دەفەرموێت: «من تزوج امرأةً فليتزوجها عزيزةً في قومها ذليلة في نفسها أدَّبها الغنى واذلّها الفقر حصّان جارها متحَننةً على زوجها»[١٦٣]. واتە: (هەرکەسێك ئافرەتێکی خواست با ئافرەتێك بێت سەر بەرزبێت لەناو خزمانی خۆیدا وملکەج بێت لەدڵەڵ مێردی خۆیدا و دەوڵەمەندی نەریتی جوانی فێرکردبێت و هەڵاریش خۆبەکەم زانینی فێر کردبێت و ببێتە قەاڵو داپۆشەربێت بۆ دراوسێکەی، ومیهرەبان و بەسۆز بێت بۆ مێردەکەی).

(٨٧٣٧)، وحسنه الشيخ الألباني في (المشكاة) (٣٢٧٢)، و(صحيح النسائي) (٣٠٣٠).

(١٦١) انظر: (شريكة حياتي) (ص: ٤٦).

(١٦٢) أخرجه: ابن قتيبة في (عيون الأخبار) (٧/٤)، والدينوري (المجالسة) (٢٧١٠).

(١٦٣) أخرجه: ابن عساكر (التأريخ) (١٠٨/١٦)، والدينوري (المجالسة) (٣٢٧٩)، والبلاذري (أنساب الأشراف) (٢٧٩/١٢).



هەندێك لەو ڕەوشتە جوانانەی کەلە ئافرەتدا پێویستە:

أ- پێویستە ئافرەت قەناعەتی هەبێت و میهرەبان بێت وە غیرەی نەبێت:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((خَيرُ نساءٍ رَكِبنَ الأبل صالِحُ نساءِ قريش احناهُ على ولدٍ في صغرهِ وارعى على زوجٍ في ذات يده)).[١٦٤] واتە: (باشترین ئافرەت کە سواری وشتر بووبێت ژنە باشەکانی قورەیشن» کەزۆر بەسۆزن لەگەڵ منداڵە بچوکەکانیان وە زۆر بەقەناعەتن لەگەڵ کەم دەستی مێردەکانیان).

وشەی (غیرە): هەست کردنە بەجۆرێك لەنا ئارامی و شڵەژان لەکاتی بوونی پەیوەندی دووکەس لەلایەن کەسی سێیەمەوە.

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت بەپێغەمبەر ﷺ وترا: ((يا رسول الله الا تتزوج من نِساء الانصار؟ قال ((إن فيهم لغيرةً شديدةً)))[١٦٥] واتە: (فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا بۆ یەکێك لەئافرەتانی (الأنصار) ناخوازیت؟ فەرمووی: ژنانی ئەنصار غیرەیەکی بەهێزیان هەیە).

ب- پێویستە ئافرەت بەشەرم و شکۆ بێت:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((الحياءُ والإيمان قَرينان فاذِا رُفعَ احدُهما رفُع الأخر)).[١٦٦] واتە: (شەرم و شکۆ و ئیمان دوو شتی نزیك بەیەکن، ئەگەر یەکێکیان، نەمێنێت ئەوی تریش نامێنێت).

ئیمامی عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((الحَياء من الإيمان))[١٦٧] واتە: (شەرم لەباوەڕەومیە). وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((الحياءُ لا يأْتي الا بِخَير))[١٦٨] واتە: (شەرم جگە لە خێرو چاکە شتێکی تر بۆ مرۆڤ ناهێنێت).

---

(١٦٤) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٠٨٢)، ومسلم في (الصحيح) (٢٥٢٧)، وأحمد (٧٦٥٠).

(١٦٥) أخرجه: النسائي في (السنن) (٦٩/٦) (رقم: ٣٢٣٣)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح النسائي) (٣٠٣٢).

(١٦٦) أخرجه: الطبراني (الأوسط) (٤٤٧١)، والحاكم (٢٢/١)، وصححه ووفقه الذهبي، وأبو نعيم (الحلية) (٢٩٧/٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٢٦٣٦).

(١٦٧) أخرجه: البخاري (٢٤)، ومسلم (٣٦).

(١٦٨) أخرجه: البخاري (٦١١٧)، ومسلم (٣٧).

لە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((الحَياءُ كُلهُ خَيْرٌ))[١٦٩]. واتە: (شەرم هەمووی خێرو چاکەیە)

ئەبو هورەیرەش ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((الحياءُ شُعْبةَ من الإيمان))[١٧٠]. واتە: (شەرم لقێکە لە لقەکانی ئیمان).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((ما كان الحياء في شيء الا زانه...))[١٧١]. واتە: (شەرم لە هەرشتێکدا بێت جوانی دەکات).

زانایان دەفەرموون: شەرم لەبنچینەدا ڕەوشتێکە مرۆڤ هاندەدات بۆ وازهێنان لە هەڵسوکەوتی قێزەون وەڕێگەی نادات کەمتەرخەمی بکات لەبەجێ گەیاندنی مافەکانی کەسانی تر.

ئەبو قاسم جونەید دەڵێت: «الحياءُ: رؤية الالاءِ (اي النِعَم) وُرَؤيةُ التقصير، فيَتوَلدُ بيَنهما حالةٌ تُسمى حَياءً»[١٧٢]. واتە: (شەرم بریتیە لە بینینی نیعمەتەکانی خواو کەم و کوڕیەکانی مرۆڤ و لەنێوانیاندا دۆخێك دروست دەبێت پێی دەوترێت: شەرم).

ج-پێویستە نافرەت زمان هەراش نەبێت:

پێویستە ئافرەتی ڕەوشت جوان خاوەنی قسەی شیرین وتەی جوان بێت.

عومەری کوڕی خەطاب ﷺ دەفەرموێت: (...والله ما افاد الرجُل فائدة بعد الشرك بالله شرا من امرأة حديدة اللسان سيئة الخلق والله ان منُهن غنماً لايتحذى منه وإن منهن غُلاً لايفتدى منه)[١٧٣]. واتە: (سوێند بێت بەخوا پیاو هیچ سودێکی لەدوای هاوبەش

---

(١٦٩) أخرجه: أحمد (١٩٨١٧) وقال محققه: حديث صحيح.

(١٧٠) أخرجه: البخاري (٩)، ومسلم (٣٥).

(١٧١) أخرجه: عبدالرزاق (المصنف) (١٤١/١١)، والبخاري (الأدب المفرد) (٦٠١) واللفظ له، والترمذي (١٩٧٤)، وابن ماجة (٤١٨٥)، وابن حبان (١٩١٥)، وابن أبي الدنيا (الصمت) (٣٣٣) وقال محققه: اسناده صحيح على شرط مسلم، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الأدب المفرد) (٤٦٩).

(١٧٢) انظر (رياض الصالحين) بتخريج الالباني (ص: ٢٩٥).

(١٧٣) أخرجه: هناد (الزهد) (١٢٦٦) وقال محققه: اسناده صحيح، والبيهقي في (السنن الكبرى) (١٣٧٦٥) وفي (شعب الايمان) (٨٧٢٥)، وابن أبي شيبة (المصنف) (١٧٤٢٧).



بڕیاردان بۆخوا بەشەڕ بەسەردا تێنەپەڕیوە و زیانی گەورەی پێنەگەیشتووە وەك توشبوون بە ئافرەتێکی دەم شڕی ڕەوشت نزم، سوێند بێت بەخوا لەئافرەتاندا ئافرەتی واهەیە کە دەسکەوتێکی پڕ بایەخ و بەسودە پیاو ناتوانێت لێی دوور بکەوێتەوە و بێ ئەو ژیان بەسەر بەرێت، وە لەئافرەتانیشدا ئافرەتی واهەیە کۆت و زنجیر و ئازارە و ڕزگاربوون لە دەستی ئەستەمە).

د-پێویستە ئافرەت لەسەرخۆ و نەرم و نیان بێت:

ئیمامی عومەر ﷺ دەفەرموێت: (النِساءُ ثلاث: امرأة عفيفة مسلمة هينةٌ لينةٌ ودودةٌ ولودةٌ تعين أهلها على الدهر ولا تعين الدهر على أهلها وقليلٌ ما تجِدُها. وإمرأة عفيفة مسلمة إنما هي وعاءُ لِلولدَ ((في رواية: لا تزد على ان تِلدَ الولد)) ليس عندها غير ذلك. وثالثة غُل قَمِلٌ يجُعلها الله في عنق من يشاء وإذا أراد ان ينزعه نزعَهُ)[١٧٤]. واتە: (ژنان سێ چەشنن: یەکەم: ژنێکی داوێن پاکی موسوڵمانی خۆشەویست و لەسەرخۆو نەرم و نیان وبێ فیزە و یارمەتی دەری مێردی خۆیەتی لەکاتی ناخۆشی دا وە ناخۆشی بۆ مێردو کەس و کاری دروست ناکات، ئەم جۆرەشیان بەدەگمەن دەستت بکەوێت.دووەم: ئافرەتێکی داوێن پاکی موسوڵمانی منداڵ بوو بەخزمەتە وتەنها سەرقاڵە بە بوون و پەروەردەبوونیان و جگە لەوە هیچ بەهرەیەکی تری نیە. سێیەم ئافرەتێکی وەك کۆت و زنجیرێکی توندی ژەنگاوی قێزەونە، خودا دەیکاتە گەردنی ئەو پیاوەی کەویستی لێیەتی و هەرکات بیبە وێت لێی دوور دەخاتەوە ڕزگاری دەکات لە دەستی).

هـ - پێویستە ئافرەت ڕووداو و ڕووکراوە و مااڵن گەڕ و زۆر خۆجوانکار و گوێنەدەر بەکاروباری ناومااڵ نەبێت:

ئیمامی عومەر ﷺ سەبارەت بەمانای ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ ....﴿٢٥﴾﴾ (القصص) دەفەرموێت: جاءت تمشي على استحياء قائلةً بثوبها على وجهها ليست بسلفع من النساء بَلاجة وَلاَجة خَراجة).[١٧٥] واتە: (ئەو ئافرەتەی هاتە

(١٧٤) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) (١٧٤٣٢)، والبيهقي في (شعب الايمان) (٨٧٢٥) والماوروي (ادب الدين الدنيا) (٢٦٠).

(١٧٥) انظر: (تفسير القرآن العظيم) (٣٧٨/٤) لابن كثير.

خزمەت پێغەمبەر موسی ﷺ ئافرەتێك بوو بەشەرمەوە هاتە خزمەتی و جلەکەی دابوو بەسەردەم وچاویدا و ئافرەتێکی ڕووکراوە و ڕوودار و خۆجوانکار و مالاّن گەڕ و گوێ نەدەر بەکاروباری ناو مالّی خۆی نەبوو).

و- پێویستە ئافرەت ڕاستگۆ و گوێڕایەڵ و چاکەکار و خزم دۆست بێت:

خاتو عائیشە دایکی بڕوادارانﷺ دەفەرموێت: ((....لم أر أمرأةً قطُ خيرًا في الدين من زينب واتقى لله وأصدق حديثاً وأوصل للرحم وأعظم صدقةً واشد ابتذالاً لنفسها في العمل الذي تَصدَقُ به وتقربُ به الى الله عزوجل ماعدا سورةٍ من حَد كانت فيها تسُرع منها الفيئة)).[١٧٦] واتە: (هەرگیز ئافرەتێکم نەدیوە چاکتر بێت لە دیندارێدا وەك زمینەب کەس نەبوو وەك ئەو لە خواترس تر بێت و ڕاستگۆ تر بێت لە قسەدا و خزم دۆست و خێرەومەند تربێت و خۆبەکەمزانتر بێت لەو چاکانەی کە دەیکرد تا پێی نزیك ببێتەوە لە خوا بەڵام خێرا هەڵدەچوو و خیراش دەهاتەوە سەرخۆ).

کەواتە دایکی بڕوادارانﷺ ڕەوشتە جوانەکانی ئافرەتی موسوڵمانی بۆ ڕوون کردینەوە کە بریتی بوو لەڕاستگۆیی و لەخواترسان وچاکەکاری وخزم دۆستی و خۆبەکەم زانین.

ی- پێویستە ئافرەت نائە نالکار و منەتکار و زۆر بڵێ و ناڕازی وبەردەوام شت کڕو خۆجوانکار نەبێت:

شارەزایانی عەرەب وتویانە: (ئەوەی ئارەزووی ژن هێنانی هەیە وا باشە لە شەش جۆر ژن دووربکەوێتەوە ئەوانیش:

١-الانانة: ئەو جۆرە ژنەیە کە بەردەوام بەهۆ و بەبێ هۆ نالەنال ونرکەنرك و ئاخ وئۆف دەکات.

٢-الحنانة: ئەو جۆرە ژنەیە کە ئارەزوو دەکات مێردێکی تری هەبووایە و ناڕازیە بەمێردەکەی و بەردەوام مێردەکەی بە پیاوانی تر بەراورد دەکات.

(١٧٦) أخرجه: أحمد (٢٤٦٢٩)، و البخاري (٢٥٨١)، ومسلم (٢٤٤٢)، والنسائي، (٣٩٥٤)، والبيهقي في (شعب الايمان) (٨٨٩٢).



٣- المنانة: ئەو جۆرە ژنەیە بەردەوام منەت بەسەر مێردەکەیدا دەکات و چاکەکانی بەڕووی مێردەکەی دەداتەوە، دەڵێت: لەبەر تۆ ئەومم و ئەوە کرد.

٤- الحداقة: ئەو جۆرە ژنەیە چاو لە هەموو شتێك دەبڕێت و یەکسەر حەزی لێ دەکات یان دەیکڕێت یان مێردەکەی ناچار دەکات بیکڕێت.

٥- البراقة: ئەو جۆرە ژنەیە بەدرێژایی ڕۆژ بەردەوام لەبەردەم ئاوێنەدا دەم و چاوی جوان دەکات وخۆی دەڕازێنێتەوە وزیادەڕۆیی تیادەکات.

٦- والشَداقَة: ئەو جۆرە ژنەیەکە بەفیزەوە قسە دەکات و زۆر بڵی وچەنەبازە[١٧٧].

کەواتە مانای (الشداقة): زۆر بڵێیە بەهۆ و بەبێ هۆ قسەی بەکەڵك و بێ کەڵك دەکات.

پیاوێکی فەیلەسوف بەکوڕەکەی وت: «ئەی کوڕی خۆم ژن بهێنە، ئەگەر چارەنوست لەگەڵ ژنێکی چاکدا بوو ئەوە تۆ بەختیار ترین کەس دەبیت، وە ئەگەر چارەنوسیشت لەگەڵ ژنێکی شەڕانی دا هاتە پێشەوە ئەوە دەبیت بە فەیلەسوف».

وە پێویستە خۆت بەدووربگریت لەم جۆرانەی ترى لای خوارەوەش:

١-العصبية: ئەو ژنەیەکە بزمێك دڵخۆشی دەکات و وشەیەك تورەی دەکات.

٢-الخيالية: ئەو ژنەیەکە ئەندێشەو خەیاڵ بەختەوەری دەکات ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستیدا تورەی دەکات.

٣-العنيدة: ئەو ژنەیەکە وڕك دەگرێت و لەسەر قسەی خۆی پێدا دەگرێت.

٤-الساذجة: ئەو ژنەیەکە ئارەزووەکان یاری پێدەکەن وەهم و خەیاڵەکان بەسەریدا زاڵن.

٥-الاكولة: ئەوە ژنەیەکە هیچ نازانێت تەنها خواردن و شێوازەکانی نەبێت وە زۆر خۆرە.

(١٧٧) انظر: كتاب (شريكة حياتي) (ص: ٥٦) نقلًا من (لسان العرب) (٦/٤٢٧٩).

٦-اللباسة: ئەو ژنەیەکە هیچی بەخەیاڵدا نایەت تەنها جلی جوان و خۆڕازاندنەوەو گەورەکردنی پلەو پایەی خۆی لەبەردەم مێردەکەیدا.

٧-الصياحة: ئەو ژنەیەکە هەمیشە قیژە قیژو هات و هاواریەتی ودەم قاڵیەتی لەگەڵ مێردەکەیدا، وە تەماشای ماڵی مێردەکەی دەکات گەر بینی ماڵ پڕە لە نازونیعمەت ئەو کات ڕێز لەمێردەکەی دەگرێت و خۆی لێ دەباتە پێش و دەڵێت: خۆزگە من لە پێش تۆدا مردبام وە گەر ببینێت مێردەکەی هەژار بێت ئەو کات قسەی پێ دەڵێت و بێ ڕێزی بەرامبەر دەکات.

٨-اللجوجة: ئەو ژنەیەکە زۆر بەخۆی و بە ڕایی خۆی سەرسامە، و لەڕایی خۆ دانابەزێت، وبەردەوام خۆی بەڕاست دەزانێت.

٣- باشتر وایە ئافرەتەکە منداڵی ببێت و خۆشەویست بێت:

باشترواية ئافرەتەکە نەزۆک نەبێت و منداڵی ببێت، بەپێی حاڵەتی ئەو کەسەو لە خودا ترس بێت. موعەقیل کوڕی یەسار ﷺ دەڵێت:(جاء رجلٌ إلى رسول الله ﷺ فقال: يا رسول الله اني أصبت إمرأةً ذاتُ حَسبٍ وَجمالٍ [ومنصبٍ ومالٍ]، ولكِنها لا تِلدُ أفأتَزوَجها ؟ فنهاهُ، ثم اتاهُ الثانية فقال مثل ذلك فنهاه، ثم اتاهُ الثالثة فقال مثل ذلك). واتە: (پیاوێك هاتە لای پێغەمبەرﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من ژنێکم دۆزیوەتەوە خاوەنی پارەو پشت و پەناو جوانی یە بەڵام منداڵی نابێت، ئایە مارەی بکەم؟ پێغەمبەرﷺ ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕی و داوای لێکرد کارێکی وا ئەنجام نەدات، جارێکی تر پیاوەکە هاتەوە لای پێغەمبەر ﷺ و هەمان قسەی بۆ کردەوە پێغەمبەریش ﷺ هەمان وتەی پێشوتری بۆ دووبارە کردەوە، بۆ جاری سێیەمیش هاتەوە وپێغەمبەریش ﷺ هەمان وتەی یەکەم جاری بۆ دووبارەکردەوە.

پاشان پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((...تزوجوا الودوَد والولود، فاني مكاثُر بكُم في رواية: [الأمم] الانبياء يوم القيامة))[١٧٨]. واتە: (ئافرەتێك بخوازن خۆشەویست و منداڵ

(١٧٨) أخرجه: أحمد (١٢٦١٣) (٣/٢٤٥، ١٥٨) وقال محققه: حسن. عن طريق انس بن مالك، والنسائي في (السنن) (٦/٦٥)، والطبراني في (المعجم الكبير) (٢٠/٥٠٨)، والحاكم في (المستدرك) (٢/١٦٢)، والبيهقي في (سنن الكبرى) (٧/٨١)، وأبو داود في (السنن) (٢٠٥٠)، وابن حبان في (الصحيح) (٤٠٥٦) وقال محققه: اسناده قوي، وهو حديث صحيح، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح أبي داود) (١٨٠٥)، و(صحيح الترغيب) (١٩٢١).



بوو بێت، چونکە من شانازی بەژمارە زۆریتانەوە دەکەم لای پێغەمبەران و ئومەتەکانی تر لەقیامەتدا). وە ئەبو ئەذینە صەدفی ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((خیُر نسِائِکُم الودود والولود المواتُیة المواسیة اِذا اتقینَ الله...)).[١٧٩] واتە: (باشترین ژنانتان ئەوانەن منداڵیان زۆر دەبێت وە زۆر خۆشەویستن و یارمەتی دەری مێردەکانیانن گەر لە خودا بترسن).

دایکی ئیمانداران عائیشە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إن مِنْ یمن المرأة) أنَ یتیسر خطبتها، وان یتسیر صداقها وأن یتسیر رحَمِها..))[١٨٠]. واتە: (فەڕوبەرەکەتی ئافرەت لەوەدایە: داخوازییەکەی ئاسان بێت، وەمارەییەکی ئاسان بێت، وەمنداڵ بوونیشی ئاسان بێت).

لەفەرموودەیکی تردا کەعب کوڕی عەجرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...ألا اخبرکم بنسِائکم منِ اهل الجنَة: الودود الولود، العؤود...)).[١٨١] واتە: (....ئایا هەواڵتان بدەمێ کام لە ئافرەتانتان خاوەنی بەهەشتن: ئەوانەن کە خۆشەویستن بۆ مێردی خۆیان و منداڵ بوون و زوو ئاشت بوونەوەن...).

٤-باشتر وایە ئافرەتە کە بەڕادەی پێویست جوان بێت:

ئەم بابەتە بەڕادەیە پێویستی خۆی لای هەردوو هاوسەر پێویستە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ باشتر گونجانی هەر دوولا لەگەڵ یەکتر ودوور کەوتنەوە یان لە خراپە و خراپەکاران، لەگەڵ ئەوەشدا هەبووە لە پیاوچاکان ئەمەی لابایەخ دار نەبووە وگرنگی بەحەزو ئارەزووە جەستەییەکان نەداوە.

بۆ نمونە پێشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەل، لە دوو خوشکدا ئەوەیانی هەڵبژارد کە دیندار تر بوو هەر چەند یەك چاویشی لەدەست دا بوو بەڵام ئەوەش کەم وێنەیە و پێچەوانەی ئارەزووەگشتیەکانی مرۆڤە.

(١٧٩) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (٨٢/٧)، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (١٨٤٩).

(١٨٠) أخرجه: أحمد (٢٤٤٧٨) وقال محققه: اسناده حسن، و الحاكم في (المستدرك) (١٨١/٢) وصححه على شرط مسلم ووافقه الذهبي، والبيهقي في (السنن الكبرى) (٢٣٥/٧)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٢٢٣٥).

(١٨١) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٦٦١)، وابن حبان في (الصحيح) (٤١٦٣): و قال محققه: حديث صحيح، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٦٦٠).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((تنكح المَرأة لأربع: لِمالها ولحسَبها ولجَمَالِها ولدينها، فاظفر بذاتِ الدين تربت يداك))[١٨٢]. واتە: (ئافرەت بۆ چوار شت مارەدەکرێت، بۆ مال و سامانەکەی، یاخود بۆ پشت و پەناو ڕەچەڵەکەکەی، یاخود لەبەر جوانیەکەی، یاخود لەبەر دینداریەکەی، تۆش ئافرەتی دیندار، خاوەن ئاین هەڵبژێرە گەر وانەکەیت دەستت بەخۆڵدا بچێت لەهەژاریدا). لەم فەرموودەیەدا جوانی ئافرەت بەهەند وەرگیراوە.

ئیمامی قورطوبی ﷺ دەڵێت: وادیارە دەشێت پیاو هەر چواریانی لا مەبەست بێت لەهاوسەرگیریدا. وە چەندەها بەڵگەی تریش هەن کە پاڵپشتی ئەمە دەکەن لەوانە:

١- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ...﴿٣﴾﴾(النساء) واتە: (...ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە چاکن وە بۆتان دەشێن...).

٢- موغیرەی کوڕی شوعبە ﷺ ئافرەتێکی مارەکرد و پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ((انظر إليها فانه أحرى ان يُؤدَم بيَنكُما))[١٨٣]. واتە: (تەماشای بکە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆکاری زیاتر گونجانتان لەگەڵ یەکدا). هەموو دەزانین لەم تەماشاکردنەدا جوانی و بەژن و بالای ئافرەتەکە زیاتر بۆ پیاوەکە دەردەکەوێت بۆیە داواکراوە هەردوولا سەیری یەکتر بکەن.

٣- ئەبوهورەیرە ﷺ دەفەرموێت: پیاوێك ویستی ئافرەتێك لە ئەنصارەکان بخوازێت، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ((انظَرتَ اليها ؟)) قال: لا. قال: ((فاذهب فانظر أليها فان في أعين الأنصار شيئاً))[١٨٤]. واتە: (ئایە سەیرت کردوە) کابرا وتی: نەخێر، ئەویش فەرمووی: برۆ سەیری بکە چونکە لە چاوی (انصار)ەکاندا شتێك هەیە، (واتە: چاوی ئەنصارەکان بچوکە)

---

(١٨٢) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٠٩٠)، ومسلم في (الصحيح) (١٤٦٦)، وأحمد (٩٥٢١)، وابوداود (٢٠٤٧).

(١٨٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٨١٥٤) وقال محققه: حديث صحيح، والنسائي في (السنن) (٦٩/٦) و ابن ماجة في (السنن) (١٨٦٦)، والترمذي في (السنن) (١٠٨٧)، وابن حبان في (الصحيح) (١٢٣٦)، وصححه الشيخ الألباني في (السلسلة الصحيحة) (٩٦)، و(صحيح ابن ماجة) (١٥١٢).

(١٨٤) أخرجه: أحمد في (المسند) (٧٨٤٢)، وقال محققه: اسناده صحيح على شرط مسلم، ومسلم في (الصحيح) (١٤٢٤)، والنسائي في (السنن) (٧٧/٦)، وابن حبان في (الصحيح) (٤٠٤١) وقال محققه: صحيح.



لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((خيُر النسِاء التي [تُسِره إذا أنظر..))[185]. واتە: (باشترین ئافرەت (واتە: هاوسەر) ئەوەیانە کەر بینیت دڵخۆشت بکات). (ئەم فەرموودەیە جوانی و ڕەفتار دەگرێتەوە).

٤- جابر ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اذا خطب أحدكم المرأة فان استطاع ان ينظر منها إلى مايدعوهُ إلى نِكاحِها فليفعل)) واتە: (ئەگەر کەسێك لە ئێوە داخوازی ئافرەتێکی کرد، گەر توانی تەماشای بکات و گەر شتێکی وای تیا بینی بووە هۆی ئارەزووی مارەکردنی با تەماشای بکات [وإن كانت لا تعلم]. واتە: (هەرچەندە ئافرەتەکەش بەو تەماشاکردنە ئاگادار نەبێت)[186]. ((قال: فخطبت جارية من بني سلمة فكنت اتخبأ لها [في اصول النخل] حتى رأيت منها بعض مادعاني إلى نِكاحها ففعلت))[187] دەفەرموێت: من ئافرەتێکی بەنی سەلەمەم مارەکرد، و خۆمم لێ دەشاردەوە [لەبنکی دارخورمادا] هەتا هەندێك شتم لێ دی کە هانی دام بۆ مارەکردنی [پاشان مارەمکرد])).

یەحیای کوڕی حەمید ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:((اذا خطب احدكم امرأة فلا جُناحَ عليه ان ينظر اليها اذا كان أنما ينُظر اليها لخطبةٍ وان كانت لاتعلم))[188]. واتە: (ئەگەر یەکێك لەئێوە ئافرەتێکی داخوازی کرد گوناهی ناگات تەماشای بکات، ئەگەر مەبەستی مارەکردنی بێت با ئافرەتەکەش نەزانێت).

ئیمامی نەووی ﷺ دەفەرموێت: «قالَ اصحابُنا: يُستحبُ ان يكون نظْره إليها قبل

---

(١٨٥) أخرجه: النسائي في (السنن) (٣٢٣١)، وأحمد في (المسند) (٧٤٢١) وقال محققه: اسناده قوي، والحاكم (١٦١/٢)، وصححه على شرط مسلم ووافقه الذهبي و اللفظ له، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح النسائي) (٣٠٣٠).

(١٨٦) أخرجه: الطبراني (الأوسط) (٩١) وقال محققه: اسناده صحيح، وصحح اسناده أيضاً الشيخ الالباني في (السلسلة الصحيحة) (٩٧).

(١٨٧) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٤٥٨٦) وقال محققه: حديث حسن، وابوداود في (السنن) (٢٠٨٢) وابن ابي شيبة في (المصنف) (٥٩/٧)، والحاكم في (المستدرك) (١٦٥/٢) وصححه على شرطهما ووافقه الذهبي، وحسنه الشيخ الالباني في (ارواء الغليل) (١٧٩١).

(١٨٨) أخرجه: أحمد في (المسند) برقم (٢٣٦٠٢) وقال محققه الارنؤوط: اسناده صحيح.



لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((خيْرالنسِاء التي [تُسِره إذا أنظر]..))[١٨٥]. واتە: (باشترین ئافرەت (واتە: هاوسەر) ئەوەیانە کەر بینیت دڵخۆشت بکات). (ئەم فەرموودەیە جوانی و ڕەفتار دەگرێتەوە).

٤- جابر ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اذا خطب أحدكم المرأة فان استطاع ان ينظر منها إلى مايدعوهُ إلى نِكاحِها فليفعل)) واتە: (ئەگەر کەسێك لە ئێوە داخوازی ئافرەتێکی کرد، گەر توانی تەماشای بکات و گەر شتێکی وای تیا بینی بووە هۆی ئارەزووی مارەکردنی با تەماشای بکات [وإن كانت لا تعلم]. واتە: (هەرچەندە ئافرەتەکەش بەو تەماشاکردنە ئاگادار نەبێت)[١٨٦]. ((قال: فخطبت جارية من بني سلمة فكنت اتخبأ لها [في اصول النخل] حتى رأيت منها بعض مادعاني إلى نِكاحها ففعلت))[١٨٧] دەفەرموێت: من ئافرەتێکی بەنی سەلەمەم مارەکرد، و خۆمم لێ دەشاردەوە [لەبنکی دارخورمادا] هەتا هەندێك شتم لێ دی کە هانی دام بۆ مارەکردنی [پاشان مارەمکرد])).

یەحیای کوڕی حەمید ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اذا خطب احدكم امرأة فلا جُناحَ عليه ان ينظر اليها اذا كان أنما ينُظر اليها لخطبةٍ وان كانت لاتعلم))[١٨٨]. واتە: (ئەگەر یەکێك لەئێوە ئافرەتێکی داخوازی کرد گوناهی ناگات تەماشای بکات، ئەگەر مەبەستی مارەکردنی بێت با ئافرەتەکەش نەزانێت).

ئیمامی نەوەوی ﷺ دەفەرموێت: «قالَ اصحابُنا: يُستحبُ ان يكون نظُره إليها قبل

---

(١٨٥) أخرجه: النسائي في (السنن) (٣٢٣١)، وأحمد في (المسند) (٧٤٢١) وقال محققه: اسناده قوي، والحاكم (١٦١/٢)، وصححه على شرط مسلم ووافقه الذهبي و اللفظ له، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح النسائي) (٣٠٣٠).

(١٨٦) أخرجه: الطبراني (الأوسط) (٩١) وقال محققه: اسناده صحيح، وصحح اسناده أيضاً الشيخ الالباني في (السلسلة الصحيحة) (٩٧).

(١٨٧) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٤٥٨٦) وقال محققه: حديث حسن، وابوداود في (السنن) (٢٠٨٢) وابن ابي شيبة في (المصنف) (٥٩/٧)، والحاكم في (المستدرك) (١٦٥/٢) وصححه على شرطهما ووافقه الذهبي، وحسنه الشيخ الالباني في (ارواء الغليل) (١٧٩١).

(١٨٨) أخرجه: أحمد في (المسند) برقم (٢٣٦٠٢) وقال محققه الارنؤوط: اسناده صحيح.

الخطبة حتى ان كِرهها تركها من غيرإيذاء...».[189] واتە: (هاوەڵەکانمان فەرموویانە: باشتر وایە تەماشاکردنی پیاوەکە پێش داخوازی ئافرەتەکە بێت چونکە گەر پێی پاش نەبوو ئەو کات پیاوەکە وازی لێ دەهێنێت بێ ئازاردانی).

٥- ئیمامی عومەر ﷺ دەفەرموێت: (والله ما افاد الرجل فائدة بعد الاسلام خيرا من امرأةٍ حسناء حسنة الخلق ودود ولود...).[190] واتە: (سوێند بێت بەخوا هیچ پیاوێك دوای موسوڵمان بوونی سودێکی پێنەگەیشتووە باشتر بێت لە ئافرەتێکی ڕوخسار جوان و ڕەوشت بەرز و بەژنو باڵا جوان و خۆشەویست و منداڵ بوو).

٦- عائیشەی دایکی مسوڵمانان ﷺ دەفەرموێت: (كانت امُي تُعالجُني تريد ان تسمنني بعضَ السَمِن لتدُخلني على رسول الله ﷺ، فما استقام لها بعض ذلك حتى اكلت التمر (الرطب) بالقثاء فسَمِنتُ عليه كاحسنِ مايكون منِ السُمنَةِ)[191]. واتە: (دایکم چارمسەری دەکردم و دەیویست هەندێك قەڵەوبم ئینجا بمنێرێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، هەر ئەو داوایەیی بۆ نەهاتەدیی تا خورمایی تەڕم خوارد لەگەڵ تڕۆزی و کالیاردا وبەهۆیە قەڵە و بووم بەجوا نترین شێوازی قەڵە و بوون.

لێرەدا پێویستە بزانین هەموو بەدیهێنراوەکانی خوا باشن وەك خوا دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥۖ وَبَدَأَ خَلۡقَ ٱلۡإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾ ﴾ (السجدة).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...إنَّ الله قد أحسن كل شيءٍ خلقه))[192]. واتە: (خوای گەورە بەدڵنیاییەوە هەموو شتێکی دروستکردووە بەجوانی).

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: «أنَّ النبيَ ﷺ أراد أن يتزوج امراةً فبعث بإمراةٍ (أسمها: أم سليم) لتنظر إليها فقال: ((شُمِّي عوارِضَها، وانظري إلى عُرقوُبَيْها))»[193]. واتە:

(١٨٩) انظر: (شرح مسلم) للنووي (٩/٢١٤).

(١٩٠) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (١٣٧٦٥) وفي (شعب الايمان) (٨٧٢٤)، وابن أبي شيبة (١٧٤٢٧)، وهناد (الزهد) (١٢٦٦) وقال محققه: اسناده صحيح..

(١٩١) أخرجه: ابوداود (٣٩٠٣)، وابن ماجة (٣٣٢٤)، والطبراني (الكبير) (١٦٦/٢٥)، والحاكم (١٨٥/٢) وصححه ووافقه الذهبي، البيهقي في (السنن الكبرى) (١٤٨٢٩)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابي داود) (٣٣٠٣)، و(السلسلة الصحيحة) (٥٦).

(١٩٢) أخرجه: أحمد (١٧٧٨٢) وقال محققه: صحيح، وقال الحافظ في (الإصابة) (٦٠٠٦): اسناده حسن.

(١٩٣) أخرجه: الحاكم (١٦٦/٢) وصححه ووافقه الذهبي و رقم (٢٧٤٦) وقال محققه:: اسناده صحيح، وأحمد



(پێغەمبەر ﷺ ویستی ئافرەتێك مارە بكات، پێشتر ئافرەتێكی بۆ بینینی نارد كەناوی دیكی سولەیم بوو پێی فەرموو: (بۆنی دەمی بكەو تەماشای هەر دوو پیاڵنەی بكە).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((كلُ خلقِ الله تعالى حسنٌ)).[١٩٤] واتە: (هەموو دروست كراوەكانی خوا جوان وباشن)، دەست نیشان كردنی جوانی ئافرەت بەگوێرەی كات و جێگە و بۆچونی خەڵكانەوە دەگۆڕێت.

عەرەب وتویانە: (الشعر أحد الجمالين) واتە: قژی ئافرەت نیوەی جوانیەتی.

وە دایكی ئیمانداران عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((البياضُ نصف الحَسن)).[١٩٥] واتە: (سپیەتی پێست نیوەی جوانیە) بەڵام دەبێت زیادەڕەوی نەكرێت لەبایەخدان بە هەڵبژاردنی ئافرەتی زۆر جوان، ئیمام ئەحمد كوڕی حەنبەل ﵀ دەڵێت: «ما سلمتُ ذاتُ جمالٍ»[١٩٦]. واتە: (ئافرەتی زۆر جوان سەلامەت نابێت).

مەحەمەدی كوڕی سەلام ﵀ دەڵێت: «قال رجلُ لرجُلٍ من حُكماء العربِ: اشرْ عليّ بمن اتزوج، فقال: اياكَ والمرأة الرائعةُ الجَمال ان تزوجَها، فإن عاقِبة أمرِها ندامَةٌ».[١٩٧] واتە: (پیاوێك بە پیاوێكی دانای عەرەبی وت: پێم بڵێ ج ئافرەتێك بخوازم؟ ئەویش وتی: تا دەتوانیت خۆت بەدووربگرە لە مارەكردنی ئافرەتی زۆر جوان چونكە سەرئنجامەكەی پەشیمانییە....).

٥-باشتر وایە هاوسەر كێ بێت و پێشتر نەچوبێتە ژیانی هاوسەریەوە:

بەمەرج گرتنی ئەم خاڵە رێڕەسیەو دەگۆڕێت بە گوێرەی ژینگە و باردۆخی هەر دوو هاوسەر ج كوڕبن یان كچ وەچ بێوە پیاو بن یان بێوەژن، بەڵام وەكو

(١٣٤٢٤) وقال محققه: حديث حسن، البيهقي (الكبرى) (٨٧/٧)، وعبد بن حميد (١٣٨٨)، واللفظ للحاكم.

(١٩٤) أخرجه: أحمد (١٩٤٧٢) وقال محققه: اسناده صحيح، والطبراني (الكبير) (٧٢٤١)، وصححه الشيخ الالباني في (السلسلة الصحيحة) (١٤٢٦)، وفي (صحيح الجامع) (٤٥٢٢).

(١٩٥) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) (١٧٥٨٥، ١٧٨٨١).

(١٩٦) انظر: (تحفة المحتاج) لابن قدامة (١٨٩/٧).

(١٩٧) انظر: (المجالسة) للدينوري (٢٢٥٠)، و(عيون الأخبار) لابن قتيبة (١١/٤).

زانراوه هەموو کارێك لەسەرمتادا خاوەن کار هیمەت بەرزو چالاکانە دەست پێ دەکات بەڵام لەگەڵ بەسەربردنی تەمەن و کارەکاندا ئەو توانا و چالاکی و ئارەزوانە کەم بونەوە بەخۆیانەوە دەبینن. هەر دوو هاوسەر گەر کوڕو کچ بن باشترە، چونکە دەروونی مرۆڤ زیاتر هۆگر دەبێت بەیەکەم کەسێك کەدێتە ژیانیەوە، وەك لەپەندی پێشینانداا هاتووە (وإنما الحبُ للحبيب الأول) واتە: (خۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ خۆشەویستی یەکەمە)، بەڵام گەر هەر دوو هاوسەر ئەمە پێش هاتی دووەم جار یان سێ یەم جار یان بێت ئەو پەیوەندیە یان ئەوگوڕ و تینەی یەکەم جاری نامێنێت.

شەرع ڕێی بەوە داوە، چونکە کچ ئەوە یەکەم جاریەتی و زیاتر مێردی خۆشتر دەوێت تا بێوەژن، وە خوونەریتی ئادەمیزادیش بەو جۆرەیەکە لەگەڵ شتی یەکەمدا زیاتر هۆگردەبێت و خۆشەویستی تەواوی بۆی دەبێت، چونکە دەروونی ئادەمیزاد لەو ئافرەتە دووردەکەوێتەوە کە پێشتر کەسێکی تر دەستی لێداوە.

جابر ﷺ گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...فَهلا تزوجت بِكراً تُلاعِبُها وتُلاعبكَ))[198]. واتە: (..ئایا جابر کچێکت بۆمارەنەکرد تا یاری لەگەڵ بکەیت و یاریت لەگەڵدا بکات)

ئیبنو مەسعود ﷺ گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((تَزوَجُوا الأبكار، فانهنَ أعذَب أفواهاً، وانتق أرحاماً [في رواية: واسخن اقبالاً] و [في رواية: أقلُ خَباً] وأرضى باليسيرمِن العمل))[199]. واتە: (کچان بخوازن ئەوان زمان شیرین ترن و مندالّ بوونیان ئاسانترە و بەگوڕترن و مەکر وفێڵیان کەمترە و بەکەم ڕازین).

لە گێڕانەوەیەکی تردا دایکی ئیماندارن عائیشە ﷺ دەفەرموێت: ((قلت: يا رسول الله أرأيت لو نَزلت وادياً وفيه شجرة قد أكِل منها ووجدت شجرة لم يؤكل منها في

(١٩٨) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٠٧٩).

(١٩٩) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) (١٠٢٤٤/٤)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٢٩٣٩، ٤٠٧٨، ٤٠٣٥) وفي (سلسلة الاحاديث الصحيحة) (٦٢٣).

أيها كنت ترتع بَعيرَك؟ قال: [في التي لم يرتع منها])).[٢٠٠] واتە: (بە پێغەمبەری خوام ﷺ وت: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر چوپتە شیوێکەومو درەختی تێدابوو، لەو درەختانە هەبوو لێی خورابوو هەشبوو لێی نەخورابوو، ئایا وشترەکەت لەکام درەخت دەلەومرێنیت. فەرمووی: لەو درەختەی هیچی لێنەخوراوە).

ئیبنو مەسعود ﷺ دەفەرموێت: (تزوجوا الأبكار فانهن اقلُ خِباً واشدُوُداً).[٢٠١] واتە: (کچان مارمبکەن چونکە ئەوان مەکر و فێڵیان کەمترو دۆستایەتی و خۆشەویستیان بەهێزترە).

ئەومش جیاوازی هەیە بە جیاوازی کەسەکان و پێویستیەکان: ئەومتا پێغەمبەر ﷺ زۆر بەی خێزانەکانی بێومژن بوون، وە لەبەسەر هاتی جابردا ڕاشکاومتر ئەم باسەمان لادەسەلمێنرێت:

جابری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ باوکی لەجەنگی ئوحودا شەهید بوو جابر نۆ خوشکی هەبوو، وای بەباش زانی کە ئافرەتێکی بێومژن مارمبکات تا ڕۆڵی دایك بۆ خوشکەکانی جابر ببینێت، و پێغەمبەریش ﷺ ئەو کارەی لاپەسەندبوو.

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((قال لي رسول الله ﷺ: [ما تزوجت أبكراً أم ثَيباً ؟]فقلت له: تَزوَجتُ ثَيباً، قال: ((أفلا تزوجت بِكراً تلاعُبكَ وتُلاعبِها)) فقلت له: يا رسول الله ((قُتِل ابي يوم أحدٍ وترك تسِع بنات])[٢٠٢] صغار، فكرهُت أن اتزوج إليهن [جارية])[٢٠٣] [خرقاء مثلهن])[٢٠٤].[وفي رواية: يا رسول الله ان لي أخوات فخشيت أن تُدخَل بيني وبينهن])[٢٠٥] [فلا تُؤدبهَن ولا تقومُ عليّهنَ، فاحببتُ ان اتزوج امرأةً ثيباً، تجمُعْهن وتمشطُهن وتقوم عَليهن،

---

(٢٠٠) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٠٧٧).

(٢٠١) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) (١٧٩٩١).

(٢٠٢) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٤٣٠٦) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما.

(٢٠٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٤٨٦١) وقال محققه: اسناده صحيح، وابن ابي شيبة في (المصنف) (١٧٦٩٢).

(٢٠٤) أخرجه: البخاري (٤٠٥٢)، أحمد في (المسند) (١٤٣٠٦) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما.

(٢٠٥) أخرجه: مسلم (١٨٥)، وأحمد في (المسند) (١٤٢٣٧) وقال محققه: اسناده صحيح على شرط مسلم، واللفظ له.

وتُؤدَبهنَ]))[٢٠٦]. پێغەمبەری خودا ﷺ پێی وتم: (جابر ئەو هاوسەرەی مارمتکردووە کچە یا بێوەژن))؟ وتم:بێوەژنم مارەکردووە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((ئایا بۆ کچێکت مارنەکرد تا گەمەت لەگەڵدا بکات و تۆش گەمەی لەگەڵدا بکەیت؟)). وتم: باوکم کوژرا لە جەنگی ئوحودا و نۆ خوشکی بچوکی بۆ جێهێشتوم و پێم ناخۆش بوو کچێکی جل شڕی هاو وێنەی خۆیان مارمبکەم و بیهێنمەلایان-(لەڕیوایەتێکی تردا) جابر ﷺ دەفەرموێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کۆمەڵێك خوشکم هەبوو (پێم باش نەبوو کچێك مارمبکەم) وترسام نێوان من و خوشکەکانم تێکبدات و نەتوانێت سەرپەرشتی و پەروەردەبوونیان لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە پێم خۆش بوو ئافرەتێکی بێوە ژن مارمبکەم تا هەموویان کۆبکاتەوەو قژیان بۆ دابهێنێت و پەروەردەیان بکات [و سەریان بۆ بدۆزێت و گەر جلی یەکێکیان درا بتوانێت بۆی بدورێتەوە] پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (تۆ باشترین بۆ چونت هەڵبژاردووە) (واتە: باشترین کارت ئەنجام داوە).

٦-پێویستە ئافرەتەکە هاوشان و گونجاو و هاوتای پیاوەکەی بێت:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴿٧١﴾ ﴾ (التوبة) واتە: (پیاوان و ژنانی باوەڕدار هەموو دۆست و خۆشەویست و یارمەتیدەری یەکن» لە گشت خۆشی و ناخۆشیەکدا).عائیشە دایکی موسوڵمانان دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((تَخيروا لنُطفِكم فانكِحوا الأكفاءَ وانكحوا إليَهم)).[٢٠٧] واتە: (ئافرەتانی شیاو بۆ نوتفەکانتان هەڵبژێرن و ئافرەتی گونجاو وهاوشانی خۆتان مارمبکەن وئافرەتانیشتان لە پیاوانی هاوتا و هاوشانی خۆیان مارمبکەن).

ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب ﷺ دەفەرموێت: ((لأمنعن تزوج ذوتُ الاحسابِ إلا منِ الأكفاء)).[٢٠٨] واتە: (ڕێ دەگرم لەبەشودانی ئافرەتی پایەدار تەنها لە هاوشێوەکانی خۆیان نەبێت (واتە: تەنها ڕێگەی ئەوان دەدەم))

---

(٢٠٦) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٤٠٧٦).

(٢٠٧) أخرجه: ابن ماجة (١٩٦٨)، الحاكم (١٦٣/٢)، والبيهقي (١٣٣/٧) وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٢٩٢٨).

(٢٠٨) أخرجه: الدارقطني في (السنن) (٣٧٤٣) وقال محققه: اسناده حسن.



گونجاو بوون لە ئایین و ڕەوشتدا بەهەند وەردەگیرێت بە پێی ئەم ئایەتانەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿ أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ لَّا يَسْتَوُۥنَ ﴿١٨﴾ ﴾ (السجدة) واتە: (ئایا ئەوکەسەی بڕوای هێناوە وەک ئەوکەسە وایە کە لە ئیمان دەرچووە! بێگومان هەرگیز ئەو دووانە چوونیەک نین) هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ ٱلْخَبِيثِ ۚ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ (المائدة) واتە: (بڵێ: پیس وپاک، چاک و خراپ، حەڵاڵ و حەرام، وەک یەک نین لای خوا ئەگەر چی زۆری ماڵە پیس و خراپە کەش سەرسامت بکا، چونکە ماڵ و سامانێکی حەڵاڵ و کەم، زۆر باشترە لەماڵێکی زۆری حەرام،، جا کەوابوو گەشتان هەر لەخوا بترسن، ئەی ئەوانی خاوەن عەقڵ و ژیرین!، تابەشکو لەدنیاو لەقیامەتدا بەختیارو سەرفراز بن).

(کەوابوو پاک و پیس هەرگیز هاوتای یەکترنین چونکە ئەوان ڕەوتێکی پوچ و تێکدانیان هەیە و چاکەکاران ڕەوتێکی باشە و چاکسازیان هەیە[٢٠٩].

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ (الأنعام) واتە: (بڵێ ئاخۆ بیناو نابینا یەکسانن؟ واتە: مرۆڤی خاوەن باوەڕو بێ باوەڕ چوون یەکن ئایە بیرناکەنەوە؟) وەدەفەرموێت: ﴿ ...قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِى ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ ... ﴿١٦﴾ ﴾ (الرعد) واتە: (بڵێ ئاخۆ بیناو نابینا یەکسانن؟ واتە: مرۆڤی خاوەن باوەڕو، بێ باوەڕ چوونیەکن؟ یاخۆ تاریکاییەکان و ڕووناکی وەک یەکن؟ واتە: کوفرو شیرک ونەزانی لەگەڵ ئیمان و باوەڕ وەک یەکن هەرگیز) وە دەفەرموێت: ﴿ ...قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ... ﴿٩﴾ ﴾ (الزمر) واتە: (ئایە ئەوانەی زانان وەک ئەوانەن کە نەزانن) وەدەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ ﴿٢٠﴾ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلْحَرُورُ ﴿٢١﴾ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَحْيَآءُ وَلَا ٱلْأَمْوَٰتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَآءُ ۖ وَمَآ أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِى ٱلْقُبُورِ ﴿٢٢﴾ ﴾ (فاطر) (واتە: نابیناو بینان وەکو یەک نین، واتە: مرۆڤی بڕوادارو بێ بڕوا چونیەکنین وەنە تاریکییەکان و نەروناکاییش، واتە: نە بێباوەڕی وگومڕایی، نە ئیمان وباوەڕ، هیچیان

(٢٠٩) انظر: (قرأن كريم تفسيروبيان مع اسباب النزول للسيوطي) (ص: ١٢٤).

وەکو یەك نین وەنەسێبەرو گەرمای تاوداریش، واتە: بەهەشت وئاگریش وەکو یەك نین، زیندووەکان، و مردووەکانیش، یەکسانین، واتە: ئەوانەی دڵیان ئاوەدانە بەئیمان زیندوون، ئەوانەیش دڵیان وێرانە کافرن، دەسا هەرگیز ئەو دوانە یەکسان نین هەروەك ئەو شتانە چوون یەکنین).

وە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَلَا الْمُسِيءُ ۚ قَلِيلًا مَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾﴾ (غافر) واتە: (مرۆڤی نابیناو مرۆڤی بینا وەکو یەك نین، واتە: مرۆڤی باوەڕدارو بێ باوەڕ چوونیەك نابن، نەئەوانەیش بڕوایان هێناوەو کارە چاکەکانیان کردووە، نەخراپکاریش ئەوانەتان بیر ئەکەنەوەو ئامۆژگاری وەر ئەگرن چەندە کەمن)

عوثمانی کوڕی عاص ﷺ دەڵێت: (الناكحُ مغترِسٌ فَلينَظرُ المرء حيث يضع غرسه فان عرقَ السُوءِ يُعديَ وَلو كان بعد حين)[٢١٠]. واتە: (ئەو پیاوەی ژنێ مارەبکات وەك ئەو جوتیارەیە کەنەمام دەچێنێت کەواتە ئادەمیزاد با تەماشا بکات نەمامەکەی خۆی لەکوێ دەچێنێت چونکە ڕەگ و خوی خراپ چەندەها کەس و پشتی دوای خۆی بۆ هەر ماوەیەك بێت ئالودە دەکات).

٧-باشتر وایە ئافرەتەکە کەسێکی بیانی (واتە: خزمی نزیك نەبێت) و دوور بێت:

بیانی مەبەست لەوە ئەو ئافرەتەیە لە پشتی پیاوەکە نەبێت وەك ئەوەی ئامۆزای بێت یان پورزای بێت یان خزمێکی نزیك بێت.

ئەصمعی دەڵێت: «العَرَب تقول:اغتربوا لا تضووا فان القرائب يضوين الاولاد»[٢١١] واتە: (عەرەب وتویانە: (با ژنانتان بێگانە بێت (واتە: خزم نەبێت) تا منداڵی کزو لاواز بەرهەم نەهێنن، چونکە خزمان منداڵیان کزو لاواز دەبێت).

حافز ئیبن حەجر عەسقەلانی ﷺ فەرموویەتی: «الغالبُ ان الولد بين القريبين

(٢١٠) أخرجه: الدينوري (المجالسة) (٥/٧٥).

(٢١١) أخرجه: ابن قتيبة في (عيون الاخبار) (١/٢٥١).

يكون أحمقاً»[٢١٢] واتە: (زۆر جار منداڵ لە دوو هاوسەری خزم گێل دەردەچێت).

لە ئیمامی عومەرەوە ﷺ باس کراوە کە وتوێەتی: (يا بني السائب انكم قد أضويتم فانكحوا في النزائع)[٢١٣]. واتە: (ئەی هۆزی بەنی سائب ئێوە هەموو کزو لاواز بوون ئێوە لێرە بەدواوە ژنانتان لە کەسانی دوور و بێگانە بخوازن).

بەدەر لەم وتانەش چونکە هاوسەریەتی لەگەڵ خزمدا خزمانی تازە دروست ناکات، وە زۆرجار ژن هاوشێوەی براکانی و خوشکەکانی دێنێتە بەرهەم و هەندێك لە عەرەبەکان وتویانە: «بنات العم أصبر والغرئب انجب» واتە: (کچانی مام ئارامترن بەڵام کچانی بێگانە ڕەسەنترن).

هەروەها وتراوە (الناكح في قومه كالمعشب في داره)[٢١٤] واتە: (ئەو پیاوەی ئافرەتێك لەخزمانی خۆی مارە دەکات وەك ئەو کەسەیە کە نەمامێك لە خانووەکەی خۆیدا دەنێژێت).

وەهەندێك جار ژن هێنان لە خزمان دەبێتە هۆی نەمان ولاواز بوونی پەیوەندی خزمایەتی بەهۆی خراپ مامەڵەکردنی هەردوو هاوسەرو تۆران و تەڵاق.... هتد. لەبەر ئەوە پێویستە لەمە وریا بین وە بەتایبەت شوکردنی دوو خزم بەیەك پیاو، لەم بارەیەوە:

عیسی کوڕی طەڵحە ﷺ دەفەرموێت: (نهى رسول الله ﷺ أن تُنكح المرأة على قرابتها مخافةَ القطيعة)[٢١٥]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردووە لەوەی پیاوێك ئافرەتێکی خزمی ژنەکەی بەسەر ژنەکەی خۆیدا بهێنێت).

وە ئەبی طەلحە ﷺ دەفەرموێت: (أن أبا بكر و عمر و عثمان (رضي الله عنهم) كانوا يكرهون الجمع بين القرابة مخافة الضغائنِ)[٢١٦]. واتە: (ئەبو بەکر و عومەر و

---

(٢١٢) أخرجه: ابن حجر العسقلاني في (فتح الباري شرح صحيح البخاري) (١٦٧/٩).

(٢١٣) انظر: كتاب (المجالسة) (١٤٣٧)، وقال محققه: اسناده ضعيف.

(٢١٤) أخرجه: الطبراني (الكبير)(٢٠٦).

(٢١٥) أخرجه: عبدالرزاق (المصنف) (١٠٧٦٧)، وابن أبي شيبة (١٧٠٤٤) وقال محققه: مرسل واسناده حسن.

(٢١٦) أخرجه: الخلال كما قال الحافظ في (فتح الباري) (١٣٩/٩)، وأنظر: (الحلاقة الراشدة) (ص:٤٤٩).

عوسمان ﷺ پێیان باش نەبوو دوو ژنە خزمی یەکتری ببنە هاوسەری یەك پیاو لەیەك کاتدا نەبادا ڕق و کینە دروست بێت لە نێوانیاندا).

٨-پێویستە ئافرەتەکە مارەیی کەم بێت و گونجاو بێت:

ئەم مەرجەش گرنگە و نیشانەی بەرەکەتی ئافرەتەکەیە، ئەمەش پیشەی پیاوچاك بووە ئەوەتا «وقد زوج سعيد بن المسيب ابنته بدرهمين».[٢١٧] واتە: (سەعید کوڕی موسەییەب کچەکەی لەسەر دوو درهەم مارەکردووە).

٩- باشتر وایە ئافرەتەکە لە خێزانێکی خانەدان بێت:

وا باشە ئافرەتەکە لەخێزانێکی چاکەکار و ئاینپەروەر بێت، زوبەیری کوڕی عەوام ﷺ ئامۆژگاری عەبدوڵڵای کوڕی کرد وپێی فەرموو: (أي بني..انظر من تزوج فان المرأة من أخيها ومن أبيها)[٢١٨]. واتە: (کوڕی خۆم باش تەماشا بکەچ ئافرەتێك دەکەیتە هاوسەری خۆت، چونکە ئافرەت هەندێ جار لە براکەی دەچێت وە هەندێ جار لەباوکی دەچێت).

(٢١٧) انظر: (مختصر منهاج القاصدين) لابن قدامة المقدسي (ص: ٧٨).

(٢١٨) أخرجه: ابن أبي الدنيا (الاشراف) (٢٨١).

کەسایەتی ئافرەتی بڕوادار باش

بەردەوام لە نەنگیەکانی دەڕوانێت، بیر لە ئاینەکەی دەکاتەوە، ڕووی لەخوای خۆیەتی، دەنگی هێواشە، زۆر بێدەنگە، نەرم و نیانە، زمان پاکە، بەشەرمە، دڵ فراوانە، ئارامگرو مەکرباز نیە، زۆر سوپاس گوزارە، بەخشندەو دڵفراوانە، ڕازییە و ڕاستگۆیە، پاك و خاوێنە، کاری خۆی باش دەزانێت، خواپەرستە، داپۆشراوە، میهرەبانە، بەقەناعەت، بێ فیزە، داوێن پاکە، دڵنەرمە، یادی خوا زۆر دەکات، خوای خۆی باش دەناسێت، ئەمین و دەست پاکە.

هەروەها لە سیفەتەکانی تری ئافرەتی باوەڕدار، بەدووڕە لەکەم و کوڕی و ڕەوشت نزمی، کە دەبێتە هۆی دابەزینی ڕێزو حورمەتی وەك: بەرچاوتەنگی، دەست نوقاوی، زۆرداری، خۆبەگەورەزانی، سوکی، ترسنۆکی، بێ توانایی، تەمبەڵی، خیانەت کردن و هاوشێوەکانی.

هەروەها هەندێك سیفات لە ئافرەتی بڕوادارا هەیە وایان لێدەکات کە شایەنی بەهەشتی خوا بن ئەو بەهەشتەی فراوانیەکەی بەئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییە ئەویش ئەو ئافرەتەیە کە لەهەموو شوێنێك بەسەر سامیەوە چاویان لەسەریەتی ونمونەی زانا... وکارکردەو... دڵسۆزەو...تێکۆشەر... و ئارامگری تیادەبینن. ئەوەش ئەو ئافرەتەیە کە خودا ڕێزداری کردووە بەزیندوویی وەەر کەسێك قسەی ناشیرینی پێ بڵێت لە ئاین دەردەچێت، وەگەر بەشەڕ بێت لەگەڵیدا خۆی بێبڕوا دەبێت ولەتیاچوون نزیك دەبێتەوە، ئافرەتی بڕوادار ئەو ئافرەتەیە کە خودا ڕازاندویەتیەوە بەڕازاندنەوەی ئیمان و بڕوای تەواوی لە دڵیدا جێگیر کردووە و بەمیهرەبانی خۆی بەهرەمەندی کردووە.

ئەوە ئەو ئافرەتە باوەڕدارەیە، ئەوەش سیفەتەکانیەتی کە ئێمە لێرەدا باسی دەکەین تا ببێتە هەنگاوێك بۆ بووژانەوەو پابەند بوونی ڕاستەقینەی ڕێگای پێشینان و ڕێگای هاوەڵە ژنەکان و زانایان.. کاتێك ئەم سیفاتانە لە پێشینە

بەڕێزەکانماندا هەبوو، ئەوان سەرکردایەتی جیهانیان دەکردووە هەموو دونیایان بەرمو لای خۆیان ڕادەکێشا، ئەوان ئیمان و باوەڕ لەدڵیاندا وەک چیا سەرکەشەکان وابو و ئیمان و باوەڕ لەگەڵ خوێن و گۆشتیان تێکەڵاوببوو، بەڵێ پێویستە ئافرەتی خاوەن باوەڕ وەک هەنگ وابێت.تێکۆشەر بێت و وتەو ئاکاری جوان بێت.

ئاکارو ڕەوشتە جوانەکانی باوەڕدار

ئەمانە و گەلێك سیفاتی تر هەیە کە لە قورئان و سوننەتدا و لە وتە شیرینەکانی پێشینە باشەکانماندا ئاماژەیان پێکراوە، ئێمە لێرەدا کۆمانکردنەتەوە، هەتا نمونەیەکی زیندوی ژنی و پیاوی خاوەن باوەڕ بخەینە ڕوو، ئەو باوەڕدارانەی کەبەڕاستی شایەنی ئەوەن بەهەشتی خوایان پێ ببەخشرێت لەو سیفەتانە: -

١- باوەڕدار: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا لەپێش هەموو شتێکەوە دادەنێت.

٢- باوەڕدار: ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەرەکەی لە پێش هەمووشتێکەوە دادەنێت.

٣- باوەڕدار: تەنها لە خوا دەترسێت و جگە لەئەو لەکەس ناترسێت.

٤- باوەڕدار: تەنها پشت بەخوادەبەستێت و بۆ دینی خوا دڵسۆزە.

٥- باوەڕدار: ئەو کەسەیە ئایەتەکان بەهەند وەردەگرێت و سودیان لێدەبینێت.

٦- باوەڕدار: لەنێوان ترس و هیوادایە.

٧- باوەڕدار: ڕق و کینە بەرامبەر براکەی هەڵناگرێت و بەڵکو نزای خێری بۆ دەکات.

٨- باوەڕدار: لە باوەڕداران نزیك دەبێتەوە و خۆشی دەوێن و دوژمنایەتی کافران دەکات بانزیکترین کەسیش بێت لێیەوە.

٩- باوەڕدار: لەنوێژدا ملکەچەو دووڕە لەدەنگە دەنگ و زۆر بڵێی.

١٠- باوەڕدار: باوەڕی بەخواو پێغەمبەری خوا هەیە باوەڕبوونێکی ڕاست کە هیچ گومانێکی تێدانەبێت.

١١- باوەڕدار: برای باوەڕدارە.

١٢- باوەڕدار: لە ژێر تاقیکردنەوەدایە بەردەوام.

١٣- باوەڕدار: لە ڕوپامایی دووڕە بەهەموو شێوەیەك.

١٤- باوەڕدار: سەربەرز و شکۆدارە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ ...﴿٨﴾﴾ (المنافقون)

١٥- باوەڕدار: بەرگی خۆپارێزی (تقوى) لەخۆی دەڕۆشێت.

١٦- باوەڕدار: لەبەجێهێنانی سنوری خوادا دڵنەرمی نیە.

١٧- باوەڕدار: ئەگەر ئایەتەکانی خوای بەسەردا خوێندرایەوە دڵی دادەخورێێت، وەباوەڕی زیاد دەکات.

١٨- باوەڕدار: خوای گەورەی لەهەموو کەس خۆشتر دەوێت.

١٩- باوەڕدار: هەوڵدەدات بۆ سەرخستنی ئاینی خوا و ڕاستگۆیە لەو بەڵێنەی کە بەخودای خۆی داوە.

٢٠- باوەڕدار: ئەگەر شتێکی بەبیرهێنرایەوە سودی لێومردەگرێت.

٢١- باوەڕدار: کاروبارەکانی دەگەڕێێتەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا لەکاتی کێشەو جیاوازیدا.

٢٢- باوەڕدار: کارە باشەکان ئەنجام دەدات.

٢٣- باوەڕدار: وەك هەنگ وایە بەکارە جوانەکانەوە سەرقاڵە و بەهەرمەکەشی بەسودە.

٢٤- باوەڕدار: وەك دارخورما وایە دامەزراو وزۆربەسودە.

٢٥- باوەڕدار: وەك گڕوگیای تازە و گوڵە گەنم ناسك و بەڵادارە.

٢٦- باوەڕدار: وەك وشتری بەتوانا و ئارامگر و گوێ ڕایەڵە.

٢٧- باوەڕدار: وەك زێڕێكی لە قاڵب دراوە.

٢٨- باوەڕدار: وەك دیوار پشتیوانە بۆ برا موسوڵمانەكەی.

٢٩- باوەڕدار: وەك ئاوێنەیە بۆ برا موسوڵمانەكەی جوانی و كەم و كوڕییەكانی بەبیر دێنێتەوە.

٣٠- باوەڕدار: بۆ براكانی تری خاوەن باوەڕی بایەخ دارە وەك سەر بۆ لاشە.

٣١- باوەڕدار: ئەو كەسەیە كەدوچاری پەتا دەبێت وەك ئاسن وایە كاتێك دەكرێتە كووڕەی ئاگرەوە سوردەبێتەوە و ژنەگ و پیسیەكەی دەڕوات و پاكیەكەی دەمێنێتەوە.

٣٢- باوەڕدار: ئەو باوەڕدارەیە كە قورئان دەخوێنێت وەك سێو وایە و جوانە و بۆن خۆش و بەتامە.

٣٣- باوەڕدار: پێغەمبەری خوای خۆش دەوێت زیاتر لە خۆی و لەباوكی و لە منداڵەكانی و لەهەمووكەسانی تر.

٣٤- باوەڕدار: ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ خەڵكیش پێی خۆشە.

٣٥- باوەڕدار: گونجاوە لەگەڵ هەموو خەڵكدا و خەڵكیش لەگەڵیدا دەگونجێت.

٣٦- باوەڕدار: بە خۆی وبەچەك و زمان و ماڵ و سامانی بۆ خوا هەوڵدەدات.

٣٧- باوەڕدار: بەخشندەو سەنگین وبەڕێزو بێ فێڵە.

٣٨- باوەڕدار: ئەو كەسەیە كە خەڵك سەرو ماڵ و سامانی پێ دەسپێرن و متمانەی پێ دەكەن.

٣٩- باوەڕدار: چاكەكارە لەگەڵ دراوسێیەكانی و ئازاریان نادات.

٤٠- باوەڕدار: تێر ناخوات بەبێ دراوسێیەكەی.

٤١- باوەڕدار: چاكەكانی دڵخۆشی دەكات و خراپیەكانی دڵگرانی دەكات.

٤٢- باوەڕدار: ڕێزی میوانی خۆی دەگرێت.

٤٣- باوەڕدار: هەرگیز خۆی سەرشۆڕناکات.

٤٤- باوەڕدار: لە هەمووخەڵکان ڕەوشتی جوانترە.

٤٥- باوەڕدار: لەکونە مارێکەوە دووجار ناگەزرێت.

٤٦- باوەڕدار: تاقیدەکرێتەوە تا خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش دەبێت و تاوانەکانی پێ دەسڕێتەوە.

٤٧- باوەڕدار: هاوڕێیەتی باوەڕدار نەبێت نایکات.

٤٨- باوەڕدار: تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵك دەکات و لەسەر ئازارەکانیان ئارام گرە.

٤٩- باوەڕدار: کەم خۆرە و چڵێس نیە.

٥٠- باوەڕدار: بەردەوام دەست بەدەست نوێژە.

٥١- باوەڕدار: هەر شتێك و هەر کەسێکی خۆش ویست لەبەر خوا خۆشی دەوێت وەگەر ڕقی لێ بوو هەر لەبەر خوا ڕقی لێ دەبێت.

٥٢- باوەڕدار: لەقەم بازو تانەدەرو لەعنەت کارو کردە وەناشیرین و گفتار قێزەون نیە.

٥٣- باوەڕدار: دونیا بۆ ئەو وەك زیندانە (بەراود بەخۆشیەکانی بەهەشت).

٥٤- باوەڕدار: خاوەن غیرەت و بەئەمەکە.

٥٥- باوەڕدار: خاوەن هێزو توانا و وریە.

٥٦- باوەڕدار: ڕازیبە بە قەزاو قەدەری خوا ، و ئارامگرە لەسەر پێش هاتەکان.

٥٧- باوەڕدار: لەهەموان بەشەرم تر‌ە وداپۆشەرە بۆکەم و کوڕی برایان و خوشکانی موسوڵمانی.

٥٨- باوەڕدار: لە هەموان باشتر زمانی دەپارێزێت.

٥٩- باوەڕدار: لە هەموان باشتر زمانی دەپارێزێت.

٦٠- باوەڕدار: لە هەموان باشتر ئەمانەت و سپاردە و ئەرکەکانی دەپارێزێت.

٦١- باوەڕدار: له‌هه‌مووان زیاتر لێبوردەیه و لێخۆش بووه و چاولێ پۆش کەرە بەرامبەر هەڵەی خەڵکانی تر.

٦٢- باوەڕدار: بکوژ و هەڵپەرست و ستەمکار و فرسەت لێهێن نیه له کەسانی تر.

٦٣- باوەڕدار: جوێن فرۆش نیه.

٦٤- باوەڕدار: له درۆ خۆی بەدوور دەگرێت هەر چەند بەسوعبەت و گاڵته شەوه بێت.

٦٥- باوەڕدار: له شەڕەمەن و چەلەحانێ و موناقەشه خۆی بەدوور دەگرێت هەرچەندەش لەسەر حەق بێت.

٦٦- باوەڕدار: فێڵبازو ساختەکار و کەڵەك چی نیه و چەك له دژی موسوڵمانان هەڵنا گرێ.

٦٧- باوەڕدار: بەڕێزە لەگەڵ گەورەتر له خۆی و به بەزەییه لەگەڵ بچوکتر له خۆی و بەڕێزە لەگەڵ زانا تر له خۆی.

٦٨- باوەڕدار: به ئەمەکه و پەیوەندی و پەیمان دەپارێزێت.

٦٩- باوەڕدار: دونیا نەویسته و بەقەناعەت و ڕازییه به بەشی خوای گەورە.

٧٠- باوەڕدار: خۆبەزلزانێنیه و بەفیزەوە بەسەر زەویدا ناڕوات.

٧١- باوەڕدار: **(المؤمن يطبع على الخلال كلها إلا الخيانة والكذب)**.[٢١٩] واته: (باوەڕدار: خو بەهەموو ڕەوشتێکی جوانەوە دەگرێت و زۆر دوورە له ناپاکی و درۆ)[٢٢٠].

---

(٢١٩) أخرجه: ابن ابي شيبة في (الايمان) (رقم ٨٠) باسناد موقوف صحيح وأخرجه من قول سعد ايضا، وصححه الشيخ الالباني في تخريجه على (الايمان) (٨٠، ٨١) لابن ابي شيبة .وهو قول عبدالله بن مسعود رضي الله عنه، وأخرجه ايضاً: ابن أبي شيبة (المصنف) (٢٦١١٧) وقال محققه: اسناده صحيح، وابو يعلى (٧١١)، والبزار (١٠٢)، وابن أبي الدنيا (الصمت) (٤٩٠) وقال محققه: صحيح، وقال الحافظ (الفتح) (٥٠٨/١٠): سنده قوي..

(٢٢٠) ئاگاداربه لێرە بەدواوە هەمووی وتەی هاوەڵان و پیاو چاکانه.



٧٢- باوەڕدار: (لا راحة للمؤمن دون لقاء الله)[٢٢١]. واتە: (باوەڕدار: پشودانی نیە تادەگات بەخوای گەورە).

٧٣- باوەڕدار: (المؤمن يحسن بالله ظنه).[٢٢٢] واتە: (باوەڕدار: گومانی باش بەخوا دەبات).

٧٤- باوەڕدار: (إنَّ المؤمن ليعمل السيئة، فيشدد عليه بها عند موته ليكون بها).[٢٢٣] واتە: (باوەڕدار: گەر کاری خراپ ئەنجام بدات، مردنی لەسەر قورس دەکرێت تا ببێتە سرپنەوە بۆ ئەو کارە خراپەی).

٧٥- باوەڕدار: (ثلاث من جمعهن فقد جمع الايمان: الانصاف من نفسك، والانفاق من الإقتار، وبذل السلام للعالم).[٢٢٤] واتە: (باوەڕدار:گەر سێ ڕەوشتی لەخۆیدا کۆکردەوە ئەو کات هەموو باوەڕی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە: گێڕانەوەی ماف بۆ خەڵکی هەر چەندە ئەو مافانەشی لای خۆی بێت، وەبەخشین لە دەست تەنگیدا، وسڵاوکردن لە هەموو خەڵکی).

٧٦- باوەڕدار: (المؤمن بين اربع: ان ابتلى صبر، وإن اعطى شكر، وإن قال صدق وان حكم عدل).[٢٢٥] واتە: (باوەڕدار:لە نێوان ئەم چوارانەدایە، ئەگەر کەوتە بەر تاقیکردنەوە ئارام گردەبێت، وەگەر پێی بەخشرا سوپاسگوزار دەبێت، وەگەر وتی ڕاستی دەڵێت، وەگەر دادگەری کرد دادپەروەر دەبێت).

٧٧- باوەڕدار: (المؤمن يتقلب في خمسة من النور: كلامه نور، وعلمه نور، ومدخله نور، ومخرجه نور، ومصيره إلى النور يوم القيامة). واتە: (باوەڕدار:لە پێنج ڕوناکیدا جێ

---

(٢٢١) أخرجه: أحمد في (الزهد) (٧٢) ابن مبارك (الزهد) (٧، ٦)، وابو نعيم في (الحلية) (١٣٦/١)، (١٣٣/٨)، ووكيع في (الزهد) (٨٦)، وصححه الشيخ الالباني موقوفا على ابن مسعود.راجع(سلسلة الاحاديث الضعيفة) (١١٧/٢، ١١٦).

(٢٢٢) أخرجه: ابن مبارك في (الزهد) (ص: ٣٦٦)، وابن ابي شيبة في (المصنف) (٣٠١/١٣، ٣٠٠).

(٢٢٣) أخرجه: وكيع في (الزهد) (٩٢) باسناد صحيح.

(٢٢٤) أخرجه: ابن ابي شيبة في (الايمان) (١٣١) وابن حبان في (روضة العقلاء) (٧٥)، وعبدالرزاق في (المصنف) (٣٨٦/١٠)، وغيرهم من قول عمار بن ياسر، وأخرجه البخاري تعليقا جازما له في كتاب (الايمان) باب (٢٠) (٢٨)، وصححه الحافظ ابن حجر بعد ان أخرجه في (تغليق التعليق) (٢١١/١).

(٢٢٥) انظر: (الحلية) لابي نعيم (٢٥٥/١).

گۆڕکی دەکات، قسەکانی ڕوناکین، زانیاریەکانی ڕوناکین، چوونە ناوموەی ڕوناکییە، هاتنە دەرموەی ڕوناکییە، چارەنوسی لەڕۆژی قیامەتدا ڕوناکییە، ﴿....نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ مِن..﴿٣٥﴾﴾ (النور).

٧٨- باوەڕدار: (المؤمن اذا ما أصابته من نكبة مصيبة فيصبر، فيلقى الله تعالى فلا ذنب له).[٢٢٦] واتە: (باوەڕدار: ئەگەر بەڵاو ناخۆشیەکی بەسەردا هات: ئارام دەگرێت، تا دواجار دەگاتەوە بە خوای گەورە هیچ تاوانێکی بەسەرموە نامێنێت).

٧٩- باوەڕدار: (المؤمن من يعلم ان ما قال الله عزوجل كما قال، والمؤمن احسن الناس عملاً واشد الناس خوفا لو انفق جبلا من مال ما امن دون ان يعاين، لايزداد صلاحاً وبراً وعبادة الا ازداد فرقا يقول لا انجو).[٢٢٧] واتە: (باوەڕدار: ئەو کەسەیە دەزانێت ئەوەی خوای گەورە وتوێەتی ڕاستە و هەر بەو جۆرەیە، باوەڕدار باشترین کەسە لەئەنجام دانی کارەچاکەکاندا، و لەهەموو کەس زیاتر دەترسێت، ئەگەر بەبارستایی چیایەك مالْ و سامان ببەخشێت، متمانەی بەڕزگاربوونی خۆی نیە تا بەچاوی خۆی ئەنجامی کارەکانی لەقیامەتدا دەبینێتەوە. هەتا باشتر بێت وە خواپەرستی و چاکەکانی زیاتربێت ئەو زیاتر لە خوا دەترسێت و بەردەوام دەڵێت: پێ ناچێت ڕزگارم ببێت).

٨٠- باوەڕدار: (المؤمن في الدنيا كالغريب لاينافس في عزها ولايجزع من ذلها، للناس حال وله حال)[٢٢٨]. واتە: (باوەڕدار: لە دنیادا وەکو کەسێکی نامۆ وایە، لە شکۆمەندی دونیادا پێشبڕکێ ناکات، و لەکەمی و نزمی دونیاش ناترسێت دادوبڕۆ ناکات لەکاتی شکستیدا، خەڵکی لەدۆخێکدان ئەویش لەدۆخێکی ترایە).

٨١- باوەڕدار: (إن المؤمن اخذ عن الله عزوجل ادباً حسناً فأذا أوسع عليه اوسع

---

(٢٢٦) انظر: (الحلية) لابي نعيم (١/٢٥٤).

(٢٢٧) أخرجه: ابن المبارك (الزهد) (٤٨٨)، ابي نعيم (الحلية) (٢/١٥٣) من قول الحسن البصري.

(٢٢٨) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) (٣٦٣٥٨) (١٣/٥٠٤)، وأحمد في (الزهد) بنحوه (٢/٢٣٧).



وإذا أمسك عنه أمسك).[٢٢٩] واتە: (باوەڕدار: لە خوای گەورە وە ڕەوشتی باشی وەرگرتووە، گەر خودا ڕزقی بۆ زیاد بکات ئەویش چاکەو بەخشینەکانی زیاد دەکات، وەگەر خودا ڕزقی بۆ کەم بکات ئەویش چاکە و بەخشینەکانی بۆ هەمووان کەم دەکات وبە گوێرەی توانای دەبێت).

٨٢- باوەڕدار: (ان المؤمن يصبح حزينا ويمسي حزيناً وينقلب باليقين في الحزن ويكفيه ما يكفي العنيزة الكف من التمر والشربة من الماء)[٢٣٠]. واتە: (باوەڕدار: بەیانی بەسەردا دێت دڵتەنگەو خەفەت بارە و ئێوارەشی بەسەردا دێت هەروەهایە، بەدڵنیاییەوە جموجوڵەکانی هەر لەخەفەتدایە، وڕزق و ڕۆزیەکەی بەئەندازەی ڕزق وڕۆزی چێترێك (چێترکارێکە کە سااڵێکی تەواو کردووە نەبۆتە بزن یان خرت) بەشی دەکات ئەویش مشتێك خورما و کەمێك ئاوە).

٨٣- باوەڕدار: (مايُسع المؤمن في دينه الإ الحزن).[٢٣١] واتە: (باوەڕدار: بەتەنها دڵتەنگ وخەفەت بارە بۆ ئاینەکەی).

٨٤- باوەڕدار: (ضحك المؤمن غفلة من قلبه).[٢٣٢] واتە: (باوەڕدار: پێکەنینی تەنها لەکاتی بێ ئاگایی دڵیدایە).

٨٥- باوەڕدار: (إن المؤمن أحسن الظن بربه فأحسن العمل..)[٢٣٣]. واتە: (باوەڕدار: گومانی باشی بە خوای خۆی هەیە و کارەکانی زۆر باش ئەنجام دەدات).

٨٦- باوەڕدار: (المؤمن قليل الكلام كثير العمل...، كلام المؤمن حكم وصمته تفكر،

---

(٢٢٩) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (١٥٧/٢)، وابن ابي شيبة في (المصنف) (٥٠٣/١٣)، وابن الجوزي (صفة الصفوة) (١٦١/٣) من قول الحسن البصري.

(٢٣٠) أخرجه: البيهقي (الشعب) (٢١٥) وقال محققه: اسناده حسن، وابو نعيم في(الحلية) (٩/٣) وابن أبي شيبة (المصنف) (٣٦٣٥٠) من الحسن البصري.

(٢٣١) أخرجه: عبدالله بن أحمد في (زيادات الزهد) على ابيه (٢/٢٥٥)، وابن مبارك (الزهد) (٣٥٢)، وابو نعيم في (الحلية) (١٣٣/٢، ١٣٢)، وكذلك في (٢٧١/٦)، وابن ابي شيبة في (المصنف) (٥٠١/١٣).

(٢٣٢) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (١٣٣/٢)، وأحمد في (الزهد) بنحوه(٢٤٢/٢)، وابن أبي شيبة (المصنف) (٢٧٢٠٩) من الحسن البصري.

(٢٣٣) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) (٤٩٩/١٣)، وابي نعيم في (الحلية) (١٤٤/٢)، وابو جعفر الفريابي في (صفة المنافق) (رقم ٩٦).

ونظره عبرة، وعمله بر...)[٢٣٤]. (باوەڕدار: قسەی کەمە و کرداری زۆرە.... قسەی باوەڕدار بڕیارە و بێدەنگیەکەی بیرکردنەوەیە و تەماشاکردنی پەندو ئامۆژگاریە، وکردەوەکانی چاکەن).

٨٧- باوەڕدار: (المؤمن يهمه الهرب بذنبه إلى الله يصبح مغموما ويسمي مغموماً)[٢٣٥] (باوەڕدار: مەبەستیەتی بەگوناهەکانیەوە زوو زوو تەوبە بکات و بگەڕێتەوە لای خوای گەورە بەهۆی کەمو کوڕیەکانی بەیانی بەسەر دادێت دڵ پڕ لەغەم و خەفەت بارە و ئێوارەش بەسەردادێت هەر دڵ پڕ لەغەم و خەفەت بارە).

٨٨- باوەڕدار: (الغبطة من الإيمان والحسد من النفاق، والمؤمن يغبط ولا يحسدّ، والمنافق يحسد ولا يغبط، والمؤمن يسترويعظ وينصح والفاجر يهتك ويعيرويفشي).[٢٣٦] واتە: (خۆزگە خواستنی چاکە لە باوەڕومیە و بەرچاوتەنگی لە دووڕوییەومیە باوەڕدار خۆزگە بەئەنجام دانی چاکە دەخوازێت و بەرچاوتەنگ نابێت، دووڕو بەرچاو تەنگ دەبێت وخۆزگە بەئەنجام دانی چاکە ناخوازێت، باوەڕدار داپۆشەری کەم وکوڕی کەسانی تر و ئامۆژگاریان دەکات و دڵسۆزە بۆیان و خراپەکار ئاشکرا کار وبڵاوکەرەوە و حەیابەرە بۆ کەم و کوڕی کەسانی تر و خراپە بڵاو دەکاتەوە).

٨٩- باوەڕدار: (مَثَلُ المؤمِنِ مثل اللؤلؤة أينما كانت حسنها معها).[٢٣٧] واتە: (وێنەی باوەڕدار وەك وێنەی گەوهەرە، لەهەرجێیەك بێت جوانیەکەی لەگەڵ خۆیەتی).

٩٠- باوەڕدار: (إنما المؤمن مثل الشاة المأبورة التي قد أكلت ابرة فهي تأكل ولا نفع عليها لما قد خالطه من الحزن بين يديه).[٢٣٨] واتە: (باوەڕدار: وەك مەڕێکی دەرزی خواردو وایە هەر دەخوات و کەڵکی لێ نابینێت، بەهۆی ئەو خەفەتەی کە بۆی پێش هاتووە).

(٢٣٤) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٢/١٥٢)، و(٨/٩٨) من قول الفضيل بن عياض، والبيهقي (شعب الإيمان) (٥٠٤٨) من قول الإمام الاوزاعي.

(٢٣٥) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٨/٩٧).

(٢٣٦) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٨/٩٥) من كلام الفضيل بن عياض (رحمه الله).

(٢٣٧) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٢/٣٧٧).

(٢٣٨) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٢/٣٧٧).



٩١- باوەڕدار: (إن المؤمن ليقول قولاً ولايدعه الله وقوله حتى ينظر في عمله فإن كان عمله موافقا لقوله لم يدعه حتى ينظر في ورعه فإن كان ورعه موافقاً لقوله وعمله لم يدعه حتى ينظر فيما نوى به، فان سلمت له النية فبالحرى ان يسلم سائر ذلك).[٢٣٩] واتە: (باوەڕدار: ئەگەر قسەیەك یان وتەیەك بڵێت، خودا وازی لێناهێنێت لەسەر ئەو وتەیەی هەتا تەماشای کارەکەی دەکات گەر کردەوەکەشی بەگوێرەی قسەکەی بێت، وازی لێ ناهێنێت هەتا تەماشای خۆ دوورگرتنی دەکات لەقەدەغەکراوەکان وە گەر خۆدوورگرتنی لەقەدەغەکراوەکان گونجاو بێت لەگەڵ وتە وکردارەکانیدا، وازی لێ ناهێنێت هەتا تەماشای نیەتەکەی دەکات، گەر ئەو کەسە بێ زیان بێت لە نیەتەکەیدا و تەنها بۆ خودا بێت، ئەو کات وتە وکردار و خۆدوورگرتنەکانی بێ زیان دەبن و تەنها هەموو هەر بۆ خودا دەبن).

٩٢- باوەڕدار: (ينبغي للمؤمن أن يكون اشد حفظاً للسانه منه لموضع قدميه).[٢٤٠] واتە: (باوەڕدار: پێویستە ئاگای لە زمانی بێت باشتر لە بەئاگابوونی بۆ دانانی جێ پێیەکانی لەسەر زەوی).

٩٣- باوەڕدار: (أفضل خصلة ترجى للمؤمن ان يكون أشد الناس خوفاً على نفسه وأرجاه لكل مسلم).[٢٤١] واتە: (باشترین سیفەت کە بۆ باوەڕدار دەخوازرێت، ئەوەیە کە دەبێت لەهەموو کەس زیاتر لە لە ناوچوونی خۆی بترسێت ولە هەموو کەس زیاتر بەهیوا بێت بۆ ڕزگار بوونی هەموو موسوڵمانێك).

٩٤- باوەڕدار: (المؤمن يخالط ليعلم ويسكت ليسلم ويتكلم ليفهم ويخلو لينعم)[٢٤٢]. واتە: (باوەڕدار: بۆیە تێکەڵاوی خەڵکی دەبێت تا زیاتر بزانێت و بێدەنگ دەبێت بۆ ئەوەی سەلامەت بێت، و قسە دەکات بۆ ئەوەی زیاتر تێبگات، وە گۆشەگیر دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر بەختەوەر بێت).

---

(٢٣٩) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٥/٢٣٠).

(٢٤٠) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٣/٢٣٠)، وابن أبي الدنيا (الصمت) (٣٢) وقال محققه: اسناده صحيح.

(٢٤١) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٣/٣٣).

(٢٤٢) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٤/٦٨)، وابن ابي الدنيا (العزلة والإنفراد) (٩٩) من قول وهب بن منبه.

٩٥- باوەڕدار: (المؤمن مفكر مذكر مزدجر، تفكر فعلته السكينة، وتذكر فوصل القرية، وازدجر فباين الحوبة، سكن فتواضع، قنع فلم يهتم، رفض الشهوات فصار حراً، القي الحسد فظهرت له المحبة، زهد في كل فان فاستكمل العقل، رغب في كل باق فعقل المعرفة، فقلبه متعلق بهمه، وهمه موكل بمِعاده لا يفرح إذا فرح أهل الدنيا لفرحهم، بل حزنه عليه سرمداً فهو دهره محرون وفرحه إذا ما نامت العيون، يتلو كِتاب الله يردده على قلبه فمرة يفزع قلبه، ومرة تهمل عيناه، يقطع الله عنه الليل بالتلاوة، ويقطع عنه النهار بالخلوة مفكراً في ذنوبه، مستصغراً لأعماله).[٢٤٣]

واتە: (باوەڕدار: بەیادەیە بەبیرەو بەترسە، بیردەکاتەوە ئارامی زیاتر بانی بەسەردا دەکێشێت، بەیاد دێتەوە وزیاتر چاکە لەگەڵ خزمەکانیدا ئەنجام دەدات، دەترسێت و زیاتر خۆی لە گوناە بەدوور دەگرێت، باوەڕدار ئارام بوو زیاتر خۆبەکەمزان بوو، بەقەناعەت بوو زیاتر خۆی بەدوورگرت لەخەفت، سەرپێچی ئارەزووەکانی کرد و بووە کەسێکی ئازاد، بەر چاوتەنگی فرێداو بووە خۆشەویستی هەمووان، نەویست بوو لەوانەی کە لەناو دەچن بەمەش بووە خاوەن ژیریی تەواو، و بەویست بوو لەوانەی کە پاداشتەکەی هەردەم دەمێنێتەوە و بەمەش بووە خاوەنی عەقڵێکی پڕ زانیاری، دڵی تەنها پەیوەستە بەخەفەتەکەیەوە، وەخەفەتیشی تەنها وابەستەیە بە زیندووبوونەوەی ڕۆژیی دوایی، دڵخۆش نابێت بەوشتانەی کە خەڵکی دونیا دڵخۆش دەکات، بەڵکو خەفەتبارە بۆ حاڵی دونیایی و هەردەم لەو خەفەتدایە، دڵخۆشی ئەو تەنها لەشەودایە کاتێك چاوەکان دەخەون ئەو بێدارە و کتێبەکەی خودا دەخوێنێتەوە و بەسەر دڵیدا دووبارەی دەکاتەوە، و هەندێ جار دڵی ڕادەچەڵەکێت و هەندێ جاریش فرمێسك لە هەردوو چاوی دێتەخوار، بەپشتیوانی خوا شەو دەباتە سەر بەخوێندنەوەی کتێبەکەی خودا، وەرۆژی پێ دەباتە سەر بەگۆشەگیری (لەشوێن کارەکەی خۆیدا)، و هەردەم گوناهەکانی بەبیری خۆی دێنێتەوە وهەردەم چاکەکانی بەکەمدەزانێت).

(٢٤٣) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٤/٦٩، ٦٨).

٩٦- باوەڕدار: (المؤمن كمثل رجل غرس نخلة وهو يخاف ان يحمل شوكاً...)[٢٤٤] واتە: (باوەڕدار: وەك پیاوێکە دارخورمایەك بڕوێنێت و دەترسێت دڕك و دالّەهەڵگرێت).

٩٧- باوەڕدار: (المؤمن مشغول بخصلتين والمنافق مشغول بخصلتين: المؤمن بالعبر والتفكر والمنافق بالحرص والأمل..).[٢٤٥] (باوەڕدار: بەدوو سیفەت سەرقاڵە.. دووڕووش بەدوو سیفەت سەرقاڵە.. باوەڕدار بە پەند وەرگرتن بیرکردنەوە و دووڕووش بە ئومێدو چاوچنۆکی).

٩٨- باوەڕدار: (المؤمن في الدنيا كمثل رجل على خشبة في البحر وهو يقول: يا رب !يا رب !لعل الله أن ينجيه).[٢٤٦] (باوەڕدار: لەدنیادا هاوێتەی پیاوێکە لەسەر تەختەیەك لەناو دەریادایە دەڵێت: ئەی پەروەردگارم، ئەی پەروەردگارم، بەو هیوایەی بەڵکو خوای گەورە ڕزگاری بکات).

٩٩- باوەڕدار: (المؤمن يأخذ من الدنيا بالخوف، ويمسك بالشدة، وينفق للهِ خالصاً في الطاعة).[٢٤٧] (باوەڕدار: دونیای بە ترس وەرگرتووە، وە لەناویشدا دەست پێوەگرە ولەچاکەکانیشدا تەنها لەبەر خوا دەبەخشێت).

١٠٠- باوەڕدار: (لو وزن خوف المؤمن ورجاؤه لوجدا سَواء لايزيد احدهما على صاحبه).[٢٤٨] واتە: (ئەگەر ترسی باوەڕدار و هیواکەی بکێشرێت، بەیەکسانی دەبینرێت و هیچیان لەسەر ئەوی تریان زیاد نابێت).

١٠١- باوەڕدار: (إنَّ المؤمن الذي يخاف الله لا يسمن ولا يزداد لونه الاّ تغيراً).[٢٤٩] واتە: (ئەو باوەڕدارەی کەلە خوا دەترسێت قەڵەو نابێت و تا دێت ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت).

---

(٢٤٤) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٦٨/٨) من كلام شقيق البخي (رحمه الله).

(٢٤٥) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٧١/٨)من كلام شقيق البخي (رحمه الله).

(٢٤٦) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٢٣٥/٢)، وابن ابي شيبة في (المصنف) (٤٨٤/١٣)، وأحمد في(الزهد) (٢٧٣/٢)، وابن الجوزي (صفة الصفوة) (١٣٧/٣)، والبيهقي (الشعب) (١٠٧٤) وقال محققه: رجاله ثقات وهو من قول مورق العجلي.

(٢٤٧) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٧٩/٨).

(٢٤٨) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٢٠٨/٢)، وابن ابي شيبة في (المصنف) (٤٧٨/١٣)، وأحمد في (الزهد) (١٩٤/٢)، والبيهقي (الشعب) (٩٣٣) وقال محققه: رجاله ثقات. من قول مطرف بن الشخير.

(٢٤٩) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٥/٣).

١٠٢- باوەڕدار: (المؤمن يحب المؤمن حيث كان).[٢٥٠] (باوەڕدار: باوەڕداری خۆشدەوێت لەهەر شوێنێك بێت).

١٠٣- باوەڕدار: (إن المؤمن لا يحرز دينه إلا حفرته).[٢٥١] (باوەڕدار: تەنها گۆڕەکەی ئاینەکەی بۆ دەپارێزێت).

١٠٤- باوەڕدار: (العلم ضالة المؤمن يغدو في طلبه فكلما أصاب منه شيئا حواه ويطلب إليه غيره).[٢٥٢] واتە: (زانست ونبوو نێچیری باوەڕدارە و هەر لەبەرەبەیانەوە بەدوایدا دەچێت هەر کاتێك زانستێکی دەست خست هەڵیدەگرێت و بەداوای زانستی تردا دەگەڕێت).

١٠٥- باوەڕدار: (ان ادنى حالات المؤمن ان يكون قائمًا وخيُر حالات الفاجر ان يكون نائماً).[٢٥٣] واتە: (نزمترین حاڵەتەکانی باوەڕدار ئەو کاتەیە کە بەخەبەر و وەستاو بێت، وە باشترین حاڵەتەکانی خراپەکار ئەوکاتەیە کە نوستووە و لەخەودا بێت).

١٠٦- باوەڕدار: (مثل المؤمن الفقير كمثل المريض عند الطبيب العالم بدائه تطلع نفسه إلى أشياء يشتهيها لو أصابها أهلكته كذلك يحمي الله تعالى المؤمن).[٢٥٤] واتە: (نمونەی باوەڕداری هەژار وەك نمونەی نەخۆش وایە کەلەلای پزیشکێکە زانایە بە نەخۆشییەکەی، دڵی لای چەندەها شتەکە ئارەزووی دەکات، ئەوانە گەردەستی کەوێت لەناوی دەبات، ئابەو جۆرەش خودا بڕوادار دەپارێزێت لەو شتانەی کەدەبێتە هۆی لەناوچوونی).

١٠٧- ئیبن مەسعود ﷺ دەفەرموێت: (إنَّ المؤمن يرى ذنوبه كأنه قاعد تحت جبلٍ

---

(٢٥٠) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٨/٢٣).

(٢٥١) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٤/٦)، وابن ابي شيبة في (المصنف) (١٣/٥٣٧) (٣٦٤٨٦) من قول طاوس.

(٢٥٢) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٣/٣٥٤)، وابن ابي شيبة في (المصنف) (٢٤/٥٩) (٣٦٨٦٤) من عبدالله بن عُبيد.

(٢٥٣) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٥/٢١١).

(٢٥٤) أخرجه: ابو نعيم في (الحلية) (٦/١١٩).



يخاف ان يقع عليه، وان الفاجر يرى ذنوبه كذُباب مرَّ على أنفه فقال به هكذا)[٢٥٥]. واتە: (باوەڕدار تاوانەکانی وادەبینێت وەک کەسێک لەژێر چیایەکدا دانیشتبیت و بترسێت بروخێت بەسەریدا). تاوانباریش تاوانەکانی وادەبینێت وەک مێشێک بەلای لوتیدا تێپەڕبێت و بەدەستی لەخۆی دوربخاتەوە).

١٠٨- ئیبن مەسعود ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن يألف و لا خير فيمن لا يألِفْ و لا ئؤلَفْ)[٢٥٦]. (واتە: باوەڕدار لەگەڵ خەڵکدا گونجاوە و هیچ چاکە و خێر لەکەسێکدا نیە کە لەگەڵ کەسدا نەگونجێت و کەسیش لەگەڵیدا نەگونجێت).

١٠٩- ئەبوهورەیرە ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن مرآة أخيه إذا رأى فيه عيباً أصلحه)[٢٥٧]. واتە: (باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە گەر کەم و کوڕی تێدا ببینێت چاکی دەکات).

١١٠- ئیبن مەسعود ﷺ دەفەرموێت: (ان الحلم والحياء والعيَّ (عي اللسان) والفقه من الايمان)[٢٥٨]. واتە: (تورەنە بوون لەگەڵ شەرم و کەم قسەکردن و تێگەیشتن لەئاین هەموو نیشانەی باوەڕدارن).

١١١- حەسەنی بەصری ﷺ دەفەرموێت: (والله ما مضى مؤمن قط و لا بقي الاَّ و هو من النفاق مشفق)[٢٥٩]. واتە: (سوێند بەخوا هەر باوەڕدارێك لەمەوپێش ڕۆیشتوە و ئەوەش کەماوە هەر هەموویان لەدووڕووی ترساون).

١١٢- عەطاء ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن لا يتم له فرح يوم)[٢٦٠]. واتە: (باوەڕدار: یەك ڕۆژ بەخۆشی بەسەریدا تێناپەڕێت).

---

(٢٥٥) أخرجه: البخاري (٦٣٠٨)، وابن ابي شيبة (٣٥٦٨٠)، والبيهقي (الشعب) (٧١٠٤).

(٢٥٦) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (٣٥٦٨٦)، وابو نعيم (الحلية) (٤/٢٥٤)، والطبراني (الكبير) (٨٩٧٦)، البيهقي (شعب الإيمان) (٧٧٦٨).

(٢٥٧) أخرجه: البخاري (الادب المفرد) (٢٣٨)، وقال الالباني في (صحيح الادب المفرد) (١٧٧): اسناده حسن.

(٢٥٨) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (٣٦٧٢٤)، وابن ابي الدنيا (٣٢٩) مختصراً وقال محققه: اسناده صحيح.

(٢٥٩) أخرجه: البيهقي (الشعب) (٨٥٩)، والفريابي (صفة المنافق) (٨٧) وقال محققه: اسناده صحيح.

(٢٦٠) أخرجه: البيهقي (الشعب) (١٠١١٧).

١١٣- عەبدوڵڵای کوڕی موحومەدی کوڕی مەنازل ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن يطلبُ معازير أخوانه)[٢٦١]. واتە: (باوەڕدار: بەردەوام پۆزش بۆ برایانی دێنێتەوە).

١١٤- حەسەنی بەصری ﷺ دەفەرموێت: (انَّ المؤمن رزق حلاوة و مهابة)[٢٦٢]. واتە: باوەڕدار: (شیرینەو خودا شکۆ و ڕێزی پێبەخشیوە).

١١٥- حەسەنی بەصری ﷺ دەفەرموێت: (إنَّ المؤمن لا يصبح الا خائفاً ولا يصلحه الاّ ذلك لانه بين ذنبين ذنبٌ مضى لا يدري كيف يصنع الله فيه و أجل مايدري ما كتب عليه فيه)[٢٦٣]. واتە: (باوەڕدار: لەسەرمتای ڕۆژەوە لەترسدایە و تەنها ترسیش بەکەڵکی ئەو دێت. چونکە ئەو لەنێوان دوو گوناە دایە، گوناهێك کەپێشتر ئەنجامی داوە و نازانێت خودا چی لێدەکات لەسەری، وە ماوەیەك تەمەنی لەدونیادا ماوە نازانێت چی لێدێتە پێش و بەسەریدا دێت).

١١٦- هەروەها فەرموویەتی: (المؤمن اذا اراد ان يتكلم نظر فان كان كلامه له تكلم و ان كان عليه أمسك)[٢٦٤]. واتە: (باوەڕدار گەر مەبەستی قسەکردن بێت تەماشا دەکات گەر قسەکە لەبەر ژەوەندی دابوو دەیڵێت و گەر لەبەرژەوەندیدا نەبێت نایڵێت).

١١٧- هەروەها فەرموویەتی: (ان المؤمنين قوم ذلت والله منهم الاسماع و الابصار والابدان حتى حسبهم الجاهل مرضى و هم والله اصحاب القلوب)[٢٦٥]. واتە: (باوەڕدار: کەسانێکە سوێند بەخودا چاوو گوێ و جەستەیان مل کەچە بۆ خوا، نەزان گەر بیان بینێت وادەزانێت ئەوانە نەخۆشن بەڵام سوێند بەخوا هەر ئەوانن خاوەنی دڵی ڕاستەقینەن).

---

(٢٦١) أخرجه: البيهقي (الشعب) (١١١٩٧) ورقم (١٠٦٨٣) وقال محققه: اسناده لاباس فيه.

(٢٦٢) أخرجه: (نضرة النعيم) (٥٨٤/١).

(٢٦٣) أخرجه: أحمد (الزهد) (٢٤٢/٢).

(٢٦٤) أخرجه: ابن ابي الدنيا (الصمت) (٨٨) وقال محققه: اسناده ضعيف، و ابن ابي شيبة (المصنف) (٣٦٣٣٨).

(٢٦٥) أخرجه: ابن مبارك (الزهد) (٣٩٧)، والطبري (التفسير) (٢٠/١٩)، وابي نعيم (الحلية) (١٥٣/٢).



١١٨- هەروەها فەرموویەتی: (المؤمن قوام على نفسه يحاسب نفسه لله)[٢٦٦]. واتە: (باوەڕدار: چاودێرە بەسەر خۆیەوە و بەردەوام لێ پێچینەوە لەگەڵ خۆیدا دەکات).

١١٩- هەروەها فەرموویەتی: (المؤمن جمع احساناً وشفقه (اي: الخوف) والمنافق جمع اساءة وغرَّة)[٢٦٧]. واتە: (باوەڕدار: کارەکانی بەچاکی ئەنجام دەدات و دەترسێت لێی وەرنەگرێت بەڵام دوو ڕوو کارەکانی پڕ لەکەم و کوڕی ئەنجام دەدات و هەڵخەڵەتاوەکە لێی وەردەگرێت).

١٢٠- هەروەها فەرموویەتی: (المؤمن شعبة من المؤمن... يفرح لفرحه و يحزن لحزنه و هو مرآة أخيه ان رأى منه عيباً سدّده وقوّمه و وجهه و أحاطه في السرِّ و العلانية...)[٢٦٨]. واتە: (باوەڕدار: بەشێکە لە باوەڕدار و دڵخۆشی بەدڵخۆی براکەی و خەفەتبارە بەخەفەتی ئەو خۆی بەئاوێنە دەزانێت بۆ براکەی و گەر شتێك لەبراکەیدا ببینێت وێڕای باش نەبێت ڕاستی دەکاتەوە و ڕێکی دەکات و ڕووەو چاکە دەیبان و پارێزگاری لێ دەکات بە نهێنی و ئاشکرا).

١٢١- هەروەها فەرموویەتی: ((لمؤمن لم يأخذ دينه عن رأيه و لكن اخذه من قبل الوحي)[٢٦٩]. واتە: (باوەڕدار: ئاینەکەی لەڕاو بۆ چوونی خۆیەوە وەرنەگرت وە بەڵکو لەڕێی نیگای قورئان و سونەتەوە وەری گرتووە).

١٢٢- هەروەها فەرموویەتی: (ان المؤمن لا يأمن شيئاً حتى يلقي الله تبارك وتعالى يعلم انّه مأخوذ عليه في سمعه و بصره و لسانه و جوانحه)[٢٧٠]. واتە: (باوەڕدار: متمانەی بەهیچ لەکارەکانی نیە تادەگاتەوە بەخوای خۆی و باش دەزانێت کەبەر پرسیارە سەبارەت بەبەکار هێنانی چاو و گوێ و زمان و ئەندامەکانی تری لاشەی).

---

(٢٦٦) أخرجه: ابن ابي الدنيا (محاسبة النفس) (٣٤)، والدينوري (المجالسة) (١٥٥٦)، وابن ابي شيبة (٣٦٣٥٧)، وابن مبارك (الزهد) (٢٩٢).

(٢٦٧) أخرجه: الطبراني (الاوسط) (٥٨٣)، وقال الهثمي (المجمع) (٧٦/٩): اسناده حسن.

(٢٦٨) أخرجه: ابن مبارك (الزهد) رقم (٦١٤).

(٢٦٩) أخرجه: الفريابي (صفة المنافق) (٤٩) وقال محققة: اسناده صحيح، وانظر (المجالسة) (١٨٣٩).

(٢٧٠) أخرجه: ابن ابي الدنيا (محاسبة النفس) (١٧، ١٤٩)، والدينوري (المجالسة) (١٥٥٦)، وابن الجوزي (صفة الصفوة) (١٢٨/٣).

١٢٣- هەروەها فەرموویەتی: (ان المؤمن اسير في الدنيا يسعى في فكاك رقبته)[٢٧١]. واتە: (باوەڕدار: خۆی بەیەخسیرو دەست بەسەر دەزانێت لەدونیادا و هەردەم لە ئەنجامدانی کارە چاکەکاندایە تاخۆی پێ ئازاد بکات).

١٢٤- هەروەها فەرموویەتی: (ان المؤمنين قوم او ثقهم القرآن و حالهم بينهم و بين هلكتهم)[٢٧٢]. واتە: (باوەڕدار: کەسانێکن قورئان بەستونیەتەوە کەوتومتە نێوان ئەوان و لەناو چوونیان).

١٢٥- هەروەها فەرموویەتی: (لا تلقي المؤمن الا (وهو) يعاتب نفسه ماذا اردت بكلمتي وماذا اردت بأكلتي)[٢٧٣]. واتە: (باوەڕدار: هەرکات ببینیت لۆمەی خۆی دەکات و دەڵێت: ئەو گفتارو قسەیەم بۆ کرد؟ و ئەو نانەم بۆ خوارد؟).

١٢٦- هەروەها فەرموویەتی: (ان المؤمن تلقاه الزمان بعد الزمان بامر واحد و وجه واحد و نصيحة واحدة، وان المنافق تلقاه متلوناً يشاكل مع كل قوم و يسعى مع كل ريح)[٢٧٤]. واتە: (باوەڕدار: سالّ لەدوای سالّ دەیبینیت یەک باوەڕی هەیە، یەک ڕووی هەیە، یەک ئامۆژگاری هەیە، بەڵام دوو ڕوو دەیبینیت ڕەنگاو ڕەنگە و هەر ڕۆژێك لە ڕەنگێکدایە، لەگەڵ هەموو کەسانێکدا خۆی ڕێك دەخات و هاو کۆڕیان دەبێت، و بەدوای هەموو خاوەن دەسەڵاتێکدا غار دەدات).

١٢٧- هەروەها فەرموویەتی: (إنَّ من اخلاق المؤمن قوةً في الدين، و حزماً في لين، و ايماناً في يقين، و حرصاً على علمٍ، و شفقةً في تفقه، وقصداً في عبادةٍ، و رحمةً للمجهودو اعطاءً للسائل، ولا يحيف على من يبغض، و لا يأثم فيمن يحب، في الزلازل وقور، وفي الرَّخاء شكور، قانعٌ بالذي له، ينطقُ ليفهم، ويسكتُ ليسلم، ويقر بالحقِ ان يشهد عليه)[٢٧٥].

---

(٢٧١) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (٣٦٣٥٧)، وابن ابي الدنيا (محاسبة النفس) رقم (٧)، وابن مبارك (الزهد) (٢٩٢).

(٢٧٢) أخرجه: ابن ابي الدنيا (محاسبة النفس) (١٤٩)، وابن الجوزي (صفة الصفوة) (١٢٨/٣). وابن مبارك (الزهد) (٢٩٢)، وابن القيم (اغاثة اللهفات) (٩٦).

(٢٧٣) أخرجه: ابن ابي الدنيا (محاسبة النفس) (٢٤)، وابن مبارك (الزهد) (٢٩٢)، وابن القيم (اغاثة اللهفان) (٩٦). وأخرجه: هناد (الزهد) (١٢٢٣)، والدينوري (المجالسة) (١٩٣٦).

(٢٧٤) أخرجه: هناد (الزهد) (١٢٢٣)، والدينوري (المجالسة) (١٩٣٦).

(٢٧٥) أخرجه: ابن عبد البر (جامع بيان العلم) (٩٠٦).



واتە: (باوەڕدار: ڕەوشتەکانی بەم جۆرەن: بەهێزە لەدین داریدا، و خۆگرە لە نەرمیدا، دڵنیایە لە باوەڕدا، سوورە لەسەر وەرگرتنی زانست، خاوەن ترسە لە تێگەیشتندا، زیادە ڕۆنیە لە عیبادەتدا، بەبەزەییە بۆ لێقەوماوان، یارمەتی دەرە بۆ هەژاران، ستەم ناکات لەکەسێك ڕقی لێی بێت، خۆی گوناهبار ناکات بۆ کەسێك کە خۆشی بوێت، لەمەترسیەکاندا سەنگین و لەسەرخۆیە، لە خۆش گوزەرانیدا سوپاس گوزارە، قەناعەتە هەیە بەوەی کەهەیەتی، قسە دەکات تا بەرامبەر لێ ی تێبگات، وە دان بە ڕاستیەکاندا دەنێت گەر شایەتی لەسەر بدرێت).

١٢٨- هەروەها فەرموویەتی: (قلبُ المؤمن و راءلسانه فإذاهم بامر تدَّبرهُ فان كان خيراً تكلَم به وان كان غير ذلك سكت)[٢٧٦]. واتە: (باوەڕدار دڵی لەدوای زمانیەوەیەتی، گەر کارێك بۆی هاتە پێش بیری لێدەکاتەوە گەر چاك بوو قسەی تیادا دەکات و گەر وانە بوو لێی بێدەنگ دەبێت).

١٢٩- هەروەها فەرموویەتی: (المؤمن من احسن الناس عملاً وأشد الناس خوفاً)[٢٧٧]. واتە: باوەڕدار: (کارەکانی لەهەموو خەڵکان باشتر ئەنجام دەدات، و لە هەموو خەڵکان زیاتر دەترسێت کەلێی وەرنەگرێت).

١٣٠- ئیبن مەسعود ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن أصح الناس قلباً وامرضهم جسماً)[٢٧٨]. واتە: باوەڕدار: (دڵی لەهەموو خەڵکان ساغ تر، جەستەی لە هەموو خەڵکان نەخۆشترە).

١٣١- مالیکی کوڕی دینار ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن كريم في كل حاله)[٢٧٩]. واتە: باوەڕدار: (خاوەن ڕێزە لەهەموو دۆخ وکاتەکانی ژیانیدا).

---

(٢٧٦)ابن ابي شيبة (المصنف) (٣٦٣٣٨).

(٢٧٧) أخرجه: ابي نعيم (حلية الاولياء) (١٥٣/٢).أخرجه: أحمد (الزهد) (١٦٣)، وهناد (الزهد) (٤٢٧)، وابن الجوزي (صفة الصفوة) (١٨٣/١).

(٢٧٨) أخرجه: أحمد (الزهد) (١٦٣)، وهناد (الزهد) (٤٢٧)، وابن الجوزي (صفة الصفوة) (١٨٣/١).

(٢٧٩) أخرجه: ابن ابي الدنيا (مكارم الاخلاق) (٥٤).أخرجه: ابن عساكر (التأريخ) (٣٤٢/٢٤)، و ابن قتيبة (عيون الاخبار) (٣١٣/٢٤)، والدينوري (المجالسة) (١١٢٨).

١٣٢- ئەحنەفی کوڕی قەیس ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن لا يغتاب)[٢٨٠]. واتە: (باوەڕدار: هەرگیز لەپاشەملە باسی خەڵکی ناکات).

خەلەفی کوڕی تەمیم ﷺ دەفەرموێت: (من علامة المؤمن ان يطلب أعلى الدرجتين في أموره كُلِها حتى يبلغ منازل الابرار)[٢٨١]. واتە: (باوەڕدار: لەهەموو کارەکانیدا هەوڵ دەدات بەرزترین پلە بەدەست بهێنێت تا خۆی دەگەیەنێتە جێگەو پلەی چاکەکاران).

١٣٣- مەطەرو ئەلوەراق ﷺ دەفەرموێت: (لا يغفل الرجل المؤمن حتى يلهو...)[٢٨٢]. واتە: (باوەڕدار: هەرگیز بێ ئاگا نابێت تا بکەوێتە گاڵتەو گەپەوە).

١٣٤- مەیمون کوڕی هەران ﷺ دەفەرموێت: (قلب المؤمن مجلو مثل المرآة ما يأتيه الشيطان من ناحية الأبصرهُ)[٢٨٣]. واتە: (باوەڕدار: دڵی خاوێنە وەک ئاوێنە، شەیتان لەهەر لایەکەوە بۆی بێت دەیبینێت).

١٣٥- عەلی کوڕی حسێن کوڕی عەلی ﷺ دەفەرموێت: (انَّ المؤمن من خلط عمله بحلمه يسأل ليعلم، ويصمت ليسلم، لايُحَدث بالسرِّ والامانة الاصدقاء، ولا يتكلم الشهادة البعداء، ولايحيف على الاعداء، ولا يحمل شيئاً من الحق رياءً, ويدعهُ حياءً, فان ذكر بخير خاف ما يقولون واستغفر لما لا يعلمون)[٢٨٤]. واتە: (باوەڕدار کەسێکە زانایەو لەسەر خۆیە، پرسیار دەکات تا زیاتر بزانێت، بێ دەنگ دەبێت تاسەلامەت بێت، سپاردە و نهێنیەکان لای هاوڕێیان باس ناکات،و شایەتیش لەکەسانی دوور ناشارێتەوە، و ستەمیش لەدوژمنان ناکات، هیچ هەقێك هەڵناگرێت بۆ ڕووپامای، و هیچ هەقێکیش لەبەر شەرم کردن واز لێناهێنێت، گەر بەچاکە ناوبرا دەترسێت لە پیاهەڵدانی ئەوان و داوای لێ خۆش بوون دەکات لەخوا بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەوان پێی نازانن).

(٢٨٠) أخرجه: ابن عساكر (التأريخ) (٣٤٢/٢٤)، وابن قتيبة (عيون الاخبار) (٣١٣/٢٤)، والدينوري (المجالسة) (١١٢٨).

(٢٨١) أخرجه: ابن عساكر (التأريخ) (١٣٥/٢٣)، والدينوري (المجالسة) (٣٣٥٠).

(٢٨٢) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (٣٦٨٢٣).

(٢٨٣) أخرجه: ابن الجوزي (صفة الصفوة) (١٣٠/٤).

(٢٨٤) أخرجه: ابن عبدالبر (جامع بيان العلم وفضلة) (رقم: ٩٠٧).



١٣٦- شومەیط کوڕی عەجلان ﷺ دەفەرموێت: (انَّ المؤمن اتخذ كتاب الله عزوجل مرآة... تلقاه حزيناً كالسهم المرمي شوقاً الى شوق الله عزوجل اليه و هرباً مما خوفه الله عنه)[٢٨٥]. واتە: (باوەڕدار: قورئانی کردۆتە ئاوێنەی خۆی.... بەردەوام غەمبارە وەك تیرێکی فڕێدراو، تامەزرۆیە بۆ ئەو کارانەی کە دەیگەیەنن بەڕازی بوونی خوا، ڕادەکات لەوشتانەی کەخودا ترساندویەتی لێی).

١٣٧- هەروەها دەفەرموێت: (ان المؤمن ابصر الدينا فأنزلها منزلتها فان هي اقبلت عليه قال: لا مرحباً و لا اهلاً و الله ما أراك جئت بخيرالا ان تطلب به الجنة و يفتدي بك من النار، فان هي أدبرت عنه قال: عليك العفاء و على من يتبعك الحمد لله الذي خارلي و صرف عني فتنتك و شغلك)[٢٨٦]. واتە: (باوەڕدار: دونیای ناسیووە و بینیووە و لەپلەی خۆیدا داناوە گەر دونیا بەرەو پیری هات، دەڵێت: پێشوازیت لێ نەبێت و پەیوەندیت بەمنەوەنیە و بەخوا نەم بینیووە چاکەیەکت لەگەڵ خۆت بۆ من نەهێنا بێت مەگەر شتێکت پێبێت من بەهەشتی پێ داوا بکەم یاخود خۆمی پێ ئازاد بکەم لەدۆزەخ، وەگەر دونیا پشتی تێکرد دەڵێت:خۆت و شوێنکەوتوانت بەخێرچن سوپاس بۆ خوا کە تۆی بۆ من هەڵنەبژاردو هەڵخەڵەتاندن و سەرقاڵبوون بە تۆوەی لە من دوور خستەوە).

١٣٨- هەروەها دەفەرموێت: (إنَّ الله عزوجل جعل قوة المؤمن في قلبه و لم يجعلها في اعضائه الا ترون ان الشيخ يكون ضعيفاً يصوم الهواجر و يقوم الليل والشاب يعجز عن ذلك)[٢٨٧]. واتە: (باوەڕدار: خودای بەرزو شکۆدار هێزی باوەڕداری خستوەتە دڵیەوە و نەیخستوەتە ئەندامەکانی جەستەیەوە، ئەوەتا کەسێکی پیر بەڕۆژە درێژە گەرمەکان بەڕۆژوو دەبێت و شەوە (سارده درێژە کانیش) شەو نوێژ دەکات، بەڵام کەسێکی گەنج (دەگمەنە) ئەوەی پێ ئەنجام بدرێت).

---

(٢٨٥) أخرجه: ابن الجوزي (صفة الصفوة) (٣/١٨٨).

(٢٨٦) أخرجه: ابن الجوزي (صفة الصفوة) (٣/١٨٨).

(٢٨٧) أخرجه: ابن الجوزي (صفة الصفوة) (٣/١٨٦).

١٣٩- هەروەها دەفەرموێت: (رأس مال المؤمن دينه)[٢٨٨]. واتە: (باوەڕدار: سەرمایەکەی تەنها ئاینەکەیەتی).

١٤٠- سەلەمە کوڕی کوهەیل ﷺ دەفەرموێت: (لو كان المؤمن على قصبة في البحر لقيض الله له من يؤذيه)[٢٨٩]. (واتە: باوەڕدار: گەر لەسەر تەختەیەکدا بێت (لەدەریایەکی چۆڵدا) خودا هەر ئازار دەرێکی بۆ دەرەخسێنێت).

١٤١- خالید کوڕی عەبدوڵلای عەصری العصري ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن لا تلقاه الا في ثلاث خلال: مسجد يعمره أو بيتٌ يستره او حاجه لا بأس بها)[٢٩٠]. واتە: (باوەڕدار: دەبینیت سەرقاڵە بەسێ شتەوە: یا لەمزگەوتایەو ئاوەدانی دەکاتەوە بەزکرو نوێژو عیبادەتەکانی تر، یا لەماڵەکەی خۆیدایەو کەم و کوڕیەکانی خۆی پێ دادەپۆشێت، یا لە ئەنجامدانی کارێکی پێویست و بێ کێشەیە).

١٤٢- طەلحە ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن الذي ان أُعطي شكر وان ابتلي صبر)[٢٩١]. (واتە: باوەڕدار: کەسێکە گەر نیعمەتی بدرێتێ سوپاس گوزار دەبێت و گەر تاقی بکرێتەوە ئارامگر دەبێت).

١٤٣- ئیمامی موحەمەدی کوڕی عەلی تورمزی ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن بشرة في وجهه و حزنه في قلبه)[٢٩٢]. واتە: (باوەڕدار: دڵخۆشیەکەی لەڕوخساریدایە، و غەمباریەکەی لە دڵدایە).

١٤٤- هەندێك لەسەلەف دەفەرموون: (المؤمن من عبد الله بالخوف و الرجاء و المحبة)[٢٩٣]. واتە: (باوەڕدار: کەسێکە خودا دەپەرستێت بەترس و هیوا و خۆشەویستیەوە).

---

(٢٨٨) أخرجه: ابن الجوزي (صفة الصفوة) (٣/١٨٧).

(٢٨٩) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (٣٦٣٩٠).

(٢٩٠) أخرجه: ابن الجوزي (صفة الصفوة) (٣/١٢٦).

(٢٩١) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (٣٦٦٦٠).

(٢٩٢) أخرجه: ابن الجوزي (صفة الصفوة) (٤/١١٦).

(٢٩٣) أخرجه: ابن رجب (التخويف من النار) (ص: ٢١).

١٤٥- ئیبن عەبدلبەر ﷺ دەفەرموێت: (ان المؤمن و ان ابغض في الله لايحمله بغضه على ظلم من ابغضه)[٢٩٤]. واتە: (باوەڕدار: هەرچەندە کەسێکی لەبەر خوا ڕق لێبێت، ئەو ڕق لێ بوونەی نایگەیەنێتە ئەوەی ستەمی لێ بکات).

١٤٦- بەشیری کوڕی نوهەیك ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن القوي مثل النخلةِ تؤتي اكلها كا حين وفي ضلها مثل ذلك ولا تقلبها الريح)[٢٩٥] واتە: (باوەڕداری بەهێز وەك دار خورمایە هەموو کات سێبەر و بەروو بوومی خۆی هەیە و و بای بە هێزیش لەبنی ناهێنێت).

١٤٧- سەلمانی فارسی ﷺ دەفەرموێت: ((المؤمن للمؤمن كاليدين تقي إحداهما الاخرى))[٢٩٦]. واتە: (باوەڕدار بۆ باوەڕدار وەك دوو دەست وان یەکتری دەپارێزن).

١٤٨- حەسەنی بەصری ﷺ دەفەرموێت: (المؤمن يداري دينه بثيابه)[٢٩٧]. واتە: (باوەڕدار بەجل و بەرگەکەیدا دینداریەکەی دەناسرێتەوە).

١٤٩- فوضەیلی کوڕی عەیاض ﷺ دەفەرموێت: (سبحان اللسان سجن المؤمن وليس أحد اشدَّ غماً ممن سجن لسانه)[٢٩٨]. واتە: (بەندکردنی زمان بەندیخانەی بڕواداره و هیچ کەسێك غەمبار ترنیە لەو کەسەی کە زمانی خۆی بەند کردووە).

١٥٠- هەرومها دەفەرموێت: (لايكون (العبد) مؤمناً حقاً يؤثر دينه على شهوته)[٢٩٩] واتە: (هیچ بەندەیەك بڕواداری ڕاستەقینە نابێت تا ئاینەکەی لاپڕ بایەخ تر بێت لە ئارەزووەکانی...).

---

(٢٩٤) انظر: (التمهيد) (٩/١٤٠).

(٢٩٥) أخرجه: ابن أبي شيبة (الايمان) (٨٨) وقال محققه: الشيخ الألباني: اسناده صحيح.

(٢٩٦) أخرجه: البيهقي (شعب الإيمان) (٧٢٨٨).

(٢٩٧) أخرجه: البيهقي (شعب الإمان) (٥٨٠٦) وقال محققه: إسناده لابأس به.

(٢٩٨) أخرجه: ابو نعيم (الحلية) (٨/١٠)، وابن ابي الدنيا (الصمت) (٦٥١) وقال محققه: رجاله ثقات.

(٢٩٩) أخرجه: عبدالله بن أحمد (كتاب السنة) (٨١٨) عن أبيه عن فضيل رحمهما الله تعالى.



باش وەك نمونەی باریکی قورس وایە بەسەر شانی پیاوێکی بەسالاچودا).

لەم ڕووەوە لەفەرموودەی (صحیح) داهاتووە کە خودا نزای پیاوێك ومرناگرێت کە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی خراپدا ئەنجام دابێت ئەبو موسای ئەشعەریی ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ثلاثةٌ يدعون الله عزوجل فلا يُستَجابُ لهم:رجلٌ كانت تَحتَهُ امَرأةُ سيئةُ الخُلقِ فلم يطلقها...))[٣٠٥] واتە: (سێ کەس نزا و داوا لە خوا دەکەن و داوا و نزایان ومرناگیرێت یەکێکیان پیاوێکە هاوسەرەکەی ژنێکی خراپە و تەلاقی نادات و خۆی لێ جیاناکاتەوە...).

بەڵام لەڕاستیدا ژنی باش و پیاوی باش بەگشتی زۆر کەمن وەك پێغەمبەر لە فەرموودەکەی ئیبنو عومەردا ﷺ دەفەرموێت: ((إنما الناسُ كابلِ مائةٍ لا تكادُ تجِدُ فيها راحلة))[٣٠٦]. واتە: (خەڵکی وەك مێگە لە وشترێکی سەد دانەیی وەهان زۆر دەگمەنە تۆ تەنها وشترێکی زۆر باش لە هەموو ڕوویەکەوە تیایاندا بەدی بکەیت).

لە گێڕانەوەیەکی تردا: ((تجدون الناس كابلِ مائةٍ لا يجُد الرجل فيها راحلة))[٣٠٧] واتە: (خەڵکی دەبینن وەکو سەدهەمین وشتری مێگەلێکن پیاو دەگمەنە وشترێکی زۆر باش لە هەموو ڕوویەکەوە تیایاندا بەدی بکات).

ئیبنو حەجەر عەسقەلانی ﷺ دەفەرموێت: (المعنى لا تجُد في مائة ابل راحلة تصلح للركوب وكذا لا تجد في مائةٍ من الناس من يصلح للصحُبة بان يعاون رفيقة ويلين جانبه، وقال ابن بطال: معنى الحديث ان الناس كثيروالمرضي منهم قليل...، وقال النووي:المرضي الاحوال من الناس الكامل الاوصاف قليل...).[٣٠٨] واتە: (لەسەد وشتردا دانەیەك نابینیت بۆ سواربوون بشێت، هەر بەو مانایە واتە لەسەد کەسدا کەسێك نابینیت بۆ دۆستایەتی بشێت و یارمەتی هاوڕێکەی بدات و لەگەڵیدا نەرم

(٣٠٥) أخرجه: الحاكم في (المستدرك) (٢/٣٠٢) وصححه على شرطهما ووافقه الذهبي، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٣٠٧٥)، وفي (سلسلة الاحاديث الصحيحة) (١٨٠٥).

(٣٠٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦٤٩٨)، والترمذي في (السنن) (٢٨٧٢)، ومسلم في (الصحيح) (٦٤٤٦).

(٣٠٧) أخرجه: مسلم (٢٥٤٧)، والترمذي (٢٨٧٢)، وأحمد (٥٦١٩) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما.

(٣٠٨) انظر: فتح الباري (١١/٤٠٧) لابن حجر العسقلاني.

و لەسەر خۆبێت). وئیبنو بطال ﷺ دەفەرموێت: (مانای ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە خەڵکی زۆرن و کەمێکیشیان لەهەموو ڕووەوە لێیان ڕازی بێت). ئیمامی نەوەویش دەفەرموێت: (کەسێکی تەواو لە هەموو ڕوویەکە وەتۆ لێی ڕازی بێت ناو خەڵکاندا زۆر دەگەمەن و کەمە).

بەڵام پێویستە بزانین کە هەموو مرۆڤ هەڵە وکەم وکوڕیان هەر دەبێت بەڵام چاکترینی خەڵکان ئەوانەیانن کەهەڵە و کەم و کوڕییەکانیان بەردەوام چاکدەکەن وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((كلُ بني أدم خطاءُ وخير الخطائين التوابون))[٣٠٩]. واتە: (هەموو نەوەی ئادەم هەڵەکارن و چاکترین هەڵکارەکانیان ئەوانەن کە بەردەوام پەشیمان دەبنەوە و هەڵەکانیان چاك دەکەنەوە)، هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((تجدون الناسُ معادن فخيارهم في الجاهلية خيارهم في الاسلام إذا فقهوا..))[٣١٠] واتە: (خەڵکان دەبینن وەك کانزا وان: چاکترینیان لە نەفامیدا چاکترینیانە لەئیسلامەتێدا گەر لە ئیسلام تێ بگەن) یان دەفەرموێت: ((كلُ شيءٍ بَقِدَر حتى العَجزُ والكيَس...))[٣١١] واتە:(هەموو شتێك بە ئاستی دیاریکراوی خوایە ژیریی و هەتا پەککەوتن و بێ دەسەڵات بوون و نەتوانین).

(٣٠٩) أخرجه: أحمد (٢١٤٢٠)، والترمذي (٢٥٠١)، وابن ماجة (٤٢٥١)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٣١٣٩).

(٣١٠) أخرجه: البخاري (٣٤٩٣)، ومسلم (٢٥٢٦).

(٣١١) أخرجه: مسلم (٢٦٥٥)، وأحمد (٥٨٩٣)، وابن حبان (٦١٤٩)، وانظر: (صحيح الجامع) (٤٥٣١) لشيخ الألباني.



بەشی حەوتەم

هاوسەرگیری ویستێکی خوداییە

هاوسەرگیری خواستێکە لە خوای گەورەمیە، (الزواج قدر من الله تعالى وحده، وحيث ان الزواج مُقدر من الله تعالى فان المخلوق ان لم يكن قد قدر الله تعالى ان يتزوج فسيظل عزباً، مهما سعى وكيفما سعى، وكما ليس للانسان اختيار في تقرير عزوبيته أو زواجه فليس له اختيار في تقرير من تكون زوجته. فهذه أمور لم يُخير الله تعالى فيها عباده، وكل ما خيرهم فيه بهذا الصدد هو طريق اشباع شهواتهم بالحلال عن طريق الزواج فيثابون عليه، أو بالحرام فيعاقبون عليه. لذا ينبغي ان لا تحمل المسلمة او المسلم هم الزواج، وان يستعين بالله تعالى ليوفق في زواج سعيد..).[٣١٢]

واتە: (هاوسەگیری قەدەر و ویستێکی خودایە، و مادەم هاوسەرگیری بڕیاردرا بێت لای خوای گەورەوە کەواتە هەر مرۆڤێك گەر خوای گەورە هاوسەرگیری بۆ دیاری نەکردبێت ئەو کەسە بێ هاوسەرو بەقەیرەیی دەمێنێتەوە هەرچەندە هەوڵ بدات و هەر چۆنێکیش بێت هەوڵەکانی. وە هەرچۆن ئادەمیزاد بڕیاری قەیرەیی وبەهاوسەربوونی لە دیاریی کردنی خۆیدانیە هەروەها لەدەسەڵاتی خۆیشیدا نیە دیاریی کردنی ئەو کەسەی کە دەبێتە هاوسەری، خوای گەورە هەڵبژاردنی ئەم کارانەی نەداوەتە دەست مرۆڤەکان. تەنها ئەوەی لەم بوارەدا دراوەتە دەستیان ڕێگەی خامۆش کردنی ئارەزووەکانیانە یا بەحەڵاڵ لە ڕێگەی هاوسەرگیریەوە تا دواجار پاداشتیان بدرێتەوە وەهەندێکیشیان بە حەرام و قەدەغەکراوەکان ئارەزووەکانیان تێر دەکەن سزا دەدرێن. کەواتە پێویست ناکات پیاوی موسوڵمان و ئافرەتی موسوڵمان خەفەت لەهاوسەرگیریان بخۆن و پێویستە داوای یارمەتی لە خوا بکەن تا هاوسەرگیریەکی بەختەوەر بەدەست بهێنن). هەڵبژاردنی هاوسەرەکان لەلایەن خوای زانا و کاربەجێ و دادپەروەر و زۆر بەبەزییەوە کە هەر ئەو زاتە تەواو شارەزایە لەبەرژەوەندی بەندەکانی خۆی وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ...وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾ ﴾

(٣١٢) انظر: كتاب (معالم التوحيد) للدكتور مروان ابراهيم القيسي. (ص: ٥٠-٥١).

(البقرة)واته: (ئایا ئێوە زاناترن یان خوای گەورە). هەروەها دەفەرموێت: ﴿...هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ مِنَ..﴿٣٢﴾﴾ (النجم) واته: (خودا شارەزاترە خێرێ ئێوە و بەرژەوەندیتان لەچیدایە)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿..وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾﴾(البقرة) واته: (خودا دەزانێت خێر وبەرژەوەندی ئێوە لەچیدایە و ئێوە نازانن).هەروەها دەفەرموێت: ﴿..فَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾﴾(النساء) واته: (بەدڵنیاییەوە شتی وایێ دەکەوێت هەموتان پێتان ناخۆشە و بەڵام خوای گەورە خێرێکی گەورەی ئێوە تێ دەکات).

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا...﴿٥١﴾﴾ (التوبة) واته: (بڵێ پێیان هیچ شتێك نابێت بە نسیبمان مەگەر خودا بۆی نوسی بین). هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا..﴿٢٢﴾﴾ (الحديد) (واته: ئەو کارانەتان پێش ئەوە بەدی بێنین لە (لوح المحفوظ)دا تۆمار کراوە، واتە: هەرچی رووبدا و پێش بێت، ئێمە پێش ئەوە تۆمارمانکردووەو ئاگادارین لێی). وە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَىٰ ﴿٤٣﴾﴾ (النجم)واته: (وەبەڕاستی هەر خوایە مرۆڤ دەخاتە پێکەنین و گریان، وە هەموو خۆشیی و ناخۆشیەك بەدەستی ئەوە) وە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾﴾ (القمر) واته: (بەراستی ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەیەکی دیاریکراو دروستکردووە).

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((تجِدوَن الناسَ معادِنَ...))[٣١٣] واته:(خەڵکی دەبینن پێکهاتوون لە چەندها کانزای جیاجیا) کەواتە پێك هاتەکانیان پێشتر لەلای خوای گەورە دیاری کراوە).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...كُل شيء بَقدر حَتى العجز والكَيس)).[٣١٤] واته: (هەموو شتێك پێش وەخت، لای خوای گەورە دیاری کراوە هەتا دانایی و بێ توانیش). هەروەها ئیبن مەسعود ﷺ دەفەرموێت: ((...إن الله قَسَمَ بينكم أخلاقَكم

(٣١٣) أخرجه: البخاري (٣٤٩٣)، ومسلم (٢٥٢٦).

(٣١٤) أخرجه: مسلم (٦١٤٩)، وأحمد (٥٨٩٤)، وابن حبان (٦١٤٩).

كما قَسَمَ بينكم أرزاقَكم))[٣١٥] واتە: (خودا پێشتر ڕەوشتەکانی لە نێوانتاندا دابەش کردووە وەک چۆن، ڕزقی لە نێوانتاندا دابەشکردووە)

ئەگەر خوای گەورە خواستی وابوو کەسێك بکاتە هاوسەری کەسێکی تر ئەوە ئەو کارە هەر پێش دێت و دەبێت، وە ئەگەر بەبێ ژن بیهێڵێتەوە ئەوە هەر بەعازەبی دەمێنێتەوە و هیچ هەڵبژاردنێك لەبەردەستیدا نابێت کێ دەبێتە هاوسەری، بەڵام دەبێت بەردەوام مرۆڤ هەوڵبدات بۆ دۆزینەوەی هاوسەرێکی باش و دەبێت پشت بەخوا ببەستێت و بێ ئومێد نەبێت.

وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((..وفِي كلٍّ خيرا احرِصْ عَلى ما يَنْفَعُكَ واسْتَعِنْ بالله ولا تَعْجِزَ، وإنْ اصابَكَ شيءٌ فلا تَقُل:لو أني فَعَلْتُ كذا وكَذا لكَان كذا وكذا، ولكِنْ قُلْ: قدر اللهُ وَما شاءَ فَعلْ..))[٣١٦]. واتە: (لە بەدەست هێنانی هەموو خێرو چاکەیەك پێ داگری بکە لەسەر ئەو شتەی سودت پێدەگەیەنێت، وپشت بە خوابەستەو بێ توانا و بێ دەڵاسەت مەبە، گەر هەوڵەکانت شکستی خوارد و دوچاری گرفت بووێت مەڵێ: ئەگەر ئەو ئیشەم ئاواهاو ئاوهاو بکردایە دواجار ئاواو ئاوا دەبوو، بەڵکو بڵێ ویستی خوا و دیاریکردنی خوا بەو جۆرە بوو.

زۆر نزاو پاڕانەوەی تایبەت بە هاوسەرگیری هەیە، بۆیە پێویستە ئەو کەسەی هاوسەگیری ئەنجام دەدات ئاگای لەو نزایا نەبێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿..رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾﴾ (الشعراء) واتە: (بڕواداران ئەوانەن کە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان! لەهاوسەرانمان و نەوەکانماندا مایەی ڕووناکی دیدە و، خۆشیمان پێ ببەخشە، تا هاوکاریمان بکەن لە خواپەرستیداو، وە خۆیشمان بگێڕە بە پێشەنگ بۆ لەخوا ترسان). وەخوای گەورە دەفەرموێت لە سەر زمانی زکریا:﴿..رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ ﴿٣٨﴾﴾ (ال عمران) واتە: (ئەی پەروەردگارم! لە لایەن خۆتەوە منداڵێکی چاك و پاکم پێ ببەخشە، ئەو دەمە زەکەریا خۆی

(٣١٥) أخرجه: البخاري (الأدب المفرد) (٢٧٥)، وأحمد (٣٦٧٢)، وابن المبارك (الزهد) (١١٣٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب) (١٥٧١).

(٣١٦) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (١٦/٢١٥).

بە تەواوی چوو بوو بەسالا، ژنەکەیشی پیرو نەزۆک بوو] چونکە بەراستی تۆ خوایەکی بیسەری، پارانەومیت). هەروەها بڵێت: (اللهم ارزقني زوجة صلحة تُعِيننِي على امرالاخرة) واتە: (خوایە هاوسەرێکی باشم پێببەخشە، تا یارمەتیم بدات بۆ ئەنجامدانی کارو فرمانی دین و دونیا و قیامەت).

دەبێت داوای هەڵبژاردن و ئیستیخارە بۆ دیاریکردنی هاوسەر لە خوای گەورە بکرێت جابر ﷺ دەفەرموێت: ((كان رسول الله ﷺ يُعلِمنا الأستخارة في الأمور كما يعلمَنا السورة من القرأن يقول: [إذا هَم أحدُكمْ بالأمرِ فلَيرْكعْ ركعتَين مِنْ غَيرِ الفَريضة...])) [٣١٧] واتە: (پێغەمبەری خوا فێری ئیستخارەی دەکردین لەهەموو کاروبارێکدا وەك چۆن فێری سورەتێکی دەکردین لە قورئاندا و دەیفەرموو: ئەگەر هەریەکێکتان نیازی ئەنجامدانی کارێکی هەبوو با دوو ڕکات نوێژ بکات جگە لە فەرزەکان...).

پێویستە ئەو پیاوەی یان ئەو ژنەی کە دەیەوێت هاوسەرێکی باش ببێتە هاوسەری پێویستە لەسەرەتادا خۆی چاك بکات ولەڕیزی چاکەکاراندا بێت خوای گەورەی فەرموویەتی: ﴿ ٱلْخَبِيثَٰتُ لِلْخَبِيثِينَ وَٱلْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَٰتِ ۖ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ ۚ ﴿٢٦﴾ ﴾ (النور) (واتە: ژنانی پیس و ناپاك بۆ پیاوانی پیس وناپاکن وە پیاوانی پیس و ناپوختیش بۆ ژنانی پیس و ناپاکن)، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە بۆ پاك وخاوێنی خاتوو عائیشە ﵂ چونکە ئەگەر پاك وبەرزینی نەبووبا بۆ پێغەمبەر ﷺ نەدەبوو).

حەکەمی کوڕی عوتبە وعەدولڕەحمان کوڕی زەید ﵄ فەرموویانە:

---

(٣١٧) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (١١٦٢)، وأبوداود (١٥٣٨)، والترمذي (٤٨٠)، وقد سمّى بعض العلماء الدعاء بـ (الاستخارة في خطبة النكاح)، وقد جاء بلفظ (ضعيف) عن أبي أيوب الأنصاري مرفوعاً (أكتم الخطبة ثم توضأ فاحسن وضوءك...ثم قل اللهم أنك تقدرولا أقدر وتعلم ولاأعلم وأنت علام الغيوب فان رأيت لي فلانة تسميها باسمها خيراً لي في ديني و دنياي وآخرتي فاقدرها لي وإن كان غيرها خيراً لي في ديني ودنياي وآخرتي فاقض لي بها وقال فاقدرها لي). أخرجه: أحمد (٢٣٥٩٦) وقال محققه صحيح لغيره اسناده ضعيف، ابن خزيمة (١٢٢٠)، و ابن حبان (٤٠٤٠)، والحاكم (١٦٥/٢) وصححه ووافقه الذهبي، والطبراني (٣٩٠١)، و البيهقي (٧/ ١٤٧)، وضعفه الشيخ الألباني في (الضعيفة) (٢٨٧٥)، و (ضعيف الجامع) (١٠٩٢).

(الخبيثات من النِساء للخبيثين من الرجال والخبيثون من الرجال للخبيثات من النسِاء، والطيباتُ من النِساء للطيبين من الرِجال والطيبون من الرِجال للطيبات منِ النساء)[٣١٨].
واتە: ژنە پیسەکان بۆ پیاوە پیسەکان، پیاوە پیسەکانیش بۆ ژنە پیسەکان، ومژنە باشەکان بۆ پیاوە باشەکان، ومپیاوە باشەکانیش بۆ ژنە باشەکان.

خوای گەورە خۆی باشتر دەزانێت چ ژنێك بۆ چ پیاوێك دەبێت وەك دەفەرموێت: ﴿ ...وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (خودا دەزانێت و ئێوە نازانن).
بۆیە پێویستە ئادەمیزاد گومانی باشی بە خوای خۆی هەبێت وە دەبێت بزانین بەهاوسەربوون یان بەخشندەو نیعمەتی خوایە یان دەبێتە بەڵاو بۆ بەرزکردنەوەی پلەکانی بەندەی خوا یان دەبێتە هۆی بەخشینی لە تاوانەکانی.

عائیشە (رمزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((أريتِك في المنِام ثَلاثَ ليَالٍ، جاءَنِي بِكَ المَلكَ في سرقةٍ من حرير، فيقول: هذِه امرأتُكَ فاكشِف عن وجهكَ [الثوب] فاذا أنت هي، فأقول:إن يكُ هذا مِن عنِد الله يُمضِه))[٣١٩]
واتە: (تۆم سێ شەو لەخەودا بینیوە، فریشتەیەك لەبەرگێکی ئاوریشمدا تۆی بۆ من هێنا، دەیوت: ئەوە ژنەکەتە، منیش ئاوریشمەکەم بەسەر دەموچاوتا لادە برد و دەم وت: گەر ئەمە لەلایان خواوە بێت دێتە دی).

لە گێڕانەوەیەکی تردا عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((جاء بي جبريل عَليَه السلام إلى رسول الله ﷺ في خرقةِ حرير فقال: هذه زوجتُك في الدنيا والأخرة)).[٣٢٠] واتە: (جبریل ﵇ منی دەبردە لای پێغەمبەری خوا (واتە: لە خەودا) لە پارچە ئاوریشمێکدا وبەپێغەمبەری ﷺ دەفەرموو:ئەمە ژنی تۆیە لە دونیاو قیامەتدا).

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە کەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ليَلقَينَ احُدكُم ربهُ يوم القيِامة فيقول له:....، ألم أزُوجِكْ فلانه خطَبها الخُطاب، فَمَنَعتْهُم وزَوجَتُكَ)).[٣٢١]
واتە: (لە ڕۆژی قیامەتدا هەریەکەتان بەخوای خۆی دەگات و پێی دەفەرموێت:

(٣١٨) أخرجه: ابن كثير في (تفسير القرآن العظيم) (٤/٢٣٢)، والطبراني في (المعجم الكبير) (ص: ٢٣/٢٥).
(٣١٩) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٢٥)، ومسلم في (الصحيح) (٦٢٣٣) واللفظ له.
(٣٢٠) أخرجه: الترمذي في (السنن) (٣٨٨٠)، وابن حبان في (الصحيح) (٧٠٩٤) قال محققه: اسناده صحيح.
(٣٢١) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢/٤٩٢)، وابن حبان في (الصحيح) (٧٣٧٦) قال محققه: حديث صحيح.

ئایە فلانە ئافرەتم نەکردە هاوسەرت؟، داخوازی کاران داخوازیان کرد و لەوانم قەدەغەکرد و کردمە هاوسەری تۆ).

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام ﷺ دەفەرموێت: (إن الله عزَّوجلَ لَيعُدُ على عبدِهِ نَعمَهُ حتى يَعُد عليه فيما يَعُد يقول: سألتني فُلانة ان أزوِجكها باسِمها فزوجْتُكها..)[٣٢٢] واتە: (خوای گەورە لەقیامەتدا نیعمەتەکانی دەڕێرێتەوە بەسەر بەندەکەیەوە ولێ پرسینەوەی لەسەر دەکات، لەوشتانەی کە خوا بەیادی بەندەکەی دەهێنێتەوە وپێی دەفەرموێت: تۆ داوات لە من کرد فلانە ئافرەت ناوی دێێت بکەمە هاوسەرت و منیش ئەوم کردە هاوسەرت.

ژن هێننان یان بەڵایەکە بۆ بەرزکردنەوەی پلەکانی بەندەکە یان دەبێت بە هۆی لێخۆش بوون لە گوناهەکانی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمۡ لَيَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشُونَ فِي ٱلۡأَسۡوَاقِۗ وَجَعَلۡنَا بَعۡضَكُمۡ لِبَعۡضٖ فِتۡنَةً أَتَصۡبِرُونَۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرٗا ٢٠﴾(الفرقان) واتە: (ئێمە بەر لەتۆش ئەی پێغەمبەر ﷺ هەر پەیامبەرێکمان نارد بێت خواردنیان دەخواردو بە بازاڕیشدا دەڕۆشتن لەهەمانکاتدا هەندێکیشتانمان کردۆتە هۆی تاقیکردنەوە بۆ هەندێکی ترتان، هەندێك پەیامبەرە، هەندێك دەوڵەمەندە، هەندێك پاشایە ئاخۆ ئێوە خۆتان ڕادەگرن؟ بێگومان پەروەردگارت هەمیشە بینایە)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡ ...١٤﴾ (التغابن). واتە:(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بەراستی هەندێ لەژنان و لە منداڵتان دوژمنن بۆتان، سەرقاڵتان دەکەن ئێوە بەئاگابن لێیان).

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((لا يَزالُ البَلاء بِالمؤمِن والمؤمِنة في أهله ومالِهِ وولدِهِ حتى يلقى الله تعالى وليس عليه الذنب))[٣٢٣] واتە: (بەردەوام بەڵا بەسەر

---

(٣٢٢) أخرجه: ابن ابي الدنيا (الشكر) (٢٢، ٢٣)، البيهقي في (شعب الايمان) (٤٦١٠) و(٤٢٩٠) وقال محققه: رجاله موثوقون.

(٣٢٣) أخرجه: أحمد (٤٥٠/٢)، والترمذي (١٢٣٩٩)، والحاكم، (٣٤٦/١) وصححه ووافقه الذهبي، وابن حبان (٢٩١٣) وقال محققه: اسناده حسن، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترمذي)(١٩٥٧).



باوەڕداری پیاو و ئافرەتدا دێت لە هاوسەرەکەیدا یان لە سامانەکەیدا یان لە منداڵەکانیدا، تا دەگاتەوە بەخوای گەورە و هیچ تاوانێکی بەسەرەوە نەماوە).

وەك خوای گەورە لە چیرۆکی پێغەمبەر (نوح، لوط)دا ﷺ دەفەرموێت: ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱمْرَأَتَ نُوحٍ وَٱمْرَأَتَ لُوطٍ ۖ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَٰلِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا ﴿١٠﴾﴾ (التحريم) واتە: (خوای گەورە باسی هاوسەری هەردوو پێغەمبەری (نوح، لوط) ﷺ ی وەك پەندو ئامۆژگاری بۆ بێ بڕوایان هێناوەتەوە، هەردووکیان لای دوو بەندەی چاکی خوا بوون بەڵام کەبڕوایان پێ نەهێناوە، وە نزیکیان بەوان هیچ سودێکی پێ نەگەیاندوون).

مانای (فَخَانَتَاهُمَا): واتە: هەریەکەیان لە دەروونی خۆیاندا بێ باوەڕیان شاردبۆوە و یارمەتی دوژمنانی مێردەکەیاندا.

ئیبنو عەباس ﷺ دەفەرموێت: هاوسەرەکەی نوح، نوحی بەدرۆ دەخستەوە دەیوت: ئەوە شێتەو زاڵمەکانی ئاگادار دەکردەوە لەو کەسانەی کە بە نهێنی باوەڕیان بەنوح دەهێنا. وە خێزانی لوط، میوانەکانی پێغەمبەر لوط و شوێن کەوتوانی لای بێ بڕوایان ئاشکرا دەکرد و ڕێی نیشانی میوانەکانی دەدا[٣٢٤].

بەڵام خێزانی فیرعەون موسوڵمان بوون خودای گەورە تاقیکردەوە بە هاوسەرێکی کافر وەك دەفەرموێت: ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ٱبْنِ لِى عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ وَنَجِّنِى مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١١﴾﴾ (التحريم) لەم چیرۆکانەدا هاوسەری فیرعەون بە پێچەوانەی ژنەکانی(نوح و لوط) پێغەمبەر ڕەفتاری کردوە و دژی فیرعەون وەستاوەتەوە وەك لە ئایەتە پیرۆزەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە.

(٣٢٤) أخرجه: الطبري في (جامع البيان) (٢٦٧١١)، والحاكم (٤٩٦/٢) وصححه ووافقه الذهبي، وابن ابي الدنيا (الصمت) (٢٦٩) وقال محققه: رجاله ثقات.

بەشی هەشتەم

مافەکانی ژن لەسەر مێردەکەی

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ (الروم). واتە: (لەنیشانەکانی بوون و دەسەڵاتی خوا ئەوەیەکە: لەڕەگەزی خۆتان، هاوسەری بۆ دروست کردوون تا لەپاڵیاندا بحەسێنەوە و خۆشەویستی ومیهرەبانیشی خستۆتە نێوانتان بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە باری گرانی ژیان هەڵگرن ودرێژە بەژیان بدەن).

ئەو خۆشەویستی و ڕەحمەتەی لەنێوان دوو هاوسەردایە، پێ ناچێت لە نێوان دوو کەسی تردا هەبێت. خوای گەورە پێی خۆشە ژن و مێرد هەمیشە بەبەزمیی بن بۆ یەکتری و یەکترییان خۆشبوێت، بۆیە مافی بۆ هەریەکەیان دیاریکردووە بەجۆرێك پارێزگاری لەو خۆشەویستی و ڕەحمەتە بکات و نەهێڵێت لەناو بچێت یان ون ببێت، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ..وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾ ﴾ (البقرة) ئەم ڕستەیە لەگەڵ ئەوەشدا کورتە، بەڵام ئەوەندە مانای تێداکۆبۆتەوە کە لەپەرتوکێکی گەورەدا نەبێت جێی نابێتەوە، ئەمەش دەستورێکی گشتگیرە وادەدوێت کە ئافرەت یەکسانە بە پیاو لەهەموو مافەکاندا تەنها یەك ماف نەبێت کە ئەویش خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت:﴿ .. وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾ ﴾ (البقرة).

بۆ زانینی ئەو مافانەی کە ژنان هەیانە و ئەو ئەرکانەش کەلەسەر شانیانە هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مافانەی لە ناو خەڵکاندا ناسراوە یاخود لە نەریت و هەوڵسوکەوتی خەڵکاندا دیاری کراوە.

دیاری کردنی ئەم مافانە تەرازوێك دەداتە دەست پیاوان تا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژنان لەهەموو کاروبارو حاڵێکدا دیاری بکەن، ئەگەر پیاوە نیازی وابوو داوای جێبەجێ کردنی کارێك لەکارەکانی کرد لە هاوسەرەکەی، ئەو کات پێویستە لەسەری هەمان ئەو ئەرك و کارانەی بەیاد بێتەوە کە

ئەمیش پێویستە لەسەری بۆ هاوسەرەکەی جێبەجێ بکات.

ئیبن و عەباس ﷺ دەڵێت: «إني لأتزين لامرأتي كما تتزين لي»[٣٢٥]. واتە: (من خۆم بۆ ژنەکەم دەرازێنمەوە وەک چۆن ئەو خۆی بۆ من دەرازێنێتەوە).

موسوڵمانی ڕاست دەبێت دان بەوەدا بنێت کە ژنەکەی مافی بەسەریەوە هەیە وە چۆن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾﴾ (البقرة).

وەک پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: ((ألا إن لكُم على نِسائكم حَقاً ولنسائِكم عليكم حَقاً))[٣٢٦]. واتە: (ئێوە چۆن لەسەر ژنەکانتان مافتان هەیە، ئەوانیش هەق و مافیان هەیە لەسەر ئێوە).

موسوڵمانی هۆشیار هەمیشە هەوڵدەدات کە ماف وهەقی ژنەکەی جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی ئەو چاوەڕوانی ئەوە بکات ئایا ماف و هەقی خۆی وەرگرتووە یان نا چونکە ئەوە دەبێتە هۆی بەردەوامی خۆشەویستی و ڕەحمەت و بەزەیی لە نێوانیاندا. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی شەیتان هەلی لە دەست بچێت کە دەیەوێت هەر دووڵایان لەیەکتر بوروژێنێت بۆ ئەوەی جیاوازی بخاتە نێوانیان.

یەکێک لەبەشەکانی ئایین ئامۆژگارییە، لێرەدا هەقی ژنان لەسەر پیاوان دیاری دەکەین، بەو نیازەی پیاوان ئامۆژگاری لێوەربگرن و هەق پەیڕەو بکەن و ئارام بگرن لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو مافانەی کەلەسەریان، پێویستە بۆ هاوسەرەکانیان:-

١-مارەیی:

مارەیی مافی ئافرەتە بەسەر مێردەکەیەوە، ئەوە بەتەنها موڵکی خۆیەتی مەگەر بەئارەزوی خۆی بیەوێت بیدات بەکەسێکی تر خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَءَاتُوا۟ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحْلَةً ۚ فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَىْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيٓـًٔا مَّرِيٓـًٔا ﴿٤﴾﴾ (النساء) (وَءَاتُوا۟): واتە ئەرکە بیاندەنێ

(٣٢٥) أخرجه: ابن جرير الطبري (رحمه الله) في (جامع البيان) (٤٥٣/٢).

(٣٢٦) أخرجه: الترمذي في (السنن) (١١٧٣/٣١٥/٢)، وابن ماجة في (السنن) (١٨٥١/٥٩٤/١)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح ابن ماجة) (١٥٠١).

(صَدُقَٰتِهِنَّ): واتە: مارمیلەکانیان (نِحْلَةً): واتە: پیاو بە ئارمزووی خۆی دەبێت بیبەخشێت، وەچاوی لەوە نەبێت کەبۆی بگەڕێتەوە، کەوا بوو مارمیی ڕێسایەکەو فەرزێکە خوای گەورە لەسەر مێردەکان پێویستی کردووە.

ئەگەر مێرد ژنەکەی خۆی گواستەوە ئەو کات ژنەکە هەموو مارمیلەکەی دەکەوێت، خوای گەورە حەرامی کردووە ئەو مارمیلە کەیەکێك لە خزمەکانی مردو یان هاوسەری مردووەکە وەك میراتی و دەستکەوت بۆ خۆی بەرێت (وەك لە پێش ئیسلامدا باو بوو) وە، هەروەها ئیسلام حەرامی کردوە ڕێگا لە هەر ژنێك بگیرێت کە دەیەوێت شوبکاتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗاۖ وَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ لِتَذۡهَبُواْ بِبَعۡضِ مَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ ...١٩ ﴾ (النساء) واتە: (ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە! بۆ ئێوە ڕەوانییە بە زۆرداری ژنان بکەنە میرات و دەستیان بەسەرابگرن، نابێ تەنگەتاویان بکەن و ئازاریان بدەن، لەبەرئەوەی ئەوان لەهەندێ لەومارمیلەی پێتانداون دەست هەڵگرن).

ئەمەش عادەتێکی سەردەمی نەفامی بوو کە پیاو دەیتوانی ژنی مردوویەکی نزیك خۆی وەك دەس کەوت بۆ خۆی بەرێت بێ مارمیی، ئەوە دەمە ئەوان چیان بوویستایە لەبەرامبەر ئەو ژنانەدا جێبەجێ یان دەکرد، یا ئەوە تا خۆی دەیگواستەوە بێ مارمیی، یان ئەگەر بیویستایە دەی دابەشوو و مارمیلەکەی بەزۆرداری بۆ خۆی لێدەستاند.

عەبدولڕەحمان کوڕی زەید ﷺ دەڵێت: "قەدەغەکردنی شوکردنەوە لە ناو قوڕەیشیەکانی مەککەدا هەبوو، پیاوێك ئافرەتێکی باش و ناوداری مارەدەبڕی و گەر بەیەکەوە نەگونجان ئەو کات پیاوەکە، تەڵاقی نەدەدا و نەشی دەهێشت ئافرەتەکە شوبکاتەوە تەنها بەڕەزامەندی ئەو نەبێت، ئەگەر داخوازیکەر بهاتایە بۆ داخوازی ئافرەتەکە، و مێردەکەی ڕازی بکردایەو ئەوەی بیویستایە بیدایەتێ ئەو کات مێردەکەی ڕازی دەبوو لەسەر شوکردنی ئافرەتەکەی بەو داخوازیکەرە دەنا نەیدەهێشت".



مقاتلی کوڕی حەیان ﷺ دەڵێت: «[ولا تعضلون] فَهو الرَجل يعضَل أمرأته فيحبسها ولا حاجة له فيها إرادة ان تفتدي منه لتذهبوا ببعض ما أتيتموهن».[٣٢٧] واتە: (مەبەست لەئایەتەکە: پیاوێکە ناهێڵێت ئافرەتەکەی لێی جیابێتەوە و تەڵاقی نادات و شوکردنەوەشی دووبارە لێ قەدەغە دەکاتەوە و پێویستیشی بەئافرەتەکە نیە، ئەو کارەش تەنها لەبەر ئەوەیە مارەیی ئافرەتە کە بخوات و پارەیەکی تر یشی پێ پەیدا بکات لای ئەو کەسەی دەیەوێت بیخوازێت).

ئیبنو عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إن اعظم الذنوب عند الله رجل تزوج امرأة فلما قضى حاجته منها طلقها وذهب بمهرها، ورجُل استعمل رجلا فذهب بأجرته واخر يقتل دابةً عبثا)).[٣٢٨] واتە: (گەورەترین تاوان لەلای خوای گەورە ئەوەیە پیاوێك ژنێك مارەبکات تا ماوەیەك و گەر پێویستی پێی نەما تەڵاقی بدات و مارەیەکەی نەداتێ، وە پیاوێك پیاوێکی تر بەکاربهێنێت و ئیشی پێ بکات و کرێیەکەی نەداتێ، وە پیاوێك بەبێ هۆ گیاندارو ئاژەڵێك بکوژێت).

خوای گەورە ژن بە ژنەنی حەرامکردووە، وەهەموو مارەکردنێکی قەدەغە کردووە جگە لەو مارەکردنەی کەخوای گەورە پێی ڕازیبە و ئێستا باومو لەڕووی شەرعەوە لای هەمووان زانراوە، مارەبڕینی ژن بەژن حەرامە چونکە مارەیی بۆ ئافرەتەکەی تێدا بەدیناکرێت.

ئیمامی عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا شغار في الأسلام)).[٣٢٩] واتە: (ژن بەژن لە ئیسلامدا نیە).

(نكاح الشغار): ئەوەیە کە پیاوێك کچەکەی یان خوشکەکەی یان هەرکەسێکی تر کە مافی سەرپەرشتی بەسەریدا هەیە مارە بکات لە کەسێك بەو مەرجەی ئەو کەسەش کچەکەی یاخود خوشکەکەی خۆی

(٣٢٧) أخرجه: البيهقي في (سنن الكبرى) (١٤٠٩٩).

(٣٢٨) خرجه: أحمد (١٩٤٩٤)، الحاكم (٢/١٨٢) والبيهقي (٦/٢١٥)، وصححه ووافقه الذهبي، وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٩٩٩)، وفي (صحيح الجامع) (١٥٦٧).

(٣٢٩) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٢/١٤١٥، ١٠٣٥) وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٧٥٠١).

یاخود برازاکەی یاخود خوشکە زاکەی مارە بکات، بۆ ئەو سەربەسەر و بەبێ دانانی مارەیی بۆ ئافرەتەکانی هەر دوولا.

گرێ بەستێکی هاوسەرگیری لەو جۆرە بێ بنەمایە، جا مارەیی تێدا دیاریکرابێت یان نەکرابێت چونکە پێغەمبەر ﷺ نەهی لەو ڕەفتارانە کردووە خەڵکی لێ ئاگادارکردۆتەوە. ئیبنو عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((ان النبي ﷺ نهى عن الشغار))[٣٣٠]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردووە لەو جۆرە ژن بە ژنە).

وە ئەبو هوڕەیرە ﷺ فەرموویەتی پێغەمبەرﷺ نەهی لە ژن بەژن کردووە: ((قال: والشغار ان يقول الرجل للرجل:زوجني ابنتك وأزوجك ابنتي، أو زوجني اختك وازوجك أختي)).[٣٣١] واتە: (ژن بەژنیش ئەوەیە پیاوێك دەڵێت بە پیاوەکەی تر، کچەکەتم لێ مارەبکە منیش کچەکەم لە تۆ مارەدەبڕم یان خوشکەکەتم لێ مارەببڕە منیش خوشکەکەم لە تۆ مارە دەکەم). هەروەها ژن بە ژن وەك ئیمامی نەوەوی ﷺ دەڵێت: «ان يقول الرجلُ زوجْتك ابنتي على ان تزوجني ابنتك ويضع كل واحدةً صداقا للاخرى».[٣٣٢] واتە: (پیاوەکە دەڵێت: ئەو کچەم لە تۆ مارەدەکەم بەو مەرجەی تۆش ئەو کچەتم لێ مارەبکەیت و ئەو کات هەریەکەیان دەبێتە مارەیی بۆ ئەوی تریان).

ئیمامی تورمزی ﷺ دەڵێت: «...وقال بعض اهل العلم، هو منسوخ ولايحل وإن جعلا بينهما صداقاً، وهو قول الشافعي وأحمد واسحاق بن راهوية».[٣٣٣] واتە: (هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەو جۆرە مارەکردنە هەڵوەشێنراوەتەوە و حەڵاڵ نابێت هەر چەندە با مارەییش لە نێوانیاندا هەبێت، ئەمەش وتەی (الشافعی و ئەحمەد و ئیسحاق بن راهویه) یە.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە ((...ان العباس بن عبدالله بن العباس انكح

(٣٣٠) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١١٢/١٦٢/٩)، ومسلم في (الصحيح) (١٠٣٤/٢، ١٤١٥)، والنسائي في (السنن) (١١٢/٦)، وانظر (مختصر مسلم) (٨٠٨).

(٣٣١) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (١٠٣٥/٢، ١٤١٦)، وانظر (مختصر مسلم) (٨٠٨).

(٣٣٢) انظر: (شرح مسلم) (٢٠٥) للامام النووي.

(٣٣٣) انظر: (صحيح الترمذي) (٨٩٧).

عبدالرحمن بن الحكيم ابنته ونكحه عبدالرحمن ابنته وكانا جعلا صداقا فكتب معاوية الى مروان يأمرُه بالتفريق بينهما وقالَ في كتابه: هذا الشغار الذي نهى عنه النبي ﷺ))[٣٣٤] واتە: (عەباسی کوڕی عەبدوللای کوڕی عەباس کچەکەی مارەکرد لە عەبدولڕەحمان کوڕی حەکیم و ئەویش کچەکەی خۆی لەو مارەکرد و مارمیلەکەیان بۆ دیاریکرد. موعاویە نامەی بۆ مەروان نوسی و فەرمانی بۆ دەرکرد لەیەکتربیان جیابکەنەوە. لەنوسراوەکەیدا نوسی بووی(ئەوە ئەوژن بە ژنەیە کە پێغەمبەر ﷺ ڕێی پێنەداوە.)

خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَإِنْ أَرَدتُّمُ ٱسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَءَاتَيْتُمْ إِحْدَىٰهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا۟ مِنْهُ شَيْـًٔا ..﴿٢٠﴾ ﴾ (النساء) واتە: (گەر ویستتان ژنێك بخەنە جێگای ژنێکی ترەوە، واتە: ژنێك تەلاق بدەن و ژنێ تر بێنن، بەژنەکەی پێشووتان زێڕو دارایەکی زۆرتان دابوو، نابێ هیچ شتێکی لێ وەربگرنەوە. ئەگەرچی کلوورێکیش بێت).

ئافرەت گەر ئەو پیاوەی مارەی کردووە نەیگوێزابێتەوە و تەلاقی دابێت ئەوە لەو حاڵەتەدا نیوەی مارمیلەکەی دەکەوێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّآ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَا۟ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ ۚ وَأَن تَعْفُوٓا۟ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۚ وَلَا تَنسَوُا۟ ٱلْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٣٧﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (ئەگەر ئێوە پێش چوونە لای ژنەکانتان، تەلاقتاندان، و مارمیشتان بۆ دیاری کردبوون، دیارە نیوەی ئەو مارمیلەیان دەکەوێ کە ئێوە بۆتان دیاری کردوون، شیاوی باسیشە ئەگەر لەم حاڵەتەدا مێردەکە پێش ژنەکەی مرد، ئەوا ژنەکە تەواوی مارمیی یەکەی ئەبات، خۆ ئەگەر ژنەکە پێش مێردەکەی مرد، دیسانەوە هەر تەواوی مارمیی یەکە ئەڕوات بۆ میرات بەرانی ژنەکە، مەگەر ژنەکان خۆیان چاوپۆشیتان لێبکەن ومافی خۆیانتان پێببەخشن، یان ئەوکەسە گرێدانی مارەکردنەکەی بەدستە چاوپۆشی بکات، واتە: مەگەر ژنەکە خۆی بڵێ: هیچم ناوێ لێی، یان هەموو مارمیلەکەی بداتە مێردەکەی).

---

(٣٣٤) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (١٤٤٧٦)، وأبو داود في (السنن) (٢٠٧٥)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابي داود) (١٨٢٦)، وابن حبان في (الصحيح) (٤١٥٣)وقال محققه: اسناده قوي.

بەڵام ئەگەر ژنەکە ئارەزووی وابوو مارمێیەکەی بدات بە هاوسەرەکەی ئەوە دەشێت و ڕێپێدراوە بە پێی ئەو ئایەی خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ...فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا ﴿٤﴾ ﴾ (النساء) واتە: (جا ئەگەر بە پێخۆشبوونی خۆیان، شتێکیان لەمارمێیەکەیان پێبەخشین، ئەوا حەلە ئێوەش بیخۆن و نۆشی گیانتانی بکەن).

شەرع سنورێکی بۆ مارمێی دانەناوە بەڵام خەڵکی واهانداوە کە مارمێی کەم بێت، ئەویش بۆ ئەوەی کارەکانی هاوسەرگیری بە ئاسانی بچێت بە ڕێوە عوقبەی کوڕی عامر ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((خَيْرُ الصداق أَيسرُه))[٣٣٥]. واتە: (باشترین مارمێی ئاسانترینیانە).

عائیشە دایکی باوەڕداران دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((من يُمن المرأةِ تسهيل امرِها وقلةُ صداقها))[٣٣٦]. واتە: (ئافرەتی بەفەڕ و خێروبەرەکەتدار ئەو ئافرەتەیەکە داخوازییەکەی ئاسان بێت و مارمێیەکەی کەم بێت).

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەفەرموێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەرﷺ و پێی وت: من ژنێکم لە (انصار)ەکان مارەکردووە، پێغەمبەرﷺ پێی فەرموو: [على كَمْ تزوجتها؟] واتە: (لەسەر چەند مارەتکردووە)، کابرا وتی: لەسەر چوار ئۆقیە، پێغەمبەرﷺ پێی فەرموو: [على أربعِ أواقٍ، كأنما تنِحتون الفضة منِ عرُضِ هذا الجَبلَ]))[٣٣٧] واتە: (لەسەر چوار ئوقیە مارەتکردووە؟!، دەڵێ ئێوە زیو لەپانتایی ئەو چیایە هەڵدەکەنن). لە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لو كنتم تغرفون من بطحان مازدتم))[٣٣٨] واتە: (ئێوە بەدەست خستنی ئەو دراوەتان لائاسانە و دەڵێی دەچن ئاو یان خۆڵ لە شیوی بوطحان هەڵدەگۆزن گەر بەو جۆرەش بوایە هەر ئەوەندەتان دەدانێ).

---

(٣٣٥) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٢١١٧)]، والالباني في (ارواء الغليل) (١٩٢٤): صحيح.

(٣٣٦) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٤٠٩٥) وقال محققه: اسناده حسن.

(٣٣٧) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (١٤٢٤).

(٣٣٨) أخرجه: أخرجه: أحمد (١٥٧٠٦)، وابن ابي شيبة (١٦٦٤٢)، والطبراني (الكبير) (٢٢/(٨٨٤)) وفي الاوسط (٧٥٥)، والحاكم (١٧٨/٢) وصححه و وافقه، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢١٧٣).



ئیمامی عومەر ﷺ ئامۆژگاری موسوڵمانانی دەکرد و دەیفەرموو: ((ألا لا تَغللوا صُدق ((اي: مهور)) النساء، فانه لو كان مكرمة في الدنيا او تقوى عند الله عزوجل، كان اولاكم به النبي ﷺ...وإن الرجل ليغلى بصداق امرأته حتى يكون لها عداوة في نفسه وحتى يقول:كُلفِتُ لكم علِق القِربةِ [ويتخذه ذنباً][٣٣٩]))[٣٤٠]،واتە: (زیادمڕۆی لە مارمیی ژناندا مەکەن، چونکە گەر ئەوە ڕێزداری بوایە لە دونیادا یان لە خواترسان، بوایە لە قیامەتدا پێغەمبەر ﷺ شایستەتر بوو ئەو کارە ئەنجام بدات.... پیاو هەیە ناچار دەکرێت بەپێدانی مارمیەکی زۆر بۆ ئافرەتەکەی و ئەو کارەش دەبێتە دوژمنایەتی و ڕق و کینە لەدڵیدا بەرامبەر ماڵە خەزورانی و تا دەڵێت: هەموو شتێکتان لێ داواکردم تا پەتی بەستی کونە شتان پێ کردم و ئەو کارەش بەتاوان دەزانێت بەرامبەری کراوە).

مارمیی دروست دەبێت ئەگەر مستیلەیەکی ئاسنیش بێت بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ((...التمس وَلوَ خاتماً من حَديد))[٣٤١] (واتە: هەوڵ بدە شتێك پەیدا بکە بۆ مارمیی ئافرەت با بەموستیلەیەکی ئاسنیش بێت مارمیی). هەروەها بە فێرکردنی قورئانی پیرۆزیش دەبێت بە پێی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ جارێکیان ژنێکی لەپیاوێك مارەکرد و فەرمووی: ((...قد زوجتكها بما معك من القرأن))[٣٤٢] واتە: (ئەو ئافرەتەم کردە هاوسەرت لەسەر فێرکردنی ئەوەندەی قورئانت لەبەرە).

وە مارمییش بەشێوەی گرێ بەستێك دەبێت وەك لە چیرۆکی پێغەمبەر موسادا ﷺ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنۡ أُنكِحَكَ إِحۡدَى ٱبۡنَتَيَّ هَٰتَيۡنِ عَلَىٰٓ أَن تَأۡجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٖۖ فَإِنۡ أَتۡمَمۡتَ عَشۡرٗا فَمِنۡ عِندِكَۖ وَمَآ أُرِيدُ..﴿٢٧﴾﴾ (القصص) واتە: (کاتێ کچەکەی شوعەیب ﷺ ئەو دوو سیفەتەی لێ گێڕایەوە، کەوتە دڵی

(٣٣٩) أخرجه: البيهقي في (سنن الكبرى) (١٤٦٩٧).

(٣٤٠) أخرجه: أبو داود في (الصحيح) (٢١٠٦)، والترمذي في (السنن) (١١٦٤)، والنسائي في (السنن) (١١٧/٦)، والحاكم في (المستدرك) (٢٧٧٩)، وابن حبان في (الصحيح) (١٨٨٧)، وابن ماجة في (السنن) (١٨٨٧)، و صححه الشيخ الألباني في (صحيح النسائي) (٣١٤١).

(٣٤١) أخرجه: البخاري (٢٣١٠)، وأبو داود (٢١١١)، والترمذي (١١١٤)، اشار النبي ﷺ الى الخاتم يريد بذلك نفي المادة عن الزواج، واحياء الروحية فيه واقراره في معانيه الاجتماعية الدقيقة.

(٣٤٢) أخرجه: البخاري (٢٣١٠)، وأحمد (٢٢٨٥٠)، ومسلم (٧٦)، وأبو داود (٢١٠٤).

باوکییەوە کە کچێکیانی لێمارە بکات، بۆیە وتی: موسا ﷺ! من دەمەوێ یەکێ لەم دووکچانەمت لێ مارە بکەم بەو شەرتەی هەشت ساڵ کارم بۆ بکەیت و مەرەکانم بۆ بەخێوبکەیت خۆ ئەگەر دە ساڵیش ئیش وکارم بۆ بکەیت ئەوە چاکەو پیاوەتی خۆتە).

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: (تزوج ابو طَلحةَ اُم سليم فكان صِداق ما بينهما الأسلام[٣٤٣] واتە: (ئەبوطەلحە ئوموسولەیمی مارەکرد و مارەیی نێوانیان تەنها ئیسلام بوونی بوو.

وە دەشێت مارەیی پێش بخرێت یان دوابخرێت، یان هەندێکی پێش بخرێت و هەندێکی دوابخرێت، واباشترە شتێك مارەیی بدرێت پێش گواستنەوە، بە پێی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ لە ئیبنو عەباسەوە ﷺ دەفەرموێت: کاتێك عەلی فاطمەی مارە بڕی پێغەمبەری خوا ﷺ پێی وت: ((اعطها شيئاً)) واتە: شتێکی بدەیە، عەلی وتی: هیچم نیە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: [فَأَين درعُكَ الحُطَمية] فاعطاه أياها....))[٣٤٤] واتە: (قەڵغانەکەت (الْحطَمية) لە کوێیە؟) ئینجا عەلی ﷺ ئەوەی دایە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ ...﴿٢٣٧﴾ ﴾ (البقرة) ئەو ئایەتە نیوەی مارەیی فەرزکردوە بدرێت بە ژن پێش ئەوەی بگوێزرێتەوە.

ئەگەر پیاوەکە لەدوای گرێبەستی هاوسەری و پێش گواستنەوە مرد، لەو کاتەدا ژنەکە هەموو مارەیەکەی دەکەوێت.

عەلقمە ﷺ دەڵێت: پیاوانێك بۆ پرسیار هاتنە لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود ﷺ دەربارەی ژنێك پیاوێك مارەیی بڕیبوو مردبوو و نەی گواستبووەوە، مارەیەکەی نەدابوویە، خزمانی هەر دوولا ناکۆکی کەوتبووە نێوانیان،

---

(٣٤٣) أخرجه: النسائي في (السنن) (٦/١١٤)، و صححه الشيخ الالباني (صحيح النسائي) (٣١٣٤)، و (أحكام الجنائز) (ص: ٢٦٠٤).

(٣٤٤) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٢١٢٥)، والنسائي (٥٥٦٧)، وابي يعلى (٢٤٣٩)، وقال محققه: اسناده صحيح، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابي داود) (١٨٦٥).

عەبدوڵلا فەرمووی: ((لها الصداق كاملاً وَعلَيها العِدةَ ولها الميراث))[٣٤٥] واتە: (ئافرەتەکە هەموو مارمییەکەی دەکەوێت و میراتیش دەبات، پێویستە ماوەی دیاری کراو دابنیشێت تا پاك دەبێتەوە بۆ شوکردنێکی تر).

معقل کوڕی سنان ﷺ دەڵێت: ((شهِدتُ رسول الله ﷺ قضى بهِ في بزَوع بنت واشِق))[٣٤٦] واتە: (منیش پێغەمبەری خوام ﷺ دی هەمان فەرمانی دا لە کێشەکەی ئافرەتێك کەناوی (بروع بنت واشق) بوو.

٢- دابین کردنی جێگای حەوانەوە (نشینگە):

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا۟ عَلَيْهِنَّ ... ﴿٦﴾ ﴾ (الطلاق) واتە: (ئەو ژنانەی تەڵاقێکیان ماوە، یان دوو تەڵاق، بەپێی تواناو دەسەڵاتتان لەو جێگەی خۆتان سکوونەتتان تیا کردووە دایان نێن و تفاقی باشیان بۆ دابین بکەن، و زیانیان پێ مەگەیەنن، تا تەنگەتاویان بکەن لە نەفەقەو لە جێگەدا بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن بە دەرچوون لە ماڵەکانیان...).

ئەنەسی کوڕی مالك ﷺ دەفەرموێت: (النساء عورة... فاستروهن بالبيوت... وداووا ضعفهن بالسكوت)[٣٤٧]. واتە: (ئافرەتان شاراوەن، بەماڵەکانیان بیان پۆشن، ولاوازیشیان (واتە: دەنگەدەنگیان) بە بێدەنگی چارسەر بکەن).

٣-مافی نەفەقەو پارە بۆ سەرف کردن و هەڵسوکەوت کردن بە چاکە:

بریتیە لەپێویستەکانی ژیان وە ئەوەی ژن پێویستی پێیەتی وەك خواردن خواردنەوە و خزمەتکردن و دەرمانکردن و پێویستیەکانی تر.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ ۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ... ﴿٧﴾ ﴾ (الطلاق) واتە: (با دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار، بەپێی دەوڵەمەندی و

---

(٣٤٥) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٤٠٩٨) اسناده صحيح.

(٣٤٦) أخرجه: ابن ماجة في (السنن) (١٨٩١)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن الترمذي) (١١٥٤)، وفي (صحيح سنن ابي داود) (٢١٠٠)، و في (ارواء الغليل) (١٩٣٩).

(٣٤٧) أخرجه/ ابن حبان (المجروحين) (١/ ١٢١، ١٢٣)، وفي (العلل) (١٤٣/٢)، وابن الجوزي (الموضوعات) (١٤٣/٢) وقال: هذا لايصلح...فانتبه

دەسەلاتەکەی خۆی مالّ خەرج بکات، هەرکەسیش دەستکورت و هەژاربوو، با لەوەی خوا پێیداوە ببەخشێت، واتە زۆر لەخۆی نەکا، چەندە دەتوانێ ئەوەندە ببەخشێت).

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ ﴿٢٦﴾ ﴾ (الإسراء) واتە: (خزمان لە چاکەو گەیاندنی سیلەی ڕەحم یان بەخشینی خۆشەویستی و نەفەقەکردن و سەردان کردن. بەڵام پێویستە نەفەقە بەپێی توانای هاوسەرەکەی بێت).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴿٢٩﴾ ﴾ (الإسراء) (مغلولة الى عنقك): کنایەیە لە بڕی ڕشدی و بەرچاوتەنگی. (وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ): واتە: (زۆر دەست بڵاو مەبە: لەخەرجکردندا و دەست بەتەواوی مەگرەوە، با نەبێتە ئەو کەسەی لای خەڵک بێزراو بێت لەبەر بەرچاو تەنگیت وە زۆریش دەست بڵاومەبە بەجۆرێك هیچت بەدەستەوە نەمێنێت و خۆت خاوەن پێویستی بیت).

خەرجکردن و دابین کردنی سەرجەم پێویستیەکانی ژیان بۆ هاوسەرەکانتان لەمافە یەکلاکەرەوەکانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ... وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (ئافرەتان وەك چۆن ئەرکیان لەسەر دیاری کراوە ئاوەهاش مافیان بۆ دیاری کراوە بە چاکە).

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (ژنەکانتان ماف و هەقیان بەسەرتانەوە هەیە) یەکەم شتێك لەو چاکانە ئەوەیە کە پیاو هەڵسوکەوتی جوان و شیاو لەگەڵ ژنەکەیدا جێبەجێ بکات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ... وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ... ﴿١٩﴾ ﴾ (النساء)[٣٤٨] واتە: (ڕەفتارو هەڵسوکەوتی جوانیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن). ئەوەش مانای وایە کە خواردنی بۆ دابین بکات و جل و بەرگی بۆ بکات وەگەر ئافرەتەکە هەڵسوکەوتەکانی

(٣٤٨) المعنى الاية: بالاحسان وإعطاء الحقوق والصبر على اذاهن.



گونجاو نەبوون بۆی هەیە فێری ڕەوشت و ئەدەبی جوانی بکات، و ئامۆژگاری بکات بە ئامۆژگاری باشە و نابێت قسەی سوکی پێ بڵێت یان جنێوی پێبدات یان بە خراپە ناوی بهێنێت یان خراپەی بداتە پاڵ، ئەگەر گوێڕایەڵی کرد ئەوە باشە دەنا شوێنی نوستنی لێ جیا بکاتەوە، ئەگەر بە گوێی کرد باشە، دەنا بۆی هەیە بە هێواشی لێی بدات، ئەمەش بە پێی ئایەتەکەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿...وَٱلَّٰتِى تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِى ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ ۖ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا۟ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾﴾ (النساء) واتە: (ئەو ژنانەش ئێوە لەسەرێچی و مل نەدانیان دەترسن. جا ئێوە لەوحاڵەدا بۆیەکەمجار: ئامۆژگارییان بکەن و، بەخودا بیانترسێنن. بۆدووەم جار: ئەگەر ئامۆژگاری بێهودە بوو، جێ خەویان بۆماوەیەك لێ جیاکەنەوە. بۆ سێیەم جار: ئەگەر بەومیش ڕاست نەبوونەوە، گەر لێشیان بدەن و تەمێیان کەن دەبێ، بەڵام بەلێدانێکی سووك و بریندارییان نەکەنو لەدەم و چاویان نەدرێ و ئاسەوار بەجێ بمێنێ).

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ ئافرەتی مارە بکردایە بۆ هەر پیاوێك، لەو کاتەدا ئامۆژگاری دەکردو پێی دەوت ((انكحك على ما أمر الله به: إمساك بمعروف أو تسريح باحسان))[٣٤٩]. واتە: (ئەو ئافرەتەت لێ مارە دەکەم لەسەر جێبەجێ کردنی فەرمانەکەی خوا کە دەفەرموێت:بیان گرنە لای خۆتان بەباشە، یان لێیان جیا ببنەوە بە چاکە).

خودای گەورە هانی مێردەکانی داوە خەرجی خێزانەکانیان بکەن و خەرجی پێویستیان بۆ دابین بکەن و بەڵێنی یارمەتی دان و پاداشتی پێ داون:-

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن شَىْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُۥ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿٣٩﴾﴾ (سبأ) واتە: (ئێوە هەر شتێك ببەخشن خودای گەورە جێگا کەیتان بۆ پڕ دەکاتەوە) هەروەها دەفەرموێت:﴿...وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٢٧٣﴾﴾ (البقرة) (واتە: هیچ شتێك نیە کە ئێوە ببەخشن خودا ئاگاداری نەبێت).

(٣٤٩) اخرجة: البيهقى (الكبرى) (١٤١٤٣).

یەکێك له دیاردەکانی تەواوبوون و بەدیهێنان و گەشەکردنی ئیمان ئەوەیە ئادەمیزاد دەبێت هاوڕێیەکی، نەرم و نیان بێت، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((أكمل المؤمنين إيماناً أحسنهم خُلقا، وَخيارِكم خيارُكم لنسائهم))[٣٥٠] واتە:(تەواوترین ئیماندار ئەوانەن کە ڕەوشتیان باشەو باشترینتان باشترینتانە بۆ خێزانەکانتان).

ڕێزگرتن له ئافرەت نیشانەی کەسایەتی تەواوە و سوکایەتی پێکردنی نیشانەی ڕیسوایی و کەم نرخی کەسەکەیە، له نیشانەکانی ڕێزگرتن و سۆز دەربڕین لەگەڵیدا میهرەبانی و یاریکردنە لەگەڵیدا، ئەمەش بە پەیڕەوی کردنە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کەلەگەڵ دایکی ئیماندارانداو عائیشەدا گەمەی دەکرد هەتا عائیشە دەفەرموێت: ((سابقني رسول الله ﷺ فسبقته، فلبثنا حتى إذا أرهقني اللحم سابقني فسبقني، فقال: [هذِه بتلِك])))[٣٥١]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ پێشبڕکێی ڕاکردنی لەگەڵدا کردم من پێشم دایەوە، ئەنجا ماوەیەکی تری بەسەردا چوو من قەڵەو بووم ئەوکات پێشبڕکێ ڕاکردنی لەگەڵداکردمەوە و پێشم کەوت و فەرمووی: ئەم پێشکەوتنەبە پێشکەوتنەکەی تۆ). (تێبینی: ئەم پێشبڕکێیە له غەزادا لەدوای پێش کەوتنی موسوڵمانان بووە و لەو شەوەداو لەجێگەیەکی چۆڵ). پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو جۆرە یاری کردنەکانی بەبێ کەڵك و پوچ داناوە تەنها لەگەڵ خاوخێزاندا نەبێت وەك فەرموویەتی ((كلُ شيءٍ يلهوبه ابن أدم فهو باطل إلا ثلاثاً: رميهُ عن قوسهِ، وتأديبه فرسه، وَملاعبته أهلهِ، فإنهن من الحق)).[٣٥٢] واتە: (هەموو شتێك سڕۆف یاری پێدەکات پوچەڵە تەنها له سێ شتدا نەبێت: (تیرهاویشتنی به کەوانەکەی، وە پەرومردەکردنی ئەسپەکەی، وە یاری کردنی لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەم سێ شتانە هەقن (واتە: ڕاست و پێویست و بەسوودن)).

(٣٥٠) أخرجه: الترمذي في (السنن) (٢/٣١٥، ١١٧٢)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن الترمذي) (٩٢٨): حسن صحيح.

(٣٥١) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٧/٢٤٣، ٢٥٦١)، وقال الشيخ الالباني في (اداب الزفاف) (٢٠٠): صحيح.

(٣٥٢) أخرجه: النسائي في (العشرة) (ق٧٤/٢)، والطبراني في (المعجم الكبير) (١/٨٩/٢)، وابو نعيم في (احاديث ابي القاسم الاصم) (ق١٧/١٨)، وقال الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٤٥٣٤) صحيح.



پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ هاوسەردا و لەکاتێکدا کەپرسیاری لێ کراوە مافی ژن لەسەر مێردەکەی چی یە؟ فەرموویەتی: ((أن تطعمها إذا طعمت، وتكسوها إذا اكتست، ولا تضرب الوجه ولاتقبح ولإ تهجر إلأ في البيت))[٣٥٣] واتە: (خواردنی بدەیتێ هەر کات خواردنی ویست، وجل وبەرگر بۆ دابین بکەیت هەرکات وجل وبەرگی پێویست بوو، وە نابێت لەڕوخسارو دەم و چاوی بدەیت وە نابێت قسەی ناشرینی پێ بڵێیت، وە نابێت ڕووی لێ وەرگێڕیت و پشتی تێبکەیت تەنها لەماڵدا نەبێت).

لەگێڕانەوەیەکی تردا لە موعاویەی قەشیرییەوە ﷺ دەڵێت: بە پێغەمبەری خوام ﷺ وت: ئەی پێغەمبەری خوا مافی ژنان بەسەر هەریەکەمانەوە چیە؟ فەرمووی: ((ان تطعمها اذا طعمت وتكسوها اذا اكتست))[٣٥٤] واتە: (خواردنی بۆ دابین بکەیت هەر کات پێویستی بەخواردن بوو، وەجل وبەرگی بۆ دابین بکەیت هەرکات پێویستی بەجل وبەرگ بوو)، وەلە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((اطعموهن مما تأكلون واكسُوهنَ مما تكتسون...))[٣٥٥] (واتە: لەوەی خۆتان دەیخۆن خواردنیان بدەنێ جل و بەرگیان بۆ بکەن لەوەی خۆتانی پێدادەپۆشن).

پێویستە لە نەفەقە و خەرجیدا مام ناوەند بین واتە: میانەگیربین بەبێ ئەوەی زۆر دەست بڵاوبین یاخود مال بەفیڕۆبدەین. ئیمامی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((ان النبي ﷺ كان يبيع نخل بني النضير ويحبس لأهلِهِ قوت سنتهم))[٣٥٦] واتە: (پێغەمبەر ﷺ خورمای بەنی نەزیری دەفرۆشت و خواردنی ساڵێکی بۆ هاوسەرەکانی دەهێشتەوە).

---

(٣٥٣) أخرجه: ابن ماجة في (السنن) (١/٥٩٣، ١٨٥٠)، وأبو داود في (السنن) (٦/١٨٠، ٢١٤٨)، وقال الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابن ماجة) (١٥٠٠) صحيح.

(٣٥٤) احرجه: أبو داود في (السنن) (٢١٤٢)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابي داود) (١٨٧٥).

(٣٥٥) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٢١٤٤)، وقال الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابي داود) (١٨٧٧): صحيح.

(٣٥٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦/٢٣٣)، والبيهقي في (الكبرى) (١٦١٢٧).

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئیبنو عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((كان رسول الله ﷺ يُعطي كل أمرأةٍ من نسائهِ ثمانين وِسقاً من تَمر كل عام وعَشرين وِسقاً من شعير))[٣٥٧] واتە: (پێغەمبەر ﷺ بۆ هەریەك لە هاوسەرەکانی لە ساڵێکدا هەشتا بار خورمای دەدانێ و بیست بار لە جۆ).

ئیبنو مەسعودی بەدری ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إذا انفق الرجل نفقه على أهله وهو يحتسبها كانت له صدَقَة)).[٣٥٨] واتە: (پیاو گەر هەر پارەیەك بکاتە مەسروف بۆ هاوسەرەکەی و بەهیوای دەسخستنی پاداشت بێت لای خوا ئەوانەی هەموو بەخێر بۆ دەژمێردرێت). لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...ما اطعمت زوجتك فهو لك صَدقة))[٣٥٩] واتە: (هەر خواردنێك بدەیتە هاوسەرەت لای خوا بە چاکە و خێر بۆت دەنوسرێت).

هەروەها ئەبودرداو ﷺ دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((انفق من طولك على اهلك))[٣٦٠] واتە: (لەوەی بەدەستەوەیە خەرجی بکە بۆ هاوسەرەکەت).

ئیمامی شەعەبی ﷺ دەفەرموێت: «إنَّ من النفقة التي تضاعف تسعمائة ضعفٍ نفقة الرجل على نفسه وعلى أهل بيتهِ»[٣٦١] واتە: (ئەو خەرجییە یەك بەنۆسەد پاداشتی بۆ زیاد دەکرێت، ئەو خەرجی کە پیاو بۆ خۆی و هاوسەر و خێزانەکەی خەرجی دەکات).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...دينارٌ أنفَقْتَهُ في سَبيلِ الله، وَدِينارٌ أنْفقَتهُ في رَقبَة، وَدينارٌ تَصدقتْ بهِ على مسكين، ودَينارٌ أنفَقَتَه على أهْلك، أعْظَمهُا أجْراً: الذي

(٣٥٧) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (١٣٧/٣)، ومسلم في (الصحيح) (٢٠٨/١٠)، وأحمد في (المسند) (٢٢/٢)، وأبو داود في (السنن) (٢٨٨٨).

(٣٥٨) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٥)، ومسلم في (الصحيح) (١٠٠٢)، والترمذي (١٩٦٥).

(٣٥٩) أخرجه: أحمد (١٧١٧٩) وقال محققه: حديث حسن، و البخاري (الادب) (٨٢)، والنسائي (الكبرى) (٩٢٠٤)، والطبراني (الكبير) (٦٣٤/٢٠)، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٤٥٣)، و(صحيح الادب المفرد) (٦٠).

(٣٦٠) أخرجه: أحمد (٢٢٠٧٥)، والبخاري في (الادب المفرد) (١٨) وابن ماجة (٤٠٣٤)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الادب المفرد)، (الارواء) (٢٠٨٦).

(٣٦١) أخرجه ابن أبي الدنيا (العيال) (٥٠٥).

أنْفقتُه على أهْلِك))[٣٦٢] واتە:(دینارێك لە پێناو خوادا ببەخشیت وە دینارێك بۆ ئازادکردنی بەندەیەك ببەخشیت، وە دینارێك بۆ هەژارێك ببەخشیت وە دینارێك بۆ هاوسەر وخێزانت خەرجی بکەیت، ئەوەی لەهەمووان پاداشتی زیاترە ئەوەیانە کەبۆ هاوسەر وخێزانت خەرج کردووە (بەڵام پێویستە زیادەڕەوی تێدا نەکرێت)). لە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((...أفضل دِينار ينفقه الرجُل دينارُ ينفقه على عِياله..)).[٣٦٣] واتە: (باشترین دینار ئەو دینارەیە کە پیاو بۆ هاسەر وخێزانی خۆی خەرج دەکات). کەواتە باشترین پارە ئەو پارەیەیەکە خەرج دەکرێت بۆ هاوسەروخێزان خزم و کەسوکار کەبەهۆیەوە چاکەو سیلەی ڕەحم دێتە ئاراوە).

ئەبوهوڕەیڕ ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێك بە هاوەڵەکانی فەرموو: ((تصدقوا] واتە: (خێر بکەن)، پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من یەك دینارم هەیە، پێغەمبەر فەرمووی: ((انفقه على نفسك)) واتە: (بۆ خۆتی خەرج بکە)، پیاوەکە وتی: ئەگەر هی ترم هەبوو؟ پێغەمبەر فەرمووی: [انفقه على زوجتك... ولدك..خادمك]واتە: (ئەو پارەیە خەرج بکە بۆ ژنەکەت پاشان بۆ کوڕەکەت پاشان بۆ خزمەتکارەکەت)، پیاوەکە وتی: ئەگەر هی ترم هەبوو پێغەمبەر فەرمووی: [انت ابصر]) [٣٦٤]واتە: (خۆت باشتر دەزانیت بۆکێ باشە).

وە ئەبوهوڕەیڕە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اليَدُ العُلْيا خيرٌ مِنَ اليَدِ السُفلى، وابْدأ بَمِنْ تَعُول))[٣٦٥] واتە: (دەستی بڵندی بەخشندە باشترە لە دەستی نەوی وەرگر وە مەسرەفت بالە سەرەتا وە بۆ خێزانەکەت بێت). لە گێڕانەوەکەی عبدوڵڵای کوڕی عومەردا ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((اليَدُ العُليا أفْضَلُ مِنَ اليَدِ السُفلى، وابْدأ بَمَنِ تَعُولُ: أُمك وَأباك وأخَتُك

---

(٣٦٢) أخرجه: البخاري (٥٥)، مسلم في (الصحيح) (٩٩٥)، و أحمد (١٠١١٩) واللفظ له، والنسائي (الكبرى) (٩١٨٣).

(٣٦٣) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٩٩٤).

(٣٦٤) أخرجه: أحمد (٤١٥/١)، وابي داود (١٦٩)، و النسائي (٦٢/٥)، ابن حبان في (الصحيح) (٣٣٤٦)، وقال محققه: حسن، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (١٤٨٤)، و (صحيح الترغيب) (١٩٥٨).

(٣٦٥) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٣٥٥)، وأحمد (٥٣٤٤).

وَأخاكَ، وَأدناكَ فأَدناكَ))[٣٦٦] واتە: (دەستی بڵندی بەخشندە باشترە لە دەستی نزمی وەرگر سەرەتا خەرج بکە بۆ ئەوانەکە پێویستە لەسەرت خەرجیان بۆ بکەیت: دایکت پاشان باوکت، پاشان خوشکت پاشان برات پاشان کەسی نزیك بەنزیکت).

ئەوەی لەخەرجکردندا پێویستە لەبەرچاو بگیرێت پێویستە لە مااڵێکی حەاڵل بێت و لە نزیك گرنگترینیانەوە دەست پێبکات ئینجا بەپێی ڕێکخستنی شەرعی ڕێکبخرێت.

پیاوێك پرسیاری لە ئەبوهوڕەیرە ﷺ کرد وتی: ئەوانە کێن کەخەرجیان لەسەر من پێویستە؟ ئەویش فەرمووی: «امرأتك تقول اطعمني والأ فارقني، خادمك يقول:اطعمني واستعملني، ولَدك يقول: إلى من تتركني»[٣٦٧] واتە: (ژنەکەتە کەپێت دەڵێت: بەخێوم بکە دەنا لێم جیابەرەوە، وە خزمەتکارەکەتە کە دەڵێت: بەخێوم بکە و بەکارم بهێنە، وە کوڕەکەتەکە دەڵێت: بۆ کێم بەجێدەهێڵیت).

ئەبو هوڕەیرە ﷺ لە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: (يقول زوجتك: انفق علي أو طَلقنَي، يقول ولدك: انفق علي الى من تكلني، ويقول خادمك:الى من تكلني انفق علي او بعني)[٣٦٨] واتە: (هاوسەرەکەت دەڵێت: یا بەخێوم بکەو خواردنم بدەیە دەنا تەاڵقم بدە، کوڕەکەت دەڵێت: بەخێوم بکە و بۆکێم بەجێ دەهێڵیت؟ خزمەتکارەکەت پێت دەڵێت: بۆ کێم بەجێ دەهێڵیت، یا بەخێوم بکە و خەرجیم بدەرێ ئەگەر نا بمفرۆشەوە).

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووە: ((وإنَكَ لَنْ تُنْفِقَ نَفقَةً تبتَغي بِها وَجْهَ اللهَ إلاَ أُجِرْتَ عليها [بها] حَتى ما تَجْعَلُ

(٣٦٦) أخرجه: أحمد (٧١٠٥) وقال محققه: اسناده حسن، والطبراني (الكبير) (١٠٤٠٥)، وقال المنذري (الترغيب) (٢٩٢٠): رواه الطبراني بإسناد حسن، وحسنه الهثيمي (المجمع) (١٤٠/٣)، وحسنه الشيخ الالباني ايضاً في (صحيح الترغيب) (١٩٥٦).

(٣٦٧) أخرجه: أحمد (١٠٧٨٥) وقال محققه: حديث صحيح، والدارقطني في (السنن) (٣٧٣٨) وقال محققه: اسناده صحيح، و قال الحافظ ابن حجر في (بلوغ المرام) (ص: ٢٥١): اسناده حسن

(٣٦٨) أخرجه: أحمد (٧٤٢٩) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما، البيهقي في (السنن الكبرى) (١٦١١٨).



في فيّ امرأتِك))[٣٦٩] واتە: (تۆ هەر پارەیەك مەسروف بکەیت لە پێناوی خودادا پاداشتی لەسەر ومردەگریت هەتا ئەو قومە ئاوە و پارومنانەی کە دەیکەیتە ناو دەمی هاوسەرەکەتەوە).

لە گێڕانەوەیەکی تردا لە هەرباضەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((..إذا سقى الرجلُ امرأتهُ الماءَ أجر] قال: فأتيها فقمت إليها فسقيتها وأخبرتها بما سمعت))[٣٧٠] واتە: (ئەگەر پیاوێك ئاو بدات بە ژنەکەی پاداشتی بۆ دەنوسرێت، عەرباض دەڵێت: منیش گەڕامەوە لای ژنەکەم و جامە ئاوێکم دایە و خواردیەوە و پاشان فەرموودەکەی پێغەمبەرم ﷺ بۆ گێڕایەوە).

وەهبی کوڕی جابر ﷺ دەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی عمروی کوڕی عاصم ﷺ بینی لە (بیت المقدس- قودس) کەسێکی نزیکی لەگەڵ بوو پێی وت: من دەمەوێت ئەم مانگە لێرە بەسەربەرم (واتە: مانگی ڕەمەزان) عەبدوڵڵا وتی: ئایە بژێوی ژیانی هاوسەر و خێزانت بەجێهێشتوە، کابرا وتی: نەخێر، ئەویش پێی وت: بگەڕێوە ئەوسیان بۆ دابین بکە کە پێیدەڵێن چونکە من لە پێغەمبەری خوام بیستووە کە فەرموویەتی: ((كَفى بِالمَرءِ اثْماً أن يضيع من يقوت))[٣٧١] واتە: (ئەوندە بەسە بۆ ئادەمیزاد پێی تاوانبارو گوناهبار ببێت ئەو کەسەی لە بیربچێت کەلە سەریەتی خواردنی بداتێ). لە گێڕانەوەیەکی تردا:((...ان يحبسِ عمن يَمِلِكُ قُوتَه))[٣٧٢] واتە: (ئەوندە بەسە بۆ تاوانبار بوونی مرۆڤ ڕزقی ئەوانە نەدات کە ڕزق و مەسروفیان لەسەریەتی).

لەبەر ئەمەشە کە ژن دەتوانیت لەماڵی مێردەکەی هەڵگرێت بەبێ ئاگاداری

---

(٣٦٩) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٦)، ومسلم (١٦٢٨)، وانظر (رياض الصالحين) بتحقيق الشيخ الالباني رقم (٢٩٨).

(٣٧٠) أخرجه: الطبراني في(المعجم الكبير) (٨/ ٣٥٨)، وأحمد في (المسند) (١٧١٥٥)، وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٧٣٦) وفي (صحيح الجامع) (٦٣٢)، وفي (صحيح الترغيب) (١٩٦٣).

(٣٧١) أخرجه: أحمد (٦٤٩٥) وقال محققه: اسناده حسن، وابي داود (١٦٩٢)، وابن حبان (٤٢٤٠) وقال محققه: صحيح، والحاكم (١/٤١٥)، البيهقي في (السنن الكبرى) (١٦١٢١)، والنسائي في (السنن) (٧/٤٦٧)، صححه الشيخ الالباني (صحيح الترغيب) (١٩٦٥).

(٣٧٢) أخرجه: مسلم (٩٩٦)، وابن حبان (٤٢٤١)، والبيهقي (٧/٨).

ئەو بەئەندازەی خەرجی خۆی و منداڵەکانی، لە عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: هندی کچی عوتبەی خێزانی ئەبوسوفیان هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا ئەبوسوفیان پیاوێکی ڕەزیلە ئەوەندە مەسروەفمان ناکات کەبەشی خۆم و بەشی منداڵەکانم بکات، مەگەر تەنها ئەوەی بێ ئاگاداری ئەولە ماڵەکەی هەڵمگرتووە بە ئەوە وە ئینجا بەشمان دەکات ئایە ئەوە دەبێتە هۆی گوناهباریم، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ((خذي مِن مالِهِ بالمعروف مايكفِيك ويكفي بَنيك))[٣٧٣] واتە: (لەماڵەکەی بەگوێرەی پێویست هەڵگرە ئەوەندەی بەشی خۆت و منداڵەکانت دەکات).

عومەری کوڕی خەطاب ﷺ فرمانی دەرکرد کە پیاوان دەبێت مەسرەفی ژنەکانیان بکەن بەتایبەت ئەو پیاوانەی کە دوورن لە هاوسەرەکانیانەوە:

ئیبنو عومەر ﷺ دەفەرموێت: (إن عمر بن الخطاب ﷺ كَتَبَ إلى أُمراء الاجناد في رجال غابوا عن نسِائهم، فَأمرَهُم ان يأخذُوهم بِانْ ينفِقوا أو يُطلقَوا، فإن طلقوا بَعثِوا بنفقة ماحَبسوا))[٣٧٤] واتە: (عومەری کوڕی خەطاب ﷺ نامەیەکی نوسی بۆ پێشەوای سەربازەکانی دەربارەی ئەو پیاوانەی کەلە ژنەکانیان دوورکەوتونەتەوە فەرمانی پێکردن پێیان بڵێن: یان مەسروەفیان بکەن یان تەڵاقیان بدەن، ئەگەر تەڵاقیان دان خەرجی ئەو ماوەی پێشویان بۆ بگێڕنەوە کەلێیان دوور کەو تونەتەوە).

هەندێك لە زانایان دەڵێن: جیاکردنەوە لە نێوان کەسی دەست نوقاو (واتە بەرچاوتەنگ) و هاوسەرەکەی واجبە لەکاتێکدا ژنەکەی برسی و ناپۆشتە بێت چونکە ئەمانە هەموو زیان گەیاندنە بەئافرەتەکە و خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُواْ عَلَيۡهِنَّۚ ٦﴾ (الطلاق). واتە: (زیان بەژنەکانتان مەگەیەنن بۆ ئەوەی ناچار یان بکەن بەگێڕانەوەی ماریەکانیان بۆتان و بەناهەق مافاکانیان بخۆن). هەروەها خوای گەورە فەرمانی کردوە بە

(٣٧٣) أخرجه: البخاري (٢٢١١)، مسلم في (الصحيح) (٤٤٥٢، ١٧١٣) واللفظ له.

(٣٧٤) أخرجه: عبدالرزاق (١٢٣٤٦)، وابن ابي شيبة (١٩٠١٣)، والامام الشافعي (المسند) (١٢١٣) وقال محققه: صحيح، والبيهقي في (السنن الكبرى) (١٦١٣٣)، وقال الحافظ ابنحجر في (بلوغ المرام) (ص: ٢٥١): اسناده حسن.



موسوڵمانان دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗاۖ وَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ لِتَذۡهَبُواْ بِبَعۡضِ مَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ ...﴿١٩﴾ ﴾ (النساء) (ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە! بۆ ئێوە ڕەوانییە بە زۆرداری ژنان بکەنە میرات و دەستیان بەسەرابگرن وە نابێ تەنگەتاویان بکەن و ئازاریان بدەن، بۆ ئەوەی لەهەندێ لەومارمییەی پێتانداون دەست هەڵگرن....)، و ﴿ ...وَلَا تُمۡسِكُوهُنَّ ضِرَارٗا لِّتَعۡتَدُواْۚ ...﴿٢٣١﴾ ﴾ (البقرة) (واتە: ئیتر نابێ ڕایان بگرن و بەقەستی ئازاریان بدەن، تا ناچاریان بکەن لەبەرامبەر تەڵاق دانیانەوە مارمییەکەیانتان پێبدەن). پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: ((لا ضَرَرَ ولا ضِرارَ))[٣٧٥] واتە: (کەس بۆی نیە زیانت پێ بگەنێت و تۆش بۆت نیە زیان بەکەس بگەیەنیت).

ئەم فەرموودەیە یەکێکە لە بنچینەکانی شەریعەت ئەویش بنەمای قەدەغەکردنی هەموو کارە زیان بەخشەکانە.

سەعیدی کوڕی موسەیەب ﷺ دەفەرموێت: سەبارەت بەپیاوێك کەتوانا و دارا بیەکی ئەو تۆی نیە خەرجی هاوسەرەکەی بکات ((يفرقُ بينهما))[٣٧٦] واتە: (دەبێت هەر دووڵا جیابکرێنەوە لەیەکتر).

بەکورتی: میانەڕەوی لەنەفەقەدا پێویستەو نابێت، پیاو والێبکات خواردنی باش و خزمەت کردن لە هاوسەر و خێزان بگرێتەوە چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سنگی هاوسەرەکەی پڕ بێت لە ڕق و بێزاری و هەست بکات کەزۆرداری لەگەڵدا دەکرێت

٤- هاتنە دی و جێبەجێ کردنی مەرجە شەرعیەکانی ژن و هاوسەر:

پێویستە لەسەر مێرد وەفا داربێت بەرامبەر مەرجەکانی هاوسەرەکەی، عوقبەی کوڕی عامر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: ((إنَ احَقَ [ما

(٣٧٥) أخرجه: أحمد (٢٨٦٥) وقال محققه: حسن، وابن ماجة(٢٣٤١)، والدار قطني (٤/٢٢٨)، والحاكم (٢/٥٨)، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٥٠)، و(الارواء) (٨٩٦)، و(صحيح ابن ماجة) (١٨٩٥).

(٣٧٦) أخرجه: عبد الرزاق (١٢٣٥٦)، وابن ابي شيبة (١٩٠٠٦)، و مالك (٣٦٨)، والامام الشافعي (المسند) (١٢١٢) وقال محققه: صحيح، والبيهقي في (السنن الكبرى) (١٦٦٣٤)، والدارقطني في (السنن) (٣٧٤١) وقال محققه: اسناده منقطع، وقال الحافظ في (بلوغ المرام) (ص: ٢٥١): مرسل قوي.

أوفيتم من] الشَرْوطِ أَنْ تُوفوا بهِ ما اسْتَحللْتَم بهِ الفروج))[٣٧٧] واتە: (شایستەترین و هەقترین شت لەوانەی کە پێویستە لەبەرامبەریدا ئێوەی پیاوان بەومڤابن هاتنەدی ئەو مەرجانەیەکە ژنان بەهۆیەوە شویان پێ کردوون).

ئەو مەرجانە دابەش دەبن بە:-

❁ مەرجە پوچەڵەکان:

ئەمەش ئەو مەرجانە دەگرێتەوە کە گرێبەستەکە پێویستی ناکات و عادەت ونەریتیش وای ناخوازێ و سودی بۆ هیچ لایەکیان نابێت (نەژن ونەمێرد) وەك ئەوەی کە مێرد مەرج دابنێت کە ژنەکەی میراتی لێ نەگرێت یان نەفەقەی بۆ نەکات یان مارمیی نەداتێ یان هەوێکەی بۆ تەڵاق بدات.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((لا يحل لِأمرأةٍ أن تسأل طلاق أختها لتستفرغ صحفتها [فان المسلمة اخت المسلمة] فانما لها ما قدر له))[٣٧٨] واتە: (بۆ هیچ ژنێك حەڵاڵ نیە داوای تەڵاقدانی خوشکەکەی (واتە: هەوێکەی) بکات تا شوێنەکەی ئەو بۆ خۆی چۆڵ ببێت، (چونکە ژنی موسوڵمان خوشکی ژنی موسوڵمانە) وە مێردەکە تەنها ئەوەی بۆ دەبێت کە پێشتر خوا بۆی دیاری کردووە). وەهەروەها ئەو مەرجەش پوچە کە ئافرەتەکە داوا بکات بەشی هەوێکەی نەدرێت یاخود خەرجی بۆ نەکرێت یاخود لە دوای مردنی پیاوەکەی ئەو ژنە شونەکاتەوە وەك دایکی موبسیری کچی بەرائی کوڕی مەعرور بە پێغەمبەری ﷺ فەرموو: ((إني اشترطت لزوجي أن لاء تزوج بعده؟)) واتە: (من مەرجی ئەومم داوە بەمێردەکەم کە لەدوای ئەو من شونەکەمەوە؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((إنّ هذا لايصلح))[٣٧٩] واتە: ئەو مەرجە نەگونجاوە و کاری وا دروست نیە).

---

(٣٧٧) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٩/ ٢١٧،٥١٥١) و (٥/ ٣٢٣ رقم ٢٧٢١)، ومسلم في (الصحيح) (٢/ ١٠٣٥ رقم ٦٣/ ١٤١٨)، وأبو داود في (السنن) (٦/ ١٧٦، ٢١٢٥)، وابن ماجة في (السنن) (١/ ٦٢٨/ ١٩٥٤)، والترمذي في (السنن) (٢/ ٢٩٨، ١١٣٧)، والنسائي في (السنن) (٦/ ٩٢)، والشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (١٥٤٧).

(٣٧٨) أخرجه: البخاري (٥١٥٢).

(٣٧٩) أخرجه: الطبراني (الصغير)(٧٥٦)، وقال الحافظ في (الفتح) (٩/ ٢٧٣): اسناده حسن.



❁ مەرجە خراپەکان:

ئەو مەرجانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ گرێبەستەکەدا پێچەوانە دەوەستن و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە یەکێك لە هەر دوو هاوسەر وەك مەرجی ئەوەی کەسەفەر بە ژنەکەی نەکات، یان بە شەو نەیەتە لای، یان خزمەتی پیاوەکەی نەکات، یان نەفەقەی منداڵەکەی بداتێ، یان لە وڵاتەکەی نەیباتە دەرەوە، یان ژنی بەسەر نەهێنێت، و یان جۆرە جل و بەرگێکی دیاریکراوی بۆ لەبەربکات، یان خواردنێکی دیاریکراو خواردنەوەیەکی دیاریکراوی بداتێ، یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مارەی ببڕێت، یان تەڵاقی بدات و بیگەڕێتێتەوە بۆ مێردی یەکەمی....هتد

ئیبنو وهب ﷺ دەگێڕێتەوە: (ان رجلا تزوج إمرأةً فشرط لها ان لا يخرجها من دارها فارتفعوا إلى عُمَر فوضع الشرط، وقال: المُرأةَ مع زوجها)[٣٨٠]. واتە: (پیاوێك ژنێکی مارەکرد و ژنەکە مەرجی ئەوەی لەسەردانا کەلە ماڵەوە نەیباتەدەر، دواجار بووە کێشە یان و چونە لای ئیمامی عومەر ﷺ و ئەو مەرجەی بۆ هەڵوەشاندنەوە وفەرمووی: ژن دەبێت لەگەڵ مێردەکەی بێت).

لەگێڕانەوەیەکدا یەحیایی کوڕی ئەبی کەثیر ﷺ دەفەرموێت: (ان رجلاً تزوّج امرأة و شرط لها ان لا ينكح عليها، و لا يتسرى، و لا ينقلها الى أهلهِ، فبلغ ذلك عمر ﷺ فقال: عزمتُ عليك الاّ نكحت عليها، و تسرّيتَ و خرجت بها الى أهلك)[٣٨١]. واتە: (پیاوێك ژنێکی مارە کرد و مەرجی ئەوەی پێدا کەژنی بەسەر نەهێنێت و کەنیزەکیش مارەنەکات و نەیباتەوە لای خزمانی خۆی. ئەم باسە گەیشتەوە لای ئیمامی عومەر ﷺ و بەپیاوەکەی فەرموو: تکات لێدەکەم دەبێت ژنی بەسەر بهێنیت و، کەنیزەکیش مارە بکەیت وە ئافرەتەکەش ببەیتەوە لای خزمانی خۆت).

---

(٣٨٠) أخرجه: البيهقي في (السنن) (١٤٧٩١)، قال الحافظ ابن حجر العسقلاني في (فتح الباري) (٩/٢٧٢): اسناده جيد، وقال الشيخ الألباني في (ارواء الغليل) (١٨٩٣): اسناده صحيح.

(٣٨١) أخرجه: عبد الرزاق (المصنف) (١٠٦٠٩)، وسعيد بن منصور (السنن) (٦٦٨)، والبيهقي (الكبرى) (٧/٢٤٩).

عەطای خوراسانی دەفەرموێت: «ان رجلاً نَكحَ إمرأةَ فاصدقته المرأة وشرطت عليه ان يَبدها أمر الجِماع وَالفرُقة، فقال ((علي وابن عباس ﷺ)): عَميتَ السُنةَ، ووليتَ الأمر غيرأهَلهَ، عَليكَ الصِداقُ وَبَيَدِك الفِراقُ والجِماع"[٣٨٢]. (پیاوێك ژنێكی مارەكرد و ژنەكە مارمییەكەی بۆ پیاوەكە دابین كردو مەرجی ئەوەی لەسەردانا كە (كاری جوت بوون و جیابوونەوە بەدەست خۆی بێت) ئیمامی عەلی و ابن عەباس ﷺ-بە پیاوەكەیان فەرموو: سونەتت پشت گوێ خستووە، كارەكەت داوەتە دەست كەسێكی ناشیاو بەو كارە، بەڵكو پێویستە لەسەر تۆ مارمیی ئافرەتەكە بدەیت و كاری جوت بوون و جیا بونەوەش بەدەست تۆ بێت).

هاوشێوەی ئەو مەرجانەی پێشووە دەبێت پیاو پێیان رازی نەبێت و جێ بەجێیان نەكات وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((كل شرط ليس في كتاب الله فهو باطل وإن كان مِائَة شرط))[٣٨٣] واتە: (هەر مەرجێك لە قورئانی خوای گەورە دای نەنابێت ئەوە مەرجێكی پوچەڵە با سەد مەرجیش بێت).

ڕافعی كوڕی خەدیج ﷺ دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((المسلمون عند شروطهم فيما أحل))[٣٨٤] واتە: (موسوڵمانان لەسەر جێبەجێ كردنی مەرجەكانیانن، بەڵام لەو شتانەدا كە حەڵاڵن). لە گێڕانەوەیەكی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((المسلمون عند شروطهم ما وافق الحق من ذلك))[٣٨٥]. واتە:(موسوڵمانان پابەندن بە جێبەجێ كردنی ئەو مەرجانەیان كە لەگەڵ هەق دا یەك دەگرنەوە).

---

(٣٨٢) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (١٤٧٩٩), وابن ابي شيبة (المصنف) (١٧٦٧٣) وقال محققه: رجال ثقات.

(٣٨٣) أخرجه: البخاري (١٥٦٣), ومسلم (١٥٠٤), وأبو داود (٣٩٣٠).

(٣٨٤) أخرجه: الطبراني (الكبير) (٤٤٠٤), و صححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٧١٥)، و (الارواء) (١٣٠٣).

(٣٨٥) أخرجه: الحاكم (٤٩/٢), والدارقطني (السنن) (٢٨٧١), وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٧١٦).



۞ - مەرجەڕاستەکان:-

أ- هەندێك لەو مەرجانە پێویستە بۆ گرێ بەستی هاوسەر گیری:

وەك ئەوەی مێرد خەرجی خێزانی بكات و زیانی پێ نەگەیەنێت و خەم سارد نەبێت لە دابین كردنی جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون، وە بەشكردنی شەوی تایبەت گەر زیاد لەیەك ژنی هەبوو، وە ئەنجام دانی جوان ترین ڕەفتارو مامەڵە لەگەڵیدا.

ب- هەندێك لەو مەرجانە گونجاوە لەگەڵ گرێبەستی هاوسەر گیری:

وەك بە مەرج گرتنی كەفیل بۆ پێدانی مارەیی، یاخود بۆ جۆری مارەی و ئالتون و پێویستیەكانی ناو ماڵ.

ج- هەندێك لەو مەرجانە گونجاوە لەگەڵ شەرعدا:

وەك بەمەرج گرتنی پێش خستنی مارەیی یان دواخستنی مارەیی یان هەندێكی، یان تەواوكردنی خوێندنی ئافرەتەكە لە قۆناغەكانی خوێندندا یان ڕێ لێ نەگرتنی بەمانەوەی لەماڵی مەحرەمیدا، ئەم جۆرە مەرجانە جێبەجێ كردنیان دروستە.

٥-میانەڕەوی لە غیرەدا (الاعتدال في الغيره):

مافێكی تری ژن بەسەر مێردەكەیەوە بریتیە لەوەی گومانی خراپ و ناڕەوای پێ نەبات:

پێویستە پیاو خەم سارد نەبێت لەسەرمتایی ئەو كارانەی كە دەبنە جێی مەترسی بۆ بەردەوام بوونی ژیانی هاوسەری، وەنابێت لەمەزندەكاندا زیادەڕۆی بكات و گومانی خراپ بەهاوسەرەكەی ببات خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُواْ .. ﴿١٢﴾ ﴾ (الحجرات) واتە: (ئەی بڕواداران خۆتان لە زۆرێكی گومان بە دوور بگرن چونكەهەندێك لە گومانەكان تاوانە).

وە سەبارەت بەم باسەش پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((إن من الغَيرةِ ما يحبُ الله، ومَنها ما يبغض الله، فَأمَا الغيرة التي يحبُ الله فالغَيرةُ في الله))[٣٨٦] واتە: (هەندێك غیرە هەیە خوا خۆشی دەوێت وهەشە خوای گەورە خۆشی ناوێت، لەو غیرەیەی کە خوا خۆشی دەوێت ئەوەیە کە لە پێناوی خوادا بێت. لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...فَاما التي يحُبها الله فالغيُرة في الريبة، وأما الغيرة التي يُبغضِها الله فَالغيرةُ في غير رَيبه..))[٣٨٧]. واتە: (ئەو غیرەیەی کە خوا خۆشی دەوێت ئەوەیە لەکاتێکدا بێت کە هۆکاری دڵنیانەبوون و دوودڵی لەئارادا بێت، بەڵام ئەو غیرەیەی کە خوا خۆشی ناوێت ئەوەیە لەکاتێکدابێت کە هۆکاری دوو دڵی لە ئارادا نەبێت).

٦- فێرکردن

یەکێك لە مافەکانی تری ژن بەسەر مێردەکەیەوە ئەوەیە کە پێویستیەکانی کاروباری ئاینی تایبەت بەژنانی فێربکات لەگەڵ بیرو باوەڕی ڕاست، وە پێویستە مێرد زانیاریەکانی سوڕی مانگانەی ئافرەت بزانێت تابتوانێت هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بکات، وە پێویستە حوکمەکانی نوێژ و عادە و نەخۆشی فێربکرێت وفێری هاوسەرەکەی بکات بۆ نموونە گەر خوێنەکەی پێش ڕۆژئاوابوون بەماوەی یەك ڕکات نەما ئەوە نوێژی نیومڕۆ و عەسری دەکەوێتە سەر، وەگەر خوێنەکەی پێش بەیانی بەماوەی ڕکاتێك نەمائەوە قەزای نوێژی ئێوارەو شەوی دەکەوێتە سەر، ئەم شتانە نابێت لای ژنان پشت گوێ بخرێت.

وە دەبێت ڕێ بەژنان بدرێت تا ئامادەی دانیشتنەکانی زانیاری و یادی خوای گەورە ببن چونکە پێویستی ئافرەت بۆ چاکردنی ئەرکە ئاینیەکەی و پاکبوونەوەی ڕوحی کەمتر نیە لە (پێویستیەکانی خواردن و خواردنەوە کە

(٣٨٦) أخرجه: أحمد (٢٣٧٤٧) وقال محققه: حسنٌ لغيره، ابن حبان في (الصحيح) (٢٩٥) وقال محققه: حديث حسن، والنسائي (٧٨/٥)، والطبراني (١٧٧٤).

(٣٨٧) أخرجه: أحمد (٢٣٧٥٢) وقال محققه: حسنٌ لغيره، أبو داود في (السنن) (٢٦٥٩)، وقال الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابي داود) (٢٣١٦) حسن.



پێویستە بۆی دابین بکرێت... وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ وَٱللَّهُ.. ﴿٦﴾ ﴾ (التجريم) واتە: (ئەی بڕوادارانخۆتان و خێزان و هاوسەرەکانتان بپارێزن لە ئاگرێك کەسوتەمەنیەکەی خەڵکان و بەردە).

سەبارەت بەمانای ئەم ئایەتە ئیمامی عەلی ﷺ دەفەرموێت: ((علموا انفسكم وأهليكم الخير))[٣٨٨] واتە: (خۆتان و هاوسەرەکانتان فێری خێر وچاکە بن)، هەروەها دەفەرموێت: ((علّموهم وادّبوهم))[٣٨٩] واتە: (خۆتان و هاوسەرەکانتان فێری زانست و نەریتی جوان بکەن).

ژن کەسی نزیکی مێردەکەیەتی و هەوڵدان بۆ پاراستنی لە ئاگر ئەم کارە بە ئیمان و کردەوەی چاك دەبێت و کردەوەی چاکیش بە زانیاری و زانست دێتەدی، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەرکەکان جێبەجێ بکرێت بە شێوەیەکی دروست و شەرعی، کەواتە پێویستە مێرد هاوسەرەکەی: پەروەردە بکات و فێری نەریتی جوانی بکات و لەکاری خراپ دووری بخاتەوە.

لێرەدا ئایەت و فەرموودەی زۆر هەیە دەربارەی داواکاری و فێریوونی زانیاری بۆ ژن و مێردو سودەکانی وە ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەیە لەوانە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ أَزۡوَٰجٖ.. ﴿٩﴾ ﴾ (الزمر).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ يَكُونُ.. ﴿١١﴾ ﴾ (لمجادلة) (واتە: خوائەو کەسانەتان باوەڕیان هێناوە بەرز دەکاتەوە، وئەوانەش زانستیان پێدراوە ئەوانە پلەگەلێ بەسەرباوەڕدارەکاندا بەرز دەکاتەوە).

(٣٨٨) أخرجه: الحاكم (٤٩٤/٢) وصححه على شرطهما و وافقه الذهبي, والبيهقي (الشعب) (٨٧٠٤), وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب) (١١٩).

(٣٨٩) أخرجه: ابن جرير (١٣٤/٢٦)، والصنعاني (التفسير) (٣٠٣/٢), وابن كثير (التفسير) (٥٨/١٤), والقرطبي (التفسير) (١٩٤/١٨), و السيوطي في (فتح القدير) (٣٠٣/٥), وابن الجوزي (زاد المسير) (٣١٢/٨).

وە ئیبنو عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((للعلماء درجات فوق المؤمنين بسبعمائة درجة، ما بين الدرجتين مسيرة خمسمائة عام).[٣٩٠] واتە: (زاناکان پلەکانیان بە حەوت سەد پلە لەسەرووی باوەڕدارانەوەیە نێوانی هەردووپلە یەک ڕێ و ڕۆیشتنی پێنج سەد ساڵە).

وەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ..... إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ٱلْغَفُورُ .. ﴿٢٨﴾ ﴾ (فاطر) (واتە: بەراستی لە بەندەکانی خوادا، هەر زاناکانن بەڕاستی لە خوا ئەترسن و سەری نەوازشی بۆ دائەنوێنن).

موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ﷺ دەڵێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: ((من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين))[٣٩١] واتە: (هەرکەسێک خوا بیەوێت خێری پێ ببەخشێت یان بە نسیبی بکات لە ئایندا شارەزای دەکات).

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إن الله وملائكته، وأهل السمواتِ والأرض حتى النملة في جحرها، وحتى الحوت ليصلون على معلمي الناس الخير))[٣٩٢]. واتە: (خواو فریشتەکانی و خەڵکانی ئاسمانەکان و سەر زەوی هەتا مێرولەیەک لە شانەکەیدا هەتا نەهەنگەکان هەموو درود بۆ ئەو مامۆستایانە دەنێرن کە خەڵکی فێری خێرو چاکە دەکەن).

ئەبو ئومامە ﷺ دەڵێت: باسی دوو پیاویان لای پێغەمبەر ﷺ کرد یەکێکیان خواپەرست بوو و ئەویتریان زانا بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((فضل العالم على العابد كَفضلي على أدناكم))[٣٩٣]. واتە: (پلە و بەرزی زانا لای خوای گەورە وەک پلەو بەرزی منە بەسەر نزمترینتانەوە).

لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((فضل العالم على العابد كفضل القمر ليلة بدر على سائر الكواكب، وإن العلماء ورثة الأنبياء، وإن الأنبياء لم يورثوا

(٣٩٠) أورده: ابن قدامة المقدسي في (مختصر منهاج القاصدين) (ص: ١٣).

(٣٩١) أخرجه: البخاري (٧١)، ومسلم (١٠٣٧)، وابن ماجة (٢٢١).

(٣٩٢) أخرجه: الترمذي (٢٦٨٢)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب) (٨١).

(٣٩٣) أخرجه: أحمد (٢١٧١٥) وقال محققه: حسن لغيره، والترمذي (٢٦٨٢)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب) (٨١).



دیناراً ولا درهماً، وانما ورَّثوا العلم، فمن أخذهُ أخذ بِحظٍ وافرٍ))[٣٩٤] واتە: (پلە بەرزی و گەورەیی زانا بەسەر خواپەرستەوە وەک پلە و گەورەیی مانگە لەشەوی چواردەدا بەسەر هەموو هەسارەکانی ترەوە، زانایان میرات گری پێغەمبەرانن، پێغەمبەران دینارو درهەمیان بەمیراتی لە دوای خۆیان جێ نەهێشتووە، بەڵکو زانیاریان لە دوای خۆیان جێهێشتووە، هەر کەسێک ئەو زانیاریە (ئاینیانە) وەرگرێت دەبێتە خاوەنی بەختێکی گەورە وفراوان).

صفوانی کوڕی عەسال ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إن الملائكة لتضع أجنحتها لطالب العلم رضي بما يطلب)).[٣٩٥] واتە: (بەڕاستی فریشتەکانی خوا باڵیان ڕادەخەن بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت فێری زانیاری بێت لە ڕازی بوونیان بەو کارەی کە بۆی دەچێت).

لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...ان طالب العلم تَحُفَّه الملائكة [وتُظلهُ] باجنحتها ثم يركب بعضهم بعضاً حتى يبلغوا السماء الدنيا من محبت هم لِما يطُلب))[٣٩٦]. واتە: (بەڕاستی ئەو کەسەی داوای زانست دەکات فریشتەکان بەباڵەکانیان دای دەپۆش و سێبەری بەسەرموە دەکەن، پاشان هەندێکیان دەچنە سەر هەندێکیان و بەرز دەبنەوە تا دەگەنە ئاسمانی دونیا لەبەر خۆشەویستیان بۆ ئەو زانیاریانەی کە ئەو بەدوایدا دەگەڕێت).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((مَنْ سَلَكَ طَريقاً يلتمس فيه علماً سهل اَللهُ له به طريقاً الى الجَنة)).[٣٩٧] واتە: (هەر کەسێک ڕێگایەک بگرێتە بەر بۆفێربوون و دەست خستنی زانیاریەک، خوای گەورە بەهۆیەوە ڕێگای چونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

---

(٣٩٤) أخرجه: أبو داود (٣٦٤١)، والترمذي (٢٦٨٢)، وابن ماجة (٢٢٣)، وابن حبان (٨٨)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابن ماجة) (١٨٢) و(صحيح ابي داود) (٣٠٩٦)، و(صحيح الترغيب) (٦٩).

(٣٩٥) أنظر: المصدر السابق.

(٣٩٦) أخرجه: الطبراني (الكبير) (٧٣٤٧)، وابن ماجة (٢٢٦)، وابن حبان (٨٥)، والحاكم (١٠٠/١)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب) (٧١)، و(صحيح ابن ماجة) (١٨٥).

(٣٩٧) أخرجه: أحمد (٧٤٢٧) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما، ومسلم (٢٦٩٩).

سەهلی کوڕی سەعد ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بە عەلی ﷺ فەرموو: ((**لأن يهدي الله بك رجلاً واحداً خيرٌ لك من أن يكون لك حمر النِعم**))[٣٩٨] واتە: (ئەگەر بەهۆی تۆوە تەنها یەك پیاو خودا ڕێگای هیدایەتی نیشان بدات باشترە بۆ تۆ لەبەخشینی مێگەلێك لەو شترە سورەکان بۆ خوا).

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((**معلم الخير يستغفر له كل شيء حتى الحيتان في الماء**))[٣٩٩]. واتە: (هەموو دروست کراوانی خوا هەتا نەهەنگەکان لە ئاودا هەموو داوای لێ خۆشبونی خوا دەکەن بۆ ئەو کەسەی خەڵکی فێری چاکە و خێر دەکات).

وئیبن و عباس ﷺ دەڵێت: (**إن الذي يعلم الناس الخير تستغفر له كل دابة حتى الحوت في البحر**)[٤٠٠]. واتە: (ئەو کەسەی کە خەڵکی فێری خێرو چاکە دەکات هەموو گیانلەبەران داوای لێخشبوونی بۆ دەکەن هەتا نەهەنگی ناو دەریاش).

موعاذی کوڕی جەبل ﷺ دەڵێت: «**تعلموا العلم، فان تعلمه لله خشية، وطلبه عبادة، ومدارسته تسبيح، والبحث عنه جهاد، وتعليمه لمن لايعلمه صدقة، وبذله لأهله قربة، وهو الأنيس في الوحدة، والصاحب في الخلوة**»[٤٠١] واتە: (فێری زانست ببن فێربوونی ترسانە لە خوای گەورە، ومداواکردنی خواپەرستیە و وتنەوەی یادکردن و تەسبیحاتی خوایە، و گەڕان بەدوایدا جیهاد و تێکۆشانە، وە فێرکردنی بۆ ئەوانەی نایزانن بەخشین و خێرە، وە گەیاندنی بەفێرخوازانی نزیکبوونەومیە لەخوا، زانیاری دۆست و هاوەڵە لە تەنیایدا و هاوڕێی ئەوکاتانەتە کە تەنیا دەمێنیتەوە).

کەعب ﷺ دەڵێت: خوای گەورە وەحی بۆ موسا ﷺ ناردە خوارەوە پێی فەرموو: ئەی موسا ﷺ فێری خێربە، خەڵکیش فێربکە چونکە من گۆڕی مامۆستا و فێرخوازانی زانست ڕووناك دەکەمەوە تا لەو جێگەیانەدا هەست بەتەنیانی نەکەن)[٤٠٢].

---

(٣٩٨) أخرجه: البخاري (٣٠٠٩)، ومسلم (٢٤٠٦).

(٣٩٩) أخرجه: البزار (١٣٣)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب) (٨٢).

(٤٠٠) أخرجه: ابن عبد البر (جامع بيان العلم) (١٨٠) وقال محققه: حسن.

(٤٠١) أخرجه: ابن عبد البر (جامع بيان العلم) (٢٦٩) وقال محققه: اسناده ضعيف جداً.

(٤٠٢) نفس المصدر السابق



ئاینە پیرۆزەکەمان داوامان لێ دەکات هەموومان فێرخوازی ئاین ببین:

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((طلب العلم فريضة على كل مسلم))[٤٠٣] واتە: (داواکردنی زانیاری (شەرعی) ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکە). فەقیهەکان فەرموویانە: مەبەست زانیاری تێگەیشتنی ئاینە چونکە بەهۆیەوە حەڵاڵ و حەرام لەیەکتر جیادەکرێتەوە.

ڕاڤەکارانی قورئان و فەرموودە ناسان فەرموویانە: مەبەست لەو زانیاریە زانستەکانی قورئان و سوننەتەکە بەهۆیانەوە بەهەموو زانیارییەکان دەگەن. بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کەبەندە بەئەرکەکانی خۆی بەرانبەرخوای خۆی بەڕاستی بزانێت و پیادەی بکات).

فێربوونی زانستە ئاینیەکان ئەرکی سەرشانی هەموو پیاو و ئافرەتێکی موسوڵمانە، لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ئافرەتان وەک پیاوان لەهەوڵدابوون بۆ فێربوونی ئاینەکەیان:

دایکی برواداران عائیشە ﵂ دەفەرموێت: (نِعمَ النِساء، نِساء الأَنصار، لَم يَمنعهنَ الحيَاء أن يتفقهن في الدين).[٤٠٤] واتە: (باشترین ژنان ژنانی ئەنصار بوون، حەیاو شەرم ڕێگری لێ نەئەکردن لەپێناوی فێربوونی ئاینەکەیاندا).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴿١١٤﴾﴾ (طه) لەم ئایەتەدا خوای گەورە فەرمان بەپێغەمبەرەکەی دەکات کەئەو داوا بکات لە خوا کە زانیاری زیاتر بکات.

عقبەی کوڕی مەسعودی بەدری ﵁ دەفەرموێت: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((مَنْ دَلَّ على خَير، فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ)).[٤٠٥] واتە: (هەر کەسێک ڕێی خێرێک نیشانی کەسێک بدات ئەویش بەچەشنی ئەوەی خێرەکە دەکات پاداشتی بۆ دەنوسرێت یان پاداشتی دەبێت).

---

(٤٠٣) أخرجه: ابن ماجة (٢٢٤)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابن ماجة) (١٨٣).

(٤٠٤) أخرجه: مسلم (٣٣٢)، وأبو داود (٣١٦)، وابن ماجة (٦٤٢).

(٤٠٥) أخرجه: مسلم (١٨٩٣)، وأبو داود (٥١٢٩)، وابن حبان (٢٨٩).

ئافرەتانی مەدینە خۆیان هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و داوای وانەی تایبەتی فێربوونی ئاینەکەیان لێ کردوە پێغەمبەرﷺ پێی فەرموون: ((...موعدُكنَ بَيتُ فُلانَة))[٤٠٦] واتە: (لە ماڵی فلانە ئافرەتدا کۆبنەوە تا بێمە لاتان).

خوای گەورە داوا لە ژنانی پێغەمبەر ﷺ دەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ ﴿٣٤﴾ ﴾ (الاحزاب). واتە: (لەماڵەکانتاندا کۆڕی یاد بگرن بۆ فێربوونی ئایەتەکانی خودا و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ).

واتە: ژنانیش مافی فێربوون و فێرکردنیان هەیە، ژنانی پێغەمبەرﷺ لەلایەن خواوە فەرمانیان پێکراوە کە خۆیان فێربکەن و خەڵکیش فێربکەن وەک بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی ئاینی خوای گەورە بە تایبەت فێربوونی سورەتی (النساء و النور والاحزاب و الطلاق و التحريم)، هەروەها پێویستە لەسەر پیاوان ڕێ لە ئافرەتان نەگرن لە ئامادەبوونی نوێژی جماعەت و هەینی و وانە ئاینیەکان لە سنوری شەرعدا، وەک پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((إذا اَستأذنت المرأة احدكم إلى المسجد فلا يمنعها))[٤٠٧] واتە: (ئەگەر ژنێک داوای ڕێپێدانی چوونە مزگەوتی لەهەریەکێکتان کرد ئێوە ڕێی لێ مەگرن).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لاتمنعوا إماءَ الله أَن يصلين في المسجد)).[٤٠٨] واتە: (ڕێ مەگرن لە ئافرەتان کەنوێژ لەمزگەوت بکەن). لەگێڕانەوەیەکی تردا، ((...ائذنوا للنِساء أَن يصلين بالليل في المسجَد))[٤٠٩] واتە: (ڕێگە بدەن کە ژنان بەشەو لەمزگەوتدا نوێژ بکەن).

---

(٤٠٦) أخرجه: البخاري (الادب المفرد) (١٤٨), وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٣٠٢) و(صحيح الادب المفرد) (١١٠).

(٤٠٧) أخرجه: أحمد (٤٥٢٢), البخاري في (الصحيح) (٨٧٣).

(٤٠٨) أخرجه: أحمد (٦٣٨٧) وقال محققه: اسناد صحيح على شرطهما, وابن ماجة (١٦) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٧٤٥٥)، وفي (صحيح سنن ابن ماجة) (١٦).

(٤٠٩) أخرجه: أحمد (٥٠٢١) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما، ومسلم (٤٤٢)، والطيالسي (١٨٩٤), والشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٢١).



ئافرەتان پێویستە لەچوونیان بۆ مزگەوت بۆنی خۆش بەکار نەهێنن و خۆیان نەڕازێننەوە.

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا تمنعوا إماء الله مَساجد الله ولكن ليخرجن وُهنَ تفِلاتٌ))[٤١٠] واتە: (ڕێگری لە ژنان مەکەن بچنە مزگەوتەکانی خواوە، بەڵام کەچوونە دەرەوە بابۆن لە خۆیان نەدەن).

ئافرەتان گەر ئەو مەرجەیان جێبەجێ نەکەن نوێژکردنیان لە ناومااڵەکانیاندا چاکترە و پاداشتی زیاترە:

ئیمامی عومەر ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا تمنعوا نِسائكم المسَاجد وبيوتُهنَ خيرٌ لهنَ))[٤١١]. واتە (ڕێ لەژنەکانتان مەگرن بێنە مزگەوتەوە بەڵام ماڵەکانیان بۆ ئەوان باشترە). لەڕوونکردنەوەی ئەم فەرموودەیەدا دایکی ئیمانداران عائیشە ﷺ دەفەرموێت: (لَو أدرَك رَسُول الله ﷺ ما أحدث النسِاء لمنْعهنَ المسجِد كما مُنعِتَ نَسِاءُ بني أسرائيل)[٤١٢]. واتە: (ئەگەر پێغەمبەر ﷺ بگەیشتایەتە ئەم زەمانە و تەماشای بکردایە ئافرەتان چیان داهێناوە (لەخۆڕازاندنەوەدا) قەدەغەی هاتنی مزگەوتی لێدەکردن وەك چۆن لە ژنەکانی بنی ئیسرائیل قەدەغەکرابوو).

مانای (ما أحدث) ی فەرموودەکە واتە: لەخۆڕازاندنەوەو جل و بەرگ و بۆنی خۆش. ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا يقبلُ الله من إمرأةٍ صلاةً خرجت إلى المسَجد وَريحِهُا تعصف حتى تَرجع فتغتسل غسل جنابة)[٤١٣]. واتە: (خوای گەورە نوێژی ژنێك وەرناگرێت لە ماڵ بچێتەدەر بۆ مزگەوت و

(٤١٠) أخرجه: البخاري (٩٠٠), ومسلم (٤٤٢), أحمد (٤٦٥٥)، وأبو داود (٥٦٥)، والشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٧٤٥٥).

(٤١١) أخرجه: أحمد (٥٤٦٨) وقال محققه: حديث صحيح، وأبو داود(٥٦٧)، ابن خزيمة (١٦٨٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابي داود) (٥٧٦)، وفي (صحيح الجامع) (٧٤٥٨).

(٤١٢) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٨٦٩).

(٤١٣) أخرجه: ابن ماجة (٤٠٠٢), وأحمد (٧٣٥٦) وقال محققه: حديث يحتمل التحسين، ابن خزيمة (١٦٨٢) وقال محققه: حديث حسن، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح ابن ماجة) (٣٢٣٣), و(الصحيحة) (١٠٣١).

بۆنەکەی بڵاوببێتەوە هەتا دەگەڕێتەوە و خۆی دەشوات وەك خۆشۆردنی لەش گرانی).

ئوم سەلەمە ﵂ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((خَيرُ مَساجِدِ النِساء قَعرُ بيتهنَ))[٤١٤]. واتە: (باشترین مزگەوتی ژنان ناوماڵیاستی ماڵەکەی خۆیانە).

هەروەها ئوم و سەلەمە ﵂ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((صلاةُ المرأةِ في بَيتِها خيرٌ من صَلاتِها في حُجرتِها وصَلاتها في حجرتها خيرٌ من صلاتها في دراها، وصَلاتها في دارِها خَيرٌ من صلاتها في مسجد قومِها))[٤١٥] واتە: (نوێژی ژن لە ژوورەکەیدا، خێرترە لە نوێژکردنی لە هەیوانەکەیدا و نوێژەکردنی لە هەیوانەکەیدا خێرترە لەنوێژکردنی لە حەوشەکەیدا وە نوێژکردنی لە خانووەکەیدا خێرترە لە نوێژکردنی لەمزگەوتی گەڕەکەیدا).

ئیبنو مەسعود ﵁ فەرموویەتی: (ما صلت امرأةٌ من صلاة أحب إلى الله من اشِد مكان في بيتها ظُلمة)[٤١٦]. (ئافرەتێك نییە نوێژی کردبێت نوێژەکەی خۆشەویستر بێت لای پەروەردگار لەو نوێژەی کەئافرەت لەتاریکترین جێگەی ماڵەکەیدا دەیکات).

بەکورتی: یەکێك لەمافەکانی ئافرەت لەسەر پیاوەکەی ئەوەیە کەڕێی پێبدات لەماڵەوە بچێتە دەرەوە ئەگەر پێویستی پێی بوو وەك ئەوەی ئارەزووی نوێژی جەماعەت بکات یان دیدەنی خێزان و خزمەکانی و دراوسێیەکانی بکات بەمەرجێك فەرمانی پێبکات کە دەبێت بەخۆداپۆشراوی بێت و نەهێڵێت بەسفوری و خۆڕازاندەوە بێت، و دەبێت پیاوەکە نەهێڵێت ئافرەتەکەی بۆنی خۆش و بووخورد بەکاربهێنێت، و ئاگاداری بکاتەوە لە حەرامی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ پیاواندا و تەوقە لەگەڵ کردنیان..... هتد.

(٤١٤) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٦٥٤٢) وقال محققه: حديث حسن، وابن خزيمة (١٦٨٣)، وحسنه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (١٣٩٦)، وفي (صحيح الترغيب والترهيب) (٣٣٩).

(٤١٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (٩٤٧٢) وقال محققه: حديث حسن، والطبراني (الأوسط) (٩١٠١)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب والترهيب) (٣٤٠).

(٤١٦) خرجه: الطبراني(الكبير) (٩٤٧٢)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب والترهيب) (٣٤٥).



٧- مانەوە لەلای کێ حەوت رۆژو مانەوە لەلای بێوەژن سێ رۆژ لەکاتی گواستنەوەیدا:

ئەمەش یەکێکی ترە لە مافەکانی ئافرەت بەسەرمێردەکەیەوە.

ئەنەس ﷺ فەرموویەتی: ((مَنِ السُنَة إذا تزوج البِكر على الثيب أقام عِندها سبعاً ثم قسم وإذا تزوج الثيب أقام عِندها ثلاثاً ثم قسَم)).[٤١٧] واتە: (لەسونەتی پێغەمبەرە ﷺ ئەگەر کچێك بەسەر بێومژنێکدا شوی کرد دەبێت پیاوەکە حەوت رۆژلای بمێنێتەوە، لەدوایدا شەوەکانی تر بەش بکات لە نێوانیاندا و ئەگەر بێومژنێکی هێنا پیاوەکە سێ رۆژ بمێنێتەوە لای پاشان شەوەکانی تر بەش بکات لەنێوانیان هاوسەرەکانی دا).

٨-دادپەروەری:-

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ ... ﴿٩٠﴾ ﴾ (النحل). واتە: (خوای گەورە فەرمان بەدادپەروەری و چاکەکاری و بەسەرکردنەوەی خزمان دەکات).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ ...وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُوا۟ بِٱلْعَدْلِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٥٨﴾ ﴾ (النساء) واتە: (بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدا.... و هەرکات دادگایی نێوان خەڵکی دەکەن، بە دادگەرانەو یەکسانی داوەریان لە نێواندا بکەن...).

ئەبو یەعلی مەعقەلی کوڕی یەسار ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((مِا مِنْ عَبْد يَسْتَرْعِيه اللهُ رَعِيةً، يَمُوتُ يَومْ يَمُوْت وَهُوَ غاشُ لِرَعِيتَه إلا حرمَ الله عَلَيْهِ الجنَة))[٤١٨]. واتە: (هەر بەندەیەك خوای گەورە کردی بە سەرپەرشتیار بەسەر کۆمەڵێك خەڵکدا هەتا ئەو ڕۆژەی ئەو کەسە مرد، وە ناپاکی لەو ژێر دەستانە کردبێت خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام کردووە).

---

(٤١٧) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٢١٤)، ومسلم في (الصحيح) (١٤٦١).

(٤١٨) أخرجه: البخاري (٧١٥٠)، ومسلم (١٤٢).

لەو مافانەی کە ژن بەسەر مێردەکەیەوە هەیەتی ئەوەیە کە دادپەروەری لە نێوان ئەو ژنەو هەوێکەیدا بکات، ئەگەر هاتوو هەوێی هەبوو، پێویستە دادپەروەری لە نێوانیاندا بکات، لەخواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون و شوێنی نوستن و مانەوە و نابێت زوڵم و زۆرداریان لێ بکات چونکە خوای گەورە زوڵم و زۆرداری حەرامکردووە.

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((من كان له امرأتان فَمال إلى احداهما دون الأخرى جاء يوم القيامة وشقه مائل))[٤١٩]. واتە: (هەر کەسێك گەر دوو ژنی هەبوو مەیل و ئارەزوی بۆ یەکێکیان زیاتربوو تا ئەوەی تر یان ئەو کەسە دێت لەڕۆژی قیامەتدا ولایەکی بەلایەکدا کەوتووە (واتە: دەکرێت بەدووکەرتەوە) و ئەوە لایەکی تری لار دەبێت).

کەواتە ئەگەر ئەو ژنە هەوێی نەبوو، پێویستە مێردەکەی هەر لەگەڵیدا دادپەروەر بێت، ئەوەتا ئەوەی پەیڕەوکردووە هەتا لە سەرەمەرگیشدا دایکی برۆاداران عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((كان رسول الله ﷺ إذا اراد أن يخرج سفراً أقرع بَينَ أزواجهِ فأيتهن خرج سهمها خرج بها)).[٤٢٠] واتە: (پێغەمبەری خوا ئەگەر بیویستایە بچێتە دەرەوە بۆ سەفەرێك تیرووپشکی لە نێوان خێزانەکانیدا دەکرد هەر کامیان نۆبەی بەتیرو پشکەکە بۆ دەرچووایە ئەویانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد).

عەبدوڵڵای کوڕی عەمروی کوڕی عاص ﵁ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إنَ المُقْسطينَ عِنْدَ الله عَلى منَابرِ مِنْ نُور...الذِينَ يَعْدِلونُ في حُكْمِهِم وأهْليهِم وَما وَلوا)).[٤٢١] واتە: (دادپەروەران لە لای خوای گەورە لەسەر مینبەری نوورن...ئەوانەن کە دادپەروەربوون لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا وژێر دەستەکانیان وەلەحوکم و بڕیارەکانیان).

---

(٤١٩) أخرجه: ابن ماجة في (السنن) (١/ ٦٣٣، ١٩٦٩)، والنسائي في (السنن) (٧/ ٦٣)، والترمذي في (السنن) (٢/ ٣٠٤، ١١٥٠)، وأبو داود في (السنن) (٦/ ١٧١، ٢١١٩)، وصححه الشيخ الالباني في (ارواء الغليل) (٢٠١٧)، وفي (صحيح سنن ابن ماجة) (١٦٠٣).

(٤٢٠) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٢٥٩٣)، وابوداود في (السنن) (٢١٣٨)، وابن ماجة في (السنن) (١٩٧٠).

(٤٢١) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (١٨٢٧)، وانظر (رياض الصالحين) بتخريج الشيخ الالباني رقم (٦٦٥).



دادپەروەری خۆشەویستی دڵی ناگرێتەوە، بە پێی ئایەتەکەی خوای گەورە کە دەفەرموێت:﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓاْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٢٩﴾ ﴾ (النساء). واتە: (لەتواناتاندانیە دادپەروەری ڕەها لە نێوان هاوسەرەکانتاندا بکەن هەرچەندە هەوڵیش بدەن لەبەر ئەوە ئێوە مەیل و ئارەزووی تەواو مەکەن بەڵای یەکێك لە هاوسەرەکانتاندا و ئەوانی تر بە هەڵواسراوی بەجێ بهێڵن). مانای (أن تعدلو): واتە: لەخۆشەویستی و ئارەزووی دڵ و بەیەکەوە بوون ئەمەش (ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆری خەڵك لەگەڵ ئارەزوو و مەیلدان، کەواتە ئادەمیزاد ناتوانێت هاوسەنگی لە نێوانیاندا بکات لە خۆشەویستیدا). مانای (فلاتمیلو کل المیل): واتە: هەر ئارەزوی تەنها بەڵای یەکێکیاندا نەچێت و جیاوازی مەکەن لەنێوانیاندا لەکاتێکدا ئێوە توانای یەکسانیتان هەیە لە نێوانیاندا. مانای (کالمعلقَةِ): (**لا هي متزوجة ولا هي مطلقةٌ**)[٤٢٢]. کالمعلقة: (ئەو ژنەیەکە وەك هەڵواسراو وایە، نەمێردی هەیە و نەتەڵاقدراویشە). پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەم باسە لە نزاکەیدا دەیفەرموو: ((**اللَّهُم هذا قسمي فيما أملك فلا تلمني فيما تملك ولا أملك**)).[٤٢٣] واتە: (خوایە ئەمە ئەو بەشکردنەیە کە لە توانامدا هەیە و لۆمەم مەکە لەوبەشکردنەی کە تۆ لە تواناتدا هەیە و من لە توانامدا نیە).

وا باشترە ژن ڕێکەوتن (صلح) لەگەڵ مێردەکەیدا بکات گەر بەیەکەوە نەگونجان وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا ۚ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌ ۗ وَأُحْضِرَتِ ٱلْأَنفُسُ ٱلشُّحَّ ۚ وَإِن تُحْسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾ ﴾ (النساء) واتە: (ئەو ئافرەتەی کە دەترسێت مێردەکەی مەیل و ئارەزووی لێ نەمابێت ونەیەوێت ئەو کات هەر دوولا گوناهبار نابن گەر پێك بێن و ڕێکەوتن ئەنجام بدەن لە نێوانیاندا، خێرو چاکە تەنها لە ڕێکەوتندایە).

---

(٤٢٢) انظر: (القرآن كريم تفسير وبيان مع اسباب النزول السيوطي) (ص: ٩٩)

(٤٢٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢٥١١١)، وأبو داود في (السنن) (٢١٣٤)، والترمذي في (السنن) (١١٤٠)، والنسائي في (السنن) (٦٤/٧)، وابن ماجة (١٩٧١)، وابن حبان (٤٢٠٥)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (١٨٥٢) و (صحيح ابن ماجة) (١٦٠٤).

ماناى(والصلُح الخير): (من الفرقة والنشوزوالاعراض).[٤٢٤] واتە: (رێکەوتنى هەر دوو هاوسەر باشترە لەجیابونەوە و ناچیزە کردن و ڕوو وەرگێڕان لەیەکتر).

ڕاڤە کردنى ئەم ئایەتە وەک عائیشە دایکى باوەڕداران ﷺ دەڵێت:(هي المرأة تكون عند الرجل لايستكثرمنِها فيريد طلاقها ويتزوج غيرها فتقول له: امسكني ولا تطلقني وَتزوَج غيري وانت في حل من النفقة علي والقسم لي).[٤٢٥] واتە: (بریتیە لەو ئافرەتەکە پیاوەکەى بێ بایەخ تەماشاى دەکات و دەیەوێت تەڵاقى بدات و ژنێکى تر مارە بکات، لەوێدا ژنەکەى پێى دەڵێت: دەستم لێ بەرمەدە و تەڵاقم مەدە و بچۆ ژنێکى تر بهێنە و من بەش و مەسروفم لە تۆ ناوێت. لەبەرئەوە پێویستە ئەوەى لە خۆى دەترسێت کە زۆرداری لەژنەکەى بکات، با بەیەک ژن وازبهێنێت، واتە هەریەک ژنى هەبێت).

خواى گەورە دەفەرموێت: ﴿... فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُواْ فَوَٰحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُواْ ۝٣﴾ (النساء) واتە: (مەرجى لە ژنێک زیاتر بریتیە لە دادپەروەرى لە هەموو شتێکدا بەڵام خواست و ئارەزوى دەروونى زۆرجار مرۆڤ بۆى دەستەبەر ناکرێت). لەبەر ئەوە تەنها یەک ژن دادپەروەرى پیادە کردن لەگەڵیدا ئاسانترە لە زیاتر لەیەک ژن. سەبارەت بەماناى (ذلك أدنى أن لاتعولوا) دایکى ئیماداران عائیشە ﷺ دەفەرموێت: (ان النبي ﷺ قال في قوله تعالى (ان لا تعولوا) اي: ان لا تجوروا)[٤٢٦]. واتە پێغەمبەر ﷺفەرموویەتى: ماناى (أن لاتعولوا) واتە: ستەم نەکەن.کەوابوو تەنها یەک ژن ئاسانترە بۆ پیاو کە دادپەروەر بێت لەگەڵیدا).

ئیمامى شافعى ﷺ دەفەرموێت:«أقربُ ألأتكثرعيالكم فتفتقروا» واتە: (ماناى نزیک بۆ تێگەیشتن لە ئایەتەکە ئەوەیە: گەر تەنها یەک ژنتان هەبوو ئەو چاکترە چونکە گەر ژمارەى هاوسەر و منداڵەکانتان زۆر بوون ئەو کات دەرامەت و بژێوى پێویستان بۆ دابین ناکەن و لەئەنجامدا دەکەونە ستەمکردن لێ یان).

(٤٢٤) انظر: (تفسير الجلالين) ص (١٢٩).

(٤٢٥) أخرجه: البخاري (٥٢٠٦).

(٤٢٦) أخرجه: ابن حبان (١٧٣٠)، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٣٢٢٢).

زەیدی کوڕی ئەسلەم ﷺ دەڵێت: «[...ألا تعولوا] اي ذلك أدنى ان لايكثر من تعولونه».[٤٢٧] واتە: (تەنها بوونی یەك ژن کەمترین ئاستە بۆ ئەوەی ژمارەی خێزانەکانتان کەمتر بێت (و بەئاستێکی پێویست و باش بیانبەین بەڕێوە)).

ئیمامی شافعی ﷺ دەفەرموێت: «...اي: لايكثر عيالكم ولا يكثر من تعولوا إذا اقتصر المرءُ على واحدة وإن اباح له اكثر منها».[٤٢٨] واتە: (بەڕێوەبردنی تەنها یەك ژن کەمترین ئاستە بۆ ئەوەی ژمارەی خێزان و ئەوانەی بەخێزانیان دەکەن کەمتر بێت، هەرچەندە ڕێگەی فرە ژنیش والایە بۆی ولێی نەگیراوە). ئەمانە بۆ چونن و ڕاستریان فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ و ماناکەی: (تەنها یەك ژن ئاسان ترە بۆ پیاو دادپەروەری لەگەڵدا پیادە بکات).

بەکورتی پێویستە لەسەر مێرد گەر چەند ژنێکی هەبوو دادپەروەری لە نێوانیاندا بکات، واتە: دادپەروەری لە شوێنی نوستن و بەخشین نەك لە خۆشویستن و لێك نزیك بوونەوە چونکە ئەوە شتێکە زۆرجار دەستەبەر ناکرێت، وەگەر سەفەری کردووە ویستی یەکێکیان لەگەڵ خۆی بەرێت پێویستە تیروپشکیان لەنێواندا بکات و هەریەك لە هاوسەرەکانی بۆی دەرچوو لەگەڵ خۆی بیبات.

٩-پێویستە پیاو نەهێنی هاوسەرکەی بپارێزێت و بڵاوی نەکاتەوە نەنگیەکانی باس نەکات و بیپارێزێت:

لەمەترسیدار ترین نەهێنیەکانی سەرجێیە بۆیە پێغەمبەرﷺ ئاگاداری داوە لە قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی، وەك لە فەرموودەکەی ئەسمای کچی یەزیدەوە ﷺ باسکراوە کە ئەو لەلای پێغەمبەری خوا بوو و لەودانیشتنەدا کە ژنان و پیاوانێك بەشداربوون، لەوێدا پێغەمبەر فەرموویەتی: ((**[لعل رجلاً يقول مايفعل بأهله، ولعل امرأة تخبر بما فعلت مع زوجها؟] فأرمَ القوم، فقلت: إي والله يا رسول الله ! إنهن ليُقَلَنَ، وإنهم ليفعلون. قال: [فلا تفعلوا فأنما ذلك مثل الشيطان لقى شيطانه**

(٤٢٧) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (٧/ ٤٦٦)، والدارقطني في (السنن) (٣٨٠٦) وقال محققه: اسناده حسن.

(٤٢٨) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (١١/ ٤٧٤).

في طريق، فغشيها والناس ينظرون])).[٤٢٩] واتە: (ڕەنگە پیاوێك باسی ئەوە بكات كە چی لەگەڵ ژنەكەیدا دەكات، و ڕەنگە ژنێك هەواڵ بدات كەلەگەڵ مێردەكەی چی دەكات؟ خەڵكەكە هەموو بێ دەنگ بوون، منیش وتم: سوێند بێت بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ژنان ئەوە باس دەكەن وە پیاوانیش ئەو كارە دەكەن، پێغەمبەریش فەرمووی:كاری وا مەكەن ئەو كەسەی وا دەكات وەكو شەیتان وایە كەلە ڕێگادا بە شەیتانێكی تر دەگات لەوێدا لەگەڵی جووت دەبێت و خەڵكیش سەیریان دەكەن).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿بَعْضُكُم ۖ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ ۗ وَلَا تَكْتُمُوا۟ ٱلشَّهَٰدَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨٣﴾﴾ (البقرة) (واتە: گەر هەندێكتان متمانەتان بە هەندێكتان كرد، ئەو كەسەی متمانەی پێكراوە سپاردەی خۆی بپارێزێت و تەنها بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنی).

وە لە ئایەتەكەی تردا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَخُونُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓا۟ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٧﴾﴾ (الانفال). واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! گزی و خیانەت لەخواو لە پێغەمبەرو لە سپاردەكانتان مەكەن، واتە: نەیارو دوژمنی ئەوان مەكەنە یارو دۆستی خۆتان و، نەهێنیەكانیان لابدركێنن ئێوە بۆ خۆشتان چاك دەزانن)

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا۟ ٱلْأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهْلِهَا ۙ وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُوا۟ بِٱلْعَدْلِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٥٨﴾﴾ (النساء). واتە: (خودا فەرمانتان پێ دەكات سپاردە و نەهێنیەكان تەنها بۆ لای خاوەنەكانیان بگێڕنەوە).

پاراستنی سپاردەو ئەمانەتەكان نیشانەی سەرەكی باوەڕدارانە:

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَٰنَٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ ﴿٨﴾﴾ (المؤمنون) واتە: (ئەوانەی بۆسپاردەو پەیمانیان پارێزەرن، وە هەرگیز خیانەت و گزی لەگەڵ كەسدا ناكەن).

---

(٤٢٩) أخرجه: أحمد (٢٧٥٨٣)، والطبراني (الكبير) (٢٤/ ٤١٤)، وصححه الشيخ الالباني في (اداب الزفاف) (ص: ٧٢).



لە جۆرەکانی سپاردە: سپاردنی قسە ونەهێنی تایبەتە:

جابر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:((إذا حدث الرجلُ بالحديث ثم ألتفت فهي أمانة))[٤٣٠]. واتە: (ئەگەر کەسێك قسەیەکی کرد و لەکاتی قسەکانیدا سەیری ئەم لاو ئەو لای کرد ئەوە سپاردەیە). ئەبو هوڕەیرەش ﷺ گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:((اَيةُ المُنافِقِ ثَلاثَ،.....، واذا أؤْتُمِنَ خَانَ)).[٤٣١] واتە: (نیشانەکانی دووڕووی سیانن..... سێیەمیان ئەگەر ئەمانەت و سپاردەیەکی کەوتە دەست خیانەتی لێبکات). گەورەترین ئەمانەت ئەو سپاردە و نەهێنیانەیە کەلە نێوان ژن و مێرددا هەیە.

وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إنَ منِ أعظم الأمانةَ عِند الله يوم القِيامة، الرجل يفضي إلى امرأتهِ وتفضي اليهِ ثم ينشرِ سرها))[٤٣٢]. واتە: (گەورەترین سپاردە لای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەیە، پیاوێك بەتەنها دەچێتە لای ژنەکەی و ژنەکەشی بۆ لای پیاوەکەی پاشان پیاوەکە ئەو نەهێنیانە بڵاودەکاتەوە. وەلە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((إنَ من اشر الناس عند اللهِ منزلة يوم القيامة: الرجل يفضي الى امرأته و تفضي اليه ثم ينشر احدهما سرَّ صاحبه....))[٤٣٣] واتە: (خراپترین و نزمترین پلەی خەڵکان لەلای خوا لەڕۆژی قیامەتدا: پیاوێکە بەڕوتی دەچێتە لای ژنەکەی و ژنەکەشی دێتە لای و پاشان یەکێکیان نەهێنی هاوەڵەکەی تری بڵاودەکاتەوە...).

یەکێك لە پیاوچاکان دەیویست ژنەکەی تەڵاق بدات پێی وترا: چیە ئەو شتەی گومانت لێی هەیە؟ پێی وت: کەسی عاقڵ نەهێنی خۆی بڵاوناکاتەوە، کاتێك ژنەکەی تەڵاق دا ولێی جیابوەوە، دیسان پێی وترا: بۆچی تەڵاقت داوە لێی جیابویتەوە؟ وتی: من ج کارم بەژنی کەسێکی ترەوە هەیە؟ پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەپاراستنی نەهێنی فەرموویەتی: ((اضمنوا لي ستاً من انفسكم أضمن لكم

(٤٣٠) أخرجه: أحمد (١٥٠٦٢)، والترمذي (١٩٥٩)، وأبو داود (٤٨٦٨)، والشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٠٩٠)، وفي (صحيح سنن الترمذي) (١٥٩٧).

(٤٣١) أخرجه: البخاري (٣٣)، ومسلم (٥٩).

(٤٣٢) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٥٢٨) (١٤٣٧)، وأبو داود (٤٨٧٠).

(٤٣٣) تكملة الحديث أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٥٢٧) و (١٤٣٦).

الجنة،.....، وأدوا إذا ائتمنتم))[٤٣٤]. واتە: (ئێوە شەش شت لەلای خۆتانەوە زامن بکەن منیش بەهەشت بۆ ئێوە زامن دەکەم لەوانە ئەمانەتتان جێبەجێ بکەن) وە لەفەرموودەیەکی تردا داوامان لێ دەکات نەهێنی ئەو کەسانە ئاشکرا نەکەین کەنەهێنیەکانیان ئاشکرا کردووین و دەفەرموێت: ((اذَ الأَمانة إلى من ائتمنك، ولاتخن من خانك))[٤٣٥]. واتە: (سپاردە و ئەمانەتەکان بگێڕەرەوە بۆ ئەو کەسانەی کە تۆ جێی متمانەیان بوویت، و ناپاکی مەکە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە ناپاکیان بەرامبەر کردووویت).

١٠- پێویستە مێرد ژنەکەی بپارێزێت لە هەموو ئەوانەی کە دەبنە هۆی لە دەست دانی ڕێزو کەسایەتی و ڕەوشتی جوان:

پێویستە مێرد هاوسەرەکەی بپارێزێت لە هەموو ئەو شتانەی کە بێ ڕێزو بێ نرخ و بێ بەهای دەکات وەك سفوری و خۆدەرخستن و تێکەڵاو بوونی نا پێویست لەگەڵ کەسانی نامەحرەم دا و پێویستە هەموو مافەکانی بۆ دابین بکات و چاودێریی بکات و ڕێگەنەدات بەلەناوچوون و لاوازبوونی ئاین و ڕەوشتەجوانەکانی و دەرچوون لە فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی، چونکە مێرد سەرپەرشتیارو بەرپرسە لێی و پاراستن و پارێزگاری کردنی لە ڕەوشتە بەهابەرزەکان ئەرکی سەرشانیەتی، وە دەبێت لەسەر ڕەوشتە جوانەکانی ئاین پەروەردەی بکات، پیاو چاودێرە هەروەها بەرپرسە لە خێزانەکەی وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ...﴿٢٢٨﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (پیاوان پلەی چاودێری کردن و بەڕێوەبردنی هاوسەرەکانیان لە ئەستۆدایە).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ..﴿٣٤﴾ ﴾ (النساء) واتە: (پیاوان خاوەن دەسەڵات و چاودێرین بەسەر ئافرەتاندا بەهۆی ئەو بەهایەی کە خودا

(٤٣٤) أخرجه: أحمد (٢٢٧٥٧)، والحاكم (٣٥٨/٤)، وابن حبان (٢٧١) وقال محققه: حديث صحيح و حسنه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (١٤٧٠).

(٤٣٥) أخرجه: أبو داود (٣٥٣٥)، والترمذي (١٢٦٤)، والدارمي (١٧٨/٢)، والحاكم (٤٦/٢)، و صححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٤٢٤).

پلەی هەندێکیانی پێ بەرزکردوەتەوە بەسەر هەندێکیاندا و بەهۆی ئەوەی دارایی و مەسروفکردنی هاوسەر و خێزان لە ئەستۆی پیاو دایە).

وە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەم باسە فەرموویەتی: ((...والرَجلُ راعٍ في أهلِه وهو مسؤلٌ عن رعيته))[٤٣٦] واتە: (پیاو چاودێرە بەسەر هاوسەر و خێزانەکەیەوە و بەر پرسە لێیان).

وە هەروەرها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إن الله سائلٌ كل راعٍ عما استرعاهُ احفظ أم ضيع حتى يسأل الرجلُ عن أهلِ بيته))[٤٣٧] واتە: (خوای گەورە لەهەموو چاودێرێك دەپرسێتەوە ئایە پارێزگاری کردووە لە چاودێرییەکەی یان پشت گوێی خستووە هەتا پرسیاری هاوسەرو خاو خێزانیش لە پیاوان دەکرێت).

١١-پێویستە مێرد رێگرنەبێت لەچوونە دەرەوەی ژنەکەی بۆ کاری پێویست و سەردانی خزم و کەس و کاری:

چوونە دەرەوەی ژن بەمەرجی خۆنەڕازاندنەوەو خۆدوورگرتن لە بۆنی عەترو بوخورد و تەوقەکردن لەگەڵ کەسانی بێگانەدا یان گوێگرتن لە خراپە، پێویستە پارێزگاری خۆی بکات وبەئاگا بێت لەبەرکارهێنانی چاو و زمان و دەستی و خۆی دوورگرێت لەدانیشتن لەبەر دەرگای ماڵ و ئازاردانی خەڵکی بەزمان و هەڵسوکەوتی ناشیرین.

مێرد پێویستە رێگری ژنەکەی نەکات لە سەردان و بەجێ هێنانی پەیوەندی خزمایەتی، وە پێویستە مێرد زۆر رێز بگرێت لە باوك و دایك و برایان و خوشکانی هاوسەرەکەی، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((...احق ما أكرم به الرجل ابنته واخته))[٤٣٨] واتە: (شایستەترین کەسە کە رێزی لێ بگیرێت خەزوور و ژنبرایە).

---

(٤٣٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٢/ ٣٨٠، ٨٩٣)، ومسلم في (الصحيح) (٣/ ١٤٥٩، ١٨٢٩).

(٤٣٧) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٤١٢٦)، وقال محققه: اسناده صحيح.

(٤٣٨) أخرجه: عبد الرزاق (١٩٧٢٢) والطبراني (الكبير) (٢٣/ ٢٧٥)، و أحمد (٢٤٩٠٩) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما.

١٢- پێویستە مێرد یارمەتی هاوسەرەکەی بدات بۆ نەنجامدانی ئەرکە ئایینیەکان:

بەتایبەتی نوێژە فەرزەکان و فێرکردنی نوێژە سوننەتەکان وەک نوێژی چێشتەنگاو، نوێژی تەسبیح و ڕاتبەکان و شەونوێژو پرس کردن و (إستخارة) و تۆبە کردن و پاڕێزگاری کردن لەسەر یادەکانی خواو ئەو ویردانەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە لەگەڵ ئامۆژگاریەکانی خەلیفە ڕاشیدینەکان و هاوەڵان و ئەوانەی دوای ئەوان هاتوون ﷺ بە پێی ئایەتەکەی خوای گەورە ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿١٣٢﴾﴾ (طه) واتە: (فەرمان بکە بەهاوسەر و خێزانەکەت تا نوێژ بخوێنن و ئارام بگرنلەسەر ئەو کارە). لێرەدا پێویستە ئەو فەرموودە بێ هێزو لاوازانە وەلابنێین وەک ئەم دەقە هەڵبەستراوە: (لاتسكنوهُن الغُرفَ ولاتُعلمِوُهنَ الكتابة وَعلمِوهنُ المغِزل وَسورة النور)[٤٣٩] واتە: (ژنان نیشتەجێی ژوورەبەرزەکان مەکەن و نوسینیان فێرمەکەن بەڵکو تەشی و ڕستنیان فێربکەن لەگەڵ سورەتی (النور). بەڵکو بە پێچەوانەوە پێغەمبەر ﷺ هانی ژن و مێردی داوە هاریکاری یەکتربکەن لەبەجێگەیاندنی کارەچاکەکاندا).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((رَحِمَ اللهُ رَجُلاً قامَ مِنَ اللَيلْ، فَصَلى وأَيقَظَ امْرَأتُه، فأنْ أبَتْ نَضَحَ في وَجْهِهَا المَاءَ، وَرحَمِ اللهُ امْرأة قَامَتْ مِنَ الليلِ فَصَلت، وَأيقَظِتْ زوَجَها فَإنْ أبي نَضحَتَ في وَجهْهِ المَاءِ))[٤٤٠]. واتە: (ڕەحمەتی خوا لەو پیاوە بێت کە شەو هەڵدەستێ و نوێژ دەکات و ژنەکەی خەبەر دەکاتەوە ئەگەر هەڵنەستا ئاو لە دەم و چاوی دەڕژێنێت، وە ڕەحمەتی خواش لەو ژنە بێت کە شەو هەڵدەستێ و نوێژ دەکات و مێردەکەی هەڵدەستێنێت ئەگەر هەڵنەستا ئاو لە دەم و چاوی دەڕژێنێت).

هەروەها ئەبو هورەیرە ﷺ و ئەبو سەعید ﷺ هەر دووکیان وتویانە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إذا أيْقَظَ الرَجلُ أهْلهُ مِنَ اللَيلَ فَصْلَيا أوْ صَلىَ رَكْعتَين جمَيعِاً، كُتِبا في

---

(٤٣٩) انظر: (سلسلة الاحاديث الضعيفة) للشيخ الالباني (٢٠١٧) وقال: ضعيف.

(٤٤٠) أخرجه: أحمد (٧٤١٠) وقال محققه: اسناده قوي، و النسائي (٣٨/١)، وابن خزيمة (٨٠)، وابن حبان (١١٤٤٠) و أبو داود (١٣٠٨)، وابن ماجة (١٣٣٠)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (١١٨١)، و (صحيح ابن ماجة) (١٠٩٩)، و (المشكاة) (١٢٣٠).

الذاكرينَ والذاكرات))[٤٤١]. واتە: (ئەگەر پیاوێك لەشەودا ژنەکەی خەبەرکردەوە و هەردووکیان نوێژیان کرد، یاخود هەردووکیان دووڕکات نوێژیان لەگەڵ یەك بەجەماعەت کرد لەوشەومدا هەردووکیان لە ڕیزی یادکارانی خودا تۆمار دەکرێن).

١٣ - پێویستە مێرد لە هەموو کارەکاندا ڕاوێژ و پرس بە ژنەکەی بکات:

یەکێکی تر لەمافەکانی ژن بەسەرمێردەکەیەوە ئەوەیە کە پرس و ڕایای پێبکات لەکاروبارە تایبەتیەکانی خێزان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بەخۆی و منداڵ وکاروباری ماڵەکەیەوە هەیە، ئەم کارەش ئەنجام دەدرێت پشت بەستن بەنەریتی پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەمیشە پرس و ڕای بە ژنەکانی دەکردو ڕای ئەوانیشی وەردەگرت، لەو پرس و ڕا وەرگرتنانە لە ڕۆژی (حدیبیە) کە کاتێك لە نوسینی ڕێکەوتن نامەکە بوونەوە پێغەمبەر بە هاوەڵانی فەرموو: (هەستن قوربانیەکانتان سەربڕن و سەرتان بتاشن) سوێند بەخوا یەك کەس هەڵنەستا هەتا ئەو قسەیەی سێ جار دووبارەکردەوە، کاتێك کەس هەڵنەستا پێغەمبەر ﷺ چووە ژوورەوە بۆ لای ئومەسەلەمەی هاوسەری وئەوەی لە خەڵکەکە ڕوویدا بۆ ئەوی باسکرد پاشان ئومو سەلەمە وتی: ((يا نبي الله اتحب ذلك أخرج، ولا تكلم احدا منهم كلمة حتى تنحر بدنك، وتدعو حالقك فيحلقك. فخرج فلم يكلم احدا منهم حتى فعل ذلك نفلما رأوا ذلك قاموا فنحروا وجعل بعضهم يحلق بعضاً، حتى كاد بعضهم يقتل بعضاً غماً))[٤٤٢]. واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا تۆ ئەومت پێخۆشە بڕۆ دەرەومو قسە لەگەڵ کەس مەکە هەتا قوربانیەکەی خۆت سەردەبڕیت و داوا لە سەرتاشەکەت بکە سەرت بتاشێت، ئینجا پێغەمبەر چووە دەرەومو قسەی لەگەڵ کەس نەکرد هەتا ئەو شتانەی کرد کاتێك هاوەڵان بینیان ئەوانیش هەستان و قوربانیەکانیان سەبڕی و دەستیان کرد بەتاشینی سەریان هەندێکیان سەری هەندێکیان دەتاشی هەتا وایان لێهات بوو خەریك بوون هەندێکیان ئەوانی تر لەبەر غەم و پەژارەی خۆیان بکوژن).

---

(٤٤١) أخرجه: أبو داود (١٣٠٩)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (١١٦١).

(٤٤٢) أخرجه: البخاري في(الصحيح) (٥/ ٣٢٩، ٢٧٣٢، ٢٧٣١).

بەم شێوەیە پێغەمبەر ﷺ لە ڕای ئوم سەلەمە ﵂ خێرێکی زۆری بینی، بە پێچەوانەی ئەو پەندە زۆرداوە وستەمکارانەی کە ڕێ بەوە نادات ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ژناندا بکرێت وەك ئەو پەندانەیان کەدەڵێت: ((مشورة المراة ان نفعت بخراب سنة وان مانفعت بخارب العمر))واتە: (پرس و ڕای ئافرەت گەر چاك بوو کەڵکی خراپ بوونی ساڵێکی لێدەکەوێتەوە وە گەر بێ سوودبوو ئەوەش خراپ بوونی هەموو تەمەنی لێ دەکەوێتەوە).

بەڵێ ئافرەت لە ئیسلامدا مافی ئەوەی هەیە پرس و ڕای پێ بکرێت و ئامۆژگاری لێوەربگیرێت لەومافەشدا لەگەڵ پیاو وەك یەکە بەتایبەت ڕاوێژکردن لە کاروباری خێزان و ناومالدا: ئیبن عومەر ﵁ دەفەرموێت: من ئافرەتێکی خزمی خۆم داخوازی کرد، دایکی ئافرەتەکە پێی خۆش بوو لەمنی مارە بکات، بەڵام باوکی ئافرەتەکە پێی خۆش بوو لە خزمێکی خۆی مارەی بکات. دایکی ئەو ئافرەتە پاشان هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و سکالای مێردەکەی لاکرد، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: ((آمروا النساء في بناتهم))[٤٤٣]واتە: (ڕاوێژ بەدایکان بکەن لەبەشودانی کچەکانیاندا ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو دایکە هەست بەکەسایەتی خۆی بکات و زیاتر پێکەوە گونجان دروست ببێت لەنێوان خۆی و مێردەکەیدا، هەروەها دایك زیاتر لە کچەکەیەوە نزیکتترە گەر نەنگی و کێشەی هەبێت و کچەکەش قسەی دایکی زیاتر کاریگەرە لەلای).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ عَلَىٰ..﴿٣٨﴾﴾ (الشورى) واتە: (بڕیاری موسوڵمانان بەڕاوێژکردنە لە نێوان خۆیاندا).

وە لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿...وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ ۖ لَهُمْ..﴿١٥٩﴾﴾ (ال عمران) واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا لەبڕیارەکاندا ڕاوێژ بەبڕوادارن بکە).

باسی پرس و ڕا وەرگرتنی پێغەمبەر بۆ خدیجە لەکاتی دەست پێکردنی وەحیدا شتێکی دیار و ئاشکرایە، دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ کاتێك لەئەشکەوتی

(٤٤٣) أخرجه: أحمد (٤٩٠٥) وقال محققه: حديث حسن، وعند الرزاق (المصنف) (١٠٣١١).



حراو گەڕایەوە دوای دابەزینی جبریل ﷺ بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بەیەکەم سورەتی قورئان (إقرء) لەو کاتەدا دڵی دەلەرزی کاتێك پێغەمبەر ﷺ هەواڵی بەخەدیجەدا بەوەی کە ڕوویداوە خدیجە ﷺ پێی وت: سوێند بەخوا خوای گەورە هەرگیز نایەڵێت تۆ ژێر بکەویت، ئینجا دڵنیای کردەوەو پێی ڕاگەیاند کە بچێت بۆلای وەرەقەی کوڕی نەوفل، پێغەمبەر ﷺ ڕەزامەندی لەسەر نیشاندا.

پێویستە بزانین یەکێك لە کارەتێکدەرەکانی ژیانی هاوسەریەتی بریتیە لە سەپاندنی ڕای تاکە کەسی و بێزاربوون لە گوێگرتن و ئامۆژگاری و پێشنیارەکان ئەوەش واڵە هاوسەرەکەت دەکات کە هەست بە پەردەیەك یان بەربەستێکی گەورە بکات لە نێوان تۆو ئەودا، ئەمەش وای لێدەکات لە بەرامبەر تۆدا لەکاتی قسەکردن ڕوبگرژ بێت کەئەمەش جۆرێك لە پەستی و ڕق لێبوونەوە لەدەروونی ژندا دروست دەکات، وە لە ئەنجامدا ئەو پەستیە دەبێتە هۆی لەیەکتر دوورکەوتنەوە و هاوڕێیەتی نەکردنی یەکتری، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەوە بیت کارەکانی هاوسەرەکەت بەکەم تەماشا نەکەیت، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەگەڕێتەوە لای ژنەکانی و هاوەڵەکانی لەزۆر شتداو پێشنیاری شتی بۆ دەکەن ئەویش قبووڵی دەکات و لە ئەنجامدا ڕای دێتە سەرئەوەی ئەوان چۆنیان بووێت وابکات و بەسنگێکی فراوانەوە وەڵامی هۆکاری بەربەستەکانیان و ڕەخنەکانیان و پرسیارە یەکلاکەرەوەکانیان دەداتەوە.

ئەوە ئومو سەلەمەیە ﷺ کە لەڕێکەوتنی حودەیبیەدا ئاماژە دەکات بۆ کارێك پێغەمبەریش ﷺ بەدەمیەوە دێت و ئەوەش عائیشەیە کەلە هەندێك قسەدا دەگەڕێتەوە لای و پێغەمبەریش ﷺ بەبێ وەرزبوون بۆی ڕوون دەکاتەوە، عائیشە ﷺ دەڵێت: تۆ دەڵێیت: ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت سزا دراو دەبێت، ئەی باشە خوای گەورە بۆ دەفەرموێت: ﴿ فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ﴿٨﴾ ﴾ (الانشقاق) (واتە: ئیتر پرسینەوەیەکی سووك و ئاسانی لەگەڵدا دەکرێت، پاشان پاداش وەرئەگرێ، وە لەخراپەکانیشی ئەبووردرێ).

پێغەمبەر ﷺ لەوەڵام و ڕوونکردنەوەی باسەکەدا بۆ دایکی بڕواداران عائیشە ڕضی اللہ عنہا دەفەرموێت: ((إنما ذلك العرض، من نوقش الحساب عُذِب))[٤٤٤]. واتە: (ئەوە تەنها نیشان دانی کردەوەکانە چونکە هەر کەسێك دەمەقاڵە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت سزادراو دەبێت نابێت ئێمەی موسوڵمان گوێ بدەینە ئەو فەرموودە دروستکراو و لاوازانەی لەم بوارەدا هاتوون وەك: (شاورهُنَ وخالفوهن[٤٤٥]. واتە: (ڕاوێژیان پێبکەن وە بەقسەیان مەکەن). (طاعة المرأة نَدامة).[٤٤٦] واتە: (گوێڕایەڵی کردنی ئافرەت پەشیمانیە).

(هلكت الرجال حين أطاعت النساء فان في خلافهن بركة).[٤٤٧] واتە: (پیاوان بە هیلاك چوون کاتێك گوێڕایەڵی ژنانیان کرد، بەڕاستی بەرهەڵستکردنیان بەرەکەتە). هەروەها هەندێك پەندو وتەی ترهەن وەك:

(خۆت لە ژنی زمان درێژ و خۆسەپێنەر بپارێزە، وە باوەڕت بە ژنی سەلار نەبێت)

((پەندێکی ڕۆژهەلاتیە))

(ئەو کاتە پیاو تیاچووە کە گوێرایەڵی ئافرەتی کرد). ((پەندێکی ڕۆژهەلاتیە))

(خۆت لە ئافرەت بپارێزە.... ئەو گێل و نەفامە و شەڕمنگێزە...وەك ڕێگر وایە.. درۆزنە...ڕاستی نالێت). ((حەکیم سبتلور))

(پرس کردن بە ژنان هیچ نرخێکی نیە... لەگەڵ ئەوەشدا...ئەوەی پرسیان پێ نەکات ژیرنیە) ((حەکیم سرفانتس))

(هەمیشە پرس بە هاوسەرەکەت بکە... پاشان ئەوە جێبەجێ بکە کە تۆ خۆت دە ببینیت....) ((پەندێکی ڕۆژهەلاتیە))

---

(٤٤٤) أخرجه: البخاري في (العلم) رقم (١٠٣) و (التفسير) (رقم ٤٩٣٩) وفي (الرقاق) رقم (٦٥٣٧،٦٥٣٦). ومسلم في (الجنة وصفة نعيمها واهلها) رقم (٢٨٧٦). والترمذي في (صفة القيامة) رقم (٢٤٢٦)، وفي (التفسير) رقم (٣٣٣٧). وأبو داود في (الجنائز) رقم (٣٠٩٣) وفيه زيادة في اوله ضعفها الشيخ الالباني وبتمامه مثل البخاري ومسلم رواه أحمد في (المسند) (٦/ ١٠٨، ٩١، ٤٧) وفي مواضع اخرى بروايات أخر.

(٤٤٥) انظر: (سلسلة الاحاديث الضعيفة) للالباني رقم (٤٣٠): لا اصل له.

(٤٤٦) انظر: (سلسلة الاحاديث الضعيفة) للالباني رقم (٣٦٠٦): موضوع.

(٤٤٧) انظر: (سلسلة الاحاديث الضعيفة) للالباني رقم (٤٣٦): ضعيف.



١٤- مێرد نابێت ژنەکەی لە ماڵەوە بەجێ بهێڵێت هەتا درەنگانی شەو بەبێ هۆکارێکی ڕەوا:-

پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردووە لەوەی پیاو لەکاتی درەنگی شەو دا لەناکاو بێتە ناو ماڵ، وە ئەمەش مافێکی تری ژنە بەسەر پیاوەکەیەوە و پێویستە دوای نوێژی شێوان ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە لای وە شەو لە دەرەوەی ماڵی خۆیدا تا درەنگانێکی شەو نەمێنێتەوە چونکە ئەو ڕەفتارە ژن بێزار دەکات و وای لێدەکات هەست بە شڵەژان وترس بکات وە ئەگەری گومان و ڕاڕایی دروست دەکات، ئەگەر ئەو مانەوانە زیاتر درێژمیان کێشا وە دووبارەبوونەوە، کەواتە پیاو نابێت شەو بەجێی بهێڵێت و لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆی شەو بەسەربەرێ، هەتا گەر ئەو چوونە دەرەوەش بۆ وانەو سەردان و نوێژکردنیش بێت ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ ڕێی بە (عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی عاص) ﷺ نەدا درێژە بەمانەوەی شەو لە دەرەوەی ماڵ بدات و ژنەکەی بە تەنیا بەجێ بهێڵێت و پێی فەرموو: ((...إنَ لِزوَجِك عَلَيكَ حَقاً...))[٤٤٨]، واتە: (ژنەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە). وەلە گێڕانەوەیەکی تردا ((ان لأهلك عليك حقا)). واتە: (خێزان و ژنەکەت مافیان بەسەر تەوە هەیە).

هەروەها سەلمان ﷺ بەئەبو دەرداء ﷺ فەرموو: (..إن لرَبك عَليَك حقاً...، وإنَّ لنفسكَ عليك حقاً... وَإنَّ لأهلِك عليك حقاً [ولجسدك عليك حقاً]... فاَعط كُلَ ذيِ حق حقه...، قال رسول الله ﷺ: ((صَدَقَ سَلمان))"[٤٤٩]. واتە: (خوای خۆت مافی بەسەرتەوە هەیە هەروەها دەروونت مافی بەسەرتەوە هەیە... وە ژنەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە، وە جەستەت مافی بەسەرتەوە هەیە کەواتە هەموو خاوەن مافێك مافی خۆی بدەرێ. دواجار هەر دووکیان ئەم قسە و باسەیان گەیاندە پێغەمبەر ﷺ و پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (سەلمان ڕاستی کرد).

---

(٤٤٨) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٤/ ٢١٧ و ٢١٨، ١٩٧٥)، ومسلم في (الصحيح) (٢/ ٨١٣، ١٨٢-١١٥٩)، والنسائي في (السنن) (٤/ ٢١١).

(٤٤٩) خرجه: البخاري (١٩٦٨)، والترمذي في (السنن) (٢٤١٣)، وابن حبان في (الصحيح) (٣٠).

جابر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إذا اطال أحدُكُمُ الغَيْبةَ فلا يطْرقِن أهلَه لَيْلاً)). واتە: (گەر یەکێك لە ئێوە ماوەیەکی زۆرلەماڵ دوور کەوتبووە وە پاشان ویستی بگەڕێتە باڵە ناکاو بەشەو نەگەڕێتەوە ناو ماڵ). وە لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ((أن رسول الله ﷺ، نَهى أنْ يُطرْق الرجلُ أهلَهُ ليَلاً [بعد صلاة العشاء]))[٤٥٠]. واتە: (پێغەمبەرﷺ ڕێگری کردووە پیاو لەشەودا [دوای نوێژی عیشا] لە ناکاو خۆی بکات بەناو ماڵدا).

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((كان رسولُ الله ﷺ، لايَطْرُقُ أهلَهَ ليْلاً، وكَان يأتيهِم غُدوةَ أو عِشَية))[٤٥١] واتە: (پێغەمبەرﷺ لە درەنگانی شەودا نەدەگەڕایەوەو لەدەرەگای ماڵی خۆی نەئەدا، بەڵکو لەبەیانیان وئێواراندا دەگەڕایەوەلایان).

١٥-مێرد نابێت سیخوڕی بەسەر هاوسەرەکەیەوە بکات وەنابێت ناپاك و بەگومان بێت بەرامبەری:-

خوای گەورە دەفەرووێت: ﴿وَلَا تَجَسَّسُوا۟﴾ (الحجرات) واتە: (سیخوڕی بەسەر یەکترموە مەکەن).

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نهى رسول الله ﷺ ان يطرُق المرْء أهلَه ليلاً أو يُخِونهُم ويلتمس عثراتهم))[٤٥٢]. واتە: (پێغەمبەرﷺ ڕێگری کردووە پیاو لەدرەنگانی شەودا لە ناکاو خۆی بکات بەناوماڵدا بەمەبەستی دەرخستنی ناپاکی و دۆزینەوەی هەڵە وکەم و کوڕییەکانی هاوسەرەکەی).

موعاویە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إنك إن اتَّبعْتَ عوَرات الناس أَفسدَتهم أو كِدْت (ان) تفسدهم))[٤٥٣]. واتە: (تۆ گەر بەدوای زانینی پەنهانیەکانی خەڵکدا بگەڕێیت نزیکە لەناویان بەریت و بەرمو خراپەیان بەریت).

---

(٤٥٠) أخرجه: البخاري (١٨٠١), ومسلم (١٥١٣) (١٤٢٣٢).

(٤٥١) أخرجه: البخاري (١٨٠٠)، ومسلم (١٩٢٨), والنسائي (الكبرى) (٩١٤٦).

(٤٥٢) أخرجه: أحمد (١٥١٣) وقال محققه: حديث حسن، ابن حبان في (الصحيح) (٤١٨٢) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما.

(٤٥٣) أخرجه: ابي داود في (السنن) (٤٨٨٨)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (٤٠٨٨).



لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إن الامير إذا ابتغى الريبةَ في الناس أفسدهم))[٤٥٤] واتە: (پێشەوا گەر بەگومان بوو لەخەڵکانی شوێن کەوتوی و هەوڵی زانینی نەهێنیەکانیانی دەدا، ئەو کات بەرموتێکدان و خراپ بوونیان دەبات).

جارێکیان لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود باسی کەسێکیان کرد و وتیان: ((هذا فُلانٌ تَقْطُرُ لِحْيتُه خَمْراً، فَقَالَ عبدالله: إنا قَدْ نُهِيْنا عَنِ التَجَسُس، وَلِكْن إن يَظْهَر لنا شَيءٌ نأخُذْ بِهِ))[٤٥٥]. واتە: (ئەومتا فلان کەس شەراب بە ڕیشیدا دێتە خوارێ، عەبدوڵڵاش وتی: ئێمە پێمان ڕاگەیەنراوە کەسیخوڕی بەسەرکەسەوە نەکەین بەڵام ئەگەر شتێکمان بۆ دەرکەوت لە هەرکەسێك ئینجا لەسەر ئەو کارەی دادگایی دەکەین).

عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((ان رسول الله ﷺ خرج من عندها ليلاً قالت: فغرتُ عليه فجاء فرأى ما أصنع فقال: ((مالكِ ياعائشة أغرتِ)) فقلت: ومالي لا يغارُ مثلي على مثلك: فقال رسول الله ﷺ: ((أقد جاءك شيطانُكِ)) قلت: يارسول الله أومعي شيطان؟ قال: نعم قلت: ومع كل انسان؟ قال: نعم. قلت: ومعك يارسول الله؟ قال: ((نعم ولكن ربي اعانني عليه حتى اسلم))[٤٥٦].

واتە: (شەوێکیان پێغەمبەر ﷺ لای من چووە دەرەوە، و منیش غیرەم کرد پاشان گەڕایەوە و غیرەکەمی هەست پێ کرد و فەرمووی: (ئەی عائیشە ئەوە چیتە ئایا ئیرەیت کرد؟) منیش وتم: چی وا دەکات لە کەسێکی وەك من غیرەو ئیرەیی نەکات لە کەسێکی وەك تۆ). پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (ئایا شتەیتانەکەت هاتەوە لات؟) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا من شەیتانم لەگەڵدایە؟ فەرمووی: (بەڵی) وتم ئایا شەیتان لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدایە؟ فەرمووی (بەڵی) وتم وەلەگەڵ تۆشدایە ئەی پێغەمبەری خوا؟فەرمووی: (بەڵی بەڵام خودای من پشتیوانی کردم بەرامبەر ئەو تا موسوڵمان بوو).

(٤٥٤) أخرجه: ابي داود في (السنن) (٤٨٨٩)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (٤٠٨٩).
(٤٥٥) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٤٨٩٠)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابي داود) (٤٠٩٠).
(٤٥٦) أخرجه: مسلم (٢٨١٥)، وأحمد (٢٤٨٤٥)، وابن حبان (١٩٣٣).

ئەبو هورەیرەش ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إياكُمْ والظن، فأن الظن أكْذبُ الحَديث،.....، وَلاَ تَجسَسُوا..)) [٤٥٧].واتە: (خۆتان دوور بگرن لە گومان بردن چونکە گومان بردن درۆزنترین قسەکردنە.. و سیخوڕی بەسەرییەکەوە مەکەن).

١٦-مێرد نابێت ژن بەجێ بهێڵێت و قسە و پەیوەندی لەگەڵدا دابڕێت و خۆی لێ بەدوور بگرێت بە بێ بوونی هیچ هۆکارو پاساوێك:.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُواْ عَلَيۡهِنَّۚ ٦﴾ (الطلاق) واتە: (زیان مەگەیەنن بە ژنانتان بۆ ئەوەی زیاتر ناچاریان بکەن و تەنگیان پێ هەڵچنن).

زیان گەیاندن بەژن چەندەها جۆری هەیە لەوانە: خۆلێ دوور گرتن و قسە لەگەڵدابڕین پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:(...وَلاتَهاجَرُوا...)[٤٥٨] واتە: (پشت لەیەك مەکەن و خۆتان لە یەك بەدوور مەگرن).

ژن هاوسەرو هاوڕێی پیاوە پێویستە پیاو مامەڵەی جوان و ڕەوشت بەرزانەی لەگەڵدا ئەنجام بدات. عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ﷺکە فەرموویەتی: ((خَيْرُ الأصْحابِ عَنْدِ الله تعالى خَيرُهمْ لِصَاحبِه..)) [٤٥٩]. واتە:(باشترین هاوڕێ و هاوەڵ لای خوای گەورە ئەو کەسەیە باشتر بێت بۆ هاوەڵەکەی). بۆیە پێویستە پیاو لەژنەکەی دوور نەکەوێتەوە و بە تەنها لە ماڵەوە جێ ی نەهێڵێت بە پێی فەرموودەیەکی موعاویە ﷺ دەڵێت پرسیارم لە پێغەمبەر ﷺ کرد وتم: (مافی ئافرەت لەسەر هەر یەکێکمان چیە؟ فەرمووی: ((...اَنْ تُطعِمُها إذا طعِمتَ، وَتَكسُوها إذا اكتَسَيتْ، ولاتضرب الوجه ولاتقبح وَلاَ تَهْجُرإلا

(٤٥٧) أخرجه: البخاري (٦٠٦٤), ومسلم (٢٥٦٣), وأبو داود (٤٩١٧).

(٤٥٨) نفس المصدر.

(٤٥٩) أخرجه: البخاري (الادب المفرد) (١١٥)، وأحمد (٦٥٦٦) وقال محققه: اسناده قوي، والترمذي (١٩٤٤), وابن خزيمة (٢٥٣٩), وابن حبان (٥١٨) وقال محققه: اسناده صحيح، وحسنه الشيخ الألباني في (رياض الصالحين) برقم (٣١٦)، (الصحيحة) (١٠٣) و(صحيح الادب المفرد) (٨٤).



فِي البَيتْ)) [٤٦٠]. واتە: (دەبێت خواردن و بژێوی پێویستی بۆدابین بکەیت ومدەبێت پۆشاك و کالای پێویستی بۆ دابین بکەیت ومنابێت لە ڕوخساری بدەیت ومنابێت قسەی ناشرین و جوێنی پێ بڵێیت، وە گەر قسەت لەگەڵ دابڕی دەبێت تەنها لە ماڵدا قسەی لەگەڵ دابڕی).

مانای (قسەی لەگەڵ دابڕن) دەبێت بۆ ماوەیەکی کەم بێت نەگاتە یەك ساڵ: لەسەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت: ((مَنْ هَجَرَ أَخَاهُ سَنَةً فَهُوَ كَسْفِكِ دَمِهِ)) [٤٦١]. واتە: (هەرکەسێك قسەی لەگەڵ براکەی بۆ ماوەی ساڵێك دابڕای وەك ئەوە وایە خوێنی ڕشتبێت). قسەدابڕین لەگەڵ دابڕان باشتر وایە سێ ڕۆژ زیاتر نەبێت. ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لاَيَحِلُ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجرَ أَخاهُ فوقَ ثَلاثٍ...)) [٤٦٢]. واتە: (بۆ هیچ موسوڵمانێك ڕەوانیە قسە لەگەڵ براکەیدا دابڕێت لەسەر و سێ ڕۆژەوە).

١٧- دەبێت مێرد یارمەتی ژنەکەی بدات لە پێویستیەکانیدا بە گوێرەی توانا:-

یارمەتی دان خۆشەویستی پێکەوە ژیان دروست دەکات، دیارترین سیفەتی ژیانی هاوسەریەتی یارمەتی دانە لەسەر خێر و چاکە بۆ ئەوەی ژیانی خێزانی بۆ ئاستێکی بەرز ڕابێت کەبەهۆیەوە خۆش گوزمرانی بۆ خێزان و منداڵان دێتە ئاراوە و ئازارەکانی کەسانی تریش سوك دەکات.

شارستانیەتی نوێ نرخ و بەهای یارمەتیدانی بۆ دەرکەوتووە و کۆمەڵەی هەرمومزیەکان لەهەموو جێگەیەکدا بڵاوبومتەوە بەجۆرێك شارێك نەماوە ئەو جۆرە کۆمەڵانەی تێدا نەبێت، ئەوەش بەڵگەی سودی یارمەتی دان و پێویست بوونمان دەداتی بۆ بەختیاری پیاو و ژن و تاك و کۆمەڵ.

بنەمای یارمەتیدان لە قورئانی پیرۆزدا جێی بایەخ پێدانەو بەو ئایەتە پیرۆزەی

(٤٦٠) أخرجه: ابي داود في (السنن) (٢١٤٢)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابي داود) (١٨٧٥).

(٤٦١) أخرجه: أبو داود (٤٩١٥)، والبخاري (الادب المفرد) (٤٠٤)، والحاكم (١٦٣/٤) وصححه الشيخ الألباني في (سلسلة الاحاديث الصحيحة) (٩٢٨)، وفي (رياض الصالحين) بتخريج الشيخ الألباني رقم (١٦٠٤) ص (٥٥٢)، و(صحيح ابي داود) (٤١٠٧).

(٤٦٢) أخرجه: البخاري (٦٠٧٦)، ومسلم (٢٥٥٩)، وأبو داود (٤٩١٠).

کە نایاب ترین مانای روحی دەگەیەنێت ڕوون کراوەتەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ...﴿٢﴾﴾ (المائدة) واتە: (هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر چاکە و خواپەرستی وە نابێت هاوکاری یەکتربکەن لەسەر تاوان و دەست درێژی).

قورئان فەرمان دەکات بە یارمەتیدان لەسەر چاکە وخواپەرستی.

وشەی (البر). لەزماندا بەمانای بەخشین و گوێڕایەڵی و چاکی و ڕاستگۆیی هاتووە، وشەی (البر) وشەیەکی هەمانگیرە و زۆرێك لە چاکەکان دەگرێتەوە.

وشەی (التقوی)یش بریتیە لەترسان لە خوای گەورەو کارکردن بە گوێڕایەڵی خوای گەورە، کەواتە (التعاون علی البر والتقوی) پاڵپشتی کردنی یەکتری لەخۆدەگرێت لەهەموو کردەوەیەك کەخێر و بەختەوەری لێبێتە بەرهەم، جابەختەوەری دونیا بێت یان بەختەوەری قیامەت بێت.

وشەی (الاثم)یش لەزماندا واتە: کارێك حەڵاڵ نەبێ، ئەمەش هەموو خراپەکاری و هێرش کردنە سەریەکتری و زۆرداری ڕاستەوخۆ وهەموو ئەو کارانەش دەگرێتەوە کەدەبێتە هۆی خراپ بوونی دەروونی تاك یا خود کۆمەڵگا، بۆیە دەبینین پێغەمبەرﷺ هەمیشە یارمەتی خێزانەکانی دەدا لەهەموو کاروبارەکاندابەتایبەتی کاروباری ئایینی و خێزانی.

ئەسوەدی کوڕی یەزید ﷺ دەڵێت: پرسیار لە عائیشە ﷺ کرا کە پێغەمبەر ﷺ لەماڵەوە چی دەکرد. ئەویش وتی: ((كان يكون في مهنة أهلِهِ، فأذا حضرت الصلاة خرج إلى الصلاة)) [٤٦٣].واتە: (یارمەتی هاوسەرەکانی دەدا لە کاروباری ماڵەوەدا و کاتی نوێژ بهاتایە دەڕۆیشت بۆ نوێژ خوێندن).. لەگێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((... فأذا حضرت الصلاة يتوضأ ويخرج الى الصلاة)) واتە: (ئەگەر کاتی نوێژکردن بهاتایە دەست نوێژی دەگرت و دەچوو بۆ نوێژکردن).

(٤٦٣) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦٧٦)، والترمذي في (السنن) (٢٤٨٩).



(عەمیرە) ﷺ دەڵێت: بە عائیشە ﷺ وترا: پێغەمبەرﷺ لەماڵەکەیدا چی دەکرد، ئەویش فەرمووی: (كان بشرا من البشر، يفلي ثوبه، ويحلُبُ شاته، وَيخِدم نفسه)[٤٦٤] واتە: (ئەویش ئادەمیزادێك بوو وەك هەموو ئادەمیزادێك، کراسەکەی خۆی دەدوریەوە و مەڕەکەی دەدۆشی و خزمەتی خۆی دەکرد). ((ويكون في مهنة اهله))[٤٦٥] (وە لە کاروبارەکانی ماڵدا هاوکاری خێزانەکانی دەکرد). ((فاذا حضرت الصلاة قام فصلى))[٤٦٦]. (وەگەر کاتی نوێژ بهاتایە هەڵدەستا و دەچوو نوێژی دەکرد).

دایکی ئیمانداران عائیشە ﷺ دەفەرموێت: ((...كان رسول الله ﷺ يخصف نعله، ويخيط ثوبه، ويعمل في بيته كما يعمل أحدكم في بيته، وقالت: كان بشراً من البشر يفلي ثوبه ويحلب شاته ويخدم نفسه))[٤٦٧]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەعلەکانی پینە دەکرد وەجل وبەرگەکەی دەدوریەوە و لەماڵەوەکاری دەکرد وەك چۆن یەکێك لە ئێوە لە ماڵەکەیدا کار دەکات وە دەیفەرموو: ئەویش وەك هەموو ئادەمیزادێك جلەکانی دەپرتوکاند قەدی دەکرد و مەڕەکەی دەدۆشی و خزمەتی خۆی دەکرد).

ئەبو بوردە ﷺ دەفەرموێت: ((كان رسول الله ﷺ:... يلبس الصوف، ويعتقل الشاة، ويأتي مراعاة الضيف))[٤٦٨]. واتە: (پێغەمبەرﷺ خوری لەبەردەکرد و مەڕی دەدۆشی و ڕێزی میوانی دەگرت).

ئەبو ئەیوب ﷺ دەفەرموێت: ((كان رسول الله ﷺ:...، يخصف النَعل، ويرقع القميص، ويقول: [من رغب عن سنتي فليس مني]))[٤٦٩]. واتە: (پێغەمبەرﷺ پێڵاوەکانی پینە

(٤٦٤) أخرجه: البخاري (الادب) (٥٣٩)، الترمذي في (السنن) (٢٤٩١)، وأحمد (٢٦١٩٤) وقال محققه: حديث صحيح، و صححه الشيخ الالباني (صحيح الادب المفرد) (٤١٩).

(٤٦٥) أخرجه: البخاري (٦٧٦)، والترمذي (٢٤٨٩).

(٤٦٦) انظر: (مختصر البخاري) (٣٧٣)، وانظر (الصحيحة) (٦٧١).

(٤٦٧) أخرجه: الترمذي (٢٤٨٩)، والبخاري في (الصحيح) (٦٧٦)، وابن حبان في (الصحيح) (٥٦٧٥) (٥٦٧٧) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما.

(٤٦٨) أخرجه: الحاكم في (المستدرك) (١/ ٦١) وصححه على شرط مسلم ووافقه الذهبي، والبيهقي في (دلائل النبوة) (١/ ٣٢٩)، وقال الحافظ ابن كثير في (البداية والنهاية) (٦/ ٤٥): اسناده جيد.

(٤٦٩) أخرجه: ابن سعد في (الطبقات) (١/ ٣٧٢)، وصححه الشيخ الالباني في (سلسلة الاحاديث الصحيحة)

دەکردو کراسەکەی دەدوریەوە و دەیفەرموو: هەر کەسێك لە سونەتی من لابدات لە من نیە...).

پێغەمبەر ﷺ گەر شتێکی بکڕیایە بە دەستی خۆی هەڵیدەگرت هەروەها ئەبوبەکری صدیق ﷺ پۆشاکی بەدەستەکانی هەڵدەگرت و دەیبرد بۆ بازاڕو بازرگانی پێوە دەکرد، وەعومەریش ﷺ گۆشتی دەکڕی و بەدەستی خۆی دەی هێنایەوە بۆ ماڵەکەی، هەروەها عەلی کوڕی ابوطالبیش ﷺ خورمای دەکڕی و دەی کردە چارۆکەیەك وبەدەستیەوە هەڵیدەگرت، کەسێك پێی وت: بابۆت هەڵبگرم ئەویش فەرمووی: نەخێر، خاوەن خێزان شایستەترە هەڵی بگرێت[٤٧٠].

هەر کەسێك بێ فیزی و یارمەتیدانی هاوسەرەکەی بووێت با ڕێڕەوی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ بخوێنیبتەوەو بەنەریتەکانی ئەو خۆی فێری ئەدەب بکات لەڕێی دراسەو لێکۆڵینەوەکانی فەرموودە باوەڕپێکراوەکانی وەك (الصحاح والسنن والمسانید) تازیاتر ڕەوشتە جوانەکان فێربێت، هەروەها با کتێبە مێژوویەکان وژیاننامەی هاوەڵە بەڕێزەکان و پێشینە باشەکان و پیاوچاکە نزیکەکانی لای خوای گەورە و لەخواترسەکان و دانایان دەوربکاتەوە و پەندیان لێ وەربگرێت چونکە زانایان میراتگرەوەی پێغەمبەرانن.

١٨- مێرد پێویستە جوێن نەدات و نەفرەت نەکات و لێدانی زیاد لە پێویست و ڕادەبەدەر بەرامبەر هاوسەرەکەی بەکارنەهێنێت:-

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ أَمَوَٰلِهِمْ .. ﴿٣٤﴾ ﴾ (النساء)

(فان اطعنکم): واتە: (گەر هاوسەرەکانتان گوێڕایەڵیان کردن. (فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا): واتە: ئیتر ئێوە ڕێگایەك پەیڕەو مەکەن بۆ لێدانیان وە زۆرداری کردن لێیان و زیادەڕۆی بەرامبەریان وەك ئەوەی سەرکۆنە بکرێت بەبەکارهێنانی دەستەواژەی نەشیاو وەك (جنێودان و کردنی بە فاحشەو

رقم (٢١٣٠).

(٤٧٠) أخرجه: ابن ابي الدنيا (التواضع والخمول) رقم (١٠٢، ٩٩).



بێزلێکردنەومو بەلەعنەت کردن)) وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((...وَلَعْن المُؤمِنِ كَقَتْلِه))[٤٧١]. واتە: (بەلەعنەتکردنی کەسی باومڕدار وەك کوشتنی وایە)

عەبدوڵڵای کوڕی زمعە ﷺ گوێی لە پێغەمبەرﷺ بوو کاتێك وتاری دەخوێندوە باسی وشترەکەی پێغەمبەر ﷺ ی بۆ کردوون ومباسی ئەوانەشی بۆ کردن کە چوار پەلی وشترەکەیان بڕی و کوشتیان پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((اذا انبعث اشقاها [انْبَعَثَ لها رَجُلٍ عَزِيزٌ عارِمٌ مَنِيعُ فِي رهْطِهَ] ثم ذَكَر النِساءَ فوعظ فيهن فقال: [يَعْمِدُ احَدُكُمْ فَيَجلدُ امرأَتَهُ جَلْدَ البعير (في رواية: العَبْدِ)، فَلَعَلَه يُضاجِعها مِنْ أخِر يَوْمِهِ] ثُم وَعَظَهمَ فِي ضَحِكهِمِ مِنَ الضَرطةِ، وقال: (لِمَ يْضَحُك أحَدُكُمْ مِمَا يَفَعُل])) [٤٧٢].واتە: (پیاوێکی بەهێز و بەتوانای ناو کۆمەڵگەی هەستاو وشترەکەی کوشت، ئینجا باسی ژنانی کرد و فەرمووی: بەدەستی ئەنقەست یەکێك لە ئێوە هەڵدەستێت بەشەلاق لێدانی ژنەکەی وەك چۆن لە وشتر و بەندەکەی دەدات و لەکۆتایی ئەو ڕۆژەشدا لەگەڵیدا دەنوێت وەلەدوایدا ئامۆژگاری کردن کە پێنەکەنن بەیەکێك گەربای لێ بوموە و فەرمووی: یەکێك لە ئێوە لە کاتێکدا خۆیشی هەر وای بەسەردێت بۆچی بەکەسێکی تر پێدەکەنێت).

ئیبنو مەسعود ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لَيْسَ المُؤْمِنَ بالطعانَ، وَلاَ اللَعانِ، وَلاَ الفاحِشِ، وَلاَ البَذيِ))[٤٧٣] واتە: (بڕوادار تانەدەر و نەفرەت کەر و خراپ کار و وتەقێزەون نیە).

ئەبو هوڕەیرە دەفەرموێت پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لاَيفرَكَ مُؤْمِنٌ مُؤمِنَة، إنْ كرِهَ مِنْها خُلقاً، رضِي مِنْها أخرَ أوْ قال: غَيْرَه))[٤٧٤]. واتە: (هیچ پیاوێکی بڕوادار ڕق ئەستور نەبێت بەرامبەر هاوسەرەکەی خۆی گەر ڕەوشتێکی ئەوی پێ باش نەبێت، چەندەها ڕەوشتی تری تێدایە کە ئەو پێی باش دەبێت).

(٤٧١) أخرجه: البخاري (١٣٦٣)، ومسلم (١١٠)، وأبو داود (٣٢٥٧).

(٤٧٢) أخرجه: البخاري (٤٩٤٢).

(٤٧٣) أخرجه: الترمذي (١٩٧٧)، والبخاري (الادب) (٣٣٢)، وابن ابي شيبة (١٨/١١)، وابي يعلى (٥٣٦٩)، وأحمد (٣٨٣٩) وقال محققه: حديث صحيح، و صححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٣٢٠) وقال: حديثُ حسن، وانظر (رياض الصالحين) بتخريج الشيخ الألباني رقم (١٥٦٣) و (١٧٤٣).

(٤٧٤) أخرجه: مسلم (١٤٦٥).

له فەرموودەیەکی تردا کە موعاویە ﷺ لە پێغەمبەرموە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((... وَلا تضرب الوجه ولا تُقَبِحَ))[٤٧٥]. واتە: (لەدەمو چاوی ژنەکانتان مەدەن و بەناوی سوك بانگیان مەکەن وپێی یان مەڵێن: ڕووت ڕەش بێت). وە پێغەمبەرﷺ ئاژەڵێکی بینی لە دەم و چاوی درابوو فەرمووی: ((... أما بلغكم اني لعنت من وسم البهيمة في وجهها أو ضربها في وجهها))[٤٧٦]. واتە: (ئایە ئاگادارنەکراونەتەوە کە من لەعنەتم کردوە لەو کەسەی دەموچاوی ئاژەڵێك داخ دەکات یان لەدەموچاوی دەدات).

لەگێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((نهى رسول الله ﷺ عن الضرب في الوجه وَعنَ الوَسِم في الوَجْه))[٤٧٧]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ نەهی کردوە لەداخکردنی دەموچاو وە یان لێدان لەدەموچاو).

هیشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حزام ﷺ دەفەرموێت: گەواهی دەدەم کە گوێم لە پێغەمبەرﷺ بوو دەیفەرموو: ((إنَ الله يَعذِبَ الذَين يُعذِبُون الناس في الدُنيا))[٤٧٨]. واتە: (خوای گەورە ئەو کەسانە سزادەدات کەلە دونیادا سزای خەڵکان دەدەن).

ئیاس کوڕی عەبدوڵلای کوڕی ئەبو زیاب ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لاتَضرْبِوا إمَاءَ الله)) واتە: (لەژنان مەدەن)، پاشان عومەر ﷺ هات وتی: ژنان بەسەر پیاوەکانیان زۆر دەنگ بەرزدەکەنەوە و لێ یان هاربوون، پاشان پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی پێ دان لێدان بەکار بهێنن، دواتر ژنانێکی زۆر هاتنە لای خێزانەکانی پێغەمبەری خوا و سکالاّ یان لەدەست مێردەکانیان دەکرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((لَقَدْ طاف بِأَلِ مُحَمد نِساءُ كيثرٌيشكُونَ ازواجَهُنَ لَيْسَ أولئِكَ بخَيارِكُمْ))[٤٧٩]. واتە: (ژنانێکی زۆر هاتوونەتە لای

(٤٧٥) أخرجه: أبو داود (٢١٤٢)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (١٨٧٥).

(٤٧٦) أخرجه: أبو داود (٢٥٦٤)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٥٤٩).

(٤٧٧) أخرجه: مسلم (٢١١٦، ٢١١٧)، وأحمد (٥٩٩١).

(٤٧٨) أخرجه: مسلم (٢٦١٣)، وأبو داود (٣٠٤٥)، والنسائي (الكبرى) (٨٧٧١)، وأحمد (١٥٣٣٤).

(٤٧٩) أخرجه: أبو داود (٢١٤٥) باسناد صحيح، انظر (رياض الصالحين) بتخريج الشيخ الالباني رقم (٢٨٤)، و (صحيح أبي داود) (١٨٧٩).



بنەماڵەی موحەمەد و سکاڵایان لەدەست مێردەکانیان کردووە، ئەو جۆرە مێردانە چاکەکانتان نین).

١٩- مێرد پێویستە ئارامگر بێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا:

بە تێڕوانینی دوای هاوسەرگیرییەتی، پیاوان هاندراون تێبینی شێواز و سروشتی ئافرەت بکەن و لەگەڵیاندا نەرمی و سۆز پەیڕەوی بکەن و هەڵسوکەوتی تووندیان بەرامبەر نەکەن، وەك وەفا بەو هەقەی هەیەتی و لە پێناو مانەوەی پەیوەندی خۆشەویستی نێوانیان و پارێزگاری کردن لەئاسودەیی و مانەوەی خێزان.

بەمافی ئافرەت دەژمێردرێت لەسەر پیاو کەبەرامبەر ئازارەکانی ئارام بگرێت، ئەگەر لەڕێ لادانێکیشی لێبەدی بکرێت پێویستە مێردەکەی لێی خۆش ببێت، ئارامگرتن هەرە ڕەوشتە جوانەکانی مرۆڤە، ئارامگرتن بریتیە لەو بەرامە ڕوحییەی کەباوەڕدار پشتی پێدەبەستێت و دڵتەنگی لەسەر سوك دەکات و هێمنی و دڵنیای دەچێتە ناو دڵیەوەو دەبێتە هۆی ئارام بوونەوەو ساڕێژ بوونی ئەو بریانەی کەبەهۆیەوە ئازار دەچێژێت.

ئەگەر ئارامگرتن نەبێت، ئەوە دەروونی ئادەمیزاد لەبەرامبەر بەڵاکانی خوادا دادەڕمێت، وەهای لێ دێت نەتوانێت بەڕێڕەوی ژیاندا ڕێ بکات هەتا بەجۆرێك بێزاری ڕووی تێدەکات ئەو کەسە دەکەوێتە ناو گومان بە بەها ڕەوشتیە بەرزەکان و لەئەنجامدا هەر خۆشی دەبێتە توخمێکی شەڕانی و هیچ سودێکی بۆ کۆمەڵگاکەی لێ بەدی ناکرێت.

بەڕاستی دەتوانین ئارامگرتن بەهێڵی جیاکەرەوەی نێوان ژیانی ڕوحی و مادی ڕیزبەند بکەین، هەر لەبەر ئەومیە کەقورئان بایەخی بە ئارامگرتن داوەو پایدا هەڵداوەو پلە و پایەکانی بەرزکردۆتەوە و ستایشی ئەو کەسانەی کردووە کە ئارامگرن، نزیکەی زیاد لە نەوەت جار لە قورئاندا باسی لێوە کراوە کە هیچ چاکەیەکی تری لەم ئاستە باس نەکردووە، ئەوەش نیشانەیی گەورەیی پایەکەیەتی و بنچینەی زۆرێك لەچاکەکانی تێرە، بەڵکو هەتا بە

سەرچاوەیان هاتوتە هەژمار چونکە هەستی خێر لەدەروندا پەروەردە دەکات و هیچ چاکەیەکیش نیە پێویستی بە ئارامگرتن نەبێت لەبەر ئەوەیە خوای گەورە ئارامگرانی خۆشویستووە و قورئان ڕایگەیاندووە کەئەوان زۆرترین چاکەو ڕەحمەت لە دونیا و دوارۆژدا بەدەست دەهێنن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾ ﴾ (الزمر) واتە:(بەڕاستی ئارامگرەکان پاداشتیان بێ ژمار دەدرێتەوە). پێویستە لەسەر پیاو هەڵسوکەوت و ڕەفتاری باش لەگەڵ خێزانەکەیدا پیادە بکات چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ...وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾ ﴾ (النساء)واتە: (بەهەڵسوکەوتی جوان وڕەفتاری باش مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکانتان بکەن، وە گەر ئێوە ئەوانتان خۆش نەوێست ئاگادارین گەلێ شتی واهەیە ئێوە حەزتان لێ نیە، کەچی خوا خێرو چاکەیەکی زۆری تیا داناوە).

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((استَوصُوا بالنِساء خَيراً فإنهن خُلقن مِنْ ضِلَعٍ، وإنَ أعْوجَ مافي الضِلَع اعَلاهُ، فأن ذَهبَتِ تُقيمهُ كَسَرتُه، وإنْ تَركتُه لَمْ يَزَلْ اعوج، فاستَوصُوا بالنِساء خيراً))[٤٨٠]. واتە: (بە ئامۆژگاری وڕەفتاری جوان هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنانتان بکەن، چونکە ئەوان لە پەراسوو دروست بوون و سەری پەراسوش خوارترین جێگایەتی، گەر تۆ بڕۆیت ڕاستی بکەیتەوە ئەوا دەی شکێنیت، وە گەر هەر وازی لێ بهێنیت ئەوە هەر بە خواری دەمێنێتەوە، دەکەواتە بە ئامۆژگاری باش و ڕەفتاری جوان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن).واتە: ئافرەت لەهەموو شتێکدا ڕێك وەك پیاو دەرناچێت، گەر واش بوایە ئەویش ئەو کات دەبووە پیاوی دوومم. بەڵکو سروشت و تایبەتمەندی ڕەگەزی مێینەی خۆی هەیە و لە زۆرشتدا جیاوازە لە پیاو وپێویستە پیاو هەڵسوکەوتی هاوڕەگەزانی خۆی لەگەڵدا نەکات بەڵکو هەڵسوکەوتێکی وای لەگەڵدا بکات کە جیاوازی و تایبەتمەندی مێینەی ئافرەت لەبەر چاوبگرێت.

(٤٨٠) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٩/ ٢٥٣، ٥١٨٦)، ومسلم في (الصحيح) (٢/ ١٠٩١-٦٠-١٤٦٨).



هەندێك لە پێشینان فەرمویانە: «اعلم أنه ليس حُسن الخلق مع المرأة كف الأذى عنها، بل تحمل الأذى منها، والحلم على طيشها وَغضبها اقتداء برسول الله ﷺ، فقد كانت نساؤه يراجعنه وتهجره إحداهن اليوم إلى الليل "[٤٨١]. واتە: (بزانە ڕەوشتی باش هەر ئەوە نیە، ئازاری ئافرەت نەدەیت، بەڵکو پێویستە هەڵگری ئازار و مەینەتیەکانی بیت، وە لەسەر سەرکەشی و تووڕەبوونەکانی تۆ نەرم و نیان و لەسەرخۆ بیت، و سەرمەشقت پێغەمبەری خوا ﷺ بێت کە ژنانی لێ پێچینەوەیان لەگەڵ دەکرد و هەیان بوو قسەی لەگەڵ دادە بڕی لەبەیانیەوە هەتاشەو).

ڕەفتاری جوان مەرجی بەهاوسەر بوونە وەك پێغەمبەر ﷺ بەعەلی کوڕی ئەبوطالبی فەرموو: کاتێك فاطمەی لێ مارەبڕی ((هي لك على ان تَحسِن صُحَبتها))[٤٨٢]. واتە: (ئەوە بۆ تۆ بەو مەرجەی هەڵسوکەوتی چاکی لەگەڵدا بکەیت) بۆیە پیاو دەبێت لەگەڵ خاوخێزانی هاوڕێ بێت و ڕێزیان بگرێت کە ئەوەش نیشانەی کەسێتی گەورە پیاوانە، بەڵام بەکەم تەماشا کردن و سەرزەنشت کردنی نیشانەی بچووکی و نزمی پیاو دەگەیەنێت و ئەوکەسە دەبێتە جێی گازندەی کەسانی تر، بە پێی فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت: ((خَيركم خَيركم لأهله، وأنا خيركم لأهلي))[٤٨٣]. واتە: (باشترینتان باشترینتانە بۆ خێزانەکەی و منیش باشترین کەستانم بۆ خاو خێزانم). لە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((خيركم خيركم للنساء)). واتە: (باشترینتان باشترینتانە بۆ ئافرەتان).

لە ئەبو هوڕەیرەوە ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اكْمَلُ المُؤمِنِين إيماناً أحسْنهَم خُلُقاً، وَخَيارُكُمْ خياركم لِنسائِهِمْ))[٤٨٤]. واتە: (تەواوترین

(٤٨١) انظر: (مختصر منهاج القاصدين) لابن قدامة المقدسي (ص: ٧٨،٧٩).

(٤٨٢) أخرجه: الطبراني (الكبير) (١٧٦/١)، (رقم: ٣٥٧٠) وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (١٦٦).

(٤٨٣) أخرجه: الترمذي (٣٨٩٥)، و ابن حبان في (الصحيح) (٤١٧٧)، وقال محققه: اسناده صحيح، والحاكم (١٧٣/٤) وصححه و وافقه الذهبي، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الترمذي) (٣٠٥٧)، و (الصحيحة) (٢٨٥).

(٤٨٤) أخرجه: أبو داود (٤٦٨٢)، والترمذي (١١٦٢) وقال: حديث حسن صحيح، وابن حبان (٤١٧٦) وقال محققه: اسناده حسن، وأحمد (٧٤٠٢) وقال محققه: حديث صحيح، وصحح الشيخ الألباني في (رياض الصالحين) رقم (٦٣٣، ٢٨٣).

باوەڕدار لە ڕووی ئیمانەوە ڕەوشت باشترینیانە، و باشترینتان باشترینتانە بۆ ژنەکانانی خۆی)، هەر لەبەر ئەمەشە کە عەرەب لە کۆنەوە وتویانە: (ما اکرمهن الا کریم و لا اهانهُنَ الاّ لئیم) واتە: (کەسانێك ڕێز لەئافرەت دەگرن کە خۆیان ڕێزدار بن وە کەسانێك بێ ڕێزی و سوکایەتیان پێ دەکەن کە خۆیان سوك و بێ ڕێزین).

ئیبنو عەباس ﷺ دەفەرموێت: (أني لاحب أن اتزينُ للمرأة كما احِبُ ان تتزين لي)[٤٨٥]. واتە: (من پێم خۆشە خۆم بڕازێنمەوە بۆ خێزانەکەم وەك چۆن پێم خۆشە ئەو خۆیم بۆ بڕازێنێتەوە). پێویستە پیاو گاڵتەو یاری لەگەڵ خێزانی خۆیدا بکات بۆ ئەوەی دڵی خۆش بکات.

پێغەمبەرﷺ لەگەڵ هاوسەرەکانی گاڵتە وسوعبەتی کردومو خۆی بردووەتە ئاستیانەوە بۆ ئەوەی خۆیان بەنزم نەزانن هەتا دەگێڕنەوە کە پێشبڕکێی لەگەڵ عائیشە داکردوە، و پێشی کەوتۆتەوە پێی وتووە: ئەوە بەویان.

ئیسلام بۆیە چاکەکردن لەگەڵ ئافرەت و ڕێزگرتنی چەسپاندوە تەنها لەبەر ئەوە کە دەیەوێت ڕێسای ماڵەوە ڕێك بخات و کاروفەرمانەکانی باش بچێت بەڕێوە و لەکاتێکدا تووندوتیژی و تۆڵە لێسەندنەوە لەگەڵ ئافرەتدا سودێکی نابێت، وە ئەزیەت دان و زیان پێگەیاندن بە ئافرەت کاروبارەکان باش ناکات.

صەفییەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (... كان رسول الله ﷺ من ابغض الناس إلي قَتلَ زوجي وأبِي، فما زال يعتِذُر الي ويقول: [يا صَفية إن أباكِ البَّ عليّ العرب وفعل وفعل...] فما زال يعتذر إلي حتى ذهبَ ذلك من نفسي)[٤٨٦]. واتە:(..... پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کەسە بوو کە من لەهەموو کەس زیاتر ڕقم لێی بوو چونکە بووە هۆکاری کوشتنی مێردەکەم و باوکم، بەڵام پێغەمبەر ﷺ بەردەوام پۆزشی بۆ من دەهێنایە و دەیفەرموو: ئەی صفیە باوکت عەرەبەکانی لێ هاندام ئەو

(٤٨٥) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (١٥٠٩٤).

(٤٨٦) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٥١٩٩) وقال محققه: صحيح، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٧٩٣) وقال: اسناده صحيح.



کارەو ئەو کارەی کرد...) بەردەوام هەر پۆزشی بۆ دەهێنامەوە هەتا بەتەواوی ئەو ڕقەم لە دڵدا نەما.

کەواتە مافی ئافرەتە پیاوەکەی بەدڵنەوایی و ئامۆژگاری باش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات.

خوای گەورەی دەفەرموێت: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ ..﴿١٢٥﴾ ﴾ (النحل) واتە: (خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا داوامان لێ دەکات کە دانایی و ئامۆژگاری باش و گفتوگۆی جوان بەکار بهێنین) سەبارەت بەزیاتر ڕوون کردنەوەی مانای ئەم ئایەتە پیرۆزە: ئیبنو کەثیر ﷺ دەڵێت: (يقول تعالى امراً رسوله محمد ﷺ ان يدعوا الخلق الى الله بالحكمة). واتە: (خوای گەورە دەفەرموێت و فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات، کە بانگی خەڵکی بکات بۆ لای خودا بە حیکمەت و دانایی).

ئیبنو جەریر ﷺ دەڵێت: (وهو ما انزله عليه من الكتاب (اي: القرأن) والسنة والموعظة الحسنة....فليكن بالوجه الحسن برفق ولين وحسن خطاب...)[٤٨٧]. واتە: (دانایی ئەوەیەکە لە قورئاندا بۆی هاتۆتە خوارەوە، و لەسنوری سوننەت و ئامۆژگاری باشدا جێی دەبێتەوە و ئەوکارە واباشە با بەڕوویەکی خۆشەوە و بەدڵنەوایی و نەرمونیانی و دواندنی باش بێت).

هەندێك لە زانایان فەرموویانە: (بانگەوازکردن بۆ ڕێنمایی کردنی باوەڕداران و مسوڵمانان پێویستە بە حیکمەت و ئامۆژگاری(قورئان و سونەت) بێت و بانگەوازی کافرو دووڕووەکان دەبێت بە گفتوگۆو موجادەلەی زۆر باش ڕەفتاری لەگەڵدا بکات).

ئەبودرداء ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لاترفع عَصاك على أهلك واخفهم في ذات الله))[٤٨٨]. واتە: (دار لە خێزانەکەت بەرزمەکەرەوە، و بەخوا بیان ترسێنە). هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((علقوا السوط حيث

(٤٨٧) ابن كثير في (تفسير القرأن العظيم) (٢/٥٩١).

(٤٨٨) أخرجه: البخاري في (الادب المفرد) (١٥)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الادب المفرد) (١٤).

یراه اهل البیت فانه أدب لهم))[٤٨٩]. واته:(قەمچی له جێگەیەکدا هەڵبواسن کە هەموو خێزان ببینێت چونکە ئەو کارە دەبێتە پەند و پەرەردە بۆیان).

پێویستە پیاو بزانێت ئارامگرتن لەگەڵ ئافرەتدا و لێخۆش بوون لە هەندێك لە هەڵسوکەوتیان، ئەم کارە خێرە و پیاوان لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتی لەسەر وەردەگرن چونکە پێغەمبەر ﷺ خواردنی ماڵی ئافرەت و بێباوکێکی لەیەك ئاستدا هەژماردووە.

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اني أُحرَجُ عَلَيكم حَقَّ الضَعِيفَينِ: اليَتيم وَالمرأةِ))[٤٩٠]. واتە: (من به تاوانێکی قورس لەسەرتان هەژماردەکەم گەر ماڵی دوو بێ تواناکە: ئافرەت و بێ باوك زەوت بکەن یاخود پێشێل بکەن).

عەمری کوڕی ئومەیە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((كل ما صنعت إلى أهلك فهو صدقة عليهم وفي رواية [ما أعطى الرجل امرأته فهو صدقة]))[٤٩١]. واتە: (هەموو پێداویستیەك گەر تۆ بۆ هاوسەرکەت دەستەبەر بکەیت بۆ تۆ بە چاکە دەنوسرێت). لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: (پیاو هەر شتێك ببەخشێتە هاوسەرەکەی بەچاکە بۆی دەنوسرێت).

عومەر کوڕی ئەحوصی جوثەیمی ﷺ: گێڕاویەتیەوە لە وتاری حەجی ماڵئاوایدا گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە دوای سوپاسکردنی خوای گەورەو ستایش کردنی، ئامۆژگاری خەڵکی کردو فەرموویەتی: ((ألا واستوصوا بالنساء خيراً فإنما هُنَ عوانٍ عندكُم، ليسَ تَملِكونَ مِنهن شيئاً غيرذلك، إلاأنْ يأتِينَ بفاحشةٍ مُبَينةٍ، فإن

(٤٨٩) أخرجه: الطبراني (الكبير) (١٠٦٧١) وفي (الاوسط) (٤٣٨٢), والبزار (٢٠٧٧) وقال الهيثمي (المجمع) (١٠٩/٨): اسنده حسن، وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٤٤٧).

(٤٩٠) أخرجه: أحمد (١٧٦١٧) وقال محققه: حسن، و الطياسي (١٣٦٤)، والبزار (١٥٠٧)، والبيهقي (الكبرى) (١٧٨/٤) وفي (الشعب) (٨٧١٦)، والبخاري (التأريخ الكبير) (٤٣٣/٣), والنسائي (الكبرى) (٩١٨٤), و ابو يعلى (٦٨٧٧) وقال محققه: اسناد جيّد, وابن حبان (٤٢٣٧), وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٠٢٤)، وفي (صحيح الجامع) (٤٥٤١) و (صحيح الترغيب) (١٩٦٢).

(٤٩١) أخرجه: أحمد (٩٦٦٦) وقال محققه: اسناده قوي، وابن ماجة (٣٦٧٨), والنسائي (٩١٥٠) وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) رقم (١٠١٥)، وانظر (رياض الصالحين) بتخريج الشيخ الألباني رقم (٢٧٥).



فعلْنَ، فاهجروُهن في المَضاجِع، واضربوُهُن ضرباً غيرمُبَرِح، فأن أطعنَكُمْ فلا تبغوا عليهنّ سبيلا.ألا إنَ لكم على نسائكم حقاً ولنسائِكُمْ عليكم حقاً، فحقُكم عليهن أنْ لا يُوطئنَ فُرشكُمْ من تكَرهونَ، ولا يأذن في بيوتكم لمن تكرهُونَ، ألا وحَقهُن عليكم أنْ تحِسنوا إليهن في كِسوَتهنَ وطعامهن))[٤٩٢]. واتە: ((ژنەکانتان هان بدەن لەسەر خێر و چاکە، چونکە ئەوان وەک دیل وان لای ئێوە، ئێوە تەنها خاوەنی ئەو گوێڕایەڵیەیی ئەوانن مەگەر هەر کات ئەوان کارێکی زۆر ناشیرینی ئاشکرا ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەوەیان کرد، ئێوە شەوانە سەر جێییان لەگەڵ مەکەن، و ئەگەر نا لێیان بدەن، بەلێدانێکی وانا زۆر ئازاریان پێ بگات.وەئەگەر گوێڕایەڵیان کردن ئەوە ڕێیان لێمەگرن و بەدوای بیانوی تردا مەگەڕێن بۆ ئازاردانیان، بەڵام ئێوەش هەقتان بەسەر ژنەکانتانەوە هەیەو ژنەکانیشتان هەقیان بەسەرتانەوە هەیە.

هەقی ئێوە بەسەر ئەوانەوە ئەوەیە، نەهێڵن، ئەو کەسانەی ئێوە خۆشتان ناوێن بێنە سەر ڕاخەرتان و ڕێگە نەدەن بەو کەسانەی ئێوە ناتانەوێن بێنە ناو ماڵەکانتان. هەقی ئەوانیش بەسەر ئێوەوە ئەوەیە ئێوە چاکە کاربن لەدابین کردنی خواردن و جل و بەرگ و پێویستیەکان بۆیان).

پێویستە پیاو لە گاڵتەکردن بە هاوسەر و خزمەکانی دووربکەوێتەوە، وە پێویستە خۆبەدووربگرێت لە دەنگ بەرزکردنەوەو لێدانی لەبەردەم خزمانی هەردوولایاندا، یان جنێو پێدانی یان جنێودان بە خزمەکانی لەبەردەم منداڵەکان و میواناندا یان هاوسەرەکەی بەتەواوی پشت گوێ بخات. جگە لەئەمانە لەسەر پیاو پێویستە لە ژنەکەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە و سیخوڕی بەسەرییەوە نەکات و ڕقی لێی نەبێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ نەبڕێت، وە پێویستە ڕێز لە میوانەکانی و هاوڕێیەکانی و خزمەکانی بگرێت، وەنابێت دیدەنیان نەکات یان لەسەر وردەکاری ماڵەکەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات یان پێویستیەکانی ماڵەوەی بۆ دابین نەکات، یان بەردەوام بێزاری و تورەی خۆیی بەسەر خێزانەکەیدا

(٤٩٢) أخرجه: ابن ماجة (١٨٥١)، والترمذي (١١٦٣) وقال حديث حسن صحيح، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح ابن ماجة) (١٥٠١)، و في (الارواء) (١٩٩٧)، وانظر (رياض الصالحين) للامام النووي بتخريج الشيخ الألباني حديث رقم (٢٨١).

بڕێژێت، یان خزمەتی میوان نەکات، یان تاوان بداتە پاڵی یان منەتی بەسەردا بکات و ئازاری بدات و بەرامبەری (مخاصمە)ی لەگەڵ بکات، یان بچێتە ناو کارە تایبەتیەکانیەوە، یان بەدمنگی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و بەدووکەڵی جگەرە ئازاری بدات یان لەگەڵیدا نەچێتە دەرەوە و پیاوەکە بایەخ بەدیمەنی خۆی نەدات، یان ڕازی نەبێت لە نەریتی هاوسەرەکەی یان لەدروونی جل و بەرگی یان لەکاروبارەکانی ماڵەوەی یان بێزاربێت لێی یان گەمەی لەگەڵ نەکات و لەگەڵیدا پێنەکەنێت، یان گەورەیی بەسەردا بکات و زۆر بڵێی لەگەڵدا بکات یان نەهێنیەکانی بڵاوبکاتەوە، یان گوێی پێنەدات و نەخۆش بوونی بەهەند وەرنەگرێت، یان ماوەیەکی زۆر لێی دووربکەوێتەوە، یان لە سەردانی خزم و کەس و کاری ڕێی لێبگرێت یان پرس و ڕای پێنەکات و بەبێ هۆکار بەجێی بهێڵێت و یاخود زۆرداری لەگەڵ بکات و بیچەوسێنێتەوە یان سەغڵەتی لەسەر دروست بکات و نەفەقەی ئەوەندە نەداتێ بەشی بژێوی خۆی و منداڵەکانی بکات یان خواردنی لەگەڵ نەخوات و بەبێ گومان غیرەی بەسەرەوە بکات یان ئارەزوەکانی بە پێی مەرجە شەرعیەکان بەجێ نەهێنێت.

٢٠- مێرد پێویستە هەمیشە هاوسەرەکەی خۆی خۆشبوێت وتەی شیرینی لەگەڵ بەکار بهێنێت و بەردەوام ڕوی خۆش بێت لەگەڵیدا:

خۆشەویستی لە نێوان پیاو ژندا و هۆگربوون لەگەڵ یەکتری پایەیەکی گەورەی هاوسەریەتیە، خۆشەویستی لە نێوان ژن و پیاودا بەهاو نیعمەتێکی گەورەی خوای بەخشندەیە. وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ ﴿١٠٣﴾ ﴾ (ال عمران) واتە: (یادی ئەو نیعمەتەی خودا بکەن بەسەرتانەوە ئەودەمە کەئێوە -لە سەردەمی نەفامیدا- دژ بەیەکتر بوون، ئینجا خوای بەبەزەیی، هۆگریی وتەبایی خستە نێوان دڵەکانتانەوە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ ٱللَّهُ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِۦ وَبِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ

بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ (الانفال) [واتە: هەر ئەو خوایەش بوو کە لەڕۆژی بەدرا بە کۆمەکی خۆیی و، بە دڵسۆزی باوەڕداران پشتیوانی کردیت..... وهۆگریی و تەبایی خستە دڵ و دەرونیانەوە گەر تۆ هەموو سامانەکانی دونیات سەرف بکردایە تۆ توانایی هۆگری و خۆشەویستیت نەدەبوو بیخەیتە نێوانیان].

ئەو خۆشەویستیەی لە نێوان باوەڕداراندا هاتۆتە دی هۆکارەکەی باوەڕو ئیمانە، وە ئەو خۆشەویستیەیی کە لەسەر خۆشەویستی خوا دادەمەزرێت بە بەهێزترین جۆری خۆشەویستی یە.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((اوثق عرى الايمان: الموالاة في الله والمعاداة في الله والحب في الله والبغض في الله عزوجل))[٤٩٣]. واتە: [بەهێزترین ئەڵقەی باوەڕبوون، پشتیوانی و یەکتر ویستنە لەبەرخواو دوژمنایەتی کردن و خۆبەدوورگرتنە لەبەر خوا و، خۆشەویستیە بۆ خوا وە ڕق لێبوونەوەیە لەبەر خوای پەروەردگار].

خۆشەویستی هاوسەریەتی لەسەر بنچینەی باوەڕ بەرزترین و بەهێزترین خۆشەویستیە و پیرۆزترین پەیوەندی یە کەلە نێوان ئادەمیزاددا دێتە دی، پەیوەستی عەقیدەش بەهێزترە لە پەیوەندی ڕەچەڵەك، و لەبەر بایەخی ئەو پەیوەندییەی نێوان باوەڕداران یان لە نێوان دوو هاوسەردا، خوای گەورە فەرزێکی گەورەو پاداشتێکی زۆری بۆ دیاری کردوون و ئەوانی خۆش دەوێت و نزیکیان دەکات لەخۆی و ئەوان یەکێکن لەو حەوت کۆمەڵەی کە خوای گەورە دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە. لەڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری عەرشی خوا نەبێت. لەوانە:

---

(٤٩٣) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) رقم (١١٥٣٧) من حديث ابن عباس رضي الله عنهما، والبغوي في (شرح السنة) (١٣/ ٥٣) وله شواهد كثيرة عن ابن مسعود عند ابي داود الطياليسي رقم (٣٧٨) (ص: ٥٠)، والطبراني في (المعجم الصغير) كما في (مجمع زوائد) (١/ ٩٠) لابن حجر الهيثمي، وعن البراء رواه الامام أحمد في (المسند) (٤/ ٢٨٦) بلفظ: ((اوسط عرى الايمان ان تحب في الله وتبغض في الله))، ورواه ابن ابي شيبة في (الايمان) رقم (١١٠) (ص: ٤٢)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع الصغير) رقم (٢٥٣٩)، وحسنه شعيب الارناؤوط في تحقيق (شرح السنة) (١٣/ ٥٣) وقال بعض السلف رضي الله عنهم: اربعة تؤكد المحبة: حسن البشر، وبذل البر، وقصد الوفاق، وترك الشقاق.

(رجلان تحابا في الله، اجتمعا عليه وتفرقا عليه)[٤٩٤] واتە: (دوو کەس لەبەر خوا یەکتریان خۆش بوێت و هەر لەبەرخوا لەگەڵ یەکتری کۆببنەوە و لەیەکتریش جیابنەوە).

ئەگەر دوو کەس لەبەر خوا یەکتریان خۆشویست، ئەوا لە ژێرسێبەری عەرشی خودادا دەبن، کەواتە حاڵی ژن و مێرد چۆن دەبێت ئەگەر لەبەر خوا یەکترییان خۆشبوێت. لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت: ((المتحابون في جلالي لهم مَنابر من نور يَغبطهم النبيون والشهداء..))[٤٩٥]. واتە: (خۆشەویستان لەبەر شکۆمەندی من، مینبەری ڕوناکیان بۆ دەبێت لەقیامەتدا و پێغەمبەران و شەهیدان خۆزگەیان پێ دەخوازن). لە فەرموودەیەکی تری قودسیدا هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت: ((حقت محبتي للمتحابين في، وحقت محبتي للمتواصلين في، حقت محبتي للمتناصحين في، وحقت محبتي للمتزاورين في، وحقت محبتي للمتباذلين في))[٤٩٦]. واتە: (خۆشەویستی من مسۆگەرە بۆ ئەو کەسانەی لەبەر من یەکترییان خۆشدەوێت. وەخۆشەویستی من مسۆگەرە بۆ ئەو کەسانەی لەبەر من پەیوندی لەگەڵ یەکتری دەکەن و هاتوچۆدەی. وەخۆشەویستی من مسۆگەرە بۆ ئەو کەسانەی لەبەرمن ئامۆژگاری یەکتری دەکەن، وە خۆشەویستی من مسۆگەرە بۆ ئەو کەسانەی لەبەر من سەردانی یەکتری دەکەن وە خۆشەویستی من مسۆگەرە بۆ ئەو کەسانەی لەبەرمن

---

(٤٩٤) جزء من حديث: رواه البخاري في (الاذان) رقم (٦٦٠) و (الزكاة) رقم (١٤٣٣)، و (الرقاق) رقم (٦٤٧٩) - مختصرا- وفي (الحدود) رقم (٦٨٠٦)، ورواه مسلم في (الزكاة) رقم (١٠٣١)، ومالك في (الموطأ) في الشعر (٢/ ٩٥٢-٩٥٣)، والنسائي في (القضاة) (٨/ ٢٢٢-٢٢٣)، والترمذي في (الزهد) رقم (٢٣٩١)، وأحمد في (المسند) (٢/ ٤٣٩)، والبغوي في (شرح السنة) (٢/ ٣٥٤).

(٤٩٥) أخرجه: الامام أحمد في (المسند) (٢٣٩/٥) مطولا رقم (٢٢٠٨٠) وقال محققه: اسناده صحيح، وروى الترمذي في (الزهد) رقم (٢٣٩٠) الجزء المذكور فقط وابن حبان (٥٧٧) وقال محققه: اسناده جيّد، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) رقم (٤٣١٢).

(٤٩٦) أخرجه: الامام أحمد في (المسند) (٢٢٠٠٢، ٢٢٠٨، ٢٢٧٨٢) وقال محققه: حديث صحيح، ورواه الامام مالك في (الموطا) (٢/ ٩٥٣-٩٥٤)، والبغوي في (شرح السنة) (٥٠/١٣)، وصحح اسناده الحافظ ابن عبدالبر والحافظ المنذري في (الترغيب والترهيب) (١٩/٤، ١٨)، وصححه ايضا الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) رقم (٤٣٢٠)، والشيخ شعيب الارناؤوط في تخريج (شرح السنة) (٥٠/١٣).



مالّ و سامان سەرف دەکەن). وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((ما تحاب رجلان في الله تعالى [بظهر الغيب] إلا كان أفضلهما أشدهما حبا لصاحبه))[٤٩٧]. واتە: (دوو پیاو لەبەر خوا یەکتریان لەناخەوە خۆش بوێت، باشترینیان ئەو کەسەیانە کەبرادەرەکەی زیاتر خۆشتر دەوێت).

گومانی تێدا نیە کە مارمبرین بریتیە لە پێکەوە ژیانی. ژیان هاوسەریەتی بریتیە لە کۆبوونەومو لە ئامێزگرتن و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی، کە دەکەونە ژێر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە عەبدەی کوڕی ئەبولبابە ﷺ کاتێك بە ئیمامی موجاهید بە موجاهیدێك گەیشتووە و موجاهیدیش دەستی گرتومو پێی وتوە: ئەگەر ئەو دووکەسە لەبەر خوا یەکتریان خۆشدەوێت بەیەك گەیشتن، و یەکێکیان دەستی ئەوی تریانی گرت و بەدەمیەوە پێکەنی، ئەوە گوناهەکانیان هەڵدەومرێت وەك چۆن گەڵای درەخت هەڵدەومرێت).

(عبدە) ﷺ دەڵێت: پێم وت: جا ئەو کارە زۆر ئاسانە واتە: دەست خستنە ناو دەستی یەك و پێکەنین لەگەڵ یەکتر، پاشان موجاهید وتی: ئەوە مەڵێ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ﴿٦٢﴾..﴿٦٣﴾﴾ (الأنفال) واتە: (ئەگەر هەرچی لەم زەوییەدایە بەختت کردبا لەپێناوی ئەو ئاشتەواییەدا نەتدەتوانی لەنێوانیان دۆستی وتەبایی ئاوا لەدڵیاندا

---

(٤٩٧) أخرجه: البخاري في (الادب المفرد) رقم (٥٤٤)، وأبو داود الطيالسي في (المسند) رقم (٢٠٥٣)، والحاكم في (المستدرك على الصحيحين) (١٧١/٤)، والخطيب البغدادي في (تاريخ بغداد) (٣٤١/١١) وابو يعلى (٣٤١٩)، وابن حبان في (الصحيح) رقم (٥٦٧-الاحسان) و الطبراني (الاوسط) (٥٢٧٥)كلهم من حديث انس بن مالك رضي الله عنه وصححه الحافظ العراقي (الاحياء) (١٥٩/٢)، وقال الهيثمي في (مجمع الزوائد) (٢٧٦/١٠): (رواه الطبراني في الاوسط وابو يعلى والبزار بنحوه ورجال ابي يعلى والبزار رجال الصحيح غير مبارك بن نضالة، وقد وثقه غيرواحد على ضعف)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) رقم (٥٥٩٤)، وفي (صحيح الادب المفرد) رقم (٤٢٣)، و (صحيح الترغيب) (٣٠١٤)، ورد من حديث ابي الدرداء مرفوعا نحو بلفظ: ((ما من رجلين تحابا في الله بظهر الغيب الا كان احبهما الى الله اشدهما حبا لصاحبه))، قال ابن حجر الهيثمي: (رواه الطبراني في الاوسط ورجاله رجال الصحيح غير المعافي بن سليمان وهو ثقة)، وقال الحافظ المنذري: (رواه الطبراني باسناد جيد قوي) انظر (مجمع الزوائد) (٢٧٦/١٠)، و (الترغيب والترهيب) (١٧/٤).

جێگیر بکەیت) (فعرفت انه افقه مني)[٤٩٨]. واتە: (عبدە) وتی: ئینجا تێگەیشتم کە موجاهید لەمن زاناترە).

لەگێڕانەوەیەکی تردا ولید کوڕی ئەبوموغیث ﷺ دەفەرموێت: ئیمامی موجاهید فەرموویەتی: (اذا التقى المسلمان فتصافحا غفر لهما، قال: قلت لمجاهد: بمصافحة يغفر لهما؟قال مجاهد:اما سمعته يقول: ﴿ ...لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ﴿٦٣﴾ ﴾ فقال الوليد المجاهد:انت اعلم مني)[٤٩٩]. واتە: (ئەگەر دوو موسوڵمان بەیەک گەیشتن و دەستیان خستە ناو دەستی یەکتری، خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت، وەلید دەڵێت: من بە موجاهیدم وت: بەتەوقەکردنێک خوا لێیان خۆشدەبێت؟ موجاهید فەرمووی: ئەی نەتبیستوە کە خوا دەفەرموێت: ﴿ ...لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ﴿٦٣﴾ ﴾ ئینجا ولید بە موجاهیدی وت: بەڕاستی تۆ لەمن زاناتریت). ئەم خۆشەویستیە هەرچەندە پێویست و ئەرکە لەسەر شانی ژن و مێرد بۆ دروستکردنی ئەو بنەما باوەڕیەی کە دەبێتە ناوەرۆک بۆ ئوممەتی ئیسلامی، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێکیشە لە هێنانەدی ڕەوشی (لا اله الا الله)یە.

(لااله الا الله) تەنها وێژدانێکی قوڵی ناو دڵ نیە و بەس، بەڵکو پابەند بوونە بەوەی کە خوای گەورە هێناویەتیە خوارەوە، وە هەموو ئەو پابەندبوونانە لە پێویستیەکانی (لا اله الا الله)یە، و خوای گەورە ئەو خۆشەویستیەی نێوان ژن و مێردی پێخۆشەو ستایشی کردووە و لەسەر هەموو باوەڕداران کردویەتی بە پێویست و لەو بارەیەوە ئایەتی زۆر دابەزێتراوەتە خوارەوە لەوانە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُوا۟ خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَآءٌ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ ۖ وَلَا تَلْمِزُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا۟ بِٱلْأَلْقَٰبِ ۖ بِئْسَ ٱلِٱسْمُ ٱلْفُسُوقُ بَعْدَ ٱلْإِيمَٰنِ ۚ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿١١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱجْتَنِبُوا۟ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ۖ وَلَا تَجَسَّسُوا۟ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾ (الحجرات). واتە: (ئەی ئەوانەی بڕواتان

(٤٩٨) انظر: (تفسير القرآن العظيم) لابن كثير (٢/ ٣٠٩).

(٤٩٩) انظر: (تفسير القرآن العظيم) لابن كثير (٢/ ٣٠٩، ٣١٠).



هێناوە! با هیچ گەلە پیاوێکتان گاڵتەو مەسخەرە بەگەلە پیاوێکی دی نەکات لەوانەیە گاڵتە پێکراوەکان (لای خوا) لە گاڵتەچیەکان چاکتر بن هەروەها با کۆمەڵە ژنێ لە ژنانیش، گاڵتە بەکۆمەڵە ژنانێ تر نەکەن. چونکە لەوانەیە ژنە گاڵتە پێکراوەکان لای خوا لەگاڵتەچیەکان باشتر بێت، وە تەرازووی چاکی و، خراپی تەنها لای خوایە. وە تانەو تەشەر لەیەکتر مەدەن و یەکتر عەیبدار مەکەن. وە ناوو ناتۆرەو نیتکە لەیەکتر مەنێن، واتە: بە ناتۆرە بانگی یەکتر مەکەن. دەرچوون لە شەرع بەدناوی و زڕاندنە دوای باوەڕهێنان. ئەوەی تەوبە نەکات و پەشیمان نەبێتەوە هەر ئەوانەن ستەمکارەکان. ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە! خۆتان لەزۆرێك لەگومان بردن بەیەکتر دووربگرن چونکە هەندێ لەو گومانانە مایەی گوناە و دووچار بوونتانە لای خوا. وە بەدوای عەیب و عارو کەم و کوڕی یەکتردا مەگەڕێن و چاوە چاو مەکەن. وە سیخوڕی مەکەن و لەپاش ملە ناوی یەکتر بەخراپە مەبەن ئایا کەستان پێی خۆشە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە ئەمە ئەوپەڕی ناشیرین کردنی ئەو کارەیە، ئاشکرایە کە ئەوەتان زۆر پێ ناخۆشەو، حەزی لێناکەن و نایخۆن دەکەواتە لەخوا بترسن و سنوورەکانی مەشکێنن).

هاوسەرگیری ئەو پەیوەندیە مرۆڤایەتییەیە کە هەردوو ڕەگەز لەسەر خۆشەویستی و ڕەحمەت و قوربانیدان بەیەکتری دەگەیەنێت وەك لە قورئاندا ڕاستەوخۆ باسی لێوەکردوە ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾. (الروم). واتە: (لەنیشانەکانی بوون و دەسەڵاتی خوا ئەوەیەکە: لە جنسی خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون، تاڵە پاڵیاندا بحەسێنەوە وخۆشەویستی و میهرەبانیشی خستۆتە نێوانتان بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە باری گرانی ژیان هەڵگرن ودرێژە بەژیان بدەن).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا ۖ فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتْ حَمْلًا خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِۦ ۖ فَلَمَّآ أَثْقَلَت دَّعَوَا۟ ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴿١٨٩﴾ ﴾ (الاعراف) واتە: (هەر ئەو خودایەیەکە ئێوەی لەیەك نەفس دروست کردووە کە (ئادەمە) و هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی (حواء) دروست کردوە تا لەگەڵیدا بەسرەوێت و ئارام بێت).

کەواتە مەبەستی (حواء)ە کە خوای گەورە لە بەشێکی ئادەم بەدیهێناوە واتە: لە بەشی لای چەپی، ئەگەر خوای گەورە: هەموو نەوەی ئادەمی بە نێرینە دروست بکرادیە و مێینەکانیان لە ڕەگەزێکی تر بوونایە، یان لە پەری یان لەگیانلەبەر بووایە ئەو کات هۆگربوون لە نێوان هاوسەران دروست نەدەبوو بەڵکو زیاتر لەیەکتری دووردەکەوتنەوە. لە تەواوکاری ڕەحمەتەکانی خوا بە نەوەی ئادەم ئەوەیە کە هاوسەرەکانیان هەر لە ڕەگەزی خۆیانن وە خۆشەویستی و ڕێزو هەماهەنگی و ڕەحمەتی خستۆتە نێوانیانەوە. ئەوەتا پیاو دەست لەژنی بەر نادات جا لەبەر خۆشەویستی بێت یان لەبەر بەزەیی هاتنەوەدا بێت، یان بەهۆی ئەو منداڵانەی لە نێوانیان دروست دەبێت، ئافرەت لە خەرجی و نەفەقەو هەماهەنگی پێویستی بە پیاو هەیە و لەم ڕووەوە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ....إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٣﴾ ﴾ (الرعد)[٥٠٠]. واتە:(بێگومان ئالەوەدا گەلێ بەڵگە ونیشانە هەیە بۆ کەسانێ بەوردی بیردەکەنەوە)

هاوسەرگیریەتی شەرعی ڕێڕەوێکی سروشتیەو لەسەر ئادەمیزاد پێویست کراوە کە هەندێك لە ژیانی بۆ کەسانی تر تەرخان بکات و منداڵ بخاتەوە و بە باشی پەروەردەیان بکات. تا ببنە تاکە باشەکانی ناو کۆمەڵ و لە چاکەی گشتیدا هەوڵیان بەردەوام بێت. ئەوە ئەو خۆشیە ڕۆحیەیە کە پیاوی خاوەن ژن یان ژنی خاوەن مێرد هەستی پێدەکات. بەڵێ خوای گەورە ئەو خۆشەویستیەی لە نێوان ژن و مێردی موسوڵماندا دێتە دی پارێزگاری لێ دەکات و خۆشی دەوێت و بەئەرکی داناوە لە نێوان هەردوو لایەندا بەدرێژایی تەمەن. و بەڕێنمای کردنی بەردەوام و بە پێشەنگ زانینی کەسێتی پێغەمبەرﷺ و بەو خۆشەویستیەیی کە لە دڵەگەورە وپیرۆزەکەی ئەو گەیشتووە پێمان لەلایەکی ترەوە پێویستی هەریەکێك لە ئێمەو پێویستی ژن یان مێرد بۆ هاوڕێ و خۆشەویست لە پێویستیە بنچینەیەکانی ئەو داواکاریە دەروونییەیە کە نکۆڵی لێناکرێت، ئەوش بۆ تەواوکردنی ڕێڕەوەکەیەتی لەو ژیانەدا، تەماشاکردنی هەر دوو هاوسەر بۆ یەکتری هەردووڵایان دڵخۆش دەکات و دەروونیان دەحەسێنێتەوە و غەم و پەژارە

(٥٠٠) انظر: (تفسیر القرآن العظیم) لابن کثیر(٣/٤٢٩).



یان لادەبات، کەواتە ژیانی بێ خۆشەویستی لە ڕاستیدا چێژێکی نیە، چەند نەرم و نیانە ئەو وتەیەیی کە ئیمامی عەلی کوڕی ابوطالب ﷺ کە بە حەسەنی کوڕی فەرمووە: (ئەی کوڕی خۆم نامۆ ئەو کەسەیە خۆشەویستی نەبێت.) [٥٠١].

وە مافی ژن بەسەر پیاوەوە ئەوەیە بەقسەی خۆش وتەی شیرین بانگی بکات، ئەگەر گرفتێکی مەترسیدار یان کەم بایەخ لە نێوانیان یان لە سنوری خێزاندا بەتایبەتی ژیانی خێزانی ڕویدا، ئەوە لە زۆر کاتدا هۆکاری کەی ئەو قسە ناخۆشانەیە کەلە پیاوەوە سەرچاوە دەگرێ، و ئەوەش زۆر جار ناکۆکی و ناخۆشییەکی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە لەڕاستیدا پێویستی نەدەکرد ڕووبدات.

قسەی خۆش سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ سەرکەوتن و هۆکارێکی گرنگە بۆ دامەزراندنی خێزانێکی بەختیار لەبەر ئەوە پێویستە پیاو بە هێمنی و لەسەرخۆیی بانگی هاوسەرەکەی بکات و چاودێری نەرم و نیانی ئاخاوتنەکانی بکات، چونکە بەهۆیەوە لە ماڵەکەیدا و لەو شوێنەی تیایدا دەژی دەبێتە کەسێکی خۆشەویست و هۆکارێکیش دەبێت بۆ بەرزبوونەوە و سەرکەوتن لە بوارەکانی کارەکەیدا وە بۆ وەدەست هێنانی هاوڕێی زۆر کە دەبنە هاوکار و یارمەتی دەر لە ژیاندا.

هیچ چاکەیەك لای خوا ئەوەندە خۆشەویست نیە لە قسەیەکی باش، ئایە تۆ نابیستیت کە خوا فەرموویەتی:﴿ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى ۗ قَالَ ..﴿٢٦٣﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (قسەو گوفتارێکی خۆش و شیرین لە ڕووی نیازمەندانا، چاوپۆشی و لێبوردن لە هەڵەی داواکارێك باشترە لە بەخشینێك کە عەزیەت ودڵ ئێشانی بە دوادا بێ بەرامبەر خێرپێکراوێك).

بۆیە خوای گەورە داوای قسەی باشدەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ..﴿٥٣﴾ ﴾ (الإسراء) خوای گەورە لەم ئایەتەدا فەرمان بە باوەڕداران (هاوسەران) دەکات کە لە قسەکردنەکانیان و قسەی

(٥٠١) انظر: (آداب الدين والدنيا) للماوردي (ص: ١٦٢).

باش بەکاربهێنن، ئەگەر ئەوەیان نەکرد و قسەی ناشیرینیان بەکارهێنا، ئەوە شەیتان دەکەوێتە نێوانیان و شەڕو ئاژاوە لە ناویاندا دروست دەکات.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا ..﴿٨٣﴾﴾ (البقرة) واتە: (لەگەڵ هەموو خەڵکاندا با وتەتان شیرین بێت).

خوای گەورە فەرمان دەکات لە وتەکانماندا گەر پێویست نەبوو دەنگ نزم بکەینەوە، چونکە ئەویش یەکێکە لە نیشانەکانی وتەی جوان و دەنگی بەرز بە (زەرینی گوێدرێژ) چواندوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱقْصِدْ فِى مَشْيِكَ وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَ ۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ ﴿١٩﴾﴾ (لقمان) واتە: (ڕۆیشتنت بەڕێدا باشیاو بێت و دەنگیشت نزم بکەرەوە، تەنها بەو جۆرە دەربببڕە کە لە مەبەستت بگەن. چونکە ناخۆشترین. دەنگ دەنگی گوێ درێژانە).

خوای گەورە داوای کراوەیی و نەرم و نیانی لەهەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هاوسەر و سەرجەم خەڵکان دەکات، ئەوە تا پێغەمبەرەکەی ﷺ بانگ دەکات و دەفەرموێت: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ ..﴿١٥٩﴾﴾ (آل عمران) والمعنى وفي مختصر تفسير الطبري: « (فبما رحمة): فبرحمة، (فظا): جافاً، (غليظ القلب): قاسي القلب، (لانفضوا): لانصرفوا عنك وتركوك»[٥٠٢]. واتە: (بەهۆی ئەو ڕەحمەتەی کە خوای گەورە دایبەزاندۆتە سەر تۆ ئەی محمد، تۆ هەڵسوکەوتت لەگەڵ نەتەوەکەتدا بە نەرم و نیانی بوو، ئەگەر تۆ توڕەبووایت وە ڕەوشتت تووندڕەوانە بوایە لە ڕووی گفتاروکردارەوە ئەوە هەموو خەڵکەکە لە تۆ دوورەدەکەوتنەوە)، ئەمە ئەو ڕێنماییەیە بۆ باوەڕدارانی ژن و پیاو و ئەوەیان بۆ ڕون دەکاتەوە کەهەڵسوکەوتی شیاو و وتەی باش لە کارە پێویستیەکانی پێغەمبەران و سەرکردەکانی خێزانەکانن... هتد).

ئەمە ئەدەب و ڕەوشتی قورئانە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ژنان و هەموو خەڵکی دا، بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی و سۆز لە نێوانیاندا، وەهەر ئەوەشە کە دەبینین هیچ خێزانێك ناتوانێت وازی لێ بهێنێت گەر ئاشتی و بەختیاری ئەم دونیایەو قیامەتی بوێت.

(٥٠٢) انظر: (القرآن الكريم تفسيروبيان مغ اسباب النزول للسيوطي) (ص: ٧١).

بەڵێ ئەوشتەی ڕەوشتی پیاو باش و جوان دەکات هاوڕێیەتی کردنی ژنێکی باشە. ئەوەتا دانایەك دەڵێت: «هەوالم پێ بدە هاوڕێیەتی کێ دەکەیت هەوالت پێدەدەم تۆ کێیت» هاوڕێیەتی ژنی باش لە ناخی دەروونداڕەوشتی بەرز دەڕوێنێت، پاڵی بۆ بەرزی کارەکان پێوە دەنێت، بەڵام هاوڕێیەتی خراپەکاران دەبێتە هۆکاری ئەنجام دانی چەندان تاوان.

کەسی نزیکی باش بە چاکترین بەخشندەییەکانی ژیان دادەنرێت، زۆر لەوانەی پێگەیشتوون و گەورە بوون و سەرکەوتوون لە ژیاندا هۆکاری سەرکەوتنیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لە ژیاندا هاوڕێی باش و هاوسەری باشیان هەبووە و هەوڵیان داوە یارمەتیان بدەن و ڕێنماییان بکەن وە لە ئامۆژگارییەکانیان شت وەربگرن.

قورئانی پیرۆز داوامان لێدەکات، تا ژنی باش هەڵبژێرین، ئەو ژنەیە گەر بیبینی پێی سەرسام دەبیت و ئەگەر لەلای نەمایت لە مال لە دەروونی دڵنیا دەبیت. خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی وەبە هەموو باوەڕدارێك دەکات کە هاوڕێی باش هەڵبژێرن ئەوانەی لەسەر ڕێنمای و ڕێنیشاندان ڕۆیشتوون، تا خەڵکیش پەیوەندیان پێوە بکەن و لە چاکەکانیان شت بچنەوە.

هەروەها خوای گەورە نەهیکردووە لە هاوڕێیەتی یان مارەبڕینی ئەوانەی شەڕانین و لە یادی خوا بێ ئاگان ئەوانەی بەدوای هەواو ئارەزووەکان دەکەون و سنوری هەقیان لەکارەکانیان بەزاندوە. بەڵێ هەقی ئافرەت بەسەر پیاوەوە ئەوەیە کاتێك دەگەڕێتەوە لای بەخۆبەکەمزان و ڕوخۆش بێت... خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ...وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٨﴾ ﴾ (الحجر).

مانای: واخفض حناحك: بێ فیزو نەرم و نیان لەگەڵ ئەوەی بە تەنیشتەوەیە و ئەوەی تۆ دەکەوێتە تەنیشتی و لێی نزیك دەبیتەوە، لەگەڵیاندا تورەمەبە، بە پێی ئەم ئایەتە پێویستە پیاو لەگەڵ ژنەکەیدا بێ فیز بێت و لێی تورەنەبێت.

عەدی کوڕی حاتەم ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((اتقوا النار ولوبشق تمرة...، فمن لم يجد فبكلمةٍ طيبةٍ))[٥٠٣]. واتە: (خۆت لە ئاگر بپارێزەگەر هیچ نەبوو بە لەتەخورمایەك ئەگەر ئەوشت نەبوو بە قسەیەکی خۆش).

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((...والكلمة الطيبة صدقة...))[٥٠٤]. واتە: (... قسەی باش خێرو چاکەیە).

ئەبو زەر ﷺ دەفەرموێت پێغەمبەری خوا ﷺ بە منی فەرموو: ((لا تحقرن من المعروف شيئا، ولو أن تلقى أخاك بوجهٍ طلقٍ))[٥٠٥] واتە: (لە چاکەکردندا هیچ شتێك بەکەم مەزانە.. گەر هیچت نەبوو با ڕووت خۆش بێت لەگەڵ براکەتدا). پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((كل معروف صدقة))[٥٠٦] واتە: (هەموو چاکەیەك خێرە) بۆیە لەسەر مێرد پێویستە باش گوێگرتن هەروەها باش قسەکردن و ڕێگەدان بە هاوسەرەکەی هەتا قسەکانی تەواو دەکات و بەڕوویەکی خۆشەوە بەرمو پیریەوە بچێت و سەیری بکات و ئاگای لەو قسانە بێت کە دەیانکات لەگەڵیدا.

٢١- مێرد دەبێت کە هاتەوە بۆ ماڵەوە سڵاو لە هاوسەرەکەی بکات:

سڵاوکردنی پیاو لە ژنەکەی ئەرکەو یەکێکە لە سیفەتەکانی ئادەمیزادی دڵنەرم، سڵاوکردن لە تایبەت مەندترین سیفەتەکانی نەتەوە شارستانیەکانە کە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتریدا نمونەی ئەدمێکی بەرزو خونەریتێکی باشە کەلەسەری دەڕۆن..... ئەو ئیسلامەی بنەماکانی جەستەو ڕوحی تێدا کۆبۆتەوە و ئەو ئەدەبانەشی پشت گوێ نەخستووە کە پێویستە پەیڕەوانی لەسەری بڕۆن کەبەهۆیەوە مافی ئەو ئەمەکداریە دەدەنەوە ئەمەش نیشانەی هەستی بەرز و نەستی تەواوە لەمرۆڤدا.

---

(٥٠٣) أخرجه: البخاري (٦٥٦٣)، ومسلم (١٠١٦).

(٥٠٤) أخرجه: البخاري (٦٥٦٣)، ومسلم (١٠١٦).

(٥٠٥) أخرجه: مسلم (٢٦٢٦).

(٥٠٦) أخرجه: البخاري (٦٠٢١)، ومسلم (١٠٠٥).



ئەو ڕەوشتانەی کەئاین داناون بریتین لە داوای ڕێپێدان و سڵاوکردن، کەبۆ ئەمڕۆ یەکێکە لە سیفەتەکانی خەڵکی شارنشین و دەبینرێت پێداگری لەسەر دەکەن و لێبووردنیان لەسەری نیە، ئیسلام ئەم دوو بنەمایەشی هەر لەمێژەوە لەسەر زۆر نەوەوە بۆ هاوسەرو منداڵەکانیشی داناوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ.. ﴿٦١﴾ ﴾ (النور) واتە: گەر چوونە ژوورەوە بۆ ماڵێك کەکەسی تیدانەبوو ئەو کات سڵاو لە خۆتان بکەن وئەم کارەتان لەلای خوا بەپیرۆز و پڕ پاداشت بۆ هەژمار دەکرێت)[٥٠٧].

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری کردم و فەرمووی: ((یا بُنَيّ، اذا دخلتَ على اهلك، فَسلم، يكن بركةً عليك، وعلى اهل بيتك))[٥٠٨]. واتە: ئەی کوڕی خۆم ئەگەر چوویتەوە بۆ لای خێزانت سڵاو بکە، چونکە دەبێتە بەرەکەت لەسەرت و لەسەر خاو خێزانی ماڵەکەت. وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ﴿٨٦﴾ ﴾ (النساء). واتە: (کاتێ سەلامیان لێکردن ئێوەش بەشێوەکی جوانتر وەڵامیان بدەنەوە)

عەبدوڵڵای کوڕی عەمروی کوڕی عاص ﷺ دەفەرموێت: (پیاوێك لە پێغەمبەری خوای پرسی... ج ئیسلامیەتیەك خێرە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((... تطعم الطعام وتقرأ السلام على من عرفت ومن لم تعرف))[٥٠٩]. واتە: (خواردن بدە و سڵاو بکە لەوەی دەیناسیت و لەسەر ئەوەیش کە ناینناسیت.

---

(٥٠٧) انظر (مختصر تفسير الامام الطبري) (ص: ٣٥٨).

(٥٠٨) أخرجه: الترمذي (٢٦٩٨) وقال: حديث حسن صحيح، ولكن ضعفه الشيخ ناصر الدين الالباني، ولم يورده في (صحيح سنن الترمذي -باختصار المسند-) لذلك وضع في (ضعيف سنن الترمذي) برقم (٥٠٩) وعلته عند الشيخ ناصر الدين الالباني: على بن زيد جدعان وهذا صدوق عند الترمذي. انظر (تحفة الاشراف) (٤٧٨/٧) وقد ثبت هذا من فعله: (أن النبيّ ﷺ (كان) يجيء من الليل فيسلم تسليماً لايوقظ نائماً ويُسمع اليقظان) أخرجه: مسلم (١٦٢٥).

(٥٠٩) خرجه: البخاري (١٢)، ومسلم (٣٩)، والنسائي (١٠٧/٨).

وە ئەبوعمارەی بەرائی کوڕی عازب ﷺ دەفەرموێت: ((امرنا رسول الله ﷺ بسبع:... وافشاء السلام،...)) [٥١٠].واتە: (پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەحەوت شت پێ کردین لەوانە:... بڵاوکردنەوەی سڵاو لە خەڵکی).

(افشاء السلام): واتە: بڵاوەکردنەوەی سەلام، وەك بە ژنەکەت یان بە خاو خێزانت یان بەو کەسانەی دەیانناسیت یان نایان ناسی وە لە کەسانی تریش بڵێ (سلام علیکم).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لا تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا، ولاتؤمنوا حتى تحابوا، أوَلا ادُلكُم على شيءٍ اذا فعلتمُوُه تحاببتم ؟ افشوا السلام بينكم)). واتە: (ناچنە بەهەشتەوە هەتا باوەڕنەهێنن، و باوەڕناهێنن هەتا یەکتریتان خۆشنەوێت. ئایا شتێکتان نیشان بدەم گەر ئەنجامی بدەن یەکترتان لاخۆشەویست دەبێت؟ ئەویش ئەوەیە، سڵاو لەیەکتری بکەن).

ئەبو یوسف عەبدوڵڵای کوڕی سەلام ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((يا أيها الناس افشوا السلام واطعموا الطعام،... تدخلوا الجنة بسلام)) [٥١١].واتە: (گوێم لێ بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: (ئەی خەڵکینە سڵاو لەیەکتری بکەن و خواردن بدەن بەیەکتر... بەدڵنیایی دەچنە بەهەشتەوە).

ئەمانە ئەدەبی قورئان بوون، ئەو قورئانەی هیچ جێیەکی ناو خێزانی پشت گوێ نەخستوە وەلە ڕەوشت و پەروەردەکردندا تایبەت مەندی پێداوە، ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە ڕۆحیەکان کە زۆر لە خێروبێر بۆ ژن و مێرد و منداڵەکانیان دێنێتە دی.

٢٢- مێرد پێویستە چارەسەری لە ڕێ لادانی هاوسەرەکەی بەچاکە چاك بکات:

لەمافەکانی ژن بەسەر مێردەوە ئەوەیە کە پەروەردەی بکات و هەڵسێنێت بۆ گوێڕایەڵی کردن، پێویستە مێرد پلە بەندی بکات لە جێبەجێ کردنی ئەم

(٥١٠) أخرجه: البخاري (٥١٧٥)، ومسلم (٢٠٦٦)، والنسائي (٤/ ٥٤).

(٥١١) أخرجه: مسلم (٥٤)، وأبو داود (٥١٩٣)، والترمذي (٢٦٦٨)، وابن ماجة (٣٦٩٢).

() أخرجه: الترمذي (٢٤٨٥)، وابن ماجة (١٣٣٤)، والحاكم (٤/ ١٥٩)، وأحمد (٢٣٧٨٤) وقال محققه: اسناده صحيح، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٥٦٩)، و(صحيح ابن ماجة) (١٠٩٧).

گوێرایەڵیەدا سەرمتا بە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری، وە پاشان ئاگادار کردنەوە و ئەگەر ئەوە چارسەری نەکرد شەو لەگەڵی نەخەوێت و پشتی تێبکات ئەمانە هەتا سێ ڕۆژ ئەنجام بدات و ئەگەر ئەوەش سودی نەبوو، ئەوە بۆی هەیە لێی بدات بەڵام لێدانێکی توند نا، وە نابێت لێدانەکە بەجۆرێك بێت کە خوێن لەجەستەی بهێنێتوە نابێت لە دەموچاوی بدات.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِي ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا أَمُوَلِهِمْ ..﴿٣٤﴾﴾ (النساء). واتە: (ئەو ژنانەش ئێوە لەسەرپێچی و مل نەدانیان دەترسن. جالەوحاڵەدا ئێوەی پیاوان بۆ یەکەمجار: ئامۆژگاریان کەن و، بەخوا بیانترسێنن بۆ دووەم جار: ئەگەر ئامۆژگاری بێهودە بوو، جێ خەویان بۆماوەیەك لێ جیاکەنەوە بۆ سێیەم جار: ئەگەر بەوەیش ڕاست نەبوونەوە، گەر لێشیان بدەن و تەمێیان کەن دەبێ، بەڵام بەلێدانێکی سووك و بریندارییان نەکەنو لە دەم و چاویان نەدرێ و ئاسەواری بەجێ نەمێنێ. ئێش وئازاریان پێبگا، ئینجا ئەگەر بەم هۆیانە لەیاخی بوونو ملنەدان وازیان هێناو گوێڕایەڵ بوون، ئیتر ئێوەش هیچ ڕێگەیەکی تر مەگرنەبەر بۆئازاردانیان وستەم لێکردنیان).

پێغەمبەری خوادا ﷺ بەم جۆرە ئامۆژگاری ئومەتەکەی کرد لەوتاری حەجی ماڵئاوایدا و فەرمووی: ((ألا واستوصوا بالنساء خيراً فأنما هن عوان عندكم، ليس تملكون منهن شيئاً غير ذلك إلا أن يأتين بفاحشة مبينة، فأن فعلن فاهجروهن في المضاجع، و اضربوهن ضرباً غير مبرح، فان اطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلاً))[٥١٢]. واتە: (ئاگادارتان دەکەمەوە ئێوەباش بن لەگەڵ ئافرەتاندا، ئەوان وەك دەس بەسەر لای ئێوەن، گەر ئەوان گوێ ڕایەڵی ئێوەیان کرد، ئێوە هەر ئەو مافەتان لەسەریان هەیە مەگەر هەڵسوکەوتی خراپتان لەگەڵدا بنوێنن و گوێڕایەڵتان نەبن ئەو کات جێگەیان لەگەڵ جیابکەنەوە گەر سودی نەبوو لێدانی سوکیان لەگەڵ بەکار بهێنن گەر ئەوان گوێ ڕایەڵتان بوون ئێوە بۆتان نیە ئازار یان بدەن و بیان چەوسێننەوە).

(٥١٢) أخرجه: ابن ماجة (١٨٥١)، والترمذي (١١٦٣)، وحسنه الشيخ الالباني في (الارواء) (٢٠٣٠)، و(صحيح ابن ماجة (١٥٠١).

وە پێغەمبەری خوا لەفەرموودەیەکی دا لێدانی ئافرەتی کارێکی خراپ داناوە و فەرموویەتی ((لاترفع عصاك على أهلك وأخفهم في ذات الله))[٥١٣]. واتە: (دارەکەت بەرز نەکەیتەوە لە هاوسەرەکەت و بەسزای خودا بیترسبینە).

وە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی هەرگیز لێدانی بەکارنەهێناوە لەگەڵ هاوسەرو خێزان و تەنانەت لەگەڵ دوژمنیشدا مەگەر لە گۆڕەپانی جەنگ و ڕووبەروو بوونەوە، دایکی بڕواداران عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((والله ماضرب رسول الله ﷺ بيده امرأةً له قطُ...))[٥١٤]. واتە: (سوێند بەخوا پێغەمبەر ﷺ بەدەستی خۆی لە هیچ ئافرەتێکی نەداوە).

٢٣-مێرد پێویستە چاکە کاربێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا تەنانەت لە جیابوونەوەش دا:.

ئەوەی پەیوەندی بەباسەکانی بەهاوسەربوونەوە هەیە: یاساکانی جیابوونەوەیە، پێویستە پیاو جیابونەوەی کتوپڕ و لەناکاو ڕووبەڕوی هاوسەرەکەی بەبێ هیچ تاوان و کەم و کوڕیەك نەکاتەوە، وە نابێت ژنیش پەنا بۆ ئەوە ببات کە دەبێت تەلاق بدرێت خوا دەفەرموێت: ﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ.. ﴿٢٢٩﴾ ﴾ (البقرة) (الطلاق مرتان): واتە: (ئەو تەلاقەی کە دەکرێت بگەڕێتەوە تەنها دووجارە، یا ئەوە تا مێرد دەیگەڕێنێتەوە لای خۆی و ڕەفتاری زۆر چاکی لەگەڵدا ئەنجام دەدات، یان ئەوەتا مێردەکەی لێی جیادەبێتەوە و مافەکانی زۆر بەباشی بۆ دەستەبەر دەکات).

ئەگەر کەسێك ژنەکەی ویستی لێی جیا بێتەوە با مێردەکەی لە پێشەوە لەسەرخۆی دایمالێت و (خلع)ی بکات (خلع: واتە: ژن بەمێردەکەی دەڵێت: مارمیەکەت بۆ دەگێڕمەوە و لێت جیا دەبمەوە). ئەگەر ژنەکە داوایەکی ئاوهای هەبوو پێویستە مێردەکەی ڕێگری لێنەکات وەك عومەری کوڕی خەطاب ﵁ دەفەرموێت: ((اذا اراد النساء الخلع فلا تكفروهن))[٥١٥]. واتە: (ئەگەر ژن ویستی خولع بکرێت ئێوە ڕێیان لێمەگرن و نابڕوایان مەکەن).

---

(٥١٣) أخرجه: البخاري (الادب المفرد) (١٥)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الادب المفرد) (١٤).

(٥١٤) أخرجه: مسلم (٢٣٢٨)، والنسائي (الكبرى) (٩١٦٣).

(٥١٥) أخرجه: ابن ابي شيبة (١٨٨٤٣)، والبيهقي في (السنن الكبرى) رقم (١٥٢٢٢).

خوای گەورە (خولعی: واتە داماڵینی) بۆ پێویستی داناوە وەک لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ ..فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا... ﴿٢٢٩﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (مەگەر ئەوکاتە ژن وپیاوەکە بترسن کەنەتوانن سنوورەکانی خوا بەباشی ڕاگرن (ئەی قازییەکان) : کەئەو ژن وپیاوە سنوورەکانی خوا ڕاناگرن، هەمیشە هەراو کێشەیانە) ئەو کات ئەو ژنە گوناهبار نابێت مارمییەکەی بۆ مێردەی بگێڕێتەوە و خۆی لێ جیابکاتەوە.

ئەوەش ئەو کاتە دەبێت کە ژن ڕقی لە مێردەکەی بێتەوەو نەتوانێت لەگەڵیدا بژی. کەثیری کوڕی عەبدوڵلا دەفەرموێت: (ان امرأة نشزت من زوجها في امارة عمر بن الخطاب c فامر بها الى بيتٍ كثير الزيل فمكثت فيه ثلاثة ايام ثم أخرجها، فقال لها: كيف رأيت ؟ قالت: ما وجدت الراحة الا في هذه الايام، فقال عمر: اخلعها ولو من قرطها)[٥١٦]. واتە: (ژنێك لاڕێی ولاساری بەرامبەر مێردەکەی کرد، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عومەری کوڕی خەطاب ﷺ ئیمامی عومەریش، فەرمانی کرد ئەو ئافرەتە لەماڵێکی پڕ زبڵ نیشتەجێ بکرێت تا سێ ڕۆژەکە وادەکەی تەواو بوو دەریان هێنا، پاشان ئیمامی عومەر لێی پرسی: حاڵت ئەو ماوەیە چۆن بوو؟ ژنەکە وتی:لە ژیانمدا نەحەساومەتەوە تەنها ئەم چەند ڕۆژە نەبێت کەلێرەماومەتەوە. ئینجا ئیمامی عومەر ﷺ بەمێردی ئەو ژنەی فەرموو: (خلعها ولومن قرطها) واتە: (لەخۆتی جیا بکەرەوە ئەگەر تەنانەت لەسەرگوارەکانی گوێی شی بێت).

بەڵام پێویستە مێرد ئەوەی داویەتی بەژنەکەی تەنها هەر ئەوەی لێ وەرگرێتەوە بەبێ ئەوەی زیادەی بخاتە سەر.

ئیبنو عەباس ﷺ دەفەرموێت: (ان (حبيبة بنت سهل) امرأة ثابت بن قيس جاءت الى رسول الله ﷺ، فقالت: يا رسول الله ثابت بن قيس اني ما اعتب عليه في خُلقٍ ولادين ولكني اكره الكفر في الاسلام ((ابغض زوجي واحب فراقه)) [٥١٧]،واتە: (حەبیبەی کچی سەهل کەژنی سابتی کوڕی قیس بوو هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ وتی:

(٥١٦) أخرجه: ابن ابي شيبة (١٨٨٤٣)، والبيهقي في (السنن الكبرى) رقم (١٥٢٢٢).

(٥١٧) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) رقم (١٥٢١٤).

ئەی پێغەمبەری خوا سابتی کوڕی قەیسی مێردم من هیچ گلەییەکم لە ڕەوشت و لە دینداری ئەو نیە بەڵام من کوفرکردنم لە دوای موسوڵمان بوونم پێناخۆشە (واتە: بەهۆی نەویستنی مێردەکەمەو دەترسم توشی گوناە و دەرچوون لەئاین بم) بۆیە من ڕەقم لە مێردەکەمەو دەمەوێت لێی جیابمەوە و. ((لا انا ولا ثابت بن القيس))[٥١٨] واتە: هەرگیز ناژین بەیەکەوە نەمن و نەپابت. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((اتردين عليه حديقته؟)) واتە: ئەو باخەی کە وەك مارمیی سابت بە تۆی داوە تۆ بۆی دەگێڕیتەوە؟. ژنەکە وتی: بەڵێ. پێغەمبەر ﷺ بەسابتی فەرمووی: [اقبل الحديقة وطلقها])[٥١٩]، واتە: (باخەکەی لێ وەرگرەوە و تەلاقی بدە).

ئیبن عەباس ﷺ دەفەرموێت: (فأمره رسول الله ﷺ ان يأخذ الحديقة ولا يزداد))[٥٢٠] واتە: (پێغەمبەری خوا فەرمانی دا سابت باخەکەی خۆی لێوەرگرێتەوەو زیاتری لێ وەرنەگرێت).

ئەگەر پیاوێك ویستی ژنەکەی تەلاق بدات دەبێت چاودێری ئەم شتانە بکات:-

١- دەبێت لەکاتی پاکیدا کە نەچوو بێتە لای تەلاقی بدات، تاماوەی عیدەکەی درێژە نەکێشێت.

٢- تەنها یەك تەلاقی بدات تا دواجار بتوانێت بیهێنێتەوە گەر پێك هاتن، و لەوحاڵەشدا ئافرەتە کە مافی خەرجی و نیشتە جێ یی لەسەر پیاوە کە هەیە بۆ ئەوەی پیاوەکە سود لەگەڕانەوەی ببینێت ئەگەر پەشیمان بۆوە.

لە عائیشەی ﷺ دایکی باوەڕداران دەگێڕێتەوە کە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

---

(٥١٨) في رواية أبو داود (٢٢٢٧) وصححه الشيخ الالباني في (صحيح ابي داود) (١٩٤٨).

(٥١٩) أخرجه: البخاري في (الصحيح) رقم (٥٢٣٧).

(٥٢٠) أخرجه: ابن ماجة في (السنن) (٢٠٥٦)، والنسائي في (السنن) (١٦٩/٦)، وأحمد (١٦٠٩٥) وقال محققه: حسن لغيره، وصححه الشيخ الألباني في (إرواء الغليل) رقم (٢٠٣٦) وفي (صحيح ابن ماجة) (١٦٧٣)، و (صحيح ابي داود) (١٩٢٩).

((...انما السكنى والنفقة لمن كان لزوجها عليها رجعة))[٥٢١]. واتە: (مافی نیشتەجێبوون و نەفەقە بۆ ئەو ژنەیە کە مێردەکەی دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە) بۆیە پێویستە تەلاق دان پەلەی تیانەکرێت و بەو جۆرەی پێشو بێت تا دواجار پیاوەکە پەشیمان بێتەوە.

ئیمامی علی کوڕی ابوطالب ﷺ فەرموویەتی: (ما طلق رَجلٌ طلاق السنة فيندم ابداً)[٥٢٢]. واتە: (هەر پیاوێك خێزانەکەی تەلاق بدات بە تەلاقێکی سونەتیانە ئەوا هەرگیز پەشیمان نابێتەوە).

٣- پێویستە پیاو لەکاروباری تەلاقدا نەرم ونیان بێت، وە هەندێك کەل وپەل وخەرجی و پێویستی بداتە ئافرەتە تەلاق دراوەکە تا کارمساتی تەلاقی لاساڕێژ ببێت:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِلْمُطَلَّقَٰتِ مَتَٰعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٤١﴾﴾ (البقرة) واتە: (تەلاقدراوەکان مافی کەل و پەلیان بۆ هەیە لەگوێرەی توانا و ئەوە مافێکی دروستە لەسەر خۆپارێزکاران). حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی ﷺ کەهاوسەرەکەی تەلاقدا دەهەزار درهەمی بۆ ناردو هاوسەرەکەشی وتی: سامانێکی کەمە لە خۆشەویستیەکی جیابۆوە.

٤- پێویستە پیاو نەهێنیەکانی هاوسەرە جیابووەکەی بڵاونەکاتەوە و نەنگیەکانی لای خەڵك باس نەکات تا ئارمزووی داخوازکارانی ئەو ئافرەتە پەشیمان نەکاتەوە ڕێگریش نەخاتە بەردەمی شوکردنەوەی:

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ان من اشر الناس عند الله منزلة يوم القيامة الرجل يفضي الى المرأة وتفضي اليه ثم يُنشر سرها))[٥٢٣]. واتە: (خراپترین پلە لای خوا لەڕۆژی زیندوو بوونەوەدا، بۆ ئەو

(٥٢١) أخرجه: البيهقي في (الكبرى) (٣٧٤/٧)، والدار قطني في (السنن) رقم (٣٩٠٨) وقال محققه: اسناده حسن.

(٥٢٢) أخرجه: ابن ابي شيبة (١٨٠٣٤)، البيهقي في (الكبرى) (١٥٢٩١)، وقال الشيخ البوصيري في (مختصر اتحاف الخيرة المهرة) (٣٩٦٢): اسناده صحيح.

(٥٢٣) أخرجه: مسلم (١٤٣٧)، وأبو داود (٤٨٧٠).

پیاوەیە کە لەسەر جێگادا بەژنەکەی دەگات وە هەر دوولا بەیەك دەگەن، پاشان پیاوەکە نەهێنیەکانی سەرجێگای ئەو ئافرەتە بڵاو دەکاتەوە). مانای [ثم ينشر سرها] [٥٢٤] واتە: (باس کردنی نەهێنیەکانی سەرجیگای نێوان ژن ومێرد)

عەلائی کوڕی سوفیانی غەسانی ﷺ دەفەرموێت: (...بلغني ان الفواحش التي حرم الله تعالى فيما بطن مما لم يبين ذكرها في القرأن: ان يتزوج الرجل المرأة فأذا قدمت صحبتها وطال عهدها وافضت مافي بطنها طلقها من غير ريبة)[٥٢٥]. واتە: (..... بۆم ڕوونکراوەتەوەکە ئەو خراپە شاراوانەی کە خوای گەورە حەرامی کردون لە قورئاندا و باسیان نەکراوە ئەوەیە.. پیاوێك ژنێك مارە دەکات و ماوەی بەیەکەوە بوونیان درێژە دەکێشێت و تا کۆتایی بەمندالّ بوونی دێت پاشان پیاوەکەی بێ هیچ گومان وگوناهێك تەلاقی دەدات).

هەندێك لە پیاوچاکان گەر یەکێکیان ویستی تەلاق دانی ژنەکەی هەبوو بێت و پرسیاری لێ کرا بێت سەبارەت بەو کارە و ترابێت: (ما الذي يريبك منها؟ فقال: العاقل لايهتك سراً، فلما طلقها قيل له: لم طلقتها؟ فقال: مالي ولامرأة غيري)[٥٢٦] واتە: (گومانت لەچ هەڵسوکەوتێکی ژنەکەت هەبوو؟ ئەویش وتویەتی: کەسی عاقڵ نەهێنی خۆی نادرکێنێت. وەگەر کاتێکیش تەلاقی دابێت پێی وتراوە: بۆ تەلاقت دا؟ ئەویش وتویەتی: وازم لێ بێنە بۆچی باسی ئافرتێك بکەم کە ئێستا خێزانی کەسێکی ترە).

ئەمانە پێشتر باس کران هەموو مافی ژنبوون بەسەر مێردەوە، وەپێویستە ئەو مافانە جێ بەجێ بکەن و کەم تەرخەمی لێ نەکەن، چونکە هەستان بەجێ بە جێ کردنی ئەم مافانە دەبنە هۆکاری بەختیاری ژیانی هاوسەری هەروەها لەهۆکارەکانی ئارامی مانّەوەو دووربوونە لەو گیروگرفتانەی هەر دوولا بێزار

(٥٢٤) وراجع شرح الحديث في (آداب الزفاف) (ص: ٧٠).

(٥٢٥) أخرجه: الحارث بن أبي أسامة (المسند) (٤٩٣)، واورده الحافظ في (المطالب العالية) رقم (١٦٨٨).

(٥٢٦) انظر (مختصر منهاج القاصدين) (ص: ٧٣).



دەکات و ئارامی و خۆشی ماڵەکان تێکدەدات و سۆزو بەزەیی و دڵنەوای هەموولایەك دەشێوێنێت.

پێویستە ژنانیش چاوپۆشی لە بەشێك لەکەمتەرخەمی مێردەکانیان بکەن و لەبەرامبەر کەمتەرخەمی ئەواندا هەستن بەئەرکەکانی سەرشانیان دیارە هەربەو شتانەش ژیانی هاوسەرگیری بەختەروەری بەردەوام دەبێت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ ﴾ (الفرقان)واتە: (موسوڵمانانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان! لەهاوسەرانمان و نەوەکانماندا مایەی ڕووناکی دیدە و، خۆشیمان پێ ببەخشە، تا هاوکاریمان بکەن لە خواپەرستیداو، گەل و کۆمەڵێکی وامان ببێ، کەخواناس بێت وە خۆشمان بگێڕە بە پێشەنگ بۆ لەخوا ترسان)

بەشی نۆیەم

مافی مێرد لەسەر هاوسەری

مافی پیاو لەسەر ژن

هەریەك لەهەر دوو هاوسەر مافیان بەسەر یەکترییەوە هەیە هەریەکەشیان بەرامبەر ئەوی تریان ئەرکی لەسەر شانە و پێویستە جێبەجێی بکات. لە ڕوشتەکانی هاوڕازبوون (معاشرە) لەسەر ژن بەرامبەر بە مێردەکەی پێویستە:-

١-دەبێت ژن گوێڕایەڵی تەواوی مێردەکەی بکات لەهەموو کارە ڕەواکاندا:

دەربارەی ئەمەش خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ۚ وَٱلَّٰتِى تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِى ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ ۖ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا۟ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾ ﴾(النساء) واتە: (خوای گەورە باسی چەندەها سیفەتی ئافرەتە باشەکانمان بۆ دەکات وەك: (فَٱلصَّٰلِحَٰتُ): ئەو ژنانەی ڕاست و ڕەوانن لەهەڵسوکەوتدا بەچاکە). (قَٰنِتَٰتٌ): گوێڕایەڵی خواو پاشان مێردەکانیانن. (حَٰفِظَٰتٌ): پارێزگاری مێردەکانیان دەکەن. (لِّلْغَيْبِ): ئەوەی پێویستە لەکاتی دیارنەمانی مێردەکانیان بپارێزن لەشەرەف و مال و منداڵ. (بِمَا حَفِظَ): ئەو مافانەی پەیوەندییان بە مێردەکانیانەوە هەیە دەیانپارێزن چونکە خوای گەورە پارێزگاری مافی مێردەکانیانی داوەتە ئەوان.کەواتە پیاوان خاوەنی مافی پەروەردەکردنی ژنەکانیانن و ئەو ئەرکەش خودا خستوویەتیە سەر شانی ئەوان.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا۟ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾ ﴾(النساء). بەڵام تەفسیری ئەم ئایەتە وەك لە (صفوە التفسیر) داهاتووە بەم شێوەیە.

(هذا تفصيل لحال النساء تحت رياسة الرَّجل وقد ذكر تعالى انهن:قسم صالحاتُ مطيعات وقسم عاصيات متمردات، فالنساء الصالحات مطيعات لله ولازواجهن قائمات بما عليهن من حقوق...يحفظن انفسهن من الفاحشة وأموال أزواجهن عن التبذير كما

انهن حافظات لما يجري بينهن وبين ازواجهن مما يجب كتمه ويحمد ستره)[٥٢٧]. واتە: (ئەمە ڕووندکردنەوەیە دەربارەی ئافرەت لە ژێرچاودێری پیاودا، خوای گەورە دوو جۆر ئافرەتی باسی کردووە: بەشێکیان ئافرەتانێکی چاک و گوێڕایەڵن بۆ خوا، پاشان بۆمێردەکانیان و هەموو ئەو ئەرک و مافانەی لەسەریانە جێ بەجێی دەکەن، وە خۆیان لە داوێن پیسی دەپارێزن وسامانی مێردەکانیان لە بەفێڕۆدان دەپارێزن، وە نەهێنیەکانی سەرجێ و سەرجەم نەهێنێنیەکانی نێوان خۆیان و مێردەکانیان دەپارێزن، بەشی دووەمی ئافرەتان: ئافرەتانێکی خراپ و سەرپێچی کارن....)

وەخوای گەورە بۆ زیاتر ڕووندکردنەوەی ئەو مافانە دەفەرموێت: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ۚ وَٱلَّٰتِى تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِى ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ ۖ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا۟ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾﴾ (النساء) واتە: (پیاوان بالادەستن، بەسەر ئافرەتانەوە، بەهۆی ئەوەوە خوا باوی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا هەروەها بەهۆی ئەوەی کە (پیاوان) لەسامانەکانیان خەرج دەکەن، جا ئافرەتە چاکەکان ئەوانەن گوێڕایەڵی بەردەوام (بۆ خوا و پاشان بۆ مێردەکانیان) وە پارێزەرانی (داوێنی خۆیان و سامانی مێردەکانیانن، کاتێك مێردەکانیان لە ماڵەوە نەبن بەهۆی ئەوەی کە خوا فەرمانی پاراستنی داوە، ئەو ئافرەتانەش کە ئێوە دەترسن سەرپێچیتان بکەن ئەوە ئامۆژگارییان بکەن و جێگایان لێ جیابکەنەوە و لێیان بدەن لێدانێك کە جەستەی عەیبدارنەکات، جائەگەر گوێڕایەڵیان کردن ئەوە ئیتر هیچ ڕێگایەك لە دژیان مەگرنەبەر، بەڕاستی خوا هەمیشە بەرزو بڵندو گەورەیە).

دایکی بڕواداران عائیشە ﵂ گەورەیی مافی مێردی ڕوون کردووەتەوە، عەبدورەحمان کوڕی ئەبزی ﵁ دەفەرموێت: (جاءت امرأةٌ الى عائشة ﵂ فقالت لها من اعظم الناس عليَّ حقاً؟ قالت: زوجك، قالت: فمن أعظم الناس عليه (أي: علي الرجل

(٥٢٧) انظر (صفوة التفاسير) (١/١٧١) لمحمد علي الصابوني.

حقاً؟ قالت: أمه)[٥٢٨]. واتە: (ئافرەتێك هاتە خزمەت عائیشە ﵂ وتی: لەخەڵکاندا کێیان گەورە ترین مافی هەیە بەسەر منەوە؟ عائیشە ﵂ فەرمووی: (مێردەکەت) ئافرەتەکە وتی: ئەی کێ لەخەڵکاندا گەورە ترین مافی بەسەرمێردەکەمەوە هەیە؟ عائیشە ﵂ فەرمووی (دایکی خۆی).

مافی پیاو لەسەر ژن مافێکی گەورەیە و زۆرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ئاماژەیان بۆ کردووە:

١- ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: (خێزانێکی ئەنصارەکان وشترێکیان هەبوو بۆ ئاوکێشان، ئەویش لێیان یاخی بوو، وە نەیدەهێشت هیچ لەسەر پشتی باربکەن ئەنصارەکان هاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرموویان: وشترێکمان هەیە بۆ ئاو کێشان، ئەویش خۆی نا لەبارکردووە بەسەرمانەوە ئەوە تا چاندراوەکانمان و دارخورماکان خەریکە وشك دەبن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (هەستن) ئەوانیش هەستان، چونە ناو ئەو باخەی کە وشترەکە لەوێ بوو، پێغەمبەر ﷺ لەوێدا بەرەوە وشترەکە ڕۆیشت، ئەنصارەکان فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو سەگی لێهاتووە، و دەترسین هێرشت بکاتە سەر.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەو پەلاماری من نادات) کاتێك وشترەکە پێغەمبەری خوای ﷺ بینی، بەرەو ڕووی هات، هەتا لەبەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ دا چەمایەوە و سوجدە و کوڕنوشی برد، پێغەمبەری خوا ﷺ ناوچەوانی گرت و وەك دەستەمۆترین وشتر بەدەستیەوە هات ، تا پێغەمبەر ﷺ خستیەوە ناوکارەکەیەوە، هاوەڵانی پێغەمبەر فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە ئاژەڵێکەو عەقڵی نیە ئەوەتا کڕنوش بۆ تۆ دەبات، ئێمە عاقڵین و ئێمە بەڕەواتری دەزانین کە کڕنوش بۆ تۆ بەرین. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((لا يصلح لبشر ان يسجد لبشر، ولو صلح لبشر ان يسجد لبشر لآمرات المرأة ان تسجد لزوجها لعظيم حقه عليها [لما عظم الله عليها من حقه]))[٥٢٩] واتە: (بۆ ئادەمیزاد نەهاتووە کڕنوش بۆ ئادەمیزاد بەرێت، ئەگەر

(٥٢٨) أخرجه: البزار (١٤٦٢)، والنسائي (الكبرى) (٣/ ١٧٤)، والحاكم (٤/ ١٥٠) وصححه، وهناد (الزهد) (٩٩٠) وقال محققه: اسناده صحيح.

(٥٢٩) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٤١٦٢): اسناده حسن.



ئەوە شیاو بوایە من فەرمانم دەکرد ژن کڕنوش بۆ پیاوەکەی بەرێت چونکە هێندە مافێکی گەورەی بەسەریەوە هەیە و خودا بە گەورەی داناوە). ((لو کان من قدمه الی مغرق رأسه قرحة تنبجس بالقیح والصدید ثم استقبله فلحسته ما ادت حقه]))[٥٣٠] ئەگەر هەر لەبەری پێیەوە هەتا تەوقی سەری پڕبێت لەبرین و کێم وە بەزمان بۆی پاك بکاتەوە هێشتا مافی تەوای نەداوە. لە گێڕانەوەیەکی تردا: ((لو کنت امرا احدا ان یسجد لاحد، لامرتُ المرأة ان تسجد لزوجها))[٥٣١] واتە: (ئەگەر فەرمانم بە هەر کەسێك بکردایە کڕنوش بۆ کەسێکی تر بەرێت، ئەوە فرمانم دەکرد ژن کڕنوش بۆ مێردەکەی بەرێت...).

٢- ئەبوسەعید خودری ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((حق الزوج علی زوجته ان لو کانت به قرحةٌ فلحستها ما ادت حقه))[٥٣٢]. واتە: (مافی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە، بە جۆرێکە ئەگەر پیاوەکە برینی پێوە بێت و ژنەکەی بەزمان بۆی پاك بکاتەوە هێشتا مافی نەداوەتەوە).

٣- عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((والذي نفس محمد بیدهِ لا تؤدي المرأة حق الله عزوجل علیها کله حتی تؤدي حق زوجها علیها کله))[٥٣٣]. (...سوێند بەوەی گیانی موحەمەدی بەدەستە ژن مافی خوای بەتەواوی نەداوەتەوە هەتا مافی مێردەکەی بەتەواوی نەداتەوە).

٤- ژنی هۆشیار و عاقڵ ئەو ژنەیە ئەو شتە بەگەورە دەزانێت کە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بەگەورەیان داناوە، ئەویش بریتیە لە ڕێزگرتن و گوێڕایەڵی کردنی مێردەکەی چونکە گوێڕایەڵی کردنی مێردەکەی هۆکاری چوونە بەهەشتیەتی.

---

(٥٣٠) أخرجه: أحمد في (المسند) (٣/١٥٨) (١٢٦١٤) وقال محققه: حسن، والنسائي في (السنن) (٢٦٥)، والبزار (٢٤٥٤)، والطبراني (الكبير) (١٢٠٠٣) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٧٧٢٥).

(٥٣١) أخرجه: الترمذي (١١٥٩)، وابن ماجة (١٨٥٣)، وأحمد (١٩٤٠٣) وقال محققه: حديث جيدٌ، وحسنه الشيخ الالباني فب (الصحيحة) (١٢٠٣)، و(صحيح ابن ماجة) (١٥٠٣).

(٥٣٢) خرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٤١٦٤) وقال محققه: حسن، والدارقطني (السنن) (٣٥٣٠) وقال محققه: اسناده حسن، البزار (١٤٦٥)، الحاكم (٢/١٨٨)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٣١٤٨).

(٥٣٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٩٤٠٣) وقال محققه: حديث جيد، وابن ماجة (١٨٥٣)، وابن حبان (٤١٧١) وقال محققه: اسناده حسن، وقال الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٣/٢٠٢): اسناده صحيح.

بۆیە پێویستە ژنی موسوڵمان تێبینی ئەوە بکات چۆن پێغەمبەری خوا گوێڕایەڵی مێردی کردۆتە هۆکاری چوونە بەهەشت وە لە ئاستی نوێژوڕۆژوو گرتندا داناوە کەواتە پێویستە ئافرەتی موسوڵمان گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات و خۆی لە ڕێ لادان دووربخاتەوە، چونکە لە ڕێ لادان هۆکاری تووڕەبوونی خوای گەورەیە، بەڵێ لەگەورەیەکانی گوێڕایەڵی ژن بۆ مێردەکەی ئەوەیە کە ئیسلام ئەم گوێڕایەڵیەی وەک جێبەجێکردنی ئەرکەکان هەژماردکردوە. ئەبو هورەیرە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اذا صلّت المرأة خمسها وحصّنت فرجها وأطاعت بَعْلها دخلت من اي ابواب الجنَّة شاءت))[٥٣٤]. واتە: (ئەگەر ژن پێنج نوێژەکەی کردو داوێنی خۆی پاراست و گوێڕایەڵی مێردەکەی کرد ئەوە لەهەر دەرگایەکەوە بیەوێت دەچێتە بەهەشتەوە).

٥- حوصەینی کوڕی موحصین ﷺ پورێکی هەبوو هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و پێغەمبەرﷺ پێی وت: [اذات زوجٍ انت ؟]قالت: نعم، قال: [فاين انت منه ؟] قالت: ما الوه الا ما عجزت عنه، قال: [فكيف انت له فانه جنتك ونارك])[٥٣٥]. واتە: (ئایا تۆ خاوەن مێردیت؟) ژنەکە وتی: بەڵێ. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (تۆ لەگوێی گوێڕایەڵیتدایت بۆ ئەو ؟ ژنەکە وتی من لە گوێڕایەڵی تەواودام بۆ ئەو مەگەر لە شتێکدا کە توانام نەبێت بەسەریدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (تەماشاکە تۆ چۆنیت لەگەڵیدا چونکە لەڕاستیدا ئەو بەهەشتی تۆیە و دۆزەخی تۆشە).

٦- موعاذی کوڕی جەبەل ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لو تعلم المرأة حقَّ الزوج ما قعدت ما حضر غداؤه وعشاؤه حتى يفرغ منه))[٥٣٦]. واتە: (ئەگەر ژن مافی مێردی بزانیایە، ، خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارەی بۆ ئامادە دەکرد و دانە دەنیشت هەتا مێردەکەی لە خواردنەکەی دەبۆوە).

---

(٥٣٤) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٦٦١) وقال محققه: حسن لغيرة، وابن حبان (٤١٦٣) وقال محققه: حديث صحيح، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٦٠).

(٥٣٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٩٠٠٣) (٣٤١/٤)، والنسائي في (عشرة النساء) (٧٦)، والحاكم في (المستدرك) (٢/ ١٨٩) وصححه ووافقه الذهبي، والطبراني في (الكبير) (٢٥/ ١٨٣).

(٥٣٦) خرجه: الطبراني (المعجم الكبير) (١٦٠/٢٠)، والبزار في (المسند) (١٤٧١)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٥٢٥٩).



٧- هندی خوەلانی ژنی بیلال ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری کردووە و پێ فەرمووە: ((...لا تغضبي بلالاً فلا يقبل منك عملك ما غضب عليك بلال))[٥٣٧]. واتە: (..... بیلال تورەمەکە چونکە کردەوەکانت لێ وەرناگیرێت ئەگەر بیلال لێت تورە بێت).

٨- هەر لەو بارەشەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:((خير النساء من سرُّك اذا ابصرت... وتُطيعُك اذا امرت))[٥٣٨]. (باشترین ئافرەت ئەوەیە دڵخۆشت بکات کە سەیرت کرد، .... و گوێڕایەڵێت بکات ئەگەر فەرمانت پێکرد).

٩- عەلی کوڕی مهر ﷺ دەفەرموێت: (کن نساء اهل المدينة اذا اردن ان يبنين بامرأة على زوجها بدأن بعائشة فادخلتها عليها فتضع يده على رأسها تدعوا لها وتأمرها بالتقوى وحق الزوج)[٥٣٩]. واتە: (ئافرەتانی ناو شاری مەدینە گەر بیان ویستایە ئافرەتێك بگوێزنەوە بۆ مێردەکەی، لە پێشدا دەیان بردە لای عائیشە ﷺ و ئەویش دەستی دەخستە سەر سەری ئافرەتەکە و دوعای بۆ دەکردو ئامۆژگاری دەکرد گوێڕایەڵی خواببێت و مافی مێردەکەی جێ بەجێبکات).

١٠- جعده کوڕی هبیرە ﷺ دەفەرموێت: «انه اذا زوج بعض بناته وكانت ليلة اهدائها الى زوجها خلابها فنهاها عن الاخلاق السيئة ومالا يجمل بها»[٥٤٠]. واتە: (جعده) هەر کات کچێك لە کچەکانی بەشوبدایە، لەشەوی گواستنەومیدا ئامۆژگاری دەکرد تا ئەو کچە خۆی لە ڕەوشتی خراپ و کاری نەشیاو دوور بخاتەوە).

١١- هەروەها گێڕدراوەتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:((ما استفاد المؤمن بعد تقوى الله عزوجل خيراً له من امرأة صالحة: ان امرها اطاعته، وان نظر اليها سرته،

---

(٥٣٧) أخرجه: ابن حجر العسقلاني في (الاصابة في تميز الصحابة) (٤/ ٤٢٨) وقال: رواه يعقوب بن شيبة بسند حسن.

(٥٣٨) خرجه: النسائي (٢/٧٢)، والحاكم (٢/١٦١) وصححه و وافقه الذهبي، وقال الحافظ العراقي (الاحياء) (٢/٣٦): سنده صحيح، وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٨٣٨).

(٥٣٩) أخرجه: ابن ابي شيبة في (المصنف) رقم (١٧١٢٥، ١٧٤١٦).

(٥٤٠) أخرجه: البيهقي في (شعب الايمان) رقم (٨٧٣٥).

وان اقسم عليها ابرته، وان غاب عنها نصحته في نفسها ومالها))[٥٤١]. واتە: (باوەڕدار دوای لەخوا ترسان سودی چاکی لە شتێك نەدیوە وەك سودمەندبوونی لە ژنێکی باش، گەر فرمانی پێ بکات گوێڕایەڵی دەکات، گەر تەماشای بکات دڵخۆشی دەکات، وەگەر سوێندی لێ خوارد سوێندی ناشکێنێت، وەگەر مێردی لێی دوور بوو دەست پاکی وداوێن پاکی خۆی دەپارێزێت) ئەم فەرموودەیە هەرچەندە لاوازە (ضعیف)ە بەڵام ماناکەی لە زۆرێك لە فەرموودە (صحیح)ەکاندا هاتووە. گوێڕایەڵی ئافرەتی موسوڵمان بۆ مێردەکەی لەو شتانە دایە کە شەرعین، بۆیە نابێت ئافرەتێکی موسوڵمان گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات لەسفوری ومو هەڵکەندن وبرۆ باریك کردن و ئارایشت کردن و زۆر چوونە دەرەوەی ناپێویست وڕۆیشتن بەلەنجەو لارەوە ئافرەتی موسوڵمان دەبێت لەم کارە دزێوە ناشەرعیانە ئاگادار بێت چونکە هەڕمشەی چوونە ناو ئاگری دۆزەخی لەسەرە:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((صنفان من امتي من اهل النار لم ارهما قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس، ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات رؤسهنَّ كأسنمة البخت المائلة، لايدخلن الجنَّةَ ولا يجدن ريحها، وان ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا))[٥٤٢].واتە: (دوو جۆر خەڵك لە ئومەتی من دۆزەخین، هێشتا من نەم دیون: کەسانێك قەمچیان پێ یە وەك کلکی مانگا و بەوە لەخەڵك دەدەن، وە ژنانێك پۆشتەن بەڵام ڕوتن: لادەرن لە ئاین و خەڵکیش بەرەو لادان لە ئاین دەبەن و قژی سەریان لاردەکەنەوە وەك دوگی لاربووەوە وایە بەسەر پشتی و شترەوە، ئەوانە ناچنە بەهەشتەوە و بۆنیشی ناکەن، بۆنەکەشی لەدووری ئەوەندە ئەوەندەوە بۆن دەکرێت).

وە پێویستە گوێڕایەڵی نەکات لە کاتێکدا ئەگەر لە سوڕی مانگانەدا بێت، یان جگە لە جێگەی شەرعیەوە داوای جووت بونی لێبکات پێغەمبەر

---

(٥٤١) أخرجه: ابن ماجة (١٨٥٧)، وضعفه الشيخ الالباني في (الضعيفة) (٤٤٢١) و(المشكاة) (٣٠٩٥) وله شواهد.

(٥٤٢) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣/١٦٨٠/٢١٢٨)، وأحمد (٨٦٦٤) وقال محققه: حديث صحيح، وابو يعلى (٦٦٩٠) وانظر (صحيح الجامع) رقم (٣٧٩٩).



ﷺ فەرموویەتی: ((من اتى حائضاً، او امرأة في دبرها، او كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما انزل على محمد))[٥٤٣]. واتە: (هەر کەسێك بچێتە لای ژنەکەی لە کاتێکدا لە سوڕی مانگانەدا بێت یان داوای جووت بوونی لەدواوە لێبکات، یان بچێتە لای فاڵچیەك و باوەڕی پێبکات. ئەو کەسە بێ باوەڕ بووە بەو ئایەنەی کە بۆ محمد دابەزێنراوە).

وە پێویستە گوێڕایەڵی نەکات کاتێك داوای لێ بکات لەگەڵ پیاوان دەرکەوێت یان تێکەڵاویان بێت یان تەوقەیان لەگەڵدا بکات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ..﴿٥٣﴾﴾ (الاحزاب) واتە: (ئەی موسوڵمانان گەر پرسیارێکی پێوستتان هەبوو لە خێزانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێوە لەو دیوی پەردەوە پرسیاریان لێ بکەن ئەو کارە پاکترە بۆ دڵی ئێوە و ئەوان) وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((اياكم والدخول على النساء] قيل: يا رسول الله :افرايت الحمو، قال: [الحمو الموت]))[٥٤٤]. واتە: (ئاگادارتان دەکەم بەتەنها نەچنە ژوورەوە بۆ لای ئافرەتێك کەهەر خۆی لەماڵەوە بێت...) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەگەر برای مێردیش بێت؟ فەرمووی: (برای مێرد ئەوە هەر مردنە).

ئافرەتی بەڕێز ئاگاداری هەموو ئەو شتانەبەکە پێچەوانەی شەرعن ئەوانە هەڵت نەخەڵەتێت داوات لێبکەن گوێڕایەڵی مێردەکەت بکەیت تا ئەو ئاستەی دەچێتە ناو گوناهکردنەوە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: ((لا طاعة في معصية الله انما الطاعة في المعروف))[٥٤٥]. واتە: (گوێڕایەڵ بوون نیە لەگوناهدا، گوێڕایەڵی تەنها لە چاکە و کاری شیاو دایە).

---

(٥٤٣) أخرجه: أحمد (٢/ ٤٠٨) الترمذي في (السنن) (١٣٥) وليس عنده جملة: (فصدقه بما يقول)، وابن ماجة في (السنن) (١/ ٦٣٩/٢٠٩) وأبو داود (٣٩٠٤)، وصححه الشيخ الألباني كما في (اداب الزفاف) (٣١)، و (صحيح ابي داود) (٣٣٠٤)، و (صحيح ابن ماجة) (٥٢٢).

(٥٤٤) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٩/ ٥٢٣٢، ٣٣٠)، ومسلم في (الصحيح) (٤/ ١٧١١، ٢١٧٢)، والترمذي في (السنن) (٢/ ٣١٨: ١١٨١).

(٥٤٥) أخرجه: البخاري (٧٢٥٧)، ومسلم (١٨٤٠)، وأبو داود (٢٦٢٥)، وأحمد (٧٢٤) واللفظ له.

٢- نابێت ژن خۆی قەدەغە بکات لەمێردەکەی هەر کاتێك داوای سەرجێیی لێکرد:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱلْـَٰٔنَ بَـٰشِرُوهُنَّ وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ وَلَا تُبَـٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَـٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَـٰجِدِ ۗ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَـٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ..﴿١٨٧﴾﴾ (البقرة)

واتە: (ئا ئێستە بچنەلایان و داوای ئەوەبکەن کە خوا بۆی بڕیار لێداون لە منداڵی باش). پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((اذا باتت المرأة هاجرةً لفراشِ زوجها لعنتها الملائكةُ حتَّى ترجع))[٥٤٦] واتە: (ئەگەر ژنێك سەرجێگا و نوێنی مێردەکەی بەجێهێشت، ئەو ئافرەتە فریشتەکانی خوا نەفرەتی لێدەکەن تادەگەڕێتەوە سەرجێگای مێردەکەی). وە لەگێڕانەوەیەکی تردا ((حتى تصبح)). واتە: (فریشتەکان نەفرەتی لێ دەکەن هەتا ڕۆژ دەبێتەوە).

وە لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((اذا دعا الرجل زوجته لحاجته [فليأتها] وان كانت على التنور))[٥٤٧]. واتە: (ئەگەر پیاو بۆ پێویستی سەرجێگا ژنەکەی بانگ کرد دەبێت بەدەمیەوە بچێت ئەگەر لەسەر تەنوریش بیبت).

لەگێڕانەوەیەکی تردا: [...وان كانت على ظهر قتبٍ لم تمنعه نفسها][٥٤٨]. واتە: (ئەگەر لەسەر پشتی حوشتریش بێت، نابێت خۆی قەدەغە بکات لەمێردەکەی).

ئیبنو عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((اثنان لا تجاوز صلاتهما رؤوسهما: عبد ابق من مواليه حتى يرجع، وامرأة عصت زوجها حتى ترجع))[٥٤٩]. واتە: (دوو کەس نوێژەکانیان لەسەریان تێناپەڕێت بەندەیەك لە خاوەنەکەی

(٥٤٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٩٣)، ومسلم في (الصحيح) (١٢٠).

(٥٤٧) أخرجه: الطبراني برقم (٨٢٤٠)، والترمذي في (السنن) (٢/ ٣١٤، ١١٧٠) وابن حبان في (الصحيح) (٤٠٦٥) قال محققه: اسناده صحيح، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٥٣٤)، (رياض الصالحين) رقم (٢٩٠)، و(صحيح الترغيب) (١٢٤٦).

(٥٤٨) أخرجه: البزار (١٤٦٨)، و الطبراني (٥١١٦)، وأحمد (١٩٤٠٣) وقال محققه: حديث جيد، وابن ماجة (١٨٥٣)، وابن حبان (٤١٧١)، وصححه الشيخ الالباني (الصحيحة) رقم (١٢٠٣)، و(صحيح الترغيب) (١٩٤٣).

(٥٤٩) أخرجه: الطبراني (الاوسط) (٣٦٢٨) وقال محققه: اسناده حسن، والحاكم في (المستدرك) (١٧٣/٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) رقم (١٣٦)، وفي (الصحيحة) (٢٨٨).



ڕابکات هەتا دەگەڕێتەوە، وە ژنێك لە مێردەکەی یاخی بووبێت هەتا دەگەڕێتەوە).

لە گێڕانەوەی ئەبو ئومامەدا ﷺ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((ثلاثة لاتجاوز صلاتهم اذانهم:...، وامرأة باتت وزوجها عليها ساخط))[٥٥٠]. واتە: (سێ کەس هەن نوێژەکانیان تا گوێیان بەرز دەبێتەوە: لەوانە: وەژنێك مێردەکەی لەشەوەوە تا بەیانی لێی تورە وناڕازی بێت).

ئەبو هورەیرەش ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اذا دعا الرَّجلُ إمرأتهُ الى فراشهِ، فأبت، فبات غضبانَ عليها لعنتها الملائكة حتى تصبح))[٥٥١]. واتە: (ئەگەر پیاوێك داوای لە ژنەکەی کرد بێتە سەرجێگای و لەگەڵیدا بێت و ئافرەتەکەش، ئەو کارەی جێبەجێ نەکرد، پیاوەکەشی ئەو شەوە لێی ناڕازی و تورەبوو ئەوە فریشتەکانی خوا نەفرەتی لێدەکەن هەتا ڕۆژ دەبێتەوە).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((والَّذي نفسي بيدِهِ ما من رجل يدعوا امرأته الى فراشه فتأبى عليه ألاَّ كان الذي في السَّماء ساخطاً عليها حتى يرضى عنها زوجها))[٥٥٢]. واتە: (سوێند بێت بەوەی گیانی منی بەدەستە، هەر پیاوێك داوا لە ژنەکەی بکات لەگەڵیدا بچێتە ناو جێگاوە و ئەویش گوێ ڕایەڵی نەکرد ئەو کات ئەوەی لە ئاسمانداید لێی تورەیە هەتا ئەو کاتەی مێردەکەی لێی ڕازی دەبێت).

موعاذیش ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...ولا تجد امرأة حلاوة الايمان حتى تؤدي حق زوجها ولو سألها نفسها وهي على ظهر قتبٍ))[٥٥٣] واتە:

---

(٥٥٠) أخرجه: الترمذي (٣٦٠)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع)(٣٠٥٧)،و(صحيح الترغيب) (٤٨٧).

(٥٥١) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٣٢٣٧)، ومسلم في (الصحيح) (١٤٣٦)، وأبو داود في (السنن) (٢١٤١)، وابن حبان في (الصحيح) (٤١٧٢).

(٥٥٢) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٩٣)، ومسلم في (الصحيح) (١٤٣٦)، وأحمد في (المسند) (٢: ٤٩٣)، وأبو داود في (السنن) (٢٠٥٤)، وانظر (رياض الصالحين) بتخريج الالباني رقم (٢٨٧).

(٥٥٣) أخرجه: الحاكم في (المستدرك) (١٧٢/٤)، وصححه ووافقه الذهبي، والمنذري في (الترغيب والترهيب) (٢٨٩٦) وقال محققه: حسن، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب) (١٩٣٩).

(.... هیچ ژنێك شیرینی ئیمان ناچێژێت هەتا مافی مێردەکەی نەدات و گەر داوای جووت بوونی لێ کرد دەبێت گوێ ڕایەڵی بکات هەتا گەر لەو کاتەدا بەسەر پشتی وشترەوە بوو).

لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((... المرأةُ لا تؤدي حقّ الله عليها حتى تؤديَ حقَّ زوجها كلَّهُ ولو سألها وهي على ظهر قتبٍ لم تمنعه نفسها))[٥٥٤]. واتە: (... ژن مافی خوای نەداوەتەوە کەلەسەریەتی، هەتا هەموو مافی مێردەکەی نەداتەوە، هەتا گەر لەو کاتەدا لەسەر پشتی و شتریش بوو مێردەکەی گەر داوای جووت بوونی لێ کرد دەبێت گوێ ڕایەڵی بێت نابێت خۆی لێ قەدەغە بکات).

جابر ﷺ لە ڕیوایەتێکی تردا دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ان المرأةُ تُقبِلُ في صورة شيطان وتُدبِر في صورة شيطان، فأذا رأى احدكم امرأة فأعجبته، فليات اهله فليواقعها فأن ذلك يردُّما في نفسه))[٥٥٥]. واتە: (شەیتان دیمەنی ئافرەت سەرنج ڕاکێش دەکات لەپێش چاوی پیاو. گەر یەکێکتان ژنێکی دی و پێی سەرسام بوو بابچێتەوە لای خێزانەکەی و لەگەڵیداجووت بێت چونکە ئەو کارە، ئەو سەرسامیە دەڕوێنێتەوە لە دڵیدا).

لە گێڕانەوەیەکی تردا [...فأن ذلك يضمر ما في نفسه][٥٥٦]. واتە: (چونکە ئەو کارە ئەوەی لە دەرونیدایە دایدەمرکێنێتەوە)وە لە گێڕانەوەیەکی تردا [...فان معها مثل الذي معها][٥٥٧]. واتە: (چونکە ئەوەی کە ئەو لەگەڵیدایە هەر ئەوەیە کە منیش لەگەڵمدایە).

ئەبو کەبشەی ئەنصاری ﷺ دەفەرموێت پێغەمبەرﷺ لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵانی دانیشت بوون، پاشان چووە ژورەوەو لە دوایدا هاتە دەرەوەو خۆی شۆرد

---

(٥٥٤) أخرجه: الطبراني (٥١١٦)، والبزار (١٤٦٨)، وقال المنذري في (الترغيب والترهيب) (٢٩٠٣): اسناده جيد، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب) (١٩٤٣).

(٥٥٥) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (١٤٠٣، ٣٣٩٣).

(٥٥٦) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٢١٥١)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابي داود) برقم (١٨٨٣).

(٥٥٧) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٢١٥١)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابي داود) برقم (١٨٨٣).



بوو، پێمان وت: ئەی پێغەمبەری خوا هیچ شتێك بووە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((اجل، مرّت بي فُلانة، فوقع في قلبي شهوةُ النساء، فاتيت بعض ازواجي فاصبتُها، فكذلك فافعُلوا، فانّه من اماثل اعمالكم اتيان الحلال))[٥٥٨]. واتە: (بەڵێ، فلانە ئافرەت تێپەڕی و لە دڵمدا ئارەزووی سەرجێیی ژنم کرد ئەوە بووگەڕامەوە و چوومە لای یەکێك لە خێزانەکانم و لەگەڵیدابووم بۆیە ئێوەش وابکەن چونکە چوونە لای ژنانتان کە بۆتان حەڵاڵن لە باشترین کارەکانتانە).

لەم فەرموودانە پێ داگری کراوە لەسەر مافی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە، چونکە ئەو ژنەی لەو کارەدا بێ هیچ پاساوێك گوێڕایەڵی مێردەکەی نەکات ئەو ژنە فریشتەکان لەعنەتی لێدەکەن و خوا لێی تووڕەدەبێت و نوێژەکانی وەرناگیرێت و بەرز نابێتەوە، ومافی پەروەردگار بەجێ ناهێنێت و ئیمان و باوەڕیش لاوازدەبێت، لەبەر ئەوە ئەرکە لەسەر شانی ژن یارمەتی مێردەکەی بدات و داواکاریەکانی بۆ جێبەجێ بکات چونکە لەوکارەدا ئارامی پیاو لاوازە و بەهێزترین کارتێکەرە لەسەری، چونکە قەدەغەکردنی مافەکانی لەش و ماڵ و سامان دەبێتە هۆی تووڕەبوونی خوای گەورە و ئەوەش بەتاوانی گەورە لەسەری هەژمار دەکرێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا﴾ (النساء: ٢٨) واتە: (مرۆڤ بەلاوازی دروست کراوە). ئیمامی طەبری لە مانای ئەو ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: «عاجزا عن الصبر عن النساء والجماع»[٥٥٩] واتە: (پیاو بێ دەسەڵاتە و ناتوانێت ئارامگر بێت لە بواری ئافرەت و جووت بوونداً).

ئیبن و کەثیر دەفەرموێت: «اي لايصبر عن النساء والشهوات، او لسبب كثرة حاجاته»[٥٦٠]. واتە: (پیاو ئارامگر نابێت سەبارەت بە ئافرەت و جووت بوون و ئەو کارەش زۆر پێویستی پێیەتی).

ئیمامی موجاهیدیش ﷺ فەرموویەتی:(مرۆڤ لەبەر بێ هێزی دەروونی و ورەو هیمەتی کارئاسانی سوکی لەگەڵدا کراوە لەو بوارەدا".

(٥٥٨) أخرجه: أحمد (١٤٥٤٤)، مسلم (١٤٠٣)، وأبو داود (٢١٥١) والترمذي (١١٤٨)، وابن حبان (٥٥٧٢).

(٥٥٩) انظر (مختصر تفسير الامام الطبري) (ص: ٨٣).

(٥٦٠) انظر: (تفسير القرأن العظيم) (١ / ٤٧٩).

ئیمامی طاوسیش ﷺ لەو بارەیەوە دەفەرموێت: "پیاو لاوازە و خۆنەگرە لە بواری جووت بوون وئافرەتدا".

وە ئیمامی وەکیع ﷺ دەفەرموێت: "پیاو لەنزیکی ژندا عەقڵ وهۆش لەدەست دەدات".

٣-نابێت ژن لە سامانی تایبەتی خۆی ببەخشێت تەنها بەڕێپێدانی مێردەکەی نەبێت:

یەکێکی تر لە مافەکانی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە، پاراستنی سامانی تایبەتی ئافرەتەکەیە و نابێت بەبێ ڕێ پێدانی مێردەکەی ئەو لێی سەرف بکات و ببەخشێت بە پێی فەرموودەکەی پێغەمبەرﷺ کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە: ((ليس للمرأة ان تنتهكَ (شيئاً) من مالها إلاّ باذن زوجها))[٥٦١]. واتە: (بۆ ئافرەت نیە شتێك لەسامانی تایبەتی خۆی بەفیڕۆ بدات تەنها بە ڕێ پێدانی مێردەکەی دەبێت).

وە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دیسان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لايجوز لامرأةٍ عطيةٌ في مالها الاّ بأذن زوجها))[٥٦٢]. واتە: (بۆ ئافرەت نیە شت ببەخشێت لە ماڵ و سامانی خۆیدا تەنها بە ڕێ پێدانی مێردەکەی دەبێت....) وە هەر لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لايجوز لامرأة امر في مالها اذا ملك زوجها عصمتها))[٥٦٣]. واتە: ناشێت ئافرەتێك دەست وەربداتە ماڵ و سامانی خۆی ئەگەر شوی کرد و پاراستنی کەوتەدەستی مێردەکەی).

---

(٥٦١) أخرجه: الطبراني (الكبير) (٢٢/(٢٠١))، وابن عساكر (٢٤/٤) وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٧٧٥) وقال: أخرجه تمام في (الفوائد) (٢/١٨٢/١٠) من طريق عنبه ابن سعيد، عن حماد مولى بني امية عن جناح مولى الوليد عن وائلة قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم...فذكره، قال: وهذا اسناد ضعيف، لكن للحديث شواهد تدل على انه ثابت وانظر كذلك (صحيح الجامع) للالباني (٥٤٢٤).

(٥٦٢) أخرجه: أحمد (٦٦٨١) وقال محققه: اسناده حسن، أبو داود في (السنن) (٣٥٤٧)، والنسائي في (السنن) (٦٥/٥)، وابن ماجة في (السنن) (٢٣٨٨)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٧٦٢٦)، وفي (صحيح الترغيب والترهيب) (٩٣٢)، (الصحيحة) (٨٢٥).

(٥٦٣) أخرجه: أحمد (٧٠٥٨) وقال محققه: اسناده حسن، والنسائي (٦/٢٧٨)، وأبوداود (٣٥٤٦)، والبيهقي، والحاكم في (المستدرك) (٢٣٤٦)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٨٢٥)، وفي (صحيح الجامع) (٧٦٢٥).



٤- نابێت ژن خێر بە مالی مێردەکەی بکات، بەڵکو دەبێت مێردەکەی ڕێی پێبدات و پێویستە پارێزگاری مالی مێردەکەی بکات:

یەکێکی تر لە مافەکانی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە، ئەوەیە کە نابێت ژن لەماڵ و سامانی مێردەکەی هیچ سەرف بکات تەنها بەڕێ پێدانی ئەو نەبێت:-

ئەبو ئومامەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا تنفق امرأة شيئاً من بيت زوجها إلاّ بأذن زوجها]، قيل: يا رسول الله ولا الطعام ؟ قال: [ذلك افضل أموالنا]))[٥٦٤]. واتە: (ئافرەت نابێت هیچ شتێك لە ماڵ و سامانی مێردەکەی سەرف بکات بەبێ ڕەزامەندی و ڕێ پێدانی مێردەکەی نەبێت.) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا، هەتا خواردنیش؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەوە باشترین ماڵەکانمانە).

سەلەمەی کچی قەیس ﷺ دەفەرموێت: ئێمە ژنانی ئەنصار بەیعەت و بەڵێنی گوێڕایەڵ بوونمان دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش بەڵێنی لێ وەرگرتین کە غەش لە مێردەکانمان نەکەین، کاتێك ئێمە ڕۆیشتین لەناوخۆماندا وتمان: دەبوو لە پێغەمبەری خوامان بپرسییایە (فێڵکردن لە مێردەکانمان مانای چی دەگەیەنێت؟) پاشان گەڕاینەوەو لێمان پرسی، فەرمووی: ((ان تُحابِينَ وتُهادينَ ماله الى غيره))[٥٦٥]. واتە: (ئەوەیە کە خۆتان خۆشەویست بکەن لای خەڵکی ودیاریان بدەنێ لەماڵی مێردەکانتان بەبێ ڕێ پێدانیان).

لەگەڵ ئەوەشدا ژن دەتوانێت لە ماڵی مێردەکەی خێر بکات ئەگەر ڕێی پێدا:

عائیشە ﷺ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: ((اذا انفقت المرأة من طعام بيتها غير مفسدةٍ لها أجُرها بما انفقت، ولزوجها اجرهُ بما اكتسب، وللخازن

---

(٥٦٤) أخرجه: أحمد (٢٢٢٩٤) وقال محققه: اسناده حسن، وابن ماجة في (السنن) (٢/٢٢٩٥،٧٧٠)، وأبو داود في (السنن) (٩/٤٧٨/٣٥٤٨)، والترمذي في(السنن) (٣/٢٢٠٣،٢٩٣) وكذلك الترمذي في (السنن) (٦٧٠)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح سنن الترمذي) (٥٣٨): في (صحيح سنن ابن ماجة) (١٨٥٩): حسن.

(٥٦٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (٦/٤٢٤)(٢٧٣٧٥) وقال محققه: اسناده ضعيف، وابو يعلى في (المسند) (٧٠٧٠)، والطبراني (الكبير) (٢٤/(٧٥١))، وقال الشيخ البوصري في (اتحاف الخيرة المهرة) (٣٨٢٩): رواه ابو يعلى بسند صحيح.

مثل ذلك لا ينقص بعضهم من اجر بعض شيئاً))[٥٦٦]. واتە: (گەر ئافرەت لە خواردنی ماڵەکەی بەبێ خراپ و نالەباری خەرج بکات، ئەوە بەقەدەر ئەوەی خەرجی کردووە پاداشتی دەبێت و مێردەکەشی بەهۆی پەیدا کردنیەوە هەمان پاداشتی دەست دەکەوێت. ئەوەش هەڵیدەگرێت هەمان پاداشتی دەست دەکەوێت بەبێ ئەوەی هەندێکیان لە پاداشتی هەندێکیان کەم بکەنەوە).

ئەسماء ﷺ دەفەرموێت: وتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من هیچ شتێکم نیە جگە لەوەی زوبەیر دەیهێنێتەوە بۆم، ئایە گوناهم دەگات گەر ببەخشەم لەوەی لەتوانادا هەیە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((ارضخي ما استطعت، ولا توعي فيوعي الله عليك))[٥٦٧]. واتە: (بیکە بەدوو لەتەوە ئەوەی لەتواناتدا هەیە و کۆی مەکەرەوە چونکە خوای گەورە لەسەرت کۆدەکاتەوە).

عائیشە ﷺ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((اذا أعطت المرأة من بيت زوجها بطيب نفس، غير مفسدةٍ، فان لها مثل اجره، لها مانوت حسناً وللخازن مثل ذلك))[٥٦٨]. واتە: (ئەگەر ژنێك لە ماڵی مێردەکەی ببەخشێت بەڕەزامەندی خۆی و دوور لە زێدەڕەوی ئەویش وەك مێردەکەی پاداشتی دەبێت و ئەوەش بۆی هەڵدەگرێت وەك ئەو پاداشتی هەیە).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...وما انفقت من نفقةٍ من غير امرهِ فانَّ نصف اجره له))[٥٦٩]. واتە: (ژن هەر خەرجیەك خەرج بکات بەبێ فەرمانی مێردەکەی، ئەوە نیوەی پاداشتەکەی تەنها بۆ مێردەکەی دەبێت).

پێویستە ژن لەسەرف کردنی ماڵدا دەست بڵاونەبێت، ئەگەر خواردن و یارمەتی بدات بەکەسێك بەڕەزامەندی پیاوەکە ئەوە پیاوەکە پاداشتی دەبێت،

(٥٦٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (١٤٢٥)، ومسلم في (الصحيح) (١٠٢٤)، وأبو داود في (السنن) (١٦٨٥)، وابن ماجة في (السنن) (٢٢٩٤).

(٥٦٧) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٢٥٩٠)، ومسلم في (الصحيح) (١٠٢٩)، وأبو داود في (السنن) (١٦٩٩)، والترمذي في (السنن) (١٩٦٠).

(٥٦٨) أخرجه: أبو داود (٣٥٦٥)، وابن ماجة (٢٣٩٨)، الترمذي في (السنن) (٦٧٢)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن الترمذي) (٥٤٠).

(٥٦٩) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٩٥).



بەڵام ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی ئەو بوو پیاوەکە پاداشتی دەبێت و ژنەکەش گوناهی دەگات.

٥- قەناعەتکردن و بەکەم ڕازیبوون:

هەروەها لە هەقی مێردە لەسەر ژن ئەوەیە بەکەم ڕازی بێت و بەوەی هەیە قەناعەت بکات، ولەخەرجکردندا زۆر پێداگری نەکات کەلە توانادا نەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ ۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ۚ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ۚ سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ﴿٧﴾ ﴾ (الطلاق) واتە: (با دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار، بەپێی دەوڵەمەندی و دەسەڵاتەکەی خۆی مااڵ بەخت بکا لە سەر تەاڵقدراوەکان و شیردەرەکان، هەر کەسیش دەستکورت و هەژاربوو، با لەوەخوا پێیداوە ببەخشێت، واتە زۆر لەخۆی نەکا، چەندە دەتوانێ ئەوەندە ببەخشێت).

ئیمامی طەبری ﷺ دەفەرموێت: مانای (الا ما اتاها): (ما اعطاه الله من سعة، او قلة على قدر طاقته)[٥٧٠]. واتە: (پیاو دەبێت لە گوێرەی توانا و بوونی خۆی خەرجی بۆ ژنەکەی بکات زۆر بێت یان کەم).

لەسەر ئافرەت پێویستە، کەلەگەڵ مێردەکەی قەناعەتی هەبێت یەکێك لە خوونەریتی ژنانی پێشین وابووە، ئەگەر پیاوەکەی لە ماڵەوە بهاتایەتە دەرەوە پێی دەوت: (اياك وكسب الحرام، فانا نصبر على الجوع ولا نصبر على النار)[٥٧١] واتە: (ئاگاداربە و خۆت دوورگرە لە کاسبی و بەدەست هێنانی پارە بەحەرام چونکە، ئێمە لەسەر برسیەتی ئارام دەگرین بەڵام لەسەر ئاگر ئاراممان بۆ ناگیرێت).

پیاوێك لە پیاوانی پێشین دەیەوێت سەفەر بکات، دراوسێیەکەی پێی ناخۆش دەبێت و بەخێزانی دراوسێکەی دەڵێت: بۆ ڕازی دەبیت بەسەفەر کردنی و لەکاتێکدا ئەو خەرجی بۆ جێ نەهێشتویت؟ ژنەکە لەوەاڵمدا دەڵێت:

(٥٧٠) انظر (مختصر تفسير الامام الطبري) (ص: ٥٥٩).

(٥٧١) انظر (مختصر منهاج القاصدين) لابن قدامة المقدسي (ص: ٨١).

مێردەکەم لەوەتای ناسیومە هەر بخۆر و حازرخۆرخواردەبووەو، نەمزانیوە ڕۆزی و ڕزقی بەدەست بووبێت، من خوایەکم هەیە ڕۆزیم دەدات، بخۆر دەڕوات و ڕۆزی دەریش هەردەمێنێتەوە.

خێزانەکانی ناو ماڵی پێغەمبەر ﷺ جگە لە نانی جۆ شتێکی تریان نەبووە.

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەفەرموێت:... ((...ما شبع آل محمد ﷺ من طعام ثلاثة ايام تباعا حتى قُبِضَ))[٥٧٢]. واتە: (خێزان و بنەماڵە و خێزانی محمد ﷺ ڕۆژ لەسەریەك تێریان نەخواردوە هەتا ئەو کاتەی پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردووە).

ئیبن و عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((كان رسول ﷺيبيت الليالي المتتابعة وأهله (يعني: زوجاته) طاوياً لايجدون عشاءً وانماكان أكثر خبزهم الشعير))[٥٧٣] واتە: (پێغەمبەر ﷺ خۆی و خێزانەکانی زۆر شەو لەسەریەك بەسکی خاڵی ڕۆژیان دەکردەوە. گەر نانیشیان هەبووایە تەنها هەر نانە جۆبوو).

عوڕوە لە عائیشەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((..ان كُنَّا ننظر الى الهلال ثُمَ الهلال ثم الهِلالَ ثلاثة اهله في شهرين وما او قد في ابيات رسول الله ﷺ نارٌ...، (قيل) فما كان يُعَيَشكم؟ قالت: الاسودان))[٥٧٤] واتە: (..... ئێمە سەیری مانگمان دەکرد ئینجا مانگێکی تر وبەدوایدا مانگی سێیەم و لە دوو مانگدا هیچ کام لە ماڵەکانی پێغەمبەری خوا ئاگریان تێدا نە دەکرایەوە. عوڕوە وتی: ئەی خواردنی ئێوارەتان چی بوو؟..... فەرمووی: هەر دوو ڕە شەکە بوو (واتە: تەنها ئاو لەگەڵ خورما).

عائیشە ﷺ دەفەرموێت: (توفى رسول الله ﷺ وليس عندي شيء ياكله ذو كبد الا شطر شعير في رف لي))[٥٧٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا وەفاتی کرد شتێك نەبوو کەسێك بیخوات تەنها پارچە نانێکی جۆی تەنك نەبێت لەسەر ڕەفەی ماڵەکەم بوو).

---

(٥٧٢) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٢٩٧٦).

(٥٧٣) أخرجه: الترمذي (السنن) (٢٣٦١).

(٥٧٤) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦٤٥٩)، ومسلم في (الصحيح) (٢٩٧٢).

(٥٧٥) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦٤٥١)، ومسلم في (الصحيح) (٢٩٧٣).



و پێغەمبەری خوا ﷺ لەم ڕوومەوە دوعا و نزای کردووە وەك ئەبوهوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: ((...اللّهم اجعل رزقَ ال محمد قوتاً))[٥٧٦] واتە: (خوایە ڕزق و ڕۆزی بنەماڵە و خێزانی موحەمەد ژماوژم بێت و هەر تەنها بەشی خۆیان بکات....)

لەگێڕانەوەیەکی تردا: عائیشە ﷺ دەفەرموێت: (ما شبع ال محمد ﷺ، من خُبز شعيرٍيومين متتابعين حتىَ قُبِضَ))[٥٧٧]. واتە: بنەماڵە و خێزانی موحەمەد ﷺ لەنانی جۆ دوو ڕۆژ بەسەریەکەوە تێریان نەخواردووە هەتا ئەو کاتەی وەفاتی کردەوە).

ئەبو هوڕەیرەوە ﷺ دەفەرموێت: ((خرج رسول الله ﷺ من الدنيا ولم يشبع من خبز الشَعِير))[٥٧٨]. واتە:(... پێغەمبەرﷺ لە دونیا چووە دەرەوە لەنانی جۆش تێری نەخواد).

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((لم يأكل النبي ﷺ على خوانٍ حتَّى مات، وما أكل خبزاً مُرقَّقاً حتى مات))[٥٧٩]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ ئەوەندەی خواردن نەبوو تا لەسەر سفرە و خوان نان بخوات هەتا وەفاتی کرد، وە نانێکی نەرمی نەخوارد هەتا وەفاتی کرد).

نوعمانی کوڕی بەشیر ﷺ دەفەرموێت: (لقدَ رأيتُ نبيكم ﷺ يلتوي، ما يجد من الدَّقَلِ مايملأُ به بَطنهُ))[٥٨٠]. واتە: (پێغەمبەری ئێومم بینیوە لە ئازاری برسیە تیدا تلاوتلی دەکرد و ئەوەندە خورمای قەسپی نەبووە تا سکی پێ پڕبکات).

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((انظرُوا الى من هو أسفلَ مِنكم ولا تنظرُوا الى مَن هو فَوقكَم فهو أجدر أن لا تَزدروا نَعمة الله عليكُم))[٥٨١]. واتە: (ئێوە تەماشای کەسانی خوارخۆتان بکەن و تەماشای کەسانی سەروخۆتان مەکەن: چونکە ئەوە هاندەرە بۆتان تانیعمەتەکانی خوا بەسەرتانەوە بەکەم نەزانن).

---

(٥٧٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦٤٦٠)، ومسلم في (الصحيح) (١٠٥٥).

(٥٧٧) أخرجه: البخاري (٦٤٥٥)، ومسلم (٢٩٧٠)، والترمذي (٢٣٥٦).

(٥٧٨) أخرجه: البخاري (٥٤١٤)، والترمذي (٢٣٥٩).

(٥٧٩) أخرجه: البخاري (٦٤٥٠).

(٥٨٠) أخرجه: مسلم (٢٩٧٧)، والترمذي (٢٣٧٢)، وابن حبان (٦٣٤٠).

(٥٨١) أخرجه: مسلم (٢٩٦٣)، والترمذي (٢٥١٣)، وابن ماجة (٤١٤٢).

ئەبوسەعید خودری ﷺ فەرموویەتی: (احبوا المساكين فأني سمعت رسول الله ﷺ يقول في دعائه: ((اللَّهُمَّ احيني مسكيناً وامُتني مسكيناً واحشرني في زمرة المساكين))[٥٨٢]. واتە: (ئێوە نەدارانتان خۆش بوێت چونکە من گوێم لێبوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ: دەیفەرموو لەدوعاکەیدا: (خوایە بەنەداری بمژێنەو بەنەداری بممرێنە، و لەگەڵ کۆمەڵەی نەداراندا حەشرم بکە).

خوای گەورە ئاگاداری کردووینەتەوە ئێمە وەک ئەوانە نەبین کە شوێن ئارەزوەتی خۆیان کەوتوون، وەک ئەوانەی زۆر لەهەوڵدان بۆ وە دەست هێنانی خواردنی زۆر باش وخواردنەوەی زۆر خۆش و جل بەرگی زۆر جوان و بەنرخ، هەر کەسێکیش بەوجۆرە بکات جێی خۆیەتی ببێتە خراپترین کەسانی ناو موسوڵمان، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((سيكون رجال من أمتي يأكلون الوان الطعام ويشربون الوان الشراب ويلبسون الوان الثياب ويتشدقون في الكلام فأولئك شرّار أمتي))[٥٨٣].واتە: (بیاوانێك پەیدا دەبن لە ئومەتەکەمدا جۆرەها خواردن دەخۆن وە جۆرەها خواردنەوەش دەخۆنەوە و جۆرەها جل و پۆشاك لەبەر دەکەن و بەخۆبەگەورەزانینیش لەگەڵ خەڵکیدا قسە دەکەن ئا ئەوانە خراپترین کەسانی ناو ئومەتی منن).

وەخوای گەورەش لە بارەی ئەم جۆرەکەسانەوە دەفەرموێت: ﴿ فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلشَّهَوَٰتِ ۖ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا ﴿٥٩﴾ ﴾ (مریم) واتە: (لە دوای پێغەمبەرەکانی (بنی اسرائیل) کەسانێکی خراپ جێیان گرتنەوە نوێژەکانیان لەکیس دەدا (واتە: نەیان دەکرد یان دوایاندەخستن) وە شوێن حەزو ئارەزووکانیان دەکەوتن، ئەوانە چارەنوسی ئەو کارانەیان توشی سزاو ئاگر و ئێشیان دەکات).

مانای (فسوف يلقون غيا): (شراً أو جزاء غي، خسراناً وشراً، وقيل: غي وادي في جهنم

(٥٨٢) أخرجه: ابن ماجة (٤١٢٦)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٣٠٨)، وفي (الارواء) (٨٦١)، وفي (صحيح ابن ماجة) (٣٣٢٨).

(٥٨٣) أخرجه: الطبراني (الكبير) (٧٥١٣) وفي (الأوسط) (٢٣٥١)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٢٠٨٨).



يقعون فيه)[٥٨٤]. واتە: (ئەوانە تۆشی نا هەمواری و زەرەمەندی و سزای غەی دەبنەوە وە وتراوە: وشەی (غی) شیوێکە لە دۆزەخدا و هەموویانی تێ فڕێ دەدرێن).

کەسانی خراپ و لەڕێ لادەر ئاوات بەکەسانی دەوڵەمەند و خاوەن سامان دەخوازن و قیامەت فەرامۆش دەکەن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿..قَالَ الَّذِينَ يُرِيدُونَ الْحَيَوٰةَ الدُّنْيَا يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِىَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾ (القصص: ٧٩) واتە: (کاتێك دونیا وێستەکانی جولەکە قارونیان بینی خاوەنی ج سامانێکی دونیاییە وتیان: خۆزگە ئێمەش وەك قارون سامانمان دەبوو بەڕاستی ئەو خاوەنی بەختی هەرە گەورەیە). خوای گەورەش وەك ئاگادار کردنەوە و هەڕەشە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەفەرموێت: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا ﴿١٨﴾﴾ (الإسراء) واتە: (هەر کەسێك تەنها پاداشتی پێش وەختی دونیای دەوێت، ئێمە بۆ ئەو کەسەی وێستمان لێ بێت پاداشتی دونیایی بۆ پێش دەهێنن پاشان بێزاریان دەکەین و فڕێیان دەدەینە ناو دۆزەخ).

کەواتە پێویستە زۆر داوا وپادی نیعمەتەکانی بکەینەوە بەڵکو پێویستە زۆر یادی ڕۆخێنەری نیعمەت و خۆشیەکانیش بکەینەوە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((اكثروا ذكر هادم اللذات: الموت))[٥٨٥]. واتە: (زۆر یادی ئەو شتە بکەنەوە کە خۆشیەکان تێك دەڕمێنێت). واتە: مردن. پێغەمبەر ﷺ زۆر هانی داوین بەردەوام لە یادی مردن و دەرچوون لەدونیا بین چونکە ئەو کارە قەناعەت و ڕازی بوون بە بەشی خوامان لا دروست دەکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((اكثروا ذكر هادم اللذات:الموت، فأنه لم يذكره احد في ضيق من العيش إلاّ وسعّه عليه، ولا ذكره في سعة إلاّ ضيقها عَليهِ))[٥٨٦].

---

(٥٨٤) انظر: (تفسير الامام الطبري-مختصر-) (ص: ٣٠٩).

(٥٨٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (٧٩١٢)، والنسائي في (السنن) (٤: ٤)، والترمذي في (السنن) (٢٤٠٩)، وابن ماجة في (السنن) (٤٢٥٨)، وابن حبان في (الصحيح) (٢٩٩٢)، والحاكم في (المستدرك) (٤: ٣٢١) صححه على شرط مسلم ووافقه الذهبي، وصححه الشيخ الالباني في (المشكاة) (١٦١٠) وفي (الارواء) (٦٨٢)، وفي (صحيح الجامع) (١٢١٠)، وفي (صحيح سنن ابن ماجة) (٣٤٣٤)، وفي (صحيح سنن النسائي) (١٧٢٠).

(٥٨٦)أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٢٩٩٣) وقال محققه: اسناده حسن والقضاعي في (مسند الشهاب)

واتە: (زۆر یادی دارمێنەری خۆشیەکان بکەنەوە (کە مردنە) هەرکەسێک لەکاتی کەم دەستی و تەنگانەدا یادی بکاتەوە، دەبێتە هۆی لابردنی غەم و پەژارەی کەم دەستی و ڕازی بوون و دڵخۆش بوونی لا دروست دەکات. وە هەر کەسێکیش لە کاتی بوون و خۆشیدا یادی بکاتەوە ئەوە دەبێتە هۆی بێ نرخ زانینی سامانەکان و دونیا بەکەم زانینی لا دروست دەکات). ئایەتەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر لە بارەی (برسێتی و زبری ژیاندا و کەم خواردن و کەم خواردنەوە و کەم خۆپۆشتە کردن و وازهێنان لە ئارەزووەکان، لەو بارەوە زۆرن بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بزانیت بگەڕێوە بۆ کتێبی (ریاض الصالحین) لاپەڕە (٢٣١) بە تەخریجی شێخ الالبانی.

٦- ژن بەبێ ڕێ پێدانی هاوسەرەکەی نابێت بەڕۆژوو بێت.

یەکێکی تردا لەمافەکانی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە، نابێت ژن هەرلەخۆیەوە بەڕۆژوو بێت بەبێ پرس و ڕێ پێدانی مێردەکەی جگە لە مانگی ڕەمەزان. چونکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لاَ يَحِلُّ للمرأةِ ان تصومَ وزوجها شاهدٌ إلاَّ بأذنِهِ،....))[٥٨٧]. واتە: (ئافرەت بە ئامادەبوونی مێردەکەی بۆی نیە بەڕۆژوو بێت تەنها بەڕەزامەندی و ڕێ پێدانی ئەو نەبێت).

ئەبو هورەیرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لا تصوم المرأة يوماً تطوعاً في غير رمضان وزوجها شاهدٌ إلاّ بأذنِهِ))[٥٨٨]. واتە: (ئافرەت بۆی نیە یەک ڕۆژی سوننەت بە ڕۆژوو بێت جگە لە ڕەمەزان لەکاتێکدا مێردەکەی ئامادە بێت بەبێ ڕەزامەندی ئەو).

ئەبوسەعید خودری ﷺ: دەفەرموێت: ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی:

---

(٦٦٨) وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (١٢١١)، وفي (ارواء الغليل) (٦٨٢).

(٥٨٧) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٩: ٢٩٥: ٥١٩٥)، ومسلم في (الصحيح) (١٠٢٦)، وأبو داود في (السنن) (٢٤٥٨).

(٥٨٨) أخرجه: الدارمي في (السنن) (١٢/٢)، وقال الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٣٩٥): اسناده صحيح على شرط مسلم، وأحمد (٩٧٣٤) وقال محققه: حديث صحيح، والنسائي (الكبرى) (٢٩٢٠)، والحاكم (١٧٣/٤) وصححه و وافقه الذهبي.



ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مێردەکەم (صفوان کوڕی معطل) گەر نوێژدەکەم لێمدەدا و گەر بەڕۆژوو دەبم ڕۆژووەکەم پێدەشکێنێت. و نوێژی بەیانی ناکات هەتا خۆر هەڵدێت، پێغەمبەرﷺ لەو کاتەدا: (صفوانی له لا بوو) پرسیاری ئەوەی لێکرد کە ژنەکەی وتبووی صەفوان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی کە دەڵێت: ((یضربني اذا صلیت، فانها (فانها تقوم بسورَتي التي اقرأها فتقرأ بها))[٥٨٩] (فأنها سورتین))[٥٩٠] واتە: هەندێك نوێژ لێ قەدەغەدەکات ئەوە لەبەر ئەومیە، ئەویش ئەو دوو سورەتە دەخوێنێت کە من لە نوێژدا دەیخوێنم، ئەو کارەشی دەبێتە پەکخستن و دواخستنی من، من چەند جار ئەومم لێ قەدەغەکردووە. پێغەمبەرﷺ بەژنەکەی فەرموو: ([لو کانت سورةً واحدةً لکفتِ الناس][لو قرأها الناس ما ضرك]) واتە: (ئەگەر هەر یەك سورەت بێت ئەوە بەشی هەموو خەڵکی دەکات، گەر تۆش بیخوێنیت بەشی تۆش دەکات و هیچ زیانت پێ ناگات).

صەفوان وتی: وە ئەو قسەشی کە دەڵێت: ڕۆژووەکەم پێدەشکێنێت ئەگەر بەڕۆژوو بووم، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە لە خۆیەوە بەڕۆژوو دەبێت وە منیش پیاوێکی گەنجم و ئارام ناگرم. پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەدا فەرمووی: ((لا تصوم امرأة الا بأذن زوجها])) واتە:(هیچ ژنێك نابێت بە بێ ئیزنی مێردەکەی بەڕۆژوو بێت)، ئینجا وتی: (واما قولها: لا اصلي حتى تطلع الشمس، فانا اهل بیتٍ (عُرف لنا ذلك)). واتە: (بەڵام ئەو قسەیەشی کە دەڵێت نوێژناکەم هەتا خۆر هەڵدێت ئەوەش لەبەر ئەومیە ئێمە بنەماڵەیەکین بەوە ناسراوین. خەبەرمان نابێتەوە هەتا خۆر هەڵدێت). هەروەها (فاني ثقیل الرأس وانا من اهل بیت یعرفون بذاك بثقل (الرؤوس))[٥٩١]. واتە: (منیش بەتایبەت خەوم قورسە وەلە خێزانێکم هەموومان بە خەو قورسی ناسراوین)، پێغەمبەرﷺ فەرموی:[فاذا استیقظت فَصَلِّ]))[٥٩٢] واتە:

(٥٨٩) أخرجه: الامام الطحاوي في (شرح مشكل الاثار) (٢١٨١).

(٥٩٠) في رواية ابي داود (٢٤٥٩).

(٥٩١) في رواية أحمد في (المسند) (١١٧٥٩) وقال محققه: اسناده صحيح.

(٥٩٢) أخرجه: أحمد في (المسند) (٣/٨٠-٨٥)، وأبو داود في (السنن) (٢٤٥٩)، والحاكم في (المستدرك) (١/٤٣٦) وصححه على شرطهما ووافقه الذهبي، وقال الحافظ ابن حجر العسقلاني في (الاصابة) (٥/١٥٣): اسناده صحيح، وابن حبان في (الصحيح) (١٤٨٨) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما، و ابو يعلى (١٠٣٧)

صەفوان هەر کات کە خەبەرت بۆوە نوێژەکەت بکە). (تێبینی: ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئێمەش هەر کات خەبەرمان بووە بەبەردەوامی ئیتر نوێژ بکەین چونکە لەو سەردەمەدا هیچ هۆکارێکی وانەبوو بۆ خەبەر بوونەوە وەک ئێستا بەڵام ئیستا سوپاس بۆ خوا چەندین جۆر مۆبایل و سەعاتی ئاگادار کردنەوە هەیە).

٧- ژن نابێت لە ماڵی هاوسەریدا ڕێ بە هیچ کەسێك بدات بێتە ناو ماڵ تەنها بە ڕەزامەندی هاوسەرەکەی نەبێت:

یەکێکی تر لە مافەکانی مێرد بە سەرژنەوە ئەوەیە کەنابێت هیچ کەسێك بێنێتە ناو ماڵ وجێگای مێردەکەی بەبێ ڕەزامەندی خۆی وەک پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((... فحقكم عليهنَّ ان لايوطئنَ فرشكم من تكرهون ولا يأذن في بيوتكم لمن تكرهون))[٥٩٣]. واتە: (مافی ئێوە لەسەر ژنان، ئەوەیە ڕێگە نەدن هیچ کەس بێتە ناو ماڵ و جێگاتان بەبێ ڕەزامەندی ئێوە). ئەبو هورەیرەش ﷺ دەگێڕێتەوە کەپێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لا يحلُّ للمرأةِ.....، ولا تاذَنَ في بيته إلاّ بإذنه))[٥٩٤]. واتە: (ئافرەتی بۆی نیە ڕێگەی هاتنە ناو ماڵی مێردەکەی بدات بۆ هیچ کەسێك بەبێ ڕێگە پێدانی مێردەکەی).

٨-ژن دەبێت بەردەوام بێت لە ژیان بەسەر بردن لەگەڵ هاوسەرەکەیدا و داوای تەلاق و خلع (واتە: داماڵین) لەمێردەکەی نە کات بەبێ بوونی هۆکاری شەرعی:

مافێکی تری مێرد بەسەر ژنەکەیەوە، ئەوەیەکە کە بەردەوام پێداگر و پارێزکار بێت لە ژیان بەسەربردن لەگەڵ مێردەکەی و داوای تەلاق نەکات بەبێ هۆکار پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((أيَّما أمرأةٍ سألت زَوجها الطلاقَ مِن غير

وقال محققه: اسناده صحيح، وصححه الشيخ الألباني في (ارواء الغليل) (١٠٠٤)، وفي (الصحيحة) (٢١٧٢، ٣٩٥)، وفي (صحيح ابي داود) (٢١٤٧)، وفي (صحيح الجامع) (٥٢٩٣).

(٥٩٣) أخرجه: الترمذي في (السنن) (١١٦٣)، وابن ماجة في (السنن) (١٨٥١)، وصححه الشيخ الالباني في (ارواء الغليل) (٢٠٣٠).

(٥٩٤) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٩/٢٩٥/٥١٩٥)، ومسلم في (الصحيح) (١٠٢٦)، وأبو داود (٢٤٥٨).

بأسٍ فَحرامٌ عليها رائحَة الجَّنة))[٥٩٥] واتە: (هەر ئافرەتێك داوای تەلاق لە مێردەکەی بکات بەبێ بوونی هیچ کێشەیەك، ئەوە بۆنی بەهەشتی لێ حەرام کراوە). لە گێڕانەوەیەکی تردا ((... وانَّ ريحها تُوجَدُ من مسيرةِ اربعينَ سنةٍ))[٥٩٦]. واتە: (بۆنەکەی لە ڕێگەڕۆیشتنی چل ساڵدا بۆن دەکرێت). وەلە گێڕانەوەیەکی تردا ((...وانَّ ريحها لتوجَدُ من مسيرةِ سبعينَ عاماً))[٥٩٧]. واتە: (بۆنەکەی لە ڕێگەڕۆیشتنی حەفتا ساڵدا بۆن دەکرێت). وەلە گێڕانەوەیەکی تردا ((...ان ريحها لتُوجَدُ من مسيرة مائةَ عام))[٥٩٨]. (واتە: بۆنەکەی لە ڕێگە ڕۆیشتنی سەد ساڵدا بۆن دەکرێت). وەلە گێڕانەوەیەکی تردا ((...وان ريحها (ريح الجَّنة)) لتُوجَدُ من مسيرةِ خمسمائةِ عامٍ))[٥٩٩]. واتە:(...بۆنەکەی. لە ڕێگەڕۆیشتنی پێنج سەد ساڵدا بۆن دەکرێت).

لەو جیاوازی کردنەدا دەردەکەوێت کە دووری و نزیکی ئادەمیزاد لە بەهەشتەوە بە پێی گوێڕایەڵی ئەو کەسە دەبێت بۆ خوای گەورە، هەر ئەوە وا دەکات خاوەنەکەی بۆنی بەهەشت لە دووری چل ساڵ هەتا پێنج سەد ساڵ بۆن بکات.

---

(٥٩٥) أخرجه: الترمذي في (السنن) (١١٨٧) و (٢/ ٣٢٩، ١١٩٩)، وأبو داود في (السنن) (٢٢٦٩) وكذلك في (٦/ ٣٠٨، ٢٤٠٩)، وابن ماجة في (السنن) (١/ ٦٦٢، ٢٠٥٥)، وصححه الشيخ الالباني في (الارواء) (٢٠٣٥)، وفي (صحيح ابي داود) (١٩٤٧)، وفي (صحيح سنن ابن ماجة) (١٦٧٢)، وفي (صحيح سنن الترمذي) (٩٤٨)، وفي (المشكاة) (٣٤٧٩)، وفي (صحيح الجامع) (٢٧٠٦).

(٥٩٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (١: ١٩٤٩)، ومسلم في (الصحيح) (٦٩١٤).

(٥٩٧) أخرجه: الترمذي في (السنن) (١٤٠٣) وقال: حسن صحيح، وابن ماجة في (السنن) (٢٦٨٧)، والنسائي في (السنن) (٨/ ٢٥)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن الترمذي) (١١٣٢)، وفي (صحيح سنن ابن ماجة) (٢١٧٦)، وفي (الصحيحة) (٢٣٠٧).

(٥٩٨) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٧٣٨٢) وقال الشيخ الارناؤوط: اسناده صحيح على شرط البخاري، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٣٠٦).

(٥٩٩) أخرجه: الحاكم في (المستدرك) (١/ ٤٤) وصححه على شرط مسلم ووافقه الذهبي، وابن حبان في (الصحيح) (٧٣٨٣) وقال محققه: حديث صحيح، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) كما في (ترتيب صحيح الجامع) (٣: ١٠٥) (٥)، وفي (الصحيحة) (٢٣٠٧)، وفي رواية أحمد في (المسند) (٤/ ٦١): [...ان ريحها لتوجد من مسيرة تسعين عاما] ورجاله رجال الصحيح، كما قال الهيثمي في (مجمع الزوائد) (٦/ ٢٩٣).

هەر ئافرەتێك داوای جیابوونەوە و خۆداماڵین بکات لە مێردەکەی بێهیچ هۆیەك، ئەو ئافرەتە وادەکات بە دووڕوو بژمێررێت. عوقبەی کوڕی عامر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((... انَّ المختلعات والمنتزعات هُنَّ المنافقات))[٦٠٠]. واتە:(ئەوانە داوای خۆجیاکردنەوە وخۆداماڵین دەکەن لە مێردەکانیان ئەوانە دوو ڕوون).

٩-پێویستە ژن هەڵسوکەوتی لەگەڵ خزمەکانی هاوسەرەکەیدا باش بێت:

مافی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە، ئەوەیە کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ باوك و دایکی مێردەکەی و خزمەکانی باش بێت، ئافرەت چاکەی لەگەڵ پیاوەکەی نەکردووە گەر لەگەڵ باوك و دایکی مێردەکەی یان خزمەکانی خراپ بێت. دەبێت مافی مێردەکەی پێش بخات بەسەر مافەکانی، وە مافی خۆی و خزمەکانیشی پێش بخات بەسەر مافی خزمەکانی خۆی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا۟ بِبَعْضِ مَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ.. ﴿١٩﴾ ﴾ (النساء) واتە: (شوکردنیان لێ قەدەغە مەکەن وە زیانیان پێ مەگەیەنن بۆ ئەوەی هەندێك لە سامانەکانیان بە ناهەق بخۆن مەگەر ئەوان کارێکی زۆر ناشیرین و لاڕێی ئاشکرا ئەنجام بدەن).

ئایا ڕەوشتی ناشرینی ئاشکرا لە ئافرەتدا دەبێت چی بێت؟

ئیبن عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((...الفاحشةُ المبينةُ ان تفحشَ المرأةُ على اهلِ الرجلِ وتُؤذيهم))[٦٠١]. واتە: (خراپەکاری دیار ئەوەیە ژن بەرامبەر کەس و کاری مێردەکەی بێ ڕێزی بکات و بەقسە ئازاریان بدات). پێویستە موسوڵمان ئاگاداربێت لەوەی ئازاری خەڵکی نەدات بەقسەی قێزەون ((ابراهيم بن المسيرة

(٦٠٠) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢/ ٢١٤)، والنسائي في (السنن) (٦/ ١٦٨)، والترمذي في (السنن) (١١٨٦) وفي (٢/ ٣٢٩، ١١٩٨) طبعة دار الفكر ١٩٨٣ م والطبراني في (الكبير) (٧/ ٢٨٩)، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٦٣٢)، وفي (صحيح الجامع) (٦٦٨١، ١٩٣٨)، وفي (صحيح سنن النسائي) (٣٢٣٨)، وفي (صحيح سنن الترمذي) (٩٤٧)، وفي (المشكاة) (٣٢٩٠).

(٦٠١) أخرجه: الطبري في (التفسير) (٢٦٥٤٢)، والبيهقي في (السنن الكبرى) (١٥٨٩٨)، وقال ابن الملقن في (مختصر بدر المنير) رقم (٢١٦٠): اسناده صحيح.



رحمه الله)) دەفەرموێت: (الفاحش المتفحش يوم القيامة في صورة كلبٍ)[٦٠٢]. واتە: (ئەو کەسەی خاوەنی قەسەی ناشرین و قێزەونە و خەڵکیش بەوە ئازار دەدات لە قیامەتدا شێوازی لەوێنەی سەگدا دەبێت).

لە گێڕانەوەیەکی تردا سەعید کوڕی موسەیەب ﷺ فەرموویەتی: ((ان فاطمة بنت قيس استطالت على احمائها بلسانها فأمر رسول الله ﷺ ان تعتدّ في بيت ابن ام مكتوم وكان كفيفاً...))[٦٠٣]. واتە: (فاطمەی کچی قیس مێردەکەی مرد و مایەوە لایان تا (عدة) کەی تەواو بێت بەڵام زمان درێژی بەرامبەر بە خەزورانی کرد بۆیە پێغەمبەرﷺ فەرمانی کرد کە لەماڵی ئوم مەکتوم بمێنێتەوە و لەوێ (عدة) کەی تەواو بکات، و ئەو کەسەش نابینا بوو).

١٠- دەبێت ژن نەهێنی مێردەکەی وە نەهێنی ماڵەکەی بپارێزێت:

فەرموودەی زۆر هەن کە پێداگری لەسەر مافی مێرد لەسەر ژنەکەی دەکات و گرنگترینیان مافەکانی داپۆشین و پاراستن و بەردەوام بوونە.

یەکێکی تر لە مافەکانی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە نەدرکاندنی نەهێنیەکانی و نەهێنیەکانی ماڵەکەیەتی، بۆیە پێویستە ژن هیچ لە وشتانە نەدرکێنێت، مەترسیدار ترین نەهێنی کە پێویستە ئافرەت لای بمێنێتەوە نەهێنی سەر جێیەو ئەو شتانەیەکە لە نێوان خۆی و مێردەکەی ڕودەدەن. پێغەمبەرﷺ بڵاوکردنەوە ودرکاندنی ئەو نەهێنیانەی قەدەغەکردووە..... ئەسمائی کچی یزید ﷺ لە لای پێغەمبەر بوو و پیاوان و ژنان دانیشتبوون پێغەمبەرﷺ فەرمووی: [لعل رجلاً يقول ما فعل باهله، ولعل امرأة تخبر هما فعلت بما زوجها] فأرمّ القوم، فقلت: اي والله يا رسول الله، انهّم ليفعلون وانهنَّ ليفعلنَ، قال: [فلا تفعلوا، فانّما مثل ذلك مثل شيطان لقي شيطانةً فغشيها، والناسُ ينظرون])[٦٠٤]. واتە: (ڕەنگە پیاوێك باسی ئەوە بکات کە لەگەڵ هاوسەرەکەی کردوویەتی و لەوانیە ژنێك ئەوە باس

(٦٠٢) أخرجه: ابن أبي الدنيا (صمت) (٣٢٦) وقال محققه: اسناده حسن.

(٦٠٣) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) رقم (١٥٩٠٦).

(٦٠٤) أخرجه: أحمد في (المسند) رقم (٢٧٥٨٣)، والطبراني في (االكبير) (١٦٢/٢٤)، والبزار في (المسند) (١٤٥٠)، وحسنه الشيخ الألباني في (اداب الزفاف) (٧٢)، و(صحيح الترغيب) (٢٠٢٢).

بکات کەلەگەڵ مێردەکەی کردوویەتی، خەڵکەکە) بێدەنگ بوون و منیش وتم: بەڵێ سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا پیاوان و ژنان شتی وادەکەن، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (شتی وامەکەن ئەوە وەکو ئەوە وایە کە شەیتانێك بە شەیتانێك دەگات و لەگەڵی جووت دەبێت و خەڵکی سەیریان دەکەن).

ئەبو سەعید ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((انَّ مِن أشرَّ الناس عند الله منزلةً يوم القيامة: الرّجلُ يفضي الى المرأةِ وتُفضي اليه ثم ينشُرُ احدهما سِرّ صاحبِهِ))[٦٠٥]. (خراپ ترین کەس لە ڕوی پلەو شوێنەوە لە لای خوا لە ڕۆژی زیندوبونەوەدا، پیاوێکە دەچێتە لای ژنەکەی و ژنەکەی دەچێتە لای و لەدوایدا هەریەکەیان نهێنی ئەوی تر ئاشکرا دەکەن. لەگێڕانەوەیەکی تردا: [... ثُم يَنشُرِ سرَّها][٦٠٦] واتە: ((بەتایبەت) پیاوەکە نهێنی ژنەکەی ئاشکرا بکات).

١١-پێویستە ئافرەت خۆی بپارێزێت و داوێن پاکی خۆی ڕاگرێت:

یەکێك لەمافەکانی پیاو بەسەر ژنەوە، پاراستنی شەرمفیەتی واتە: (لەسەر ژن پێویستە کەسایەتی و ڕێز و شەرمفی مێردەکەی بپارێزێت) لە ڕێگەی پاراستنی ڕێز و داوێن پاکی خۆی و چاودێری کردنی ماڵەکەی و منداڵەکانی و هەموو کاروبارەکانی ناوەوە و دەرەوەی ماڵ.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿..فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ...﴿٣٤﴾﴾ (النساء). (فَٱلصَّٰلِحَٰتُ) واتە: ژنە باشەکان. (قَٰنِتَٰتٌ): گوێڕایەڵی مێردەکانیانن. (حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ): لەکاتی دیارنەبوونی مێردەکانیان پارێزگاریان لێ دەکەن، واتە: کەسانێکن پارێزگاری لە خۆیان و مێرد وماڵ و منداڵ و نهێنەکانیان دەکەن). (بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ): اي المحفوظ من حفظه الله)[٦٠٧] واتە: (پارێزگاری لەو نەهێنیانە دەکەن کە خودا بەشارەوەی داناون).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((خير النساء

(٦٠٥) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (١٤٣٧)، وأبو داود في (السنن) (٤٨٧٠).

(٦٠٦) أخرجه: مسلم (١٤٣٧)، وانظر (رياض الصالحين) بتخريج الالباني رقم (٦٩٠).

(٦٠٧) انظر (تفسير القرأن العظيم) لابن كثير (١ / ٤٩١).

امرأة اذا نظرت اليها سرتك، واذا امرتها اطاعتك، واذا غبت عنها حفظتك في نفسها ومالها] ثم قرأ رسول الله ﷺ هذه الاية: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ أَمۡوَٰلِهِمۡ .. ﴿٣٤﴾ ﴾ (النساء)))[٦٠٨].

پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: باشترین ئافرەت ئەو ئافرەتەیە کە سەیرت کرد دڵخۆشت بکات، وەگەر فەرمانت پێکرد گوێڕایەڵیت بکات، گەر لەماڵ نەبریت پارێزگاری لە خۆی وە لەمێردەکەی وە لە ماڵەکەی بکات. پاشان پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ... ﴿٣٤﴾ ﴾ (النساء). واتە: (پیاوان چاودێر و باڵا دەستن بەسەر ژنانەوە...).

بۆیە پێویستە ژن جوانیەکەی خۆی دەرنەخات، تەنها بۆ هاوسەرەکەی نەبێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوۡ ءَابَآئِهِنَّ .. وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ (النور) واتە: (بە ژنانی باوەڕدار بڵێ: با چاویان دابخەن لە تەماشای نامەحرەم، عەورەتیشیان بپارێزن لەگوناە زینەت و جوانی و خشڵی خۆیان دەرنەخەن لەئاستی نامەحرەم، بێجگە لەوەی لێ یدەردەکەوێ، واتە: ئەو ئەندامانە نەبێت لەکاتی ئیش و کاری ناومااڵدا دەردەکەون وەك دەم و چاوو هەر دوو دەست با گۆشەی سەرپۆش و لەچکەکانیان بدەن بەسەر سینگیشیاندا تا گەردن و سینگ و بەرۆکیان دەرنەکەوێ و خشڵ و جوانی و زینەتیان «سەرو مل وگوێ و سنگ و قۆڵ و باڵ و قاچیان» دەر نەخەن بۆ مێردەکانیان نەبێت یان بۆ باوکیان، یان بۆ خەزوریان یان بۆ کوڕی خۆیان یان بۆ کوڕانی مێردەکانیان یان بۆ براکانی خۆیان یان بۆ کوڕی براکانیان یان بۆ کوڕی خوشکەکانیان، چونکە ژیان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا کەمتر چاوەڕوانی فیتنەو کاری خراپیان لێوە دەکرێ. جا لەبەر ئەوە بۆ ژنان رەوایە دەست و پێ و قاج و سەرو مل و سینگ لەلای ئەوانەدا دەر بخەن، ئەڵبەتە بۆ مێردەکانیان زیاتریش لەوانە

(٦٠٨) أخرجه: النسائي (٧٢/٢)، والحاكم (٧٦١/٢)، والطيالسي (٢٣٢٥) واللفظ له، وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٨٣٨).

دروستە یا بۆ ژنانی هاوبڕوایانی وەك خۆیان، بەڵام نابێ لەلای ژنێکی پاشگەز بووە، یان لەلای ژنانی جوولەکەو گاوردا خۆیان دەربخەن یان ژنە بەندەکانیان -کەنیزان-، بەڵام زانایان لەنێری کەنیزەی خولامیاندا قسەی جیاوازیان هەیە یان پیاوانی شوێنکەوتووانی ژنان، بێ ئارەزوو بێ نیاز، (لەخزمەتکارو گێلە پیاو) کە هەستی ژن و مێردییان نیە، جا لەبەر پیری، یان لەبەر پەتەڕییان، یان لەبەر ئەوە کەڵکی ژن و مێردییان پێوە نەبێ، مەبەستیشیان لە شوێنکەوتنیان تەنها تێرکردنی ئارەزووی سکیانە یان ئەو منداڵانەی ئاگایان لەبەدەن و جێ شەرمی ژنان نیەو، هێشتا باڵغ نەبوون و کاروباری ژن و مێردی نازانن، دیارە ئەوەش گوناە نییە ژنان دەست و پێ و مل و سنگیان لەلایاندا وەدەرخەن هەروەها ژنان لەکاتی ڕۆیشتندا نابێ پێیان بەزەویدا بدەن کە بزانرێت چ خشڵ و زینەتێکیان داشاردووە. لەسەردەمی نەفامیدا ژنان بەلای خەڵکدا دەڕۆیشتن و توند قاچیان بەزەویدا دەداو خڕەی خرخاڵ و پاوانەو بازنەکانیان دەهات تا پیاوان سەیریان بکات، جا خوای گەورە فەرمووی نابێ ئەو کارە بکەن، ئێستایش گەلێ لە ژنان جۆرە پێڵاوێ لە پێ دەکەن و لەکاتی ڕۆیشتندا تونڕ بەزەویی دەدەن و تەقەی دێت!! کەوابوو ئەی باوەڕداران! هەموتان بەرەو لای خوا بگەڕێنەوەو پەشیمان ببنەوەو چاوتان لەئاستی نامەحرەم دابخەن و عەورەتتان بپارێزن.. بەشکو گشتیان هەم لەدونیاو، هەم لەقیامەت، ڕزگارو بەختیار ببن و، بۆ هەتا هەتایش لەگوناهو سەرپێچی دوور بکەونەوە). و(لبعولتهن): لأزواجهنَّ)[٦٠٩] واتە: (جوانیەکانیان تەنها دەبێت بۆ مێردەکانیان بێت).

لە تەفسیری ئیمامی طەبەری ﷺ دەفەرموێت: (ولايبدين الا ماظهر منها: وتراوه: بريتيه له (الزينة الظاهرة الثياب و قيل: الخاتم و الكحل و الوجه و الكفين).....: واتە: (جوانی ئاشکرا و دیار: ئەموستیلە، و کل، دەموچاو و هەردوو لەپی دەست).

ئیمامی طەبەری ﷺ دەفەرموێت: (ولا يضربن...من زينتهن): لايجعلن في ارجلهن من الحلي ما اذا مشين علم الناس بحركة ما يخفين من ذلك).[٦١٠] واتە: (وا لەپێیان

(٦٠٩) انظر (تفسير وبيان مع اسباب النزول) للسيوطي (ص: ٣٥٣).

(٦١٠) انظر (مختصر تفسير الامام الطبري) (ص: ٣٥٣).



ناکەن خشڵی تێبکەن لەکاتی ڕۆیشتنیان خەڵك بە جوڵانەومیان بزانێت کە پێویستە شاردرابێتەوە. (واتە: پاوانە کردنە پێ.... لەکاتێکدا کە ئافرەتان بە ڕێگادا دەڕۆیشتن دەنگێك لە پاوانەکان دەردەچوو وەك شێوە ئاوازێك خۆی دەنواند ئەوەش دەبووە هۆکارێك بۆ سەرنج ڕاکێشانی پیاوان، جاران لە ناو کوردەواریدا لەهەندێك شوێن ئەوە باو بوو ئێستا ئەو عادەتە نەماوە. بەڵام پیاوی پاژنە بەرز ئافرەتانە ئەم جێگەی ئەوەی گرتووەتەوە و دەبێتەوە جێی سەرنجی پیاوان).

بۆ درێژە دان بەو بابەتە بگەڕێوە بۆ کتێبەکانی تەفسیر وەك تەفسیری (القرطبي و الرازی و فتح القدیر و ایسر التفاسیر و. تفسیر القران العظیم و(تفسیر سورة النور (ابن التیمیة).) هتد.

لەبەر ئەوە ئافرەت پێویستە لەگەڵ خەڵکانی بیانیدا تەنها لە کاتی زەروریدا نەبێت قسە نەکات لەماڵیشدا بە ڕەزامەندی و ڕێ پێدانی مێردەکەی ئەوە بکات.

ئیبنو عومەر ﷺ فەرموویەتی: ((..نهى انْ تكلم النساء (يعني في بيوتهنَّ) الا باذن ازواجِهن)[٦١١]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردووە قسە لەگەڵ ئافرەتانی نامەحرەم بکرێت لە ماڵی خۆیاندا و تەنها بە ڕێ پێدانی مێردەکەی دەبێت. وبەتایبەت لەماڵی مێردەکەیدا لە ڕیوایەتێکی تردا عەمر کوڕی عاص ﷺ دەفەرموێت: (نهانا رسول الله ﷺ ان ندخل على المغيبات [الا باذن ازواجهن])[٦١٢]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردووە لەوەی بچینە ژوورەوە بۆ ماڵێك کەمێردەکەی لە ماڵ نەبێت، تەنها لەکاتێکدا دروستە کە بۆ شتی زۆر پێویست سەردانی ئەو ماڵە بکرێت و چەند کەسێك بن و لەسەر ڕەزامەندی مێردەکەی بێت). هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لا يدخلن رجلٌ بعد يومي هذا على مغيبة الا ومعه

(٦١١) أخرجه: الخرائطي (مكارم الاخلاق) (٨/٢٣٠)، وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٦٥٢).

(٦١٢) أخرجه: أحمد (١٧٧٦١) وقال محققه: حديث صحيح و بشواهد، وابن ابي شيبة (٤/٤١٠) و الزيادة له و للطبراني (الاوسط) (١٣٩١).

رجلٌ أو اثنان))[٦١٣]. واتە: (لەم ڕۆ بەدواوە هیچ پیاوێك (واتە: هەرچەندە خزمیش بێت) بەتەنها نەچێتە ژوورەوە لای ئافرەتێك کە هەر خۆی لە ماڵ بێت مەگەر پیاوێك یان دووانی لەگەڵ دابێت). لە ڕیوایەتێکی تردا: ((ان رسول الله ﷺ نهانا ان ندخل على النساء بغيرإذن أزواجهنَّ))[٦١٤]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردین لە خۆمانەوە بچینە ژوورە بۆ لای ئافرەتی ناو ماڵ بەبێ ڕێگە پێدانی مێردەکەی).

لەسەر ژن پێویستە ئەگەر مێردەکەی لە ماڵەوە نەبوو خۆی نەڕازێنێتەوە. (نەضالەی کچی عەبید ﷺ) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ثلاثة لا تَسألْ عنهم: رجلٌ فارق الجماعة وعصى امامه ومات عاصياً، وامة او عبدٌ ابق من سيده فمات، وامرأة غابها عن زوجها وقد كفاها مؤنة الدنيا فتبرّجت بعده فلا تسال عنهم))[٦١٥]. واتە: (سێ کەسی تیا چوو هەن هەر پرسیاریان لەبارەوەمەکە. پیاوێك لە کۆمەڵ جیابۆتەوە، و لە پێشەواکەی یاخی بووە، و لەسەر یاخی بوونەکەی مردووە، یان بەندەیەك ڕای کردووە لە خزمەتی گەورەکەی و لەسەر ئەو حاڵەی مردووە یان ژنێك مێردەکەی بۆ ئیشو کاری پێویست بەجێی هێشتووە و هەموو پێداویستیەکانی دونیای بۆ دەستە بەر کردووە و ئافرەتەکەش لە دوای ئەو خۆی ڕازاندوەتەوە و چۆتە دەر ئەمانە هەموو هیچ پرسیارێك مەکەن سەبارەت بەگەورەیی تاوانەکانیان).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ..﴿٥٩﴾﴾ (الاحزاب) واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا بەژنانت وە بەکچانت وە بەسەرجەم ئافرەتانی موسوڵمان بڵێ با خۆیان بە تەواوەتی بالا پۆشی بکەن ئەوە کەمترین شتە بۆ ناسینە ومیان کە ئەوان کەنیزەك نین تا ئازار نەدرێن).

---

(٦١٣) أخرجه: مسلم (٢١٧٣)، وأحمد (٦٥٩٤)، والنسائي (الكبرى) (٩٢١٧)، وابن حبان (٥٥٨٥).

(٦١٤) أخرجه: أحمد (١٧٨٠٥) وقال محققه: حديث صحيح، وابن ابي شيبة (٤٠٩/٤)، وابو يعلى (٧٣٤١).

(٦١٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (٦/ ١٩)، والبخاري في (الادب المفرد) (٥٩٠)، وابن حبان في (الصحيح) (٤٥٤١)، والحاكم في (المستدرك) (١/ ١١٩)وصححه ووافقه الذهبي، وابن ابي عاصم في (السنة) (٨٩)، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٥٤٢)، وفي (صحيح الادب المفرد) (٤٥٨)، وفي (صحيح الجامع) (٣٠٥٨).



ئیمامی طەبەری ﷺ دەفەرموێت: مانای ((ذلك ادنى ان يعرفن فلا يؤذين): من مررن بهم، انهن لسن بإماء فكيف عنَّ ايذائهن بقول معروف، او تعرض بريبة)[٦١٦]. واتە: (با ئافرەتان خۆیان بە تەوای دابپۆشن، و ئەوانەی بەلایاندا تێدەپەڕن بیانناس کە ئەوانە کەنیزەك نین یاخود با بەو جۆرەبن تا بەقسە وگومان ئازاریان نەدرێت).

(ومعناى (جلابيبهن): جمع جلباب وهي الملاءة التي تشتمل بها المرأة اي يرخين بعضها على الوجوه اذا خرجن لحاجتهن)[٦١٧]. واتە: (بریتیە لەو عەبایەیی ئافرەت خۆی پێدادەپۆشێت لەگەڵ بەشێك لە دەموچاوی لەو کاتەدا کە بۆ پێویستیەك دەچێتە دەرەوە).

ئەو ئایەتە پیرۆزەی پێشوو فەرمان بەشەرم کردن و خۆداپۆشین دەکات:

١- شەرمکردن و خۆداپۆشین فەرمانێك و نەریتێکی ئافرەتە، ئەو فەرمانە قورئانیە پێویستی ئەو نەریتە دەخاتە ڕوو، پێچەوانەکەی دەرچوونە لە نەریتەکە. چونکە پێکهاتەی ئافرەت بریتیە لە نەرم و نیانی و بێ هێزی، بۆیە خۆیان دەبینەوە کە پێویستیان بە پیاوە تا خۆیان و منداڵەکانیان بپارێزێت هەموو ئەوانە کاردانەومیان لەسەر دەروونیان هەیە، ئەوانە بە سروشتیان هەوڵدەدەن خۆیان خۆشەویست بکەن لای کەسانیتر تا ئەوان بەوشك و قورس و بێ نرخ تەماشان نەکەن، ئافرەتان هەر بەسروشتیان دەترسن لە پیاوانی نەناسراو ئەوەش وا دەکات خۆیان دابپۆشن و خۆیان بپارێزن، چونکە ئافرەت باش دەزانێت کە بەهۆی خۆشیەکی نابەجێوە ڕەنگە ماوەکەی لە نۆخولەك تێنەپەڕێت و ئەوکارە ببێتە ئازار و ناڕەحەتی هەڵگرتنی کۆرپەلە لە سکیدا نۆمانگ و ڕەنگە دوای ئەوەش بەبەخێوکردنی منداڵێکی بێ باوك بۆ ماوەی نۆ ساڵ گیرۆدە بێت، کەوتنە ناو ئەوگریمانەوە ئافرەت دەترسێنێت بە ترساندنێکی ڕاستەقینە لە کەسانی ((بیانی)) و ئەم حاڵەتە وایان لێدەکات دووڕە پەڕێز بن. بونی یادخەرەوە یان خەرەوەی لاواز و بێ هێز دروستە بۆ پارێزگاری کردن و پاڵنانیان بۆ خۆ داپۆشین. بۆ ئەوەی خۆیان لە هەڵچونی ئارەزووی کەسانی بیانی

(٦١٦) انظر (مختصر تفسير الامام الطبري) (ص: ٤٢٦).

(٦١٧) انظر (تفسير الجلالين) (ص: ٥٦٣).

بپارێزن، و تەجاوزکردنە سەریان لێ قەدەغە بکات. هەر ئەو سروشتە ژنانەیە ڕێی خۆداپۆشینی پێشان دەدات کە بۆ ئەو وەک قەڵای پتەو و سەنگەرێکی ئەمین وایە.

٢- پەیوەندی تووندوتۆڵ و خۆشەویستی قوڵی نێوان ژن و مێرد تەنها لەبەر پێویستیەکانی ژیانی دنیا دروست نەبووە:

ژن تەنها خاوەنی مێردەکەی نیە لەژیانی دونیایدا، بەڵکو ئەو ژنە هاوڕێی هەمیشەیی مێردەکەیەتی لە ژیانی ئەبەدی و نەمری و هەتاهەتایی کە بریتیە لە ژیانی بەهەشتی پڕلە خێرو بێر.

جا لەبەر ئەوەی ژن هاوڕێ مێردەکەیەتی لە ژیانی هەمیشەیی دواڕۆژدا بۆیە پێویستە هەر بەچاوی هاوڕێی نەمرییەوە سەیری مێردەکەی بکات، وبێزاری نەکات بە تورەبوون وگومانی خراپ بردن و غیرە کردن. چونکە هاوسەرە باوەڕدارەکەی – بەپێی باوەڕبوونەکەی- تەنها خۆشەویستیەکەی بۆ هاوسەرەکەی لەسەر ژیانی دونیایی نابێت، وە خۆشەویستیەکی ئاژەڵیانە لە خۆی ناگرێت، کە تەنها لەسەردەمی جوانی و لاویدا مێردی خۆی خۆش بوێت، بەڵکو خۆشەویستیەکی هەمیشەییەی پڕ لەڕێزو دڵسۆزیە وبەردەوامە هەتا ژیانی هەتا هەتایی ونەمری ناو بەهەشت. لەبەرامبەر ئەو شتانەی باسکرا پێویستە ئافرەت جوانی خۆی تایبەت بکات بە پیاوەکەی و خۆشەویستیەکەی تەنها هەر بۆ ئەو تەرخان بکات، وەک پێویستیەکی مرۆییانە، ئەگەر وانەبێت ئافرەت شتی زۆری لە دەست دەچێت و کەمی دەست دەکەوێت.

٣- بەختەوەری خێزان لە ژیاندا و بەردەوام بوونی بەبەردەوامی متمانەی نێوان ژن و مێرد و ڕێزگرتنی شیاو خۆشەویستی ڕاستی نێوانیان دێتە دی. بەڵام خۆڕازاندنەوەو خۆ دەرخستن ئەو متمانەیە تێک دەدات و ئەو ڕێزو خۆشەویستیە بۆ یەکتری ناهێڵێت.



١٢- دەبێت ژن خزمەتی مێرد و منداڵ و ماڵەکەی بکات:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ..وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَهُۥ..﴿٢﴾ ﴾ (المائدة) واتە: (هاریکاری یەکتری بکەن لەسەرکاری چاکە و خواپەرستی).

ئیمامی عەلی ﷺ دەفەرموێت: (انَّ فاطمة عليها السلامُ شكت ما تلقى في يدها من الرَحى فاتت النبي ﷺ سأله خادماً...)) [٦١٨] واتە: (فاطمە سکاڵای کرد لەو بریانەی کەبەردەوام دەستی توشی دێت بەهۆی زۆر بەکارهێنانی دەستارەوە (چونکە بەدەستارەکەی دانەوێڵەی دەهاڕی بۆ خەڵکی و کاری دەکرد بۆ یارمەتی مێردەکەی و بەڕێ وەچونی ماڵەکەی تا دواجار) هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ داوای خزمەت کارێکی کرد).

ئەسماء ﷺ دەفەرموێت: (كنت اخدمُ الزُبير خدمةِ البيت كُله، وكان له فرسٌ، وكنت اسوسه وكنت احتش له واقوم عليه وأرضخ له النوى)[٦١٩] واتە: (من خزمەتی زوبێر و هەموو ماڵەکەیم دەکرد، و ئەسپێکی هەبوو، من کارەکانیم بۆ بەڕێوە دەبرد، واتە: بۆم زین دەکردو گیام دەخستە بەردەمی و بۆم ئامادە دەکردو ناوکە خورمام بۆ دەهاڕی).

لەگێڕانەوەیەکی تردا ئەسماء ﷺ دەفەرموێت: ((تزوجني الزبير...فكنت اعلف فرسه، واكفيه مؤونته، وأسوسه، وادقُّ النوى لناضحه، وأعلف واستقي الماء، اعجُن، ولم اكن احسن أخبز فكان يخبز لي جارات من الانصار، و كن نسوة صدِق وكنت انقل النّوى من أرض الزبير التي اقطعه رسول الله ﷺ على رأسي و هي مني على ثلثي فرسخ...))[٦٢٠].

واتە: (شوم کرد بەزوبێر من ئالیکم دەدا بەئەسپەکەی و بۆم دەلەومڕاند کارەکانیم بۆ دەبرد بەڕێوە، و ناوکە خورمام دەهاڕی بۆوشترە ئاوکێشەکەی و ئاڵفم دەدایە و دەچووم ئاوم بەکونە دەکێشا و هەویرم دەشێلا بەڵام نەم دەزانی نان بە تەنور دروست بکەم، لەو کارەدا هەندێك ئافرەتی درواسێکانم

(٦١٨) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦٣١٨)

(٦١٩) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢٦٩٧٢)وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما و أخرجه ايضاً مسلم (٢١٨٢) والطبراني (الكبير) (٢٤/ (٢٥٠).

(٦٢٠) أخرجه: البخاري (٣١٥١)، ومسلم (٢١٨٢)، وأحمد (٢٦٩٣٧)، والنسائي (الكبرى) (١٩٧٠).

لە ئەنصار یارمەتیان دەدام و نانیان بۆ دەکردم بەڕاستی ئەوان ژنی ڕاستەقینە بوون، هەروەها ناوکە خورماکانم دەخستە سەر سەرم ودەمگێوزانەوە لەو پارچە زوێیی زوبێر کە پێغەمبەر ﷺ پێی بەخشیبوو وماوەی دوو لەسەر سێی فەرسەخێك لێم دووربوو. خزمەتکردنی مێرد لەلایەن ژنەکەیەوە ئەرکە بە پێی ئایەتەکەی خوای گەورە کە دەفەرموێت:﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ أَمْوَٰلِهِمْ .. ﴿٣٤﴾﴾ (النساء) (طەبەری دەفەرموێت: (الرجال قوامون على النساء): اهل قيام على نسائهم في تأديبهنَّ والأخذ على ايديهنَّ، فيما يجب عليهن لله، ولانفسهم))[٦٢١] واتە: (پیاوان خاوەنی ژنانن لە پەروەردەکردنیان و دەستگرتنیان و ئەوەی کە خواکردوویەتی بەئەرك بەسەریانەوە (واتە: خزمەت کردنی مێرد).

وەضهميرەی کوڕی حەبیب ﷺ دەفەرموێت:(قضى رسول الله ﷺ على ابنتهِ فاطمة بخدمة البيت، وقضى على عليٍ بما كان خارجاً من البيت)[٦٢٢]. وهذا وان كان ضعيفاً الا انَّ خدمة المرأة لزوجها واجبةٌ على أرجح أقوال المحقيقين، والخدمة المذكورة يجب ان تكون بالمعروف وفي حدود استطاعة الزوجة فخدمة البدوية ليست كخدمة القروية و خدمة القويةِ ليست كخدمة الضعيفة)[٦٢٣]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ ئەرکی خزمەت کردنی ناومالّی خستە ئەستۆی فاتیمە و ئەرکی بەڕێوە چوونی دەرەوەی مالّی خستە ئەستۆی عەلی ﷺ). ئەم فەرموودیە هەرچەندە سەنەدەکەشی (لاوازە)، بەلاّم خزمەت کردنی مێرد ئەرکێکی پێویستی سەر شانی ژنە بەگوێرەی بەهێزترین وتەکانی زانا لێکۆڵەرەوەکان، ئەو خزمەتەش پێویستە لە سنوری چاکە ونەریتدا بێت وە لە گوێرەی تواناکانی ژن دابێت چونکە ئەرکی ئافرەتێکی دەوارنشین وەك ئەرکی ئافرەتێکی لادێ نشین نیە و توانای ئافرەتێکی بەهێز وەك توانای ئافرەتێکی لاوازنیە).

وەئیمامی سیوطیش ﷺ دەفەرموێت:(الرجال قوامون على النساء): اي مسلطون على النساء يؤدبونهن ويأخذون على ايديهن (بما فضل الله بعضهم على بعض) أي

(٦٢١) انظر (مختصر تفسير الامام الطبري) (ص: ٨٤).

(٦٢٢) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (٢٩٦٧٧) وقال محققه: مرسل ضعيف.

(٦٢٣) أنظر: (الفتاوى الكبرى) لشيخ الاسلام ابن تيمية (٢/ ٢٣٤)، و (آداب الزفاف) الشيخ الألباني (١٨٠) و (الانشراح في اداب النكاح) للشيخ ابي اسحاق الحويني رقم (٨٩).



بتفضيله لهم عليهن بالعلم والعقل والولاية...)[٦٢٤] واتە: (پیاوان دەسەڵاتیان بەسەر ژناندا هەیە بۆ ئەوەی پەروەردەیان بکەن و لەسەر دەستی ئەوان ئەدەب فێربن. چونکە لە ڕووی زانین و ژیریی و چاودێریەوە پیاو پێش ئافرەت خراوە یاخود: بە دانی مارمیی و نەفەقەو پێدانی بژێوی کەبەهۆیەوە ورەکان هاندەدرێن و ماندو بوون ئازارەکان کەم دەکرێتەوە. ئەوەش دان پێدانان نیە بە یاسای دەسەڵاتی ئابوری یان دەست گرتنی ئەو کەسانەی کە بەرهەم دەهێنن و کاردەکەن بەسەر ئەو کەسانەی کە ناتوانن کاسبی بکەن و شت بەرهەم بهێنین، بەڵکو سوپاسگوزاریە بۆ هەوڵدانی مێرد و ڕێز گرتنە لەقوربانیدانەکانی و هاندان و بەردەوام بوون و پێداگرییە لەمافەکان).

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ..وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ..﴿٢٢٨﴾ ﴾: (البقرة) واتە: (پیاوان پلەیەکی زیادەیان بەسەر ئافرەتاندا هەیە).

وماناى (وللرجال عليهن درجة): (فضيلة في الحق من وجوب طاعتهن لهم لما ساقوه من المهر والانفاق (منزلة وفضيلة الرعاية والانفاق)[٦٢٥]. واتە: (ئەوەش پلەی پیاوە، و هاوسەرەکەی پێویستە گوێڕایەڵی بێت، چونکە پیاو مارمیی وخەرجی ژنانیان لە ئەستۆدایە کەواتە: ئەو پلەیە ڕێز و چاودێری و دابین کردنی پێویستیەکانی ژنە زیاد بوونی پلەی پیاو بەوەیە کە خاوەن عەقڵ و هێزە و توانای بەسەر نەفەقەکردن و دانی خوێن یان میرات یان جیهاد کردنی هەیە).

ئیبنو لعەربی دەڵێت: «خۆزگەم بەو بەندەیەی کەبێ دەنگ دەبێت سەبارەت بەو شتانەی کەنایزانێت بە تایبەتی لە قورئانەکەی خوای گەورە، چونکە کەسی عاقڵ چاکەی پیاوی بەسەر ژنەوە لێ ون نابێت، و هەر ئەوەش بەسەکە لە بنچینەدا ئافرەت لە پیاوەوە بەدیهێنراوە، و بۆ پیاو هەیە ژن لەهەڵسوکەوتێك قەدەغە بکات کەبە ئیزنی ئەو نەبێت، ئەوتا نابێت بەڕۆژوو بێت بەبێ ڕێ پێدانی ئەو وە نابێت فەریزەی حەج ئەنجام بدات لەگەڵ ئەو نەبێت».

---

(٦٢٤) انظر: (تفسير الجلالين) للسيوطي (ص: ١١٠).

(٦٢٥) انظر: (تفسير الجلالين) للسيوطي (ص: ٤٨).

وه ئیمامی شه‌عه‌بی ﷺ فه‌رموویه‌تی: «ئه‌و پله زیاده‌ی پیاو هه‌یه‌تی به‌سه‌ر ژنه‌وه بریتیه له‌و مارمییه‌ی که مێرد ده‌ی به‌خشێته ئافرەت، وه هه‌ر چۆنێك بێت ئه‌و پله‌یه سه‌رومری مێرد دەردەخات و ژن به‌ئاگا دێنێته‌وه که‌مافی پیاو له‌پێشتره به‌سه‌ریه‌وه له مافی خۆی به‌سه‌ر مێرده‌که‌ی له‌به‌ر ئه‌وەشه که پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموویه‌تی: ((...ولو صلح لبشر ان يسجد لبشرٍ لامرات المرأة ان تسجُدَ لزوجها لعظيم حقِه عليها))[٦٢٦] واته: (ئه‌گه‌ر شیاو بوایه ئادەمیزاد کڕنوشی بۆ ئادەمیزاد ببردایه، ئه‌وه فه‌رمانم دەرکرد ژن کڕنوشی بۆ مێرده‌که‌ی ببردایه له‌به‌ر ئه‌و هه‌موو مافه گه‌ورەیه‌ی که مێرد به‌سه‌ریه‌وه هه‌یه‌تی)». وه له گێڕانه‌وەیه‌کی تردا پێغه‌مبه‌ر ﷺ دەفه‌رموێت: ((...لما عظم الله عليها من حقه))[٦٢٧] واته: (له‌به‌ر ئه‌و مافه‌ی مێرد که خوا به گه‌وره داناوه).

وئیبنو عه‌باس ﷺ دەفه‌رموێت: "پله هێمایه‌که بۆ هاندانی پیاوان تا هه‌ڵسوکه‌وتیان له‌گه‌ڵ ژنان باش بێت و دەستکراوه بن له‌گه‌ڵ ژناندا له ڕووی ماڵ و ڕەوشت به‌رزیه‌وه، وزیاتریش هاندانه بۆ ئارامگرتن له‌گه‌ڵیاندا".

ئیبنو عه‌طیسیه ﷺ دەڵێت: وته‌که‌ی (ئیبن عه‌باس) وته‌یه‌وکی باشی دەرکه‌ووتووه، وه ماوردیش دەڵێت: (پێدەچێت مانای ئه‌و پله زیاده‌ی پیاو هه‌یه‌تی به‌سه‌ر ئافرەته‌وه له‌بواری مافه‌کانی (زەواج) دابێت، ئه‌وه تا مافی جیابوونه‌وه و گۆڕایه‌ڵیبوونی سه‌ر جێگا به‌دەست پیاوه و ئه‌و سه‌رپه‌رشته به‌سه‌ریدا وه مارمیی پیاویش له‌به‌رامبه‌ر گوێ ڕایه‌ڵی ئافرەتدایه و گرێ به‌ستی هاوسه‌ریه‌تی گرێبه‌ستێکی کراوەیه و ئه‌و جۆره گرێبه‌ستانه‌ش نه‌ریت و باو تیایدا دەور دەبینێت، و له هه‌موو نه‌ریته‌کانی دونیاشدا ئافرەت خزمه‌تی مێرد وه منداڵ و ماڵه‌که‌ی دەکات)، پێغه‌مبه‌ریش ﷺ دەفه‌رموێت: ((...فإنَّما هنَّ عوانٍ عِندكُم))[٦٢٨] واته: (چونکه ئه‌وان له لای ئێوه وەك دیلن.....).

---

(٦٢٦) أخرجه: أحمد (١٢٦١٤) وقال محققه: حسن، و النسائي (٢٦٥)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٧٧٢٥).

(٦٢٧) أخرجه: ابن حبان (٤١٦٢) وقال محققه: اسناده حسن.

(٦٢٨) أخرجه: الترمذي (١١٦٣)، و ابن ماجة (١٨٥١)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (١٩٣٠).



وئەبو سەعدی ساعدی ﷺ: (دعا النبي ﷺ لعرسه فكانت امرأته خدَمهُم يومئذٍ وهي عروس)[٦٢٩] واتە: (ئەبو سەعد) دەعوتی پێغەمبەری ﷺ کرد بۆ نان خواردنی ژن گواستنەوەکەی لەو کاتەدا ژنەکەی کە تازە بوک بوو چێشت و نانی بۆ دروست دەکردن و خزمەتی دەکردن.

١٣-ژن دەبێت منەت بەسەر مێردەکەیدا نەکات:

مافێکی تری مێرد بەسەر ژنەکەیەوە ئەوەیە کە منەتی بەسەردا نەکات بەهۆی ئەو پارەیەی خۆی کەخەرجی دەکات بۆ خۆی ومندالەکانی و لە مالەکەیدا. چونکە منەت کردن پاداشت پوچەڵدەکاتەوە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ كَٱلَّذِي .. ﴿٢٦٤﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (بڕوادارن چاکەکانتان پوچ مەکەنەوە بەمنەت کردن و ئازاردان).هەروەها خوای گەورە هەواڵمان پێدەدات کە لێبوردن وتەی باش چاکترە لەچاکەیەك ئازاردانی بەدواوە بێت:خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَوۡلٞ مَّعۡرُوفٞ وَمَغۡفِرَةٌ خَيۡرٞ مِّن صَدَقَةٖ يَتۡبَعُهَآ أَذٗىۗ .. ﴿٢٦٣﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (وتەیەکی چاك و لێبوردنێك چاکترە لە چاکەیەك ئازارێکی بەدوادا بێت).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (ثلاثة لايكلمهم الله ولا ينظر اليهم يوم القيامة ولايزكيهم:المَنان والمسبل...))[٦٣٠]. (سێ کەس خوای گەورە ناياندوێنێت و تەماشایان ناکات و لەگوناهەکانیان پاکیان ناکاتەوە: یەکەمیان: کەسێکی منەت کارە.....).

و لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((ثلاثة لاينظر الله اليهم يوم القيامة:...، والمنان بما اعطى))[٦٣١]. واتە: (سێ کەس هەن خوای گەورە

(٦٢٩) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٨٣)، والبيهقي في (سنن الكبرى) (٩١٧٠).

(٦٣٠) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (١٠٦)، وأبو داود في (السنن) ٠٤٠٨٧)، والترمذي في (السنن) (١٢١٠) وقال حديث حسن، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن الترمذي) (٩٦٧): صحيح، وفي (صحيح سنن النسائي) (٤١٥٢)، وابن حبان في (الصحيح) (٤٩٠٧) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما.

(٦٣١) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢/ ١٣٤)، والنسائي في (السنن) (٥/ ٨٠) والحاكم في (المستدرك) (٤/ ١٤٦)

لە رۆژی قیامەتدا لێیان ناڕوانێت وەگفتوگۆیانن لەگەڵدا ناکات... سێهەمیان: کەسێکە بەخشینی بەمنەتەوە ئەنجام داوە).

ئەبو ئومامەش ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((ثلاثة لايُقبلُ مِنهم يومَ القيامةِ صرفٌ ولا عدلٌ:عاق ومنان ومكذِبٌ بالقدر))[٦٣٢]. واتە: (سێ کەس هەن لە قیامەتدا خوا لێیان نابوڕێت وهیچ کارێك ناکاتە هۆی سڕینەوەی خراپەکانیان: ئەوانەش: کەسێکە ئازاری باوك ودایکی دابێت، پاشان کەسێکە منەتکار بوو بێت، پاشان کەسێکە قەزاوقەدەری خوا بەدرۆ دەزانێت).

موعاذی کوڕی جەبەل ﷺ فەرموویەتی: (من حق الزوج على زوجته:... وان تعينه فيما امكن وان لاتمُنَّ عليه بمالها وان لاتمنع مالها منه)[٦٣٣]. واتە: (لەمافی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە.... یارمەتی دانی مێردەکەیەتی بە پێی توانا و منەت نەکردنە بەسەریدا وماڵ و سامانی خۆی لەمێردەکەی قەدەغە نەکات).

١٤- دەبێت ژن مێردەکەی هان بدات لەسەر ئەنجامدانی چاکە و دووركەوتنەوە لە خراپە:

ژن هاوڕێ و شەریکی ژیانی مێردەکەیەتی و پێویستە چاکترین کەس بێت بۆ ئەو هاوڕێیەتی، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((خيرُ الأصحابِ عندَ الله تعالى خيرُهُم لصاحبِهِ، وخيرالجيرانِ عند اللهِ تعالى خيرهِم لجارِهِ))[٦٣٤]. واتە: (باشترین هاوڕێ لەلای خوای گەورە ئەو هاوڕێیەیە کە باشترین کەسە بۆ هاوڕێکەی، وباشترین دراوسێ ئەو دراوسێیەیە کە باشترین کەسە بۆ دراوسێکەی). دەبێت ژن مێردەکەی هان بدات بۆ گوێڕایەڵی بوون بە ئاینەکەیەوە و بەخواپەرستی و

وصححه ووافقه الذهبي، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن النسائي) رقم (٢٤٠٢)، وابن حبان في (الصحيح) (٧٣٤٠) وقال محققه: اسناده صحيح.

(٦٣٢) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) (٧٥٤٧)، وقال الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٤/ ٣٩١)، وفي (صحيح الجامع) (٣٠٦٥): حسن.

(٦٣٣) انظر: (شريكة حياتي) (ص: ٨).

(٦٣٤) أخرجه: الترمذي (١٩٤٤)، والبخاري (الادب الفرد) (١١٥)، وأحمد (٦٥٦٦) وقال محققه: اسناده قوي، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٢٥٦٨) و(صحيح الادب المفرد) (٨٤).

بە کاسپی و دەسخستنی حەلاڵەوە، و یارمەتی بدات و ڕەوشتی مێردەکەی بۆ باشترین خوڕەوشت بگۆڕێت.

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...رَحِمَ الله امرأة قامَت من الليل فصلت وايقظت زوجها فصلى فان ابى نضحت في وجهه الماء...))[٦٣٥] واتە: (ڕەحمەتی خوا لەو ژنەی کە شەو هەڵدەستێت و نوێژەکات و مێردەکەی خەبەر دەکاتەوە ئەگەر خەبەری نەبۆوە یان هەڵنەستا ئاو دەپرژێنێت بەسەر دەموچاویدا.)

ئەنەس ﷺ لەم بارەیەوە بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: ((اتى رجلٌ النبي ﷺ فقال: يا رسول الله ان لفلان نخلةً وانا اقيم حائطي بها، فَمَرة يُعطني اقيم بها حائطي، فقال ﷺ: [اعطه ايّاها بنخلةٍ في الجنة] فابى فاتاه ابو الدحداح فقال: بعني نخلتك بحائطي، ففعل،، فاتى ابو الدحداح النبي ﷺ فقال: يارسول الله اني قد ابتعت النخلة بحائطي فاجعلها له فقد اعطيتكها فقال ﷺ: [كم من عذقٍ رَدَاحٍ اي(مدلي) لابي الدحداح في الجَنة] قالها مراراً، فاتى ابو الدحداح امرأته، فقال: يا ام الدحداح اخرجي من الحائط فقد بعته بنخلةٍ في الجَنَة، فقالت: ربح البيع)[٦٣٦]. واتە: (پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺو پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، فلانە کەس دارخورمایەکی هەیە، من سنوری دیواری باخەکەمی پێ ڕاست دەکەمەوە، و فەرمانی پێ بکە ئەو دارخورمایەم بداتێ تا سنوری باخەکەمی پێ ڕاست بکەمەوە، پێغەمبەرﷺ بە پیاوی خاوەن دارخورماکەی فەرموو: ئەو دارخورمایەی بدەرێ بە دارخورمایەك لەبەهەشتدا.پیاوەکە ئەوەی نەکرد لەو کاتەدا ئەبو دەحداح هاتە لای ئەو پیاوە و پێی وت: دارخورماکەتم پێ بفرۆشە بەفلانە باخە دارخورمای من، کابراش ڕازیی بوو دارخورماکەی پێ بفرۆشێت، پاشان ئەبودحداح هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دارخورماکەم لە کابرا کڕی بەفلانە باخە

(٦٣٥) أخرجه: أبو داود (١٣٠٨)، و النسائي (٣/٢٠٥، وابن ماجة (١٣٣٦)، وابن خزيمة (٢/١٨٣)، و ابن حبان (٢٥٥٨)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٦٢٥)، و (صحيح ابن ماجة) (١٠٩٩).

(٦٣٦) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٢٤٨٢) وقال محققه: اسناده صحيح على شرط مسلم، والطبراني في (المعجم الكبير) مجلد(٢٢) رقم (٧٦٣)، والحاكم في (المستدرك) (٢/٢٠) وصححه على شرط مسلم ووافقه الذهبي، وابن حبان في (الصحيح) (٧١٥٩) وقال محققه: اسناده صحيح على شرط مسلم.

خورماکەم و منیش ئەو دارخورمایەم بەخشیە تۆ و بیدەرە ئەو پیاوە. پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((ئای چەندەدارخورمای پەل شۆڕ لەبەهەشتدا بۆ ئەبو دەحداح دەبێت)) و پێغەمبەر ﷺ چەندها جار ئەم وتەیەی دووبارە دەکردەوە، ئینجا ئەبو دحداحیش گەڕایەوە بۆلای فلانە باخە خورماکەی کە بەکابری فرۆشت بوو لەو باخەدا ژنەکەی ئەبو دحداح و منداڵەکانی خۆی تیابوون، ئەبودحداح لە دوورەوە هاواری لە ژنەکەی کرد وتی: دایکی دەحداح لەباخەکە وەرە دەرەوە چونکە من هەموویم فرۆشتووە بە دارخورمایەك لەبەهەشتدا ئوم و دەحداحیش وتی: بەڕاستی لەفرۆشتنەکەدا قازانجت کرد، بەڕاستی لەفەرۆشتنەکەدا قازانجت کرد).

١٥-دەبێت ژن هەڵسوکەوت و ڕەوشتی باش بێت لەگەڵ مێردەکەیدا و ئازاری نەدات:

ژن دەبێت مێردی خۆی خۆش بوێت و زۆر دڵگران بێت لەو کاتانەی مێردەکەی لە ماڵەوە نیە، و پارێزگاری لێ بکات لەکاتی ئامادەبوون وئامادە نەبوونیدا، وهەمیشە لە هەموو دۆخەکاندا وەهەوڵ بدات تا دڵخۆشی بکات و ناپاکی لە داوێنی خۆی و ماڵەکەیدا نەکات و کەم قسە بێت لەگەڵ دراوسێیەکانیدا، وەپێویستە ژن سوپاسی مێردەکەی بکات و دان بە چاکەکانیدا بنێت و ستایشی بکات.

ئیبنو عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لاينظر الله الى امرأةٍ لاتشكُرُ لزوجِها وهي لاتستغني عنهُ))[٦٣٧]. واتە: خوای گەورە ناڕوانێتە ژنێك پێنەزان بێت و سوپاسی مێردەکەی نەکات لە کاتێکدا پێویستی پێیەتی (وژیانی بێ ئەو ناگوزمرێت).

عەبدولڕەحمانی کوڕی شبل ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((... إنَّ الفُسَّاقَ هُم أهلُ النارِ. قيل: يا رسولَ اللهِ، ومَنِ الفُسَّاقُ؟ قال: النِّساءُ. قال رجُلٌ:

(٦٣٧) أخرجه: النسائي في (السنن) (١/ ٨٤) وفي (السنن الكبرى) (٩١٣٥)، والحاكم في (المستدرك) (٢/ ١٩٠) صححه ووافقه الذهبي، وقال ابن حجر الهيثمي في (مجمع الزوائد) (٤/ ٣٠٩): رواه البزار واحد اسناده رجاله رجال الصحيح، وقال الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٨٩): اسناده صحيح.

يا رسولَ اللهِ، أَوَلَسْنَ أُمَّهاتِنا، وأَخَواتِنا، وأَزْواجَنا؟ قال: بلى، ولكنَّهم إذا أُعطِينَ لم يَشكُرْنَ، وإذا ابتُلِينَ لم يَصبِرْنَ.))[٦٣٨]. واتە: (.... بەڕاستی گوناهبارەکان لەکەسانی ناو ئاگرن) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا گوناهبارەکان کێن؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ژنانن) پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئایە ئەوان دایکمان نین و خوشکمان نین و هاوسەرمان نین؟ پێغەمبەرﷺ فەمووی: بەڵێ، بەڵام ئەوانەن گەر شتیان پێ بەخشرا سوپاس گوزار نین، وەگەر دووچاری بەڵایەك هاتن ئارام گرنین).

موعاذی کوڕی جەبەل ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لاتُؤذي امرأةٌ زوجها في الدنيا إلاَّ قالت زوجُته من الحور العين:لا تؤذيهِ قاتلكِ الله فانَّما هو عندكِ دخيلٌ يُوشِكُ ان يفارقكِ الينا))[٦٣٩]. واتە: (هەر ژنێك ئازاری مێردەکەی بدات لە دونیادا، لەو لا ژنەکەی لە حۆریەکانی بەهەشت دەڵێت: ئازاری مەدە هەی خودا بەکوشتنت بەرێت، ئەو لە لای تۆ کاتیە ونزیکە لە تۆ جیابێتەوە و بگاتە لامان) پێویستە ئافرەت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ڕەوشت بەرز بێت، تا کارەکەی لێ تێك نەچێت، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((...إن سوءَ الخُلقُ يفسِدُ العُمل كما يُفسِدُ الخلُّ العَسَل))[٦٤٠] واتە: (ڕەوشت خراپی کار تێك دەدات وەك چۆن سرکە هەنگوین تێك دەدات).

١٦-دەبێت ژن لە مالّی خۆی ئارام بگرێت و نەچێتەدەر ئەگەر بۆ مزگەوتیش بێت بەبێ ڕەزامەندی مێرد:

مافێکی تر لە مافەکانی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە ئەوەیە کەنابێت هەتا بۆ مزگەوتیش لە مالّەوە بچێتە دەرەوە تەنها بەڕەزامەندی ئەو نەبێت، پێویستە ژن مالّی خۆی زوو زوو بەبێ هۆ بەجێ نەهێڵێت ونەچێتەدەر.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ

(٦٣٨) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٥٥٣١) وقال محققه: حديث صحيح.

(٦٣٩) أخرجه: أحمد في (المسند) (٥/٢٤٢) والترمذي (١١٨٤)، وابن ماجة في (السنن) رقم (٢٠١٤)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٧٣)، وتخريج (رياض الصالحين) رقم (٢٩٣).

(٦٤٠) انظر: (صحيح الجامع) للشيخ الألباني (١٧٦).

ٱلْأُولَىٰ رِزْقًا..﴿٣٣﴾ (الأحزاب) واتە: (خۆگرین لەمانەوە لەماڵەکانتاندا وەک زەمانی نەفامی خۆتان مەڕازێننەوە وەمچنە دەر لەماڵ).

ئیمامی طەبەری ﷺ دەفەرموێت مانای: (تبرج الجاهلية الاولى): ماكان قبل الاسلام.وجاء فيه اختلاف كثير:فقيل: ما بين ادم ونوح، وقيل: ما بين عيسا ومحمد عليهما السلام). [٦٤١]واتە: مەبەست لەسەردەمی نەفامی پێش ئیسلامەوە هەندێك وتویانە: ئەوە مەبەست لەسەردەمی نێوان نوح و ابراهیم، وە وتراوە: مەبەست لەسەردەمی نێوان (عیسا-محمد) (عليهما السلام).

موعازی کوڕی جەبەل ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا يحل لامرأةٍ تؤمن بالله و اليوم الاخر ان تأذن في بيت زوجها وهوكاره، ولا تخرج وهو كاره، و لا تطيع فيه أحداً، و لا تخشن بصدره، ولا تعتزل فراشه ولا تضرُّ به وفان كان هو اظلم منها فاتأته حتى ترضيه، فان هو رضي وقبل منها فبها و نعمت، قبل الله عذرها و أفلج حجتها ولا اثم عليها، وان هو ابى ان يرضى عنها فقد ابلغت عندالله عذرها))[٦٤٢]. واتە: (ژنێك باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی هەبێت بۆی نیە ڕێگەی کەسێك بدات بۆ هاتنە ژوورەوەی ماڵی مێردەکەی و ئەو پێی ناخۆش بێت، ومنابێت لەماڵ بچێتەدەر ومێردەکەی پێی ناخۆش بێت، ومنابێت گوێڕایەڵی قسەی هیچ کەسێك بێت دژ بە مێردەکەی، ومنابێت دڵی ئازار بدات ومنابێت خۆی لێ دوور بگرێت لەسەر جێگادا و سەرجێی لەگەڵدا نەکات ومنابێت زیانی پێبگەیەنێت و پەیوەندی لەگەڵدا بپچڕێنێت و ئازاری بدات هەرچەندە هەڵە و ستەمی مێردەکەیشی لەو زیاتربێت پێویستە ئەو بێت تاڕازی بکات، گەر مێردەکەی لە خۆی و کارەکانی ڕازی بوو ئەوە چاکترە و لەجێی خۆیەتی و خودای گەورە پاساوی لێ قبوڵ دەکات و بەڵگەی بەهێز دەبێت و هیچ تاوانێکی لەسەر نابێت وەگەر مێردەکەی هەر لێی ڕازی نەبێت ئەو کات (ئافرەتەکە) ئەوەی لە توانایدا بوو بێت جێبەجێکردووە و هیچ بەڵگەیەکی لەلای خوا بەسەرەوە نەماوە).

(٦٤١) انظر: (مختصر تفسير الطبري) (ص: ٤٢٢).

(٦٤٢) أخرجه: البيهقي (الكبرى) (٧/١٨٩) (رقم: ١٥٠٨١)، والحاكم (٢/١٨٩)، وصححه والطيالسي (١٩٥١)، والطبراني (الكبير) (٢٠/٢١٠)، وقال الشيخ ابي اسحاق الحويني في (الانشراح في اداب النكاح) رقم (٨٣): حديث حسن.



سفوری ئافرەت بە هۆی زۆر چوونە دەرەوەیە لەماڵ، زۆر چوونە دەرەوەش بەهۆی زۆری جل بەرگ و جوانکاریەکانە ئەوانەش دەبێتە هۆی خوڕازاندنەوەی شەیتانیش دەی چەسپێنێت لەدڵیدا کە تۆزۆر جوانیت و هەموو کەس سەرسامە پێت.

ئیمامی عمر ﷺ دەفەرموێت: (...ان أحداهنَّ اذا كثرت ثيابها و حسنَتْ زينتها أعجبها الخروج))[٦٤٣]. واتە: (ئافرەت کە جل و بەرگی زۆر بوو وەخشڵەکانی جوان بوو ئەو کات حەز لەچوونە دەرەو دەکات).

وە ئیبن مەسعود ﷺ دەفەرموێت: ((...انَّ المرأة اذا خرجت من بيتها استشرفها الشيطان وقال لها: انَّك لا تُمرَّين باحدٍ الاَّ أعجب بك))[٦٤٤]. واتە: (ئافرەت گەر لە ماڵەوە چوو دەر شەیتان جوانی دەکات لە پێش چاوی خەڵکی و بە ئافرەتەکەش دەڵێت: تۆ بەڵای هەر کەسێکدا بڕۆیت بە جوانی تۆ سەرسام دەبێت).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لايحل للمرأة ان تصوم وزوجها شاهدٌ إلاَّ باذنهِ ولاتاذن في بيته إلاَّ باذنِهِ))[٦٤٥]. (بۆ ژن ڕەوا نیە بە ڕۆژوو بێت و مێردەکەی ئامادەبێت بە بێ ڕێپێدانی ئەو، وە بۆی نیە لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە یاخود ڕێگەی یەکێك بدات بێتە ناو ماڵ بەبێ ئیزنی ئەو).

زانای گەورە ئیبن تەیمیە ﷺ دەفەرموێت: (لا يحل للزوجة ان تخرج من بيتها الا بأذنه (اي: زوجه) ولا يحل لاحدٍ ان يأخذها اليه... واذا اخرجت (اي:المرأة) من داره بغير اذنه فلا نفقة لها و لاكسوة)[٦٤٦]. واتە: (بۆ ژن ڕەوانیە لە ماڵەکەی بەبێ ئیزنی مێردەکەی بچێتە دەرێ، وەبۆ هیچ کەسێك ڕەوانیە ئەو ژنە لە ماڵ و مێردی خۆی دوورخاتەوە، و هەر ئافرەتێکیش بەبێ ئیزنی مێردی لە ماڵ چووە دەرەوە نەپۆشاك و نەخەرجی لەلایەن مێردەوە نادرێتێ).

---

(٦٤٣) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (١٨٠٠٧)، و ابن ابي الدنيا (الاشراف) (١٥٨).

(٦٤٤) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (١٨٠٠٦)، و الطبراني (الكبير) (٩٤٧٨، ٩٤٨١).

(٦٤٥) أخرجه: البخاري (٥١٩٥)، ومسلم (١٠٢٦)، وأبو داود (٢٤٥٨).

(٦٤٦) انظر: (مجموع الفتاوى) (٣٤/ ٢٨١).

١٧- دەبێت ژن خۆی بڕازێنێتەوەو خۆی جوان بکات بۆ مێردەکەی و ڕوخۆش و بەزەردەخەندە بێت بۆی و ڕوی لێ گرژ نەکات:

لەمافی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە ئەوەیە خۆی بۆ بڕازێنێتەوەو خۆی بۆ جوان بکات و هەمیشە بەخەندە بێت لە ڕوویدا و خۆی لێ ڕوگرژ نەکات، وەبەشێوەیەك خۆی نیشان نەدات ڕقی لێی ببێتەوە، وە باشتر وایە ژن خۆی بۆ مێردەکەی بە کل و بۆنی خۆش و هەموو جۆرە خۆڕازاندنەوە یەك خۆی جوان بکات تا پەیوەندی نێوانیان بە خۆشەویستی بەردەوام بێت، بە پێی فەرموودەکەی پێغەمبەرﷺ کە دەفەرموێت: ((خيرُ النساء من سرّكَ اذا ابصرت، وتطيعك اذا امرت، وتحفظ غيبتك في نفسها ومالك)) [٦٤٧].واتە: (باشترین ژن ئەوەیە ئەگەر چاوت پێی کەوت دڵخۆشت بکات و گوێڕایەڵیت بکات ئەگەر فەرمانت پێکرد، و لەکاتی چوونە دەرەوەت خۆی و ماڵ و سامانت بپارێزێت).

سەعد ﷺ پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((ثلاثة من السعادة المرأة الصالحة تراها فَتُعجبك وتغيب عنها فتامنها على نفسها ومالك)) [٦٤٨]. (سێ شت دەبنە بەختەوەری مرۆڤ لەوانە: ئافرەتێکی باش کە بینیت پێی سەرسام و دڵخۆش بیت و ئەگەر دیارنەبوویت لە گیانی وەلە ناموست و ماڵ و سامانت دڵنیابیت).

عەبدوڵڵای کوڕی عباس ﷺ لە تەفسیری ئایەتی (وعاشروهن بالمعروف) و (ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف) فەرمویەتی: (اني أحبُ ان اتزيّن للمرأةِ كما أُحبُ ان تتزيّن لي)[٦٤٩]. واتە: (من پێم خۆشە خۆم بۆ ژنم بڕازێنمەوە وەك چۆن پێم خۆشە ئەو خۆیم بۆ بڕازێنێتەوە.

لە گێڕانەوەکەی ئیبنو جریر ﷺ داهاتووە: (اني لأتزين لامرأتي كما تتزين لي)[٦٥٠] واتە: (من خۆم بۆ ژنەکەم دەڕازێنمەوە وەك چۆن ئەو خۆی بۆ من دەڕازێنێتەوە و خۆی جوان دەکات.)

(٦٤٧) أخرجه: النسائي (٢/٧٢)، والحاكم وصححه و وافقه الذهبي، و الطيالسي (٢٣٢٥) واللفظ له، وحسنه الشيخ الألباني في (الصححة) (١٨٣٨)، و(صحيح الجامع) (٣٢٩٩).

(٦٤٨) أخرجه: الحكم (٢/١٦٢) وصححه، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (١٩١٥).

(٦٤٩) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (١٩٦٠٨)، و الطبري.في (التفسير) (٤٧٦٨)، البيهقي في (السنن الكبرى) رقم الحديث (١٥٠٩٤).

(٦٥٠) أخرجه: ابن جرير (التفسير) (٢/٤٥٣)، و القرطبي (التفسير) (٣/٣١٨).



زۆر سەیرە هەندێك ئافرەت خۆی پشت گوێ دەخات لەکاتێکدا لە ماڵەوەیە و هاوسەریشی بوونی هەیە، کەلەماڵەوەیش دەچێتە دەرەوە زیاد لە پێویست بایەخ بە خۆی دەدات، وەك وتراوە (قرد في البيت غزال في الشارع): (لە ماڵەوە مەیمونەو لەسەر شەقامیش ئاسکە). کەواتە ئەی هاوسەری بەڕێز لە خوا بترسە لە خۆت ومێردەکەتدا، چونکە مێردەکەت شایستەترین کەسە کە تۆ خۆتی بۆ بڕازێنیتەوە و خۆتی بۆ جوان بکەیت، وە ئاگادار بە لە خۆ جوانکردنت بۆ ئەو کەسانەی کەتۆ بۆت نیە بیانبینیت، ئەوە کارێکی ناڕەوایە.

زانایان دەڵێن: خۆڕازاندنەوەی پیاوان بە پێی جیاوازی گوزەرانیان ئەوان ئەو کارە بە پێی لێهاتن و شارەزایی و ڕێکەوتن ئەنجام دەدەن ڕەنگە خۆ جوانکردن لە کاتێك بۆ کاتێکی تر نەشێت، خۆ ڕازاندنەوەی گەنجی بۆ سەردەمی پیری ناشێت و بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە هی سەردەمی پیری بۆ کاتی لاوی نەگونجێت. هەروەها بۆ پۆشینیش. ئەمانە هەموویان لە پێویستیەکانی مافن. پیاو شتێك بەکاردەهێنێت لێی بووشێتەوە، بۆ ئەوەی ژنەکەی دڵخۆش بکات و لە پیاوانی تر بیپارێزێت.

بەڵام: بۆن، سیواك و کراسی جوان و داهێنانی قژو پاکی و نینۆك کردن، ئەمانە خەڵکی هەموویان لەسەری کۆکن.

بۆیە کردن جگە لەڕەنگی ڕەش و مستیلە بۆ پیران و لاوان جوانییە ئەوەش لە خۆڕازاندنەوەی پیاوانە کە لە سورەتی (نحل) و شوێنانی تر لە قورئاندا ڕوونکراوەتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ قَالَ ..﴿٢٦﴾ ﴾ (الاعراف) واتە: (ئەی نەوەی ئادەم ئێمە پۆشاکمان بۆ دابەزاندون و پێمان بەخشیون تا خۆتانی پێ داپۆشن و خۆتانی پێ جوان بکەن و لە ڕاستیشدا پۆشاکی خواپەرستی و گوێ ڕایەڵ بوون بۆ خوا لە پۆشاکەکانی تر باشترە).

ئیبنو کەثیر ﷺ دەفەرموێت: خوای گەورە یادی نیعمەتەکانی خۆی دەخاتە بیری ئادەمیزاد، کە وایلێکردوون جل و بەرگ بپۆشن، جل و بەرگ پۆشین لەش دادەپۆشێت و ئادەمیان پێوە جوان و ڕازاوە دەبن، یەکەمیان واتە: جل و بەرگ ئادەمیزاد دادەپۆشێت و دووەمیان پۆشاکی جوانکاری (ریش) ش خۆی پێدەڕازێنێتەوە).

ئیبنو جریر ﷺ سەبارەت بە مانای (وریشا) دەفەرموێت: لە قسەی عەرەبەکاندا کەلوپەل و ئەوەی لە کراسدا بەدەرەوەیە دەگرێتەوە.

ئیبنو عەباس ﷺ دەڵێت: الریش: واتە: مال و سامان.

موجاهیدو عروە وزیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێن: الریش: واتە: جوانی.

ئیبنو لەهلائی شامی ﷺ دەفەرموێت: (لبس ابو امامة ثوباً جديداً فلما بلغ ترقوته قال الحمدلله الذي كساني ما اواري به عورتي واتجمل به في حياتي..)[٦٥١] واتە: (ئەبو ئومامە جلێکی تازەی لەبەرکرد کاتێك کراسەکەی گەیشتە قورقوراگەی وتی: سوپاس بۆ خوا، کە جل وبەرگێکی وای پێ بەخشین خۆمی پێ داپۆشم و خۆمی پێ جوان بکەم).

وە سەبارەت بەبایەخ دان بەخۆ پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((من كان له شعر فليكرمه))[٦٥٢] واتە: (ئەوەی قژی هەیە با ڕێزی بگرێت)، یان فەرموویەتی: ((ان الله جميل يحب الجمال))[٦٥٣] واتە: (خوای گەورە بۆ خۆی جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ۞ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ ... ٣٢ ﴾ (الاعراف) (خُذُواْ زِينَتَكُمۡ): واتە: (جل

(٦٥١) أخرجه: أحمد (٣٠٥) وقال محققه: اسناده ضعيف، والترمذي (٣٥٦٠)، وابن ماجة (٣٥٥٧)، وابن السني (٢٧٢) وقال محققه: ضعيف، وضعفه الشيخ الألباني في (ضعيف الترمذي) (١/٣٩٣).

(٦٥٢) أخرجه: أبو داود (٤١٦٣)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٥٠٠)، و (صحيح ابي داود) (٣٥٠٩)، و (صحيح الجامع) (٦٤٩٣).

(٦٥٣) أخرجه: مسلم (٩١، ١٤٧)، و أحمد (٣٧٨٩)، وهو وارد في الجمال المادي المشروع خلافا لظن الكثيرين، قاله الشيخ الألباني في تخريج (رياض الصالحين) (٦١٧).



لەبەر بکەن کە ڕازاندنەوەیەکی ئاساییە و خۆتانی پێدادەپۆشن، وە پێیان بڵێ: کێ حەرامی کردووە ئەو پۆشاک و ڕزقە پاک و بەسوودەی کە خودا هێناویەتیە ئاراوە بۆ بەندەکانی).

کەواتە: پێویستە ژن خۆی جوان و ڕازاوە بکات بۆ مێردەکەی بەگوێرەی توانا چونکە ئەوە هاندەری خۆشەویستی و پێکەوە گونجانی هەردوو هاوسەرە، وەک ئافرەتێك لەوەڵامی پێغەمبەردا ﷺ وتی: ((یارسول الله ان المراة اذا لم تتزین لزوجها صلفت عنه))[٦٥٤] واتە: (ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ژن گەر خۆی بۆ مێردەکەی نەڕازێنێتەوە کەم بایەخ دەبێت لای).

١٨- دەبێت ژن هەستێت بە باش پەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆی ومێردەکەی:

مافێکی تری مێرد بەسەر ژنەکەیەوە باش پەروەردەکردنی منداڵەکانیەتی بە ئارامی و واباشە تورەنەبێت لێیان لەپێش چاوی مێردەکەی، نابێت دوعایان لێبکات و قسەی ناشیرینیان یان جنێویان پێبدات چونکە ئەو کارانە دەبێتە ئازاردانی مێرد. بەڵکو پێویستە پەروەردەیان بکات و خواریەکانیان بۆ ڕاست بکاتەوە، ڕێ لە مێردەکەی نەگرێت ئەو هۆکارانە بەکاربهێنێت کەلە پەروەردەکردن و ڕێك کردنیان یارمەتیان دەدات. وە دەبێت چاودێری ماڵ و منداڵەکانی و هەموو کاروباری ماڵەکەی بکات.

چونکە ئیبنو عومەر ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((کلم راعٍ وکُلکُم مسؤولٌ عن رعیَّته، والأمیر راعٍ، والرَّجل راعٍ علی اهل بیته، والمرأة راعیةٌ علی بیتِ زوجها وَوَلدهِ، فکلکم راعٍ، وکلکم مسؤول عن رعیته))[٦٥٥]. واتە:(هەموتان شوانن و هەموتان بەرپرسن لەوەی لە ژێر چاودێریتاندایە، پێشەوا شوانە و چاودێرە بەسەر ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتیدایە، وە پیاو چاودێرو شوانە بەسەر خێزانەکەیەوە، ومژنیش چاودێرە بەسەر ماڵ ومنداڵەکانی مێردەکەیەوە، کەواتە هەموتان شوانن و هەمووشتان بەرپرسن لەوانەی لەژێر چاودێریتان دان).

(٦٥٤) أخرجه: النسائي (٨/ ١٥٩)، وأحمد (٢/ ٤٤٠) وهو صحيح كما قال الشيخ ابا سحاق الحويني في (الأنشراح في اداب النكاح) رقم (٦٢).

(٦٥٥) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٢/ ٣٨٠، ٨٩٣)، ومسلم في (الصحيح) (٣/ ١٤٥٩، ١٨٢٩).

١٩- دەبێت ژن چوار مانگ و دە ڕۆژ پرسە بۆ میردەکەی بگرێت:

ئومو حەبیبە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...لاَيَحِلُ لامرأةٍ تؤمُن باللهِ واليومِ الاخران تُحِدَّ على ميّتٍ فوق ثلاثٍ، إلاّ على زوج اربعة اشهر وعشرا))[٦٥٦].

واتە: (..... هەر ژنێك باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوای هێنا بێت بۆی حەڵاڵ نیە، سێ ڕۆژ پرسە بۆ مردو بگرێت تەنها ژن نەبێت کەبۆی هەیە چوارمانگ و دە ڕۆژ پرسە بۆ میردەکەی بگرێت).

لەگێڕانەوەیەکی تردا: لە زەینەبی کچی ئەبو موسلەمەوە ﷺ دەفەرموێت: (چوم بۆ لای ئوم حەبیبە، خێزانی پێغەمبەر کاتێك باوکی کەناوی ئەبو سوفیان کوڕی حەرب بوو کۆچی دوای کردبوو، لەماڵەکەیدا داوای گوڵاوێکی چەوری زەردباوی کرد و کچە بچکۆڵەیەك کە لەوێدا بوو بۆی هێنا، پاشان هەندێك لەو گوڵاوەی لێداو ئینجا دەستێکی گوڵاوی هێنا بەئەم لاولای ڕوومەتیدا وفەرمووی: سوێند بەخوا پێویستمان بە بەکارهێنانی بۆن خۆشی نیە بەڵام گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو لەسەر مینبەر دەیفەرموو: هەر ئافرەتێك کە باوەڕی بەخوا و بەڕۆژی دوای هەبێت بۆی نیە لە سێ شەو زیاتر پرسە بۆ مردووی دابنێت، تەنها میرد نەبێت کە ژن دەتوانێت چوار مانگ و دەڕۆژ لە پرسە دابێت بۆی).

زەینەب ﷺ دەفەرموێت: لە دوایدا چوومە لای زینبی کچی جەحش ﷺ لەو کاتەدا براکەی کۆچی دوای کردبوو، ئەویش داوای بۆنێکی کرد و کەمێك خۆی پێبۆن خۆش کرد و فەرمووی: سوێند بەخوا من پێویستم بە بۆن نیە بەڵام گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو لەسەر مینبەر دەیفەرموو: ((لايُحِلّ لامرأة تؤمنُ باللهِ واليومِ الاخران تَحِدَّ على ميتٍ فوق ثلاثٍ، الا على زوج اربعة أشهرٍ وعشرا))[٦٥٧]

واتە: (حەڵاڵ نیە بۆ هەر ئافرەتێك باوەڕی بەخوا و بەڕۆژی دوای هەبێت پرسە بۆ

---

(٦٥٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٣٣٤)، ومسلم في (الصحيح) (١٤٨٦)، وأبو داود في (السنن) (٢٢٩٩)، والترمذي في (السنن) (١١٩٥)، والنسائي في (السنن) (٦/ ٢٠١)، وابن ماجة في (السنن) (٢٠٨٤)، وابن حبان في (الصحيح) (٤٣٠٤).

(٦٥٧) أخرجه: البخاري (٥٣٣٤)، و مسلم (١٤٨٦)، وأبو داود (٢٢٩٩)، و الترمذي (١١٩٥).



مردوی دابنێت له سێ ڕۆژ زیاتر تەنها بۆ مێرد نەبێت کە دەتوانێت چوار مانگ و دە ڕۆژ لە پرسەیدا بێت).

پرسە گێڕانی ئافرەت بەوە دەبێت کە قژی نەڕازێنێتەوە و جوانکاری نەکات و چاوی بەکل نەڕێژێت و بۆیە نەکات و جلی ڕەنگاو ڕەنگی زرق وبەرق نەپۆشێت و لەماڵی مێردی مردووی نەچێتە دەر هەتا ئەو ماوەیە تەواو دەبێت.

٢٠- دەبێت ژن بەچاوی سوك و بێ نرخ تەماشای مێردەکەی نەکات و شانازی بەجوانی خۆی نەکات بەسەریدا:

ئەصمەعی ﷺ گێڕاویەتیەوە و فەرموویەتی: «دخلت البادية فاذا انا بامرأة من احسن الناس وجهاً تحت رجل من اقبح الناس وجها فقلت لها: ياهذه اترضين لنفسك ان تكون تحت مثله ؟ فقالت: ياهذا اسكت فقد اسات في قولك لعله احسن فيما بينه وبين خالقه فجعلني ثوابه، او لعلى اسات فيما بيني وبين خالقي فجعله عقوبتي، افلا ارضى بما رضي الله لي ؟ فسكتني»[٦٥٨]. واتە: (چوومە بیابان و گەیشتمە ئاوەدانیەك لە ناکاو ژنێکم بینی لە جوانیدا بێ وێنە بوو لەگەڵ پیاوێك بوو زۆر دزێو ناشیرین بوو، بەژنەکەم وت: تۆ چۆن بۆ خۆت ڕازی دەبیت لە ژێر مارمیی کەسێکی ئاوا دابیت؟ ژنەکە وتی: تۆ بێدەنگ بە، لە قسەکردنەکەتدا خراپت وت، ڕەنگە ئەو باشترین کەس بێت لە نێوان خۆی و خوای خۆیدا و خوداش منی کردووەتە پاداشتی. یان ڕەنگە من خراپ بووبم لەپەیوەندیم لەگەڵ خوای خۆمدا و ئەوەی کردبێتە سزاکەم، ئایە نابێت من ڕازی بم بەوەی خوای گەورە پێی ڕازیە؟ (ئەصمعی) دەڵێت ئیتر بێدەنگی کردم).

٢١-نابێت ژن باسی جوانی ئافرەتێکی بێگانە بۆ مێردەکەی بکات:

ئیبنو مەسعود ﷺ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لاتباشر المرأة المرأة فتصفها لزوجها كانَّه ينظر إليها))[٦٥٩] واتە: (نابێت ئافرەتێك ئافرەتێکی تر بەڕووتی ببینێت، پاشان و بۆ مێردەکەی باس بکات و وەسفی بکات، وەك ئەوەی بەچاوی تەماشای بکات).

---

(٦٥٨) انظر: (ادب الدين والدنيا) (ص:٧٥).

(٦٥٩) أخرجه: البخاري (٥٢٤١)، وابوداود (٢١٥٠)، والترمذي (٢٧٩٢).

بەشی دەیەم

ئامۆژگاریە گشتیەکانی ئیسلام لە ڕونکردنەوەی مافەکانی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە

١- پێویستە ژن سەرومری و ڕێزی مێردەکەی بپارێزێت.

٢- پێویستە پارێزگاری لە کەسایەتی بکات و نرخی بەرز ڕابگرێت.

٣- دەبێت چاودێری ماڵەکەی بکات.

٤- دەبێت ڕێز لەکەسوکاری بگرێت.

٥- دەبێت لە ئامادەبوونیدا ڕێزی بگرێت.

٦- دەبێت لە دیار نەبوونیدا بەگەورەی بزانێت.

٧- ئەوەی ئەو خۆشی دەوێت دەبێت ئەویش خۆشی بوێت هەر چەندە شایستەی خۆشەویستیشی نەبێت.

٨- ڕقی لە و کەسە بێت کە ئەو ڕقی لێیەتی با جێی ڕق لێبوونەومش نەبێت.

٩- بایەخ بەهەموو ئەو شتانە بدات کەئەو بایەخیان پێدەدات.

١٠- ڕوو لەهەموو ئەو شتانە ومرگێڕێت کە ئەو ڕوویان لێومردەگێڕێت.

١١- تورەیی هەبێت بەرامبەر بەهەموو ئەوشتانەی ئەو تورە دەکات.

١٢- ڕازی بێت بەهەموو ئەو شتانەی ئەو ڕازی دەکات.

١٣- ئەگەر کەمی هێنایەوە بەزۆری بزانێت.

١٤- ئەگەر زۆری هێنایەوە سوپاسی بکات.

١٥- لەخەو هەستێت پێش ئەوەی ئەو لەخەو هەستێت.

١٦- بخەوێت دوای ئەوەی ئەو دەخەوێت.

١٧- نەرم و نیان لەسەرخۆ بێت گەر ئەو هەڵچو.

١٨- نەرمی بنوێنێت ئەگەر ئەو ڕەقی نواند.

١٩- ئارام بێت ئەگەر ئەو تورەبوو.

٢٠- خۆی بەنەخۆش نیشان نەدات لە پێش چاویدا.

٢١- خاو نەبێت لەجێ بەجێکردنی داواکارییەکانیدا.

٢٢- نەگریەت لەکاتێکدا ئەو پێدەکەنێت.

٢٣- پێنەکەنێت لەکاتێکدا ئەو دەگری.

٢٤- فەرمانی خۆی بەسەریدا نەسەپێنێت.

٢٥- ناچاری نەکات تا قایل بێت بەڕاوبۆچوونی ئەو.

٢٦- نابێت هەڵسوکەوتی خزمەتکار وکرێ گرتەی لەگەڵ بکات.

٢٧- لەکارەکانیدا بەردەوام ڕەخنەی لێنەگرێت.

٢٨- سوکایەتی بەکارو هەڵسوکەوتەکانی نەکات.

٢٩- لەناو کەسوکاریدا پلەو پایەی بەرز ڕابگرێت.

٣٠- شوێنگە و ڕێزی لەناو دراوسێیەکانیدا بەگەورە بزانێت.

٣١- لەهەموو چاکە یەك ئاگاداری بکاتەوە.

٣٢- هەموو ڕەوشتێکی خراپی خۆی لێ بشارێتەوە.

٣٣- ئەگەر سکاڵای لا کرد بە دەنگییەوە بچێت.

٣٤- ئەگەر سکاڵای لێکرا، لەگەڵیدا بەویژدان بێت.

٣٥- دڵخۆشی بداتەوە ئەگەر ئەو دڵتەنگ بوو.

٣٦- ئەگەر گیروگرفتی هەبووە، لەسەری سوك بکات.

٣٧- شەو نخون بێت لەگەڵیدا ئەگەر نەخۆش بوو.

٣٨- یارمەتی بدات ئەگەر پێویستی پێی هەبوو.

٣٩- بە دەنگیەوە بچێت ئەگەر لە حاڵەتێکی ناخۆش و تەنگە تاویدا بوو.

٤٠- پێشوازی بکات ئەگەر گەڕایەوە ماڵەوە.

٤١- بەڕێی بخات ئەگەر لە ماڵەوە چووە دەرەوە.

٤٢- ئەگەر قسەی کرد وشەی جوانی لەگەڵدا بەکار بهێنێت.

٤٣- چەند بتوانێت ماڵەکەی بۆ پاك بکاتەوە.

٤٤- کەلوپەلەکانی ماڵەوە ڕێك بخات ئەوەندەی لە توانایدا هەبێت.

٤٥- خۆی جوان دەکات چەند خۆ جوانکردنی بۆ بلوێت.

٤٦- لەکردەوەکانیدا باشترینیان دەردەخات.

٤٧- لە ئاماژەکان سوکترینیان دەردەخات.

٤٨- لە مێینەی خۆیدا نەرمو و نیان ترین هەست دەردەخات.

٤٩- لە قسەی پێکەنین ئامێز شیرین و ناسکترینیانی لاباس دەکات.

٥٠- هەوڵدەدات دڵ و چاوی بەخۆشەویستی وجوانی خۆی پڕ بکات.

٥١- هەوڵدەدات هەست و ئارەزووی ڕابکێشێت.

٥٢- بەرامبەر خراپەکانی ئەو چاکە دەکات.

٥٣- بەرامبەر تاوانەکانی لێبوردنی دەبێت.

٥٤- بەرامبەر لێبودرنەکانی قبوڵ کردنی هەبێت.

٥٥- نوێژی خۆبەخشین (تطوع) ناکات بەڕەزامەندی ئەو نەبێت.

٥٦- بەڕۆژووی خۆبەخشین بەڕۆژوو نابێت بەڕەزامەندی ئەو نەبێت.

٥٧- حەجی خۆبەخشین ناکات بەڕەزامەندی ئەو نەبێت.

٥٨- لە ماڵەوە ناچیبتە دەرەوە بە ئیزنی ئەو نەبێت.

٥٩- پێویستە لەماڵی خۆیدا ئارامگر بێت و سەرقاڵی کارەکانی بێت و

چونەسەربان و بەردەرگای کەم بێت.

٦٠- پێویستە کەم دو بێت لەگەڵ دراوسێکانیادا و مالان گەڕ نەبێت و گەر زۆر پێویست نەبوو هاتوچۆی دراوسێکانی نەکات.

٦١- باسی چاکەکانی ژنی بیانی نەکات بۆ مێردەکەی، مەگەر بۆ مەبەستێکی شەرعی نەبێت، وەك مارمبڕین یان شتی تر.

٦٢- بەختیاری مێردەکەی لەهەموو کاروبارێکدا داوا بکات.

٦٣- خۆی پاك و خاوێن ڕابگرێت.

٦٤- بەزمیی بە منداڵەکانیدا بێتەوەو زمانی درێژ نەبێت بەرامبەریان.

٦٥- شانازی بە جوانی و سامانە کەیەوە نەکات.

٦٦- لای هاوڕێکانی مێردەکەی بەبێ نرخ باس نەکات.

٦٧- پێویستە نەرم ونیان و خۆشەویست بێت بۆ مێردەکەی.

٦٨- لە کاتێکدا لەگەڵ مێردەکەی دەبێت، بێزاری دەرنەبڕێت.

٦٩- دوور بێت لەغیرەکردن. (ئیرەیی بردن)

٧٠- داوێن پاك و موسوڵمان و ئارام گربێت.

٧١- بۆی بسەلمێنێت کە هەمیشە خۆشی دەوێت.

٧٢- بەشدار بێت لە خۆشیەکانی مێردەکەیدا و دڵتەنگی و ناخۆشیەکانی خۆی دەرنەخات و خۆشی و بەختیاری بخاتە دڵیەوە.

٧٣- خۆی لە زیادەڕۆی و مەسرەفی زۆر لابدات لەخواردن و خواردنەوە و نەفەقەدا.

٧٤- پاساو بۆ تورە بوونی مێردەکەت بهێنێتەوە.

٧٥- پێویستە گوێ لە بیرو ڕاکانی مێردەکەی بگرێت و ڕای خۆی بەنەرمی ڕابگەیەنێت.

٧٦- پێویستە لەسەر هەموو شتێك بەدوادا چوون دروست نەکات.

٧٧- پێویستە ڕاستگۆو دڵسۆزو بەهەڵمەت بێت.

٧٨- پێویستە زانستەکانی شەرع و هونەری چێشت لێنان و ڕێك خستنی ناو ماڵ فێر ببێت.

٧٩- پێویستە ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات تەنها لە گوناهدا نەبێت.

٨٠- پێویستە پارێزگاری لە نەفس و ماڵی مێردەکەی بکات.

٨١- پێویستە خۆی دوور بگرێت لە هەموو ئەو شتانەی کە پیاوەکەی پێی دڵتەنگ دەبێت.

٨٢- پێویستە لەبەرامبەر مێردەکەی ڕوگرژ نەبێت و بەشێومیەك خۆی نەنوێنێت کە ئەو ڕقی لێی ببێتەوە.

٨٣- پێویستە هیچ کەسێك نەهێنێتە ماڵەوە کە ئەو ڕقی لێببێتەوە.

٨٤- نابێت جێی نوستنی لێ جیابکاتەوە.

٨٥- دەبێت سوێندی مێردەکەی نەشکێنێت و بیباتە سەر.

ئەی ژنی موسوڵمان ئەمانە هەموو مافی مێردەکەت بوون بەسەر تۆوە وەلە هەمان کاتیشدا مافی تۆشە بەسەر مێردەکەتەوە، بۆیە پێویستە بەردەوام هەردوولا هەوڵبدەن ئەم مافانە بەباشی ئەنجام بدەن و بپارێزرێن، وەهەر دووڵاتان چاو لەکەمو کوڕیەکانی یەکتر بپۆشن چونکە بەهۆیەوە خۆشەویستی و ڕەحمەت لە نێوانتاندا بەردەوام دەبێت و ماڵەکان باشتر بەڕێوە دەچن و کۆمەڵگاش بەرەو چاکسازی هەنگاو هەڵدەگرێت.

بەشی یانزەهەم

کۆمەڵێك لەنەهی لێکراوەکان لەقورئان و فەرموودە ڕاستەکاندا هاتوون دەربارەی زەواج و ئەو کارانەی پەیوەندیدارن بەژنانەوە

خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ داوامان لێدەکەن خۆمان بەدووربگرین لەهەندێك کار و ئەنجامیان نەدەین، چونکە بەدووڕکەوتنەوەمان لەو کارانە بەرژەوەندی زۆر و کەڵکێکی لە ئەندازە بەدەرمان دێتە دەست و لە زۆر کاری نا لەبارو ئاژاوەی گەورە خۆمانی پێ لادەدەین. لەو شتانەی کە دەبێت خۆمانی لێ بەدووربگرین هەیانە حەرامکراوە و هەشیانە نەکردنی باشترە (مکروهە) بۆیە پێویستە کەسانی موسوڵمان بەژن و پیاوەوە خۆیانی لێ بەدووربگرن وەك پێغەمبەر ﷺ دەربارەیان دەفەرموێت: ((...مانهيتكم عنه فاجتنبوه.))[٦٦٠] واتە: (ئەوەی من وتومە خۆتانی لێ دووربگرن، ئێوەش لێی دووربکەونەوە). موسوڵمانی کارا هەوڵ دەدات خۆی لەو شتانە بەدوور بگرێت جا حەرام بن یان مکروە بن، و کاری ئیمان و باوەڕ لاوازەکان ئەنجام نادەن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە گوێ بە حرام و مکروە نادەن، چونکە ئاسانکاری لەگەڵ کاری مکروهدا دەبێتە هۆی کەوتنە ناو حەرامەکانەوە، ئەوانەی کە دەبێت کەنارگیری لێبکرێت لە حەرام کراوەکان وەك پاوانی پوش وایە هەرکەسێك لە (مکروهی) ئەنجام دا، ئەوە دوورنیە ئەو شتانەش ئەنجام بدات کەخوای گەورە حەرامی کردوون، دەبێت ئەوە بزانین ئاسانکاری بۆ مکروهکردن ئاسانکارییە بۆ حەرام ئەنجام دان، کەسی موسوڵمان ئەگەر لەبەر خوا وازی لێ هێنان ئەوە پاداشتی لەسەر وەردەگرێت.

لەم ڕوانگەیەوە لەم باسەی خوارەوەدا جیاوازی نەکراوە لە نێوان ئەوەی نەهی حەرام بوونە یاخود نەهی خۆ پاراستنە، و جیاوازی کردنەکە پێویستی بە

---

(٦٦٠)أخرجه: مسلم (١٣١، ١٣٣٧) وابن ماجة (٤/١)، وأحمد (٨٦٦٤) واللفظ له، وانظر الموضوع بتوسع في (كتاب المنهيات) (٩٤/٢) للشيخ محمد بن صالح العثيمين (رحمه الله).

زانیاری هەیە، ئەوەی لەم بەشەدا باس دەکرێت زۆربەی دەچێتە ناو ئەو بەشانەی کە حەرامکراون نەك ئەوانەی نەهیان لێکراوە، ئەو شتە ناشەرعیانەی کە دەبێت کەنارگیریان لێبکرێت و تایبەتمەندن بەکاروبارەکانی ژنانەوە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

١- نەهیکردن لە ژن نەهێنان و خەساندن و کۆکردنەوەی دوو خوشك بەیەکەوە لای یەك پیاو، وە کۆکردنەوەی ئافرەتێك لەگەڵ پورەکەی (لەباوکی) یا خود لەگەڵ پورەکەی (لەدایکی). لەبەر مەترسی لەیەك دابڕان و نەمانی خزمایەتی.

٢- نەهیکردن لە مارەکردنی ژنی باوکی (زڕ دایك) یان ژنی یەکێك لەوانەی لێی حەرامکراون.

٣- نەهیکردن لە مارەکردنی ئەو ئافرەتانەی هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردەدەن (المشرکە) ومنەهی کرد لە(الشغار) واتە: ژن بە ژن وەك ئەوەی بڵێ (من کچەکەی خۆمت لێ مارەدەبڕم یان خوشکەکەم بەو مەرجە تۆش کچەکەت یان خوشکەکەتم لێ مارەببڕیت) ((و هەریەکەیان لەبری ئەوی تریان دەبێت) ئەوەش زۆرداری و قەدەغە کراوە.

٤- نەهیکردن لە مارەکردنی (خۆشی پێدان – المتعە) ئەوەش مارەبڕینێکە هەردوولا لەسەری ڕێکدەکەون تا ماوەیەك، و گرێبەستەکە کۆتای دێت بەکۆتای هاتنی ماوەکەی.

٥- نەهیکردن لە مارەکردنی ئافرەتێك بێ ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە و دووشاهید.

٦- نەهیکردن لەمارەکردنی ئافرەت لەسەر ئافرەت (واتە: ژن نابێت ژن بەشو بدات)وە. نابێت ژن خۆی مارە بکات و خۆی بەشو بدات، وە نابێت بێوەژن مارە بکرێت هەتا پرسی پێنەکرێت و ومنابێت کچیش مارەبکرێت بەبێ ڕەزامەندی خۆی.



٧- نەهێکردن لە داخوازی کردنی پیاوێك لەسەر ئەو ئافرەتەی کە پیاوێکی تر داخوازی کردووە. دوای ئەوەی ڕێگەی پێ دراوە هەتا وازی لێدەهێنێت یان هەتا ڕێی پێدەدات.

٨- نەهێکردن لە داخوازی کردنی ژنێك لە (عیدە)ی مردنی مێردەکەیدا بێت، داخوازیکردنێکی ڕاستەوخۆ، بەڵام بە ئاماژە کردن دەشێت، وە ئافرەتێکی تەڵاقدراو لە تەڵاقی گەڕانەوە (رجعی) بەهیچ جۆرێك نابێت داخوازی بکرێت.

٩- نەهێکردن لەدەرکردنی ئافرەتێکی تەڵاقدراوی گەڕاوە (الطلاق الرجعی). لەماڵەکەیدا.

١٠- نەهێکردن لەچوونە دەرەوەی ئافرەت لە ماڵی مێردەکەی کە هێشتا ئافرەتەکە لە عیدەی تەڵاقی گەڕانەوەدایە.

١١- نەهێکردنی مێرد لە ڕاگرتنی ئافرەتی تەڵاقدراو یان گەڕانەوەی ئافرەتێك کەهێشتا تەڵاقی لەسەر ماوە و مێردەکەشی نایەوێت، تەنها بە مەبەستی درێژبوونەوەی ماوەی گەڕانەوە کەیەتی، و ئەوەش زیانی پێدەگەیەنێت.

١٢- نەهێکردن لەوەی ئافرەت داوا لە مێردەکەی بکات ژنەکەی تری تەڵاق بدات، جا ژن بێت یان داخوازی کرابێت، ئەوەش وەك ئەوەیە ژنێك داوا لە پیاوێکی تر بکات ژنەکەی تەڵاق بدات هەتا ئەو شوی پێ بکات.

١٣- نەهێکردن لەوەی ژن و مێرد باسی سەر جێگای خۆیان بۆ کەسانی تر باس بکەن، وەنەهی کردن لەسارد کردنەوەی ژن لە مێردەکەی یاخود مێرد لە ژنەکەی.

١٤- نەهێکردن لەئافرەت کە بێ ڕێ پێدانی مێردەکەی لە ماڵەکەی سەرف بکات.

١٥- نەهێکردن لەجووت بون لەگەڵ ئافرەت لەکاتی سۆڕی مانگانەی بەڵکو دەبێت دوای پاکبوونە وە بێت و نەهێکراوە لە دواوە لەگەڵی جووت بێت.

١٦- نەهیکراوە کەئافرەت جێی نوستنی مێردەکەی بەجێ بهێڵێت، ئەگەر بەبێ پاساوێکی شەرعی ئەوەی کرد، ئەوە فریشتەکانی خوا لەعنەتی لێدەکەن (واتە: داوا دەکەن خوای گەورە لە ڕەحم و بەزەیی خۆی ئەو ئافرەتە دوور بخاتەوە).

١٧- نەهیکراوە لە ئەزیەتدانی ئافرەتی ناچیزە (واتە: ئەوانەی گوێڕایەڵی مێردەکانیان ناکەن) لەدوای گەڕانەوەی بۆ ژێر گوێڕایەڵی مێردەکەی.

١٨- نەهیکردن لەوەی ئافرەت کەسێك بباتەوە بۆ ماڵی مێردەکەی تەنها بەڕەزامەندی ئەو نەبێت. دەشێت مێردەکەی بەگشتی ڕێی بەژنەکەی بدات ئەگەر پێچەوانەی شەرع نەبێت.

١٩- نەهیکردن لەوەڵام نەدانەوەی بانگهێشت کردن بۆ خواردنی نانی شایی و ژن گواستنەوە بەبێ هۆکاری شەرعی، وە نەهی کراوە لە پیرۆزبایی کردنی بوك و زاوا وەك وتەی (بەخۆشی و بەکوڕی زۆر) چونکە ئەم جۆرە پیرۆزبایی کردنە هی سەردەمی نەفامی بووە، و لەو سەردەمەدا کەچیان خۆشنەویستووە.

٢٠- نەهیکردن لەجووت بونی پیاو لەگەڵ ژنێك سکی لەکەسێکی تر هەبێت. وەقەدەغە کراوە مێرد تۆوی منداڵ بوون لەدەرەوەی منداڵ دانی ئافرەتێکی ئازاد بڕێژێت، تەنها بەڕەزامەندی ئەو نەبێت. وەقەدەغە کراوە مێرد لە درەنگ وەختێکی شەوداو لەناکاو خۆی بکات بەناو ماڵی ژنەکەیدا بێ ئەوەی کاتی گەڕانەوەی بۆ دیاری کردبن بەڵام ئەگەر هەواڵیان بداتێ و ئاگاداریان بکاتەوە لەکاتی گەڕانەوەی ئەوکات گلەیی لێ ناکرێت.

٢١- نەهیکردن لە مێرد مارەیی ژنەکەی بیات و زەوتی بکات بەبێ ئەوەی ژنەکەی پێی خۆش بێت. یان زیان بەژنەکە بگەیەنێت تا مارەیی یەکەی بۆ مێردەکەی بگەڕێنێتەوە. وە نەهیکراوە لە (الظهار) کردن (واتە: بەژنەکەی بڵێت تۆ وەك دایکم یان وەك خوشکم وایت) وە نەهیکراوە لەو کەسە بچێتە لای ئەو ژنەی (ظهاری) پێکراوە تەنها لەدوای کفارەت دان دروستە.

٢٢- نەهیکردن لەوەی مێرد ئارەزووی زیاتر بەلای یەکێك لە ژنەکانیدا بێت و ئەوانی تر پشت گوێ بخات، جگە لە ئارەزووی دڵ ئەویش لەدەسەڵاتدا نیە یان وەلانانی دادپەروەری لەناو ژنەکاندا. یان مارەبڕینی (تحلیل) واتە: کەسێك ژنێك مارەبکاتەوە کەسێ بەسێ تەڵاق درابێت بۆ چەند شەوێك بۆ ئەوەی حەڵاڵ بێت لە مێردی یەکەمی جارێکی تر مارەببڕێتەوە کەپێی دەوترێت (مارەبڕین بە جاش).

٢٣- نەهیکردن لە خۆڕازاندنەوەی ئافرەت و دەرخستنی جوانیەکانی تەنها بۆ مەحرەمی خۆی نەبێت.

٢٤- نەهیکردن لەوەی ئافرەت سفور بێت و جوانی خۆی لە هەموو شوێنێك دەربخات، وە نەهیکراوە ئافرەت بوختانێك بۆ پیاوێك ڕێك بخات کە ئەو پیاوە دەست درێژی لێ کردووە لە پێش یان لە پاش.

٢٥- نەهیکردن لەخۆ ڕووتکردنەوە، یاخود بەڕووتی ڕۆیشتن یان دەرخستنی ڕان بەڕووتی.

٢٦- نەهیکردن لە لاسای کردنەوەی پیاو بەژنان، و لەبەرکردنی جل و بەرگەکانیان. یان لاسای کردنەوەی ژنان بە پیاوان و لەبەرکردنی جلەکانیان، یان لەبەرکردنی جل و بەرگی کورت، و تەنك و تەسك لەکراسی ژنان، یان خۆ چواندن بەکافرو بێ باوەڕان.

٢٧- نەهیکردن لەوتەی ناشیرین، بەتایبەتی وتەی ناشیرینی مێرد بۆ ژنەکەی وەك ئەوەی بڵێت: (قبحك الله) واتە: خوا ڕووت ڕەش بکات.

٢٨- نەهیکردن لەوەی کە ژن شانازی بەسەر مێردەکەیەوە بکات و بە پێچەوانەشەوە.

٢٩- نەهیکردن لەوەی دایکێك بەهۆی منداڵەکەیەوە ئازار بدرێت، یاخود منداڵێك بەهۆی دایکیەوە ئازار بدرێت.نەهیکراوە لە زۆر بڕینی لاقیتەی کچ لەخەتەنەکردندا.

٣٠- نەهیکردن لەسەفەرکردنی ئافرەت بە تەنها لەگەڵ کەسی نامەحرەم. یان تەوقەکردن لەگەڵ ژنی بێگانە، و نەهیکراوە پیاو بە تەنها لەگەڵ ژنی بیانیدا بمێنێتەوە.

٣١- نەهیکردن لە چاو لە دەری و چاو برینە ئافرەتی بیانی، یان چاوبڕکێ لەگەڵ یەکتری کردن.

٣٢- نەهیکردن لە بەڕۆژووبوونی ئافرەت، ڕۆژوی (سوننەت) لەکاتێکدا مێردەکەی بوونی هەبێت تەنها بەڕێ پێدانی ئەو نەبێت.

٣٣- نەهیکراوە ئافرەت لە سێ ڕۆژ زیاتر پرسە بگرێت بەسەر مردوودا تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە مێردەکەی دەمرێت ئەو کات بۆی هەیە چوارمانگ و دەڕۆژ لە پرسەدا بێت.

٣٤- نەهیکراوە ئافرەت بۆن لە خۆی بدات ئەگەر لە ماڵەوە چووە دەرەوە، هەتا ئەگەر بۆ مزگەوتیش بچێت.

٣٥- نەهیکردن لە قەدەغەکردنی ئافرەت لە چوونی بۆ مزگەوت بێ بوونی هۆکار و مەرجێکی شەرعی.

٣٦- نەهیکردن لەو ژنەی کە مێردەکەی دەمرێت، خۆی بۆن خۆش بکات وە قەدەغەیە لێی چاوڕشتن بە کل و بەکارهێنانی خەنەو هەموو جۆرەکانی خۆڕازاندنەوە و بەکارهێنانی خشڵ و لەبەرکردنی جل و بەرگ و کراسی بۆیە کراو. (ئەومیان کە جل و بەرگی خۆڕازاندنەومیە).

٣٧- نەهیکردن لە مارەکردنی ئافرەتی زیناکار یاخود شوکردن بەپیاوێکی زیناکار.

٣٨- نەهیکردن لەوەی نێرەموك بچێتە ژوورەوە بۆلای ئافرەتان.

٣٩- نەهیکردن لەوەی مێرد لە دەم و چاوی ژنەکەی بدات.

٤٠- نەهیکردن لەوەی مێرد ژنەکەی بەتەنها لەماڵەوەدا بەجێ بهێڵێت.

٤١- نەهیکردن لەوەی مێرد بەلێدانی توند و بریندارکەر لەژنەکەی بدات.



٤٢- نەهێکردن لەوەی کۆیلە ژن مارە بکات بەبێ ئیزنی خاوەنەکەی.

٤٣- نەهێکردن لەوەی موسوڵمان ژنی موسوڵمان مارە بکات بۆ کافر یاخود ژنی کافر بۆ خۆی مارە بکات.

٤٤- نەهێکردن لەوەی ژن داوای جیابونەوە (خلع) لە مێردەکەی بکات بەبێ هۆ.

٤٥- نەهێکردن لەوەی ژن سك پڕی خۆی بشارێتەوە لەمێرد یان لەداخوازی کار.

٤٦- نەهێکردن لەوەی مێرد سەر جێبگای ژنەکەی زیاتر لەچوار مانگ بەجێ بهێڵێت.

٤٧- نەهێکردن لەوەی مێرد ژنەکەی تەڵاق بدات لەکاتی سوڕی مانگانەیدا.

٤٨- نەهێکردن لەوەی پیاو ژنێك مارە بکات کە هێشتا مانەوەی مابێت لای مێردەکەی.

٤٩- نەهێکردن لەوەی مێرد تەڵاق بەکار بهێنێت بۆ یاری و سوعبەت.

٥٠- نەهێکردن لە ڕێگرتن لە شوکردنی کچ یان ژن بە هاوسەری گونجاو.

٥١- نەهێکردن لە ڕێگرتن لە گەڕانەوەی ژن بۆلای مێردەکەی دوای ئاشت بوونەوە و پێك هاتنیان.

لە دواجاردا ئەمانەی بەردەستت کۆمەڵێك لەو شتانە بوون کە نەهیان لێکرابوو، لە خوای گەورە داواکارین کەلە گوناە و تاوان بمان پارێزێت ئەو گوناهانەی دیارن و ئەوانەش دیارنین، وە دوورمان بخاتەوە لە هۆکارەکانی تورەییەکەی وە لێمان خۆشبێت -ئامین-.

بەشی دووانزەهەم

هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان

١-پێغەمبەر ﷺ باشترین کەس بوو بۆ خێزانەکانی:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ..﴿١٩﴾﴾ (النساء) واتە: بەچاکە هەڵسو کەوتیان لەگەڵدا بکەن)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿....فَإِمْسَاكٌۢ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌۢ بِإِحْسَٰنٍ....﴿٢٢٩﴾﴾ (البقرة) واتە: (دواجار یان چاك ژیان بردنە سەر لەگەڵ ژندا یان جیا بوونەوە لێی بەجوانی).

سەبارەت بەم باسە چەندەها فەرموودە هەن لەوانە:

لە عائیشە ﵂... دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ((...خَيركُم خَيركُم لأهَلِهِ وأنا خَيركُم لأهلي)) [٦٦١].واتە: (باشترینتان باشترینتانە بۆ هاوسەرەکەی منیش باشترینتانم بۆ هاوسەرەکانم). لەگێڕانەوەیەکی تردا: ((خَيركم خَيركم لِلنِساءِ))[٦٦٢]. (باشترینتان باشترینتانە بۆ ژنان).

عائیشە ﵂ دەفەرموێت: (والله ماضرب رسول الله ﷺ بيده امرأة له قط، ولا خادماً لهُ قط، ولا ضرب بيده شيئا إلاّ أن يجاهد في سبيل الله...))[٦٦٣]. (سوێند بێت بەخوا پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز لە هیچ ژنێکی نەداوەوە هەرگیز لە هیچ خزمەتکارێکی نەداوە، وە بەدەستی خۆی لە هیچ کەسێکی نەداوە، تەنها مەگەر لە پێناوی خوادا جەنگابێت).

لە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((ماضرب رسول الله ﷺ بيده شيئا قط الا ان يجاهد في سبيل الله، ولا ضرب خادماً ولا امرأة))[٦٦٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەستی خۆی هەرگیز لە هیچ کەسێکی نەداوە، مەگەر لەکاتی جەنگدا

(٦٦١) أخرجه: الترمذي (٣٨٩٥)، وابن ماجة (١٩٧٧)، والحاكم (١٧٣/٤) وصححه ووافقه الذهبي، وابن حبان (٤١٦٥) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن الترمذي) (٣٠٥٧)، وفي (الصحيحة) (٢٨٥).

(٦٦٢) أخرجه: الحاكم في (المستدرك) (١٧٣/٤) وصححه ووافقه الذهبي، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيح الجامع) (٣٣١٦).

(٦٦٣) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٢٣٢٨)، والنسائي في (سنن الكبرى) (٩١٦٣).

(٦٦٤) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٧٨)، والدارمي (٢٢١٨)، وأحمد (٢٤٣٤).



بێت لە پێناوی خوا و هەرگیز لە هیچ خزمەتکار و ژنێکی نەداوە).

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: (كان رسول الله ﷺ ارحم الناسَ بالصبيان والعِيال)[٦٦٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو کەس زیاتر بە بەزەیی بوو بۆ منداڵان و خێزان).

وەلەفەرموودەیەکی تردا ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((مارأيتُ أحداً أرحم بالعيال من رسول الله ﷺ))[٦٦٦]. واتە: (هیچ کەسێکم نەدیوە بۆ خێزانەکەی بە بەزەیی تربێت لە پێغەمبەری خوا ﷺ).

ئیمامی عومەر ﷺ دەفەرموێت: (...كنا معشر قريش قوماً نغلب النساء فلما قدمنا المدينة، وجدنا قوماً تُغلبهم نسائهم، فطفق نساءنا يتعلمن من نسائهم فغضبت يوماً على امرأتي، فطفقت تراجعني، فانكرت ان تراجعني فقالت: ماتنكر ان اراجعك فوالله إن أزواج النبي ﷺ ليراجعنه، وتهجره إحداهَن يوماً الى الليل، فقلت: لقد خاب من فعل ذلك منهن وخسر أتأمن احداهُنَ ان يغضب الله عليها لغضب رسول الله ﷺ فاذا هي قد هلكت.... فتبسم رسول الله ﷺ...))[٦٦٧]. (واتە:.... ئێمەی کۆمەڵی قورەیش، کەسانێك بووین بەسەر ژنانماندا زاڵ بووین، کاتێك چووین بۆ مدینە کەسانێکی ترمان بینی ژنانیان بەسەریاندا زاڵ بوون، ئینجا ژنەکانی ئێمەش لەوانەوە فێربوون، ڕۆژێك لە ژنەکەم تورەبووم وکەوتە وەڵام دانەوە لەگەڵمدا منیش ڕێگریم کرد لەو کارەی، ئەو پێی وتم: تۆ ناهێڵیت وەڵامت بدەمەوە و لەگەڵدا تێهەڵبچم سوێند بەخوا هاوسەرەکانی پێغەمبەرﷺ وەڵامی دەدەنەوە، وە هەیانە لەسەرمتای ڕۆژە وەهەتا شەو لەگەڵیدا قسە ناکات، منیش پێم وت: ئەوەی ئەو کارەی کردوە لەوان بێ ئومێد و زەرەر مەند بووە. ئایە یەکێك لەوانە ناترسێت و

---

(٦٦٥) أخرجه البخاري (١٣٠٣)، وابو الشيخ (أخلاق النبي ﷺ)(١٣٨) وقال محققه: صحيح، وابن عساكر (التاريخ) (١٠٧/١١) واللفظ لهُ وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٤٧٩٧) و (السلسلة الصحيحة) (٢٠٨٩).

(٦٦٦) أخرجه: أحمد (١٢/٣)، ومسلم (٢٣١٦)، وأبويعلى (٤١٩٥) وقال محققه: اسناده صحيح.

(٦٦٧) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٩١)، ومسلم في (الصحيح) (١٤٧٩)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٩١٥٧).

بێباکە لەوەی خودا لێی تورەبێت لەبەر تورە بوونی پێغەمبەرەکەی و بچێتە ڕیزی لەناو چووەکانەوە...پاشان ئەوەم بۆ پێغەمبەر ﷺ باس کرد ئەویش خەندەیەك گرتی).؟

ئەسود ﷺ دەڵێت: (سألت عائشة ﷺ :ماكان يصنع النبيﷺ في اهله؟ فقالت: كان يكون في مهنة اهله))[٦٦٨]. واتە: پرسیارم لە عائیشە ﷺ کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لەماڵەوە چی دەکرد، عائیشە ﷺ وتی: لەیارمەتی کارو پیشەی هاوسەرەکانیدا بوو. لەگێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((...كان بشراً من البشر يفلي ثوبه ويحلب شاته ويخدم نفسهُ))[٦٦٩]. واتە: (پێغەمبەرﷺ ئادەمیزادێك بوو وەك ئادەمیزادەکانی تر کراسی خۆی ڕێکدەخست و مەڕەکەی خۆی دەدۆشی و خزمەتی خۆی دەکرد).

لەگێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((...، كان يخصفُ النعل ويرقع الثوب ويخيط...)). واتە: (نەعلەکانی خۆی چاك دەکرد و کراسەکەی پینەدەکرد و دەیدوورییەوە). لەگێڕانەوەیەکی تردا: ((...يخصف نعله ويخيطُ ثوبه ويرقع دلوه))[٦٧٠]. (واتە: نەعلەکانی خۆی چاك دەکرد و پۆشاکەکەی دەدوورییەوە و سەتڵی ماڵەشی پینە دەکرد).

لەگێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((ويعمل مايعمل الرجل في بيته...))[٦٧١]. (واتە: پێغەمبەرﷺ ئەو کارەی دەکرد کە پیاو لەماڵی خۆی دەیکات).

نەبووە لەسەر ڕووی زەویدا پیاوێك بەڕێزترو مامەڵە جوانتر لەگەڵ هاوسەردا وەك پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیە پێویستە ئێمەش بیکەینە سەرمەشق و مامۆستامان،

---

(٦٦٨) أخرجه: البخاري في (٦٧٦) وفي (الأدب المفرد) (٥٣٨)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الادب المفرد) (٤١٨).

(٦٦٩) أخرجه: أحمد (٢٦١٩٤) وقال محققه: حديث صحيح، والبخاري (الأدب المفرد) (٥٤٠)، وابو يعلى (٤٨٧٣) وابن حبان (٥٦٧٥) وقال محققه: اسناده قوي، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الأدب المفرد) (٤٢٠) و (السلسلة الصحيحة) (٦٧١)، وفي (مختصر الشمائل) (٢٩٣).

(٦٧٠) أحمد (٢٤٧٤٩) وقال محققه: حديث صحيح وابن حبان (٥٦٧٦) وقال محققه: اسناده صحيح، والبخاري (الأدب المفرد) (٥٣٩) وصححه الشيخ الألباني في (المشكاة) (٥٨٢٢)، وفي (صحيح الادب المفرد) (٤١٩).

(٦٧١) نفس المصدر السابق.



لێرەشدا چەند نموونە یەك دەهێنینەوە سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵە کردنی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوسەرەکانی:

١- ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((...أتى النبي ﷺ على بعض نسائِهِ... ((وكان أنجشة يحدو بالنساء وكان حسن الصوت)) فقال النبي ﷺ: [يا أنجشة رويدك سوقاً بالقوارير])) [٦٧٢]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ هاتە لای هەندێك لە ژنەکانی وئەنجەشش پیاوێك بوو دیاریکرابوو بۆ لێخوڕینی وشترەکانی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ و دەنگی خۆش بوو) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی ئەنجشە لەسەر خۆ وشترەکان لێخوڕە چونکە ناسك و بەنرخ وەك شوشە).

٢-لە عائیشەوە ﷺ دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إني لاعلم اذا كنت عني راضية واذا كُنتِ عليَّ غضبى] قلت: بم تعلم يا رسول الله ؟ قال: [إذا كُنتِ عليَّ غضبى فحلفِت قلت: كلا ورب ابراهيم، واذا كنت عني رَاضية قُلتِ: كلا ورب محمد] قلت: صدَقْت يا رسول الله ما اهجرُ إلاّ أسمك)) [٦٧٣]. واتە: (من دەزانم کەی تۆ لە من ڕازیت، دەزانم کەی تۆ لەمن تووڕەیت(...) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەچیدا دەزانیت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر تۆ لەمن تووڕەبیت و سوێندت خوارد. دەڵێت:نا سوێند بەخوای ئیبراهیم... و ئەگەر تۆ لە من ڕازی بیت، دەڵێت: نا سوێند بەخوای محمد. وتم: ڕاستت فەرموو ئەی پێغەمبەری خوا تۆ بەجێ ناهێڵم تەنها ناوەکەت نەبێت).

٣-لە عائیشەوە ﷺ دەفەرموێت: (جلست احدى عشرة امرأة فَتعاهدنَ وتَعاقدن أن لا يكتمن من أخبار ازواجهن شيئاً:

قالت الاولى: زوجي لحمُ جَملٍ غثَ على رأس جبل وعر لا سهلٍ فَيُرتقى ولا سمين فينتقل. ((اي: بعيد عن الخير سيء الخلق متكبر بخيل)).

وقالت الثانية: زوجي لا ابثُ خَبَرُه إني أخاف ان لا أذره، ان أذكره أذكر عُجرهُ وبُجرهُ. ((اي: كثير المعايب مُبتعِدُ النفس عن المكارم)).

---

(٦٧٢) أخرجه: البخاري (١٨٦٥)، ومسلم (١٦٤٢)، وانظر: (صحيح الادب المفرد) (١٩٩).

(٦٧٣) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥٢٢٨)، ومسلم في (الصحيح) (٦٢٥٥)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٩١٥٦).

قالت الثالثة: زوجي العَشنَق، أن أنطَق اطلق، وان أسكُت اعلَّق. ((اي: هو يملك امر نفسه وهو المقدام الشرس سوء الخلق لا يتحمل كلامها)).

وقالت الرابعة: زوجي كلَيل تهامة، لاحَرَّ ولاقرَّ، ولا مخافةٌ ولاسامة. ((اي: جميل العشرة معتدل الحال مؤمن الشرّ والاذى ولا ملل عنده فيسأم وهي معه في لذيذ العيش)).

وقالت الخامسة: زوجي ان دخل فَهِدَ، وان خرج أسدَ، ولايسألُ عما عَهِدَ. ((اي: اذا دخل البيت نام وغفل عن اعمال البيت واذا خرج كان شجاعا ولا يسأل عن متاع واحوال البيت)).

وقالت السادسة: زوجي أن أكل لفَّ، وأن شربَ اشتفَّ، وان اضطجع إلتَفَّ، ولا يولج الكفَّ ليعلم البثَّ. ((اي: اكول شروب وعديم الشفقة وغير مهتم بزوجته....)).

وقالت السابعة: زوجي عَياياءُ (او غياياء) طابقاء، كل داءٍ له داءُ، شجك او فلّك او جمع كلاّلك. ((اي: ثقيل الروح خائب فيه كل عيب وضرّاب للنساء أحمق عاجز إذا حدثته سبها واذا مازحته شجها واذا اغضبته كسر عضوها وشق جلدها واخذ مالها)).

قالت الثامنة: زوجي المسُّ، مسُّ أرنب، والرّيحُ ريحُ زَرنب. ((اي: نظيف طيب الريح طيب الحديث جميل المعاشرة)).

وقالت التاسعة: زوجي رفيعُ العِماد، طويلُ النِّجاد، عظيمُ الرّمادِ، قريبُ البيت مِن الناد. ((اي:جواد عظيم البيت طويل القامة كثيرة الضيافة كريم قريب من الناس)).

وقالت العاشرة: زوجي مالكٌ، وما مالكٌ؟ مالكٌ خيرٌ من ذلك، له إبلٌ كثيراتُ المبارك، قليلات المسارح، واذا سمعن صوت المزهَرِ ايقَّنَّ انهنَّ هوالك. ((اي: غني كريم، كثيرة القرى، شجاع مضياف ينحر لهم الأبل ولايسرحها)).

وقالت الحادية العشرة: زوجي أبو زرع، فما أبو زرع ؟ اناس من حُلَيّ اُذُنَيَّ، وملأ من شَحم عَضُدَيَّ وَبجَّحني فَبَجحت اليَّ نفسي، وجدني في اهل غينَّمة بشَقٍ، فجعلني في اهل صهيل وأطيطٍ ودائسٍ ((اي: صاحب زرع يدوسه وينقيه)) ومُنقٍّ، فعندهُ أقول فلا أُقبَّحَ، وارقُدُ فأتصَّبح واشربُ فاتقمح، ام ابي زرع، فما ام ابي زرع ؟عكومها ردّاحُ، وبيتها فسَّاحُ،....فلقي إمرأةً معها ولدان لها كالفهدين يلعبان من تحت خصرها برمانتين فطلقنى ونكحها، فنكحتُ بعده رجلاً سرياً ركب شرياً واخذ خطياً، واراح عليَّ نِعماً ثرياً، واعطاني من كُل رائحة زوجاً، وقال:كُلي ام زرع ! وميري اهلك، فلو جمعت كل شيء اعطانية مابلغ اصغر انية ابي زرع.

-قالت عائشة- قال رسول الله ﷺ: [كنت لك كابي زرعٍ لاُم زرع])) (٦٧٤).

(٦٧٤) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٨٩)، ومسلم في (الصحيح) (٦٢٥٥، ٢٤٤٨).

(وفيه زيادة: [إلاَّ أنه طلقها، وانا لاأطلق] فقالت عائشة بابي انت وأمي: يا رسول الله بل أنت خير من ابي زرع))[٦٧٥]. واته: (یانزه ژن دانیشتن و پەیمانیان بە یەکتردا و بڕیاریاندا کەهەواڵی مێردەکانیان هیچ نەشارنەوە:-

یەکەمیان وتی: مێردی من گۆشتی وشترە لە تڕۆپی شاخێکی چڕ دانراوە نە ئەومیە ئاسان بێت تا سەرکەوێت بەسەریدا و نەئەومیە قەڵەوبێت تا بیگوازیتەوە.

واتە: دووەم لە خێرو چاکەو ڕەوشت خراپە و خۆبەگەورە زان و بەرچاوتەنگە.

دووەمیان وتی: مێردی من هەواڵەکەی بڵاوناکەمەوە، دەترسم هەمووی باس نەکەم، ئەگەر باسی بکەم دەبێت باسی ورگی گەورەو سکی ئاوساو بکەم. واتە: نەنگیەکانی زۆرن و لەچاکەو بەخشندەییەوە دووەم.

سێیەمیان وتی: مێردەی من کەم چیکڵدانەیە، کە قسە دەکەم هەڵدەداتێ، کە بێدەنگ دەبم ڕەخنەم لێدەگرێت. واتە: کاری خۆی بەدەست خۆیەتی، بێ ترسەو درندەریە و ڕەوشت خراپەو ژن ناتوانێ قسەکانی قبوڵ بکات.

چوارەمیان وتی: مێردەکەم وەک شەوی دەشتی تۆهامەیە نەساردە و نەگەرم نەلێی بێزارم وەنە لێ ی دەترسم. واتە: هەڵسوکەوتی جوانە، حاڵی مام ناوەندیە، لەشەڕو ئازاری دڵنیایەوە لای بێزار نابێت و لەگەڵیدا تامی ژیان خۆشە.

پێنجەمیان وتی: مێردەکەی من ئەگەر هاتەماڵەوە پڵنگە، کە چووە دەرەوە شێرە، لێم ناپرسێت چیم لەئەستۆدایە. واتە: ئەگەر هاتەوە بۆ ماڵەوە دەخەوێت وە گوێ بەکارو باری ماڵەوە نادات و ئەگەر چووە دەرەوە ئازایە و لەحاڵ و باڵی ماڵەوە ناپرسێت.

شەشەم وتی: مێردەکەی من ئەگەرخواردن بخوات هەمووی لوول دەدات، و ئەگەر خواردنەوەش بخواتەوە و وشکی دەکات هەڵیدەمژێت، و ئەگەر پاڵکەوت دەست و قاچی کۆ دەکاتەوە، و دەستیش نزیك ناکاتەوە تابزانێت هەواڵ چیە؟! واتە: زۆر خۆرەو وەبێ بەزمیە، ونزیکی خێزانی ناکەوێت و گوێی ناداتێ.

---

(٦٧٥) أخرجه: الطبراني (الكبير) (٢٣/٢٧٠)، و النسائي (الكبرى) (٩١٣٧)، وأنظر: (فتح الباري) (٩/٣٤٣) للعسقلاني، و (ارشاد الساري في شرح صحيح البخاري) (٨/١٠٢) للقسطلاني.

حەوتەم وتی: مێردەکەم (عەیبدارە) هەموو دەردێك بۆ ئەو دەردە، جوێندەر و لێ دەرە و هەندێ جار هەر دووکیانە. واتە: ڕۆح قورسە بێ ئومێدە هەموو عەیبێکی تێداکۆبۆتەوە. لێدەری ژنانە، گێل و نەفامە، ئەگەر دواندی جنێودەدات، ئەگەر گاڵتەی لەگەڵ بکات بریندارت دەکات، ئەگەر تووڕەی بکات ئەندامێکی بۆ دەشکێنێت و پێستی بۆ بریندار دەکات و ماڵ و سامانەکەشی دەبات.

هەشتەمیان وتی: مێردەکەی من نەرمە وەك نەرمی کەرووشك، بۆنداڕە وەك بۆن خۆشی گیایی زەرنەبە. واتە: پاك و خاوێن و بۆن خۆش و قسە خۆشەو هەڵسوکەوتی باشە.

نۆیەم وتی: مێردەکەی من خاوەنی باڵخانەی بەرزە، باڵ بەرزو چوارشانەیە، خۆڵە مێش زۆرە، ونزیك لەخەڵکە. واتە: بەخشندەیە و خاوەنی ماڵی گەورەیە، باڵابەرزە، میواندارە، و زۆر بەڕێزە و لە خەڵکیەوە نزیکە.

دەیەم وتی: مێردەکەی من خاوەن مووڵکە، چ خاوەن مووڵکێك مووڵکەکەی لەو باشترە، وشتری پاڵ کەوتوی بێ ژمارەی هەیە کەم جار بلاوەیان پێ دەکرێت گەر ئەوان دەنگی ئاگر و عودیان بیست دڵنیان کەتیا دەچن. واتە: دەوڵەمەندەو بەخشندەیە، خزمی زۆری هەیە، ئازایەو وشتریان بۆ سەردەبڕێت.

یانزەیەم وتی: مێردەکەی من خاوەن چێنراوە، خاوەن چێنراو کێ یە؟ خشڵەکانی گوێم دەجوڵێنێت، بەچەوری قۆڵ و باڵ و جەستەمی پڕکردووە.

دڵخۆشی کردم تا تەواو دڵ خۆش بووم، منی لەناو دۆڵێکی مەڕدا دۆزیەوە، و منی کردە سواری ئەسپ و وشتر و خاوەن کشتوکاڵ و خواردنی تایبەت، لای ئەو دەتوانم هەموو قسەیەك بڵێم و قسەم ناشکێنێت، ودەخەوم تاسەرمتای ڕۆژ و کەس لەخەو هەڵمنا سێنێت، و دەخەومەوە تا تەواو تێرخەو دەبم.

دایکی ئوم زەرع، چ دایکێك قەڵەوەو مەنجەڵەکانی هەموو پڕە، ماڵەکەی فراوانە...تا دواجار ژنێکی گەنجی بینی دوو مندانی لەگەڵ دابوون وەك پڵنگ لەژێر کراسەکەیدا یاریان دەکرد بەدووشتی وەك هەنار پاشان ئەوی



مارە کرد و منی تەلاق دا، لەدوای ئەو شوم کرد بە پیاوێکی ئەسپ سواری ڕم بەدەستی پایە بەرزو خاوەن ئازەڵ و وشترێکی زۆر، لەهەموو جۆرە ئازەڵێکی خۆی جوتێکی پێدام وتی: بخۆ (أم زرع) بەئارەزووی خۆت و بەشی خزمەکانت بدە. بەڵام گەر هەموو ئەوانەی کە پێی داوم بکرێتە بچوکترین مەنجەڵەکانی (أبو زرع) هێشتا پڕی ناکات.

عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((كنت لكِ كابي زرع لام زرع [الاَّ انه طلقها وانا لااُطَلق])). واتە: من بۆ تۆ وەکو ئەبی زەرع بووم بۆ ئەموزرەع بەڵام ئەو تەلاقی دا ومن تۆ تەلاق نادەم. عائیشە ﵂ دەفەرموێت: منیش وتم: بەباوك و دایکەوە بەقوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا بەڵکو تۆ زۆر چاکتریت لە ئەبوزەرع.

نوعمانی کوڕی بەشیر ﵁ دەفەرموێت: ((استاذن ابو بكر ﵁ على النبي ﷺ فسمع صوت عائشة عالياً [رافعة صوتها على رسول الله ﷺ] وهي تقول: والله لقد علمت ان علياً أحب إليك من أبي [ومني ثلاثاً] فإذن له فدخل [فلما دخل تناولها ليلطمها] فقال: يا ابنة ام رومان اراك ترفعين صوتك على رسول الله ﷺ ([فحال النبي ﷺ بينه وبينها] فامسكه رسول الله ﷺ، وخرج ابو بكر رضي الله عنه مغضباً فقال رسول الله ﷺ[حين خرج ابو بكر] ((يا عائشة كيف رأيت انقذتُكِ من الرّجل)) [فمكث ابو بكر اياماً] ثم جاء فاستأذن عليه، وقد اصطلح رسول الله ﷺ وعائشة، فوجده يضاحكها فاذن له فدخل فقال له ابو بكر: يا رسول الله اشركاني في سلمكما كما اشركتماني في حربكما، فقال رسول الله ﷺ: ((قد فعلنا قد فعلنا)))[٦٧٦]. واتە: (ڕۆژێکیان ئەبوبەکر﵁ داوای هاتنە ژوورەوەی لە پێغەمبەر خوا ﷺ کرد، لەو کاتەدا دەنگی عائیشەی ﵂ بە بەرزی بیست لەگێڕانەوەیەکی تردا (دەنگی لەسەروی دەنگی پێغەمبەرەوە بەرزکرد بۆوە، وە دەیوت: سوێند بێت بەخوا عەلی خۆشەویستر لەلای تۆ لە من و لە باوکم).

ئەبو بەکر ئیزنی وەرگرت و چووە ژوورەوە. [کاتێك چووە ژوورەوە ویستی زللەیەك لە عائیشە بدات و پێ ی وت: ئەی کچی رومان دەتبینم دەنگت

(٦٧٦) أخرجه: النسائي في (السنن الكبرى) (٩١٥٥)، وأحمد في (المسند) (٤/ ٢٧٥، ٢٧١)، أبو داود في (السنن) (٤٩٩٩)، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٩٠١).

بەسەر دەنگی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەرزدەکەیتەوە. [ئەنجا پێغەمبەر کەوتە نێوانیان] و پێغەمبەرﷺ دەستی گرت، ئەبوبەکر ﷺ بە تورەییەوە چووە دەرەوە، پێغەمبەری خوا [کاتێك ئەبوبەکر چووە دەرەوە] فەرمووی: ئەی عائیشە بینیت چۆن لەو پیاوە رزگارم کردیت. (پاشان چەندرۆژێك ئەبوبەکر دیارنەما و سەردانی نەکردن) ئینجا هات و داوای مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی کرد و رێگەی پێدرا و بینی پێغەمبەر ﷺ و عائیشە نێوانیان باشبۆوە، و بەرووپدا پێدەکەنی) ئەبوبەکر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەشداریتان پێکردم لە جەنگەکەتان ئێستاش بەشداریم پێبکەن لە ئاشتبونەوەتان، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (بەڵێ باشە وادەکەین، بەڵێ باشە وادەکەین).

هەروەها سابت کوڕی عەبید ﷺ دەفەرموێت: (كان زيد بن ثابت من افكه الناس في بيته و ازمته اذا خرج الى الناس)[٦٧٧]. واتە:(زەیدی کوڕی سابت لەهەموو خەڵك زیاتر سوعبەتی دەکرد لەماڵەوە، و لە هەموو خەڵك زیاتر دوور بوو لە سوعبەت لەدەرەوە).

وە ئیمامی عومەر ﷺ فەرموویەتی: (ليعجبني أن يكون الرجل في أهل بيته كالصبي فاذا ابتُغي منه وجد رجلاً)[٦٧٨]واتە: (من پێم باشە پیاو لە ناو خێزان و ماڵی خۆیدا وەك منداڵ بێت، بەڵام گەر شتێکی لێ داوا کرا ئەو کات پیاوێکی تەواو بێت).

٢-پێغەمبەری خوا ﷺ ژنانی خۆی پەروەردە دەکرد:

١- عائیشە ﷺ دەفەرموێت: ((انها اشترت نمرقة فيها تصاوير، فلما راها رسول الله ﷺ قام على الباب فلم يدخل، فعرفت في وجهة الكراهية فقلت: يا رسول الله اتوب الى الله والى رسوله ماذا اذنبت؟ فقال [ان اصحاب هذه الصُور يعذبون يوم القيامة

---

(٦٧٧) أخرجه: البخاري (الادب المفرد) (٢٨٦)، وابن ابي الدنيا (العيال) (٥٦٩)، و ابن الجوزي (صفة الصفوة) (٣١٢/١)، وقال الشيخ الألباني في (صحيح الأدب المفرد) (٢١٩): صحيح الاسناد.

(٦٧٨) أخرجه: ابن عساكر (تاريخ دمشق) (٤٥٣/٥)، والبيهقي (شعب الايمان) (٧٨٥١) وقال محققه: اسناده منقطع.



ويُقال لهم أحيوا ماخلقتم.....، إن البيت الذي فيه الصور لاتدخله الملائكة])) [٦٧٩].
(واتە: پشتیەکم کرێ چەند وێنەیەکی لەسەربوو، کاتێك پێغەمبەرﷺ بینی، لەبەردەمرگاکە وەستاو نەچوە ژورەوە، دەفەرموێت: لەدەموچاویدا پێناخۆش بوون قێزلێبوونەومیەکم بینی و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، تۆبە لەلای خواو پێغەمبەری خوا، چ تاوانێکم کردوە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی ((خاوەنی ئەو وێنانە لەڕۆژی قیامەتدا سزادەدرێن و پێیان دەوترێت ئەوانەی دروستتان کردون زیندووبیان بکەنەوە...وە ئەو ماڵەی کەوێنەی تێدابێت فریشتەی خوا ناچێتە ناوی)).

٢- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((كان رسول الله ﷺ إذا اطلع على أحدٍ من اهلِ بيته كذَبِ كذبة لم يزل معُرضاً عنه حتى يُحدِثَ توبة)) [٦٨٠]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ گەر هەواڵی پێبگەیشتایە کە یەکێك لە بنەماڵەو کەسوکاری، درۆیەکی بکردایە، هەرڕووی نەئەدایە هەتا تۆبەی دەکرد).

لە گێڕانەومیەکی تردا عائیشە ﵂ دەفەرموێت: (ماكان من خلق ابعض الى رسول الله من الكذب ما اطَّلع على احدٍ من ذلك بشيءٍ فيخرج من قلبه حتى يعلم انَّه قد احدث توبةً) [٦٨١]. واتە: (هیچ ڕە وشتێك نەبوو قێزە ونتربێت لای پێغەمبەری خوا ﷺ وەك درۆ، وەهەر کەسێك هەر درۆیەکی لێ دەرکەوتایە لەدڵی دەرنە دەچوو وە ئەو کەسە بێ بایەخ دەبوو لای هەتا بۆی دەر دەکەوت کە ئەو کەسە وازی لێ هێناوە و تۆبەی کردووە).

٣- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((قلت للنبي ﷺحسبك من صفية كذا وكذا تعني قصيرة فقال: [لقد قلت كلمةٌ لو مزجت بماء البحر لمزجتْه] قالت: وحكيت له انساناً فقال: [ما احِبُ أني حكيتُ انساناً وان لي كذا وكذا)) [٦٨٢].واتە: (بە پێغەمبەری خوام

(٦٧٩) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٥١٨١)، ومسلم في (الصحيح) (٢١٠٧) و رقم (٤٥٩٩) واللفظ له، والنسائي في (السنن) (٨/٢١٤)، وأبو داود في (السنن) (٤١٥٣) وابن ماجة (٣٦٥٣).

(٦٨٠) أخرجه: العقيلي (الضعفاء) (١/٢، ٤٦٧)، وابن عبد البر (التمهد) (١/٦٩).

(٦٨١) أخرجه: أحمد (٢٥١٨٣) وقال محققه: اسناده صحيح، وعبد الرزاق (٢٠١٩٥)، والترمذي (١٩٧٣)، والحاكم (٦/١٥٢) و صححه و وافقه الذهبي، وابن حبان (٥٧٣٦) وقال محققه: اسناده صحيح، والبزار (٣٤٢٥) و اللفظ له، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٢٩٤١).

(٦٨٢) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٤٨٧٥)، والترمذي في (السنن) (٢٦٢٤، ٢٥٠٢)، وأحمد في (المسند) (٦/١٨٩) و صححه الشيخ الألباني في (صحيح ابي داود) (٤٠٨٠) و (غاية المرام) (٤٢٧).

ﷺ وت:صەفیە هەرئەوەندەی بەسە کەوا وایە (واتە: کە بەوجۆرمیە) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (وشەیەکت وت ئەگەر تێکەڵاوی ئاوی دەریا بکرایە، بۆگەنی دەکرد) فەرمووی: پاشان لاسای کەسێکم بۆ کردەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:من پێم خۆش نیە لاسایی کەسێك بکەمەوە ئەوەندە و ئەوەندەشم بدرێتێ).

٤-عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((اَن الیهود اتوا النبي ﷺ فقالوا: السامَ عَلیکم، ففهمتها فقلت: علیکم السام واللعنة، ((في روایة: وعلیکم لعنکم الله وغضب علیکم))، فقال رسول الله ﷺ: [مهلاً یا عائشة [في روایة: ان الله رفیق یحب الرفق في الامر کله] علیك بالرفق وایاك والعنف والفحش] فقلت: یا رسول الله اولم تسمع ماقالوا ؟ قال: [اولم تسمعي ما قلت ردّدت علیهم فیستجابُ لي منهم ولا یُستجابَ لهم فيَّ]))[٦٨٣]. واتە: (جولەکەکان هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتیان: (السام علیکم) (واتە: مردنت لەسەر) منیش تێگەیشتم وتم: علیکم السام واللعنة) واتە: لە ناوچوون و نەفرەت لەخۆتان، وە [پێم وتن: تورەی و لەعنەتی خوا لەسەر خۆتان بێت] پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: عائیشە لەسەرخۆبە (خوای گەورە نەرم و نیانەوە لەهەموو کارێکدا دڵنەرمی و نەرم ونیانی پێخۆشە) پێویستە نەرم و نیان و لەسەرخۆ بیت ئاگادارببە و خۆت دوور گرە لە توندوتیژی و وتەی ناشرین) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا گوێت لێنەبوو چیان وت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی گوێت لێنەبوو من چۆنم وەڵامدانەوە ئەوەی من وتم وەرگیراو ئەوەی ئەوان لەبارەی منەوە وتیان وەرنەگیراوە).

٥- شورەیحی کوڕی هانی ﵁ دەفەرموێت:(رکبت عائشة بعیراً فکانت فیه صعوبة فجعلت ترددە، فقال لها رسول الله ﷺ: [علیك بالرفق، ان الرفق لایکون في شيء الا زانه ولا ینزع من شيء إلاّ شانه])[٦٨٤]. واتە: عائیشە ﵂ سواری وشترێك بوو، کەمێك یاخی بوو ئەویش هەر دەیگێڕایەوە) پێغەمبەری خوا ﷺ پێ فەرموو: (پێویستە لەگەڵیدا نەرم و لەسەرخۆ بیت، چونکە لەسەر خۆیی لەگەڵ هەرشتێکدا بێت کارەکە جوان دەکات وەلە هەر شتێك دامالّرا کارەکە ناشرین دەکات).

(٦٨٣) أخرجه: البخاري في (الصحیح) (٦٢٥٦)، ومسلم في (الصحیح) (٢١٦٥)، والترمذي في (السنن) (٢٧٠١)، وأحمد في (المسند) (٦/ ١٣٤)، انظر: (صحیح الادب المفرد) (٢٣٦).

(٦٨٤) أخرجه: مسلم في (الصحیح) (٢٥٩٤)، وأبو داود في (السنن) (٢٤٧٨)، وأحمد في (المسند) (٦/ ١٧١)، والبخاري في (الادب المفرد) (٤٦٩).

٦- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: (دخل عليّ النبي ﷺ وأنا أُصلي وله حاجة فابطات عليه قال: [يا عائشة عليك بجُملِ الدعاءِ وَجوامعه]، فلما انصرفت قلت: يا رسول الله وما جمل الدعاء وجوامعه، قال: [قولي: اللهم اني اسالك من الخير كله عاجله واجله... وما قضيت لي من امر فاجعل لي عاقبته رشداً])) [٦٨٥] (واتە: پێغەمبەر ﷺ هاتە ژوورەوە بۆ لام من لەوکاتەدا نوێژم دەکرد، ئەو پێویستیەکی خێرای هەبوو منیش درەنگ تەواو بووم، کاتێك لەنوێژەکەم تەواو بووم فەرمووی: (ئەی عائیشە پێویستە لەسەرت دوعا گشت گیرەکان بکەیت، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا دوعا گشت گیرەکان چییە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (بلّێ خوایە من داوای هەموو خێرێکت لێدەکەم هی ئێستا و هی داهاتوو..... وە هەر کارێکت بۆ هێنامە پێش پاشە رۆژەکەیم بۆ بکەرە رێتمونی زیاتر).

٧- عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((يا عائشة اَياكِ ومُحقرات الأعمال فإنَّ لها مِن الله طالباً)) [٦٨٦]. واتە: (ئەی عائیشە خۆت دوور بگرە لە گوناهە بچوکەکان، چونکە ئەو کارانە داواکاری هەیە لەلای خوای گەورە).

٨- ئیبن عومەیر پرسیاری کرد لە عائیشە ﵂ وتی: ((اخبرينا باعجب شيء رأيته من رسول الله ﷺ.... ثم قالت: لما كان ليلة من الليالي قال: [يا عائشة ذريني اتَعبُد الليلة لربي] قلت: والله اني لأحب قربك واحِبُ ماسرّك، قالت: فقام فتطهر ثم قام يصلي فلم يزل يبكي حتى بلّ حجره و لحيته...وحتى بل الارض...، فجاء بلال يؤذنه بالصلاة فلما رأه يبكي قال: يا رسول الله لِمَ تبكي وَقد غفَر الله لَكَ ماتقدم وما تأخر؟ قال: [افلا اكون عبداً شكوراً، لقد نزلت عليَّ الليلة اية ويلٍ لمن قرأها ولم يتفكر فيها ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿١٩٠﴾ ﴾ (آل عمران)])) [٦٨٧]. واتە: (هەواڵمان بدەیە بەسەیرترین شت کەلە پێغەمبەردا ﷺ بینیوتە.....، لەدوایدا فەرمووی: شەوێك لەشەوەکان بوو پێغەمبەر

(٦٨٥) أخرجه: البخاري في (الادب المفرد) (٦٣٩)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الادب المفرد) (٤٩٧)، (سلسلة الصحيحة) (١٥٣٢).

(٦٨٦) أخرجه: ابن ماجة في (السنن) (٤٢٤٣)، ابن حبان في (الصحيح) (٥٥٦٨) وقال محققه: اسناده صحيح على شرط البخاري، وصححه الشيخ الألباني في (سلسلة الصحيحة) في (٥١٣) و(صحيح ابن ماجة) (٣٤٢١).

(٦٨٧) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٦٢٠) وقال محققه: اسناده صحيح على شرط مسلم.

ﷺ فەرمووی: ئەی عائیشە ئەم شەو لێم گەڕێ با پەرستش بۆ خوای خۆم بکەم) وتم: سوێند بێت بەخوا من پێم خۆشە لێتەوە نزیك ببم وە پێشم خۆشە ئەوەی کە تۆ دڵخۆش دەکات. وتی: پێغەمبەر ﷺ هەستا دەست نوێژی شۆرد، ئینجا دەستی بەنوێژکردن کرد، و بەردەوام دەگریا هەتا فرمێسکەکانی کۆش و ڕیشی تەڕکرد، هەتا زەویەکەی بەردەمیشی تەڕبوو... ئینجا بیلال هات بانگی نوێژیدا. کاتێك بینی دەگریا، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی دەگری ئەی خوای گەورە لەهەموو ئەوانەی پێشووت وە ئەوانەی دواییت خۆش نەبووە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی نابێت بەندەیەکی سوپاسگوزاربم ئەم شەو ئایەتێکم بۆ هاتووە، ئازارو ناخۆشی و سزا بۆ ئەوەی دەیخوێنێتەوە و بیری لێناکاتەوە ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ظُهُورِهِمْ ..﴿١٩٠﴾﴾ (ال عمران).

٩- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: (ملوانکەیەکم لێ دزرا و منیش دەستم کرد بەدوعا کردن لەوکەسەی دزیویەتی، لەوکاتەدا پێغەمبەر ﷺ هاتە ژوورەوە و فەرمووی: ((لا تُسبخي عنه))[٦٨٨]. واتە: بەدوعا کردنەکەت سزاو تاوانەکەی لەسەر سوك مەکە).

٣- پێغەمبەری خوا ﷺ غیرەکانیانی لێ قبوڵ دەکردن:

١- لە عائیشەوە ﵂ دەفەرموێت: ((...ان رسول الله ﷺ خرج من عندها ليلاً... فغرت عليه (((في رواية: التمست رسول الله ﷺ فادخلت يدي في شعره)) [٦٨٩] ((في رواية: ان يكون اتى بعض نسائه))، فجاء فرأى ما اصنعُ، فقال: [مالك يا عائشة اغرت] ؟ فقلتُ: ومالي لايَغارُ مِثلي على مِثلكَ ؟ فقال رسول الله ﷺ: [أقد جاءكِ شيطانُكِ]؟، قلت: او معي شيطان، قال: [نعم]، قلت: ومع كل انسان؟ قال: [نعم]، قلتُ: ومَعَك يا رسول الله ؟ قال: [نعم ولكن ربي أعانني عليه حتى اسلم]))[٦٩٠]. واتە: (.... پێغەمبەری خوا ﷺ شەوێك لەلای ئەو چووە دەرەوە(و دەست نوێژی شۆرد و پاشان گەڕایەوە) منیش

(٦٨٨) أخرجه: أحمد (٦/ ٤٥) برقم (٢٤١٨٣)، وابن ابي شيبة (١٠/ ٣٤٨)، و ابوداود (١٤٤٢)، و صححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٢٤٦٨).

(٦٨٩) أخرجه: النسائي في (السنن) (٣٦٩٦).

(٦٩٠) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٢٨١٥) (٧٠٤١)، وأحمد في (المسند) (٦/ ١١٥) والنسائي في (السنن) (٧/ ٧٢).



غیرەم لێکرد [و خۆمم لێنزیك کردەوە دەستم خستە ناو قژیەوە].(لە خەیاڵمدا وتم: ڕەنگە چوو بێتە لای هەندێك لە ژنەکانی ئینجا دەست نوێژی گرتبێت) هات و بینی کەچی دەکەم فەرمووی: ئەوە بۆچی وادەکەیت ئەی عائیشە غیرەتکردووە؟ وتم: چۆن کەسێکی وەك من لەسەر هاوویێەی تۆ غیرەناکات؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ئایە شەیتانەکەت دیسانەوە هاتۆتە لات)؟ وتم: بۆ شەیتان لەگەڵمدایە؟ پێغەمبەر فەرمووی: بەڵێ، وتم: لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا هەیە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەڵێ، وتم: لەگەڵ تۆشدایە ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ، بەڵام خوای پەروەردگار یارمەتی دام لە گەڵیدا هەتا موسوڵمان بوو).

٢- ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((....كان النبي ﷺ عند إحدى أمهات المؤمنين فارسلت أخرى بقصعة فيها طعام، فضربت يُد الرسول فسقطت القصعة، فانكسرت، فاخذ النبي ﷺ الكسرتين فضم احداهما الى الاخرى فجعل يجمع فيها الطعام ويقول: [غارت امكُم كلوا]فاكلوا فامسك حتى جاءت بقصعتها التي في بيتها، فدفع القصعة الصحيحة الى الرسول وترك المكسورة في بيت التي كسرتها))[٦٩١](واتە: پێغەمبەرﷺ لە لای یەکێك لە دایکانی باوەڕداران بوو، یەکێکیان (واتە: زەینەب) دەوریەکی بۆ نارد کە خواردنی تێدابوو، عائیشە ﷺ دەفەرموێت: خواردنەکە بەدەستی پێغەمبەرە وە بوو، منیش خۆم کێشا بەدەستی پێغەمبەردا ﷺ و لەدەستی کەوتە خوارەوە شکا» ئینجا پێغەمبەر ﷺ هەردوو کەرتە دەوریە شکاوەکەی هەڵگرتەوە نوساندیەوە بەیەکەوە ئینجا دەستی کرد بەکۆکردنەوەی خواردنەکە تیایدا، و دەیفەرموو ﷺ: (دایکتان غیرەی کردووە بخۆن) ئەوانیش خواردیان، و پاشان پێغەمبەر مایەوە تا عائیشە دەوریەکی ساغی لە ماڵەکەی خۆی هێنا و پێغەمبەر ﷺ ناردیەوە بۆ زەینەب و دەوریە شکاوەکەشی لەو ماڵە بەجێهێشت).

٣- عائیشە ﷺ دەفەرموێت: ((...ما رأيت صانعة طعام مثل صفية اهدت الى النبي ﷺ إناء فيه طعام فما ملكت نفسي ان كسرته فسألت رسول الله ﷺ عن كفارته؟فقال:

---

(٦٩١) أخرجه: البخاري (٢٤٨١)، وأبوداود (٣٥٦٧)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٨٩٠٣)، وابن ماجة في (السنن) (٢٣٣٤)، والشيخ الألباني في (صحيح سنن النسائي) (٣٦٩٢) و(صحيح ابي داود) (٣٠٤٦).

[اناءُ كاناءِ وطعامُ كطعام]))[٦٩٢]. (واتە: چێشت لێنەرێکی وەك (صفیە)م نەبینی بوو، قاپێکی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کردبووە دیاری خواردنی تێدابوو، منیش خۆمم پێنەگیرا تا شکاندم، دواجار پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد و وتم: (کفارەتەکەی)چیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (قاپێك وەك قاپەکەی خۆی و خواردنێك وەك خواردنەکەی خۆی).

٤- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((لما كانت ليلتي التي هو عندي انقلبَ، (اي: رجع رسول الله صلى) فوضع نعليه عند رجليه ووضع رداءهُ وبسط طرف إزاره على فراشه، فلم يلبث إلاّ ريثما ظن اني قد رقدت، ثم انتعل رويداً واخذ ردائهُ رويداً ثم فتح الباب رويداً، وخرج فاجافه رويداً، وجعلت درعي في راسي، واختمرت وتقنعت ازاري، وانطلقت في اثره ((حتى))جاء البقيع، فرفع يديه ثلاث مرّات، واطال القيام، ثم انحرف فانحرفت، فاسرع فاسرعت، فهرول فهرولت فاحضر واحضرت، وسبقته فدخلت، فليس الا ان اضطجعت فدخل فقال: [ما لك يا عائشةُ حشيارابية] ؟ قالت:قلت: لا شيء، قال: [لتخبريني أو ليخبرنّي اللّطيف الخَبير]:قلت: يا رسول الله بابي انت وامي -فاخبرته الخبر- قال: [فانت السوادُ الذي رايت أمامي] قلت: نعم، فلهزني في صدري لهزةً اوجعتني، ثم قال: [أظننت ان يحيف الله عليك ورسوله]، قلت: مهما يكتم الناس يعلمه الله، قال: [نعم فإنّ جبريل أتاني حين رأيتِ [في رواية: ولم يكن يدخل عليك وقد وضعتِ ثيابكِ] فناداني فاخفى منك فاجبته فاخفيته منك وظننت ان قد رقدت فكرهت أن اوقظكِ وخشيت ان تستوحشي، فقال: ان ربكَ يأمرك ان تأتي اهل البقيعِ فتستغفرِ لهم]))[٦٩٣].

واتە: (ئەو شەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە لای من هەدوو نەعلەکانی لەلای قاچیەوە داناو کراسەکەی دانا، و بەشێك لە لێفەکەی خستە سەر شوێنی نوستنەکەی و وایزانی پاڵکەوتوم و خەوم لێکەوتووە ئینجا لەسەرخۆو بەهێواشی نەعلەکانی کردەوە پێی، و کراسەکەی بەهێواشی هەڵگرت، و پاشان دەرگاکەی بەهێواشی کردووە، و بەهێواشی دایخستەوە، منیش

(٦٩٢) خرجه: أحمد في (المسند) (٦/٢٥١٥٥) و قال محققه: اسناده حسن، وأبو داود في (السنن) (٣٥٦٨)، والنسائي في (السنن) (٧/٧١)، وحسنه الحافظ ابن حجر العسقلاني في (فتح الباري) (٥/٩٠).

(٦٩٣) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٢٢٥٣)، والنسائي في (السنن) (٨٩١١)، (٨٩١٢)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن النسائي) (٣٧٠٠، ٣٦٩٩).



کراسەکەم کردە سەرپۆش، و پەشتە ماڵەکەم کردە عەباو دەم و چاویشم پێ داپۆشی و بە دوایدا ڕۆیشتم، هەتا پێغەمبەر ﷺ گەیشتە (بقیع) و سێ جار دەستی بەرزکردەوە، و وەستانەکەی درێژەی کێشا، ئینجا لای کردەوە بەرەو ماڵ هات منیش جوڵام و بەرەو ماڵ گەڕاوە، ئەو ڕۆیشتنەکەی خێرا کرد منیش ڕۆیشتنەکەم خێرا کرد، تا من گەڕامەوە ئەویش گەڕایەوە، و من پێش ئەو هاتمەوە ماڵەوە هیچم پێنەکرا ئەوندە نەبێت پاڵ کەوتم، (واتە: خۆم کرد بە خەو تو) ئەویش هاتە ژوورەوەو فەرمووی: (ئەی عائیشە چی وایلێکردیت بەگومان بیت و هەناسەت سوار بێت؟) وتم: هیچ شتێك، فەرمووی: دەبێت هەواڵم پێبدەیت یان خوای گەورە هەواڵم پێدەدات).

وتم: ئەی پێغەمبەری خوا دایك و باوکم بەقوربانت بێت. ئینجا (هەواڵەکەم بۆ گێڕایەوە) فەرمووی: تۆ ئەو ڕەشاییە بوویت کەلەپێشمەوە بینیم) وتم: بەڵێ، ئینجا دەستێکی دا بەسەر سنگمداو وئازاری پێگەیاندم، ئینجا فەرمووی: ئایا وات زانی خواو پێغەمبەری خوا ستەم و زۆرداریت لێدەکەن، وتم: هەرچی من بیشارمەوە خوای گەورە دەیزانێت، فەرمووی: (بەڵێ، جبریل هات لەو کاتەدا (نەهاتە ژوورەوە، چونکە تۆ جلەکەت دانابوو) ئەو بانگی کردم، بەشێوەیەك لەتۆی ون کرد و نەت زانی بەڵام، من وەڵامم دایەوەو لای تۆ باسم نەکرد و وامزانی خەوت لێکەوتووە من پێم خۆش نەبوو خەبەرت بکەمەوەو هەست بەتەنهایی و ترسی بکەیت.جبریل وتی: خوای خۆت فەرمانت پێدەکات ئێستا بچیت بۆلای گۆڕستانی (بقیع)و داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکەیت).

٥- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((....فطارت القرعة (اي: في احد (لاسفار)) على عائشة وحفصة فخرجنا معه جميعاً وكان ﷺ اذا كان بالليل سار مع عائشة يتحدث معها فقالت حفصة لعائشة: الاَ تركبين الليلة على بعيري واركب بعيرك...فجاء رسول الله ﷺ الى جمل عائشة وعليه حفصة فسلّم ثم سار معها حتى نزلوا فافتقدته عائشة فغارت، فلما نزلوا جعلت تجعل رجليها بين الاذخر وتقول: يارَب سلطّ على عقرباً او حَية تلدغني... ولا استطيع ان اقول له شيئاً))[٦٩٤].واتە: (لە سەفەرێکدا تیروپشك کەوتە سەر

(٦٩٤) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٦٢٤٨).

من و حفصه، هەردووکمان لەگەڵیدا چوینە دەرەوە بۆ ئەو سەفەرە، کە لەشەو دابوو، پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ عائیشەدا دەڕۆیشت و قسەی لەگەڵدا دەکرد، حفصه به عائیشەی وت: ئایە ئەم شەو سواری وشترەکەی من نابیت منیش سواری وشترەکەی تۆ ببم؟ وتم باشە، لەو شەوەدا پێغەمبەرﷺ هات بۆ لای وشترەکەی عائیشەو سڵاوی لێکردو لەگەڵیدا ڕۆیشت، هەتا دابەزین لەو کاتەدا لە عائیشە دیارنەمان ئەویش غیرەی کرد، کاتێك دابەزین عائیشە هەردوو قاچی دەکردە ناو ئەو گیایانە و دەیوت: ئەی پەروەردگارم، دوو پشکێك بنێرە یان مارێك پێمەوە بدات.....ئەومتا ناتوانم شتێك بە پێغەمبەری خوا ﷺ بڵێم و قسەیەکی لەگەڵدا بکەم).

٦- عائیشه ﵂ دەفەرموێت: ((.....، فقدت رسول الله ﷺ ذات ليلة، فظننت انه ذهب الى بعض نسائه فتجستُهُ فاذا هو راكعُ او ساجدٌ يقول: [سُبحانَك وبحمِدك لا اله الا أنت]، فقلت: بابي وامي انك لفي شأن واني لَفي شأن اخر))[٦٩٥]. (واتە: شەوێك پێغەمبەری خوام ﷺ لێ ون بوو وامزانی چۆتە لای هەندێك لە ژنەکانی لەو تاریکی شەوەدا دەستم گێڕا ئەو لەو کاتەدا یان لە ڕکوعدا بوو یان لە کڕنوش برندا بوو. و دەیوت: (سبحانك و بحمدك لا اله الا انت) وتم: باوك و دایکم بەقوربانت بێت، تۆ سەرقاڵیت بەکارێك و منیش سەرقاڵم بەکارێکی ترەوە).

٤- پێغەمبەرﷺ پەیوەندی نێوانی ژنەکانی چاك دەکردەوە:

١- ئەنەس ﵁ دەفەرموێت: ((...بلغ صفية ان حفصة قالت: بنت يهودي، فبكت، فدخل عليها النبي ﷺ وهي تبكي، فقال: [مايبكيكِ]؟ فقالت: قالت لي حفصة إني بنتُ يهودي، فقال النبي ﷺ: [إنك لابنَة نبيٍّ، وإنَّ عَمِك لنبيٌّ وانكِ لتحت نبيٍّ، ففيم تفخرُ عليك]، ثم قال: [اتقي الله يا حفصة]))[٦٩٦]. واتە: (صفیە هەواڵی پێ گەیشت کە حفصە وتوێتی: ئەو کچە جولەکەیە. بەهۆیەوە دەستی بەگریان کرد. پێغەمبەرﷺ هاتە لای لە حاڵێکدا دەگریا. فەرمووی: بۆچی دەگریەی؟ ئەویش

(٦٩٥) أخرجه: مسلم (٤٨٥)، وأحمد (٢٤٣٦٦)، والنسائي (١٦٩)، وابوداود (٨٧٩).

(٦٩٦) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٣٦/٣)، والترمذي في (السنن) (٣٩٨٤)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٨٩١٩)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن الترمذي) (٣٠٥٥)، وفي (المشكاة) (٦١٨٣).



وتی: حفصه پێم دەڵێت: من کچی جولەکەم پێغەمبەرﷺ فەرمووی: تۆ کچی پێغەمبەرێکیت (واتە: بە ڕەچەڵەک دەگەڕایەوە سەر پێغەمبەر هارون) وە مامت پێغەمبەر بووە وە تۆ ئێستا لەژێر هاوسەری پێغەمبەرێکدایت، بەچی شانازیت بەسەرمەوە دەکات؟ لە دوایدا فەرمووی: (ئەی حفصه لەخوا بترسە).

٢- (ئوم و سەلمە) ﵂ دەفەرموێت: ((... ان نساء النبي ﷺ كلمنها ان تكلم النبي ﷺ...وتقوله له: انا نحِبُ الخير كما تحب عائشة...فقال: [يا ام سلمة، لاتؤذ يني في عائشة فإنه والله ما اتاني الوحي في لحاف امرأةٍ منكن] [.... إلاّ في لحافِ عائشة])) (٦٩٧)، (واتە: ژنانی پێغەمبەر ﷺ قسەیان کرد بەیەك کە ئومە سەلەمە قسە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بکات و پێی بڵێت ئێمە خێرمان پێخۆشە وەك چۆن عائیشە پێی خۆشە پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (ئەی ئوم سەلەمە، بەهۆی عائیشەوە ئازارم پێمەگەیەنە، سوێند بێت بەخوا من لە ژێر لێفەی هیچ کامێکتان سروشم بۆ نەهاتۆتە خوارەوە، . واتە: (تەنها لەژێر لێفەی عائیشەدا نەبێت)).

٣- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((...ارسل ازواج النبي ﷺ زينب بنت جحش...وهي التي كانت تُساميني منهنَّ في المنزلة... فاستاذنت على رسول الله ﷺ، ورسول الله ﷺ مع عائشة في مرطها...فاذن لها رسول الله ﷺ، فقالت: يا رسول الله إن ازواجكَ أرسلني اليك يسِالنك العدل في بنت ابي قحافة، قالت: ((في رواية: ثم اقبلت عليَّ فشتمني)) فاستطالت عليَّ، وانا ارقُبُ رسول الله ﷺ وارُقب طرفه ((في رواية: هل يأذن لي من ان انتصر منها))، قالت: ((في رواية: فشتمتني حتى ظننت أنُه لايكره أن انتصر منها فاستقبلتها)) قالت: فلما وقعت بها لم انشبها حين انحيت عليها، فلم البث ان افحمتها فتبسم رسول الله ﷺ، فقال: [أما انَّها ابنة ابي بكر])) (٦٩٨). (واتە: ژنانی پێغەمبەرﷺ زمینەبی کچی جەحشیان ﵂ نارده لای پێغەمبەر ﷺ، کەلەڕووی شوێنگەوە لەوانی بەباشتر دەزانی و لەئاستی عائیشە دابوو هات داوای ڕێ پێدانی لەپێغەمبەری خوا ﷺکرد، ئەو کاتە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ عائیشە ﵂ لەشوێنی حەوانەوەی ئەو دابوو، پێغەمبەر

(٦٩٧) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٣٧٧٥)، (الترمذي) (٣٨٧٩).

(٦٩٨) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٢٥٨١)، ومسلم في (الصحيح) (٦٢٤٠)، والنسائي في (سنن الكبرى) (٨٨٩٢-٨٨٩٤).

ﷺ ڕێی پێدا ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا هاوسەرەکانت منیان ناردووە بۆ لای تۆو داوا دەکەن ئەوان یەکسان بن لەگەڵ کچی ئەبوقوحافەدا (مەبەستی ئەبوبکر الصدیق) بوو عائیشە ﷺ وتی: (زەینەب ڕووی تێکردم و قسەی ناشیرینی کرد) ودرێژەی دایە. منیش تەماشای پێغەمبەری خواﷺ و تەماشای چاویم و دەکرد تابزانم ئایە ڕێم پێدەدات وەڵامی بدەمەوە زەینب قسەی ناشیرینی بە من وت تا وامزانی کە پێغەمبەر ﷺ پێی ناخۆش نیە وەڵامی بدەمەوە، ئینجا ڕووم تێکرد و وەڵامم دایەوە تا بێدەنگم کرد، هیچ تورەبوونێکم لە پێغەمبەر ﷺ بەدینەکرد زۆری نەخایاند پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەنی و بەزمردە خەنەیەکەوە فەرمووی: بەڕاستی ئەوە کچەکەی ئەبوبەکرە).

٥- پێغەمبەری خوا ڕێزی هاوسەری تەمەن کەمی دەگرت و ڕێزی سەرجەم هاوسەرەکانی تریش:

١- عەمری کوڕی عاص ﷺ دەفەرموێت: ((سألت النبي ﷺ اي الناس أحبُ اليك؟ قال: [عائشة]، قلت: من الرّجال؟ قال: [ابوها]))[٦٩٩]. واتە: (پرسیارم لە پێغەمبەر ﷺ کرد ج کەسێك لەلای تۆ زۆر خۆشەویستە، فەرمووی: (عائیشە) وتم: لە پیاوان فەرمووی: باوکی عائیشە).

٢- پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((...فَضلُ عائشة عن النساء، كُفضِل الثَّريد على سائر الطعام))[٧٠٠]. واتە: (پلەی عائیشە لەناو ژنەکان وەك پلەی تێگوشینە بەسەر خواردنەکانی تردا). پێغەمبەر ﷺ لە خواردنەکاندا زیاتر ئارەزووی لە تێگوشین هەبووە.

٣- عائیشە ﷺ دەفەرموێت: ((قدم رسول الله ﷺ من غزوة تبوك او خيبر وفي سهوتها ستر فهبت ريح فكشفت ناحية الستر من بنات لعائشة لُعبٍ، فقال: [ما هذا يا عائشة] ؟ قالت: بناتي، ورأى بينُهنَ فرسُ له جناحان من رقاع، فقال [ماهذا الذي ارى وسطهن]؟ قالت: فرس، قال: [وما هذا الذي عليه]؟ قالت: جناحان،، قال [أفرسٌ له جناحان]؟،

(٦٩٩) أخرجه: أحمد في (المسند) (٤/ ٢٠٣)، والبخاري في (الصحيح) (٤٣٥٨)، ومسلم في (الصحيح) (٢٣٨٤).
(٧٠٠) أخرجه: أحمد في (المسند) (٤/ ٩٤)، والبخاري في (الصحيح) (٢٧٦٩)، ومسلم في (الصحيح) (٢٤٣١)، والترمذي في (السنن) (١٨٩٤)، وابن ماجة في (السنن) (٣٢٠١).



قالت: اما سمعت أن لسُليمان خيلالها اجنحة ؟قالت: فضحك حتى رأيت نواجذه)[٧٠١].
واتە: (پێغەمبەرﷺ کاتێك لەجەنگی تەبوك یان خیبر گەڕایەوە لە گۆشەی ژوورەکەیدا پەردەیەك هەبوو، بایەك هەڵیکرد، لای داپۆشراوەکەی هەڵدایەوە هەندێك کچە بوکە شوشەی یاریکردنی عائیشە دەرکەوت. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەی عائیشە ئەوە چیە) عائیشە. وتی: ئەوە کچەکانمن، لەنێوانیاندا ئەسپێك هەبوو دووباڵی لەپەڕۆ هەبوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە چیە لە ناوڕاستیاندا دەیبینم. عائیشە. وتی: ئەسپە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی ئەوە چیە بەسەریەوە؟ عائیشە. وتی: دووباڵە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئایە ئەسپ دووباڵی هەیە؟) عائیشە. وتی: ئەی نەتبیستوە کە سولەیمان ئەسپیی باڵ داری هەبووە؟ ئینجا: پێغەمبەر ﷺ پێکەنی هەتا ددانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن).

٤-زوبەیری کوڕی عەموام ﷺ دەفەرموێت: ((...، انها كانت تلعبُ بالبنات عند رسول الله ﷺ قالت: وكانت تأتيني صواجي فكن ينقمعن (أي: يفرنَ) من رسول الله ﷺ قالت: فكان رسول الله ﷺ يُسرّبهن (أي: يُردهنَّ) اليَّ))[٧٠٢]. (واتە: عائیشە لەلای پێغەمبەرﷺ یاری لەگەڵ کچاندا دەکرد و عائیشە دەفەرموێت: هەندێك هاوڕێم دەهاتنە لام کە پێغەمبەریان دەبینی دەڕۆیشتن. بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ دڵیانی نەدەشکاند و هەموویانی دەناردنەوە بۆ لای من)، لەگێڕانەوەیەکی تردا لە عائیشەوە ﷺ دەفەرموێت: ((...كنت العب بالبنات فربما دخل على رسول الله ﷺ وعندي الجواري فاذا دخل خرجنَ واذا خرج دخلنَ))[٧٠٣]. واتە: (..من یاریم بە بووك دەکرد، جاری وادەبوو کە پێغەمبەری ﷺ خوا دەهاتەوە، من چەندان کچی هاوڕێم لەلابوو، کە پێغەمبەر ﷺ دەهاتە ژوورەوە ئەوان دەڕۆیشتن، وە ئەگەر دەچووە دەرەوە ئەوان دەهاتنەوە بۆ لام).

---

(٧٠١) أخرجه: البيهقي في (السنن) (١٠/ ٢١٩)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٨٩٥٠)، وأبو داود في (السنن) (٤٩٣٢)، وصححه الشيخ الالباني في (اداب الزفاف) (ص: ١٧٠)، وفي (صحيح سنن ابي داود) (٤١٢٣).

(٧٠٢) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٦٢٣٧)، وأحمد (٢٥٣٣٤)، وعبدالرزاق (١٩٧٢٢)، والطبراني (الكبير) (٢٣/ ٢٧٥).

(٧٠٣) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٤٩٣١)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابي داود) (٤١٢٢).

٥-عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((...والله لقد رأيت النبي ﷺ يقوم على باب حجرتي والحبشة يلعبون بالحراب في المسجد ﷺ، يسترني بردائه، لكي انظر الى لعبهم بين أذنه و عاتقه، ثم يقوم من اجلي حتى اكون انا التي املُّ فاقدروا قدر الجارية الحديثة السن الحريصة على اللهو))[٧٠٤]. واتە: (سوێند بیت بەخوا پێغەمبەری خوام ﷺ بینیوە لەبەردەم دەرگای ژوورەکم وەستاوە، کۆمەڵێکی حەبەشە بە تیر و ڕم لەمزگەوت یاریان دەکرد، ئەو کاتە بەکراسەکەی دایدەپۆشیم، هەتا من تەماشای یاریەکەیان بکەم لەنێوان گوێی و سەرشانی، و لەبەر من هەڵدەستایە سەر پێ، هەتا من بێزار دەبووم، لەبەر ئەوە ئێوەش ڕێزی کچێکی تەمەن کەم بزانن کە بەردەوام یاریکردنی پێخۆشە).

٦-عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((..خرجت مع رسول الله ﷺ وانا خفيفة اللحم فنزلنا منزلاً فقال لاصحابه: [تقدموا]، ثم قال: [تعالي حتى اسابقَكِ] فسابقني، فسبقته ((على رجليَ))، ((فسكت عني حتى اذا حملت اللحم وبدنت ونسيت))، ثم خرجت معه في سفر اخر، فَنَزلنا منزلاً، فقال لاصحابه: [تقدموا]، ثُمَ قال لي: [تَعالي اسابِقك]، ((ونسيت الذي كان قد حملت اللحم)) فسابقني، فسبقني، فضرب بيده كتفي، وجعل يضحك وقال: [هذه بتلك السبقة]))[٧٠٥]. واتە: (لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەفەرێکدا چوومە دەرەوە لەکاتێکدا هێشتا من گۆشتن و قەڵەو نەبووم، گەیشتینە جێگەیەک و لاماندا و بە هاوەڵەکانی فەرموو: ئێوە پێشکەون) لەدوایدا فەرمووی: وەرە هەتا پێش بڕکێت لەگەڵتا بکەم. منیش لەوێدا پێشیکەوتم. بەڕاکردن لەسەر هەر دوو پێم، پێغەمبەر ﷺ لێم بێدەنگ بووتا گۆشتم گرت و قەڵەو بووم وبیرم چوو، لەگەشتێکی تردا لەگەڵیدا چوومە دەرەوە لە جێگەیەک دابەزین و بەهاوەڵەکانی فەرموو: (ئێوە پێشکەون) لەدوایدا بەمنی وت: (وەرە پێشکەوتنم لەگەڵدا بکە؟ منیش بیرم چۆوە کەمن قەڵەوبووم) پێشکەوتنی

(٧٠٤) أخرجه: البخاري (٥١٩٠)، و مسلم (٨٩٢، ٢٠٦١)، وعبد الرزاق (١٩٧٢١)، والبيهقي في (السنن الكبرى) (٨٩٥٢-٨٩٥٣).

(٧٠٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢٤١١٩) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما، والحميدي في (المسند) (٢٦١)، وابوداود في (السنن) (٢٥٧٨)، وابن ماجة في (السنن) (١٩٧٩)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٨٩٤٢-٨٩٤٥)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابن ماجة) (١٦١٠)، وفي (الصحيحة) (١٣١).



لەگەڵدا کردم و پێشی دامەوە و دەستی کێشا بەسەر شانمدا و پێ دەکەنی و فەرمووی: ئەمە لەجیاتی ئەو پێشکەوتنەی پێشتر).

٧- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((يا عائشة ان جبريل يقرأ عليك السلام]، قلت: وعليه السلام ورحمة الله وبركاته ترى مالا نرى))[٧٠٦]. واتە: (ئەی عائیشە جبریل سەلامت لێدەکات) وتم: سەلام و ڕەحمەتی خوا لەئەویش بێت ئەوەی تۆ دەیبینیت ئێمە نایبینین).

٨- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((...لما رأيت النبي ﷺطيب النفس، قلت: يا رسول الله ادع الله لي، فقال: [اللهم اغفر لعائشة ماتقدم من ذنبها وماتأخر وما اسرّت وما أعلنت] فضحكت...، فقال ﷺ: [اسرّكِ دُعائي]؟ قالت: ومالي لايسرّني دعاؤك،، قال: [والله انها لَدُعائي لأمَتي في كُلِ صلاة]))[٧٠٧]. واتە:(.... کاتێك پێغەمبەرم بینی دڵخۆشە پێم وت: ئەی پێغەمبەری خوا دوعام بۆ بکە ئەویش فەرمووی: خوایە لە عائیشە خۆش بە لەو گوناهانەی پێشتر کردوونی و ئەوانەی دواتر کردوونی و ئەوەی کە نهێنیەو ئەوش کە ئاشکرایە.) من پێکەنیم پێغەمبەرﷺ فەرمووی: نزاکەم دڵخۆشی کردیت. وتم: ئەی چۆن دوعاو نزاکەت دڵخۆشم ناکات؟ (واتە: بەڵێ بەبێ گومان نزاکەت دڵخۆشم دەکات). فەرموی ﷺ: سوێند بێت بەخوا ئەوە نزای منە بۆ ئومەتەکەم لەهەموو نوێژێکدا).

٩- عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: [أنَّه ليُهَونُ علي الموت اني رأيتُكِ زوجتي في الجَنة][٧٠٨]. واتە: (مردنم لەلام ئاسانە دوای ئەوەی دڵنیام کە تۆ هاوسەری منی لەبەهەشتدا).

---

(٧٠٦) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٣٧٦٨)، ومسلم في (الصحيح) (٢٤٤٧)، والترمذي في (السنن) (٣٩٦٨)، وأبو داود في (السنن) (٥٢٣٢)، والنسائي في (سنن الكبرى) (٨٩٠٠-٨٩٠١).

(٧٠٧) أخرجه: البزار في (المسند) (٢٦٥٨)، وابن حبان في (الصحيح) (٧١١١) وقال محققه: اسناده حسن.

(٧٠٨) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) (٣٢/٢٣) وفي (الاوسط) (٣١٦٠)، وابن حبان في (الصحيح) (٨/١٦) وقال الشيخ الارنؤوط: اسناده صحيح.

١٠- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((...إنّ مما أنعم الله عليَّ أن رسول الله ﷺ قُبِضَ في بيتي ويومي وبين سحري ونحري، وان الله جمع بين ريقي وريقه عند الموت))[٧٠٩]. واتە: (لەو نیعمەتانەی کە خوای گەورە بەمنی بەخشیوە ئەوەیەکە پێغەمبەری خوا ﷺ، لەماڵی مندا گیانی سپارد و لەڕۆژی منداو لە نێوان باوش و سنگمدا و خوای گەورە لیکی ناودەمی من و ئەوی کۆکردەوە لەکاتی مردندا (واتە: بەهۆی ئەو سیواکەی من لە دەممدا تەڕم کرد و پاشان دامە پێغەمبەر ﷺ و ئەویش بۆ دواهەمیمن جار سیواکی پێ کرد و وەفاتی کرد).

١١-مەسروق ﵁ دەفەرموێت: ((لقد رأيت مشيخة أصحاب محمد ﷺ يسألونها عن الفرائض))[٧١٠]. واتە: (من پیاوە گەورە و پیرەکانی هاوەڵانی پێغەمبەرم ﷺ بینیوە دەربارەی میراتی پرسیاریان لە عائیشە ﵂ دەکرد)، لەگێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((...ما رأيت امرأة كانت أعلمِ بطب ولافقه ولا بشعر من عائشةِ...))[٧١١] واتە: (من هیچ ژنێکم نەدیوە زاناتر بێت لەبارەی پزیشکی و لەبارەی شارەزا بوون لەئایندەوە لەبارەی شیعرەوە لە عائیشە زاناتر بوو بێت).

موعاویەش﵁ دەفەرموێت: (... والله ما رأيت خَطِيباً قط أبلغ ولا أفطن مِن عائشة رضي الله عنها)[٧١٢]. واتە: (سوێند بێت بەخوا من هیچ وتارخوێنێکم هەرگیز نەدیووە زمان پاراوترو ژیرتر بێت لە عائیشە ﵂.

---

(٧٠٩) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٤٤٤٩).

(٧١٠) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) (٢٣/ ٢٩١)، وقال ابن حجر الهيثمي في (مجمع الزوائد) (٩/ ٢٤): اسناده حسن، والحاكم في (المستدرك) (٤/ ١١) وصححه الذهبي على شرطهما.

(٧١١) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) (٢٣/ ٢٩٤) بنفس الاسناد السابق.

(٧١٢) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) (٢٣/ ٢٩٨) وقال ابن حجر الهيثمي في (مجمع الزوائد) (٩/ ٢٤٣): رجاله رجال الصحيح.



بەشی سیانزەهەم

ڕێزگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئافرەتان

١- ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((...ان كَانَت الأمةُ ((في رواية: من إماء المدينة)) لَتَاخُذ بيدِ رسول الله ﷺ فَتنطلِقُ به حيثُ شاءَتْ))[٧١٣]. واتە: (کچۆلەیەکی کەنیزەك لە کچۆلەکانی شاری مەدینە دەستی پێغەمبەری خوای دەگرت و بەرەو هەر شوێنێکی بوبستایە دەیبرد).

٢- هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ فەرموویانە: ((... ان رسول الله ﷺ كان يعود مرضى مساكين المسلمين وضعفائهم، ويتبع جنائزهم، ولايصليّ عليهم غيره، وأنَّ امرأة مسكينة من اهل العوالي ((اي: عوالي المدينة)) طال سقمها، فكان رسول الله ﷺ يسأل عنها من حضرها من جيرانها، وأمرهم أن لا يدفنوها أن حدث بها حدث فيصلي عليها، فتوفيت تلك المرأة ليلاً، وأحتملوها، فاتوا بها مع الجنائز -أو قال موضع الجنائز عند مسجد رسول الله ﷺ - ليصلي عليها رسول الله ﷺ كما امرهم، فوجدوه قد نام بعد صلاة العشاء فكرهوا ان يهجدّوا ((اي يوقظوا)) رسول الله ﷺ من نومِهِ، فصّلوا عليها ثُم أنطلقوا بها فلّما اصبح رسول الله ﷺ، سأل عنها من حضره من جيرانها، فاخبروه خبرها، وانُهَم كرهوا ان يهجدوا رسول الله ﷺ لها، فقال لهم رسول الله ﷺ: [ولم فعلتم؟ انطلقوا...]، فانطلقوا مع رسول ﷺ حتى قاموا على قبرها، فصّفوا وراء رسول الله ﷺ كما يصّف للصِلاة على الجنازة، فصلى عليها رسول الله ﷺ وكبر اربعاً كما يكبّر على الجنائز))[٧١٤].

(واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی نەخۆشی هەژاران و بێ دەسەڵاتی موسوڵمانانی دەکردو لەگەڵ تەرمەکانیان دەڕۆیشت و کەس نوێژی لەسەر نەدەکردن تەنها ئەو نەبێت، جارێکیان ژنێکی نەداری خەڵکی لای سەروی شاری مەدینە نەخۆشیەکەی درێژی کێشا، پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری کرد

(٧١٣) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦٠٧٢)، وأحمد في (المسند) (٣/ ٩٨)، وانظر (رياض الصالحين) بتخريج الشيخ الالباني رقم (٦١٠)، وقال الشيخ الالباني: والحديث في (البخاري) معلق.

(٧١٤) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (٤/ ٤٨)، والنسائي في (السنن) (١/ ٢٨٠) مختصرا، وصححه الشيخ الالباني في (احكام الجنائز) (ص: ١١٥)، وصححه ايضا الشيخ مقبل الوادعي في (الصحيح المسند مما ليس في الصحيحين) رقم (١٤٧٦).

کێ لە دراوسێکانی ئامادەبوون، و فەرمانی پێکردن ئەگەر مرد ڕوداوێك لێی ڕویدا نەینێژن بۆ ئەوەی خۆی نوێژی لەسەر بکات. ئەو ژنە لەشەودا کۆچی دوای کرد، و هەڵیان گرت و هێنایان لە شوێنی نوێژ کردنی تەرم لە مزگەوتی پێغەمبەرﷺ دایان نا هەتا پێغەمبەر ﷺ نوێژی لەسەر بکات وەك چۆن فەرمانی پێکردبوون، بەڵام تەماشایان کرد پێغەمبەر ﷺ لەدوای نوێژی عیشا خەوی لێکەوتووە ئەوان پێیان باش نەبوو خەبەری بکەنەوە، و خۆیان نوێژیان لەسەر کرد و بردیان، کاتێك ڕۆژ بۆوە پێغەمبەری خوا لەو کەسانەی کە دراوسێی بوون لە حاڵی ژنەکەی پرسی.. ئەوانیش هەواڵەکەیان بۆ گێڕایەوە چونکە نەیانویستووە خەبەری بکەنەوە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون (بۆ ئەومتان کرد؟ وەرن لەگەڵمدا) هەموو.لەگەڵ پێغەمبەری خوا ڕۆیشتن هەتا چوونە سەر گۆڕی ژنەکە. لە پشت پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕیزبوون وەك چۆن نوێژ لەسەر جەنازە دەکرێت، ئینجا پێغەمبەر ﷺ نوێژی لەسەرکرد، چوار جار (الله أكبر)ی کرد وەك چۆن لەسەر تەرم دەکرێت.(واتە: نوێژی مردووی لەسەرکرد)).

٣- ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((إن امرأة كانت في عقلها شيء، فقالت: يا رسول الله إنّ لي اليك حاجة، فقال لها: [يا ام فلان انظري اي السكك شئت حتى اقضي لك حاجتك] فخلا معها في بعض الطرق حتى فرغت من حاجتها))[٧١٥]. واتە: (ژنێك عەقڵی تەواو نەبوو کەمێك شێت بوو، بە پێغەمبەری ﷺ وت: ئەی پێغەمبەری خوا پێویستیەکم پێت هەیە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی دایکی فلان کەس. سەیر بکە کام ڕێگا هەڵدەبژێریت لەوێ بە هەتا بێم پێویستیەکەت بۆ جێبەجێ بکەم، ئینجا لەگەڵیدا لەیەکێك لەو ڕێگایانەدا کۆ بوموە هەتا پێویستیەکەی بۆ جێبەجێ کرد. لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە [...يا ام فلان، خذي أيَّ الطرق شئت، فقومي فيه حتى أقوم معك][٧١٦]. واتە: (.... ئەی دایکی فلان کەس بزانە کام ڕێگا هەڵدەبژێریت، لەوێ بوستە هەتا بێم لەگەڵت بوەستم). لەگێڕانەوەیەکی تردا،

(٧١٥) خرجه: أحمد في (المسند) (١٢١٩٧) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطها، ومسلم في (الصحيح) (٣٢٦)، وابو يعلى (٣٤٧٢).

(٧١٦) في رواية: أبو داود (٤٨١٨)، والترمذي (الشمائل) (٣٢٤).

((...فخلا معها رسول الله ﷺ يناجيها حتى قضت حاجتها من رسول الله ﷺ))[٧١٧].واته: (پێغه‌مبه‌ر ﷺ به‌ته‌نها له‌گه‌ڵیدا وه‌ستا و به‌درێژی نزم چپه‌ی بۆ ده‌کرد هه‌تا پێویسته‌یه‌که‌ی بۆ جێبه‌جێ کرد).

له‌گێڕانه‌وه‌یه‌کی تردا هاتووه (([..يا ام فلان إجلسي في ايَّ نواحي السكك شئت حتى أجلس إليك] قال: فجلست، فجلس النبي ﷺ حتى قضت حاجتها))[٧١٨].واته: (ئه‌ی دایکی فلان که‌س دانیشه له‌کام جێ و ڕێگاکه خۆت دەتەوێت هه‌تا له‌گه‌ڵتدا دانیشم..) ئینجا پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌گه‌ڵیدا دانیشت هه‌تا پێویستیه‌که‌ی بۆ جێبه‌جێ کرد).

٤- عائیشه ﵂ ده‌فه‌رموێت: ((...كان لا يأنف ولايستكبر ان يمشي مع الارملة والمسكين والعبد حتى يقضى له حاجته....))[٧١٩].واته: (پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ، بێ فیز بوو ڕووی له‌که‌س وەرنه‌ده‌گێڕا و خۆی به‌گه‌وره نه‌ده‌زانی، که له‌گه‌ڵ بێوەژنان و نه‌داران و به‌نده‌کاندا به‌ڕێ بڕوات هه‌تا پێویستیه‌کانیان بۆ جێبه‌جێ بکات).

٥- پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌گه‌ڵ زینه‌بی کچی سه‌لمه ﵂ یاری ده‌کردو دەیفه‌رموو: ((يا زوينب، يا زوينب مراراً))[٧٢٠]. (ئه‌ی زوەینه‌ب، ئه‌ی زوەینه‌ب، (واته: زەینه‌به بچکۆله) چه‌ند جارێك ئه‌وەی له‌گه‌ڵدا دووباره ده‌کردەوه).

٦-هه‌ندێك جار پێغه‌مبه‌ر ﷺ بانگی عائیشه‌ی ده‌کردوو دەیفه‌رموو: ((..يا عائش..))[٧٢١]. (ئه‌ی عائش) واته: عائیشه بچکۆله (له‌خۆشه‌ویستیدا).

---

(٧١٧) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٤٥٢٧) وقال محققه: اسناده صحيح رجاله ثقات.

(٧١٨) أخرجه: أبو داود في (السنن) (٤٨١٨)، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح سنن ابي داود) (٤٣٤٨).

(٧١٩) أخرجه: ابن حبان في (الصحيح) (٦٤٢٣) قال الشيخ الارنؤوط: صحيح على شرط مسلم، والدارمي في (السنن) (٧٤)، والنسائي في (السنن) (٣/ ١٠٨)، والطبراني في(المعجم الكبير) (٨١٠٣)، وقال ابن حجر الهيثمي في (مجمع الزوائد) (٩/ ٢٠): اسناده حسن، والحاكم في (المستدرك) (٢/ ٦١٤)وصححه، والبيهقي في (دلائل النبوة) (١/ ٣٢٩)، وقال الحافظ العراقي في تخريجه على (الاحياء) (٢/ ١٩٢): اسناده صحيح.

(٧٢٠) أخرجه: الضياء في (المختارة) (٢٢٧٦٠)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٥٠٢٥)، و(الصحيحة) (٢١٤١).

(٧٢١) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٣/ ٢٢٩١، ١٣٧٤)، ومسلم في (الصحيح) (٤/ ١٨٩٦) وأحمد.

٧- ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((السَّاعي على الأرملةِ والمسكينِ، كالمجاهِدِ في سبيلِ الله))[٧٢٢]. واتە: (یارمەتیدەری بێوەژن و نەداران، وەک موجاهیدە لەڕێی خوادا).

٨- ئەبو هورەیرە ﷺ دەڤەرموێت: ((جاء رجل الى رسول الله ﷺ فقال: يا رسول الله مَن أحق النَّاس بِحُسن صحابتي؟ قال: [أمُكَ] قال: ثم من؟ قال: [أمُكَ] قال: ثم من؟ قال: [أمُكَ] قال: ثم من؟ قال: [أبُوك]))[٧٢٣]. واتە: (پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەرﷺ و پێی وت: (ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو کەسە کێیە مافی زیاترە لەسەرم کەمن جوان هاوڕێیەتی بکەم؟ فەرمووی: (دایکت) وتی: لە دوایی ئەو کێیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (دایکت)، جاری سێیەمیش وتیەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (دایکت) وتی: لە دوایی ئەو کێیە؟ فەرمووی: باوکت).

لەگێڕانەوەیەکی تردا کابرا وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ کێ مافی لەسەرم زیاترە بەباشترین شێوە هاوڕێیەتی بکەم؟ فەرمووی: ((أمُكَ ثم أمُكَ ثم أمُكَ ثم أبَاك ثم ادناك فأدناك))[٧٢٤]. واتە: (دایکت پاشان دایکت پاشان دایکت ئینجا باوکت پاشان کەسە نزیکەکانت یەک لەدوایی یەک).

٩- عەبدوڵڵای کوڕی عەمرۆی کوڕی العاص ﷺ دەڤەرموێت: (اقبل رجلُ الى نبيَّ ﷺ فقال: أبايُعك على الهجرةِ والجهاد أبتغي الأجر من الله تعالى، قال: [فهل من والديك احدٌ حيٌ] ؟ قال: نعم بل كلاهما، قال: [فَتبتغي الاجر من الله تعالى]؟ قال: نعم، قال: [فارجع الى والِدَيك فأحسن صُحبتُهما]))[٧٢٥]. واتە: (پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی: من گفت و بەڵێنت پێ دەدەم لەسەر کۆچکردن و جیهادکردن و پاداشتەکەیم لەخوای گەورە دەوێت. پێغەمبەر فەرمووی: (ئایا یەکێك لە دایك و باوکت لە ژیاندا ماون؟) کابرا وتی: بەڵێ، هەر دووکیان ماون. پێغەمبەرﷺ

---

(٧٢٢) أخرجه: البخاري (٦٠٠٧)، ومسلم (٢٩٨٢)، وابن ماجة (٢١٤٠).

(٧٢٣) أخرجه: البخاري (٥٩٧١)، ومسلم (٢٥٤٨).

(٧٢٤) خرجه: أبو داود (٥١٣٩)، والنسائي (٨٢/٥)، والترمذي (١٨٩٧)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابوداود) (٤٢٨٥).

(٧٢٥) أخرجه: البخاري (٣٠٠٤)، ومسلم (٢٥٤٩)، والنسائي (١٠/٦)، وأبو داود (٢٥٢٩).



فەرمووی: (پاداشتت لەخوای گەورە دەوێت؟) پیاوەکە وتی: بەڵێ، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: دەبگەڕێوە بۆلای دایك و باوکت چاکەیان لەگەڵدا بکە و ببەرە هاوڕێ یەکی باشی بۆیان).

١٠- عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((كن ازواج النبي ﷺ عنده، فاقبلت فاطمة رضي الله عنها تَمشي، ماتُخطيء من مشية رسول الله ﷺ شيئا، فلما راها رحّبَ بِها وقال: [مرحباً بابنتي]، ثُمَّ أجلسها عن يمينه او عن شماله...))[٧٢٦] (واتە: جارێکیان خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ لەلای بوون لەوکاتەدا فاطمە ﵂ هات دەڕۆیشت و هەنگاوی هەڵدێنایەوە وەك ڕۆیشتنی پێغەمبەرﷺ. کاتێك پێغەمبەر ﷺ چاوی پێکەوت، بەهاتنی دڵخۆش بوو وە پێشوازی لێکردو فەرمووی: مەرحەبا لەکچی خۆم لەدوایدا داینیشاند لەلای ڕاستی بوو یان لەلای چەپییەوە).

لەگێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((مارأيت أحداًكان أشبه سمتاً وهدياً و دلاً برسول الله ﷺ [في قيامها و قعودها] من فاطمة [بنت رسول الله]، وكانت اذا دخلت [على النبي ﷺ] قام [من مجلسه] اليها فأخذ بيدها قبَّلها و اجلسها في مجلسه، و كان النبي ﷺ] اذا دخل عليها قامت [من مجلسها] فأخذت بيده فقبلته وأجلسه في مجلسها...))[٧٢٧].

واتە: (هیچ کەسێکم نەبینیوە لە شێوە وڕێز و ئارامی و سەنگینی و هەڵسوکەوت و جوانیدا لە پێغەمبەرﷺ بچێت وەك فاتیمەی کچی، هەرکاتێك فاتیمە بچوایەتە ژوور بۆلای پێغەمبەرﷺ ئەو هەڵدەستا لە جێگە دانیشتنەکەی و دەچوو بۆلای و دەستی دەگرت و ماچی دەکرد و دەیهێنا و لەشوێن دانیشتنەکەی خۆیدا دای دەنیشان وە هەرکاتێکیش پێغەمبەرﷺ بچوایەتە ژوور بۆلای ئەویش لەجێگە دانیشتنی خۆی هەڵدەستا بۆلای و دەستی دەگرت و ماچی دەکرد و دەیهێنا و لەجێگەکەی خۆیدا دای دەنا).

---

(٧٢٦) أخرجه: البخاري (٣٢٦٣)، و مسلم (٢٤٥٠)، وابن ماجة (١٦٢١١)، وابو يعلى (٦٧٤٤).

(٧٢٧) أخرجه: أبو داود (٥٢١٧)، والترمذي (٣٨٧٢)، والحاكم (٤/٢٧٢)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابي داود) (٤٣٤٧)، و(صحيح الترمذي) (٣٠٣٩).

بەشی چواردەیەم

ئامۆژگاریەکانی باوکان و دایکان بۆ هاوسەران

١- پێویستە لەسەر دایکان و باوکان ئامۆژگاری هاوسەران بکەن پێش هاوسەرگیریان.

پێویستە لەسەر دایکان کچەکانیان فێری ژیانی هاوسەری و مافەکانی مێردەکانیان بکەن و ئەو مافانە بەبیری کچەکانیان بهێننەوە پێش گواستنەوە ئەوەش رێ ورەسمەکانی ژنانی پێشینە باشەکان بووە.

- ئومامە کچی حارث ئامۆژگاری کچەکەی خۆی کرد کە ناوی (ام ایاسی کچی عوف) بوو لە شەوی گواستنەوەیدا وپێی وت:-

(اي بُنية: ان الوصية لو تركت لفضل أدب لَتركت ذلك لك، لكنها تذكرة للغافل وَمعونة للعاقل، ولو أن أمرأة أستغنت عن الزوج لغنى أبويها وشدة حاجتها اليها كنت أغنى الناس عنه، ولكن النساء للرجال خُلقن ولهن خلق الرّجال.

اي بنية: انك فارقت الجوّ الذي منه خرجت، وخَلفْت العش الذي فيه درجت، الى وكر لم تعرفيه، وقرين لم تأليفه فاصبح بملكه عليك رقيباً ومليكا فكوني له امةً يكن لك عبداً وشيكا.واحفظي له خصالاً عشراً يكن لك ذخراً.

أما الاولى والثانية: فالخشوع له بالقناعة وحسن السمع له والطاعة.

وأما الثالثة والرابعة: فالتفقد لمواضع عينه وأنفه، فلا تقع عينه منك على قبيح ولايشمِ منك إلاّ أطيب الرّيح.

اما الخامسة والسادسة: فالتفقد لوقت منامه وطعامه، فان تواتر الجوع ملهبة، وتنغيض النوم مغضبة.

أما السابعة والثامنة: فالاحتراس بماله، والارعاء على حشمه وعياله، وملاك الامر في المال حسن التقدير، وفي العيال حسن التدبير.

وأما التاسعة والعاشرة: فلا تعصين له أمراً، ولا تفشين لهُ سراً، فإنَّك إن خالفت أمره او غرت صدره، وإن افشيت سره لم تأمني غدره، ثم اياك والفرح بين يديه أن كان مهموماً، والكآبة بين يديه ان كان مسروراً، وكوني اشدّ الناس له اعظاماً، يكن اشدهَم لك اكراماً، واعلمي انك لا تصلين الى ماتحبين حتى تؤثري رضاه على رضاكي، وهواه على هواكي فيما أحببتِ وكرِهْتِ والله يخيرلك)[٧٢٨].

عەمری کوڕی حەجر پاشای (کندە) (ام ایاس)ی کچی عوفی شیبانی خواست، کاتێك کاتی گواستنەوەی هات، دایکی (أم ایاس) کەناوی ئومامە کچی حارپ بوو بەتەنیا لەگەڵ کچەکەی دانیشت و ئامۆژگاری کرد و بنەماکانی ژیانی هاوسەریەتی بەختەوەری بۆ ڕونکردەوەو ئەوەی پێویستە بۆ مێردەکەی بیکات، وتی: ئەی کچی خۆم ئامۆژگاری ئەگەر وازی لێبهێنرایە لەبەر چاکی ئەو کەسە. ئەوا من ئامۆژگاریم نەدەکردیت و تۆ پێویستت پێ نەدەبوو، بەڵام ئامۆژگاری یادکردنەوەیەکە بۆ کەسی بێ ئاگا و یارمەتیدەریشە بۆ کەسی عاقڵ. ئەگەر ژنێك پێویستی بەمێردکردن نەبووایە لەبەر دەوڵەمەندی دایك و باوکی و زۆر پێویستی بەوان، ئەو کات ئەوە تۆ دەتوت کەلە هەموو کەس زیاتر پێویستت بەمێردکردن نەدەبوو، بەڵام ژنان بۆ پیاوان دروست کراون و پیاوانیش بۆ ژنان.

کچی خۆم، تۆ لێرەوە جیابویتەوە لەو کەش و هەوایەی کە لێیەوە هاتیتە دەر، وە ئەو هێلانەیەت جێ هێشت کەتیایدا گەورە بوویت، دەچیە ناو لانەیەکەوە کەپێشتر نەت بینیوە، بۆلای هاوڕێیەك کە لەگەڵیدا پێشتر ڕانەهاتوویت ونەت ناسیووە، ئەو بەهۆی ئەم هاوسەریەوە بومتە خاومن و چاودێر بەسەرتەوە، تۆ بۆی بەرە کە نیزەك ئەو بۆت بەزوویی دەبێتە بەندە، گەرتۆ ئاگاداری ئەم دەخاڵەت کرد دەبیتە خاومنی:

یەکەم و دووەم: ڕازی و بەقەناعەت بە لەگەڵیدا، وەجوان گوێگرە بۆی و جوانیش گوێڕایەڵ ببە.

بەڵام سێیەم و چوارەم، ئاگاداری ئەو جێگایانە ببە کە بۆنی دەکاو بۆی

(٧٢٨) انظر: (فقة السنة) لسيد سابق (٢/ ٢٠٠).

دەڕوانێ، باچاوی لەتۆدا بەناشرین نەکەوێت وە باتەنها بۆنی خۆش لەتۆدا بۆن بکات.

بەڵام پێنجەم و شەشەم ئاگاداری کاتی خەوتن و خواردنی بیە چونکە، شڵەژانی برسیەتی لەدوای برسیەتی کڵپە ئەسێنێت وە نوستن لێ تێکچون هۆکاری تورەییە.

بەڵام حەوتەم و هەشتەم: پارێزگاری لەماڵەکەی بکە، وە چاودێری ڕێزو منداڵ و خێزانی بکە، پاراستن و بەڕێوە چوونی ماڵ و سامان بە مەزندەکردنی باش دەبێت و لە پاراستن و بەڕێوەچونی خێزانیشدا بە ڕاو تەکبیری باش دەبێت.

بەڵام نۆیەم و دەیەم: لە هیچ فرمانێکیدا سەر پێچی نەکەیت و نهێنی بڵاو نەکەیتەوە، چونکە تۆ ئەگەر پێچەوانەی فرمانەکەی بکەیت ئەوکات سنگی توند دەکەیت بەرامبەرت، وە ئەگەر نهێنیەکەیت ئاشکراکرد، تۆ لە ستەمی ئەو دڵنیا نابێت و ئاگادارت دەکەمەوە لە دڵخۆشی لەکاتێکدا کەئەو خەمی هەبێت و خەمۆکی داگرتن لەکاتێکدا کە ئەو دڵخۆش بێت، تۆ لە هەموو کەس زیاتر ئەو بەگەورە بزانە ئەویش لەهەموو کەس زیاتر ڕێزت لێ دەگرێت، وە دڵنیابە تۆ ناگەیەتە ئەوەی کە پێت خۆشە هەتا ڕەزامەندی ئەو بەسەر ڕەزامەندی تۆدا نەبێت، وە ئارەزووی ئەو لەسەرو ئارەزووی تۆ بێت لەو کارانەی کە پێت خۆشە و لەوانەش کەپێت ناخۆشە، خوای گەورە کاری خێرت بۆ هەڵبژێرێت).

❁ ئەسماو کچی خارجەی فەزاری ﷺ ئامۆژگاری کچەکەی کردو پێی وت:

«أنكِ خرجت من العش الذي فيه درجتِ، فصرت الى فراش لم تعرفيه وقرينٍ لم تألفيه، فكوني له ارضاً يكن لك سماء وكوني له مهاداً يكن لك عماداً، وكوني له امة يكن لَك عبداً، ولاتلحقي به فيقلاك ولاتباعدي عنه فينساك، ان دنا منك فاقربي منه، وان نای عنك فابعدي عنه، واحفظي انفه وسمعه وعينه، فلا يشمن منك إلاّ طيباً ولايسمع الا حسناً ولاينظرمنِكِ إلاّ جميلاً»[٧٢٩]. واتە: (تۆ لەهێلانەیەك چویتە دەرموە كە تیایدا

(٧٢٩) أخرجه: البيهقي في (شعب الايمان) (٨٧٣٨)، وابن أبي الدنيا (العيال) (١٣٦)..



گەورە بووبێت، چوویتە ناو نوێنێك کەنەت ناسیوە وە بۆلای هاوڕێ یەك کە لەگەڵیاندا ڕانە هاتووبێت تۆ ببە بەخاك بۆ ئەو ئەویش بۆتۆ دەبێت بە ئاسمان، تۆ بۆئەو ببە بە ڕاخەر ئەویش بۆ تۆ دەبێتە کۆڵەکە تۆ بۆ ئەو ببە بە (ئەمەتە) هەتا ئەویش بۆتۆ ببێتە بەندە، ئەوەندە دوای مەکەوە تا لێت بێزار بێت، وەئەوەندەش خۆتی لێ دوور مەخەرەوە کەتۆی لەبیر چێتەوە گەر ئەو لێت نزیك بوەوە تۆش لێی نزیك ببەرەوە، وەگەر لێت دورکەوتەوە تۆش خۆتی لێ بەدوور بگرە و ئاگاداری چاو و لوت و گوێ ببە، بابۆنی هەر خۆش لەتۆ بۆن بکات، وەهەر وتەی جوانت لێ ببیستێت، وە هەر دیمەنی جوانت لێ ببینێت).

❁ جەعدەی کوڕی هبیرە (...گەر کچێکی بەشو بدایە شەوی گواستنەوە بهاتایەتە پێش ئامۆژگاری دەکرد و ئاگاداری دەکردەوە لە ڕەوشتە خراپەکان و کارە ناشرینەکان)[٧٣٠].

٢-پێویستە دایك و باوك ئامۆژگاری ژن و مێرد بکەن لەدوای هاوسەرگیرێتی و پەیوەندی نێوانیان چاك بکەنەوە:

أ- سەهلی کوڕی سەعد ﷺ دەفەرموێت: ((...جاء النبي ﷺ الى بيت فاطمة، فلم يجد عليّاً في البيت، فقال: [اينَ ابن عمّكِ]؟، فقالت: كان بيني وبينه شيءٌ، فغاضبني فخرج فلم يَقِل عندي، فقال رسول الله ﷺ لانسانٍ: [انظر اين هو]؟ فجاء، فقال: يا رسول الله هو في المسجد راقد، فجاءهُ رسول الله صلى الله عليه وسلم وهو مُضطَجع قد سقط رداءهُ عن شقة فاصابه ترابٌ، فجعل رسول الله ﷺ يمسحه عنه ويقول: [قم يا ابا التُراب... قم يا ابا التراب])[٧٣١].(واتە: پێغەمبەر ﷺ هات بۆ ماڵی فاطمە ﷺ، و علی لەماڵەوە نەبینی و فەرمووی: (ئامۆزاکەت لەکوێیە)؟ ئەویش وتی: لەنێوانمان شتێك ڕوویداوە و تورەی کردم و چووە دەرەوە و لای من خەوی نیوە ڕۆژەی نەکردووە، پێغەمبەرﷺ بەکەسێکی وت: سەیربکە بزانە ئەو لەکوێیە؟ کابرا هات و بە پێغەمبەری خوایﷺ وت: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو لەمزگەوتەو پاڵ کەوتووە.

---

(٧٣٠) أخرجه: البيهقي في (شعب الايمان) (٨٧٣٥).

(٧٣١) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٦٢٨٠، ٣٧٠٣، ٤٤١) ومسلم في (الصحيح) (٦١٧٩).

پێغەمبەرﷺ هات بۆلای لەکاتێکدا ئەو پاڵکەوتبوو، لایەکی کراسەکەی کرابوموە وئەو لایەیی خۆڵاوی ببوو، پێغەمبەرﷺ دەستی کرد بە سڕینەوەی خۆڵەکە و لابردنی تۆز لێ ی و فەرمووی:(هەستە ئەی ئەبو تراب..... هەستە ئەی ئەبو تراب. (واتە:خوڵاوی)).

ب- عکریمە ﷺ دەفەرموێت: ((ان اسماء بنت ابي بكر اتت اباها تشكو الزبير، فقال لها: ارجعي يابنية إنك إن صبرتِ وأحسنتِ صحبتُه ثُم مات فلم تنكحي بعده ودخلتما الجنَّة كنت زوجته))[٧٣٢]. واتە: (ئەسمائی کچی ئەبوبەکر ﷺ هات بۆ لای باوکی و سکالای لە زوبێری مێردی کرد، باوکی پێی وت: ئەی کچی خۆم بگەڕێوە ئەگەر ئارام بگریت و لەگەڵیدا باش بیت، لەو حاڵەتەدا بمرێت تۆش دوای ئەو شونەکەیتەوە و بچنە بەهەشتەوە، ئەوە تۆ هەر هاوسەری ئەویت).

ج- ئەسماء ﷺ دەفەرموێت: ((تَزوجني الزبير وماله في الارض من مال ولا مملوك ولا شيء غير فرسه فكُنت أعلِفَ فرسَهُ واكفيه مؤنته وأسُوسُه وادق النوى لناضِحة واعلِف واستقي الماء واخرُزُ غرَبهُ واعجن ولم أكن أحسن أخبز فكان يخبز جارات لي من الانصار وكن نسوة صدق... وكان من أغير الناس... قالت: حتى أرسل اليَّ ابوبكر بعد ذلك بخادم فكفتني سياسة الفرسِ فكأنما اعتقني..))[٧٣٣] واتە: (کاتێك زوبێر مارەی کردم، و شوم پێ کرد ئەو لەسەر زەویدا هیچی نەبوو نەخاوەنی مووڵکێك بوو نەخاوەنی کۆیلەیەك بوو، وە هیچی نەبوو تەنها ئەسپێك نەبێت منیش ئالیکم بە ئەسپەکەی دەدا و ئاڵفم بۆ دابین دەکردو بۆم دەلەوەڕاند و ئاوم دەدا و ناوکی خورمام دەکرد بەدەستاڕدا بۆ وشترە ئاوکێشەکەی و دەچووم ئاوم دەکێشا و سەتڵەکەیم بۆ پێنەدەکرد و هەویرم دەشێلا بەڵام چاك نەم دەزانی نان بکەم بۆیە هەندێك لەماڵە دراوسێکانی ئەنصاری نانیان بۆ دەکردم بەڕاستی ئەوانە ژنانێکی ڕاستەقینە بوون... لەگەڵ ئەوەشدا. زوبەێر لەهەموو کەس زیاتر غیرەی دەکرد، تا لەدواجاردا ئەبوبەکر خزمەتکارێکی بۆ ناردم وە بەڕێوە بردنی ئەسپەکەی لە کۆڵکردمەوە بەڕاستی وەك ئەوەی ئازادکرابم وابوو).

(٧٣٢) أخرجه: اسحاق بن راهويه في (المسند) (٢٢٥٠)، واورده الحافظ في (المطالب) (١٦٨٤).

(٧٣٣) أخرجه: البخاري (٣١٥١)، ومسلم (٢١٨٢)، وأحمد (٢٦٩٣٧)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٩١٧٠).

د-ئیمامی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((لاقولنَّ شيئاً أُضحك النبي ﷺ، فقال: يا رسولِ الله لو رأيت بنت خارجة سألتني النفقة فوجأت عُنقها، فضِحكَ رسول الله ﷺ وقال: [هُنُّ حولي كما ترى يسألني النفقة] فقام ابوبكر الى عائشة يجاء عنقها وقام عمر الى حفصة يجأ عنقها كلاهما يقول: تسألن رسول الله ﷺ ماليس عِنَدهُ [فَنَهاهما رسول الله ﷺ]))[٧٣٤].

واتە: (جارێکیان وتم: دەبێت شتێك بڵێم پێغەمبەر ﷺ بخاتە پێکەنین وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر کچی (خارج)ەت دەبینی و چۆن داوای نەفەقەی لێکردم، منیش ملیم گرت، پێغەمبەرﷺ پێکەنی وفەرمووی: (ئەوانەی بەدموری منیشەومن هەر داوای نەفەقەم لێدەکەن. ئینجا ئەبوبەکر هەستاو چووە لای عائیشەو ملی لەدواوە گرت و عومەریش هەستا چوو بۆلای حفصە و ملی گرت لەدواوە. و هەردوولایان پێیان دموتن: ئێوە داوای شتێك لە پێغەمبەر دەکەن کە نیەتی. تا پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێکرد وازیان لێ بهێنن).

لەگێڕانەومیەکی تردا لە عومەرەوە ﷺ دەفەرموێت: ((...فدخلتُ على حفصة بنت عمر فقلت لها: يا حفصة اقد بلغ من شأنك ان تؤذي رسول الله ﷺ لقد علمت ان رسول الله ﷺ لايُحبُكِ ولولا أنا لطلقك رسول الله ﷺ))[٧٣٥].واتە: (چوومە ژورەوە بۆ لای حفصەی کچی عومەر و پێم وت: ئەی حەفصە، ئەوندە پایەت بەرز بوو تاگە پشتیتە ئەو ئاستەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئازار بدەیت. خۆت باش دەزانیت کە پێغەمبەری خوا خۆشی ناوێیت، ئەگەر لەبەر من نەبووایە تەڵاقی دەدایت).

لەگێڕانەومیەکی تردا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((...دخَلَ عمر على حفصة وهي تبكي، فقال لها: مايبكيك لعل رسول الله ﷺطلقكِ، انه قد كان طلقكِ مرّة ثم راجعك من أجلي والله لئن كان طلقك مَرة أخرى لأُاكلمكَ أبداً...))[٧٣٦]. واتە: (جارێکیان عومەر چوو بۆلای حفصە و بینی دەگریا، پێی وت: بۆچی دەگریەی؟ پێ دەچێت پێغەمبەری خوا تەڵاقی دابیت؟ ئەوە نەبوو جارێك تەڵاقی دایت و لەبەرمن گەڕاندیتیەوە. سوێند بێت بەخوا ئەگەر ئەم جارە تەڵاقت بدات هەتا هەتایە قسەت لەگەڵ ناکەم).

(٧٣٤) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٦٧٤)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٩٢٠٨).

(٧٣٥) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٦٧٥).

(٧٣٦) أخرجه: ابو يعلى في (المسند) (١/١٥٩) رقم (١٧٢)، وقال الشيخ مقبل في (الجامع الصحيح مما ليس في الصحيحين) (٣/١٠٧): اسناده صحيح.

پێویستە پیاو لە ژن تێبگات

١-ئافرەت لەگەڵ پیاودا لەسەر یەک بار ناڕوات:

ئافرەت لە پیاو ناچێت لەهەموو ڕوویەکەوە بەڵکو تایبەتمەندی خۆی هەیە:

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((استوصُوا بالنِّساءِ خَيراً، فإنَّ المرأةِ خُلقَت من ضلعٍ، وان أعوج مافي الضَّلع أعلاه: فان ذهبت تُقيمه كَسرتهُ، وان تركتهُ لم يزل أعوج فاستوصوا بالنِّساءِ))[٧٣٧]. واتە: (ئامۆژگاری چاکەی ژنەکانتان بکەن، و لەگەڵیان باش بن چونکە ژن لەبەشێکی پیاو (واتە: پەراسو) دروست بووە، خوارترین بەشی پەراسوش لاسەروەکەیەتی، ئەگەر بتەوێت ڕاستی بکەیتەوە دەیشکێنیت و ئەگەر هەروازی لێبهێنیت ئەوە هەربەخواری دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە ئامۆژگاری ژنان بکەن و لەگەڵیان باش بن).

لەگێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: ((...المرأةُ كالضَّلَع إن أقَمتَها كَسَرتها وان استَمتَعت استمتعت بها وفيها عوجٌ))[٧٣٨]. واتە: (ئافرەت وەک پەراسوە گەر ڕاستی بکەیتەوە دەی شکێنیت وەگەر بتەوێت لەگەڵیدا بژیت دەبێت بەو خواریە لەگەڵیدا بژیت). لەگێڕانەوەیەکی تردا: ((المرأة كالضلع فان تحرص على إقامته تكسرهُ، و ان تتركهُ تستمتع به [وفيها عوج، فاستمتع بها على ما كان منها من عوج][٧٣٩]. واتە: (ئافرەت وەک ئێسقانی پەراسو وایە ئەگەر بتەوێت ڕاستی بکەیتەوە دەشکێت و ئەگەرلێ ی گەڕێیت خۆشی لێ دەبینیت و ئەو خواریەیی هەر تێدایە، کەواتە تۆش خۆشی لەگەڵیدا ببینە بەو خواریەوەیی کە تێی دایە).

لەگێڕانەوەیەکی تردا: ((إنَّ المرأة خُلِقتَ من ضِلَع، لَن تَستَقيمَ لكَ على طريقةٍ، فإن استَمتَعت بها إستمتعتَ بها وفيها عوجٌ.وان ذهبت تُقيمُها كسرتها، وكَسرها

---

(٧٣٧) أخرجه: البخاري (٣٣٣١)، ومسلم (١٤٦٨).

(٧٣٨) أخرجه: البخاري (٣٣٣١)، ومسلم (١٤٦٨)، وأحمد (٢/٤٢٨)، والحاكم (٤/١٧٤)، وابن حبان (٤١٨٠) و قال محققه: اسناده حسن، واللفظ له.

(٧٣٩) أخرجه: أحمد (٩٥٢٤) وقال محققه: حديث صحيح وهذا اسناده جيّد، وابن أبي الدنيا (العيال) (٤٦٨)، و ابن حبان (٤١٨٠) وقال محققه: اسناده حسن، واللفظ له و لأحمد.



طَلاقُها))[٧٤٠]. واتە: (ئافرەت لە پەراسو بەدیهێنراوە، لەسەر یەك ڕەوت بۆ تۆ ڕاست نابێتەوە، ئەگەر بتەوێت خۆشی لێ ببینی ئەوە خۆشی لێ دەبینیت و خواری تێدایە، وە ئەگەر ویستت ڕاستی بکەیتەوە ئەوە دەی شکێنیت، و شکاندنیشی تەلاقدانیەتی).

دوای کۆکردنەوە و وردبینەوە خستنی فەرموودەکان بەم جۆرەی خوارەوەی لێ دێت:-

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إنَّ المرأةُ خُلِقت مِن ضِلَع [في رواية: إنَّما المرأة كالضِّلعِ] لن تستقيمَ لك على طريقةٍ، فإن استَمتَعت بها استمتعتُ بها وبها عَوجٌ [وإنَّ أعوجَ ما في الضِّلعِ أعلاهُ] ان ذَهبتَ تُقيمها كَسرتها، وكَسرُها طَلاقُها، [وان تَركتُه لم يَزَل أعوجَ فاستَوصُوا بالنِّساءِ خيراً]))[٧٤١]. واتە: (ئافرەت لە پەراسو بەدیهێنراوە لەگێڕانەوەیەکی تردا [ئافرەت وەك لا پەراسو وایە] لەسەر یەك ڕەوت و ڕێگا بۆت ڕاست نابێتەوە، ، ئەگەر بتەوێت خۆشی لێ ببینی ئەوە خۆشیت لێ بینیومو خواریەکەشی هەر هەیە (وە خوارترین شوێن لەپەراسودا لا سەرەوەکەیەتی.) ئەگەر بتەوێت ڕاستی بکەیتەوە ئەوە شکاندوتە، شکاندنیشی تەلاقدانیەتی. وە ئەگەر وازیشی لێ بهێنیت ئەوە هەربەخواری دەمێنێتەوە، کەواتە لەگەڵیان باش بن و ئامۆژگاری چاکەیان بکە).

٢-ئەو ئافرەتانەی کە تەواون لەهەموو ڕوویەکەوە ژمارەیان کەمن:

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((كمل من الرِّجال كثير ولم يكملْ من النِسَاء غير مريم بنت عمران وأسية امرأة فرعون [وخديجة بنت خويلد وفاطمة بنت محمد]))[٧٤٢].واتە: (لە پیاواندا کەسانی تەواو لە هەموو ڕووەوە زۆرهەڵکەوتوون بەڵام لە ژناندا کەسانی تەواو نەبووە جگە لە (مریم کچی عمران و اسیەی ژنی فیرعون) [و خدیجەی کچی خومیلید و فاتیمەی کچی محمد.]).

(٧٤٠) أخرجه: البخاري (٥١٨٤)، مسلم (١٤٦٨)، وأحمد (٢٠٠٩٣).

(٧٤١) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٦٣٢، ٣٦٣١، ٣٦٢٩).

(٧٤٢) أخرجه: البخاري في (الصحيح) (٣٤١١)، ومسلم في (الصحيح) (٦٢٢٢)، والترمذي في (السنن) (١٨٣٤)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٣٩٥٧)، وابن ماجة في (السنن) (٣٢٨٠).

٣-هەندێکیان ئارام گرو سوپاس گوزار نابن:

عەبدولڕەحمانی کوڕی شبل ﷺ لە پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوەکە فەرموویەتی: ((... إنَّ الفُساق هم أهل النار]، قال رجلٌ يا رسول الله أوليسَ أمّهاتها وأخواتُنا وازواجنا؟)) واتە: (گوناهکاران لەڕاستیدا هەر ئەوان کەسانی ناو ئاگرن) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ گوناهکارەکان کێن؟ پێغەمبەر فەرمووی: [النساء] واتە: (ژنانن) پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەوان دایکانمان نین وە خوشکانمان نین وە خێزان و هاوسەرانمان نین؟ پێغەمبەر فەرمووی: [بلى ولكنهنَّ اذا اعطين لم يشكرنَّ واذا أُبتلينَ لم يَصبرنَّ])[٧٤٣]. واتە: (بەڵێ وایە بەڵام ئەوان ئەگەر پێیان ببەخشرێت سوپاسگوزار نابن و ئەگەر تاقیکرانەوە ئارام گرنابن).

٤-پێویستە بە سۆزو نەرم و نیانی مامەڵە یان لەگەڵ بکرێت:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((...إنَّ المرأة خُلِقت منِ ضلَعَ...وان تدعها ففيها اودُ وبُلغةٌ])[٧٤٤]. واتە: (ئافرەت لە پەراسو بەدیهێنراوە، ئەگەر وەك خۆی لێ ی گەڕێیت ئەوە ژیانی لەگەڵدا دەبەیتە سەرو ئەو خواریەی هەر تێدایە).

لەگێڕانەوەیەکی تردا: [...فدارها تعيش بها])[٧٤٥]. واتە: (ئەگەر سۆزو خۆشەویستی بدەیتێ و نەرم و نیان و ئارامگربیت لەگەڵیدا بەهۆیەوە دەژی و ژیانت دەبێت).

نعیم کوڕی قعنب وتی ﷺ ئەبوزر ﷺ بەژنەکەی وت: خواردنمان بۆ بهێنە، نەیهێنا جارێکی تر فرمانی پێکرد و هەرنەیکرد هەتا دەنگیان لەیەکتری بەرزکردەوە، ئینجا وتی: ئەی ئێوە حساب بۆ ئەو قسەیەی پێغەمبەر ناکەن

---

(٧٤٣) أخرجه: أحمد في (المسند) (١٥٥٣١)وقال محققه: حديث صحيح، وسبق تخريجه.

(٧٤٤) خرجه: أحمد (٩٧٩٥) و قال محققه: اسناده حسن، والدارمي (٦٢/٢)، والبخاري (٧٤٧) في (الادب المفرد)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٩١٥٢)، و حسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) رقم (١٩٤٢).

(٧٤٥) أخرجه: أحمد (٢٠٠٩٣) وقال محققه: حديث صحيح، وابن حبان (٤١٧٨)، والحاكم (١٧٤/٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (١٩٤٤)..و (صحيح الادب المفرد) (٥٧٤).



فەرموویەتی: ((إنَّ المَرأة خُلِقَت مِن ضِلَع...))[٧٤٦]. واتە: (ئافرەت لە پەراسو دروستکراوە). لەڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: ((المرأة كالضلع فان تحرص على اقامته تكسره وإن تتركه تستمع به وفيه عوج.....))[٧٤٧] واتە: (ئافرەت وەك پەراسو وایە گەر تۆ سووربیت لەسەر ڕاست کردنەوەی دەیشکێنیت وەگەر وازی لێبهێنیت ئەو خواریەی تێدایە و تۆش بەخۆشی لەگەڵیدا دەژیت).

٥-نافرەتان هەیانە زۆر سکالاّو نەفرەت دەکات و سپڵەیە لەبەرانبەر چاکەکانی مێردەکەیدا:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((...أطلعت في النار، فرأيتُ أكثر أهلها النِّساء] (واتە: لەدۆزەخم ڕوانی، بینیم زۆربەی کەسانی ناو دۆزەخ ژنن) فەرموویان: پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی وایە؟ فەرمووی: [بكفرهن.....، يكفرن العشير ويكفرن الإحسان، [في رواية: تُكثرنَ الشكاة][٧٤٨]، [في رواية: اللعن][٧٤٩]، لو أحسنت الى إحداهنَ الدهر، ثم رأت مِنكَ شيئاً: قالت: ما رأيتِ منك خيراً قط])[٧٥٠]. واتە: (ئەوە بەهۆی کوفر کردن و پێ نەزانینیانەوەیە...ئەوانە پێ نەزانن بەڕیانی هاوسەرێتی، وپێ نەزانن بەچاکەی مێردەکانیان وە [زۆر سکالاّدەکەن.] [وە زۆر نەفرەت دەکەن] گەر تۆ ساڵانێکی زۆر چاکە لەگەڵ یەکێکیاندا بکەیت و لەدوایدا شتێکی لێبەدی کردیت، ئەوکات دەڵێت: (من هەرگیز هیچ خێرێکم لەتۆ نەدیوە).

ئەسماء دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەر ﷺ بەلای کۆمەڵێك ئافرەتدا تێ پەڕی و سەلامی لێکردن و فەرمووی:واتە:ئاگادارین خۆتان دوور گرن لەوانە نەبن کە کوفری نیعمەتەکانی خوا دەکەن؟ ئافرەتێکیان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە کێن کە کوفری نیعمەتەکانی خوا دەکەن؟ فەرمووی: ((لعل احداكن

(٧٤٦) أخرجه: البخاري في (الادب المفرد) (٧٤٧)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الادب المفرد) (٥٧٤).

(٧٤٧) أخرجه: أحمد (٩٥٢٤) وقال محققه: حديث صحيح.

(٧٤٨) أخرجه: النسائي في (السنن) (٣/ ١٨٧).

(٧٤٩) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٢٣٨).

(٧٥٠) أخرجه: أحمد في (المسند) (٤/ ٤٢٩)، والبخاري في (الصحيح) (٥١٩٨، ٥١٩٧)، والترمذي في (السنن) (٢٦٠٢)، وابن حبان في (الصحيح) (٧٤٥٥).

ان يطول لبثها بين أبويها وتعنس، ثم يرزقها الله عزوجل زوجاً، فيرزقُها منه مالا وولداً، فتغضب الغضبة [فتكفر] فتقول: ما رأيت منك يوماً [في رواية: ساعة] خيراً قط،.....، فذلك من كفرانِ نعم الله وذلك من كفران المنعمين))[٧٥١]. واتە: (ڕەنگە یەکێکتان مانەوەی لە مااڵی باوکی دڕێژە بکێشێت و قەیرمبێت. لەدواییدا خوای گەورە هاوسەرێکی پێدەبەخشێت، و بەهۆیەوە ماڵ و منداڵی زۆری پێدەبەخشێت، ئەو ئافرەتە لەناکاو تورە دەبێت [و کوفر دەکات] و دەڵێت: (ڕۆژێك یان سەعاتێك) من خێرو خۆشیم لەتۆ نەدیوە. ئەوەش هەڵگەڕانەوە و کوفرە لە بەخشندەییەکانی خوای گەورە وە ئەوانەن کەکوفری نیعمەتەکانی خوا دەکەن).

٦-ناتەواون لە ئاین و بیرو هۆشدا:

ئیبنو عومەرە ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((يا مَعشَرَ النِّساء تُصَدَّقن، وأكثِرنَ من الاستِغفارِ، فأنِّي رأيتكنَّ أكثر أهلِ النّار] قالت امرأة منهنَّ: مالنا أكثر أهل النار؟ قال: [تِكثرنَ اللّعنَ، وَتَكفرن العَشيرما رأَيتُ من ناقصات عقلٍ ودينٍ أغلَبَ لِذِي لُبَّ منْكُن] قالت: مانُقصانُ العقلِ والدّينِ؟ قال: [شَهادةُ امرأتينِ بشهادِة رجلٍ، وتمكث الايامَ لاتُصليَ]))[٧٥٢]. (واتە: ئەی گرۆهی ژنان خێربکەن، وە زۆر داوای لێ خۆش بوون لەخوای گەورە بکەن، چونکە من زۆربەی دۆزەخیەکانم بینی ژن بوون) ژنێك لەناو ئەوان وتی: بۆ ئێمە زۆربەی کەسانی ناو دۆزەخین؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (ئێوە زۆر لەعنەت دەکەن، وکوفر دەکەن و پێ نەزانن وە سپڵەن لە بەرامبەر چاکەی مێردەکانتان. من نەم بینیوە کەسانێك وەك ئێوە ئاین و بیرو هۆش ناتەواو کەدەتوانن زاڵ بن بەسەر کەسانێکی خاوەن هۆش و عەقڵدا؟ ژنێك وتی: ناتەواوی عەقڵ و دین چییە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((گەواهی وشایەتی دانی دووژن بەشایەتی و گەواهی دانی پیاوێکە، و ژن چەندەها ڕۆژ دەمێنێتەوەو نوێژناکات).

---

(٧٥١) أخرجه: البخاري (الادب المفرد) (١٠٤٨)، وأحمد (٢٧٥٦١) وقال محققه: حديث حسن، وابوداود (٥٢٠٤)، وابن ماجة (٣٧٠١)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٨٢٣)، و (صحيح الادب المفرد) (٨٠٠).

(٧٥٢) أخرجه: أحمد (٥٣٤٣) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما واللفظ له، ومسلم (٧٩)، وابن ماجة (٤٠٠٣)، وأبو داود (٤٦٧٩).



لاوازی ئاینی ئافرەت بەهۆی عادەو سوڕی مانگانە وەدەبێت، ئەبو سەعید خودری ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: [أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم ؟] قلن: بلى، قال: [فذلك من نقصان دينها]. واتە: (ئەی ئەوە نیە ژن گەر کەوتە سوڕی مانگانەوە نوێژناکات و ڕۆژو ناگرێت) ژنەکان فەرموویان بەڵێ، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەوە ناتەواوی دینەکەیەتی).

لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((...[ما رَأيتُ من ناقصاتِ عقلٍ ولا دينٍ أغلبَ لِذِي لُبَ مِنكُنَّ] قالت: مانُقصان العقل والدين؟ قال: [واما نُقصان العقلِ فشهادة امرأتين تعدلُ شهادة رجل فهذا نقصان العقل، واما نقصان الدين فأنُ إحداكن تفطر رمضان وتقيم اياماً لاتُصلي]))[٧٥٣]. واتە: (نەمبینیوە هیچ شتێکی تر کە عەقڵی عاقڵدار لا بەرێت وەک عەقڵ و دین ناتەواوەکان، وتی: ناتەواوی عەقڵ و دین چییە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (...ناتەواوی عەقڵ، گەواهی دانی دووژن بەگەواهی دانی پیاوێکە، ئەوەش ناتەواوی عەقڵە بەڵام ناتەواوی ئایین، ئەوەیە کە هەتانە لەڕەمەزاندا ڕۆژوو دەشکێنێت و بەڕۆژوو نابێت، و چەندەها ڕۆژیش نوێژ ناکات).

لەگێڕانەوەیەکدا، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: [...فإن احداهنَّ تقعد ماشاء الله من يوم وليلة ولاتَسجدُ لله سجدة][٧٥٤]. واتە:(.... بەڕاستی یەکێك لەئەوان، چەندەها ڕۆژو شەو خوای گەورە بیەوێت دادەنیشێت، و کرنوشێك بۆ خوای گەورە نابات).مانای زاڵ بوونی ئافرەت بەسەر پیاوی زۆر عاقڵدا بریتیە لەوەی کە ئافرەت دەتوانێت بەزەردە خەندەیەك یان سەیر کردنێك یان ئاماژەیەك یان وشەیەك، یان نمایش کردنی هەندێ شوێن لەجەستەیدا عەقڵی پیاو بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و تووشی هەڵەی گەورەی بکات چونکە پیاو لەو لایەنەدا لاوازە).(والله اعلم).

---

(٧٥٣) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٢٣٨)، وأبو داود في (السنن) (٤٦٧٩) وابن ماجة في (السنن) (٢٧٤٥).

(٧٥٤) أخرجه النسائي في (السنن) (٧١/٧)، و قال الشيخ الألباني في (صحيح سنن النسائي) (٣٦٩٥): صحيح الاسناد.

٧- هەیانە هەڵە بۆ میردەکەی دەرازێنێتەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ ۖ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ ۚ وَٱللَّهُ .. ﴿١﴾ ﴾ (التحريم). واتە: (ئەی پێغەمبەری خودا لەبەر ڕازی بوونی هاوسەرانت بۆچی لەخۆتی حەرام دەکەیت ئەوەی کەخودا بۆتی حەڵاڵ کردووە).

(ابن كثير ﷺ) دەفەرموێت: وتراوە (پێغەمبەری خوا ﷺ کەنیزمیەکی هەبووە، ناوی (ماریەی قبگی)بوو، سەرجێی لەگەڵدا کرد لەڕۆژ و ماڵی حفصەی هاوسەری، حەفصە زۆر نیگەران بوو غیرەی کرد، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:بۆ ئەوەی تۆ ڕازی بیت من لەخۆمی حەرام دەکەم و نزیکی ناکەوم حەفصە وتی: بەڵێ باشە، ئینجا لەسەر خۆی حەرام کردو وتی: ئەم باسە بۆ هیچ کەس مەگێڕەرەوە، ئینجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، لەگەڵ ئەوەشدا زانایان لەسەر دابەزانی سەرەتای ئەم سورەتە کۆك نین).

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((أن رسول الله ﷺ كانت له أمة يطؤها، فلم تزل به عائشة وحفصة حتى جعلها على نفسه حراما))[٧٥٥] واتە: (پێغەمبەر ﷺ (کەنیزەکێکی) هەبوو، سەرجێی لەگەڵ دەکرد، عائیشەو حفصە بەردەوام بوون لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ هەتا لەسەرخۆی حەرام کرد و خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ ۖ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ ۚ وَٱللَّهُ .. ﴿١﴾ ﴾ (التحريم) واتە:(ئەی پێغەمبەر! بۆچی شتێك لەخۆت حەرام دەکەیت، خوا بۆی حەڵاڵ کردووویت،؟. دەتەوێ ژنەکانت (حەفصە وعایشە) ڕازی بکەیت).

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((..لولا حواءَ لم تُخن انثى زَوجها الدَهر))[٧٥٦]. واتە: (گەر حەواء نەبووایە هیچ مێینەیەك میردەکەی بەرەو بیرچونەوەو هەڵە نەدەبرد).

---

(٧٥٥) أخرجه النسائي (الكبرى) (١١٦٠٧)، والحاكم (٤٩٣/٢) وصححه و وافقه الذهبي: وفي رواية عن عمر (c) قال النبيّ ﷺ لحفصة: (لاتخبري احداً وإن ام ابراهيم علىّ حرام) فقالت: اتحرّمُ ما احل لك؟ قال (فوالله لا اقربَها). قال: فلم يقربها حتى اخبرت عائشة. قال: (فانزل الله (قد فرض الله لكم تحلة ايمانكم) أخرجه: الضياء (المختارة) (١٦٩٤)، وقال ابن كثير (٣١٣/٥): اسناده صحيح.

(٧٥٦) أخرجه مسلم في (الصحيح) (٣٦٣٥)، والبخاري في (الصحيح) (٣٣٩٩).



له‌گێڕانه‌وه‌یه‌كدا ئیبنو عباس ﷺ دەفەرموێت: ((قال الله تَبارَكَ وتَعالى لادم: يا ادمُ ماحملكَ على أن أكلت من الشجرة التي نَهيتك عَنها ؟ قال: فاعتل ادم، فقال: يا رب زينته لي حواء، قال: فاني عاقبتُها بالا تحملها إلاّ كرُها ولاتَضعَها إلاّ كُرها وَدميتها في كُل شهر مرَّتين...))[٧٥٧]. واته: (خوای گەوره به ئادەمی فەرموو: چی وای لێ كردیت له‌و دره‌خته قەدەغه كراوه بخۆیت، ئادەم هۆكاره‌كه‌ی باس كرد و فەرمووی: ئه‌ی پەروەردگارم، حەوا هانی دام و جوانی كرد له‌پێش چاومدا. خوای گەوره فەرمووی: منیش حەوام سزا دا كه دەبێت دووگیان بێت به‌ناخۆشی و منداڵی ببێت به‌ناخۆشی، وه هەموو مانگێك دوو جار دوچاری سۆڕی مانگانه‌ی ئافرەت ببێت).

٨- نافرەت به‌سۆز و هەست ناسكه وەك شوشه:

ئافرەت دڵ ناسكه و سادەیه و به‌هەسته و ڕۆداو و پێش هات یەكسەر كاری تێ دەكات:

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((.....، يا أنجشَةَ رُوَيدك سوقاً بِالقَواريرِ....))[٧٥٨]. واته: (..... ئه‌ی ئه‌نجەشه له‌سەرخۆ بڕۆ به‌و جامه شوشه‌كانەوه). (ئه‌نجەشه پیاوێك بوو وشتره‌كانی هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ له‌ڕێگادا به‌خێرای لێ دەخوڕی، پێغەمبەر ﷺ داوای لێكرد به‌له‌سەر خۆیی لێ یان بخوڕێت و ئافرەتانی چواند به شوشه له‌هەست ناسكیدا.)

پێغەمبەر ﷺ به‌هاوسەره‌كانی فەرموو: ((إن أمركنَ مما يهمني بعدي ولَن يصبر عليكنَ بعدي إلاّ الصابرون))[٧٥٩]. واته: (ژیان و به‌سەرهاتتان له‌دوای من جێی بایەخه بۆ من وه له‌دوای من ته‌نها كەسانێكی ئارامگر دەتوانن له‌گه‌ڵتان به‌ئارام بن).

---

(٧٥٧) أخرجه: أحمد بن منبع وقال الحافظ في (المطالب العالية) (٢٠٧) موقوف صحيح الاسناد، وقال د. عمر علي في (الاحاديث القدسية جمعاً ودراسةً) (رقم: ١٣١): اسناده صحيح.

(٧٥٨) أخرجه: البخاري (١٨٦٥) وفي (الادب المفرد) (١٩٩)، ومسلم (١٦٤٢).

(٧٥٩) أخرجه: أحمد (٢٤٤٨٥)، وقال محققه: اسناده حسن، وابن حبان (٦٩٩٥) وقال محققه: حديث صحيح، والترمذي (٣٧٤٩)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٢٠٠٢).

ژنان وەك پەراسو وان ڕاست نابنەوە بەو جۆرەی کە پیاو بیەوێت چونکە ئەو کات مێینەیی خۆیان لەدەست دەدەن، ژمارەی هەڵکەوتوویان کەمن. ئەوان لەسەر بەڵاو تاقیکردنەوەکان ئارامگری ڕاستەقینەنین، وە لەسەر بەخشین سوپاس گوزاری تەواونین، پێویستە پیاوان لەگەڵیاندا خۆیان بگونجێنن، چونکە ئەوان هەندێ جار چاکە یان لەپێش چاونیە و نەفرەت کارو سالا کارن، هەندێ جار لەبیرچونەوە بەسەر عەقڵیاندا زاڵەو زۆر زوو هەڵدەخڵەتێن. وزوو هەڵدەچن، و پەلە دەکەن و دڵ ناسکن، سۆزدارن، دڵ گەرمن، میهرەبانن، بەسۆزن، خوای گەورە لە باسیانا دەفەرموێت ﴿أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى ٱلْحِلْيَةِ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴿١٨﴾﴾ (الزخرف) مانای ((او من ينشأ في الحلية): أو يجعلون للهِ من يربي في الزينة والنعمة البنات)[٧٦٠]. واتە: (ئێرەدا خوای گەورە دوو سیفەتی ئافرەتمانمان نیشان دەدات، ئەوان ئارەزویان لەخۆجوان کردن و خشڵ و زێڕو زیو و زیاتر جوانکاری خۆیان و ماڵەکانیانن، و لەدەمە قاڵەدا لێزان و سەرکەوتوو وبەڵگە تەواونین).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ ﴿٣٦﴾﴾(ال عمران) واتە: (هەرگیز نێر وەك مێ نیە). طەبەری دەفەرموێت: (والمعنى: الذكر اقوى لما نذرته فيه من الخدمة والعبادة)[٧٦١]. واتە: (پیاو بەهێزترە بەوەی توانای خزمەتکردن و خواپەرستی زیاتری پێ بەخشراوە).

پرۆفیسۆر (الکسیس کاریل)کە پاداشتی نۆبڵی پێ بەخشراوە دەڵێت: (..تتمايز الرجل عن المرأة بخلاياه وامزجته ودمه والطابع التشريحي والكيميائي واسلوب الحياة واداء المهمات...)[٧٦٢]. واتە: (پیاو بەخانەکانی و پێکهاتەی خوێنی و شێوازە توێکاریەکان و کیمیاییەکان و شێوازی ژیان و جێبەجێکردنی کاروکردەوەکان لە ژنان جیادەکرێتەوە). ئەوەتا هەتا نوگفهکانیان جیاوازن:

(٧٦٠) انظر (تفسير وبيان مع سبب النزول) للسيوطي (ص: ٤٩٠).

(٧٦١) انظر (تفسير الامام الطبري) (ص: ٥٤).

(٧٦٢) انظر (تأملات في سلوك الانسان) (ص: ٥٨) لالكسيس كاريل.



ئیبنو مەسعود ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((فاما نطفة الرجل فنطفة غليظة فمنها العظم والعصب، واما نطفة المرأة فنطفة رقيقة فمنها اللحم والدم))[٧٦٣]. (نطفة: واتە: (ئاوی پیاو ئاوێکی خەستە، ئێسقان و دەماری لێ دروست دەبێت، بەڵام ئاوی ژن ڕوونە گۆشت و خوێنی لێ دروست دەبێت). هەروەها جیاوازی لە نێوان میزی کوڕو کچدا هەیە، میزی منداڵی کوڕ گەرمترە، و میزی منداڵی کچ بۆن ناخۆشترە)[٧٦٤].

پیاوان و ئافرەتان لەهەندێك تایبەتمەندیان جیاوازن و لەزۆر شتدا یەکسانن:

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((...إنَّما النساءُ شقائق الرِّجال))[٧٦٥]. واتە: (ژنان تەواوکەرو هاوبەشی پیاوانن).

بەهۆی بوونی جیاوازیەکانی نێر و مێ، پێغەمبەرﷺ ئامۆژگاری هەردوولایانی کردووە تا ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتردا باش بێت:

١-(المقدام کوڕی معدی یکرب) ﷺ دەفەرموێت: ((...ان رسول الله ﷺ قام في الناس فحمد الله واثنى عليه، ثم قال: [ان الله يوصيكم بالنساء خيرا، فانهن امهاتكم وبناتكم وخالاتُكم، ان الرجل مِنْ اهل الكتاب يتزوجُ المرأة وما يعلق يداها الخيط)) [وما يعلم ماله بها من الخير] فما يرغب واحدٌ منهما عن صاحبه])) [...حتى يموتا هرما]))[٧٦٦]. واتە: (... پێغەمبەری خوا ﷺ لە ناو خەڵکدا هەستاو سوپاس و ستایشی خوای کردو لەدواییدا فەرمووی: (خوای گەورە ئامۆژگاریتان دەکات کەلەگەڵ ژنان باش بن، ئەوان دایکانتانن و کچانتانن و پورەکانتانن، پیاوی وا هەبوو لە ئەهلی کتاب (واتە لە جولەکەو مەسیحی) ژنی وای مارە دەکرد دەستی داوێکی نەدەگرت. وە هیچ چاکەیەکی تێدابەدی نەدەکرد، لەگەڵ ئەوشدا

(٧٦٣) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (٩٠٧٥).

(٧٦٤) انظر: (القياس) لابن القيم (ص: ٦٥).

(٧٦٥) أخرجه: أحمد (٢٦١٩٥) وقال محققه: حسن لغيره، وابن ماجة (٦١٢)، وأبو داود (٢٣٦) و اللفظ له، والترمذي (١١٣)، وابو يعلى (٤٦٩٤)، وحسنه الشيخ الألباني.في (صحيح ابي داود) (٢١٦).

(٧٦٦) أخرجه: الطبراني (٢٠/ ٦٤٨)، وصححه الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٨٧١)، وقال في (ارواء الغليل) (٧/ ٤٢): اسناده صحيح.

هەردوولایان هەر یەکتریان دەویست و دەستیان لەیەك بەرنەدەدا هەتا هەردوو لایان بەپیری دەمردن).

٢-عەمرۆی کوڕی ئەحوص ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((...استوصوا بالنساء خيراً فانما هُنَّ عوان عندكم، ليس تملكون مِنهن شيئا غير ذلك...))[٧٦٧]. واتە: (ئامۆژگاریتان دەکەم چاکە لەگەڵ ژنان بکەن، چونکە ئەوان ئامانەتن و سپاردەن لەلای ئێوە، ئێوە خاوەنی هیچ شتێکی ترنین لەوانە جگە لە گوێڕایەڵیان بۆ ئێوە).

٣-ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لايفرك مؤمن مؤمنة، ان كره منها خلقا رضي منها اخر او قال غيره))[٧٦٨]. واتە: (با پیاوی باوەڕدار ڕقی لەژنی باوەڕدار نەبێتەوە ئەگەر ڕقی لەڕەوشتێکی بێت ئەوا لەڕەوشتێکی تری ڕازی دەبێت).

پێویستە بزانیت ڕەوشتەکان لەلای خوای گەورەوە چەسپاون! پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((كل شيءٍ بِقدرحتى العَجَز والكَيس))[٧٦٩]. واتە: (هەموو شتێك بەئەندازە یەك لەلای خواوە دیاری کراوە، هەتا زیرەکی و بێ دەسەلاتی و گێلی).

لەبەر ئەوەی هەر دوو هاوسەر یەکتر نەبووغزێتن، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری بوك و زاویان دەکرد کە یەکەم کاریان لەدوای بەیەك گەیشتنان با دوو ڕکات نوێژ بێت لەگەڵ یەکدا بە جەماعەت، ئەبو سەیدی ﷺ دەڵێت: ژنم گواستەوە و خواردنم دروست کرد و هاوەڵان (ابن مسعود وابو ذر وحذيفة (رضي الله عنهم) دەعوت کرد و هەرسیکیان ئامۆژطاریان کردم وتیان (اذا دخل اهلك فصلِّ ركعتين ثم سل الله من خير مادخل عليك وتعوذْ به من شره...)) واتە: (گەر یەکەم شەوتان بوو هەر دووکتان دوو ڕکات نوێژ بەیەکەوە بکەن

(٧٦٧) أخرجه: الترمذي (١١٦٣)، وابن ماجة في (السنن) (١٨٥١)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح سنن الترمذي) (١١٦٣).

(٧٦٨) أخرجه: مسلم في (الصحيح) (٣٦٣٤، ١٤٦٩).

(٧٦٩) أخرجه: مسلم (٦١٤٩)، وأحمد (٥٨٩٤) وقال محققه: اسناده صحيح، وابن حبان (٦١٤٩).

و دواتر داوای خێری ئەو ژنەت لە خوا بکەو پەنای پێ بگرە لە خراپەی)[770].

٤-خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ .وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ..﴿١٩﴾ ﴾(االنساء) واتە: بەچاکە (هاوڕێیەتیتان بکەن، بەجوانی قسەو گفتارو نەفەقەو مانەوە).

ئیمامی شافعی ﷺ دەڵێت: (جماع المعروف بين الزوجين كف المكروة واعفاء صاحب الحق من المؤنة في طلبه)[771]. واتە: (کۆکەرەوەی هەموو چاکەکان لەنێوان دوو هاوسەردا ئازارنەدانی یەکترو بەخشینی خاوەن هەقە لەداواکردنی هەقەکەیدایە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ..فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾ ﴾ (النساء) واتە: (ئێوەی پیاوان گەر ژنانیشتان خۆش نەوێت، پێدەچێت ئێوە شتانێکتان خۆش نەوێت و خوای گەورەش قازانج و خێرێکی زۆری بۆ ئێوە لەوەدا دانا بێت، مانای (خَيْرًا كَثِيرًا) واتە:(ڕەنگە بەهۆیانەوە خوای گەورە منداڵی باشتان پێ ببەخشێت).[772]

ئیبنو عەباس ﷺ دەفەرموێت: (.... الخير الكثير ان يعطف عليها فيرزق منها ولدها ويجعل الله في ولدها خيرا كثيرا)[773] واتە: (مانای چاکەو خێری زۆر ئەوەیە کە خوای گەورە سۆزو خۆشەویستی ببەخشێتە ژنەکەو بەهۆیەوە خوای گەورە منداڵی باشیان بۆبەرهەم بهێنێت و بەهۆی منداڵەکەیانەوە خوای گەورە خێری زۆریان دەستگیر بکات).

کەواتە (خَيْرًا كَثِيرًا) بریتییە لەبەرەکەت لەماڵ و منداڵ و لەش ساغی کەواتە پێویستە پیاو هاوسەنگی بکات لەنێوان باشی و خراپەکانی، گەر کەم و کوڕیەکیشی تێدا بوو پێویستە ئارامی لەسەربگرێت.

---

(٧٧٠) أخرجه: عبد الرزاق (المصنف) (١٠٤٦٢)، وابن ابي شيبة (المصنف) (١٢/ ٤٢)، وقال الشيخ الألباني: اسناده صحيح، كما قال الشيخ ابي اسحاق في كتاب: (الانشراح) (٣٩).

(٧٧١) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (١١: ١٢٧).

(٧٧٢) انظر: (تفسير الجلالين) (ص: ١٠٦-١٠٧).

(٧٧٣) أخرجه: الطبري (جامع البيان) رقم (٨٩١١).

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((اكمل المؤمنين ايمانا احسنهم خلقا، وخياركم خياركم لنسائهم))[٧٧٤]. واتە: (تەواوترین خاوەن باوەڕ لەناو کەسانی باوەڕداردا ئەو کەسانەن کە باشترین ڕەوشتیان هەیە، وە چاکترینتان، چاکترینتانە لەگەڵ ژنەکانیان).

لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((اكمل المؤمنين ايمانا احسنهم خلقا الطفهم بأهله و في رواية [خياركم خياركم لنسائهم]))[٧٧٥]. واتە: (تەواوترین خاوەن باوەڕ لەناو کەسانی باوەڕداردا ئەوانەیانن کەباشترین ڕەوشتیان هەیە وە زۆر نەرم و بەسۆزن لەگەڵ ژنانیان. لەگێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((چاکترینتان چاکترینتانە بۆ هاوسەرەکانی)).

٥- (العلاء بن سفيان الغساني) دەفەرموێت: «لقد بلغني: ان من الفواحش التي حرم الله مما بطن، مما لم يتبين ذكرها في القرآن: ان يتزوج الرجل المرأة، فاذا تقادم صحبتها، وطال عهدها، و نفضت ما في بطنها، طلقها من غير ريبة»[٧٧٦]. واتە: (لەو خراپە شاراوانەی کە خوای گەورە قەدەغەی کردون و لەقورئاندا ڕوون نەکراوە تەوە ئەوەیە: پیاوێك ئافرەتێك مارە بکات، و کاتێك ئافرەتەکە دەکەوێتە تەمەنەوە و زۆر لەگەڵ یەکدا دەژین و لەمندالْ بوون دەچێتە وە، ئەوکات پیاوەکە بەبێ هۆ ئافرەتەکە تەلاق دەدات).

---

(٧٧٤) أخرجه: الترمذي في (السنن) (٢/٣١٥/١١٧٢)، وحسنه الشيخ لالباني في (صحيح سنن الترمذي) (٩٢٨) (٢٤٢٠٤).

(٧٧٥) أخرجه: أحمد في (المسند) (٢٤٢٠٤)، والترمذي في (السنن) (٢٦١٢)، والنسائي (الكبرى) (٩١٥٤) والحاكم في (المستدرك) (١/٥٣)، والبيهقي في (شعب الايمان) (٣/٤٩)، و ابن حبان (٤١٧٤)، و انظر (الصحيحة) للشيخ الألباني (٢٨٤).

(٧٧٦) أخرجه: ابن عساكر (التاريخ) (١٨/٤٥)، وقال الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٦/٨٧٤) اسناده صحيح.

بەشی پانزەهەم

قۆناغەکانی چارەسەرکردنی ناچیزەیی نێوان هەردوو هاوسەر

مانای (النشوز) واتە: نەویستن و گوێڕایەڵ نەبوون و جیابونەوەی ژن لەمێردەکەی یان مێرد لەژنەکەی و لەکوردیدا بەناچیزە ناوبراوە:

١-خۆ دورگرتن لە ناچیزەیی:

لەسەر پیاو پێویستە چاودێری قۆناغەکانی ناچیزەیی بکات:

أ-پێویستە دادپەروەر و چاکەکار و خزم دۆست بێت وە خۆ دوورگرێت لەسەر کەشی و ستەم و خراپە و کاری نەشیاو:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَٰنِ وَإِيتَآئِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَٱلْبَغْىِ ۚ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٩٠﴾﴾ (النحل) واتە: (بێگومان خوا فەرمان بەدادگەریی و چاکەکردن لەگەڵ تەواوی دروستکراوەکانیدا دەدا، تەنانەت لەکاتی تۆڵە سەندنیشدا، فەرمان بە صیلەی ڕەحم و بەخشش و پیاوەتی و چاکە لەگەڵ خزم و نزیکانیشدا دەدا، وە لەهەموو کارێکی دزێوو خراپەو ستەم و لەسنوور دەرچوون ڕێ دەگرێ، سەرەتا ئەم ئایەتە هەموو خێرو چاکەیەکی لەخۆ گرتوومو فەرمانیشی پێکردووە، هەر وەکو بەشێکی تری ڕێ لەهەموو خراپەو خراپەکارییەك دەگرێ خوا بەوشێوەیە ئامۆژگاریتان دەکات، تا بەشکو بیر بکەنەوەو پەند وەربگرن).

ب-پێویستە ژن و مێرد چاکە کاربن بۆ یەکتر:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿..وَأَحْسِنُوٓاْ ۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾﴾ (البقرة) واتە: (بڕوادارانە چاکە بکەن بەنەفەقەدان و شتی تر چونکە خودا چاکەکارانی خۆش دەوێت).

ج-دەبێت ژن و مێرد لەگەڵ یەکتردا دادپەروەربن لە حوکم و گوفتاردا:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿..وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُواْ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾﴾ (الأنعام) واتە: (وە ئەگەر قسەتان کرد دادپەروەرانە قسە بکەن ئەگەر لەسەر خزمەکانیشتان بێت، وە بەڵێنی خوا بەجێ بهێنن، ئەمانە ئامۆژگاری خوا پێتان دەکات، تا بەشکو بیر بکەنەوەو پەند وەربگرن، وە ئەمە ڕێگای منە ڕاست و دروستە، شوێنی بکەون و شوێنی ڕێگا جیاوازەکان مەکەون، چونکە ئەوە لە ڕێگای خوا دوورتان دەخاتەوە، ئەمانە ئامۆژگاری خوا پێتان دەکات، تا بەشکو لە خوا بترسن، پاشان بە موسا کتێبمان دا تەواو بۆ ئەوەی چاکەکار بێت و ڕوونکەرەوەی هەموو شتێک و ڕێنمایی و میهرەبانی بێت، تا بەشکو بڕوا بە دیدەنی پەروەردگاریان بهێنن، وە ئەمە کتێبێکە ئێمە ناردوومانە خێر و بەرەکەتی تێدایە شوێنی بکەون و لە خوا بترسن، تا بەشکو میهرەبانیتان لەگەڵ بکرێت).

﴿١٥٢﴾ (الانعام) واتە: (ئەگەر قسەتان کرد بادادپەروەرانە بێت هەر چەندە دژ بەخزم و دۆستەکانتان بێت).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن .. وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ .. ﴿٥٨﴾ (النساء) واتە: (خودا فەرمانتان پێ دەکات گەر دادوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا دادپەروەربن).

د-ژن و مێرد پێویستە خۆیان لەگومانی خراپ بەدوور بگرن چونکە ئەوە ناڕاسترین وتەیە:

ئەبو هورەیرەوە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ایَّاکم والظَّنَّ، فان الظَّنَّ اکذبُ الحدیثِ...))[٧٧٧]. واتە: (ئاگادارتان دەکەمەوە لەگومان بردن، بەڕاستی گومان بردن درۆزنترین قسەو گفتوگۆیە).

هـ-دەبێت ژن ومێرد بەشەرم و شکۆبن لەگەڵ یەکتری و دووربن لەقسەو گوفتاری نابەجێ:

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ماکان الحیاء في شيءٍ قطُّ إلاّ زانه، ولاکان الفحش في شيء قطُّ إلاّ شانه))[٧٧٨]. واتە: (شەرم لەهەر شتێکدا هەبێت دەیڕازێنێتەوە و بێ شەرمیش لە هەرشتێکدا هەبێت ناشرینی دەکات).

ئەبو یەعلای شەدادی کوڕی ئەوس ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إنَّ الله کتبَ الاحسانَ علی کُلِ شيءٍ...))[٧٧٩]. واتە: (خوای گەورە چاکە کاری لە هەموو شتێکدا پێویست کردووە).

و- پێویستە ژن و مێرد نەرم و نیان و بەسۆزو میهرەبان بن لەگەڵ یەکتردا:

عائیشە ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إنَّ اللهَ رفیقٌ یحبُ الرفقَ

---

(٧٧٧) أخرجه: البخاري (٦٠٦٤)، ومسلم (٢٥٦٣)، وأبو داود (٤٩١٧).

(٧٧٨) أخرجه: مسلم (٢٨٠٢)، والترمذي (٣٢٢٦)، والنسائي (الكبرى) (١١٥٥٤) وأحمد (١٢٦٨٩) وقال محققه: اسناده صحيح على شرطهما.

(٧٧٩) أخرجه: مسلم (١٩٥٥)، وأبو داود (٢٨١٥)، والنسائي (٧/٢٢٩).



في الامرِ كله))[٧٨٠]. واتە: (خوای گەورە لەسەر خۆو نەرم و نیانە و لەسەر خۆیی و نەرم و نیانی لەهەموو کارێکدا پێخوشە).

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ اعطى حظه من الرفق فقد اعطى حظه من الخير و من حرم حظه من الرفق فقد حُرِمَ حظه من الخير))[٧٨١]. واتە: (هەرکەسێك بەشێك نەرم و نیانی پێدرابێت ئەوا بەشێکی لەخێر پێدراوە، وە هەر کەسێك بێ بەش بێت لەنەرم و نیانی بەڕاستی بێ بەشە لە خێر).

ئیبنو مەسعود ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((ألا أخبركُم بمن يَحرم على النار أو بمن تَحرمُ عليه النار؟: تَحرُمُ على كُلِ قريبٍ هينٍ لينٍ سهلٍ))[٧٨٢]. (واتە: ئایا هەواڵتان بدەمێ کێ ئاگری دۆزەخی لەسەر حەرامکراوە - یان کێ حەرام کراوە لە چوونە دۆزەخ. دۆزەخ حەرام دەکرێت لەسەر هەموو کەسێکی نزیك لەخەڵك و خۆ بەکەم زان و نەرم و نیان و ئاسان کار).

جورمیر کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ وتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: ((مَنْ يَحْرُمُ الرِفق يُحْرُمُ الخيرَكُله))[٧٨٣]. (واتە: هەرکەسێك بێ بەش بێت لەدڵنەرمی و نەرم ونیانی ئەوا بێ بەش دەبێت لەهەموو خێرێك).

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((ان الرفق لا يكون في شيءٍ الا زانه و لا ينزع من شيءٍ الاّ شانه))[٧٨٤]. (واتە: نەرم و نیانی و دڵنەرمی لە هەر شتێکدا بێت ئەوا دەیڕازێنێتەوە و لەهەر شتێکیش دانەبێت ناشرینی دەکات).

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إنَّ الله اذا احب اهل البيت ادخل عليهم الرفق))[٧٨٥]. (واتە: خوای گەورە گەر خێزان و بنەماڵەکی خۆشویست دڵنەرمی و نەرم و

(٧٨٠) أخرجه: مسلم (١٩٥٥)، وأبو داود (٢٨١٥)، والنسائي (٧/٢٢٩).

(٧٨١) أخرجه: الترمزي (٢٠١٣) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترمزي) (١٦٣٧)، و(صحيح الترغيب) (٢٦٦٧).

(٧٨٢) أخرجه: الترمزي (٢٤٨٨)، وابن حبان (٤٦٩) وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٢٦٧٦).

(٧٨٣) أخرجه: مسلم (٢٥٩٢)، وأبوداود (٤٨٠٩).

(٧٨٤) أخرجه: مسلم (٢٥٩٤).

(٧٨٥) أخرجه: أحمد (٢٤٤٢٧) وقال محققه: حديث صحيح، والضياء المقدس (المختارة) (٥٠٨٩) واللفظ له، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (١٧٠٤).

نیانی دەخاتە ناویانەوە).هەروەها دەفەرموێت: ((لاتنزع الرحمة إلا من شقي...))[٧٨٦]. (واتە: بەزەیی تەنها لەکەسێکی بێ بەشی دۆزەخی دەسەنرێتەوە).

پێویستە ژن و مێرد لەپاشە مەلە بەخراپ باسی یەکتری نەکەن و خۆیان دوورگرن لە زیادە ڕۆیی:

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ ذب عن عرض اخيه بالغيبة كان حقا على الله ان يعتقه من النار))[٧٨٧]. (واتە: هەرکەسێك داکۆکی لەکەسایەتی براکەی لە پاشملە بکات ئەو کەسە خوای گەورە دەیکات بە پێویست بەسەرخۆیەوە کەلە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بکات).

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((احبب حبيبك هونا ماعسى ان يكون بغيضك يوما ما، وابغض بغيضك هونا ما عسى ان يكون حبيبك يوما ما))[٧٨٨]. (واتە: خۆشەویستەکەت زیاتر لە پێویست خۆش نەوێت، نەکارۆژێك بێتە پێشەوە ڕقت لێی ببێتەوە، ومئەوەش کە خۆشت ناوێت زۆر ڕقت لێی نەبێتەوە، نەکا ڕۆژێك بێتە پێشەوە و ببێتە خۆشەویستت).

ئیمامی عومەرڕضی الله عنه ئامۆژگاری کەسێکی کرد و فەرمووی: (لايكن حبك كلفا، ولابغضك تلفا)[٧٨٩]. واتە: (باخۆشەویستیت بۆ کەسێك نەگاتە زۆر لەخۆکردن، وبا ڕق لێ بوونیشت نەگاتە لەناو چوون).

(٧٨٦) أخرجه: البخاري (الادب المفرد) (٣٧٤)، و ابوداود (٤٩٤٢)، و الترمذي (١٩٢٤)، وابن حبان (٤٦٢) وأحمد (٨٠٠١) وقال محققه: اسناده حسن، و حسنه الشيخ الألباني في (صحيح الادب المفرد) (٢٨٨)، و (صحيح الترمذي) (١٥٦٧)، و(صحيح ابي داود) (٤١٣٣).

(٧٨٧) أخرجه: أحمد (٤٩١/٥)، و حسن اسناده الحافظان المنذري (الترغيب) (٤١٩٣) و الهيثمي (المجمع) (٩٥/٨)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٢٤٠)، و (غاية المرام) (٤٣١)، و (صحيح الترغيب) (٢٨٤٧).

(٧٨٨) أخرجه: الترمذي في (البر والصلة) رقم (١٩٩٧)، والسلمي في (اداب الصحبة) (ص: ١١٤)، والخطيب في (التاريخ) (١١/ ٤٢٧-٤٢٨) من حديث ابي هريرة رضي الله عنه مرفوعا، وصححه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع الصغير) رقم (١٧٨)، ورواه البخاري في (الادب المفرد) رقم (١٣٢١) موقوفا على علي رضي الله عنه، وحسنه لغيره موقوفا الشيخ الالباني في (صحيح الادب المفرد) رقم (٩٩٢): وقال: (وقد صح مرفوعا).

(٧٨٩) أخرجه: البخاري في (الادب المفرد) رقم (١٣٢٢)، وصحح اسناده الشيخ الالباني في (صحيح الادب المفرد) رقم (٩٩٣).

ز- پێویستە ژن و مێرد هاوەڵی ڕاستەقینەی یەکتری بن و یەکتریان خۆش بوێت:

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ماتحاب رجلان في الله، الاكان احبَّهما الى الله عزوجل اشدَّهما حُباً لصاحبه))[٧٩٠]. (واتە: دوو کەس گەر لەبەر خوا یەکتریان خۆشویست، ئەوەیان کە زیاتر ئەوی تریانی خۆشدەوێت، ئەوەیان خۆشەویست تەرە لای خوای گەورە).

ئەگەر هەردوو هاوسەر خزمی یەکتر بوون ئەوا پێویستە ڕەچاوی ماف و خۆشەویستی خزمایەتیان بکەن:

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ﴿٢٦﴾ ﴾(الإسراء). واتە: مافەکانی خزمەکانت بدە، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴿٢٣﴾ ﴾ (الشورى). واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا پێیا بڵێ من لەسەر گەیاندنی پەیامی خوا داوای هیچ پاداشتێك لەئێوە ناکەم جگە لە خۆشەویستی خزمایەتی).

ح-پێویستە ژن و مێرد دڵیان لای یەکتر بێت و متمانەیان بەیەکتر بێت و ڕێگە نەدەن هیچ کەسێك نێوانیان بشێوێنێت و پەیوەندیان تێك بدات:

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود ﷺ دەفەرموێت: ((إن الالالف [الحُب] من الله والفرك من الشيطان))[٧٩١]. واتە: (ئولفەت و لەگەڵ یەکبوون و یەکتر خۆش ویستن لەخواوەیە و ڕق لێبوونەوەش لەشەیتانەوەیە).

ئیبن عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((النعم تكفر الرحم تُقَطع ولم نر مثل تقارب القلوب))[٧٩٢]. (واتە: خەڵکان پێ نەزان دەبەن بەرامبەر نیعمەتەکان و خزمایەتی دەپچڕێندرێت بەڵام وەك نزیکبوونەوەی دڵەکانمان نەبینیوە).

---

(٧٩٠) أخرجه: البخارب (الادب المفرد) (٥٤٤)، وابن حبان (٥٦٦)، والحاكم (١٧١/٤) وصححه ووافقه الذهبي، البزار (٣٦٠٠)، وابو يعلى (٣٤١٩)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٤٥٠)و (صحيح الادب المفرد) (٤٢٣).

(٧٩١) أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (١٧٤٤١)، وابن الاثير (النيهاية) (٤٤١/٣).

(٧٩٢) أخرجه: البخاري (الادب المفرد) (٢٦٢)، وصحح اسناده الشيخ الألباني في (صحيح الادب المفرد) (١٩٨).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((ليس منا من خبَّب امرأة على زوجها))[٧٩٣]. (واتە: لە ئێمە نیە کەسێك ژنێك لە مێردەکەی سارد بکاتەوە و هەڵیبخەڵەتێنێت.)

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((..الا اخبركم بشراركم...قال: المُفسِدونَ بينَ الأحِبَة))[٧٩٤]. واتە: (دەتانەوێت هەواڵی خراپەکانتان بدەمێ...دواتر فەرمووی: ئەوانەن کە نێوانی خۆشەویستان تێك دەدەن).

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ أفسَد امرأة على زوجها فليس مِنا))[٧٩٥]. (واتە: هەرکەسێك پەیوەندی نێوان ژن و مێردێك تێك بدات ئەوە لەئێمە نیە).

وە پێویستە خۆ دوورگرین لەو جۆرە خەڵکانەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ۝١٠ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ ۝١١﴾ (القلم) واتە: (و گوێرایەڵی هیچ سوێند خۆرێکی درۆزن و بێ بار مەکە کە زۆر پلارگرە وتێکدەرە بە قسە هێنان وقسە بردن (لەنێوان مرۆڤدا)).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لايصلح الكذب الا في ثلاث: يحدث الرجل امرأته ليرضيها))[٧٩٦]. واتە: (درۆلەسێ شتدا نەبێت نەگونجاوە....لەوانە: پیاوێك قسە بۆژنەکەی بکات هەتا ڕازی بکات). هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لم يكذب من نمى بين الاثنين ليصلح))[٧٩٧]. (واتە: ئەوکەسە درۆی نەکردووە ئەگەر باسی چاکەی دووکەس ببات بۆ یەکتر هەتا پەیوەندیان باش بکاتەوە).

---

(٧٩٣) أخرجه: أبو داود (٢١٧٥)، و صححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابي داود) (١٩٠٦).

(٧٩٤) أخرجه: البخاري في (الادب المفرد) (٣٢٣)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الادب المفرد) (٢٤٦).

(٧٩٥) أخرجه: أحمد (٣٩٧/١)، وابوداود (٥١٧٠)، وابن حبان (٥٦٨) وقال محققه: اسناده قوي على شرط مسلم، وصححه الشيخ الألباني في (السلسلة الصحيحة) (٣٢٤)، و(صحيح أبي داود) (٤٣٠٧) واللفظ له للأحمد، النسائي في (السنن الكبرى) (٩٢١٤).

(٧٩٦) أخرجه: أحمد (٢٧٦٩٧)، وابن ابي شيبة (٨٥/٩) و الضياء (المختارة) (٢٥٩٣٧) وحسنه الشيخ الألباني في (الصحيح الجامع) (٧٧٢٣).

(٧٩٧) أخرجه: البخاري (٢٦٩٢) مسلم (٢٦٠٥)، وأبو داود (٤٩٢٠).



٢-چارەسەری ناچیزەیی:

پێویستە ژن و مێرد چارەسەری گرفتەکانیان بکەن، لەئارەزوو وە خۆبەگەورەزانین و لەڕق و کینە خۆیان بەدووربگرن پێش ئەوەی ببنە دووبەرەی لەیەکتر جیا.

پێویستە پیاو ژنەکەی پەروەردە بکات و وای لێبکات گوێڕایەڵ بێت و سەرمتا لێی تورەنەبێت بەڵکو لەگەڵیدا قۆناغ بە قۆناغ بڕوات، یەکەم جار بەپێشکەشکردنی ئامۆژگاری و ڕێنمای و سەرنج ڕاکێشان و پاشان ترساندن دەست پێبکات. ئەگەر لەمانەدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوە لەشوێنی نوستندا ڕووی لێوەربگێڕێت و شەو لەلای نەخەوێت ئەمەش لەشەوێکەوە هەتا سێ شەو، بەڵام نابێت ئەمانە لەبەردەم منداڵەکانیان و کەسانی نامۆو بێگانەدا ئەنجام بدات و نابێت کارێك بکات ببێتە نەنگیەك بۆ ئافرەتەکە وە پیاو دەتوانێت لەنێوان ڕۆژێك هەتا مانگێك بۆ تەمێ کردن وپەروەردەکردنی ئافرەتەکە بەجێی بهێڵێت. ئەگەر ئەوەش سەری نەگرت واچاکە لێی بدات بەڵام لێدانێکی وانا دوچاری ئازارو خوێن لێهاتنی بکات یان ئێسقانی بشکێنێت یان بریندارى بکات و نابێت لەدەموچاوی بدات، وەنابێت قسەی ناشیرینی پێ بڵێت وەك ئەوەی بڵێت (ج دەموچاوێکی ناشیرینت هەیە) ئەگەر ئەوەش سەری نەگرت، ئەو کات واباشە ناوبژیوانێك بکەوێتە نێوانیان وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُوا۟ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآ ۗ أَمْوَٰلِهِمْ .. ﴿٣٥﴾ ﴾ (النساء) (واتە: خۆئەگەر ترستان لەپشێوی و ناکۆکی ژن و مێرد هەبوو، وە دەتانزانی پێکەوە هەڵناکەن جا کەسێکی دادوەر لەخزم و بنەماڵەی مێردەکەو، دادوەرێکیش لەخزم و کەس و کاری ژنەکە بنێرن بۆدۆزینەوەی هەڵەکانیان و، دانانی چارەسەرێك بە هەرجۆرێك بێت کەئەوان بەچاکی دەزانن، ئەگەر هەردووك رازی بوون پێك بێنەوەو نیەتیان پاك بوو ئەوا خواش یەکیان ئەخات وپێکیان دێنێتەوەو پیرۆزی دەخاتە کارەکانیانەوە)

کەواتە دوو ناوبژیوانەکە ئامۆژگاری و ڕێنمای بۆ هەردوو هاوسەر دادەنێن

لە پێناو ئەوان و منداڵەکانیان و ڕێزی خێزانەکانیان، و حوکمی ناوبژیوانەکان دەتوانرێت بەشیاو بزانرێت ئەگەر پێیان باش بوو لە یەکتری جیابنەوە یاخود لەگەڵ یەکدا پێك بێنەوە وەك لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێت (جاء رجل وامرأة الى علي مع كل واحد منهما فئام من الناس، فامرهم فبعثوا حكما من اهله وحكما من اهلها، ثم قال للحكمين: هل تدريان ما عليكما، عليكما ان رأيتما ان تجمعا جمعتما وان رأيتما ان تفرقا فرقتما، ثم اقبل على امرأة وقال: رضيت بحكما ؟ قالت: نعم قد رضيت بكتاب الله علي ولى، ثم اقبل على الرجل فقال: قد رضيت بما حكما ؟ قال:لا، ولكني أرضى ان يجمعا ولا ارضى ان يفرقا، فقال له: كذبت والله لاتبرح حتى ترضى بمثل الذي رضيت به)[٧٩٨].

واتە: (پیاوێك و ژنێك هاتن بۆ لای ئیمامی عەلی ﷺ لەگەڵ هەریەکێکیان کۆمەڵێك خەڵك هەبوون، ئیمامی عەلی فرمانی پێکردن ناوبژیوانێك لەهەر لایەکیان دیاری بکەن، ئینجا بە ناوبژیوانەکانی وت: ئێوە دەزانن چیتان لەسەر شانە، لەسەرتانە ئەگەر بینیتان کۆیان بکەنەوە، باکۆببنەوە، وە ئەگەر بینیتان لەیەکتری جیابنەوە جیایان بکەنەوە.

ئینجا بانگی ژنەکەی کرد و وتی: ڕازی دەبیت بەحوکمی هەردوو ناوبژیوان؟ ژنەکە وتی: بەڵێ، ڕازی دەبم بەقورئانی خوای گەورە گەر لەبەرژەوەندیمدا بێت یاخود بەپێچەوانەوە بێت. ئیمامی عەلی ڕۆیشت و چووە لای پیاوەکە و پێی وت: ئایا تۆ ڕازی دەبیت بەحوکمی هەر دوو و ناوبژیوان پیاوەکە وتی: نەخێر، بەڵام ڕازی دەبم بەکۆبوونەوە نەك لەیەکتری جیابوونەوە. ئیمامی عەلی پێی وت: درۆ دەکەیت سوێندبێت بەخوا ناڕۆیت هەتا بەو شتە ڕازی دەبیت کە ئەو پێی ڕازی بووە).

وە ئەگەر ناچیزمیەك لەلایەن پیاوەکەوە بوو وە ژنەکەی خۆی نەدەویست، ئەوکات پێویستە ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی پێك بێت و سازشت لەهەندێك مافی خۆی بکات وەك نەفەقەو سەرجێ ی و شتی تر:

---

(٧٩٨) أخرجه: الطبري (التفسير) (٩٤٠٨)، وعبد الرزاق (١١٨٨٣)، و النسائي (الكبرى) (٤٦٧٨) والشافعي (الام) (١٢١٧) و قال محققه صحيح، والبيهقي (٣٠٥/٧)، و الدارقطني (السنن) (٣٧٣٧) وقال محققه اسناده حسن.



خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا ۚ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌ ۗ وَأُحْضِرَتِ ٱلْأَنفُسُ ٱلشُّحَّ ۚ وَإِن تُحْسِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾ ﴾ (النساء) (ئەگەر ژنێك هەستی کرد مێردەکەی لاسارەو ناچیزە بووە، هیچ گوناهێ نییە ئەوژن و پیاوە هەوڵی ئاشتییو پێکهاتن بدەن و چاوپۆشی لەهەندێ مافی یەکتر بکەن دیارە ئاشتیی و ڕێکەوتن لە لاساریی و ناچیزەیی پیاو و تەڵاق و جیابوونەوەی نێوانیان چاکترو باشترە)

ئەوەش بە لێخۆشبوون لەمارەیی و نەفەقەو بەشەو لابوون دەبێت، وەك چۆن سودە ﵂ لەشەوی خۆی بوراو بەخشیە عائیشە ﵂...

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...وَإِن تُحْسِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾ ﴾ (النساء) (واتە: جا ئەگەر لەگەڵ خێزانەکانتاندا چاکە بکەن و لە خودا بترسن چاکترە، هەرچەندە ئەوانیش هەر خراپ بن ئێوە خۆ لە لاساریی و ناچیزەیی بپارێزن بێگومان خوا بەهەموو کاروکردەوەیەکتان بەئاگایە.) لەم ئایەتەدا خودای گەورە هانی ژن و مێرد دەدات کەچاکە لەگەڵ یەکتردا بکەن و هەردوکیان لەسزای خوا بترسن، چونکە خوا باش ئاگاداری بەکێشەی نێوانیان و تۆڵە لەهەردوو لایان بۆ یەکتر دەستێنێتەوە لەدوونیا و لە قیامەتیشدا.

بەشی شانزەهەم

بیرخستنەوەیەك بۆ هەردوو هاوسەر

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا ... ﴿٦﴾ ﴾ (التحريم) واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەپیاوان خۆتان و ژنانتان بپارێزن لەئاگری دۆزەخ و ژنانتان پەروەردە بکەن و فێربکەن و پێ بگەیەنن).

لێرەدا پێویستە هەردوو هاوسەر بەیاد بهێنینەوە بەهەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ:

کەعبی کوڕی عجرە ﷺ دەگێڕێتەوەکە، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((...ألا اخبركم بنسائكم من أهل الجنَّة، الودود والودو العؤود، التي اذا ظلمت، قالت: هذه يدي في يدك لا أذوق غمضاً حتى ترضى))[٧٩٩]. (واتە:.... ئایا پێتان ڕاگەیەنم کام لە ژنانتان کەسانی ناو بەهەشتن، ئەوانەیانن کە: منداڵیان بووە و مێردەکانیان خۆش ویستوە و لەگەڵیان زوو ئاشت بونەتەوە، و گەر مێردەکەی ستەمیشی لێ کردبێت ئەو مێردەکەی ئاشت کردوەتەوە هاتووە و پێی وتووە: ئەوەتا دەست دەخەمە ناو دەستەوە و نان ناخۆم و ناخەوم هەتا ئاشت دەبیتەوە ولێم ڕازی دەبیت.

لە فەرموودەیەکی لاوازدا هاتووە ئوم سەلەمە ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((أيما امرأةٍ مَاتَت، وزوجها عنها راضٍ دَخَلتْ الجنَّة))[٨٠٠]. واتە: (هەر ژنێك بمرێت و، مێردەکەی لێی ڕازی بێت، ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە).

عائیشە ﷺ دەفەرموێت: ((دَخَلتْ عليَّ امرأةٌ وَمَعها ابنتان لَها، تَسألُ فلم تَجِدْ عِنْدي شَيئاً غير تَمْرةٍ واحدةٍ فأعْطيتُها ايَّاها فَقَسمتها بَيْنَ ابنتيها وَلَم تأكُل مِنها ثم قامت فخَرجَتْ فدخل النبي ﷺ عَلَينا فأخبرتَهُ فقالُ: [مَنْ ابْتُلىَ مِنْ هذه البنات بشيء، فأحسْنَ

---

(٧٩٩) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) (١٩/ ٣٠٧)، وابن حبان في (الصحيح) (٤١٦٣)، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الجامع) (٢٦٠٤).

(٨٠٠) اخرجة: الحاكم في (المستدرك) (١٧٣/٤) وصححه، و رواه الترمذي (١١٦١) وقال: حديث حسن، و ابن ماجه (١٨٥٤) وقال الشيخ الألباني في (رياض الصالحين) برقم (٢٩٢): في سنده مجهولان. انظر (الضعيفة) (١٤٢٦)، و (ضغيف الجامع) (٢٢٢٧) وهو حديث ضعيف.



إليهنَّ كُن لَه سِتراً مِنَ النارِ]))[٨٠١]. واتە: (ژنێك هاتە لام و دووكچی لەگەڵ بوو، سوالّی دەكرد منیش هیچ شتێكم لانەبوو جگە لە دەنكە خورمایەك منیش دەنكە خورماكەم دابە ژنەكەو ئەویش لەدوو كچەكەی بەشكردو خۆی لێی نەخوارد، لەدواییدا هەستاو ڕۆیشت. دوای ئەوە پێغەمبەرﷺهاتەوە بۆ ماڵەوە، من هەواڵەكەم پێ ڕاگەیاند پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (هەركەسێك خودا كچی پێ بەخشی وەك تاقیكردنەوەیەك ئەو چاكەی لەگەڵ كردن ئەو كارەی بۆ دەبێتە بەربەست لە ئاگر)).

هەروەها دایكی برِواداران عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((جاءتني مِسكينة تَحملُ ابنتين لها فأطعمتُها ثَلاث تمرات فأعطت كُل واحدة منهما تَمرةً ورفعتْ الى فيها تمرة لتأكلها فأستطعَمَتها ابنتاها فشقَّت التمرة التي كانتْ تريد ان تأكلها بينهما فاعجبني شأنها فذكرت الذي صنعت لرسول الله ﷺ فقال: [إنَّ الله قد أوجَبَ لها بهما الجنة أو اعتقها بهما مِنْ النارِ]))[٨٠٢]. واتە: (ژنێكی نەدارهاتە لام، دووكچی لەگەڵ بوو، منیش خواردنم پێدان كە بریتی بوو لەسێ دەنك خورما دوو كچەكەی هەریەكە یان دەنكێكی بەركەوت، ئینجا ژنەكە دەنكەكەی خۆی لەدەمی نزیك كردەوەتا بیخوات، دوو كچەكەی دووبارە داوایان لێ كردەوە ئەویش ئەو دەنكەی خۆشی لەدوایدا كرد بەدوولەتەوە و هەركچێكی لەتێكی دانێ، ئەو كارەی سەرنجی ڕاكێشام، دواتر ئەو شتەم بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: بەڕاستی خوای پەروەردگار بە هۆی ئەو دوو كچەیەوە بەهەشتی بۆ مسۆگەر كردو ئازادی كرد لەئاگری دۆزەخ).

ئەبو شریح خویلید بن عومەر و الخزاعی ﵁ دەگێڕێتەوەكە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((اللهم إني احرّج حقَّ الضعيفين اليتيم والمرأة))[٨٠٣]. واتە: (خوایە من

---

(٨٠١) أخرجه: البخاري (١٤١٨)، ومسلم (٢٦٢٩)، والترمذي (١٩١٥).

(٨٠٢) أخرجه: مسلم (٢٦٣٠).

(٨٠٣) أخرجه: النسائي (٩١٥٠)، وسكت عنه الشيخ الألباني، ولكن حسن اسناده من حديث ابي هريرة رضي الله عنه، عند أحمد (٩٦٦٦) و وقال محققه: اسناده قوي، وابن ماجة (٣٦٧٨)، انظر (صحيح سنن ابن ماجة - باختصار السند) (٢/٢٩٨) برقم (٢٩٦٧)، وانظر (رياض الصالحين) بتخريج الشيخ الألباني (٢٧٥).

بەتیاچوو زۆر تاوانباری دادەنێم ئەو کەسەی مافی ئەو دوو لاوازە. هەتیو و ئافرەت زەوت بکات یان نەیدات).

پێویستە پیاو ئارامگر و نەرم و نیان بێت لەگەڵ هاوسەریدا چونکە پێشێلکردنی مافەکانی زیانی گەورە توشی پیاو دەکات:

ئوسامەی کوڕی زید ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ماتركتُ بعدي فتنة هي أضَرَ على الرجال مِنْ النّساءِ))[٨٠٤]. واتە: (دوای خۆم تاقیکردنەوەیەکم بۆ بەجێ نەهێشتووە زەرەرمەندتر بێت لەسەر پیاوان وەک ژنان).

هەروەها ئوسامە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((قمتُ على بابِ الجنَّة فاذا عامة من دخلها المساكين،.....، وقمتُ على بابِ النارِ فأذا عامة من دَخَلَها النّساء))[٨٠٥]. واتە: (لەبەر دەرگای بەهەشت وەستام، بینیم زۆرلەوانەی کرابوونە ناویەوە خەڵکانی کەم دەرامەت بوون.... وە لەبەر دەرگای دۆزەخیش وەستام، بینیم زۆر لەوانەی خرابوونە ناویەوە ژن بوون...)

پێویستە ئافرەتی موسوڵمان بەخشینی مێرد و خزم و دراوسێکانی بەکەم نەزانێت:

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((يا نساء المسلماتِ الاتحقرنَّ جارةٌ لجارتها، ولو فرسنَ شاة))[٨٠٦]. واتە: (ئەی ژنانی موسوڵمان باهیچ دراوسێیەک دیاری دراوسێکەی بەکەم نەزانێت گەر سمی قاچی مەڕێکیش بێت).

دەبێت پیاو مافی هاوسەری بدات و ئاگاداری بکاتەوە لەدۆزەخ و یارمەتی بدات بۆ خۆپاراستن لێی :

ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت: کاتێک ئەم ئایەتە دابەزیەر خوارەوە: ﴿ وَأَنذِرْ

(٨٠٤) أخرجه البخاري في (النكاح -١٧ باب مايتقي من شؤم المرأة) (٥٠٩٦)، وانظر (فتح الباري) للعسقلاني (٤١/٩)، ومسلم في (الذكر والدعاء) ٢٦(باب اكثر اهل الجنة الفقراء واكثر اهل النار النساء) (٢٧٤٠) (٢٠٩٧/٤).

(٨٠٥) أخرجه: البخاري (٥١٩٦)، و مسلم (٢٧٣٦).

(٨٠٦) أخرجه: البخاري (٤٧٧١)، و مسلم (٢٠٦)، و الترمذي (٣١٨٤).

﴿عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ...﴾ (الشعراء: ٢١٤) پێغەمبەر ﷺ قوڕمیشیەکانی کۆکردەوە، بەتایبەت و بەگشتی قسەی لەگەڵدا کردن و فەرمووی: ((يا بني كعب بن لؤي انقذوا أنفسكم من النار... يا فاطمةُ انقذي نَفْسَك مِنْ النار، فأني لا أملكُ لَكُمْ مِنْ اللهِ شَيئاً، غير أنَ لَكُمْ رَحِماً سَأبُلهَا بِبِلالها))[٨٠٧] واتە: (ئەی نەوەی کەعبی کوڕی لوئەی خۆتان ڕزگار بکەن لەئاگر ئەی فاطمە، خۆت ڕزگار بکە لەئاگر، چونکە من لەو ڕوومووە لای خوای گەورە هیچم پێ ناکرێت بۆتان، بەڵام ئێوە مافی خزمایەتیتان بەسەرمنەوە هەیە و من ئەو مافەتان لەدونیا بۆ جێ بەجێ دەکەم).

پێویستە مرۆڤ گەر کەم تەجرووبە و تەمەن بوو گوێڕایەڵی کەسانی گەورەتر لەخۆی بکات و ڕاوێژیان پێ بکات بەتایبەت دایك و باوك:

أبوبكر نفيع بن الحارث ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((أَلا أُنَبِئُكُمْ بِأكبَر الكَبائِر؟ ثلاثا قلنا: بلى يا رسول الله، قال: [الا شراكُ بالله، وَعُقُوق الوالدين وقول الزور وشهاده الزور])[٨٠٨]. (واتە: ئایا هەواڵتان بدەمێ کە گەورەترین تاوان چیە؟! (سێ جار ئەم قسەی دووبارەکردەوە) وتمان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا، و ئەزیەتدانی دایك و باوك و قسەی درۆ و شایەتی درۆ).

موغەیرە کوڕی شوعبە ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إنَّ اللهَ تعالى حرَّم عليكُم عقوق الأُمَهاتِ ومنعاً و هات...))[٨٠٩] واتە: (خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەر تان ئازاردانی دایك وە نەدانی ئەو مافەی کەلەسەرتان پێویستە، و داواکردنی ئەو مافەی کەبۆ ئێوە نیە).

پێویستە هەردوو هاوسەر بەوەفابن بۆ یەکتری:

عائیشە ﷺ فەرموویەتی: ((ماغِرْتُ على أحد مِنْ نِساءِ النبي ﷺ ما غِرتُ على خديجة رضي الله عنها، وما رأيتها قط، ولكن كان يكثر ذكرها وربما ذبح الشاة ثم يقطعها اعضاء ثم

(٨٠٧) أخرجه: البخاري (٦٠١٧)، ومسلم (١٠٣٠)، والترمذي (٢١٣٠).

(٨٠٨) أخرجه: البخاري (٥٩٧٦)، ومسلم (٨٧)، والترمذي (١٩٠١).

(٨٠٩) أخرجه: البخاري (٥٩٧٥)، ومسلم (٥٩٣).

يبعثها في صدائق خديجة، فربما قلت له: كان لم يكن في الدنيا امرأة الا خديجة فيقول: انّها كانت وكانت و كان لي منها ولدٌ.....))[٨١٠] واتە: (من هیچ کاتێك غیرمم نەبووە بەرامبەر ژنەکانی پێغەمبەر ﷺ وەك غیرمم هەبووە بەرامبەر خەدیجە ﷺ، ومن هەرگیز ئەوم نەدیبوو، بەڵام پێغەمبەری خوا زۆر یادی دەکردو باسی دەکرد، رەنگبوو ئەگەر مەڕێکی سەربڕیبایە پارچە پارچەی دەکردو هەمووی دەبەخشیەوە بەهاوڕێکانی خەدیجەدا، جاری واهەبوو پێم دەوت: وەك ئەوەی لە دونیادا ژنێك نەبووبێت جگە لە خدیجە؟ پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: ((خەدیجە ئاوها و ئاوها چاك بوو وە منداڵم لێ ی هەبووە).

وەپێویستە هەردوو هاوسەر خۆیان لە ناپاکی بپارێزن و لەخوا بترسن:

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((سبعة يظلهم الله في ظله يوم لاظل الا ظله:....، ورجلان تحابا في الله اجتمعا عليه وتفرقا عليه، ورجل دعته امرأة ذات منصب وجمال فقال اني اخاف الله،...))[٨١١]. واتە: (حەوت کەس خوای گەورە دەیان خاتە ژێر سێبەری خۆیەوە لە ڕۆژێکدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لەسێبەری ئەو نەبێت (لەوانە) دووپیاو لەبەر خاتری خوا یەکترییان خۆشبووێت و بەیەکەوە کۆببنەوە و لەبەر خاتری خواش لەیەکتری جیابنەوە، وە پیاو و ژنێکی خاوەن پلەو پایەو جوانی داوای خراپەی لێبکات و ئەو بڵێت من لەخوا دەترسم....)

هەر دوو هاوسەر پێویستە بزانن کە ئەوان هاوسەریەتیان عیبادەتە و پەروەردە کردنیان بۆ منداڵان و هەتا مردنیشیان خێر و پاداشتە بۆ دونیاو قیامەتیان:

ئەبو سەعید خودری ﷺ دەفەرموێت: ((جاءت امرأة الى رسول الله ﷺ، فقالت: يا رسول الله ذهب الرجال بحديثك، فاجعل لنا من نفسك يوما نأيتك فيه تعلمنا مما علمك الله، قال: [اجتمعن يوم كذا وكذا]فاجتمعن، فأتاهن النبي ﷺ فعلمهن مما عمله الله، ثم قال: [ما منكن من امرأة تقدم ثلاثة من الولد الا كانوا لها حجابا من النار] فقالت امرأة:

---

(٨١٠) أخرجه: البخاري (٣٨١٨).

(٨١١) أخرجه: البخاري (٦٦٠)، ومسلم (١٠٣١)، والترمذي (٢٣٩١).

واثنين؟ فقال رسول الله ﷺ: [واثنين])[٨١٢]. واتە: (ژنێك هات بۆ لای پێغەمبەرﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، هەموو فەرموودەو ئامۆژگاریە کانت تەنها بۆ پیاوان بووە، ڕۆژێکمان بۆ دابنێ سەردانت بکەین، تا ئەوەی خوای گەورە فێری تۆی کردوە تۆش فێری ئێمەی بکەیت. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: فلان ڕۆژ کۆببنەوە) ئەوانیش کۆبوونەوە، پێغەمبەرﷺ هاتە لایان و ئەوەی خوای گەورە فێری ئەوی کردبوو بە ئەوانی ڕاگەیاند، وەڵەدوای ئەوە فەرمووی: هەرکەسێك لە ئێوە سێ لەمندالەکانی پێش خۆی بدات و بمرن، ئەوە بۆی دەبێت بەبەرگری لە دۆزەخ ژنێك وتی: ئەی دووان؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دووانیش).

هاوسەران گەر بەهەشتیان بوێت پێویستە پارێزگاری زمان و داوێنی خۆیان بکەن:

سەهلی کوڕی سەعد ﷺ دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((من يضمن لي مابين لحييه وما بين رجليه اضمن له الجنة))[٨١٣]. واتە: (هەرکەسێك ئەوەی لەنێوان هەردوو (لێو) و هەردوو ڕانیدایە بپارێزێت، ئەوە من بەهەشتی بۆ دابین دەکەم).

سەموڕەی کوڕی جوندوب ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەرﷺ زۆر کات بەهاوەڵەکانی دەفەرموو: [هل رأى احد منكم من رؤيا ؟] فيقص عليه من شاء الله ان يقص، وانه قال لنا ذات غداة: [انه اتاني الليلة اتيان، وانهما قالالي: انطلق، واني انطلقت معهما،.....، فأتينا على مثل التنور، فأحسب انه قال: فأذا فيه لغط، واصوات فاطلعنا فيه فاذا فيه رجال ونساء عراة، واذا هم يأتيهم لهب من اسفل منهم، فأذا اتاهم ذلك اللهب ضوضوا.قلت:ماهؤلاء ؟ قالالي: انطلق انطلق، فانطلقنا،....، قالالي: اما انا سنخبرك:....، واما الرجال والنساء العراة الذين هم في مثل بناء التنور، فأنهم الزناة والزواني...][٨١٤] واتە: (کەس لە ئێوە خەونێکی دیوە؟ ئەوەی خوای گەورە ویستبای بۆیان دەگێڕایەوە، پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێك فەرمووی: (ئەم شەو دونێردراو هاتنە لام و پێیان

(٨١٢) أخرجه: البخاري (٦٦٠)، ومسلم (١٠٣١).

(٨١٣) أخرجه: البخاري (٦٤٧٤)، ومسلم (٨٧)، والترمذي (٢٤٠٨).

(٨١٤) أخرجه: البخاري (١٣٨٦).

وتم: هەستە منیش لەگەڵیان هەستام و ڕۆیشتم،.....، هەرسێکمان گەیشتینە سەر شوێنێك وەك تەنور وابوو، وام دەزانی کەئەو دەڵێت: کەلەناویدا نالەو، دەنگەدەنگی زۆر هەبوو، لێمان ڕوانی، بینیمان، پیاوان و ژنانی ڕووتی تێدایە، گرێك لەژێرەوە شالاوی بۆ دەهێنان کە ئەو گرە شالاوی بۆ دەهێنان دەستیان دەکردە قریشکەو هاوار، وتم: ئەو کەسانە کێن؟ ئەوان فەرموویان: وەرە لەگەڵمان... وەرە لەگەڵمان... بەیەکەوە ڕۆیشتین تا گەیشتینە سەر ڕووبارێك،.... (تا لەدواجاردا) پێیان وتم: ئێستا ئێمە هەوالی ئەوانەت دەدەینێ کەبینیت:..... ئەو پیاو و ژنانەی ڕووت بوون وەلە جێگەیەکدا بوون وەك تەنور. ئەوانە پیاوان و ژنانی زیناکەر بوون).

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((من خبب زوجة امريء، او مملوكه، فليس منا))[٨١٥] واتە: (هەرکەسێك ژنی کەسێکی تر هەڵخەڵەتێنێت و پەشیمانی بکاتەوە لە مێردەکەی، یان کەنیزەکی لێ هەڵبگێڕێتەوە ئەو کەسە لە ئێمە نیە).

وە پێویستە هاوسەران بەناگابن لەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ ﴾ (الاحزاب) واتە: (ئەوانەی ئازاری ژنان و پیاوانی بڕوادار دەدەن بە شتانێك کە ئەوان ئەنجامیان نەداوە، ئەو کەسانە بە ڕاستی بوختان و تاوانێکی ئاشکرایان ئەنجام داوە).

وەدەفەرموێت: ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ لَكُمْ ..﴿٣٠﴾ ﴾ (النور) واتە: (بە بڕواداران (پیاوان و ژنان) بڵێ چاویان بپارێزن لە تەماشا کردنی نامەحرەم).

وەدەفەرموێت: ﴿ ..إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ (الاسراء) واتە: (بەڕاستی گوێ و چاو و دڵ هەموو ئەوانە خاوەنەکانیان لە بەکارهێنانیان بەر پرسیارن).

---

(٨١٥) أخرجه: أبو داود (٥١٧٠)، و صححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٣٢٤) و(صحيح ابي داود) (٤٣٠٧).



ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرمووێەتی: ((صنفان من اهل النار لم ارهما: قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس، ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات، رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة، لايدخلن الجنة، ولا يجدن ريحها، وان ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا))[٨١٦]. واتە: (دووجۆر کەس لەکەسانی ناو دۆزەخن کەمن هێشتا نەمدیون، کەسانێك دارەدەستیان پێیە وەك کلکی مانگا وایە، لەخەڵکی پێی دەدەن و ژنانێك پۆشتەن بەڵام ڕووتن و لارەو لەنجە بە خۆیاندەکەن و سەریان وەکو دوگی سەرپشتی وشتر خڕ دەکەن، ئەوانە ناچنە بەهەشتەوەو بۆنیشی ناکەن، کەبۆنەکەی لەڕێڕەوی.... ئەوەندەو ئەوەندە بۆنی دەکرێت).

ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((نهى رسول الله ﷺ ان...، ولايخطب على خطبة اخيه، ولاتسأل المرأة طلاق اختها لتكفأ مافي انائها))[٨١٧] (واتە: پێغەمبەر ﷺ نەهیکردوەلە.....، داخوازی کەسێك نەکات داخوازی کاری بەسەرەوە بێت ومنابێت ژن داوای تەڵاقدانی هاوسەرەکەی تری مێردەکەی بکات بۆ ئەوەی مێردەکەی تەنها هەر بۆ خۆی بمێنێتەوە).

ئیبنو عومەرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرمووێەتی: ((....ولايخطب على خطبة اخيه الا ان يأذن له))[٨١٨]. واتە: (وە نابێت کەس داخوازی بەسەر داخوازی براکەی بکات مەگەر کەسی یەکەم ڕێی پێبدات).

ئەبو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەر ﷺ فەرمووێەتی: ((اجتنبوا السبع الموبقات] قالوا: يا رسول الله وماهن؟ قال: [الشرك بالله،....، وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات]))[٨١٩] (واتە:خۆتان لە حەوت شتە لە ناوبەرەکە لابدەن) فەرموویان: ئەو شتانە چین ئەی پێغەمبەری خوا... فەرمووی: هاوبەش بڕیاردان بۆخوا... و بوختان کردن بۆ ژنە پاکە بڕوادارەکان).

---

(٨١٦) أخرجه: مسلم (٢١٢٨).

(٨١٧) أخرجه: البخاري (٢١٤٠)، ومسلم (١٥١٥).

(٨١٨) نفس المصدر.

(٨١٩) أخرجه: البخاري (٢٧٦٦)، ومسلم (٨٩)، وأبو داود (٢٨٧٤).

ئەبو سەعید خودری ﷺ گێڕاویەتیەوەکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((ان الدنيا حلوة خضرة، وان الله مستخلفكم فيها، فينظر كيف تعملون، فاتقوا الدنيا واتقوا النساء، فأن اول فتنة بني اسرائيل كانت في النساء))[٨٢٠]. (واتە: دونیا خۆش و سەوزەواڕە، و خوای گەورە ئێوەی کردووە بە جێنشین لەناویدا. و تەماشاتان دەکات چۆن کاردەکەن، ئێوە خۆتان لەدونیا بپارێزن، وە خۆتان لە ژنان بپارێزن چونکە یەکەم لەڕێ لادانی نەوەکانی ئیسرائیل بەهۆی ژنانەوە بوو).

ئەشعەثی کوڕی سەلیم ﷺ دەفەرموێت: ((سمعت رجاء بن حيوة، عن معاذ بن جبل قال: ابتليتم بفتنة الضراء فصبرتم، وستبتلون بفتنة السراء، واخوف ما اخاف عليكم فتنة النساء اذا تسورن الذهب، ولبن رياط الشام وعصب اليمن فاتعبن الغنى وكلفن الفقير مالايجد)[٨٢١]. واتە: (گوێم لە (رجائی کوڕی حیوە)بوو لە (موعاذی کوڕی جەبل)ەوە ﷺ دەیگێڕایەوەکە فەرموویەتی: (ئێوە تاقیکرانەوە بەهەژاری و ئارام گربوون تیایدا و لێر بەدواوە تاقیدەکرێتەوە بەدەوڵەمەندی و خۆش گوزەرانی و مەترسیدارترین مەترسی کەدەترسم توشتان بێت بەهۆی ئافرەتەومیە کاتێك بازنی ئاڵتون لەدەست دەکەن و کراسە تەنك و نەرمە جوانەکانی شام و سوخمە جوانەکانی یەمەن دەپۆشن و دەوڵەمەندەکان ماندو دەکەن و هەژارەکانیش توشی خەرجیەك دەکەن کەلە تواناياندا نیە).

عەلی کوڕی زەید دەگێڕێتەوە کە سەعید کوڕی موسەیەب ﷺ فەرموویەتی: (مايئس الشيطان من شيء الا أتاه من قبل النساء وقال لنا سعيد وهو ابن أربع وثمانين سنة وقد ذهبت احدى عينيه وهو يعشو بالاخرى:ما من شيء اخوف عندي مِن النساء)[٨٢٢]. (واتە: شەیتان لە هەر کەسێك بێ ئومێد بوو وە نەیتوانی هیچی بەرامبەر بکات لەڕێگەی ژنەوە بۆی دێت، و سەعیدی کوڕی موسەیەب ئەو کات تەمەنی

(٨٢٠) أخرجه: مسلم في (الذكر والدعاء) (٢٦ باب اكثر اهل الجنة الفقراء واكثر اهل النار النساء) ٩٩(ح ٢٧٤٢) (٤/ ٢٠٩٨).وانظر (رياض الصالحين) بتخريج الالباني رقم (٤٦٣).

(٨٢١) أخرجه: البيهقي (الشعب) (٥٤١٤)، وابو نعيم (الحلية) (٢٢٢/١) وابن الجوزي في (صفة الصفوة) (٢٤٠/١).

(٨٢٢) أخرجه: ابو نعيم (الحلية) (٤٥/٢)، وابن الجوزي في (صفة الصفوة) (٨٠/٢)، و الذهبي (سير أعلام النبلاء) (٢٣٧/٤).

هەشتاو چوارسالّ بوو وە چاوێکی لەدەست دابوو بەچاوەکەی تریشی شەو بەجوانی نەیدەبینی وتی: هیچ شتێك لەلای من لە ژن مەترسیدارتر نیە).

زانای پایە بەرز (ابو الفرج الجوزی) ﷺ ئەم بەسەر هاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: (أن امرأة جميلة كانت بمكة، وكان لها زوج فنظرت يوما الى وجهها في المرأة فقالت: اترى أحدا يرى هذا الوجه ولايفتن به ؟ قال: نعم، قالت: من ؟ قال: عبيد بن عمير، قالت: فأذن لي فيه فلاأفتننه، قال: قد اذنت لك.

قال: فاتته كالمستفتية، فخلا معها في ناحية من المسجد الحرام فأسفرت عن وجه مثل فلقة القمر، فقال لها: يا امة الله استتري، فقالت: اني قد فتنت بك، قال: اني سائلك عن شيء فان انت صدقتني نظرت في امرك، قالت: لا تسألني عن شيء الا صدقتك.

قال: اخبريني لو ان ملك الموت اتاك ليقبض روحك اكان يسرك ان اقضي لك هذه الحاجة ؟ قالت: اللهم لا، قال: صدقت.

قال: فلو ان الناس اعطوا كتبهم ولا تدرين اتاخذين كتابك بيمينك ام بشمالك اكان يسرك اني قضيتها لك ؟ قالت: اللهم لا، قال: صدقت.

قال: فلو اردت الممر على الصراط ولا تدرين هل تنجين او لاتنجين اكان يسرك اني قضيتها لك ؟ قالت: اللهم لا، قال: صدقت.

قال: فلو جيء بالميزان وجيء بك فلا تدرين ايخف ميزانك ام يثقل اكان يسرك اني قضيتها لك ؟ قالت: اللهم لا، قال: صدقت.

قال: فلو وقفت بين يدي الله للمساءلة اكان يسرك اني قضيتها لك ؟ قالت: اللهم لا، قال: صدقت.

قال: اتقي الله فقد انعم الله عليك واحسن اليك، قال: فرجعت الى زوجها، فقال: ماصنعت، قالت: انت بطال ونحن بطالون، فاقبلت على الصلاة والصوم والعبادة فكان زوجها يقول: مالي ولعبيد بن عمير افسد علي امرأتي، كانت في كل ليلة عروسا فصيرها راهبة)[٨٢٣].

(٨٢٣) انظر (روضة المحبين ونزهة المشتاقين) لمحمد بن ابي بكر بن قيم الجوزية (ص ٣٤٠).

واته: (ژنێکی جوان له شاری مه‌ککه هه‌بووه، مێردێکی هه‌بوو ڕۆژێك ژنه‌که له ئاوێنه‌دا سه‌یری خۆی کرد و به‌مێرده‌که‌ی وت: ئایا تۆ پێت وایه که‌سێك سه‌یری ئه‌م دەموچاوه بکات و ڕێی لێ ون نه‌بێت؟ پیاوه‌که وتی: به‌ڵێ، ژنه‌که وتی: کێ؟ پیاوه‌که وتی: عبید کوڕی عمیر، ژنه‌که وتی: ڕێم بده هه‌تا گیرۆده‌ی ڕێ لێ ون بوونی بکه‌م. پیاوه‌که وتی: ئه‌وه ڕێم پێدایت. ئینجا: ژنه‌که هات وه‌ك پرسیار کارێك به‌ته‌نیا چوو بۆلای عوبه‌یدی کوڕی عومه‌یر له گۆشه‌یه‌کی (المسجد الحرام) ژنه‌که له‌وێدا دەموچاوی خۆی بۆ دەرخست دەت وت مانگی کراوەیه، پیاوه‌که پێی وت: ئه‌ی کچه به‌نده‌ی خوا خۆت داپۆشه. ژنه‌که وتی: زۆر ئارەزووم له‌تۆیه عوبه‌ید وتی: من پرسیارێکت لێده‌که‌م دەرباره‌ی شتێك، ئه‌گه‌ر تۆ ڕاست وه‌ڵامم بده‌یه‌وه، ئه‌وه من له فرمانه‌که‌ت دەڕوانم، ژنه‌که وتی: هه‌رشتێك پرسیار بکه‌یت به‌ڕاستی وه‌ڵامت دەده‌مه‌وه. پیاوه‌که وتی: پێم بڵێ ئه‌گه‌ر فریشته‌ی گیان کێشان هات بۆ ئه‌وەی ڕوحت بکێشێت، ئایه تۆ پێت خۆش دەبێت که‌من ئه‌و کارەت له‌گه‌ڵدا بکه‌م. ژنه‌که وتی: نه‌خێر

عوبه‌ید وتی: ڕاستت کرد، باشه گه‌ر خه‌ڵکان له‌قیامه‌تدا نامه‌ی کردەوه‌کانیان وەرگرت و تۆش نازانیت ئایا نامه‌ی کردەوه‌کانت به‌دەستی ڕاستت وەر دەگریت یان به‌دەستی چه‌پ، ئایا له‌وێدا پێت خۆش دەبوو که‌من ئه‌و کارەم له‌گه‌ڵتدا بکردایه؟ وتی: نه‌خێر

عوبه‌ید وتی: ڕاستت کرد

ئه‌نجا عوبه‌ید وتی: ئه‌گه‌ر به‌سه‌ر (صراط)دا بتبه‌ن و نه‌زانیت ئایه ڕزگارت دەبێت یان ڕزگارت نابێت، ئایه دڵخۆشت دەکات، که‌من ئه‌و کارەم له‌گه‌ڵتدا ئه‌نجام بدایه.

ژنه‌که وتی: نه‌خێر به‌خوا.

عوبه‌ید وتی: ڕاستت کرد.

عوبه‌ید وتی: ئه‌گه‌ر ته‌رازووی کردەوه‌کانیان هێنا و تۆشیان هێناو نه‌تزانی

ئاخۆ تای تەرازوەکەت سوك دەبێت یان قورس ئایە ئەو کات دڵخۆشت دەکات گەر من ئەو کارەم لەگەڵ تۆدا ئەنجام بدایە.

ژنەکە وتی: بەخوا نەخێر.

عوبەید وتی: ڕاستت کرد.

ئەنجا عوبەید وتی: ئەگەر بتبەنە بەردەم خوا بۆڵێ پرسینەوە، ئایە ئەو کات دڵخۆش دەبیت گەرمن ئەو کارەم لەگەڵ تۆدا ئەنجام بدایە؟

ژنەکە وتی: بەخوا نەخێر.

عوبەید وتی: ڕاستت کرد.

عوبەید وتی: دەکەواتە تۆش لەخوابترسە، چونکە خوای گەورە بەخشندەی لەگەڵ کردویت و چاکەی بەسەرتەوە هەیە.

ئەنجا ژنەکە گەڕایەوە بۆ لای مێردەکەی وە مێردەکەی پێی وت: چیت کرد.

ژنەکە وتی: تۆ خەسارەتمەن و بێ کاری و ئێمەش خەسارەتمەند و بێ کارین ئینجا ڕوویکردە نوێژو ڕۆژوو خواپەرستی.

دواتر مێردەکەی دەیوت: عبیدکوڕی عمیر خوی ژنەکەمی تێکدا. چونکە ئەو هەموو شەوێك وەك بوك وابوو ئێستا گۆڕیویەتی بۆکەسێکی وازهێن لەدونیا.

بە شی حەڤدەهەم

تێڕوانینی قورئان بۆ هاوسەرگیری

پێناسەی هاوسەرگیری چییە پێش ئەوەی قورئان پێناسەی بۆ بکات؟ ئایە مامەڵەیەکی بازرگانیە لەنێوان دووکەسی هاوبەش لە ژیاندا؟ ئایە هۆکارێکە لەهۆکارە پێویستەکان بۆ ڕازیکردنی داواکاریەکانی جەستە و پاڵدانەوە لەداواکانی شەیتان؟ هەموو ئەو شتانەو هاوشێوەکانی ئەوانیش لەدیدی کۆمەڵگاکان و بیرو بۆچونەکان هاتوون دەربارەی هاوسەرگیری پێش هاتنی قورئان. ئەوانە هەموو جێی سەرنج و پرسیاربوون، بەڵام هاوسەرگیری لە قورئاندا بریتیە لە هاوسەریەتیەکی مرۆڤایەتی لەشێوە ڕاستیەکەیدا لەلای کۆمەڵ لەلایەك وە لەلای تاکیش لە لایەکی ترەوە، هاوسەرگیری بریتیە لە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لەلایەنی کۆمەڵەوە بۆ پاراستنی جۆری مرۆڤایەتی. وە بریتیە لەشوێنی نیشتەجێبوونی دەرونی لەلایەنی تاکەوە. وە هۆکاری دەست خستنی خۆشەویستی و ڕەحمەت و سۆزە لە نێوان پیاوان و ژناندا لەبەر ئەوەشە کە بانگەشەکردنی قورئان لە کاری هاوسەرگیریدا، بەرەو ڕووی تاکەکانی کۆمەڵ داوا دەکات بۆ ئاسانکردن، و ئەنجامدانی ئەو هاوسەرگیریە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ ۚ إِن يَكُونُوا۟ فُقَرَآءَ يُغْنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ مِن .. ﴿٣٢﴾ ﴾ (النور) واتە: (ئەی موسڵمانان! ژنە بێ مێردەکانتان بەشوو بدەن، وە بۆ پیاوە بێ هاوسەرەکانیشتان، هاوسەر پەیدا بکەن، وە بۆ بەندەو کەنیزە چاك و صاڵحەکانیشتان هەروا بکەن، ئەگەر لات و دەستەنگیش بن، دڵ سارد مەبن لێیان، چونکە خوا لە فەزڵ و میهرەبانیی و بەهرەی خۆی بێنیازو دەوڵەمەندیان دەکات).

ئەم ئایەتە بانگهێشتە بۆ سەرپەرشتیارانی ئافرەت، و بەشێوەیەکی گشتی هەموو کەس دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کچان و کوڕانی بێ هاوسەر هاوسەرگیری

پێك بهێنن و هەژاری و کەم دەرامەتی نەبێتە هۆکاری ئەنجام نەدانی چونکە خوای گەورە بەگەورەیی و بەخشندەیی خۆی پشتگیریان دەکات.

بەڵام هەژارێکی زۆر نەدار ئەم ئایەتە پیرۆزە داوای داوێن پاکی لێدەکات تائەو کاتەی خوای گەورە ڕزقێکی بۆ دەنێرێت و بەهۆیەوە دەتوانێت کاری هاوسەرگیری ئەنجام بدات.

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ .. ﴾ (النور: ٣٣). واتە: (نا توانن هاوسەرگیری بکەن، یان پێویستیەکانی بۆ جێبەجێ بکەن لە مارەیی و نەفەقەکردن با ئەوانە خۆیان داوێن پاك ڕاگرن تا ئەو کاتەی خوای گەورە بەهرەو ڕزق و ڕۆزی پێویستیان پێ دەبەخشێت).

هاوسەرگیری لە ئیسلامدا پەیمان و ڕێکەوتن نامەیە لەنێوان هەردوو هاوسەردا خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ..وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٢١﴾ ﴾ (النساء) واتە: (ئەی هاوسەران ئێوە بەڵێن و سوێندێکی ئەستورتان لێ وەرگیراوە). (الميثاق الغليف) سیوگی دەفەرموێت: (واتە: پەیمانێکی توندو تۆڵ بە سوێندو پەیمان).[٨٢٤]

(و طەبری لەمانای ((مِّيثَٰقًا غَلِيظًا)) دەفەرموێت: امساك بمعروف، او تسريح باحسان، وهو كلمة النكاح الذي يستحل بها الفرج)[٨٢٥]. واتە: (پێکەوە ژیانی هەردوو هاوسەر بەجوانی، یاخود جیابوونەومیان بەچاکی ومئەو بەڵێنەش وشەی (مارەکردنە) کەهەردوولا بۆیەکتر حەڵاڵ دەبن).

ئەم ئایەتەپیرۆزە نیشانەی ئەومیە کە ژنان پەیمانێکی توندو تۆڵ کە [مارەیی و هاوسەرگیریە] لە پیاوان وەردەگرن. ئەوەش بریتیە لە پەیمانی نێوان ژن و پیاو کە بەهۆیەوە هەردوو لایان پابەند دەبن بەئەرکەکانی سەرشانیان بەرامبەر بە یەکتری.

ئەم دەربڕینی (ميثاقاً غليظاً)، واتە: لەناو سۆزو هەستدا بەمانای پاراستن

(٨٢٤) انظر: (تفسير وبيان مع اسباب النزول للسيوطي)) (ص: ٨١).

(٨٢٥) انظر: (مختصر تفسير الطبري مذيلا باسباب النزول للنيسابوري) (ص: ٨١).

و خۆشەویستی و سۆزو ڕەحمەت هاتووە. گرێبەستی هاوسەرگیری دەست بە سەرداگرتنی شتێك نیە وەك گرێبەستی فرۆشتن یان بەکرێ دان، یان جۆرێك بێت لەکردن بە کۆیلە. پەیوەندی نێوان ژنان و پیاوان لەهاوسەرگیریدا پەیوەندی بەزەیی و خۆشەویستییە، کەبەهۆیەوە دەروونەکان پشو دەدەن و سۆزو خۆشەویستی بەیەك دەگەیەنن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ (الروم).

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاگادارکردنەوەی ژن و پیاوە لەوەی کە گەورەترین نیشانەکانی تواناو دەسەڵات و بەخشندەیی خوای گەورە ئەوەیەکە لەڕەگەزی پیاو هاوسەری بۆ دروستکردوە تا لەگەڵیان نیشتەجێ و ئارام بن و خۆشەویستی و بەزەیشی خستوەتە نێوانیان بەڕاستی ئەوەش بەڵگەی زۆری تێدایە بۆ کەسانێك بیربکەنەوە.

لەو نیشتەجێبوونە دەروونیەی لە ئایەتەکەدا باسکراوە دەربڕینێکی پڕلە ماناو شایستەیە دەربارەی هەست و ئارەزوو خۆشەویستی و ئەو مەیلانەی کە هەردوو هاوسەر بەرامبەر ئەوی تریان هەستی پێدەکات کەبەهۆیەوە گەورەترین شڵەژان و ناجێگیربوون لەدڵ و عەقڵدا لادەبات دیارە عەقڵ و دەرونیش بێ ئەنجامدانی ئەم کارە ئارام ناگرێت و ناکەوێتە ناو ئارامی یەوە.

هەروەها یەکێکی تر لەبەڵگەکانی ئەو بەخشندەیەی ئەم ئایەتە پیرۆزە باسمان بۆ دەکات ئەوەیە لە نێوان ژنان و پیاواندا خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی چەسپاون و دوچاری گرفت نابن وەك ئەو گرفتانەی کە لەئەنجامی خۆشەویستیەك سەر هەڵدەدەن کە پەیوەندی هاوسەرگیریان لە نێوانیاندا نیە، ئەوەتا خودای گەورە ئاماژە بەوە دەکات و دەفەرموێت ﴿ ...هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ... ﴿١٨٧﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان).

ئەم ئایەتە پیرۆزە هەریەك لە ژن و مێرد بەجل و بەرگی یەکتری چواندوە،

لەکاتێکدا کە بەتەنیا دەمێننەوە لەکاتی نوستندا چونکە هەریەکەیان ئەوی تر دادەپۆشێت.

ئیمامی سیوطی دەفەرموێت: مانای (هن لباس لکم): اي هن سكن لكم، او سترلكم عن الحرام وما منع من الوقوع فيه)[٨٢٦]. واتە: (ئەوان شوێن و نیشتەجێ و ڕوپۆشی ئێوەن لەکەوتنە ناو حەرامەوە یان ڕێگرتن لە تێکەوتنی).

پێویستە هاوسەران هەر یەکیان بۆ ئەوەی تر وەك پێویستی پۆشاك و (جل و بەرگ) وابن. ئەگەر جل و بەرگ بۆ داپۆشینی جەستە بێت بۆ ئەوەی لەش کەمو کوڕیەکانی دەرنەکەوێت و پارێزراو بێت لە ئازاردان وە خۆی جوان دەربخات کەواتە، هەریەك لە ژن و مێرد بۆ یەکتری وەهان جگە لە ئەوەش: هەردوولا ڕێز و سەروەری یەکتر دەپارێزن و دڵخۆشی و تەندروستیش بۆ یەکتر دابین دەکەن.

ئارام بوونی مێرد لای ژنەکەی بەهێزترین پاڵپشتەکانی هاوسەنگ بوونە لەنێوانیاندا لەبواری پەروەردەکردن و ڕەوشتدا، ئەوەتا خودای گەورە ئاماژەی بۆکردوە و فەرموویەتی؟ ﴿ ٱلْخَبِيثَٰتُ لِلْخَبِيثِينَ وَٱلْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَٰتِ ۖ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ ... ﴿٢٦﴾ ﴾ (النور). ژنە پیسەکان بەکەڵکی ئەوە نایەن کەس مارمیان بکات تەنها پیاوە پیسەکان نەبێت، هەرکەسێك لەپیاوان هەست بە پیاوەتی خۆی بکات و بیەوێت لە شوێنگەی لادان و تاوان و گوناە دووربکەوێتەوە، ئەوە هەرگیز بەخۆیەوە ڕەوا نابینێت ژنێکی داوێن پیسی داڕماو لە حورمەتدا بکاتە هاوسەری خۆی، هەربۆیە پیاوانی پیس و داوێن پیس جگە لە ژنانی پیس و داوێن پیس نەبێت کەسی تر بۆ هاوسەر گیریان نابێت.

هەرکەسێك لەژنان گەورەیی و شکۆمەندی بەخۆی ڕەوا ببینێت ئەوە دەروونی خۆی لەو جۆرە پیاوانەی کەوتونەتە ناو داوی خۆدۆراندنەوە دەپارێزن، وەهەرکات هەردوو لایان خۆیان لەپەیوەندی بە پیسەکانەوە پاراست، ئەو کات ئامادەبن تا لەگەڵ ئەو کەسە پاك و گونجاو خاوەن ئەدەب و ڕەوشت

(٨٢٦) انظر: (تفسير وبيان اسباب النزول للسيوطي) (ص: ٢٩).

بەرزانە هاوسەرگیری پێك بهێنن. ئەوەشەکە خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی پێداوە ﴿ ٱلْخَبِيثَٰتُ لِلْخَبِيثِينَ وَٱلْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَٰتِ ۖ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ ... ﴿٢٦﴾ ﴾ (النور).

ئەو نیشتەجێ بوونە هەمیشەییەی کە گونجاندن بەرهەمی دەهێنێت و لەڕموشتدا خۆی دەبینێتەوە لەئەنجامی پەروەردەیەکی ئاینیی ڕاستدا هاتوومتە دی لەم ڕوەوە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ دەفەرموێت: ((تُنْكَحُ المرأةُ لاربعٍ: لِمالها، وَلِحَسَبها، ولِجَمالها، ولِدينها، فَاظْفَر بِذاتِ الدّين تَربتْ يَداك))[٨٢٧]. (واتە: ئافرەتان لەبەر چوارشت مارە دەکرێن: یا ئەوەتا بۆ مالّ و سامانی، یائەوەتا بۆ پشت و پەناو نەسەبی، یائەوەتا بۆ جوانیەکەی، یان بۆ ئاینەکەی،....تۆش خاوەن دینەکە وەدەست بهێنە تا دەستت نەچوەتە خۆڵەوە لەهەژاریدا)

واتە: خەڵکی بەگشی بەدوای ئەو ئافرەتانەدا دەگەڕێن کە ئەم چوار سیفەتانەیان تێدابێت. بەڵام تۆ دەبێت بەدوای ئەوەدا زیاتر وێڵ بیت کە خاوەن ئاینە، هەوڵبدە ئەوە دەست بخەیت و پێداگری بکە لەسەر هاوڕێیەتی کردنی. مانایەکی تری (تربت يداك) واتە: نزاکردنە بەهەژاری بەڵام ئەصلی ماناکە ئەوەنیە، بەڵکو ئەوە بۆ باسکردن و هاندان لەسەر زمانی عەرەبەکان بەکاردەهێنرێت. ئەمانە گرنگترین ئەو هۆکارانە بوون کەلە داخوازیدا دەبێت ڕەچاو بکرێت کە پێغەمبەر ﷺ خەڵکی پەسەندکردوە لەسەر ئەو بۆ چوونە. بەڵام کاتێك کە ئایین لەلای خەڵکی لەدوا پێگەدابوو پێغەمبەر ﷺ پێداگری لەسەر ئەو کەسە دەکات کە خاوەنی ئاین هەڵبژێرێت و ئەم مەرجەی پێش ئەوانی تر داناوە. واتە: ئاوڕدانەوە لە ئایین پێش شتەکانی تر، مەبەست لە ئاین تەنها ئەوە نی یە کەئەو ژنە نوێژ بکات و ڕۆژوبگرێت و بەس، هەر چەندە ڕموشت و خوی خراپ بێت، بەڵکو ئەو ئافرەتە جێی مەبەستەکە ئایین بۆمتە هۆکارێك بۆ پەروەردەکردنی ڕموشت و پاراستنی شەرەفی، و ئەم خەسڵەتانەش بەناو ڕۆح و ڕموشتیدا درێژ بوو بێتەوە پەروەردەی کردبێت وە لەهەموو خراپەیەك پاراستبێتی.

(٨٢٧) أخرجه: البخاري (٥٠٩٠)، ومسلم (١٤٦٦)، وأبو داود (٢٠٤٧)، والنسائي (٦/٦٨)، وابن ماجة (١٨٥٨)



وتەی کۆتایی

(لەدواین وتەدا پێویستە هەردوو هاوسەر بزانن کە هەردوولایان ئەمانەتن لای یەکتر، و ڕۆژی قیامەتیان لە پێشە کەتیایدا خوای گەورە پرسیارو لێ پێچینەوە لەگەڵ هەردووکیان دەکات لەسەر بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان و وەرگرتنی مافەکانیان و لەوێدا کەم تەرخەم و ستەمکاران بەسزای تاوانەکانیان دەگەن و چاکە کارانیش لە هاوسەران بەپاداشتی خۆیان دەگەن وهەردوولا بەیەکەوە دەچنە ناو بەهەشت وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ أَنتُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ تُحۡبَرُونَ ﴾ (الزخرف: ٧٠).

ئەمە دواین شت بوو کە دەمویست لەم کتێبە کورتەدا کۆی بکەمەوە و ڕێکی بخەم. داواکارم خوای گەورە لێم ببووریێت و لێم خۆش بێت، و ئازادبوونم کرد بەدواین هیواو ئومێدم بەڵکو ببێتە هۆکاری ئازاد بوونم لە ئاگر، و چونە ناو بەزمیی خوای گەورەو بەهەشتی بەرین.

وە داوا لەخوای گەورە دەکەم کە ئەم کتێبە بکاتە ڕیزی کارە چاکە قبوڵ کراوەکانەوە، و پاداشتم بۆ بنوسێت و گوناهەکانم لێ بسڕێتەوە و بۆم بکاتە مایەی پاشەکەوتێکی باش. ﴿ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ ٨٨ إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ ٨٩ ﴾ (الشعراء) خوایە پاك و بێگەردی و سوپاسیش هەربۆ تۆیە من گەواهی دەدەم کە هیچ خوایەك نیە جگەلە تۆ و داوای لێخۆش بونت لێدەکەم و تۆبەبێت خوایە گیان، داوات لێ دەکەم و دەڵێم: ((اللهم اعنا على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك)). واسألك الجنة وأعوذ بك من النار.

﴿ سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ١٨٠ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٨١ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٨٢ ﴾ (الصافات)

وسبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا اله الا انت استغفرك و اتوب اليك

محمد ملافائق شارەزووری

١٤٣٢ك بەرامبەر ٢٠١٠م

سەرچاوەکان

١-اتحاف الخيرة المهرة / الامام أحمد بن ابي بكر البوصيري / تحقيق: عادل سعد مع السعيد بن محمد / مكتبة الرشيد الرياض / الطبعة الأولى / ١٤١٩ هـ.

٢-الأحاديث القدسية جمعاً ودراسةً / د.عمر علي /مكتبة العلوم و الحكم/ المدنية المنورة/ الطبعة الأولى /١٤٢٥هـ.

٣-الأحاديث المختارة/ محمد عبدالوحد الضياء المقدسي/ تحقيق: عبدالملك بن عبدالله / الطبعة الأولى / مكتبة النهضة / مكة المكرمة /١٤١٢هـ.

٤-أحكام الجنائز وبدعها / الشيخ ناصر الدين الألباني/ المكتب الإسلامي / دمشق / الطبعة الجديدة/مكتبة المعارف /الرياض.

٥-أخلاق النبي /أبي الشيخ الصبهاني/ تحقيق: يحى بن محمد الأزهري/ دار ابن رجب / المنصورة/ الطبعة الأولى /٢٠٠٤م.

٦-آداب الزفاف في السنة المطهرة / الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / الطبعة التاسعة / بغداد / ١٩٩١م.

٧-آداب الصحبة / ابي عبدالرحمن السلمي/ تحقيق: مجدي فتحي السيد/دار الصحابة/ مصر/ الطبعة الأولى /١٤١٠هـ.

٨-آدب الدين والدنيا/الماوردي/تحقيق: محمد كريم/ دار اقرأ/ بيروت/ الطبعة الخامس /١٤٠٦م.

٩- الأدب المفرد / الإمام محمد بن إسماعيل البخاري / تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي/ المطبعة السلفية ـ القاهرة.

١٠-إرشاد الساري في شرح الصحيح البخاري / أحمد بن محمد القسطلاني / القاهرة / مصر/ طبعة بولاق / ١٣٣٤هـ.

١١-إرواء الغليل / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / المكتب الإسلامي /بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٧٩م.

١٢-أسد الغابة / ابن الأثير / دار احياء التراث العربي / بيروت - لبنان.

١٣-الإصابة في تميز الصحابة / الحافظ أحمد بن حجر العسقلاني / دار العلوم الحديثة / الرباط / الطبعة الأولى /١٣٢٨ هـ.

١٤-إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان / الأمام شمس الدين محمد بن أبي بكر ابن

القيم الجوزية / تحقيق: إحسان عبد المنان / عصام فارس / الطبعة الأولى / مؤسسة الرسالة / ١٩٩٤.

١٥-الأنشراح في آداب النكاح / أبي اسحاق الحويني / دار الكتاب العربي / بيروت / الطبعة الأولى / ٢٠٠٦م.

١٦-أيسر التفاسير لكلام العلي الكبير / أبي بكر جابر الجزائري / مكتبة العلوم والحكم / المدينة المنورة / الطبعة الأولى / ١٩٩٤م.

١٧-البداية والنهاية / الحافظ عماد الدين إسماعيل إبن كثير / مطبعة ابن كثير / بيروت -لبنان.

١٨-بلوغ المرام من أدلة الأحكام / الحافظ ابن حجر العسقلاني / تحقيق محمد أمين كتبي / دار الرائد العربي / بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٨٧.

١٩-التأريخ الكبير / الإمام محمد بن إسماعيل البخاري / طبعة دائرة المعارف / العثمانية / الهند / ١٣٨٠هـ.

٢٠-تأريخ دمشق / ابي القاسم علي ابن الحسين ابن عساكر / تحقيق: شكر الله بن نعمة الله / الطبعة الأولى / ٩٤٠٢هـ / مؤسسة الرسالة / بيروت.

٢١-تأملات في سلوك الانسان / اليكس ساريل / المكتبة / الثقافية / بيروت.

٢٢-تحفة الأشراف / الحافظ يوسف عبدالرحمن المزي / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الثاني / ١٤٠٣هـ.

٢٣-التخويف من النار / الحافظ ابن رجب الحنبلي / تحقيق: بشير محمد عيون / مكتبة دار البيان / دمشق / الطبعة الثاني / ١٤٢١هـ.

٢٤-ترتيب صحيح الجامع / عوني نعيم شريف / مكتبة المعارف - الرياض / الطبعة الأولى ١٩٨٧ م

٢٥-الترهيب و الترغيب / الحافظ اسماعيل بن محمد بن الفضل الاصفهاني / تحقيق: ايمن بن صالح بن شعبان / دار الحديث / القاهرة / الطبعة الاولى / ١٩٩٣م.

٢٦-تغليق التعليق / الحافظ ابن حجر العسقلاني / تحقيق: د.سعيد عبدالرحمن / المكتب الاسلامي / بيرووت / الطبعة الأولى / ١٤٠٥هـ.

٢٧-تفسير الجلالين / جلال الدين محمد بن أحمد المحلى / جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي / مكتبة العلوم الدينية / بيروت.

٢٨-تفسير القرآن العظيم / الحافظ عماد الدين إسماعيل إبن كثير الدمشقي /دار مكتبة الهلال.
٢٩-تفسير القرآن /الإمام عبدالرزاق الصنعاني /تحقيق: مصطفى علم محمد /مكتبة الرشد /الرياض /١٩٨٩م.
٣٠-تفسيرسورة النور / شيخ الإسلام إبن تيمية / تحقيق: محسن إبراهيم الدوسكي / مكتبة المثنى / بغداد / الطبعة الأولى / ١٩٩٠م.
٣١-جامع البيان عن تأويل آي القرآن / الإمام محمد إبن جرير الطبري / دار الفكر / بيروت / ١٩٨٨م.
٣٢-الجامع الصحيح مما ليس في الصحيحين / الشيخ مقبل بن هادي الوادعي / دار الحرمين /القاهرة / ١٩٩٥م.
٣٣-جامع الصول في احاديث الرسول ﷺ / ابن الأثير / تحقيق: عبد القادر الأرناؤوط / مطبعة الملاح و مكتبة البيان / ١٩٧٢م.
٣٤-جامع العلوم والحكم / الحافظ إبن رجب الحنبلي البغدادي / تحقيق: شعيب الأرناؤط / إبراهيم باجس / طبع مؤسسة الرسالة / بيروت. مع طبعة دار العلوم الحديثة / بيروت / الطبعة الثالثة / ١٩٨٦م.
٣٥-جامع بيان العلم و فضله / الإمام يوسف بن عبدالبر القرطبي / تعليق: محمد عبدالقادر/ مؤسسة الكتب الثقافية / بيروت / الطبعة الثانية / ١٤١٨هـ.
٣٦-جامع بيان العلم وفضله / الإمام إبن عبد البر النمري القرطبي / تصحيح: عبد الرحمن محمد عثمان / المكتبة السلفية / المدينة الطبعة الثانية / ١٩٦٨م.
٣٧-الجامع لشعب الإيمان / الحافظ البيهقي / تحقيق: مختار أحمد الندوي / مكتبة الرشد / الرياض / الطبعة الثاني /٢٠٠٤هـ.
٣٨-حسن السمت في الصمت / السيوطي /تحقيق /محمد بن بسيوني /زغلول /دار المكتبة العلمية /بيروت / الطبعة الأولى /١١٤٠٧م.
٣٩-حلية الأولياء وطبقات الأصفياء / الحافظ أبونعيم الأصفهاني / المكتبة السلفية - بيروت، مع طبعة: دار الكتاب العربي / القاهرة / ١٩٨١م.
٤٠- خطبة الحاجة / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الثالثة / ١٣٩٧هـ.
٤١-خلاصة البدر المنير في تخريج أحاديث الرافعي الشرح الكبير / الحافظ سراج الدين

إبن الملقن / تحقيق: حمدى عبد المجيد السلفي / مكتب الرشد / الرياض / الطبعة الأولى / ١٩٨٩م.

٤٢-الخلفاء الراشدون / الأمام محمد بن أحمد شمس الدين الذهبي / دار الكتب العلمية / بيروت /الطبعة الأولى / ١٤٠٨ هـ.

٤٣-دلائل النبوة / الحافظ أحمد بن حسين البيهقي / تحقيق: عبدالمعطي قلعجى / دار الكتب العلمية - بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٨٥ م.

٤٤-روضة العقلاء /ابن حبان البستي / تحقيق: محمد حامد الفقي / الطبعة المصرية.

٤٥-روضة المحبين ونزهة المشتاقين / ابن القيم الجوزي / دار الكتب العلمية / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٨٣م.

٤٦-رياض الصالحين / الإمام يحيى بن شرف النووي / تحقيق: عبدالعزيز رباح - أحمد يوسف دقاق / مراجعة: شعيب الأرنؤوط / دار الثقافة العربية - دمشق / الطبعة الثانية / ١٩٩٢ م. مع الطبعة مكتبة المعارف / الرياض / بتحقيق: الشيخ محمد ناصر الدين الألباني /الطبعة الأولى / ٢٠٠٠م.

٤٧-زاد المسير في علم التفسير / الحافظ عبدالرحمن بن علي بن محمد الجوزي / تخريج: أحمد شمس الدين / دار الكتلب العلمية /بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٩٤ م.

٤٨-زاد المعاد في هدى خير العباد / الإمام محمد بن بكر إبن قيم الجوزية / تحقيق: عبدالقادر الأرنؤوط / مؤسسة الرسالة - بيروت / ١٣٩٩ هـ.

٤٩-الزهد / الإمام أحمد بن حنبل الشيباني / تحقيق: د. محمد جلال الشرف / دار الفكر الجامعي / مصر / ١٩٨٠ م.

٥٠- الزهد / الإمام وكيع بن جراح / تحقيق: عبدالرحمن عبدالجبار / مكتبة الدار / المدينة المنورة / ١٤٠٤هـ.

٥١-الزهد والرقائق / الإمام عبدالله بن المبارك / تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي / دار الكتب العلمية - بيروت.

٥٢- سبل السلام شرح بلوغ المرام / الإمام محمد بن إسماعيل الأمير الصنعاني / تحقيق: محمد بن عبد الرحمن المر عشلي / دار أحياء التراث الإسلامي / بيروت / ١٤٠١هـ.

٥٣-سلسة الأحاديث الضعيفة / الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / المجلد الاول / الطبعة الخامسة / المكتب الاسلامي / بيروت / ١٩٨٥ م.

٥٤-سلسلة الأحاديث الصحيحة / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني:

المجلد الأول / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الرابعة / ١٩٨٥ م.
المجلد الثاني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الرابعة / ١٩٨٥ م.
المجلد الثالث / الدار السلفية للنشر / الكويت / الطبعة الأولى / ١٩٧٩ م.
المجلد الرابع / المكتبة الإسلامية / عمان / الطبعة الأولى / ١٩٨٣ م.
المجلد الخامس / مكتبة المعارف / الرياض / الطبعة الأولى / ١٩٩١ م.
المجلد السادس / مكتبة المعارف / الرياض / الطبعة الأولى / ١٩٩٥ م.
٥٥- السنة / الإمام إبن أبي عاصم الشيبانى / تحقيق: الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / المكتب الإسلامي - بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٨٠ م.
٥٦-سنن إبن ماجة / الإمام محمد بن يزيد بن ماجة القزويني / تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي / دار الجيل بيروت.
٥٧-سنن أبي داود / الإمام أبي داود بن سليمان بن الأشعث السجستاني / تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد / دار احياء التراث الإسلامي - بيروت.
٥٨-سنن الترمذي / الإمام يحيى بن محمد بن عيسى الترمذي / تحقيق: أحمد شاكر - إبراهيم عطوة - محمد فؤاد عبدالباقي / دار احياء التراث العربي - بيروت.
٥٩-سنن الدارقطني / الإمام على بن عمر الدارقطني / تحقيق: مجدي بن منصور بن السيد / الطبعة الأولى - ١٩٩٦ م / مع طبعة: مكتبة المثنى - القاهرة.
٦٠-سنن الدارمي / الإمام عبدالله بن عبدالرحمن الدارمي / تحقيق: محمد أحمد الدهقان / دار احياء السنة النبوية / مع طبعة: دار الكتب العلمية - بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٩٦.
٦١-السنن الكبرى / الإمام أحمد بن حسين البيهقي / حيداباد - الدكن / الطبعة الأولى / ١٣٥٢هـ مع طبعة: دار الفكر - بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٩٦ م.
٦٢-السنن الكبرى / الإمام أحمد بن شعيب النسائي / تحقيق: عبدالغفار سليمان البزاري - سيد كسروى حسن / دار الكتب العلمية - بيروت / الطبعة الأولى ١٩٩١ م.
٦٣-سنن النسائي / الإمام أحمد بن شعيب النسائي / دار الكتاب العربي / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٣٠ م.
٦٤-سنن سعيد بن منصور / الإمام سعيد بن منصور الخراساني / تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي / دار الكتب العلمية / بيروت / ١٩٨٥م.
٦٥- سير أعلام النبلاء / الإمام محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي / تحقيق: محب الدين



أبي السعيد الغمراوي / الطبعة الأولى / ١٩٩٧م / دار الفكر / بيروت.
٦٦- سيرة النبي صلى الله عليه وسلم / أبي محمد عبد بن هشام / تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد / دار الفكر / بيروت.
٦٧-سيرة عمرة بن عبدالعزيز/ ابن الجوزي / دار الفجر للتراث / القاهرة / الطبعة الأولى /١٩٩٩م.
٦٨-شرح السنة / الإمام حسين بن مسعود البغوي / تحقيق: شعيب الأرنؤوط ـ زهير الشاويس / المكتب الإسلامي ـ بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٨٣م.
٦٩-شرح معاني الآثار/ الطحاوي / تحقيق: ابراهيم شمس الدين /دار الكتب العلمية / بيروت / الطبعة الثانية /٢٠٠٦م.
٧٠-الشريعة / ابو بكر محمد بن الحسين الاجري / تحقيق: فريد عبد العزيز الجندي / دار الحديث / القاهر/٢٠٠٥م.
٧١-شعب الإيمان / الإمام أحمد بن حسين البيهقي / تحقيق: محمد سعيد زغلول / دار الكتب العلمية ـ بيروت / الطبعة الأولى / ١٤١٠ هـ.
٧٢-شفاء العليل / الأمام شمس الدين محمد بن أبي بكر ابن القيم الجوزية / تحقيق خالد عبد اللطيف العلمي / دار الكتاب العربي / بيروت / الطبعة الثالثة / ١٤١٨هـ.
٧٣-صحيح إبن حبان / بترتيب ابن بلبان / الحافظ محمد بن حبان الثبتي / تحقيق: الشيخ شعيب الأرنؤوط / مؤسسة الرسالة /بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٩٣ م.
٧٤-صحيح ابن خزيمة / الإمام محمد بن إسحاق إبن خزيمة / تحقيق: د. محمد مصطفى الأعظمي / المكتب الإسلامي ـ بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٧٢ م.
٧٥-صحيح الأدب المفرد / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / دار الصديق للنشر والتوزيع ـ عمان / الطبعة الأولى / ١٩٩٤م.
٧٦- صحيح البخاري / الإمام محمد بن إسماعيل البخاري / المطبعة السلفية / الطبعة الثانية / ١٤٠٧هـ.
٧٧-صحيح الترغيب والترهيب / الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الأولى / ١٤٠٢ هـ. مع طبعة مكتبة المعارف / الرياض / الطبعة الأولى /٢٠٠٠م.
٧٨-صحيح الجامع / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / المكتب الإسلامي ـ بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٨٦م.

٧٩-الصحيح المسند مما ليس في الصحيحين / الشيخ مقبل بن هادي الوادعي / مكتبة دار القدس / صنعاء / الطبعة الأولى / ١٩٩٦م.
٨٠-صحيح سنن إبن ماجة / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / مكتبة التربية العربية لدول الخليج / الطبعة الأولى / ١٩٨٦م، ١٤٠٧هـ.
٨١-صحيح سنن أبي داود /الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / مكتبة التربية العربية لدول الخليج / الطبعة الأولى / ١٤٠٩هـ.
٨٢-صحيح سنن الترمذى / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / مكتبة التربية العربية لدول الخليج / الطبعة الأولى / ١٩٨٨م، ١٤٠٨هـ.
٨٣-صحيح سنن النسائي / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / مكتبة التربية العربية لدول الخليج / الطبعة الأولى / ١٤٠٩هـ.
٨٤-صحيح مسلم / الإمام مسلم بن الحجاج النيسابورى / تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقى / داراحياء الكتب العلمية -بيروت / الطبعة الأولى / ١٣٧٤هـ.
٨٥-صفة الصفوة/ الحافظ جلال الدين أبي الفرج عبدالرحمن بن الجوزي البغدادي / تحقيق: أبو عمرو الأثري /دار الغد الجديد /القاصر/ ١٤٣١هـ-٢٠١٠م.
٨٦-صفة النفاق وذم المنافقين /ابي جعفر بن أحمد فريابي/ تحقيق:أبي عبدالرحمن المصري /دار الصحابة للتراث /الطعبة الأولى /١٤٠٨هـ.
٨٧-صفوة التفاسير/ محمد علي الصابوني /دار الفكر/ بيروت / الطبعة الثاني /١٩٩٨م.
٨٨-الضعفاء الكبير/ محمد بن عمرو بن موسى العقيلي/ تحقيق:عبدالمعطي قلعجي/ الطبعة الأولى/ دار الكتب العلمية /بيروت/ ١٤٠٤هـ.
٨٩-الطبقات الكبرى / الأمام محمد بن سعد / تح: زياد محمد / مكتبة العلوم و الحكم / المدينة / الطبعة الثاني / ١٤٠٨هـ.
٩٠-عمل اليوم والليلة / أحمد بن محمد ابن السني / دار الغدالجديد / القاهرة / الطبعة الأولى /٢٠٠٧م.
٩١-عون المعبود شرح سنن أبي داود / العلامة أبي الطيب محمد شمس الدين العظيم أبادي / دار الكتب العلمية / بيروت / الطبعة الأولى / الهند.
٩٢-عيون الخبار/ ابن قتيبة/ ترتيب:يوسف على الطويل/ دار الكتب العلمية/ بيروت.



٩٣-غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام / الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الثالث / ١٩٨٥م.
٩٤-غريب الحديث / ابن قتيبة الدينوري / تحقيق: عبدالله الجبوري / مطبعة المعاني / بغداد / الطبعة الأولى / ١٣٩٧هـ.
٩٥-فتح الباري شرح صحيح البخاري / الحافظ أحمد بن حجر العسقلاني / مراجعة: الشيخ إبن باز-محب الدين خطيب -محمد فؤاد عبدالباقي / دار الكتب العلمية / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٨٩م.
٩٦-فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير / الإمام محمد بن علي بن محمد الشوكاني / تحقيق وتخريج: سيد إبراهيم دار الحديث / القاهرة / الطبعة الاولى / ١٩٩٣م.
٩٧-فقه السنة / السد سابق / المنار للنشروالتوزيع / ١٩٩٧م.
٩٨-فقه السيرة / الشيخ محمد الغزالي / تخريج: الشيخ محمد ناصرالدين الألبانى / مطبعة حسان / القاهرة / الطبعة السابعة / ١٩٧٦ م.
٩٩-الكامل في الضعفاء / الحافظ عبدالله إبن عدي الجرجاني / دار الفكر / يبروت / ١٤٠٤ هـ / ١٩٨٤م.
١٠٠-كتاب الأشراف / ابن أبي الدنيا / المكتبة العصرية / بيروت / الطبعة الأولى / ٢٠٠٦م.
١٠١-كتاب الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر / الحافظ أحمد بن محمد بن خلال / تحقيق: مشهور حسن محمود، هشام ابن اسماعيل السنفا / المكتب الاسلامي-بيروت / دار عمار / الطبعة الأولى / ١٩٩٠م.
١٠٢-كتاب الإيمان: الحافظ إبن أبي شيبة / تحقيق: الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٨٣م.
١٠٣-كتاب الزهد / الإمام هناد بن السري الكوفي / تحقيق: نبيل بن صلاح سليم / دارالبصيرة / الاسكندرية / الطبعة الأولى / ٢٠٠٥م.
١٠٤-كتاب الزهد الكبير / الحافظ أبي بكر بن الحسين البيهقي / تحقيق: نبيل بن صلاح سليم / دارالبصيرة / الاسكندرية / الطبعة الأولى / ٢٠٠٦م.
١٠٥-كتاب الشفاعة / الشيخ مقبل بن هادي الوادعي / مؤسسة الريان / بيروت / الطبعة الثالث / ١٩٩٩م.
١٠٦-كتاب الصمت / الحافظ إبن أبي الدنيا / تحقيق: أبي إسحاق الحويني الأثري / دار

الكتاب العربي / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٩٠ م.
١٠٧-كتاب الضعفاء/ محمد بن عمرو العقيلي/تحقيق: د.عبدالمعطي القلعجي/دار الكتب العلمية/ بيروت/١٤٠٤هـ.
١٠٨-كتاب العيال/ابن ابي الدنيا/ المكتبة العصرية/ بيروت/لطبعة الاولى/٢٠٠٦م.
١٠٩-كتاب مكارم الاخلاق/ ابن ابي الدنيا/ المكتبة العصرية/ بيروت/لطبعة الاولى/٢٠٠٦م.
١١٠-كتباب محاسبة النفس/ ابن أبي الدنيا/المكتبة العصرية/ بيروت/لطبعة الاولى/٢٠٠٦م.
١١١-الكلم الطيب / شيخ الإسلام تقي الدين أحمد بن عبد الحليم بن تيمية / تحقيق: الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / المكتب الأسلامي / بيروت / الطبعة الخامسة / ١٩٨٥م.
١١٢-المجالسة وجواهر العلماء / أحمد بن مروان الدينوري / تحقيق: الشيخ مشهور بن حسن ال سلمان/ دار ابن حزم / بيروت / الطبعة الاولى / ١٩٩٨م.
١١٣-مجمع الزوائد ومنبع الفوائد / الحافظ علي بن أبي بكر الهيثمي / دار الكتاب / بيروت / الطبعة الثانية/ ١٩٦٧ / مع طبعة: بغية الرائد /تحقيق: عبدالله محمد الدرويش / دار الفكر / ١٩٩٤ م.
١١٤-مختصر تفسير الطبري/محمد بن على الصابوني/ دار القرآن الكريم/بيروت.
١١٥-مختصر صحيح مسلم / الحافظ عبد العظيم المنذري المشقي / تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني / الطبعة السادسة / ١٩٨٧م / المكتب الإسلامي / بيروت.
١١٦- مختصر منهاج القاصدين/ إبن قدامة المقدسي / تخريج وتحقيق: عبد القادر الأرناؤوط وشعيب الأرنؤوط / دار الهجرة / بيروت / ١٩٨٩م. مع طبعة مكتب الشرق الجديد / بغداد / بتحقيق: علي حسن عبد الحميد / ١٩٩٠م.
١١٧-المستدرك على الصحيحين / الحافظ أبي عبدالله الحاكم النيسابوري/ /مع طبعة:دار المعرفة / تحقيق:عبدالسلام علوشى / بيروت / الطبعة الأولى/ ١٩٩٨م.
١١٨-المسند / الحافظ أحمد بن علي بن المثنى التميمي المشهور بـ (أبويعلى الموصلي) / تحقيق: حسن سليم أحمد / دار المامون للتراث / دمشق / الطبعة الاولى / ١٩٨٤.
١١٩-المسند / الحافظ عبد الله بن الزبير / الحميدي / تحقق: حبيب الرحمن الأعظمي / دار الكتب العلمية/ بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٨٨م.



١٢٠-مسند الإمام أحمد / الإمام أحمد بن حنبل الشيباني / تصحيح: محمد زهري الغمراوي / دار الفكر/ بيروت / الطبعة الثانية / ١٣٩٨ هـ. مع طبعة: دائرة المعارف / ١٩٧٤/ تحقيق: أحمد محمد شاكر / مع طبعة: مؤسسة الرسالة /بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٩٨ / تحقيق: شعيب الأرناؤوط.

١٢١-مسند البزار ((كشف الأستار عن زوائد البزار)) / الحافظ نورالدين علي بن بكر الهيثمي / تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي / مؤسسة الرسالة / بيروت / ١٩٨٥م.

١٢٢-مسند الروياني / الحافظ أبوبكر محمد بن هارون الروياني / تخريج: صلاح بن محمد عويصة / دار الكتب العلمية / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٩٧ م.

١٢٣-مسند الشهاب / الإمام القضاعي / تحقيق: حمدي عبدالمجيد السلفي / مؤسسة الرسالة بيروت.

١٢٤-مسند الطيالسي / الإمام أبي داود الطيالسي / تحقيق: عبدالرحمن البنا الساعاتي / المكتبة الإسلامية / بيروت / الطبعة الثانية /١٤٠٠ هـ.

١٢٥-المسند والسنن / الإمام محمد بن إدريس الشافعي / ترتيب: أحمد بن عبد الرحمن البنا / دار الأنوار/ ١٩٤٩م.

١٢٦-مسند الإمام الشافعي / ترتيب: الامير أبي سعيد سجر الجاولي / تحقيق: ماهر ياسين الفحل / غراس للنشر والتوزيع / الكويت /الطبعة الأولى / ٢٠٠٤م.

١٢٧-مشكاة المصابيح / الخطيب التبريزي / تحقيق: الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٦١ م.

١٢٨- مشكل الآثار / الإمام أبي جعفر الطحاوي / تصحيح: محمد عبد السلام شاهين / الطبعة الأولى / ١٩٩٥م / دار الكتب العلمية / بيروت.

١٢٩-مشكلة الفقر / الدكتور يوسف القرضاوي / تخريج: الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٨٤م.

١٣٠-المصنف / ابن أبي شيبة / تحقيق: محمد عوامة / دار القبلة / الجدة / الطبعة الأولى / ٢٠٠٦م.

١٣١-المصنف / الحافظ أبي بكر عبدالرزاق بن همام / تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي / المكتب الإسلامي - بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٨٣ هـ.

١٣٢-المصنف في الأحاديث والآثار / الحافظ أبي بكر إبن أبي شيبة / تحقيق: عبدالخالق الأفغاني / الدار السلفية - الهند / ١٩٧٩ م.

١٣٣-المطالب العالية/ الحافظ ابن حجر العسقلاني/ تحقيق/ غنين بن عباس/ دار الوطن/ الرياض/ الطبعة الأولى/١٩٩٧م.
١٣٤-معالم التوحيد / الدكتور مروان بن إبراهيم القيسي / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٩٠م.
١٣٥-معجم الأحاديث القدسية الصحيحة / إعداد: إبي عبد الرحمن كمال بن بسيوني المصري/ مكتبة السنة/ القاهرة / الطبعة الأولى / ١٤١٢هـ.
١٣٦-المعجم الأوسط/ الحافظ أبي القاسم سليمان بن أحمد الطبراني / تحقيق:محمد الطحان / مكتبة المعارف ـ الرياض.
١٣٧-المعجم الصغير/ الحافظ أبي القاسم سليمان بن أحمد الطبراني / تحقيق:عبدالرحمن محمد عثمان / المكتبة السلفية ـ المدينة /١٣٨٨ هـ.
١٣٨- المعجم الكبير / الحافظ أبي القاسم سليمان بن أحمد الطبراني / تحقيق: حمدي عبدالمجيد السلفي / مكتبة الزهراء ـ الموصل / الطبعة الثانية / ١٩٨٥.
١٣٩-مكارم الأخلاق ومعاليها/ محمد بن جعفر الخرائطي/ تحقيق/ سعاد سلمان/ مطبعة المدني/ الطبعة الأولى/١٩٩١م.
١٤٠-من أعلام السلف/ د.أحمد فريد/ الدار العالمية/ الأسكندرية/ الطبعة الأولى/١٤٣٠هـ - ٢٠٠٩م.
١٤١-المناهي الشرعية/ الشيخ محمد بن صالح العثيمين/مكتبة الطبري/ القاهرة/ لطبعة الثاني/٢٠٠٨م.
١٤٢-نضرة النعيم/ إعداد مجموعة من المختصين/ دار الوسيلة/ جدة / ١٤١٨ هـ.
١٤٣- نهاية البداية / الحافظ اسماعيل بن عمر ابن كثير الدمشقي / تحقيق: محمد أحمد عبدالعزيز / دار التراث الأسلامي / الأزهر.
١٤٤-النهاية في غريب الحديث والأثر / الإمام مجدالدين أبي السعادات إبن الأثير / تحقيق: ظاهر الزاوي /محمود محمد الطناحي / دار الفكر /بيروت / ١٩٧٩ م.

ناوەرۆک

پێشەکی	٥
بەشی یەکەم: پێگەی ئافرەت لە شارستانیەکانی پێش ئیسلامدا	٧
بەشی دووەم: مافەکانی ئافرەت لە قورئان و سونەتی (صحیح) و ڕاستدا	١١
١-ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا یەکسانن لە مرۆڤایەتیدا	١١
٢-ئافرەتان باوەڕبوونیان وەک باوەڕبوونی پیاوانە	١٢
٣-ئافرەتان پاداشتی ڕۆژی دواییان وەک پاداشتی پیاوانە	١٣
٤-ئافرەتان بەشداری لە کارەکۆمەڵایەتی و ڕێوڕەسمە ئایینیەکاندا دەکەن	١٤
٥-ئافرەتان وەک پیاوان مافی فێربوون و پەروەردەبوونیان بۆ هەیە	١٥
٦-ئافرەتان هەموو مافە دارایەکانیان بۆ هەیە	١٧
٧-ئافرەتان بۆیان هەیە سەرپەرشتی مارەکردن بکەن و مافی شوکردنیان بەدەست خۆیانە	١٨
٨- ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا لە زۆربەی بڕیارەکانی ئایینەکەیاندا یەکسانن	١٩
ئافرەتان لەهەندێك بواردا وەک پیاوان نین	٢٢
١-بەڕێوە بەرایەتی و چاودێری	٢٢
٢- میرات	٢٢
٣-گەواهی دان – شایەتی دان	٢٣
٤- کاری ئافرەت	٢٤
بەشی سێیەم: سودەکانی هاوسەرگیری (الزواج)	٢٥
١- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی دروست بوونی منداڵی باش و چاکەکار	٢٥

٢- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی پەیڕەوی کردن لە سونەتی پێغەمبەرﷺ و هەموو پێغەمبەرانی تر((سەلامی خوایان لێبێت))	٢٥
٣- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی خۆپەنادان لە پیلانەکانی شەیتان و خۆ دوور گرتن لە هەڵچوونی حەزو ئارەزووی خراپ	٢٦
٤- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی زۆرکردنی ژمارەی موسوڵمان ان و شانازی کردنی پێغەمبەر ﷺ بە ژمارە زۆری ئومەتەکەی لەقیامەتدا	٢٩
٥- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی پاداشتی بەخێو کردن و پەروەردە کردن و لەدەست دانی منداڵ و مسۆگەر کردنی دوعای خێری منداڵی چاك لەدوای مردن	٢٩
٦-هاوسەرگیری دەبێتە هۆی حەوانەوە و ئارامی و بەسەر بردنی کاتی خۆش لەگەڵ هاوسەردا	٣٣
٧-هاوسەرگیری نیوەی دین و باوەڕی مرۆڤ تەواو دەکات	٣٥
٨- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی یەکلا بوونەوەی دڵ	٣٥
٩-هاوسەگیری دەبێتە هۆی کۆشش کردنی مرۆڤ	٣٦
١٠- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی بژێوای حەلاڵ	٣٦
١١- هاوسەرگیری دەوڵەمەندی بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات	٣٦
١٢- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی دروست بوونی وەچەو نەژاد و خزمایەتی و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان	٣٨
١٣- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی دروست بوونی خێزانێکی بەختەوەر و نەوەیەکی باش	٣٨
١٤- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی دابین کردنی داوێن پاکی بۆ هەردوو هاوسەر و دەست خستنی پاداشت لای خوای گەورە	٣٨
١٥- هاوسەرگیری ئادەمیزاد لە پەك کەوتن و ناپاکی دوور دەخاتەوە	٣٩
١٦- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی پەروەردەبوونی هەر دوو هاوسەر بەڕەوشتی جوان و ئاکاری شیرین	٣٩

١٧- هاوسەرگیری دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی ئاسودەیی و حەوانەوەی دەروونی بۆ هەر دوو هاوسەر	٤٠
١٨- هاوسەر گیری دەبێتە هۆی دوور بوونی هەر دوو هاوسەر لە نەفرەتی خواوپێغەمبەر ﷺ و شادبوونیان بەبەزەیی خوای میهرەبان	٤٠
بەشی چوارەم: سودەکانی هاوسەری باش	٤٢
١-هاوسەری باش باشترین سامانی دنیایە	٤٢
٢- هاوسەری باش بەختەوەری و کامەرانی مرۆڤە	٤٣
٣-ئافرەتی باش باشترین گەنجینە و سامانی پیاوە	٤٣
بەشی پێنجەم: سیفەتەکانی مێردی باش	٤٦
١-ئاین پەرەوری	٤٦
٢-ڕەوشت جوانی	٤٨
٣-گونجاوبوون- هاوشان بوون	٥٣
بەشی شەشەم: سیفەتەکانی هاوسەری باش	٦٨
١-پێویستە ئافرەتێکی خاوەن ئاین وبڕوا بێت	٦٨
٢- پێویستە ئافرەتێکی ڕەوشت جوان بێت	٧٠
أ- پێویستە ئافرەت قەناعەتی هەبێت و میهرەبان بێت وە غیرەی نەبێت	٨٠
ب- پێویستە ئافرەت بەشەرم و شکۆ بێت	٨٠
ج-پێویستە ئافرەت زمان هەراش نەبێت	٨١
د-پێویستە ئافرەت لەسەرخۆ و نەرم و نیان بێت	٨٢
هـ - پێویستە ئافرەت ڕووداو و ڕووکراوە و مالآن گەڕ و زۆر خۆجوانکار و گوێتەدەر بەکاروباری ناومالْ نەبێت	٨٢
و- پێویستە ئافرەت ڕاستگۆ گوێ ڕایەڵ و چاکەکار و خزم دۆست بێت	٨٣
ی- پێویستە ئافرەت نالّە نالّکار و منەتکار و زۆر بلّێ و ناڕازی وبەردەوام شت کڕو خۆجوانکار نەبێت	٨٣

٣- باشتر وایە ئافرەتەکە منداڵی ببێت و خۆشەویست بێت	٨٥
٤-باشتر وایە ئافرەتە کە بەڕادەی پێویست جوان بێت	٨٦
٥-باشتر وایە هاوسەر کچ بێت و پێشتر نەچوبێتە ژیانی هاوسەریەوە	٩٠
٦-پێویستە ئافرەتەکە هاوشان و گونجاو و هاوتای پیاوەکەی بێت	٩٣
٧-باشتر وایە ئافرەتەکە کەسێکی بیانی ودوور بێت	٩٥
٨-پێویستە ئافرەتەکە مارمیی کەم بێت و گونجاو بێت	٩٧
٩- باشتر وایە ئافرەتەکە لە خێزانێکی خانەدان بێت	٩٧
کەسایەتی ئافرەتی بڕوادارى باش	٩٨
ئاکارو ڕەوشتە جوانەکانی باوەڕدار	٩٩
بەشی حەوتەم: هاوسەرگیری ویستێکی خوداییە	١٢٤
بەشی هەشتەم: مافەکانی ژن لەسەر مێردەکەی	١٣١
١-مارمیی	١٣١
٢- دابین کردنی جێگای حەوانەوە (نشینگە)	١٤٠
٣-مافی نەفەقەو پارە بۆ سەرف کردن و هەڵسوکەوت کردن بە چاکە	١٤٠
٤- هاتنە دی و جێ بەجێ کردنی مەرجە شەرعیەکانی ژنە هاوسەر	١٥٠
٥-میانەڕەوی لە غیرەدا (الاعتدال فی الغیرە)	١٥٤
٦- فێرکردن	١٥٥
٧- مانەوە لەلای کچ حەوت ڕۆژو مانەوە لەلای بێوەژن سێ ڕۆژ لەکاتی گواستنەوەیدا	١٦٤
٨-دادپەروەری	١٦٤
٩-پێویستە پیاو نەهێنی هاوسەرکەی بپارێزێت و بڵاوی نەکاتەوەو نەنگیەکانی باس نەکات و بیپارێزێت	١٦٨



١٠- پێویستە مێرد ژنەکەی بپارێزێت لە هەموو ئەوانەی کە دەبنە هۆی لە دەست دانی ڕێزو کەسایەتی و ڕەوشتی جوان	١٧١
١١-پێویستە مێرد ڕێگرنەبێت لەچوونە دەرەوەی ژنەکەی بۆ کاری پێویستە و سەردانی خزم و کەس و کاری	١٧٢
١٢- پێویستە مێرد یارمەتی هاوسەرەکەی بدات بۆ فێربوون و جێبەجێ کردنی ئاینەکەی و پارێزگاری کردن لە نوێژ و ئەرکە ئاینیەکان	١٧٣
١٣- پێویستە مێرد لە هەموو کارەکاندا ڕاوێژ و پرس بە ژنەکەی بکات:	١٧٤
١٤- مێرد نابێت ژنەکەی لە ماڵەوە بەجێ بهێڵێت هەتا درەنگانی شەو بەبێ هۆکارێکی ڕەوا	١٧٨
١٥-مێرد نابێت سیخوڕی بەسەر هاوسەرەکەیەوە بکات وەنابێت ناپاک و بەگومان بێت بەرامبەری	١٧٩
١٦-مێرد نابێت ژن بەجێ بهێڵێت و قسە و پەیوەندی لەگەڵدا دابڕێت و خۆی لێ بەدوور بگرێت بە بێ بوونی هیچ هۆکارو پاساوێك	١٨١
١٧- دەبێت مێرد یارمەتی ژنەکەی بدات لە پێویستیەکانیدا بە گوێرەی توانا	١٨٢
١٨- مێرد پێویستە جوێن نەدات و نەفرەت نەکات و لێدانی زیاد لە پێویست و ڕادەبەدەر بەرامبەر هاوسەرەکەی بەکارنەهێنێت	١٨٥
١٩- مێرد پێویستە ئارامگر بێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا	١٨٨
٢٠- مێرد پێویستە هەمیشە هاوسەرەکەی خۆی خۆشبوێت وتەی شیرینی لەگەڵ بەکار بهێنێت و بەردەوام ڕوی خۆش بێت لەگەڵیدا	١٩٥
٢١- مێرد دەبێت کە هاتەوە بۆ ماڵەوە سڵاو لە هاوسەرەکەی بکات	٢٠٥
٢٢- مێرد پێویستە چارەسەری لە ڕێ لادانی هاوسەرەکەی بەچاکە چاك بکات	٢٠٧
٢٣-مێرد پێویستە چاکە کاربێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا تەنانەت لە جیابوونەوەش دا	٢٠٩
بەشی نۆیەم: مافی مێرد لەسەر هاوسەری	٢١٥

١-دەبێت ژن گوێڕایەڵی تەواوی مێر دەکەی بکات لەهەموو کارە ڕواکاندا	٢١٥
٢- نابێت ژن خۆی قەدەغە بکات لەمێردەکەی هەرکاتێك داوای سەرجێیی لێکرد	٢٢٣
٣-نابێت ژن لە سامانی تایبەتی خۆی ببەخشێت تەنها بەڕێێدانی مێردەکەی نەبێت	٢٢٧
٤- نابێت ژن خێر بە مالی مێردەکەی بکات، بەڵکو دەبێت مێردەکەی ڕێی پێبدات و پێویستە پارێزگاری مالی مێردەکەی بکات	٢٢٨
٥- قەناعەتکردن و بەکەم ڕازیبوون	٢٣٠
٦- ژن بەبێ ڕێ پێدانی هاوسەرەکەی نابێت بەڕۆژووبێت	٢٣٥
٧- ژن نابێت لە مالی هاوسەریدا ڕێ بە هیچ کەسێك بدات بێتە ناو ماڵ تەنها بە ڕەزامەندی هاوسەرەکەی نەبێت	٢٣٧
٨-ژن دەبێت بەردەوام بێت لە ژیان بەسەر بردن لەگەڵ هاوسەرەکەیدا و داوای تەڵاق و خلع (واتە: داماڵین) لەمێردەکەی نە کات بەبێ بوونی هۆکاری شەرعی	٢٣٧
٩-پێویستە ژن هەڵسوکەوتی لەگەڵ خزمەکانی هاوسەرەکەیدا باش بێت	٢٣٩
١٠- دەبێت ژن نەهێنی مێردەکەی وە نەهێنی ماڵەکەی بپارێزێت	٢٤٠
١١-پێویستە ئافرەت خۆی بپارێزێت و داوێن پاکی خۆی ڕاگرێت	٢٤١
١٢- دەبێت ژن خزمەتی مێرد و منداڵ و ماڵەکەی بکات	٢٤٨
١٣-ژن دەبێت منەت بەسەر مێردەکەیدا نەکات	٢٥٢
١٤- دەبێت ژن مێردەکەی هان بدات لەسەر ئەنجامدانی چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە	٢٥٣
١٥-دەبێت ژن هەڵسوکەوت و ڕەوشتی باش بێت لەگەڵ مێردەکەیدا و ئازاری نەدات	٢٥٥
١٦-دەبێت ژن لە مالی خۆی ئارام بگرێت و نەچێتەدەر ئەگەر بۆ مزگەوتیش بێت بەبێ ڕەزامەندی مێرد	٢٥٦



١٧- دەبێت ژن خۆی بڕازێنێتەوەو خۆی جوان بکات بۆ مێردەکەی و ڕوخۆش و بەزمردەخەندە بێت بۆی و ڕوی لێ گرژ نەکات	٢٥٩
١٨- دەبێت ژن هەستێت بە باش پەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆی ومێردەکەی	٢٦٢
١٩- دەبێت ژن چوارمانگ و دە ڕۆژ پرسە بۆمێردەکەی بگرێت	٢٦٣
٢٠- دەبێت ژن بەچاوی سوك و بێ نرخ تەماشای مێردەکەی نەکات و شانازی بەجوانی خۆی نەکات بەسەریدا	٢٦٤
٢١-نابێت ژن باسی جوانی ئافرەتێکی بێگانە بۆ مێردەکەی بکات	٢٦٤
بەشی دەیەم: ئامۆژگاریە گشتیەکانی ئیسلام لە ڕونکردنەوەی مافەکانی مێرد بەسەر ژنەکەیەوە	٢٦٥
بەشی یانزەهەم: کۆمەڵێك لەنەهی لێکراوەکان لەقورئان و فەرمووده ڕاستەکاندا هاتوون دەربارەی زەواج و ئەو کارانەی پەیوەندیدارن بەژنانەوە	٢٧٠
بەشی دووانزەهەم : هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان	٢٧٧
١-پێغەمبەر ﷺ باشترین کەس بوو بۆ خێزانەکانی	٢٧٧
٢-پێغەمبەری خوا ﷺ ژنانی خۆی پەروەردە دەکرد	٢٨٥
٣- پێغەمبەری خوا غیرەکانیانی لێ قبوڵ دەکردن	٢٨٩
٤- پێغەمبەرﷺ پەیوەندی نێوانی ژنەکانی چاك دەکردەوە	٢٩٣
٥- پێغەمبەری خوا ڕێزی هاوسەری تەمەن کەمی دەگرت و ڕێزی سەرجەم هاوسەرەکانی تریش	٢٩٥
بەشی سیانزەهەم : ڕێزگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئافرەتان	٣٠٠
بەشی چواردەیەم : ئامۆژگاریەکانی باوکان و دایکان بۆ هاوسەران	٣٠٥
١-پێویستە لەسەر دایکان و باوکان ئامۆژگاری هاوسەران بکەن پێش هاوسەرگیریان	٣٠٥

٢-ئومامه‌ کچی حارث ئامۆژگاری کچه‌که‌ی خۆی کرد که ناوی (ام ایاسی کچی عوف) بوو له‌ شه‌وی گواسته‌وه‌ویدا وپێی وت	٣٠٨
پێویسته‌ پیاو له‌ ژن تێبگات	٣١١
١-ئافرەت له‌گه‌ڵ پیاودا له‌سه‌ر یه‌ك بار ناڕوات	٣١١
٢-ئه‌و ئافرەتانه‌ی که‌ ته‌واون له‌هه‌موو ڕوویه‌که‌وه‌ ژمارەیان که‌من	٣١٢
٣-هه‌ندێکیان ئارام گرو سوپاس گوزار نابن	٣١٣
٤-پێویسته‌ به‌ سۆزو نه‌رم و نیانی مامه‌ڵه‌ یان له‌گه‌ڵ بکرێت	٣١٣
٥-ئافرەتان هه‌یانه‌ زۆر سکاڵاو نه‌فرەت ده‌کات و سپله‌یه‌ له‌به‌رانبه‌ر چاکه‌کانی مێرده‌که‌یدا	٣١٤
٦-ناته‌واون له‌ ئاین و بیرو هۆشدا	٣١٥
٧- هه‌یانه‌ هه‌ڵه‌ بۆ مێرده‌که‌ی دەرازێنێته‌وه‌	٣١٧
٨- ئافرەت به‌سۆز و هه‌ست ناسکه‌ وه‌ك شوشه‌	٣١٨
به‌شی پانزه‌هه‌م: قۆناغه‌کانی چاره‌سه‌رکردنی ناچیزەیی نێوان هه‌ردوو هاوسه‌ر	٣٢٤
١-خۆ دورگرتن له‌ ناچیزەیی	٣٢٤
٢- چاره‌سه‌ری ناچیزەیی	٣٢٩
به‌شی شانزه‌هه‌م: بیرخستنه‌وه‌یه‌ك بۆ هه‌ردوو هاوسه‌ر	٣٣٣
به‌ شی حه‌ڤده‌هه‌م: تێڕوانینی قورئان بۆ هاوسه‌رگیری	٣٤٥
وته‌ی کۆتایی	٣٥٠
سه‌رچاوه‌کان	٣٥١
ناوه‌ڕۆك	٣٦٢

❁ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: هاوسەرگیری نەریت و سونەتی منە هەرکەسێك بەڕێڕەو نەریت و سونەتی من نەکات لەمن نیە...)

❁ پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت: (مرۆڤ گەر هاوسەرگیری ئەنجام بدات دەبێتە خاوەنی نیوەی ئاین با لە خودا بترسێت بۆ تەواوکردنی نیوەکەی تر).

❁ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (دونیا سامانەو باشترین سامانی دونیاش ئافرەتی باشە)

❁ ئیبنو مسعود (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی : (دەوڵەمەندبوونتان بەدەست بێنن لەڕێگەی هاوسەرگیریتان).

❁ عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: (سوێند بێت بەخوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدەستی خۆی هەرگیز لە هیچ ژنێکی نەداوە).

❁ ئەسمای کچی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) وفەرموویەتی: (شوکردن بەکۆیلەبوونە جا هەر کەسێك لە ئێوە باش تەماشا بکات کچی ئازدی خۆی لای کێ دەکاتە کۆیلە)

❁ عەبدوڕەحمان کوڕی ئەبزی (رحمه الله) دەفەرموێت: (ئافرەتێك هاتە خزمەت عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) وتی: لەخەڵکاندا کێیان گەورە ترین مافی هەیە بەسەر منەوە؟ عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: (مێردەکەت) ئافرەتەکە وتی: ئەی کێ لەخەڵکاندا گەورە ترین مافی بەسەرمێردەکەمەوە هەیە؟ عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی (دایکی خۆی).

muhammadmalafayaq

www.muhammadmalafayaq.com

٨٠٠٠ دینار

9 789922 646190